www.mukiryani.com

info@mukiryani.com

# مێژووی میسۆپۆتامیا و زاگرۆس

## (پێش ماد تا کۆتایی ساسانییەکان)

# مێژووی میسۆپۆتامیا و زاگرۆس

## (پێش ماد تا کۆتایی ساسانییەکان)

## (بەرگی یەکەم)

ماریژان مۆڵە ـ هێرتزفێڵد ـ گێرشمەن

وەرگێڕانی

ئەردەڵان مام وسو دزەیی

## خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- **مێژووی میسۆپۆتامیا و زاگرۆس (پێش ماد تاکۆتایی ساسانییەکان)**
- لە نووسینەکانی: **ماریژان مۆڵە، هێرتزفێلد، گێرشمەن**
- وەرگێڕانی بۆ فارسی: زەبیحوڵڵا مەنسووری
- وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئەردەلان مام وسو دزەیی
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: ڕێمان
- نرخ: (٢٠،٠٠٠) دینار بۆ هەر چوار بەرگ
- چاپی یەکەم : ٢٠١٤
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- چاپخانە: (هەولێر)
- **لەبەڕێوەبەراتیی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٧٤٢) ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە.**

**زنجیرەی کتێب (٨٥٢)**



**هەموو مافێکی بۆ نووسەر پارێزراوە**



**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com

**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# پێرست


پێشەکی ........................................ ٣٣
وتەی پێشەکی زەبیحوڵڵا ........................................ ١٥
ئێرانییەکان لە بەرەبەیانی مێژوودا ........................................ ١٧
فەرمانرەوایی (روود)، سەردەمی داهێنان و دۆزینەوەکان ........................................ ٣٣
بەهشتی ئێران و کارەساتی گەورە ........................................ ٤١
سەرەتای کۆچی ئێرانییەکان ........................................ ٦٧
قۆناغی پاڵەوانییەتی لە ئێرانی کۆن ........................................ ٨٥
یەکەمین پاشای ئێران کێ بوو ........................................ ١١٩
ماد، یەکەمین دەوڵەتی بەهێز لە ئێران ........................................ ١٢٩
دەرکەوتنی کوروش ........................................ ١٤٧
کوروش دەبێتە فەرمانرەوای ئێران ........................................ ١٦٧
جەنگی گەورەی کوروش و کرزۆس ........................................ ١٨٧
جەنگی یەکەم و رۆیشتن بەرەو شاری سارد ........................................ ٢٠٣
کوروش و گەمارۆی شاری سارد ........................................ ٢٠٥
ئەو ئەڤینەی بابلی رووخاند ........................................ ٢٥٣
گەمارۆدان و داگیرکردنی بابل ........................................ ٢٦٩

دوای داگیرکردنی بابل ........................................................................................ ٢٧٩

شوش پایتەختی هەخامەنشی...................................................................................٢٩٣

چوون بۆ هندستان بە ڕێگەی دەربەندی خەیبەر...................................................................٣٠٩

جەنگەکانی شاژنی سەحرا و کوروش ..........................................................................٣٢١

هەخامەنشییەکان، یۆنان و تۆران.............................................................................٣٤٣

کوژرانی کوروش لە جەنگی خێڵە سەحراییەکان.......................................................................٣٦٥

نهێنی مەزن و لەشکرکێشی بۆ میسر...........................................................................٣٨١

پایتەختە ئەفسانەییەکەی فیرعەونەکان ..........................................................................٤٠٧

# به ناوی خوداوەندی گەورە و میهربان

## پێشەکی

## خوێنەری ئازیز:

بێ گومان نیشتیمانی و دەوڵەتی داهاتووی کورد پێویستی بە توانای هەموو تاکەکانی گەلەکەمان هەیە و ماندووبوون و شەونخونی لە هەموو بوارێکدا پێویستە، وەرگێڕان و نووسینی پەرتووك، جا زانستی بێت یا ئەدەبی و هونەری و ... هتد، بە گشتی دەبێتە هۆی گەورەبوونی خەرمانی پەرتووکخانەی کوردی و ئەمەش زیادبوونی زانیاری تاکی کوردی بە دواوە دێت و منیش وەك تاکێك لەو نەتەوە مەزنە ئارەزوی بەشداری لەو ئەرکەم بووە و بە ئەرکی نیشتیمانی و سەرشانم زانیوە.

بێگومان بەشی زۆر لە مێژووی گەلەکەمان ونکراوە و لەناو مێژووی نەتەوەکانی دیکە شاراوەتەوە و یا هەر لێی بێ بەش کراوە و تا ئێستا زۆربەی لاپەرە و رووداوە مێژوییەکانمان بە شاراوەیی ماونەتەوە.

ئەم پەرتووکە وەرگێڕاوی پەرتووکی (سەرزمینی جاوید) لە وەرگێڕانی زەبیحوڵڵایە و بە پێی پێویست ناوی پەرتووك و هەندێك لە مانشێتەکانمان گۆڕیوە. هەڵبەت ئەو پەرتووکەی لەبەر دەستتانە بە تەنها مێژووی نەتەوەی کورد نییە، بەڵام مێژووی ئەو ئیمپراتۆریەتانەیە کە لە ئەو ناوچەیە هەبوون و بە مێژووی ماد دەست پێدەکات، هەرچەندە باسەکە کەمیش بێت. بەڵام هەر باسی هەندێ لایەنی مێژووەکەمان دەکات و لە لایەکی دیکەش مێژووی ئەو نەتەوانەی دراوسێمانن و کاریگەریی بەردەوامیان لەسەر یەکدی بووە و دەبێت.

ئەو پەرتووکەی لە بەر دەستتە، لە لایەن زەبیحوڵڵای مەنسوری بە درێژایی هەشت ساڵ لە سەر پەرتووك و بابەتی مێژونووسە مەزنەکانی ئەوروپی وەرگێڕدراوە، پەرتووکەکە تەنها وەرگێرانی رووت نییە و وەرگرتنیشە و هەندێ شیکار و بیری زەبیحوڵڵای تێدا هاتووە و لە سالی (١٩٩٠) واتە دوای پێنج ساڵ لە مردنی کۆ کراوەتەوە و کراوەتە پەرتووك، لەوانەشە هەندێ بابەتی تێدا ئاخنرابێت، کە زەبیحوڵڵاش ئاگاداری نەبووبێت.

ئەو پەرتووکە مێژووی سەرزەمینێکی فراوانە کە چەندین نەتەوەی سەروەر و گەورە تیایدا ژیاون و لە کاتی خوێندنەوەی پەرتووکەکە روون دەبێتەوە، بەڵام تەنها لە رووی جوگرافی بە

باشی دەزانین بلێین ئەو سەرزەوییە دەڵەمەیی بووە و بە هۆی بەردەوامی جەنگەکان، بەردەوام سنووری دەسەڵاتدارییەکان لە گۆڕاندا بووە و کەم و زیادی کردووە.

هەرچەندە زەبیحوڵڵا بە ئێران ناوی بردووە، بەڵام لە وەرگێڕاندا زۆرتر ئاماژەمان بە ناوی ئیمپراتۆرییەتەکان و سنووریان کردووە و ئەو کارەی ئەومان بە پەسەند نەزانیوە، چونکە تا بە ئێستاش لە لای زۆرێك لە مێژووناسان وشە و ناوی ئێران بە ناوێکی تازە ناسراوە و کاری منیش نەبووە، کە ئەم بابەتە یەکلابکەمەوە و بۆیە تەنها بە پێی توانا و بەو مەرجەی مانا و ناوەرۆکی تێك نەدابێت، ناوی دەسەڵاتدارییەکانم بردووە لە جیاتی ناوی ئێران و ئەوەش زاندراوە، کە ئەو ناوچەیە بە میسۆپۆتامیا و زاگرۆس ناسراوە تا بە ناوی تر.

بە باوەری من زۆر بابەت لەو پەرتووکە هەنە کە تا ئێستا نەزاندرا بوون یا نەکەوتبوونە بەر دیدەی خوێنەر و نەدەزاندرا بەشی ئێمەی کوردی تێدایە، هەرچەند زەبیحوڵڵا تا رادەیەکی زۆر کلۆڵی فارس و پان ئیرانیزم بووە و زۆرجار هەوڵیداوە بە هێنانەوەی بەڵگە و بیانوو، بابەتە ناوازەکانی خەڵکی دیکە بە هی خۆیان بناسێنێت و خەراپەکانیش پێچەوانەوە بکاتەوە، بەڵام دیسانیش ئەرکێکی مەزنی دیتووە و بەرهەمێکی گەورەی خستۆتە ناو خەرمانەی زانیارییەکان و هەندێك کات بوێری و راستگۆیی و شیرین زمانیشی هەبووە.

وەك وترا زەبیحوڵڵا بەردەوام هەندێ لە کارەکانی نەتەوەکانی دیکە لە ژێر ناو و پاساوی (ئێرانی گەورە) بە هی ئێرانی ئێستا بناسێنێت و بۆ نموونە هی (ئەرمەنییەکان لە نووسین و فینیقییەکان لە ئەستێرەناسی و ... هتد) و بەڵام نەیتوانیوە نکۆڵی لە وەرگرتنی شارەزایی و ئەزموون لە خەڵکی تر بکات.

زەبیحوڵڵا لەو پەرتووکەدا سنووری دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی و ئەشکانی و ساسانی بە پێی کاتەکان بە ئێران ناودەبات و سەرەنجام سنوورەکە بە پێی کات ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە دەکەونە نێوان ئەو ناوچانە: (چیاکانی هیندۆکوش، رووبارەکانی سیحۆن، جەیحۆن، میزۆپۆتامیا، دەریای کاسپێن و کەنداو).

لە چەند بەشێکی سەرەتای ئەم پەرتووکەدا چیرۆکێك هاتووە لە بارەی دەستپێکی شارستانییەت لە سێك و قۆناغەکانی گواستنەوەی، هەرچەندە زبیحوڵڵا دانی ناوە، کە ئەفسانەیە و لێ ئەم ئەفسانەیە بۆتە هەوێنی مێژونووسە ئەوروپییەکانیش، گەرچی بۆمان رون نییە کە ئەم ئەفسانەیە هی زبیحوڵڵایە یا دوای ئەو زیادکراوە. بە راستیش لە چیرۆکێکی

دروستکراو دەکات، ناوی (ئێران) زۆر تازەیە و لە چەندین سەدە تێپەر ناکات، بەڵام زەبیحوڵڵا ئەو ناوەی لەو چیرۆکە هێناوە و وشەی (بانو) وەك پاشگر بۆ داناوە تا بوترێت ئێران وەك دەوڵەت هەبووە و (ئێرانبانیش) سەرکردەی بووە و ئەمە لە کاتێکدایە کە زاندراوە ماد یەکەم وڵاتی گەورە و بەهێز بووە، کە لە میسۆپۆتامیا و زاگرۆس دروست بووە.

تا رادەیەك سەرچیخ بە مێژووی مادا تێپەردەبێت، لە کاتێکدا کە ماد پێکهاتبوو لە (مادی رۆژئاوا یا ئاترۆپاتێن، مادی بچووك و پارتانکا)، کە هەموو ئەو سنوورە دەیکردە ئەو سنوورەی نێوان (رووباری ئاراس بۆ ئەڵوەند، لە چیای زاگرۆس بۆ دەریای کاسپێن، ناوچەکانی نێوان کێوی رود و چیای زاگرۆس)[1]، لە راستیدا لە وەسیەتنامەکەی کوروشی دامەزرێنەری هەخامەنشییەکان باسی ماد زۆر دەکات و بابەتی تازەمان بۆ دەخاتەڕوو و لەناو لەشکرکێشییەکانیش، هەرچەندە هەوڵی خۆ دزینەوەی داوە، بەڵام هەر ناچار بە باسی کورد و ئازایەتییەکانی بووە.

سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکان لە میسۆپۆتامیا و زاگرۆس دەگەڕێتەوە بۆ ماد و دواتر بەردەوام دەبێت بە (هەخامەنشی، سەردەمی یۆنانی، ئەشکانییەکان و ساسانییەکان و ئیسلام و ...)، زبیحوڵڵا یان ئەوانەی لە جیاتی ئەو بابەتەکانیان کۆکردۆتەوە، وەك هەریەکە لە پان ئێرانیزمەکانیتر ویستویەتی تەواوی ئەو سەردەمانە بە ئێران و زیاتر لەمەش بە هی فارس بناسێنێت، بە پێویستمان زانی بڵێین ئەوەی پان ئێرانیزم دەڵێت کە ئەوان خاوەنی پاشایەتی زیاتر لە (٢٥٠٠) ساڵن لەو سنورە، دورە لە راستی و زۆربەی ئەوکاتانە ئەو سنورە لە دەست غیری فارس بووە و (کوردی ماد، ئەشکانی و ساسانی کە خاوەنی ئەو ناوچەیە بوون. داگیرکارەکانی وەك یۆنانییەکان، تورکە سەفەوی و قاجاری و موغول و ... و دواجار عەرەبیش هاتونەتە ئەو ناوچەیە).

زۆر باس لە تواناکانی کوروش دەکات و تەنانەت دەرکردنی بریارنامەی مافی مرۆڤ و ئاوەدانکردنەوەی شارەکان و دامەزراندنی لەشکری و شتی دیکەی زۆر دەداتە پاڵ ئەو، هەر لە وەسیەتنامەی کوروشیشدا دەبینین کە ئەو بابەتانە پێشتر لە لایەن مادەکانەوە هەبوون و دواجار لە وەسیەتنامەی کوروشدا هاتووە کە دامەزرانی لەشکری و بەرێوەبردنی وڵات و تەنانەت رێزگرتن لە ئایینەکان لە مادەکان فێر بوە و تەنانەت دروست کردنی شاری تازەش لە پاشای ماد فێر بوە و لەو پەرتووکەشدا دانی پیانراوە.

---

[1](کورد لە سەرچاوەکانی مێژوو، عبدوللا قەرەداغی، لا ٤٩)

باس له تاوانه گەورەکانی کوروش ناکات که چی کردووه و تەنانەت ئەوەش پردە پۆش دەکات که کوروش له دوای سەرکەوتنی له بابل، هەر سێك شوێنه ئایینه دیارەکەی جیهان به یەهود دەبەخشێت، ئەو ئۆرشلیمی کرده شوێنی دەسەلاتی ئەوان و پاشایەتی بۆ دامەزراندن، بەشێك له یەهودی نارد بۆ مسری ئەوکات و هەندێکیشیانی له بابل هێشتەوه تا بەم شێوەیه له پشتیوانی ئەوان بیٚ بەش نەبێت، له روی ئایینیشەوه دەبینین که کوروش به خاوەن باوەر داناوه و بەلام ئەو سوجدەی بۆ (مردۆخ) خودای بابلیەکان برد و تەنانەت له دەسەلاتی دوای کوروش بوونه دەسەلات و رێگر و کۆسپی سەرەکی دەسەلاتی هەخامەنشی بوون.

زۆرجار هەولێداوه تا تواناکانی خەلکی دیکه بدات به پاشا و ئیمپراتۆره هەخامەنشیەکان و ئەوانەی به فارس دەیانناسێت، غافلْ له ئەوەی هەر خۆی ناسنامەکانیانی خستووتەرو، بۆ نموونه له سەردەمی داریوش ناوی ئەو زانا و هونەرمەندانه دێنێت که بۆ پێش خستنی ئەو ئیمپراتۆریەته کاریان کردووه و خەلکی وولاتانی وەك (یۆنان، رۆم، لیدی، بابل و مصر و ... هتد) بوون و زۆرینەی کارەکانی داریوشیش هەر له ئەزموونی ئەوان بووه.

زەبیحوللا نەیتوانیوه رقی خۆی بەرانبەر بەو نەتەوانه بشارێتەوه که جەنگیان له دژی هەخامەنشیەکان کردوه، بەردەوام هەولێداوه شکستەکان بچووك بکاتەوه و هۆکار و ئەگەریان بۆ بهێنێت. زۆرترینی سەرچاوەکانی بۆ ئەم پەرتووکه، هەر یۆنانییەکان بوون له باسی لەشکرکێشی و جەنگ و ... لەو خاکه له گەلْ خەلکی دیکه، بەلام له هەمانکات هەولی به لارێدا بردنی وته و نووسینەکانی ئەوانی داوه. زۆر جەخت لەسەر رقی مێژوونووسه یۆنانییەکان بەرانبەر ئێران دەکات و مێژوونووسی گەوره هیرۆدۆت به درۆزن یا لایەنگری یۆنان دەناسێنێت، هەرچەنده له نووسینی ئەو پەرتووکه زۆر پشتی به نووسینەکانی ئەو بەستووه.

مێژوو بەردەوامه و ئەوەی روویداوه، بۆته مێژوو و تازه ناگەرێتەوه، ناکرێت ئەو شکست یا سەرکەوتنانەی له مێژوودا له بواره جیاکان بەدی هاتون، لابدەین و تەنها ئەوەی پێمان دەکرێت شرۆڤەی رابردووه. بەلام ئەوەندەی دەبینرێت زەبیحوللا هەندێجار سڕینەوەی شکست و لاوازی دەسەلاتی ئێران و بەهێز دەرخستنی ئەوانی به ئەرکی ڕاستەقینەی خۆی ناسیوه و تەنانەت هەموو ئەو کەسانەی لەو بوارانەدا نووسینەکانیان دژ به خواستی ئەو بوه، به لاگیر یا ناراست ناو دەبات و یا رەتیان دەکاتەوه و تەنها خۆشی به بێلایەن دەزانێت.

زۆرربەی ئەو سەرچاوانەی زەبیحوللا سوودی لێ وەرگرتوون، هی مێژوونووسە یۆنانییەکان بووە یا لە مێژونووسە گەورەکان وەرگیراوە و لە ئەساسدا سەرچاوەکە هەر یۆنانی بوە و دوای شرۆڤە کردن سوودی لێ بینیون، بەڵام ئەوەی پێی باش بووە زەقی کردۆتەوە و ئەوەی نەیویستووە رەتی کردووتەوە و دەیان نموونەی وەك جەنگەکانی یۆنان و ئێران و دلاوەری سەرباز و سەرکردەکانی یۆنان، ترسنووکی هەندێ پاشای وەك خەشایار و ئەردەشێری دووەم و گەرانەوەی دە هەزار سەربازە یۆنانییەکە و ... هتد لەو جۆرە بابەتانەن.

ترسنووکی هەندێ پاشای هەخامەنشی حاشا هەڵنەگر بوە لەوانەش خەشایار، ئەردەشێری دووەم و داریوشی دووەم، تەنانەت دەسەڵات لە سەردەمی داریوشی دووەم و ئەردەشێری دووەم زیاتر لە دەست پریساتیس بووە و تا ئەو رادەیەی بۆ پریساتیس جەنگی وولاتان و کوشتن و بڕین کاری ئاسایی بووە و گوێشی لە پاشای هاوسەر و دواتر پاشای برا نەگرتووە.

پریساتیس لە سەردەمی داریوشی دووەمی هاوسەریدا بوو بە سەرکردەی باڵای سەربازی، ئەو لە نێوان داریوش و دوازدە براکەیدا دەرکەوت. ئەو سێزدە برایە نە تەنها هیچیان سەرکردە نەبوون، بەڵکو تەنانەت لە لایەن زەبیحوللا ناویشیان نایەت تا بزانین ئازایەتی پاشا و براکانی چ بووە، دواجار ئەردەشێر لە کۆشکدا وێڕای ئەوەی تیسافرەنس بەرگری لێکرد، لە جیاتی بەرگری لە خۆی بکات لە بەرانبەر کوروشی برای هەڵهات و تەنانەت شوێنی لە لەشکرەکەشیدا دیار نەبوو.

جگە لەمە بابەتێك مایەی ڕامانە، زۆربەی ئەو جەنگانەی هەخامەنشی یا دواتر ساسانییەکان تیایاندا سەرکەوتون، بە هۆی روودانی کارەساتی سرۆشتی وەك لافاو و بوومەلەرزە و ..... هتد بووە یا خود گەڕاوەتەوە بۆ شتی نەکاو و رووداوی تایبەت و خۆدزینەوە لە ڕێرەوەکان کە بە تەکتیك و شانسێش دێن و لە کاتی خوێندنەوەی پەرتووکەکە ئەو بابەتە بۆ ئێوەی بەرێزیش روون دەبێتەوە.

بابەتی کەمکردنەوەی ژمارەی لەشکری هەخامەنشی و ساسانی و زیاد کردنی ژمارەی لەشکرەکانی بەرانبەرە لە جەنگدا، کارێکی دیکەی زەبیحوللایە و هەمیشە دەستە واژەی زێدەرۆیی بۆ ئەو باسە ئامادەیە و بۆ نموونە هەمووان دەزانن یۆنان وولاتێکی گەورە نییە و نەبووە، تەنانەت بە بەراوورد لە گەڵ ئیمپراتووری هەخامەنشی زۆر بچووك بووە و لەوانەیە هەموو کات دانیشتوانی سنووری هەخامەنشی بیست تا سی بەرانبەری یۆنان بووبێت و بەو پێوەرەش بەردەوام لەشکری پاشاکانی هەخامەنشی بیست تا سی بەرانبەری لەشکری یۆنان

بوونه، بەڵام زەبیحوللا لەو راستیە زۆر نارازیە و کاتێك باس لە گەورەیی لەشکری خەشایار یا داریوش و ... هتد دەکرێت، دەیەوێت قەبارەی لەشکرەکانیان زۆر کەمتر دەربخات و بۆ ئەمەش پاساوی لاواز دیاری دەکات.

هەندێکات لە کاتی وەرگێراندا بە تەواوەتی بە دوو بابەت ماندوو دەبووم کە یەکەمیان بەلاڕێدا بردنی بابەت بوو لە لایەن وەرگێر، دووەمیان جەخت کردن لە سەر گواستنەوەی سەروەری بینا کردن یا داهێنان و تەنانەت ئاکارە باشەکان لە لایەن ئێرانییەکان (مەبەستی زبیحوللا تەنها فارسەکانە) و داماڵینی لە خەڵکیتر بووە، بۆ ئەو بابەتەش زۆرتر پشت بە پاساو بەشینەوە و شیکار دەبەستێت لە جیاتی بەڵگە.

زەبیحوللا هەندێکات دانی پیادەنێت کە بۆ ئەو جۆرە کارانەی بەڵگەی نییە و تەنها لە ڕێگەی شیکاری عقڵیەوە دەیەوێت مێژوو بگۆڕێت، وەك ئەوەی مێژوو بیرکاری و فیزیا بێت کە بە بیردۆزە راست بکرێتەوە، ئاشکرایە زۆر ڕووداو لە ئێستا و رابردووی نزیك و دوور، هاتوونەتە پێش و بابەتگەلی وا قەوماوە کە پێچەوانەی عقڵ و منتق بووە، بەڵام ڕووداوە و ڕوویداوە و بۆتە مێژوو، ئێستا تەنانەت ئەگەر ئێمە زۆر پێیان سەرگرانیش بین، دەسەڵاتمان تیایدا نییە.

زەبیحوللا لە هەندێ شوێن دژی باس و چیرۆك و درێژدادری و ... هتد دەوەستێت و لە هەندێ شوێنیش دەست بە دروست کردنی چیرۆك دەکات و ئەوەندە بابەتەکە درێژ دەکاتەوە کە خوێنەر ماندوو دەکات، بۆ نمونە لە باسی وون بوونی لەشکری ئەسکەندەر و تینوویەتی ئەوان، نزیکەی دە تا پازدە لاپەرە دەنووسێت بە بێ ئەوەی پێویست بێت.

هەڵبەت ئەوەی لە سەرەوە باسم کرد بۆ کەم کردنەوە لە بایەخی پەرتووکەکە و یا بۆ کەم توانا و خەراپ نیشاندانی زەبیحوللا نییە کە یەك لە مێژونووس و وەرگێڕە دیارەکانی ئێران بووە لە سەدەی بیستەم و خاوەنی دەیان نووسین و وەرگێڕانە، لە لایەکیتر ئەوە نەبووە کە بمەوێت خۆم بە شارەزا لە مێژوو بزانم و تەنانەت ڕێگە نادەم ئەو بابەتە بۆ خۆم بورۆژێنم، بەڵام ئەو بابەتانەم لە ماوەی سەرقاڵ بوونم بە کاری وەرگێڕانی پەرتووکەکە بۆ روون بوونەوە و خستمە بەر دیدەی ئێوەی خوێنەری بەرێزیش.

دیارە وەرگێری تاکە ئەرك یا ئەرکی تەواوەتی من نەبووە و نییە، ئیش و کاری دیکە و باری ژیانیش زۆر لە کاتی هەموومان داگیر دەکات و بۆیە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ و چەند مانگێك سەرقاڵی ئەو بەرهەمە بووم، لە راستیدا زۆرجار ووشە، ڕستە و تەنانەت پاراگرافی هاومانا و زیادە

لەو پەرتووکە هەبووە و وەك وەرگێر بە ئەرکم زانیوە تێکەڵ بە یەکیان بکەمەوە و خوێنەر لە ماندوو بوونی بێ سوود بپارێزم و مەبەستی دیکەم لەو بارەوە نەبووە. هەندێجاریش بەپێی ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەکانی مێژوویی لە بەر دەستم بوون، پەراوێزم بۆ هەندێ بابەت داوە کە خوازیارم باش بن و ماموەستایانی بواری مێژوو لە سەرم بە کەم و کوری گەورەی نەزانن.

وەرگێرانی ئەو بەرهەمە کە (۲۵۲۲) لاپەرە و لە چوار بەرگدا بوو و بە زمانی فارسی بوو، لە راستیدا زۆر سەخت بوو و لەوانەشە کەموکوریم لە وەرگێڕان بووبێت، بەڵام ئەوە توانام بووە و بە نەرمیەوە داوای بەخشین دەکەم لە هەر خوێنەر و خاوەن زانستێك کە شێوەزاری نووسینەکەمی بەدڵ نەبێت. لە لایەکیتر هەر خۆم کاری تایپ و پێداچوونەوەی زمانەوانیم کردووە کە سەختیەکانی پتر دەکرد و هەندێ جار کێشەی بۆ چاوەکانم دەنایەوە.

دوا دێرەکانی نووسینی پێشەکی بە پێویستی دەزانم بەرلە هەموو کەس سوپاسی پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ بکەم کە بە دەستەبەر کردنی ئاسوودەیی بۆ نیشتیمانەکەمان، بوونەتە رێخۆشکەر بۆ ئاسوودەیی و دەستەبەر بوونی کەشێك کە تیایدا دەتوانیین ئارەزووەکانمان بەدی بێنین و بێ گومانیش شەهیدەکانمان پشکی مەزنتریان لەو ئاسۆیەی ئێستا بەرکەوتووە و یادیان پیرۆز و بەرز و گیانیان شاد بێت.

هەروەها سوپاسی هەموو ئەو بەرێزانە دەکەم کە بە زمان و هاندان، بە سەرەنج و بۆچوون و هاوڕایی، پاڵپشتم بوون بۆ بەردەوام بوون و ماندوو نەبوون لەو ئەرکەم، بە تایبەتی دوو برای ئازیزم کاك (سید کماڵ ئیبراهیمی) کە خۆی خاوەن بەهرەیە لە مێژوو و هاوسۆزم بووە و بە راوسەرنج و تێبینی بەردەوام لە گەڵ مندا بووە، هەروەها کاك (تاهر زرار خەلەکانی) کە هەرچەندە خۆی ووتەنی لە مێژوو تێناگات و هەندێ جار دەیووت: "خۆشی لە مێژوو نایەت" بەڵام هەر هاندەر و پاڵپشت بوو.

سوپاس بۆ ئەو دەزگا و دامەزراوەیە کە هاوبەشیم دەکات و ئەرکی چاپ دەگرێتە ئەستۆ تا خزمەتی خۆی بۆ خوێنەر و پەرتووك دووبارە بکاتەوە و کۆمەڵە زانیاریەکیتر بخاتە بەردیدەی خوێنەران.

**وەرگێر/ ئەردەلان مام وسو دزەیی**
**۱٦ / شوباتی / ۲۰۱۳ – هەولێر**

## وتەی پێشەکی زەبیحوڵڵا:

ئێمە ئێرانییەکان بە هۆی کەم ناسینی مێژووی خۆمان لە وڵاتەکەماندا غەریبین و زانیارییەکانمان لە چەند بابەتی کلاسیك یا کرچوکاڵ تێپەڕناکات. کاتێك کە دیباچەی پەرتووکە مێژووییەکانمان دەخوێنینەوە، کەشێکی ونبوومان بەرچاودەکەوێت، لە گەڵ رووکاری هەسارەی زوهرە لێکدەچێت، کە هیچی تێدا دیارنییە و هەست دەکرێت چاڵێکی گەورە هەیە، کە ئەو بابەتانەی لەخۆیدا شاردۆتەوە. دواتر کاتێك لە مێژوو بۆ مەبەستی فێربوون ورددەبینەوە، دەبینین دابڕانی زۆر هەیە و بۆ نموونە لە جیاتی زانیاریی تەواومان لە سەر رێچکەی پاشایەتی ئەشکانییەکان هەبێت، دەبینین کە بازدانێکی مەزنمان لە پێشە کە هەموو زانیارییەکانی لەگەڵ خۆیدا بردووە و ئەو پاشایەتییەی چەندین سەدەی خایاندووە و توانای سازدانی لەشکری بەهێزی هەبووە، هەندێکجار تا ۳۰۰۰۰۰ کەس بووە، لە لای هەندێ کەس دەبن بە تاتار. ئەو مێژووانە، کە بەردەستمانن وەك لەشێکی بێ گیانن و بۆیەش زۆر کەس حەز بە خوێندنەوەیان ناکات و تەنها ئەو مامۆستایانە دەیانخوێننەوە، کە ناچارن دەرسی لە سەر بڵێنەوە.

چل ساڵ بەر لە ئێستا خوالێخۆشبوو (پیرنیا) یەکەم سەرچاوەی باسی مێژووی بۆ ئێران نووسییەوە، بەڵام ئەو پیاوە مەزن و نیشتیمانپەروەرە تەنها دەستی بە سەرچاوەکانی مێژوو، کە بە زمانی فەرەنسی نووسرا بوون ڕادەگەیشت و زمانەکانی (ئەغریقی، لاتینی، ئاڵمانی، ئینگلیسی، پەهلەوی و سانسکریتی) نەدەزانی و دەستی نەگەیشتبوو بەو سەرچاوانەی بەو زمانانە نووسراون و بە دڵنیاییشەوە لە نووسینەوەی مێژوو پشت بەستن بەو زمانانە پێویستە، هەڵبەت لەو کورتە روونکردنەوەیە مەبەستمان کەمکردنەوە نییە لە خوالێخۆشبوو یا نرخی پەرتووکەکەی، خوالێخۆشبوو لە نووسینەوەی مێژووی ئێران وەك ئەفلاتوون مامۆستای یەکەم بووە. ئێستاکە زۆر لە قوتابیانی کۆلیژەکانی فەلسەفە و ئەدەب زانیارییان زیاترە لە

ئەفلاتوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەر مامۆستای یەکەمە و هەر بەو پێوەرەش لای ئێمە پیرنیا مامۆستای یەکەمە لە ئێران.

لەو پەرتووکە مێژووییانەی لە چل ساڵی ڕابردوو لە ئێران نووسراوە بە داخەوە کەس باسی لەو بابەتە مێژووییانە نەکردووە، کە لەو ماوەیە بە کۆششی ئێرانناسە فیداکارەکان دۆزراونەتەوە، لە کاتێکدا کە بە تەنیا لە (تەختی جەمشید) ژمارەی (١٦٠٠٠) شازدەهەزار دەستنووس (کەتیبە) دۆزراوەتەوە. ئەو دۆزینەوە مێژووییانە لە ئێران لە بواری زانست، دەنگدانەوەی ئەوەندە گەورەی هەبوو، کە ئەگەر دوورکەوینەوە لە خۆپەرستی و نەتەوەیی بوون، ئەوا دەبێت بلێین کە جیهانی ئەوکات ئەوەی هەیبووە لە ئێرانی زانیوە و ئەوەش دەبێت بە لاوەکانمان بگەیێنین تا بیرنەکەنەوە، کە ئێمە قەرزاری ڕۆژئاواین.

ئێمە بڕیارمانداوە هەرچی زیاترە وڵاتەکەمان بە هاونیشتیمانیانمان بناسێنین و بۆ ئەو مەبەستە سەرچاوەمان ئەو بابەتانەن، کە لە چل ساڵی ڕابردوودا دۆزراونەتەوە. ئێمە زمانەکانی (ئەغریقی، پەهلەوی, لاتینی، سانسکریت و ئەڵمانی) نازانین، بەڵام وێڕای زمانی دایکی خۆمان هەردوو زمانی (ئینگلیزی و فەرەنسی) دەزانین و توانیومانە ئەو پەرتووکانەی لە زمانەکانی تر وەرگێڕدراوە بۆ ئەو دوو زمانە بخەینە بەرکار و سوود لە هەموو ئەو شوێنەوارانە وەربگرین، کە لە دڵی ئەو خاکە لە چل ساڵی ڕابردوودا دەرهاتوون و ئەگەر لە ترسی تۆمەت دانە پاڵ و بەندوباو نەبوایە، ئەوا ناوی سەرجەم سەرچاوەکانمان دەخستە بەر دیدی بەرێزتان، بەڵام لەو بوارە تەنها بە ناوهێنانی ئەو سێ ناوە کە لە سەرەتای پەرتووکەکە باسمان کردوون پێمانوایە مەبەستمان پێکاوە و بە ڕاشکاوی تەواوەوە دەڵێین، کە ئێمە سوودمان لە تەواوی مێژووناس و زاناکانی ئەو بوارە وەرگرتووە. لە نووسینەکانمان بەشێکیان ڕووداوەکانی مێژووین کە هیچ شکیان تێدانییە و بەشێکیش گریمان و ئەفسانەکانن کە بە پشت بەستن بە لێکۆڵینەوە و زانیارییەکانیان لە لایەن زاناکانەوە نووسراوەتەوە و وێڕای ئەوەش گریمان دەکەین، کە گریمانەکانی لێکۆڵەرەکان ناتوانن جێگرەوەی ڕووداوە مێژووییەکان بن، بەڵام خۆ بوونی ئەو بابەتانە وەك زانیاری بێ سوود نین. لەمەودوا لە دەستپێك دەردەچین و بە ئەفسانەیەکی خۆش دەچینە ناو ڕووداوە ڕاستینە مێژووییەکان.

**زەبیحوڵڵا مەنسوری**

# ئێرانییەکان لە بەرەبەیانی مێژوودا

کچۆلەیەکی بالاّ بەرز، باریکەلّە و جوان لە دامێنی گردێك، کە دەیڕوانییە دەریاچە و لە تەنیشت دار زەیتونەکان وەستابوو و دەیڕوانییە ئەو کەشتییە، کە لە کەنارەکانی ئاو نزیك دەبۆوە، کەشتی بە هۆی چەند مامزێکەوە کە لە وشکانی بوون بە کەناری ئاوەکەدا ڕادەکێشرا و دەنگی ژنێك لە ناویەوە دەهات، کە بە ئاوازێکی دلّنشین گۆرانی دەچڕی و دەیوت: ئەی گیانی من وەرە بە یەکەوە بچینە چیا، لەوێ مانگاکان بدۆشین و دواتر لە سەر گیاکان دانیشین.

کچە گەنجەکە کە نزیکبوونەوەی کەشتییەکەی دەدیت لە گەلّ خۆیدا وتی: ئەمڕۆ (ئێرانبان[1]) دلّخۆشە و گۆرانی دەلّێت. گومانی کچەکە ڕاست بوو ئێرانبان ئەو ڕۆژە دلّخۆش بوو و لایەنگرانی دەیانزانی کە ئەو لە کاتی دلّخۆشیدا ئاواز دەخوێنێت.

ئێرانبان ئافرەتێکی جوان، بالاّبەرز، پرچ زەرد و قەلّەو بوو، کە تەمەنی نزیکەی چل سالّ بوو و بەردەوام گۆچانێکی داری گەزی بە دەستەوە بوو و دەسەلاّتی بەسەر ولاّتێکی گەورەدا هەبوو، کە دانیشتوانی نزیك (٢٠٠٠٠٠) کەس بوو. لایەکی ولاّتەکەی لە ڕۆژئاوا (سێلك) بوو و لایەکی تری لە ڕۆژهەلاّتەوە (نیگ) بوو و لە نێوان ئەو دوو بەشە تەنها ئاو هەبوو، کاتێك

---

**(١) (ئێرانبان واتە ئێران بانو، وشەی بان ـ پان ـ پادن ـ کە ئێستا لە زۆر وشەی تری وەك شارەبان و پاسبان دێت، زەبیحوللاّ. لە کوردیدا ئەو پاشگرە بریتییە لە وان وەك پاسەوان و دارەوان و کەشتیوان و ... هتد، وەرگێڕ بۆ کوردی.)**

ئێرانبان ویستی سەفەری کردبایە، دەبوایە بە ڕێگەی کەشتییەك کە لە لایەن مامزەکانەوە بە لێواری وشکانی لەسەر ئاو ڕادەکێشرا، ئەو سەفەرە بکات.

کاتێك کەشتی ئێرانبان گەیشتە کەناری ئەو گردەی کچەکەی لێ وەستابوو، کچە لاوەکە بە ڕاکردن لە گردەکە هاتەخوار و لە کاتێکدا کە پرچە زێڕینەکانی بەدەم باوە ئالۆسکابوون، هاواری دەکرد: "زاب... زاب... زاب."

دەنگی کچە گەنجەکە گەیشتە گوێی زاب، کە لەناو کەشتی بوو و ئەویش هاواری کرد: "ڕوود... ڕوود... ڕوود."

زاب تەمەنی نزیکەی هەژدە ساڵان بوو، بەڵام وەك هەر یەکە لە پیاوان و ژنانی سیلك باڵابەرز و چوارشانە بوو، ئێرانبان لەناو کەشتییەکە ڕووی کردە زابی پێیوت: تۆ ڕوودت زۆر خۆشدەوێت.

زابیش وتی: بەڵێ دایە.

ئێرانبان وتی خۆزگە لە جیاتی ئەوەی بووکم هەبێت زاوایەکی دەبوو، چونکە ئەو بە هۆی ئەوەی هیچ کچی نەبوو، خۆی بە وجاغکوێر دەزانی و دەیزانی دوای مردنی خۆی، ڕوودی بووکی دەبێتە فەرمانڕەوای ئەوێ و بۆ خۆی کچی نەبوو تا شوێنی بگرێتەوە[٢].

ئێرانبان بەرانبەر بە ڕوود هەستی باش نەبوو و پێی خۆش نەبوو ئەو ببێتە پاشا و ئەگەر بۆی کرابا ڕێگری هاوسەرگیریان دەبوو، بەڵام دەیزانی زابی کوری ئەوی زۆر خۆشدەوێت و ئەگەر ڕەزامەند نەبێت بۆ بەیەك گەیشتنیان، ئەوا زاب ئەوەندە ناڕەحەت و بێ تاقەت دەبێت، کە لەوانەیە بچێتە باشووری دەریاچە و خۆی بکاتە خۆراکی (ئەژدیها[٣])، هەر بۆیەش خۆشەویستی دایکایەتی ڕێگەیەی لێدەگرت و ڕێگەی نەدەدا کوڕەکەی چارەڕەش ببێت.

کاتێك کەشتی گەیشتە کەنارەکان و مامزەکانیان ڕاگرت تا کەشتییەکە لە ئەوان بکەنەوە و بەریان بدەن. ڕوود بە پەلە خۆی گەیاندە زاب، کە لە دوای ئێرانبانەوە دەهات و دەستی خستە سەر شانەکانی و پێیوت: ئایا ماسیت پێ خۆشترە یا مراوی؟ زاب وتی تۆ هەرچییەك

---

(٢) (بە پێی چیرۆکەکان لە ماوەی سێ هەزار ساڵدا تەنها خانمەکان پاشا بوونە و دوای مردنی دایك کچ بوونە پاشا و کور لە دەسەلات بێ بەش بووە،زەبیحوڵڵا.)

(٣) (لەو سەردەمانەدا لە باشووری دەیاچەی ئێران مارمێلکەی گەورە دەژیان کە درێژیان دەگەیشتە سێ مەتر و زمانیان درێژ و سوور بوو، کاتێك زمانیان لە دەرەوەی زاریان دەجولاند لەوە دەچوو کە ئاگر لە زاریان دەردەچێت، ئێستاکە هەر لەو شوێنە مارمێلکەی بچووکی هاورەگەزی ئەوان ماون، زەبیحوڵڵا.)

بخۆی من ئەوە دەخۆم. روود وتی: ئەمرۆ بەیانی دەمزانی دەگەڕێیتەوە و بۆیە چوومە دەریاچە و چەند ماسییەکی گرت، با بڕۆینەوە بۆ ماڵەوە تا بۆت ئامادەیان بکەم.

زاب رووی کردە دایکی و وتی: دایە من بۆ خواردنی ماسی دەچمە ماڵی روود و بە بێ ئەوەی چاوەروانی وەڵامی دایکی بێت، کەوتەرێ.

کۆمەڵێك ژن و پیاو کە وەك ئێرانبان باڵابەرز، پرچ شین و چوارشانە بوون بۆ بینینی ئێرانبان لە کەنار دەریا کۆببوونەوە، ئەوان کاتێك دەیانەویست لە گەڵ ئێرانبان بدوێن، دەستیان دەخستە سەر شانی و یا بازوویان دەگرت و ئەویش هەر ئەو کارەی دەکرد و جارجارەش بە دەنگ پێدەکەنی.

بە پێی پێوەرەکانی ئێستا ئەگەر کەسێك ویستبای بزانێت کێ پاشایە و دەست پەیوەندەکانی جیا بکاتەوە، نەیدەتوانی و تەنها هێما بۆ ئەوە، کۆچانی دەستی ئێرانبان بوو. ژنان و پیاوان سەبارەت بە سەفەری ئێرانبان پرسیاریان دەکرد و دەیانەویست بزانن ئێرانبان لە رۆیشتنی بۆ باشووری دەریاچە چی بینیوە و چی کردووە[٤]؟

ئێرانبان دەیوت: لە باکووری ئێران هیچ شتی تازەی نەدیوە و وەك جاران شێرەکان کەوتبوونە راوی مامزەکان و فیلەکانیش لە لایەکەوە بۆ لای تری جەنگەڵ دەچوون و دەنگیان لەسەر ئاو دەگەیشتە لام، خەلکەکەش دەیانووت کە هیچ ساڵێك مراوی ئەوەندە زۆر نەبووە و هەر کەسێك چەندی بیەوێت دەتوانێت ڕاوبکات.

پیاوێك لە ئێرانبانی پرسی کە ئایا ڕاستە بە هۆی نەخۆشییەوە زیاتر لە هەزار مامز لە باشووری دەریاچەکە مردووە. ئێرانبانیش وتی نەخۆشییەکە ڕاستە بەڵام ئەوەندە نییە کە هەزار مامزی کوشتبێت.

ژنێك وتی کە دەترسین ئەو نەخۆشییە بگاتە ناو مامزەکانی ئێمەش و بمرن. ئێرانبانیش وتی بۆ ئەوەی ئەوان نەخۆش نەبن، مامزەکان لە دەریا دوور بکەنەوە و بەرەو شاخەکانیان ببەن و ژنەکە وتی هیچ گرفت لەوکارەدا نییە، بەڵام لەوانەیە لە شاخەکاندا مامز و گاکان بەیەکەوە نەگونجێن و لە نێوانیاندا ببێتە جەنگ.

---

(٤) (ئێرانی ئەوکات بریتی بوو لە دەریاچەیەکی گەورە کە شارەدێی نیگ لە خوڕاسانی ئێستا لە لای رۆژهەڵاتییەوە بوو و لای رۆژئاواشی شاری سێلك لە کاشانی ئەمرۆ بووە و چوار دەورەی بریتی بوو لە ئاواییەکان، زەبیحوڵڵا)

ئێرانبان وتی بۆ ئەوەی لە شاخ لە نێوان گا و مامزەکاندا جەنگ نەبێت، گاکان بهێنن بۆ کەناری دەریاچە و لێرە بەریان بدەن و مامزەکان لە شاخ بەرەلا بکەن.

هەمووان ئەو ڕایەیان لە لا پەسەند بوو و ئێرانبان وتی: لە باکووری دەریاچە بینیم خەڵکانێك لە جیاتی ماسی، مراوی، مامز و گا بخۆن، گەنم دەخۆن و بە ئەوانم وت خواردنی گەنم ئێوە ناشیرین و بێ توانا دەکات. پیاوێك وتی ئێمە هیچ کات گەنم ناخۆین و گەنم خواردنی مامز و گاکانمانە و ئەوان قەڵەو دەکات.

ئێرانبان وتی وایە خواردنی گەنم نەتەنیا مرۆڤ ناشیرین دەکات، بەڵکو بێ بەختیشی دەکات.

ئافرەتێك پرسی چوون گەنم بەختی خەراپ دێنێت.

ئێرانبانیش وتی من لە دایکم بیستووە و دایکیشم لە دایکی خۆی بیستووە کە ئەگەر مرۆڤ گەنم بخوات بەختی خەراپ دەبێت، چونکە ڕۆژێك دێت گەنم دەبێتە تاکە خۆراکی و جگە لەو خۆراکەی دەست ناکەوێت، بۆیە دەبێ لێ بگەڕێین کە گەنم لە دامینی شاخەکاندا برزێت و لەناو بچێت و هەرگیز کۆی نەکەینەوە و بە تایبەتی بۆ ئەوەی خۆر لێمان تووڕە نەبێت.

ئێرانبان ئەوکاتەی ناوی خۆری هێنا، بە گۆچانەکەی ئیشارەی بۆ خۆر کرد و لە نیگای ئامادەبوواندا ڕێز دەربڕین بۆ خۆر دیاربوو. یاوەرانی ئێرانبان، مامزەکانیان لە کەشتییەکان کردەوە و ئەوانیش بەرەو بەرزاییەکان ڕۆیشتن تا لەبەر چاوان ون بوون، ئێرانبان و ئەوانی تریش ئەوەندەی پێویست بوو، وتوویژیان کردبوو و بەرەو ماڵەکانی خۆیان ڕۆیشتن تا خواردن بخۆن و هەروەك چوون جیاوازی لە بالا و پۆشاك و خوراکی ئەواندا نەبوو، جیاوازی لە نێوان خواردنیشیان نەبوو و هەموان ماسی و مراویان دەخوارد و دوای ئەو دوو خواردنە، گۆشتی مامز و مانگا خواردنی سەرەکی بوون.

هێشتا کشتوکاڵ لە ئێران دەستی پێنەکردبوو و کەسیش خۆی ناچار بە کشتوکاڵ نەدەزانی، چونکە ئەوەندە گۆشت زۆر بوو کە کەس پێویستی بە کشتوکاڵ نەبوو و لە هەمانکات باوەڕیان وابوو کە کاتێکم گەنم بخوون پێویستیان بە زەوی دەبێت و ئەوکات بەدبەختیان دەست پێدەکات، گەنم لە پێدەشتی شاخەکاندا بە شێوەی خۆڕسك هەبوو و کەس کۆی نەدەکردەوە و تەنها ئەوانە نەبێت کە بە ئارەزوو گەنمیان دەخوارد.

خانووی ئێرانبان لە سێلك هیچ جیاوازی نەبوو لە گەڵ خانووەکانی تر، شاری سێلك بریتی بوو لە کۆمەڵە خانوویەك کە لە سەر گردەکان یا لە دامێنیان دروستکرابوون و بە سەر دەریاچەکەدا دەیانڕوانی و بە پێوەری ئێستا هەریەکەیان لە (٢٠٠ تا ٥٠٠) مەتر لە یەکتری دوور بوون و هەموو خانووەکان لە دار دروستکرابوون، لە سەقفەکانیان سوود لە قامیش بینرابوو و سالانە دوای ئەوەی کە قامیشەڵانەکان لە کەناری دەریاچە شین دەبوون، هەموو خەڵك دەکەوتنە نوێ کردنەوەی سەقفی خانووەکانیان.

لە وەرزی باران باریندا کە لە پاییز تا ناوەڕاستی بەهار درێژەی دەبوو بەردەوام باران دەباری و پێکهاتەی خانووەکان وابوو کە تەنانەت یەك دڵۆپە ئاو نەدەهاتە ناو خانووەکان، بە کۆتایی هاتنی وەرزی باران دەبینرا کە نزیکەی (١٠ تا ١٥) مەتر ئاوی دەریاچە بە شێوەی ستوونی زیادی دەکرد و هەر بۆیەش خەڵکی خانووەکانیان لەسەر گردەکانەوە بینادەکرد تا لە مەترسی ژێرئاو کەوتن پارێزراوبن. لە شاری سێلك هەموو لایەك دەیانزانی کە دوای کۆتایی هاتنی وەرزی باران زاب و روود زەماوەند دەکەن و هەمووان بە هاوسەرگیری ئەو دوو لاوە شادمان بوون.

وەرزی باران هەموو لایەك تەنانەت مامزەکانی ماندوو دەکرد و تەنها مراوی و قازەکان بوون کە بە رواڵەت خۆشحاڵ بوون و بە درێژایی وەرزی بارانبارین ژیان لە سێلك بەرەو سڕبوون دەرۆیشت و لە تەواوی خانووەکان دەنگی بەرد دەهات. پیاوان بە هۆی بێکاری بە گشتی خۆیان بە تاشینی بەرد سەرگەرم دەکرد و لە بەرد هەندێ کەلوپەلی وەك تیر، تەور و پەیکانیان ساز دەکرد، تا بۆ ڕاوکردن سوودیان لێ ببینن.

لە وەرزی بارانی ئەو ساڵە روود بەو دەرزییەی لە ئێسکی مامز دروستی کرد بوو، سەرگەرمی ئامادەکردنی جلوبەرگ بۆ خۆی بوو. هەروەها پێڵاوی بۆ خۆی و باوکی و هاوسەری داهاتووی ئامادەدەکرد. ئەو پێستی مامزی ساوای بۆ جلوبەرگ و پێستی مامزە بەتەمەنەکانی بۆ پێڵاو بەکاردەهێنا و بە (کل چەرم) واتە چەرمی ئەستوور ناوی دەبرد.

لە نزیك شاری سێلك بە هۆی باران بارینی زۆر، زەوی داڕما بوو و گەلێکی سوور دەرکەوتبوو و سالانە ئاوی باران دەیشوشتەوە و لە گەڵ خۆیدا دەیبرد و دوای کۆتایی وەرزی باران ئەو خۆڵە لە ناو قوڵت و نزمایییەکان دەنیشتەوە، خەڵکی سێلك ئەو خۆڵە نیشتووەیان بە (کۆز) ناودەبرد کە واتای (خۆڵی سوور) بوو.

باوکی روود دوای کۆتایی وەرزی باران و نیشتنەوەی ئەو خۆڵە، دەچوو بۆ دەشت و لەو خۆڵەی دەهێنا بۆ ماڵ و دەیکردە قور و بە دەست قاپی جۆراوجۆری لیٚ دروست دەکرد و دەی خستنە ناو ئاگر، ئەو قاپانە وەك بەرد رەق دەبوون و خەڵکی سێلك ئەو قاپانەیان لە باوکی روود وەردەگرت و لە بەرانبەردا قۆچ یا پێستی مامز و مانگایان پێدەبەخشی. لە بەر ئەوەی کاری باوکی روود سازکردنی ئەو شتومەکە لە قوڕی (کوز)[٥] بوو ئەویان (کۆزەگەر) ناولێنا بوو.

کاتێك وەرزی باران تەواو بوو و هەور لە ئاسمانی ئێران دوورکەوتەوە و هەتاو دەستی بە درەوشانەوە کرد، ڕەنگی ئاسمان وەك رەنگی دەریاچەکەی لێهات و سەدان هەزار باڵندە لە سەر لقی دارەکاندا دەستیان بە ئاواز خوێندن کرد و هاوکات لە هەموو ماڵێك بە دەنگی بەرزەوە وشەی (گیبل.. گیبل.. گیبل[٦]) دەوترایەوە. وشەی گیبل لەو شارە هیمای شادی بوو و ئەوکاتەی ئەو دەنگە دەهات دەردەکەوت کە خەڵك ڕازین و شادمانی خۆیان دەردەبڕن.

زاب و روودیش دەیانزانی وەرزی هاوسەرگیریان هاتووە و وەك ئەوانی تر بەڵام بە دەنگێکی پڕ خرۆشتر هاواریان دەکرد، چونکە دەیانزانی کاتی زەماوەندیان هاتووە و روود هاوکات لەگەڵ دەربڕینی ئەو وشەیە، ئەو قاپە گلینانەی باوکی دروستی کرد بوون بۆ دەرەوەی ماڵی دەگواستنەوە تا ئامادەیان بکات بۆ فرۆشتن، لەپڕ یەکیان لە دەستی کەوت، بەڵام نەشکا و سەرەرای ئەوە، دەنگێکی جیاوازتر لە ئەوانی تر لەو قاپە هەستا و بۆوە مایەی سەر سورمانی.

روود بە سەرسوڕمانەوە قاپەکەی هەڵگرت و لێی روانی، تێگەیشت ئەو قاپە جیاوازە لە ئەوانی تر کە باوکی دروستی کردوون و جارێکی تر قاپەکەی بەردایەوە و نەشکا، روود لە بەرانبەر رووداوێکی سەرسورهێنەر خۆی دیتەوە، بەدەم هاوار کردن و بە خێرایی قاپەکەی بۆ بابی برد تا لەو بابەتە ئاگاداری بکاتەوە.

بۆ ئێمە مانان تێگەیشتن لە ڕادەی سەرسوڕمانی روود قورسە، کچی لاو دەیزانی کاتێك قاپی گڵێین دەکەوێت دەشکێت و ئەمە یاسایەکە کە وەك یاسای سروشت لە لای ناسراوە و

---

(٥) (کوز لە کوردی واتە (گۆزە) و ئەنجامدەری کارەکەش گۆزەکەرە، وەرگێر بۆ کوردی.)

(٦) (وشەی گیل کە بانگی شادی دەربڕینی ئێرانییەکانی سەرەتا بووە، وەرگێراوە لە پەرتووکی (وشە هیند و ئەورووپییەکان) وەرگێراوە، کە پێنج بەرگە و لە لایەن مێژووناسی ئالمانی برۆکلمان نووسراوە وەرگێراوە، زەبیحوڵڵا)

بەڵام ئەو جارەیان ئەمە روویندابوو[٧]. هەر بۆیە زۆر بە پەلە رۆیشت بۆ ئەوەی بابی ئاگادار بکاتەوە. گۆزەکەریش قاپەکەی تاقیکردەوە و پشتراستی کردەوە کە لەکاتی کەوتنیدا ئەو قاپە گڵینە ناشکێت.

هەرچەندە ئەوکات زانیاری خەڵك وەك ئێستا نەبوو، بەڵام بابی روود لەو ڕاستییە گەیشت کە ئەو گڵەی بۆ ئەو قاپە بەکاری هێناوە جیابووە و ئەو ڕۆژە باوکی روود بۆوە ئامرازی کرانەوەی دەرگایەکی تر بە رووی جیهانیاندا، چونکە کانزای مسی بە ئێرانییەکان ناساند و بۆ یەکەم جار مس لە شاری سێلك (کە ئەمرۆ بەشێکە لە شاری کاشان) دەست کەوتووە. تا ئەوکات لە هیچ شوێنێکی جیهان کەس بە بوونی کانزای مسی نەزانیبوو و باوکی روود ئێرانییەکانی بەو کانزایە ئاشنا کرد.

ئەوکات لە شاری سێلك نەریت نەبوو کە پێداویستی و کەرەستەکانی هاوسەرگیری لە گەڵ بووك هەبێت و ئەو نەریتە دواتر هاتەکایەوە و ئەو کاتە ئەمە بوو بە نەرێت کە هاوسەرگیری لایەنی بازرگانی وەرگرت و بۆوە مامەڵەیەکی بازرگانی. ئەگەر ئەوکات ئەو بابەتە نەریت بوایە، ئەوا باشترین دیاری کە باوکی روود دەیتوانی بیدا بە روود، بریتی دەبوو لە چەند قاپێك دەبوو کە لە جۆرە تازەکانی قاپ هەژمار دەکران.

سەرئەنجام چاوەروانی کۆتایی هات و رۆژی زەماوەندی روود و زاب کە هەموو دانیشتوانی سێلك ماوەیەك بوو چاوەروانی بوون، گەیشت. چونکە بۆ بەشداری لەو ئاهەنگە جگە لە خەلکی سیلك، خەڵکێکی زۆری تریش لە ناوچەکانی دەوروبەرەوە دەهاتن، ئێرانبان فەرمانیدا ئاهەنگەکە لە ناوەڕاستی شار و لە کەناری دەریاچە سازدرێت.

لەو رۆژەدا تەواوی خەلکی سێلك لە ژن و پیاو و منداڵ بە گشتی بۆ بەشداری لە زەماوەندی روود و زاب لە گردەکان هاتنەخوارەوە و لە سەر زەوی لە کەناری دەریاچە دانیشتن، ئێرانبانیش وەك هەمووان لە گرد هاتەخوارەوە و لە سەر زەوی دانیشت. ژنانی سێلك وەك دەربرینی شادی قۆچی بزنیان بە سەوزە ڕازاندبۆوە و پیاوانیش ماسی و مراوی زۆریان هێنا و تەنانەت بە بۆنەی ئەو جەژنەوە مامزیان کوشتەوە و ئاگریان داگیرساند.

---

(٧) (کاتێك گۆزەکەرێك لە شاری سێلك سەرقاڵی دروستکردنی گۆزە بووە، دەبینێت گۆزەیەك کە لە ئاگری دەرهێناوە، ناشکێت و بۆی روون بۆوە ئەو گڵەی بۆ دروستکردنی ئەو گۆزەیە بەکاری هێناوە لە خاکی ئاسایی جیایە، ئەو خۆڵی شۆراوەی کانێکی مسی بە کار هێنابوو، ریچارد فرای مامۆستای مێژووی ئێران لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی)

ئەوکات کەس پیرۆزبایی لە بووك و زاوا نەدەکرد و هێشتا ئەو رێورەسمە نەهاتبۆوە کایەوە و دواتر جۆرەکانی رێورەسمەکان و لەناویشیان رێز لەو روانگەوە دەرکەوتن تا جێگای خۆشەویستی ناو دڵ بگرنەوە. ئێستا خەڵك بۆیە رێز لە یەك دەگرن، چونکە ناتوانن یەکتریان بە دڵ خۆش بوێت و هەندێك لە خەڵکیش گرێکوێرەکان بە هۆی نەرمی نواندن و رێزی لە رادەبەدەر دەرمان دەکەن و نەرمی نواندنی زۆر نیشانەی دڵڕەشی و قینی زۆرە.

دانیشتوانی سێلك زۆر سادە بوون و یەکتریان خۆشدەویست، شادی کوڕ و کچێکی لاو، شادی هەموویان بوو و لەناو ئەوان زمان لووسی نەبوو و دوای ئەوەی ورگەکانیان تەواو تێر بوو و بە ئاوی زوڵاڵ تینوویێتیان شکا، دەستیان کرد بە لێدانی دار بەو پێستە مامزانە کرد، کە بەسەر گۆزەکانیاندا هێنابوو و دەنگی تەپڵ بەرز بۆوە و هەموان و تەنانەت ئێرانبانیش کەوتنە هەڵپەڕکێ و سووڕدان.

ئەگەر کەسێکی ئەو سەردەمەی ئێمە لە کەناری دەریاچەکە بووایە و دیمەنی ئەو سەمایەی دیبا، بە سەختی دووچاری سەرسوڕمان دەبوو. پیاوان مووی سەر و ریشیان زۆر درێژ و هەندێ لە بەساڵاچووەکان ریشیان دەگەیشتە سەر زەوی، هەروەها ژنەکانیش زولفیان درێژ بوو و لە کاتی هەڵپەڕینیان پرچە درێژەکانی سەری پیاوان و زوڵفی ژنان تێکەڵ دەبوون و بە پێوەری ئێستا دیمەنی وەحشیانەی دەبوو. ژنان و پیاوان ئەوەندە سوڕیاندا، تا شەکەتبوون و لەوێ خەویان لێکەوت و دەنگی تەپلەکان بڕا.

دانیشتوانی سێلك ئەو رۆژە تا ئێوارە خەویان لێکەوت و دوای هاتنی شەو، بە دەنگی ئەو مراویانە لە خەو هەستان، کە دەهاتنە ناو قامیشەڵانەکانی کەناری دەریاچە، دەستبەجێ چەند پیاوێك چوون و ئاگریان لەناو ئاگرخانەکانی ناو سێلك هێنا، لە کەناری دەریاچەدا ئاگری گەورەیان کردەوە و ئەو ئاگرە تا بەیانی رۆژی دواتر مایەوە. خەڵکی ئەوکاتی سێلك لە هەموو جەژنەکان لەکاتی شەودا ئاگریان دەکردەوە زۆر و جەژنی بە بێ ئاگر لە لای ئەوان بێ مانا بوو.

دوای هاوسەرگیری، روود لە بابی جیابۆوە و ژیانی تازەی لەو خانەوە دەست پێکرد، کە زاب بۆی دروستکردبوو.

زۆری نەخایاند روود دووگیان بوو، روود دایکی نەمابوو تا چۆنێتی منداڵ بوونی فێربکات، بۆیە ئێرانبانی خەسووی ئەو ئەرکەی گرتە ئەستۆ و پێیوت: رۆژێك یان شەوێك ئازارێکی توندت دەبێت و دواتر ئازارەکە دەڕوات، بە هەمان شێوە دووبارە دەبێتەوە تا جاری سێیەم و ئەوکات

گوشارێکی توندت بۆ دێت و دوای ئەوە منالّەکە دێتە دەرەوە. نیشانەی دەرچوونی منالّەکە دەنگی گریانییەتی و بە بیستنی دەنگی گریان، منالّەکە بە هەردوو دەستت بگرە و بیلێسەوە[٨].

ئەو کات منالّەکە بخە ناو پێستی گا و لێبگەڕێ تا بە ئارامی بخەوێت و ڕۆژی دواتر کە لە خەو هەستا لە مەمکەکانتەوە شیری بدەرێ تا تێر دەبێت و مندالّەکە دیسان دەخەوێتەوە.

ئازارێکی زۆری مندالّ بوون ڕوودی داگرت و لە کاتی هاتنی ئازارەکە تا تەواو بوونی و لە دایك بوونی منالّەکە، کاتژمێرێکی خایاند و ڕوود منالّەکەی لە باوەش گرت و لە سەر تا قاچی منالّەکەی لێستەوە و چاوی لە چاوەکانی بڕی، بینی چاوی شینە و خۆشحالّ بوو و وتی: چاوەکانت وەك چوەکانی باوکت دەچن، بە ئارامی لە پێستی گای پێ چا تا پشوو بدات و کەوتە کارەکانی ڕۆژانەی خۆی.

لە سەردەمی ئێمەدا ژنانی ئێمە بە گشتی دوای منالّبوون چەند ڕۆژێك پشوو دەدەن و دایکان تەنانەت تا نزیکەی پەنجا سالّ پێش دووچاری نەخۆشی (زێیەستانی) دەبوون و دەمردن، بەلاّم ژنانی سێلك تەنانەت یەك کاتژمێریش دوای منالّ بوون پشوویان نەدەدا.

لە ژیانی ئەوکاتی ژنە دلێرە ئێرانییەکاندا نە پشووی پێش منالّ بوون و نە دوای مندالّ بوون نەبوو و تەنانەت نەخۆشی (زێیستانی) یان نەبووە و چونکە ئەوان (مامان) یان نەبوو تا ئەوان تووش ئەو نەخۆشییە بن[٩]. ڕوود و ژنەکانی سێلك کە مامانیان نەبوو، دووچاری ئەو نەخۆشییە نەدەهاتن و بەردەوام دەبوون لەسەر کارەکانی خۆیان.

لە کاتی دووگیانی ڕوود، ئێرانبان سوودی لە وەرزی خۆشی سالّ وەرگرت و ویستی سەفەر بکات بۆ باشووری ولاّت و کەشتی ئێرانبانیان ئامادەکرد، ئەو ژنە سواری کەشتی بوو و گۆچانی بە دەستەوە بوو، مامزەکانیان لە کەشتی بەستەوە و ئێرانبان لە سێلك بەرەو باشوور ڕۆیشت.

---

**(٨) لە پەرتووکی پرۆفیسۆر گرانتۆفسکی ڕۆسی وەرگیراوە کە دواتر ڕۆیشت بۆ بەریتانیا لە ئەوێ نیشتەجێ بوو و پەرتووکی ئەو بە زمانی ئینگلیزی و بە ناوی (ئێران بەر لە مێژوو) لە سالّی ١٩٥٩ زایینی چاپکرا، زەبیحوللاّ.**

**(٩) مامانەکان (هەلّبەت مەبەستمان ئەو مامانانەیە کە زانیاریان لە بارەی تەندروستی نییە) یەك لە پڕ مەترسی ترین بەلاّکان بوون کە دووچاری شارستانییەتی مرۆڤ بوونە و دەستە پیسەکانی ژنە مامانەکان بە درێژایی هەزاران سالّ و لەوانەیە زیاتر لە سەدان ملیۆن ئافرەتی زاویان لە ناو بردووە. د. سمیس ویسی مەجارستانی لە سەدەی نوزدەهەمی میلادی هۆکاری ئەو نەخۆشییەی دۆزییەوە کە بریتییە لە پیسی دەستی مامانەکان و دەلّێت ئەوەندەی ژنە مامانەکان خەلّکیان کوشتووە، نەخۆشی وەك تاعوون ئەوەندە زیانیان لە مرۆڤ نەداوە. دەستە پیسەکانی ژنە مامانەکان میکرۆبی (پۆئێر پرالّ) کە لە ڕۆژهەلاّت بە زێیستانی ناسراوە، دەگوازێتەوە بۆ ناو لەشی گەرم و ئامادەی ژنی زاو و دووچاری هەوکردن و دواتر سووربوونەوەی دەکات و بۆیەش هەندێ جار ئەو نەخۆشییە بە سووربوون ناوبراوە. (زەبیحوللاّ)**

پێویستە بگوترێت تا ئەوکات ئێرانبان نەیدەتوانی لە ڕێگەی ناوەڕاستی دەریاچەوە سەفەر بکەن، چونکە هێشتا ڕێگا دۆزینەوەیان نەدەزانی کەشتییەکانیشیان چارۆکەی نەبوو، هەروەها لەکاتی باران و تێکچوونی کەش و هەوا و لە شویشدا نەیاندەتوانی ئاراستەکان بدۆزنەوە، بۆیە بەردەوام لە کەنارەکانەوە دەرۆیشتن و دڵنیا بوون کە هیچ کات ون نابن و هەرکاتێکیش دەریا نائارام بووایە، لە کەشتی دادەبەزین دەوەستان تا تۆفان بنیشێتەوە.

لە سەفەرکردندا ئێرانبان پەلەی نەبوو و لە هەرشوێنێك شوێنکەوتوانی لێ بوایە، یەك تا دوو ڕۆژ دەمایەوە و دوای پازدە ڕۆژ لە بەردەوامی لە سەفەرەکەی ئێرانبان گەیشتە شوێنێك کە زانی دوا خاڵی باشووری بوو، ئەوێ ناوچەی ژیانی ئەژدیهاکان بوو و ئەگەر لە ئەوێ تێپەڕیبوایە دەگەیشتە ئەو کەنارانەی ژیانی تێدا نەبوو.

ئێرانبان هەرگیز نەچوو بوو بۆ ئەو کەنارانە، بەڵام لەو سەفەرەدا ڕووداوێك ڕوویدابوو کە ناچاربوو سەر لەوێ بدات، چونکە کاتێك گەیشتە کۆتایی باشووری وڵاتەکەی خۆی، دانیشتوانی ئەوێ وتیان: خەلکانێکی چاو و پرچ ڕەشمان، لەو شوێنانە دیتوە کە تازە دەرکەوتوون و کاتێك لەوان نزیك دەبینەوە لە دەستمان ڕادەکەن و هەرچەند داوایان لێدەکەین ڕانەکەن، گوێمان لێ ناگرن.

بە بیستنی ئەو هەواڵە ئێرانبان بڕیاریدا تا بچێتە ئەوێ و ئەوان لە نزیکەوە ببینێت، ڕۆژێك ئێرانبان بینی ژنان و پیاوانی کورتە باڵا، چاو و موو ڕەش سەرگەرمی تەماشای ئەون و بە ئاشکرا دەردەکەوت لە دیتنی ئەو و هاوڕێکانی دووچاری سەرسوڕمان هاتوون.

کەشتی ئێرانبان وەك باسکرا بە درێژایی کەنارەکان دەجووڵا و شاژن بە ئۆمێد هەبوو بگاتە ئەو مرۆڤە چاو و موو ڕەشانە و لە ئەوان بپرسێت کە لە کوێوە دێن، بەڵام هەر کە مامزە بارهەڵگرەکان لە ئەوان نزیك بوونەوە، دەستیان کرد بە هەڵاتن و دیار نەمان و دەرکەوت لە ئێرانبان و یاوەرانی دەترسان، ئێرانبان ناوی (دێو) ی بۆ ئەوان دانا کە بە مانای (خاوەنی مووی ڕەش) دێت[(١٠)].

دوای ئەوەی ئێرانبان لەو ناوچەیە و بە کەناری دەریاوە گەڕایەوە، گەیشتە شوێنێك کە دەستەیەکی تر لە ئێرانیان نیشتەجێ بوون، ئەو لە دانیشتوانی ئەوێی بیست کە دێوەکان بوونەوەری سەیرن و هەموو جۆرە گیانلەبەرێك تەنانەت ئەژدیها دەخۆن، دوور نییە ڕۆژێك وەك درندەکانی وەك (فیل و شێر) هێرش بکەنە سەر ئێرانییەکان.

---

**(١٠) (ئەو ڕووداوانە ڕاستەقینە مێژووئیە لە پەرتووکی (ساڵان) هاتووە کە لە١٩٠٨ زایینی لە سان پی ترێز بۆرگ سەبارەت بە مانای وشەی (دائەوا. دێو) چاپ کراوە. زەبیحوڵڵا.)**

کاتێك ئێرانبان بەرەو باشووری وڵات چوو، زابی کوڕی کە وەك باسکرا بۆوە هاوسەری روود، لە گەڵ دوو لە هاوتەمەنەکانی خۆی رۆیشت بۆ شاخەکانی باکوور و لەوێ دوو ئاژەڵی جوانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا، کە لە کەنارەکانی دەریاچە نەبوون. ئەو ئاژەڵانە چاوی جوان و گوێچکەی بچووك، دەست و لاقی بارێك و بەرزیان هەبوو. هیچ کەس تەنانەت زاب و هاوتەمەنەکانی ناوی ئەو ئاژەڵە جوانەیان نەدەزانی.

ئێرانبان ناوی (ئەس پا، ئەسپا) ی بۆ بەکارهێنان کە بە مانای (قاچی درێژ) دەهات[11].

یەك لەو ئەسپانە (ئەسپ) زۆر هۆگری زاب ببوو و بەردەوام دوای دەکەوت، ئەگەر چەند کاتژمێرێك زابی نەدیبوایە، لە کاتی دیتنیدا دەکەوتە دەست کوتان لە زەوی.

ئێرانبان و دانیشتوانی سێلك پێویستیان بە گۆشت نەبوو، بۆیە ئەسپەکانیان نەکوشت و لە لێواری دەریاچە لە ناو لەوەرگەکان ئازادیان کردن، ئەوانیش بە شێوەیەك هۆگری مرۆڤ بوون کە لە دەورووبەری شاری سێلك دوور نەدەکەوتنەوە. رۆژێك روود لە کاتێکدا کە منداڵە بچووکەکەی لە باوەش بوو، لە گەڵ زابی هاوسەریدا چوون ناو جەنگەڵ بۆ مەبەستی هەنار چنینەوە کە بەرلە وەرزی باران پێدەگەیشت، ئەوان دوو سەبەتەی گەورەیان لابوو کە خۆیان دروستیان کردبوون و ئەوان هەر دوو سەبەتەکەیان پڕ هەنار کردبوو و لەوکاتەی سەرگەرمی هەنار لێکردنەوە بوون، ئەو ئەسپەی هۆگری زاب ببوو لەو ژن و مێردە نزیك بۆوە.

لەکاتی گەڕانەوە، روود بە هاوسەرەکەی وت سەبەتەکان لە سەر پشتی ئەو ئاژەڵە دابنێ، تا خۆمان ماندوو نەبین. زاب وتی ئەو سەبەتانە لە سەر پشتی ئەسپەکە ناوەستن و دەکەون.

روود وتی بە پەتێك کە لە رووەك دروست دەکرێت، هەردوو سەبەتەکە بە یەکتر ببەستەوە تا لە سەر پشتی بە هەردوو لادا هەڵبواسرێت و وەك (جانچۆ) بێت[12].

دانیشتوانی سێلك تا ئەوکات سوودیان لە بازوو و پشتی خۆیان دەدیت بۆ گواستنەوەی شتومەك، گواستنەوە بە پشت ئەوکاتیش هەروەك ئێستا بوو و هەروەك ئەوەی کرێکارەکان ئەیکەن، بەڵام گواستنەوە بە شان بە سوود وەرگرتن لە دارێکی درێژ بوو کە توانای چەمانەوەی هەبوایە و ناوەڕاستەکەی دەخرایە سەر شان و بارەکانیان بە هەر دوو لای دارەکە هەڵدەواسی و

---

**(١١) (وەرگێراوە لە پەرتووکی "سێ وشە کە لە ئێرانی کۆن بۆ مانای نان بەکار دەهات" کە بە زمانی ئینگلیزی لە لایەن هارمای نووسراوە. زبیحوالله)**

**(١٢) (جانچوب-جانچۆ، یەك لە وشەکانی کۆمەڵگای ئێرانە کە بە گریمانی زۆر لە شاری سێلك داکەوتووە، زەبیحوڵڵا.)**

بە ئاسانی بارەکەیان دەگواستەوە، بۆیە داریکیان بەکار دەهێنا کە توانای چەمانەوەی هەبێت تا لە کاتی باربردندا شانەکانیان دووچاری گوشار نەبێت و ئەو دارەیان بە (جانچۆ) ناو دەبرد.

زاب وتەی ژنەکەی جێبەجێ کرد، پەتێکی لە گیا ساز کرد و بە سەر پشتی ئەسپەکەی دادا و دوو سەبەتەکەی بە هۆی پتەکەوە، بە سەر پشتی ئەو ئاژەڵە جوانەوە هەڵواسی و ئەسپەکەش کەماڵی ببوو لە جیاتی ڕاکردن بە ئارامی لە دوای زاب کەوتە ڕێکردن. کاتێك ئەو ژن و پیاوە لاوە لە جەنگەڵ گەڕانەوە، ئێرانبان ئەوانی لە دوورەوە بینی و کاتێك بینی ئەسپ دوو سەبەتە هەناری هەڵگرتووە، بە تەواوی دووچاری سەرسوڕمان بوو و هاواری سەرسوڕمانی هەڵدا، هەروەها خەڵکی سیلك کە گواستنەوەی هەناریان بە هۆی ئەسپەوە بینی، دووچاری سەر سورمان بوون، چونکە تا ئەوکات هیچ کەس نەیدەزانی، دەتواندرێت بار بە پشتی ئاژەڵ بگواسترێتەوە.

تاکە ئامرازی گواستنەوەی لە شاری سێلك تا ئەوکات تەنها مامزەکان بوون کە کەشتیان ڕادەکێشا و بەڵام باریان لە سەر پشت دانەدەنرا. سوود لە مامز تەنها بۆ ڕاکێشانی کەشتی دەبینرا و تەنانەت عارەبانە و کەشتی بە چارۆکەیان نەبوو کە بە داخەوە ناوە فارسیەکەی نەماوە و لە زمانە ئەورووپییە کۆنەکاندا بە ڕادار ناو دەبرا.

ئەو ڕۆژە بۆ یەکەمجار بوو کە گەلی ئێران کە پێشتر سەگیان خۆماڵی کردبوو، توانیان ئەسپ ماڵی بکەن. بەڵام وێرای ئەوەش هەموو ئێرانییەکان تەنانەت ئێرانبانیش کە زۆر زانا بوو و زۆری دەزانی، نەیاندەزانی کەی و چوون سەگ ماڵی کراوە و لە بەرانبەر فیل و شێر و ئاژەلەکانی تر بەرگری لێکردوون.

ئێرانییەکان بە جۆرێك لەو ڕووداوە خۆشحاڵ ببوو کە هەوڵیدا بار بخاتەسەر پشتی ئەسپەکانی تر، بەڵام ئەسپەکانی تر وەك ئەسپەکەی زاب ماڵی نەبوون و بۆیە دەکەوتنە جووتە هاویشتن و ڕایان دەکرد. وێڕای ئەوە ماڵی بوون و لەسەر خۆیی ئەسپی زاب خەڵکی سێلکی فێر کرد کە دەتوانن بۆ بارهەڵگرتن سوود لەو ئاژەڵە وەربگرن، هەندێك لە ئەوان چوون بۆ شاخەکانی باکوور و لە ئەوێوە کۆمەلێك ئەسپ و ماینیان هێنا و لە لەوەرگەکانی کەناری دەریاچە و جەنگەڵیان بەردان و هێندەی نەبرد کەنار دەریاچەکە بۆوە مۆڵگەی ڕەوە ئەسپەکان(١٣).

---

**(١٣) (ئەسپ ئەو کاتە تەنها لە ئێران هەبوو و ئێرانییەکان نەریتی پەروەردەی ئەسپ بۆ سوار بوون و باربردنیان بە نەتەوەکانی تر ئاشنا کرد و خواردنی ئەسپیش (ئێسپرێس) واتە وێنجە هەر لە ئێرانەوە بۆ شوێنەکانی تری جیهان ڕۆیشت، ڕۆمێن گێرشمەن- مێژوونووسی فرەنسی)**

جارێکی تر وەرزی بارانبارین دەستی پێکرد، ژیان لە سێلك کەوتە پشوو و دانیشتوان نەیاندەتوانی هاتووچووی جەنگەڵ بکەن. بەڵام کەس کێشەی خۆاردنی نەبوو چونکە لە وەرزی بارانباریندا مراوی لە کەناری دەریا زۆر بوو و چەندیان ویستبایە دەیانتوانی ڕاو بکەن، وێڕای ئەوە نەیاندەزانی سوود لە پەڕی مراوی وەربگرن، چونکە هێشتا پێویستیان بە پەرەکانی مراوی نەبوو. لە سەدەکانی دواتر و دوای ئەوەی پێستی گیانلەبەران بەرەو کەمی چوو و خەلك ناچاربوون سوود لە پەڕ و تووکی مراوی ببینن و پێشتر پێستی ئاژەڵ ئەوەندە زۆر بوو کە بۆ ڕایەخ و پێخەف و جلوبەرگ پێویستیان بە بەکارهێنانی تووك و پەڕی مراوی نەبوو.

زۆر جار ئێرانبانی زانا ئاماژەی دەکرد بە خۆر کە ئەو مامز و مراوی و ماسیمان بۆ دەستەبەر دەکات و هەرچی هەمانە لە ئەوە و ئەو مامز و ماسی و مراوی پێداوین و هەر ئەویش سەگی کردە دۆستمان تا پاسەوانی ئێمە بێت و هەر ئەو ئاوی داینێ تا تینوویەتیمان بشکێت و ئاگری داینێ تا ماسی و مامز و مراوی پێ ئامادەبکەین و گۆزەکانمانی تێدا سەخت بکەین.

بابی زاب سێ ساڵ پێش هاوسەرگیری کورەکەی لە شاخ کەوتە خوارەوە و مرد، ئێرانبان لەو ساوە بێ هاوسەر مایەوە و هۆکاری ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئاژەڵێك کە لە شاخەکانی باکووری دەریاچەکە دەژیا و لە شاخ دانەدەبەزی و بەردەوام لە سەر تاشەبەردەکان دەژیا. ئێرانبان دەیوت ئەو ئاژەڵە لە ترسی گورگ نایەتە پێدەشتەکان و گۆرگ دۆژمنی ئەو ئاژەڵەیە.

بابی زاب هەرچەندە پێویستی بەو ئاژەڵە نەبوو تا بچێت بیگرێت و بیهێنێت، بەڵام هەستی بەدواداچوون پاڵنەر بوو تا بچێتە شاخ، ئەو ئاژەڵە بگرێت و بۆ کور و ژنەکەی بینێت.

ئێرانییەکانی کۆن ناوی (گای بچووك) یان بۆ ئەو ئاژەڵە دانابوو و هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە گاکان لە دامێنی چیاکان دەژیان و ئەو ئاژەڵە لە لوتکە و بەرزاییەکانی شاخ دەبینرا، هەر بەو هۆکارە ئەوان ناوی گای بچووکیان لەو ئاژەڵە نا و ئێستا ئەو ئاژەڵە لە ئێران بە (گوسفەند، گوسپەند[١٤]) ناودەبرێت کە تا ڕادەیەك هەمان مانای گای بچووك دەدات. تا ئێستاش لە لوتکەی هەندێ لە چیاکانی ئێران مەری کێوی هەیە، کە جیاوازی لە نێوانی ئەوان و مەری خۆماڵیدا نییە و تەنها تا رادەیەك قەلەوترن و خورییان زیاترە.

بابی زاب کە بۆ هێنانی مەر چووبوو بۆ شاخ، لە ئەوێ کەوتە خوارەوە و لاشەکەی کەوتە ناو رووبارێك کە لە دامێنی ئەو شاخە بوو و نەدۆزرایەوە، ئەوانەی شارەزایی تەواویان لە

---

**(١٤) (گوسفەند کە ناوە فارسییەکەیەتی لە کوردیدا دەبێت بە "مەر"، وەرگێر بۆ کوردی)**

جوغرافیای ناوچەکە هەبوو دەیانووت ئەو رووبارەی بابی زابی کەوتووتە ناو، نایەتە ناو دەریاچەی ئەوان و بەڵکو بەرەو باکوور دەروات و ئاوەکەی دەڕژێتە ناو دەریاچەیەك کە لە ئەوێیە و لاشەی بابی زابیش چووتە ناو ئەو دەریاچەیە.

مردنی بابی زاب نەبۆوە هۆی هیچ گۆرانێك لە سێلك چونکە ئەو هیچ پلەو دەسەڵاتی نەبوو و تەنها هاوسەری ئێرانبانی شاژنی ئێران بوو و دانیشتوانی سێلك و شارەکانی تری دەوروبەری دەریاچەکە هەر کارێکیان بوایە بە ئێرانبانیان دەووت چونکە هەموان ڕایان وابوو کە ئەو لە پیاوەکان زاناتر و تێگەیشتووترە.

ماوەی سێ ساڵ ئێرانبان بێ هاوسەر مایەوە و دوای ئەوەی زاب هاوسەرگیری کرد بڕیاریدا دایکی بە شوو بداتەوە، زاب دەیزانی هەموو ئەو پیاوانەی ژنیان مردووە پێیان باشە ببنە هاوسەری دایکی، هەرچەندە دەیانزانی هیچ دەسەلات و دەستکەوتێکیان نابێت، بەڵام گەورەترین هۆکار بۆ ئەو ئارەزووە جوانی لە رادەبەدەری ئێرانبان بوو.

زاب دەیزانی تەواوی پیاوە بێ ژنەکانی سێلك حەز دەکەن ببنە هاوسەری ئێرانبان و نەیدەویست جیاوازی لە نێوان ئەواندا بکات، چونکە سەرجەمیان بالابەرز، چوارشانە و بەهێز بوون. تا ئەوکات هێشتا رەگەزی ئێرانییەکان تێکەڵی رەگەزی تر نەببوو، تا جوانی ژنان و پیاوانی بشێوێت و دەیزانی بە باشتر زانینی یەك لە پیاوان بە سەر ئەوانی تردا، دەبێتە مایەی دڵهێشانی ئەو پیاوانەی نابنە هاوسەری ئێرانبان.

بۆ ئەوەی جیاوازی نەکرد بێت بڕیاریدا بانگهێشتی تەواوی پیاوانی بێ ژن بکات و پێشبڕکێی سەرکەوتن لەو دارانەیان بۆ ساز بدات کە بە قەدەر یەك درێژ بوون و هەرکەسێك زووتر سەرکەوێت دەبێتە هاوسەری ئێرانبان. بە هۆی پێشبرکێکە ئەو پیاوە بوو بە هاوسەری ئێرانبان کە زووتر لە دار سەرکەوت و چەژنێکی مەزنیان بۆ سازدان کە لە هەموو روویەکەوە هەر وەك ئەو چەژنە بوو کە بۆ (زاب و روود) سازدرا بوو. دانیشتوانی سێلك بۆ هاوسەرگیری لە نێوان پیاوە ژن مردووەکان و بێوەژنەکان هەمان ئاهەنگیان بەرپا دەکرد کە بۆ کچان و کورانی گەنج سازیان دەدا و شادییان دەنواند.

پاش شووکردنی ئێرانبان وەرزی هاوین بەرەو کۆتا هاتوو و وەرزی پاییز هات کە دوای ئەو باران دەباری، شەوێك روودی هاوسەری زاب لە دەنگی بەریەککەوتنی دەیان هەزار لقی دار لە خەو هەستا و هاوسەرەکەی لە خەو هەستاند و وتی گوێ بگرە.

هەرکە دەنگی بەر یەککەوتنی لقە دارەکانی بیست، زاب هاواری کرد: (مامز... مامز).
لە شاری سێلك ژنان و پیاوان بە تیر و نێزەکانیان کە بەشی سەرەکی لە بەرد بوو هاتنەدەر و بەرەو شوێنی دەنگی بەریەککەوتنی دارەکان چوون و کاتێك گەیشتن بینیان دەیان هەزار مامز لە تێپەڕبوونن و بە هۆی زۆری رەوەکەیان کاتی بەرکەوتنیان بە دارەکان ئەو دەنگانە دێنە گوێ، کە لەلای مرۆڤ بە دەنگی بەر یەککەوتنی دارەکان دەچوو.
دانیشتوانی شاری سێلك هێرشیان بردە سەر رەوە مامزەکە تا ئەو ئاژەڵە بکوژن و سوود لە پێست و ئێسکەکەی ببینن. سوود وەرگرتن لە گوشتی مامز بۆ ئەوان گرنگ نەبوو، چونکە ئەوەندە پاشکەوتی خواردەمەنیان زۆر بوو کە پێویستیان نەبوو و ئەو کارەیان لایەنی دوژمن کاری هەبوو، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە هەموو ساڵێك لە وەرزی هاتنی ئەو مامزە کێویانەدا، زۆرێك لەو مامزانەی لە لایەن خەڵکەوە خۆماڵی کرابوون، خوی کێوی بوونیان بۆ دەگەڕایەوە و لە گەڵ ئەو مێگەلە مامزانە دەکەوتن و دەرۆیشتن، دانیشتوانی سێلك مامزە کێویەکانیان بە هۆکاری ئەو کارە دەزانی.
ئەو شەوە تا بەیانی و بەیانی تا ئێوارەی رۆژی دواتر مامزەکان لە پەنا سێلکەوە رۆیشتن و خەڵکی سێلك ئەوەندەی لە توانایان بوو ئەو ئاژەڵە گیاخۆرە بێ دەسەڵاتەیان کوشت، تا دواتر سوود لە پێستەکانیان ببینن بۆ پێخەف و ڕایەخ.
لە سێلك تا ئەو رۆژە رووی نەدابوو کە ئەو ژمارە زۆرە لە مامز بە یەکەوە بێن و لە رەوەی بچووك بچووکدا دەهاتن و بۆیەش خەڵکی سێلك نەیاندەتوانی کوشتاریان تێدا بکەن، بەڵام ئەوە یەکەم جار بوو کە ئەو ژمارە زۆرە تێپەڕ بن و ئەوان بتوانن ئەوەندەیان لێ بکوژن. ئەو شەوە تا ئێوارەی سبەی کاری ئەوان کوشتنی مامز بوو و دوای تەواو بوونی رەوە گەورەکەی مامزەکان، ئەوان کەوتنە پێست لێکردنەوەی مامزەکان و بەڵام هەر زوو بۆیان دەرکەوت کە کارێکی ئاسان نییە و توانا و کاتی زۆری دەوێت.
ئەوان نەیاندەتوانی بە خێرایی پێستی مامزەکان لە لاشەیان بکەنەوە تا لە بەر هەتاو وشکیان بکەنەوە، بە زوویی مامزەکان بۆگەن بوون و بۆنی گەنیو، تەواوی ئاسمانی سێلکی گرتەوە و تەنانەت ئێرانبان کە لە هەموان زاناتر بوو چارەسەری بۆ نەهێشتنەوەی ئەو بۆگەنە پێ نەبوو.
بابی روود وتی پێویستە لاشەکان لەو سنوورە دوور بخرێنەوە و بیانخەنە ئەو دووڵەی لە باکوورە و ئەگەر پێویست بوو ئەوا سوود لە خەڵکانی کەنار دەریاچەش وەربگرن.
زاب بە کەشتی کەوتەرێ تا داوای یارمەتی لە دانیشتوانی شوێنەکانی تر بکات و ئەوانیش بەبێ ئەوەی منەت لەسەر خەڵکی سێلك بکەن، هەندێکیان لە رێگەی وشکانی و

هەندێك بە كەشتی هاتن و بە زوویی لاشەی مامزەكان دوورخرانەوە و بۆگەن ئاسمانی بەردا، بەڵام هێشتا باران بارین دەستی پێ نەكردبوو كە ئێرانبان هەستی بە نەخۆشی كرد.

تا ئەوكاتە تاكە نەخۆشی لە شاری سێلك ئەو نەخۆشییە بوو كە ئێمە بە سەرما بوون ناوی دەبەین و لە وەرزی باران یا دوای كۆتایی هاتنی دەردەكەوت، تووشبوان بۆ ماوەی چەند رۆژێك بێ تاقەت دەبوون و دواتر چاك دەبوون، ئەو نەخۆشییەیان بە نەخۆشی پاییز دەزانی و هەر بەو ناوەشیان دەناسی.

زاب كە گوێ بیست بوو دایكی نەخۆشە، چوو بۆ سەردانی و دیتی هاوسەری ئێرانبان داوای لێ دەكات كە گۆشتی مراوی بخوات، ئەویش ناتوانێت و تەنها ئاو دەخواتەوە. مێردی ئێرانبان وتی لە دوێنێوە دایكت هیچی نەخواردووە و تەنها ئاو دەخوات و ئەگەر بەردەوامبێت لە نەخواردنی خۆراك، دەمرێت.

زاب وتی دایە بۆ نان ناخۆی؟ بۆ دەتەوێت خۆت بكوژی؟ مرۆڤ لە سپێدە تا ئێوارە دەبێت پێنچ جار نان بخوات و جگە لەمەش دەبێت لەو میوانە بخوات[(١٥)] كە هەتاو بۆمان بەرهەم دێنێت، خۆت وتت كە دەبێ لەو میوانە بخۆین تا هەتاو ناراحەت نەبێت، چونكە بۆ ئێمەی بەرهەم هێناوە و ئێستاش خۆت لە خواردن كشاویتەوە.

ئێرانبان وتی كورم من ناتوانم هیچ بخۆم، چونكە نەخۆشم و تەنها دەتوانم ئاو بخۆم.

زاب وتی: دایكە، هەموان نەخۆش دەبن و منیش دووساڵ پێش نەخۆش بووم، بەڵام لە خواردن نەكەوتم و بەیانیان مراویەكم دەخوارد، دوای هاتنەوەم لە جەنگەڵ دەكەوتمە ماسی خواردن و لە ناوەڕاستی رۆژ گۆشتی مامز یا مراویم دەخوارد، ئەوكات تا شەو دوو ژەمی تر خواردنم دەخوارد. تۆش پێویستە وەك من خواردن بخۆی تا نەخۆشییەكەت كۆتایی بێت.

بەڵام ئێرانبان نەیدەتوانی خواردن بخوات، دوو رۆژ و دواتر سێ رۆژ رۆیشت و نەخۆشی ئێرانبان كۆتایی نەهات. ئەوكات دانیشتوانی سێلك و خودی ئێرانبان زانیان كە نەخۆشی ئەو ژنە دووچاری هاتووە، نەخۆشی پاییز نییە و نەخۆشییەكی ترە.

هەر لەو رۆژە كە ئێرانبان نەخۆش كەوت چەند كەسی تر نەخۆش كەوتن و بۆیان دەركەوت كە نەخۆشی ئەوان لە نەخۆشی ئێرانبان دەچێت.

---

(١٥) (خەڵكی ئێرانی كۆن نەیاندەزانی ڤیتامینەكان چین، بەڵام بە هۆی خواردنی بەردەوامی میوە هەموو ڤیتامینەكانیان دەستدەكەوت، رۆمێن گێرشمەن-مێژوونووسی فەرەنسی)

# فەرمانڕەوایی (روود)، سەردەمی داهێنان و دۆزینەوەکان

ئێرانبان پانزدە رۆژ بە نەخۆشی مایەوە و لە رۆژی پازدەهەمدا مرد و هەر کە ئەو مرد، خەڵکی سێلك بە تێکڕای دەنگ روودی بووکی ئەویان کردە ئێرانبانی تازە. ئێرانبان کاتی ئێوارە مرد و رۆژی دواتر لاشەکەی بەرەو دەرەوەی شار برا، دوای دووری یەك فرسەخ گەیشتنە گردێك کە بە (گەم) ناسرا بوو[1]. لەو گردە لاشەکەیان بەشێوەیەك دانا کە رووی لە هەتاو بێت، هەموو دانیشتوانی شاری سێلك بەشداری بە خاك سپاردنی بوون و ماڵ ئاواییان لە ئێرانبان کرد.

زاب دەیزانی دوای ماوەیەك لە لاشەی دایکی تەنها ئێسکەکان وەك رووفات دەمێنێتەوە، بەو پێیەش کە ئەو نزیکترین کەسی ئێرانبان بوو دەبوایە بچێت و ئێسکەکان کۆبکاتەوە و هەر لەو گردە لە ناو چاڵێکیان بکات، ئەمەش بۆ ئەوەی جێگا لە سەر ئەو گردە بۆ مردووەکانی داهاتوو تەنگ نەبێت[2].

روود کە لە جیاتی خەسوی کوچکردووی، ببوو بە دەسەڵاتداری ئێران، وەك خەسوی بە ئەزموون نەبوو، بەڵام وەك هەموو ئافرەتانی ئێران هۆشیار و بیرتیژ بوو و ئەمەش شتێکی سروشتی بوو و بابەتێکی دەستکرد نەبوو کە پێیان بەخشرابێت و وەك نەریتی پەیرەوی کردن

---

(١) (گەم بریتی بووە لە گردێك کە مردووەکانیان تێدا دەنێژران و دواتر ئەم وشەیە گۆڕا بە(غەم، غەمباری) واتە خەم و خەمباری. ماریژان مۆلە.)

(٢) (ئێرانییە سەرەتاییەکان مردوویان نەدەناشت و بیری ناشتن هێشتا نەهاتبۆوە کایەوە، ئەوان تەنها لاشەی مردوویان لەسەر گردێك دادەنا و دوای شیبوونەوەی، ئێسکەکانیان کۆدەکردنەوە و لە چاڵێکیان دەکردن تا جێگا بۆ مردووەکان تەنگ نەبێت. هارتمان-ئێراننناسی ئاڵمانی)

له پیاو. ئەو سەردەمە ژنان دەبوونە فەرمانڕەوا چونکە بیرتیژ و هۆشیارتر بوون لە پیاوان و بۆ ڕێنماییە عاقڵانەکانی خۆیان، ڕێگەی ژیانیان بۆ خەڵکەکەیان ڕووناك دەکردەوە.

لە ڕۆژانی دواتری دەسەڵاتی ڕوود، سێلك ببوو بە ماتەمخانە و خەڵکی سێلك یەك لەدوای ئەوی تر بە هۆی هەمان نەخۆشی کە ئێرانبان بە هۆیەوە مرد، دەمردن و کەسیش نەیتوانی بوو هۆکاری ئەو نەخۆشییە و شێوەی چارەسەری بدۆزێتە.

تا ڕۆژێك لە کاتی ئاو خواردنەوە، ڕوود بۆنێکی ناخۆشی لەو قاپە مسە کرد کە بۆ زاری دەبرد بانگی زابی هاوسەری کرد و داوای کرد ئەویش بۆنی بکات، زابیش بۆنی کرد و وتی: ئەو بۆگەنە هی لاشەی مردووە. **لە پڕ** ڕوود وتی: ئەمە بۆنی لاشەی مامزەکانە کە ئێمە هەڵمانداونەتە ناو دۆڵەکە و ئاویش بە سەر ئەو لاشانەدا دێت و ئەو بۆگەنە دەگرێت.

لە ڕاستیدا ئاوی خواردنەوەی دانیشتوانی سێلك لەو دۆڵەوە دەهات کە لاشەی مامزەکانی تێدابوون. ئێرانبانی تازە فەرمانیدا لەمەودوا ئاوی خواردنەوە لە شوێنی تر دەستەبەر بکەن، هەرچەندە شارەکەی تر دوور بوو، بەڵام ئەوان لەوێوە ئاویان هێنا و بەم شێوەیە لە نەخۆشییەکە ڕزگاریان بوو، ئێستا زانراوە ئەو نەخۆشییە ناوی (حصبەیە) و لە ئالودەبوونی ئاو بە هۆی لاشەی مامزەکانەوە هاتووە و بە هۆی خواردنەوە گواستراوەتەوە بۆ مروڤەکان. دواتر وەرزی باران هاتەوە و بەو هۆیەوە ئاو زۆر بوو و لە هەموو لایەکەوە جۆگەلەی ئاو دەهاتن و تێکەڵ بە ئاوە سوێرەکەی دەریاچەکە دەبوون و خەلکی ناچار نەبوون ئاو لە دوورەوە بێنن.

بە هۆی وەرزی باران، ڕوود وەك هەریەکە لە دانیشتوانی سێلك زۆربەی کاتەکانی لە ماڵ بەسەر دەبرد و هەندێ کات ئاگاداری منداڵەکەی دەبوو، هەندێ کاتیش یارمەتی بابی دەدا بۆ دروستکردنی گۆزە و دانانیان لە ناو ئاگر. ڕۆژێك ڕوود هەناری دەنك دەکرد و هەر بۆ خۆشی، ویستی لەو شیراوکە ڕەشەی لە توێکڵی هەنار دەهاتە خوارەوە، هەندێ وێنەو نەخش لە سەر گۆزەکانی باوکی بکات، بە دەستەکانی ئەم کارەی کرد و دواتر گۆزەکانی لە ناو ئاگر دانا. کاتێك کە گۆزەکانیان لە ئاگر دەرهێنا، ڕوود و بابی دووچاری سەرسوڕمان هاتن و بینیان کە ئەو نیگارانە ماون و تەنها ڕەنگەکانیان گۆڕاوە بە ڕەنگی ڕەشی تۆخ.

بەم شێوەیە روون بۆوە یەکەم ئافرەت، کە وێنەی لە سەر گۆزە دانا و ئەم داهێنانەی تۆمارکرد و دوای ئەوەی بە شیراوکەی توێکڵی هەنار ئەو کارەی کرد، هەوڵیدا هەمان کار بە شیراوکەی هەنارەکە بکات تا ڕەنگەکە هەر وەك خۆی بە ڕەنگی سوور بمێنێتەوە، بەڵام دوای

دەرهێنانی گۆزەکان لە ئاگرەکە، تەنها ڕەنگی شیراوکەی پێستی هەنار دوای دەرهێنانی گۆزە لە ئاگر وەك خۆی بە ڕەشی دەمایەوە.

روود کە دوای ئەوە، هۆگری ئەو کارە ببوو، تەواوی ڕەنگەکانی تاقی کردەوە و ڕەنگەکانیشی لە ڕێگەی گیای جیاواز بە دەست دەهێنا، بەڵام هەموو ڕەنگەکان نەدەمان و دەگۆڕان بۆ ڕەنگی ڕەش و تەنها ڕەنگی ڕەشی شیراوکەی هەنار دوای لە ئاگر دانانی وەك خۆی دەمێنێت و بۆیە چیتر پێداگری نەکرد و گۆزەکانی باوکی بە شیراوکەی پێستی هەنار نەخش کردن.

لە هەمان وەرزی ساڵدا روودی دەسەڵاتداری لاوی ئێران، سەرکەوتوو بوو لە ئاسان کردنی کاری باوکی لە گۆزەگەری. بابی روود زۆر ماندوودەبوو تا بتوانێت گۆزەیەك دروستبکات و ماوەیەکی دەویست و ماندوو بوونی هەبوو.

روود قاپێکی گڵینی تەختی هێنا و خستییە سەر قەدێکی براوە دار و بە بابی وت کە گڵی ڕەست (گڵی ڕەس) لە سەر قاپەکە بکات، هاوکات لە گەڵ ئەوەی بابی سەرقاڵی دروستکردنی گۆزەکە بوو، روود قاپە قورەکەی بە سەر کۆلکە دارە خڕەکەدا سوڕاندەوە و بابی روود هەرچەندە زۆر بەلایەوە سەیر بوو، بەڵام دیتی ئەم ڕێگەیە زۆر ئاسانترە تا گڵەکە بە شێوەی بازنەیی دروستبکات و ئەوکات ناوەندەکەی بکات.

روود ئەو رۆژە و بەم کارەی توانی سەرەتایەك بۆ دروستکردنی دەستگای گۆزەسازی دابنێت و هەرچەندە ئەو قاپە تەختە و کۆلکەدارەکە، هێشتا نەببوونە دەزگای گۆزە، بەڵام بوونە یەکەم پایەی ئەو دەزگایە و روود بە هەمان شێوە، کە ڕەنگکردنی گۆزەی فێری ئێرانییەکان کرد، دروستکردنی دەزگای گۆزەی هێنایە ناو بیری جیهانییەکان و جیهان ئەو بەخشیشەی لە ژنێکی ئێرانی وەرگرت.

رۆژێك لە کاتی دانانی گۆزەکانیان لە ئاگر، روود دیتی شلەیەکی تواوە لە ناو ئاگرەکە دێتە دەرەوە و دوای کەمێك دوورکەوتنەوە لە ئاگرەکە دەوەستا. ئێرانبانی لاو بانگی بابی کرد و پێیوت: بابە من وای بۆ دەچم، کە ئەو تواوەیە بێت کە هەندێ لە گۆزەکانت وەك بەرد پتەو دەکات، ئایا دەتوانی ئەو شلەیە بە تەنها دەستەبەر بکەیت؟

رۆژی دواتر بابی روود بە هۆی ئاگرەوە ئەو شلەیەی بە شێوەی جیا دەستکەوت و هەندێ لە شلەکە لە ئاگر هاتەدەر و کۆبۆوە و پاش ئەوەی سارد بۆوە، پارچەیەك مسی گەورە بۆوە

دەستکەوتی ئێرانبان، هەرچەندە روود هێشتا نەیدەزانی چ سوودێك لە کانزاکە ببینێت، بەڵام بەم شێوەیە سەردەمی سوود وەرگرتن لە مس لە شاری سێلك هاتەکایەوە.

دوای سێ ساڵ لە زەماوەندی روود منداڵی دووەمی کە کچ بوو هاتە دنیا و ئەمەش روودی زۆر خۆشحاڵ کرد. چونکە دەیزانی دوای مردنی خۆی، کچەکەی دەبێتە جێنشینی و کەسی تر نایەتە شوێنی ئەو، هەروەك ئەو لە جیاتی خەسووی ببۆوە ئێرانبان.

لە کاتی دووگیان بوونی روود، لە باشووری دەریاچەوە هەواڵێکی ناخۆش گەیشتە شاری سێلك کە لە بارەی هێرشی ژن و پیاوە چاو و موو ڕەشەکان بۆ سەر ناوچەیەك لە باشووری دەریاچە بوو، ئەوان سێ پیاو و دوو ژنیان کوشت بوو.

تا ئەوکات رووداوی لەم چەشنە لە ئێران رووی نەدابوو و هەرگیز پیاوێك هێرشی بۆ پیاوێکی تر یا ژنێك بۆ ژنێکی تری نەکردبوو. هیچ هۆکارێك نەبوو بۆ هێرش کردن. خواردن ئەوەندە زۆر بوو کە ئەگەر دانیشتوانی ئێران دە ئەوەندە زیادی کردبا، ماسی و مراوی و مامز و گای پێویست هەبوو بۆ هەموان. هێشتا کشتوکاڵ باو نەبوو تا خەڵکان لە سەر زەوی یان ئاو جەنگیان کردبا و ئەگەر کشتوکاڵیش هەبوایە، ئەوا زەوی و ئاو زۆر بوو و کەس ناچار بە تاوان نەبوو.

لە ئێران خەلك دەکوژران، بەڵام بە هۆی جەنگ لەگەڵ درندەی وەك شێر یا ئاژەڵی گەورەی وەك فیل یا لە شاخ و دار دەکەوتنە خوار و دەمردن. رووداوی کوژرانی سێ پیاو و دوو ژن بە دەست ژن و پیاوە مورەشەکان، نائاسایی و سەیر بوو، کە روود توانای بڕیاردانی نەبوو، چونکە لە ئێران تا ئەوکات پێشینەی کوشتن نەبوو تا لە سەر رابردوو، ئێرانبان بڕیار بدات.

روود بۆ ئەوەی بزانێت پێویستە چ بکات، دانیشتوانی سێلکی لە کەناری دەریاچە کۆکردەوە و هەموان دەیانزانی چ روویداوە، بۆیە ڕاستەوخۆ و بێ سەرەتا، چۆوە سەر بابەتی سەرەکی و پرسی چ پێویستە بکەین؟

گۆزەکەر (بابی روود) وتی: کەس لە تۆرەکانی نەپرسیوە بۆچی ژن و پیاوەکانیان کوشتووە؟

ئێرانبان و دانیشتوانی سێلك پیاو و ژنە موورەشەکانیان بە (تۆر) واتە ڕەش(٣) ناو دەهێنا. پیاو و ژنە ئێرانییەکان لە ناوچەیەك کوژرابوون کە نزیك ناوچەی ئەژدیها بوو و چونکە کەس نەیدەزانی سێ پیاو و دوو ژنی ئێرانی بۆ کوژراون.

---

(٣) (توور بە مانی ڕەش دەهات و بۆیە شوێنی ژیانی پیاو و ژنانی موو ڕەش بە تۆران ناو دەبرا، ریچارد فرای)

ئێرانبانی لاو بڕیاریدا بۆ زانینی هۆی ڕووداوەکە، بچێتە شوێنی ڕووداو. ئەوەش تەنها بۆ زانیاری وەرگرتن بوو و نەك بۆ سزادانیان، چونکە تا ئەوکات تەنانەت ئێرانبانیش وێڕای ئەو هەموو زیرەکیەی هەیبوو، نەیدەزانی پێویستە تاوانبار سزای بەسەردا بسەپێندرێت.

هەستی لێکۆڵینەوە لە ئەوەی بۆچی تۆرەکان سێ پیاو و دوو ژنیان کوشتووە، تاکە هۆکار بوو بۆ هاندانی ئێرانبان بۆ سەفەر و کەشتی بۆ سەفەر ئامادەکرا، ئێرانبان و دوو منداڵەکەی و زابی هاوسەری و چەند کەسێکی تر سواربوون، کەشتی بە هۆی مامزەکان لە وشکانی و تەریب بە لێوارەکانی ئاو بۆ گەیشتنی بە شوێنی کوژرانی سێ پیاو و دوو ژنەکە ڕۆیشت. ئێرانبان لە وشکانی دابەزی و خەڵکی ئەو شوێنە لێی کۆبوونەوە و لێی پرسین: تۆرەکان لێرە هێرشیان بۆ کردن و پێنج کەسیان کوشت؟

دانیشتوانی ناوچەکە وەڵامیان دایەوە کە هەرکات توورەکان لێمان نزیك دەکەونەوە، هەر کە دەمان بینن یەکسەر هەڵدێن و جگە لە بۆنەکەیان چیتر لە دوایانەوە نامێنێتەوە.

ئێرانبان پرسی بۆنی ئەوان چۆنە؟

ووتیان: بۆنی ئەوان نە خۆشە و نە ناخۆش و کاتێك با دێت نامێنێت.

ئێرانبان وتی: چیتر ڕوویدا؟

خەڵکەکە وتیان: ڕۆژی ڕووداوەکە کاتێك تۆرەکان ئێمەیان بینی، ڕایان نەکرد و بینیمان کە بە گۆرجی بۆ لای ئاگرخانەکە دەچن و لە هەموو لایەك بۆنی ئەوان دەهات، ئێمە بە لامانەوە سەیر بوو کە بۆچی دەچن بۆ لای ئاگرخانە و ڕێگریمان لێکردن، بۆیە بەو دارە ئەستوورانەی بە دەستیانەوە بوو لێیان داین و پێنج کەس لە ئێمەیان کوشت.

ئێرانبان لێی پرسین: ئایا لە ئەوانتان نەپرسی بۆچی دەچن بۆ لای ئاگرخانەکە؟

وەڵامیان دایەوە: نەتەنیا یەکجار بەڵکو زیاتر لە دەجار پرسیارمان لە ئەوان کرد، بۆچی دەچن بۆ ئەوێ؟ ئەوانیش هەندێ شتیان وەڵام دەدایەوە کە ئێمە تێ نەدەگەیشتین، دەرکەوت ئەوانیش زمانی ئێمە نازانن و هیچمان لە یەکتر نەگەیشتین. لەپڕ دیتمان ئەوان وەك فیل و شێرەکان هێرشیان کردە سەرمان، ئێمەش ناچار هێرشمان کردەوە و بینیمان لاشەکانمان لە زەوی کەوتوون، لاشەکانمان هەڵگرتن و گواستمانەوە بۆ گردی گەم[٤].

---

(٤) (ئێرانییەکان یەکەمین گەلن لە جیهان کە ئاگریان دۆزییەوە و سوودیان لێوەرگرت و یەکەم نەتەوەن کە مسیان دۆزییەوە و تواندیانەوە و پیشەسازی کانزا دروستکردنیان بنیات نا، بە گریمانی بەهێز جەنگی ئێرانی و گەلانی تر لەسەر بە دەستهێنانی ئاگر

ئێرانبان پرسیاری کرد: ئایا دوای ئەو ڕۆژە چیتر تۆرەکانتان بینیون؟

ووتیان: دووجاری تر ئەوانمان بینیون و خۆمان ئامادەکردبوو کە نەوەك هێرشمان بۆ بکەن، بۆ ئەوەی ئەگەر هێرش بکەن بیانکوژین.

ئێرانبان وتی: ئێوە پێویستە هەوڵ بدەن کە بزانن ئەوان چیان دەوێت و بۆ هاتوون.

ئەوانیش وتیان: لە زمانی مامز و مراویەکان تێدەگەین، بەڵام ناتوانین لە ئەوان تێبگەین.

ئێرانبان وتی: لەوانەیە ئەو ڕۆژەی ئەوان ئەو تاوانەیان ئەنجامداوە و بەرەو ئاگرخانەکە چوونە، بۆ بردنی ئاگر هاتبن و باشتر بوو ئێوە ئاگرتان پێدابان، تا ئەوانیش پێنج کەس لە دانیشتوانی ئێرە نەکوژن.

دانیشتوان وەڵامیان دایەوە: ئێمە چوون بزانین ئەوان ئاگریان دەوێت.

ئێرانبان وتی: لەمەودوا ئەگەر ئەوان هاتن، ئێوە بچن و قاپێکی قورینبهێنن و ئاگری بخەنەسەر و بۆیان ببن، لە نزیك ئەوان لە زەوی دابنێن تا ئەوان بیبەن، ئەوانیش تێدەگەن ئێوە ئاگریان دەدەنێ.

ئەوان وتیان: ئەوان بە رادەیەك دواکەوتوون کە ئەستەمە لە مەبەستمان تێ بگەن.

ئێرانبان وتی: پێموانییە ئەوەندە دواکەوتوو بن، چونکە ئەگەر هەندێ گیا بەدەستەوە بگرین و بۆ لای مامزێك بچین، مامزەکە دەزانێت دەمانەوێت گیای پێبدەین و لێمان نزیك دەبێتەوە و تۆرەکانیش خۆ مرۆڤن، لەو ئاژەڵە بەهۆشترن.

ئێرانبان پێنج ڕۆژ لەوێ مایەوە بە ئۆمێدی هاتن و دیتنی تۆرەکان، بەڵام ئەوان دەرنەکەوتن. ئێرانبان گەرایەوە و کاتێك گەیشتە سێلك دیتی، هەموو ژن و پیاوانی سێلك لە کەناری دەریاچە کۆبوونەتەوە و سەرگەرمی تەماشان. گەڕانەوەی ئێرانبان وەك هەمیشە خەڵکی سێلکی لە کارە ئاساییەکانیان ڕاگرت و دەورەی پاشای خۆیانیان گرت تا بزانن چ هەواڵی تازەی لایە و هۆکاری کوشتنی ئەو پێنج کەسە لە لایەن تۆرەکان بزانن.

ڕوود کە وەك ئێرانبانی پێشوو بەردەوام گۆچانێکی بە دەستەوە بوو، رووی کردە ئامادەبووان و وتی: دوای لێکۆڵینەوە بۆم روون بۆوە، تۆرەکان هاتوونە ئەو ناوچەیە بۆ ئەوەی ئاگریان دەست

---

**بووە و ئەو گەلانەی ئاگریان نەبووە بۆ بردنی ئاگر لە گەڵ ئێرانییەکان جەنگاون، پرۆفیسۆر (سیریلی-ئێستانلی-ئەسمیت) مامۆستای مێژووی کانزاناسی و پیشەسازی لە دەزگای پیشەسازی ماساچۆسێتی ئەمریکا، کە لە ساڵی ١٣٤٥ کۆچی هەتاوی "١٩٦٦ زایینی" لە گەڵ دەستەیەك بۆ دۆزینەوەی یەکەمین کورەکانی تواندنەوەی مس دەگەڕان.)**

کەوێت و کاتێك دانیشتوانی ناوچەکە رێگەیان پێ نەداون، تۆرەکان هێرشیان بۆ کردوون و پێنج کەسیان لێ کوشتوون، بە دانیشتوانی ئەو ناوچەیەم ڕاگەیاند ئەگەر جارێکی تر تۆرەکان هاتن ئاگریان بدەنێ، تا چیتر هێرش نەکەنە سەرتان و کەستان لێنەکوژن. بەڵام لە کاتی هاتنم، بینیم ئێوە سەرگەرمی تەماشا کردن بوون، دەمەوێت بزانم کە تەماشای چیتان دەکرد؟

کچێکی جوانی لاو بە ناوی (تیر) کە کەشتیوان بوو و تەمەنی لە هەڤدەساڵ پتر نەبوو و پرچە شینە درێژەکەی بەدەم باوە ئاڵۆزکاو بوو، بە دەم پێکەنینەوە لە ئێرانبان نزیك بۆوە و وتی: ئێمە سەرگەرمی تەماشای ئەو ئاژەڵە جوانانە بووین.

ئێرانبان چاوی کەوت بە باڵندەیەك کە تا ئەوکات نەیدیت بوو، هەندێك لە ئەوان بە ڕادەیەك جوان بوو کە روود لە تەماشا کردنیان تێر نەدەبوو، پرسیاری لە تیر کە دەیزانی کەشتیوانە کرد کە ئەو باڵندە جوانانە لە کوێوە هاتوون؟

تیر بە پێکەنینەوە وتی: من ئەوانم هێناون.

روودیش پرسیاری لێ کردەوە: لە کوێ هێناوتن؟

کچە گەنجەکە بە دەست ئاماژەی بۆ باکووری رۆژهەلاتی دەریاچە کرد و وتی: لە ئەو شوێنم هێناون.

روود پرسی: چۆون توانیت ئەوان بگری؟

تیر وتی: کاتێك من هەنگاوم نایە وشکانی دیتم کە ژمارەیەك لەو باڵندانە جوانانە دەندوك لە زەوی دەدەن، لە دیتنی ئەوان بە تایبەتی ئەوانەی کە پۆپنەی سووریان هەبوو و کلکیان درێژ بوو زۆر چێژم وەرگرت، بۆم دەرکەوت ئەو باڵندانە توانای فرینیان نییە و چەند دانەیەکیانم گرت و لە گەڵ خۆمدا هێنام بۆ ئێرە.

روود لەو باڵندانە نزیك بۆوە و کەوتە تەماشا کردنیان و لە تەماشایان زۆر چێژی وەردەگرت، لە رۆژانی دواتر بۆی دەرکەوت ئەوانەی خاوەنی کلکی درێژ و پۆپنەی سوورن نێرەن و ئەوانی تر مێینەن، کە دانەوێڵەیەك کەوتبایە ئەوا نێرەکان بە دەنگی بەرز بانگی مێیەکانیان دەکرد بۆ ئەوەی بیخۆن، بە هۆی دەنگیانەوە روود ناوی لەو باڵندانە نا (چۆغ[5]).

---

**(٥) (گەلانی جیهان ناوی ئاژەلەکانیان بە پێی دەنگیان داناوە و تا ئێستا ئەو دیاردەیە تەواو بە کۆتا نەهاتووە، بە گریمانی زۆر ئێرانییەکان ناوەکەیان بەپێی دەنگی کەڵەشێر داناوە. مریشك و کەلەشێر لە ئێران ژیاون و لەوێ بۆ زۆر شوێنی جیهان گواستراونەوە، ماریژان مۆڵە.)**

تا ئەوکات لە سێلك دەنگی قوقەی کەڵەشێر نەبیسترابوو و لەسەر دەستی کچە کەشتیبانە گەنجەکە مریشك و کەڵەشێر هاتە ناو سێلك.

لەو رۆژەی کە روودمان لە بەر سێبەری داری زەیتون، لە دامێنی گردەکان و بەرانبەر دەریاچە پێناساندن تا ئەمرۆ لە ژیانی خەڵکی سێلك دوو گۆڕانی گەورە روویدا بوو کە بریتی بوون لە:

یەکەمیان گواستنەوەی بار و رۆیشتن لە شوێنێك بۆ ئەوی تر بە هۆی اس پا (ئەسپ) کە بە مانای (کندپا[٦]) دێت، دووەمیان هێنانی گای کورت (مەر) لە شاخەوە بۆ سێلك و بەخێوکردنی.

دوای ئەوەی مەر هێندرایە شاری سێلك، روود بە خەڵکی ئەوێی ڕاگەیاند هەموو ئاژەڵەکان وەك مرۆڤ هەر دوو رەگەزی نێر و مێیان هەیە، بۆ ئەوەی وچەکانیان بەردەوامبێت پێویستە هەردوو رەگەزیان بەیەکەوە بژین.

بۆیە خەڵکی سێلك هەروەك چۆون ئەسپیان هێنابوو، مایینیشیان هێنا و هەروەك مەڕیان هێنا بوو، بە هەمان شێوە شەکیان هێنا و هەوڵی بەردەوامی وچەکانیان بۆ دان، چونکە رێگەی ئاوی هەموو ئاوەدانییەکانی ئێرانی بەیەکەوە دەبەستەوە ئەوا دانیشتوانی شوێنەکانی تریش نەریتی سوود وەرگرتن لە ئەسپ و مەڕ لە خەڵکی سێلك فێربوون.

رۆژێك کەشتییەك هاتە شاری سێلك و لە دوورەوە خەڵك دیتیان کە ئافرەتێکی جوانی تێدایە و چەند پیاوێکیش لە کەشتییەکەدان.

کاتێك کەسانی ناو کەشتییەکە هاتنە وشکانی، خەڵك زانیان ئەو ژنە پاشای شاری (گیان)ە و ناوی (مازۆنە). روود ئەو ژنەی لە باوەش گرت و بە خۆیەوە گوشی و بەرەوماڵی خۆیانی برد تا مێوانداری لە خانم بکات و خۆراك بۆ میوانەکەی ئامادەبکات[٧].

---

**(٦) (کندپا وشەیەکی فارسیە و بە مانای (ئەوەی هێواش دەڕوات) دێت، وەرگێر بۆ کوردی.)**

**(٧) (ئامازۆن کە دروستەکەی مازۆنە، واتە ئەو ژنەی فەرمانرەوایی بەسەر پیاودا بکات و وشەیەکی ڕەسەنی ئێرانییە، دواتر ئەو ناوە بە شێوەی وشەی (ئامازۆن) چۆوە ناو زمانە ئەورووپییەکان، وەرگیراوە لە فرهەنگی هیند و ئەورووپی لە نووسینی کارل برۆکمانی ئاڵمانی).**

# بەهشتی ئێران و کارەساتی گەورە

هەردوو ژن سەبارەت بە بارودۆخی شارەکانیان گفتوگۆیان دەکرد و لە قسەکانی مازۆن دەردەکەوت ژمارەی دانیشتوانی شاری گیان کەمترە لە شاری سێلك و دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای دەریاچەکە، دەرکەوت لە شاری گیاندا هێشتا کەس سوود لە مەر و ئەسپ وەرناگرێت و کەسیش چۆنێتی تواندنەوەی مسی نەدەزانی، بەڵام وێڕای ئەوانە لە شاری ئەوان وەستای نەقش هەڵکەن هەیە[1].

روود بە زابی هاوسەری وت کە واباشە مەرێك و شەكێك، ئەسپێك و ماینێك بە کەشتی ببات بۆ شاری گیان، تا دانیشتوان ئەو شارە بزانن خەڵکی سێلك چی باشیان هەیە.

زاب پێشنیاری هاوسەرەکەی پێ باش بوو و کاتێك مازۆن ویستی لە شاری سێلك بۆ شاری گیان بگەڕێتەوە، جووتێك لە نێر و مێی مەر و جۆتێك لە نێر و مێی ئەسپی لە کەشتییەکەی مازۆن سوار کرد و بەرەو شاری گیان کەوتەرێ.

ئەو رۆژە کە زاب لە شاری گیان سواری ئەسپ بوو و لە لایەکەوە بۆ لایەکی تر غاری پێ کرد، تەواوی دانیشتوانی ئەو شارە کەوتنە سەرسوڕمان، چونکە تا ئەو رۆژە ئاژەڵێکیان نەدیتبوو کە بەشی سەرەوەی جەستەی لە مرۆڤ بچێت، بەڵام خاوەنی چوار دەست و قاچی درێژ بێت و بتوانێت بە خێرایی ڕابکات، لە ڕاستیدا ئەو خەڵکە وایانزانی زاب کە سواری ئەسپ ببوو، بە ئەسپەکەوە لکاوە.

---

(١) (ئەوکات ئێران شاری بچوك بچوکی هەبوو و لە هەر شارێك ژنێك پاشا بوو، لە رووی شارستانییەتەوە هەموویان لێکچوو بوون. رۆمێن گێرشمەن، مێژووناسی بەناوبانگی فەرەنسی).

وەك مازۆن بۆ روودی باس دەکرد لە شاری گیان دەستەیەك نقش هەڵکەن دەژیان کە بە قەلەمی بەرد لەسەر دار، وێنەی جۆراوجۆر بە تایبەتی هی ئاژەڵەکانیان هەڵدەکەند.

بینینی زاب بەو شێوەیە ئەوەندە بۆوە مایەی سەرسوڕمانی ئەوان کە چەند کەسێکیان ویستیان بە قەلەمە بەردینەکانیان وێنەی ئەو ئاژەڵە هەڵکەنن.

ئەمەش یەکەمجار بوو لە جیهان وێنەی ئاژەڵێك لە سەر دار کێشرا کە بەشی سەرەوەی جەستەی لە مرۆڤ دەچوو و بەشی خوارەوەی جەستەی لە ئەسپ دەچوو[٢].

لە کاتی گەڕانەوەی زاب بۆ سێلك، هەواڵی هاتنی دووبارەی ژن و پیاوانی تۆر گەیشت و پێدەچوو تا ڕادەیەك ئاسایيتر بووبن، ئەوان بێ ئەوەی کێشە بنێنەوە ئاگریان بردووە و زاندراوە کە جگە لە بردنی ئاگر مەبەستی تریان نەبووە.

روود وەڵامی نارد بۆ دانیشتوانی ئەوێ تا بەرانبەر تۆرەکان نەرمی بنوێنن، چونکە پێدەچوو ئەوان وەك ئاژەڵەکانی ناو جەنگەڵ، پێویستیان بە نەرمی هەبێت تا ڕابێن و لێمان نەترسن.

بە پێی ئەو زانیاریانەی دواتر گەیشتە روود، تورەکان ئەوەندە دواکەوتوو بوون کە نەیاندەزانی دار بخەنە سەر ئاگرەکە تا نەکوژێتەوە و لە تەنیشت ئاگر دادەنیشتن تا بە تەواوەتی دەسووتا و دەبۆوە خۆڵەمێش و دواتر هەڵدەستان و دیسان دەهاتن و داوای ئاگریان دەکرد.

بۆیە بە فەرمانی روود خەلکی باشووری دەریاچەکە بۆ فێرکردنی تۆرەکان، لە پێش چاوی ئەوان، داریان دەخستە سەر ئاگر تا ئاگرەکە گەش دەبۆوە و دواتر لە پێش چاویان مراویان دەخستە سەر ئاگر تا ببرژێت، بەو شێوەیە ئەوانیان فێرکرد نەهێڵن ئاگرەکانیان بکوژێتەوە و هەروەها ئامادەکردنی خۆراکیان فێر کردن.

دوای ئەوەی تورەکان بوونە خاوەنی ئاگر و نەریتی ئامادەکردنی خۆراك لە سەر ئاگر فێر بوون، پەیوەندیان لەگەڵ دانیشتوانی باشووری دەریاچەکە باش بوو و چیتر گرفتیان نەنایەوە، بەڵام دانیشتوانی باشوور بۆ تێگەیشتن لە زمانی ئەوان و زانینی داواکانیان کاتی زۆرتریان

---

**(٢) (ئەو ئاژەڵەی کە بەشی سەرەوەی مرۆڤ و بەشی خوارەوەی ئەسپ بوو و ئەورووپییەکان بە سانتۆر ناویان دەبرد بۆ یەکەم جار لە ئێران هاتەکایەوە و بینینی یەکەم پیاوی سوارکار بە ڕادەیەك سەرسۆرمانی هەموانی بەدواوە بوو کە وایان زانی بەشی سەرەوەی مرۆڤە و خوارەوەی ئاژەڵە. جۆرج دومیریل، ئێراننناسی فەرەنسی)**

پێچوو، دواتر روون بۆوە کە لە گەڵ هاتنی وەرزی باران تۆرەکان لەوێ نامێنن و کەس نایانبینێت تا وەرزی باران کۆتایی دێت.

دانیشتوانی باشوور بۆیان روون بۆوە کە هۆکاری رۆیشتنی تۆرەکان لەو ناوچەیە لە وەرزی باران، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوان خانوویان نییە و ناتوانن بەرگەی سەرما بگرن، بۆیە لە کاتی وەرزی سەرما کۆچ دەکەن بۆ ئەو شوێنانەی گەرمترن و شێوەی ژیانیان هەر وەك هەندێ ئاژەڵ وایە کە لە سەرما دەچنە گەرمیان و لە گەرماش دێنەوە بۆ شوێنی جارانیان.

ساڵێکی تر تەواو بوو، وەرزی باران هات و تێپەڕی. پێشتر باسمانکرد ئاوی دەریاچەکە دوای کۆتایی هاتنی وەرزی باران دەگەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی، بەڵام ئێرانییەکان چونکە خانووەکانیان لە سەر گردەکان بوو، نەدەترسان. دوای کۆتایی وەرزی باران زەوی بە گوڵ و گیا داپۆشرایەوە و دارەکان سەوز بوونەوە و ملیۆنان ئاژەل و باڵندە گەڕانەوە دەوروبەری دەریاچەکە.

روود و زاب و دانیشتوانی سێلك لەبەر ئەوەی بەردەوام لە ناوچەیەکی وەك بەهەشت دەژیان، ئاگادار نەبوون کە ناوچەی دەوروپشتی ئەوان چەند لەبەر دڵان و جوانە. رۆژێك دوای کۆتایی هاتنی وەرزی باران، ئێرانبان لە خەو هەستا و دیتی هەتاو بە باشی دەدرەوشێتەوە، بەڵام تیشکەکانی بە تەواوی ناگەن و سەرەتا وایزانی هۆکاری ئەوە هەورە، بەڵام دوای ئەوەی بە وردی روانی، بۆی دەرکەوت شتێکی تر بەری خۆری گرتووە.

دانیشتوانی سێلك بۆ هەر رووداوێکی چاوەروان نەکراو دەچوونە لای ئێرانبان، بۆیە چوونە لای روود و لەویان پرسی کە بۆچی هەتاو وەك رۆژانی تر بە جوانی نادرەوشێتەوە هەتاو؟

روود وتی بە باوەڕی من ئەوەی بۆتە هۆکاری ئەو رووداوە دووکەڵە.

بەڵام خەڵك سەرچاوەی دووکەڵەکەیان نەدەدیت، بیریان دەکردەوە ئەوە چ ئاگرێکە کە دووکەڵەکەی توانیویەتی هەوا بەو شێوەیە ڕەش بکات. ئەو رۆژە تا ئێوارە دووکەڵ بەری خۆری گرتبوو و خەڵك بەو ئۆمێدە نووستن کە رۆژی داهاتوو هەتاو بە باشی بدرەوشێتەوە، بەڵام رۆژی دواتر نەتەنیا دووکەڵ بەردەوامبوو، بەلکو زیاتر ببوو و بۆنێکی نائاساییش دەهات کە تا ئەو کات کەس ئەو بۆنەی نەکردبوو.

روود نەیدەزانی بۆنەکە هی چییە، بەڵام بۆی دەرکەوت دووکەڵەکە لە باکوورەوە دێت. بۆیە فەرمانی بە هاوسەرەکەی کرد کە هاورێ لەگەڵ چەند گەنجی تر، بچنە سەر بەرزترین لوتکە شاخی نزیك سێلك و بە جوانی بڕوانن تا بزانن دووکەڵ لە کوێ هەڵدەستێت.

زاب و گەنجەکانی سێلك بەردەوام بۆ ئەو ئەرکانە ئامادەبوون، بۆیە تێشووی ڕێگایان برد و خۆیان گەیاندە بەرزترین لوتکە. ئەوان سەرچاوەی دووکەڵەکەیان نەدیتەوە، بەڵام بۆیان دەرکەوت لە باکوور خەستی دووکەڵەکە زۆرترە و لە ئەوێوە بڵاو دەبێتەوە.

پێشتر جارێك جەنگەڵ سوتا بوو و ئێرانبان ئەمەی بیر مابوو، دانیشتوانی سێلك بۆنی سوتانی جەنگەڵیان دەناسی و ئەو بۆنەی دەهات لە بۆنی سوتانی جەنگەڵ نەدەچوو. بە تێپەڕبوونی کات دووکەڵ زیادی دەکرد و لەپڕ و لە دوای نیوەڕۆ، زەوی کەوتە لەرزین. تا ئەو کات سێلك دووچاری بوومەلەرزە نەببۆو و خەڵك زانیاریان لەمەڕ نەبوو، بۆیە بە ڕاکردن هەموویان خۆیان گەیاندە ماڵی ئێرانبان تا بزانن زەوی بۆ دەلەرزێتەوە.

ئێرانبانیش بە پەلە لە ماڵ هاتبۆو دەرەوە و نەیدەزانی چ بڵێت و ئەو زەوییەی تا ئەوکات لە ژێر قاچیان جێگیر بوو، بۆ ئێستا دەجووڵێت. باڵندەکان وێڕای ئەوەی لە ترسان دەیان جریواند، بە پەلە بە ئاسماندا بەرەو باشوور دەرۆیشتن و تەواوی ئاژەڵەکانی جەنگەڵیش بە هەمان شێوە بە ترسەوە بەرەو باشوور ڕایاندەکرد. زەوی بەردەوامبوو لە لرزین و شەپۆلەکانی ئاوی دەریاچە بەرز دەبوونەوە و لەپڕ بە توندی بەر گردەکان کەوتن، ئێرانبان هاواری کرد بەرەو بەرزایی و لوتکەکان بڕۆن و منداڵەکانیش بۆ ئەوێ بگوازنەوە.

کاتێك خەڵکی سێلك گەیشتنە سەر بەرزاییەکان، ترسێکی مەزن دایگرتبوون. زەوی ئارام ببۆوە بەڵام دووکەڵ ئەوەندە زۆر بوو کە ئاسمانی تاریك کردبوو و دەریاچە لە شەپۆلەکانی بەردەوامبوو و دەنگی شەپۆلەکان ئەوانی کاس کردبوو، تا ئەو ڕۆژە کەس تۆفانی بەو شێوەیەی نەدیبوو و ئاوی دەریاچە بە توندی هێرشی دەکردە سەر کەنارەکان، ئەو خانوانەی نزیك دەریاچە بوون بە هەموو کەرەستەکانی ناویانەوە، لە ناوچوون.

خەلك لە ئێرانبانیان دەپرسی: چ ڕوویداوە، بۆچی ئاسمان و دەریا لێمان تورە بوونە؟ بەڵام ئەو ژنەش وەڵامێکی نەبوو کە توانای ڕازی کردنی ئەوانی هەبێت. کاتێك ڕۆژ ئاوا بوو و دونیا تاریك بوو، گردەکان کەوتنە لەرزینەوەی توند.

روود و زاب و منداڵەکانیان و سەرجەم خەڵکی شار لە سەر گردەکان بە هۆی بوومەلەرزەوە نەیاندەتوانی لە سەر قاچ بوەستن و بە ناچاری لە سەر زەوی دانیشتبوون.

دارە بە تەمەنەکانی جەنگەڵ بە هۆی بوومەلەرزە دەشکان و شەپۆلەکانی دەریاش بەردەوامبوون لە هێرش بردن بۆ کەنارەکان و سەر گردەکان و بە ڕادەیەك دووکەڵ ئاسمانی

داگرتبوو که خەلك سێلك بە ئاسانی هەناسەیان بۆ نەدەدرا. ئەگەر هەوا تاریك نەبوایە و روود و زاب و خەلکانی سێلك بەرچاوی خۆیان دیبوایە، ئەوانیش وەك ئاژەلەکان بەرەو باکوور دەڕۆیشتن و لە ئەوێ دەرۆیشتن.

هەلاتنی بە کۆمەڵی ئاژەڵ و باڵندەکان بەرەو باشوور، نیشانەی ئەوە بوو کە مەترسیەکە لە باکوورە و ئەگەر ڕۆژ بوایە، مرۆڤەکانیش بەرەو باشوور ڕایان دەکرد. بەڵام بە هۆی تاریکی توندی شەو، توانای ڕێرۆیشتنیان نەبوو و نەیاندەزانی بچنە کوێ.

رووود بە شوێنکەوتوانی خۆی وت: ئەگەر تا بەیانی زیندوو بمێنین، لە گەڵ رووناك بوونی دنیا لە ڕێگەی وشکانییەوە بەرەو باشوور دەکەوینە ڕێگا.

هەموو لایەك دەیانزانی ناتوانن لە ڕێگای دەریاچە سەفەر بکەن و دەبێت بە ڕێگەی وشکانیدا برۆن و خۆیان بگەیێننە شوێنی پارێزراو. کەس نەیدەزانی چارەنووسی دانیشتوانی شارەکانی تری وەك شاری گیان چییە و ئایا زیندوون یان شەپۆلەکانی دەریا هەمووانی نوقم کردووە و لەناوی بردوون. کۆتایی بەو شەوە ترسناکە هات کە بۆ ئێمە خەڵکی ئەو سەردەمە، تەنانەت ناتوانیین بیری لێ بکەینەوە و رۆژ بۆوە، دونیا تا ڕادەیەك رووناك بۆوە. رووود وتی چیتر دواکەوتنمان باش نییە و دەبێت بکەوینەڕێ و بەرەو باشوور برۆین.

خەڵك منداڵەکانیان لە باوەش کرد و بەرەو باشوور کەوتنەڕێ، خۆیان لە دەریاچە دوور کردەوە و تا دوورتر دەکەوتنەوە، دەنگی شەپۆلەکان بەرەو کەمی چوو و دواجار نەما. دانیشتوانی سێلك ئەو رۆژە تا شەو بە بێ وەستان ڕێگەیان بڕی، ئێوارە لەو شوێنەی رووود دیاریکرد پشوویاندا و ئەوەی لە سێلك لە گەڵ خۆیان هێنابوویان، خواردیان و نووستن. رۆژی دواتر بەردەوامبوون لە ڕێگە بڕین و بۆ نیوەرۆ گەیشتنە شوێنێك کە دووکەڵ کەم بوو و بە ئاسانی هەناسەیان پێ دەدرا، رووود وتی: هەر لێرە دەمێنینەوە تا بزانین چ روودەدات.

دانیشتوانی سێلك لەو شوێنە کەوتنە پشوودان و ئەو خواردنەی لە لایان مابوو خواردیان، ئەوان ترسیان لە تەواوبوونی خواردەمەنی نەبوو، چونکە چواردەوریان گیا بوو و دەیانزانی کە دەتوانن ڕاوی ئاژەڵەکان بکەن، بەڵام دوای ڕاو دەبوایە ئاژەڵەکان بە خاوی بخۆن چونکە ئاگریان لانەبوو و ئاگری سێلکیش بە هۆی ئەوەی کەسی لانەبوو تا داری بخاتە سەر کوژابۆوە.

ئەوان لە پاشای خۆیان دەپرسی بۆ دەستەبەر کردنی ئاگر دەبێت چ بکەن؟

روود وەلامی دەدایەوە هەر وەك ئێرانبانەكانی پێشوو ئاگریان بۆ دەستەبەر كردوون، منیش هەر ئاوا بۆتان دەستەبەر دەكەم.

ماوەی دە رۆژ خەڵكی سێلك لەوێ مانەوە و گۆشتی خاویان خوارد، لەو ماوەیە هەوا پاك بۆوە و دووكەڵ نەما و هەتاو وەك جاران كەوتەوە درەوشانەوە، ئەوان بڕیاریاندا بگەڕێنەوە بۆ سێلك و كاتی گەیشتن دووچاری سەرسوڕمانی زۆر بوون و بینیان ئاوی دەریاچەكە ئەوەندە كەم بۆتەوە كە هیچ كاتێك نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە[٣].

كاتێك روود گەیشتەوە سێلك، ئەوەندەی بیری لە ئاگر دەكردەوە ئەوەندە لە بیری كەم بوونەوەی ئاوی دەریاچەكە نەبوو، چونكە كاتێك گەیشتە ئاگرخانەكە، دیتی تەنها خۆڵەمێش لێ ماوەتەوە. ئاگرخانەكە لە سەر گردێك بوو كە كاتی تۆفانەكە ئاوی دەریاچەی پێ نەگەیشت بوو تا بكوژێتەوە بەڵام نەبوونی كەسێك تا داری بخاتە سەر كۆتایی بە ئاگرەكە هێنابوو.

كاتی خۆی یەك لە ئێرانبانە كۆنەكان كە ئەویش هەر ژن بوو، ئاگری لە جەنگەڵ هێنابوو و لە سێلك پاراست بووی و بۆ ئەمەش بە هۆی شوێنكەوتوانییەوە خانوویێكی دروستكرد و ئاگرەكەی لەناو دانا و دوای ئەوە، خەڵكی سێلك بۆ ئەوەی ئاگرەكەیان نەكوژێتەوە، بەردەوام داریان دەخستە سەر.

دوای بینینی ئەو رووداوە روود بە شوێنكەوتوانی خۆی وت لەمەودوا پێویستە گۆشتی خاو بخۆین و لە وەرزی سەرما بێ ئاگر بمێنینەوە.

ئەو كچە كەشتیوانەی ناوی تیر بوو، ئاماژەی بۆ باكوور كرد كە دووكەڵی لێ بوو و وتی ئەو دووكەڵە نیشانەی بوونی ئاگرە.

لە ڕاستیدا لە لای باكوور دووكەڵ دەبینرا و روود ژمارەیەك لە پیاوانی نارد تا ئەگەر لەوێ ئاگریان دۆزییەوە بیهێنن و چەند كەسێكیش ئاگرخانەیان ئامادەدەكردەوە بۆ دانانی ئاگری تازە لە ناویدا.

بابەتی دەستكەوتنی ئاگر، بە پێچەوانەی بیركردنەوەی روود، كارێكی ئاسان بوو و ئەو بوركانەی روویدابوو بەشێك لە جەنگەڵی سوتاند بوو و سووتماك و گەرمی و ئاگرەكەی هێشتا

**(٣) (و وشكبوونی دەریاچەی ناوەندی ئێران ناگەرێتەوە بۆ بە هەڵم بوونی و بە گریمانی زۆر بە هۆی بوومەلەرزەوە، زەوی شەق بووە و بەشی زۆری ئاوەكە چۆتە ناو دڵی زەوی و لەوانەشە كە ئەو دابڕانەی زەوی كە لە ناوەندی ئێران دەدیترێت ناوچەیەك بێت كە لەوێ زەوی شەق ببێت. دووكن گیلمەنی فەرەنسی، نووسەری ژمارەیەك پەرتووك بە زمانەكانی ئەنگلیزی و ئاڵمانی سەبارەت بە ئێران).**

مابوو و پیاوان دوای چونیان بە ئاسانی ئاگریان دەست کەوتەوە و هێنایانەوە بۆ سێلك و لە ئاگرخانەیان دانا و خەڵکی سێلك توانیان خواردن ساز بکەنەوە، بابی روودیش توانی کورەکەی پێکاتەوە و گۆزە دروستبکات و هەر ئەوکاتیش تواندنەوەی مسی دەست پێکرد.

بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین باوکی روود بەو شێوەیەی کە باسمانکرد، یەکەم کەس بوو کە مسی تواندەوە و یەکەم کورە کە لە ناویدا کانزا تواندرایەوە لە شاری سێلك نزیك شاری کاشانی ئێستا دروستکرا.

روود و دانیشتوانی سێلك، کەمبوونەوی ئاوی دەریاچەکەیان بە هەند وەرنەگرت و تەنها زاب و تیر کە هەردووکیان بە کەشتی هاتووچۆیان دەکرد، بە گرفتیان دیاریکرد و تیر دەیوت من نە دەتوانم سەفەر بۆ شاری گیان بکەم و نە بۆ باکووری رۆژهەڵات، تا پەلەوەر لەو شوێنە بێنم.

رۆژانی دواتر بەرەبەرە ئاوی دەریاچەکە کەمی کرد و تا بەیانییەك کە خەڵکی سێلك لە خەو هەستان، بینیان ئاوی دەریاچەکە  وشکبووە و جگە لە لیتە هیچی لیَ نەماوە. هێشتا روود نەیدەزانی ئەو رووداوە  و نەمانی دەریاچەکە، کاریگەری لەسەر ژیانی دانیشتوانی سێلك و شارەکانی تری ئێران و لە ناویشیاندا شاری گیان چ دەبێت.

یەکەمین کێشە دوای وشکبوونی دەریاچەکە سەریهەڵدا، زۆر بوونی میشوولەکان بوو کە نەتەنها بە رۆژ بەڵکو بە شەویش ئارامیان لە خەڵکی سێلك بڕی، لە شاری سێلك هەموان بە دەست مێشوولەوە لە ناراحەتی دابوون و بۆیە دەچوون ئاگرخانە کە مێشوولەی لیَ نەبوو، خەڵك وایاندەزانی میشولە لە ئاگر دەترسێت، بەڵام لە دەوروبەری ئاگرخانەش میشولە نەبوو و ئەویَ ئاگری لیَ نەبوو.

ئێرانبان بە زیرەکی خۆی زانی کە هۆکارەکە بوونی دووکەڵە نەوەك ئاگر و بۆیە ئێرانبان فەرمانی کرد لە ماڵەکانیان ئاگر بکەنەوە تا لە مێشوولە بپارێزرێن و خەڵکی سێلك لە ماڵەکانیان ئاگریان کردەوە و دووکەڵ بۆوە رێگر لە نزیکبوونەوەی مێشوولەکان.

دووەمین کاریگەری نەمانی دەریاچەکە، درەنگ کەوتنی هاتنی وەرزی پاییز بوو. سالانە مراویەکان کە بە تایبەتی لە وەرزی پاییز دەهاتنەوە بۆ کەناری دەریاچە، چیتر نەگەڕانەوە. لەو ساڵەدا وەك جاران کاتی شەو دەنگی مراویەکان دەهات کە بە ئاسماندا دەرۆیشتن، بەڵام لە سێلك نەدەنیشتنەوە و تەنها لە گۆماوەکانی پاشماوەی دەریاچە دەنیشتنەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی قامیشەڵێن، دوای چەند رۆژێك دەرۆیشتن و هەندێکیشیان لە ماندوویەتی و گەڕان

بەدوای شوێنی شیاو دەکەوتن. بە هۆی نەمانی دەریاچەکە ماسی کە خۆراکی سەرەکی خەڵکی سێلك بوو بەرەو نەمان چوو و چیتر خەڵك ماسیان دەست نەدەکەوت.

کاتێك خەڵك بە هۆی تۆفانەکە لە سێلك رۆیشتن، چی ئەسپ، ماین، مەر، بەران، مریشك و کەلەشێر لە سێلك هەبوو لەناو چووبوون و ئەوان بە ناچاری چوونە شاخ بۆ هێنانی ئەسپ و مەر بە هەردوو رەگەزی نێر و مێ تاماڵیان بکەن.

تیر بە هۆی وشکبوونی دەریاچەکە نەیدەتوانی بڕواتە باکووری رۆژهەلات، بەڵام دەیزانی لەو شوێنە پەلەوەری دەست دەکەوێت و بۆیە داوای لە روود کرد چەند کەسێك لە رێگەی وشکانی بنێرێت بۆ ئەوێ تا پەلەوەر بێنن.

لە رابردوودا خەڵکی سێلك تەنها بۆ گۆڕانکاری لە جۆری خواردنەکانیان، گۆشتی مامزیان دەخوارد، بەڵام دوای ئەو رووداوە و نەمانی ماسی و مراوی بە ناچاری کەوتنە خواردنی مامز. دوای ئەوەی دەریاچە وشکبوو و ماسی و مراوی بەرەو نەمان چوون، روویان کردە مامز. بەڵام مامز کە جاران زۆر بوو، ئیتر کەمتر دەست دەکەوت و بۆ یەکەمجار خەڵکی سێلك دووچاری کەمی خۆراك بوون. ئەو ساڵەدا وەرزی باران کورت بۆوە و هەورەکان زوو رۆیشتن و هەتاو ئەوەندە درەوشایەوە کە ئەو ئاوەی لە دەریاچەش کۆبۆوە بە زوویی وشکی کرد.

لە گەڵ دەستپێکی بەهار، دارەکان سەوز بوونەوە و گژ و گیا بووژانەوە و باڵندەکان هاتنەوە دەورەی سێلك، بەڵام وەرزی بەهاریش وەك وەرزی بارانبارین کورت بوو و بە زوویی دارەکان وشکبوون. ماوەیەکی نەبرد کە دارەکانی جەنگەڵ بە هۆی نەمانی شێی زەوی کە بە هۆی نەمانی ئاوی دەریاچەکەوە نەمابوو، وشکبوون و دەنگی باڵندەکانیش لە نزیك سێلك بڕا و دەورەی سێلك زەرد بوو، تەنها دارەکانی بناری کێوەکان بە سەوزی مانەوە. وێرای وشکبوونی دارەکان، گیای ناو جەنگەڵیش وشکبوون و ئاژەڵە گیاخۆرەکان ئەوێ یان بەجێ هێشت و بەم شێوەیە مامزەکانیش لەوێ نەمان.

روود (ئێرانبان) لە ترسناکترین سەردەمی مێژووی ئێران بوو بە فەرمانڕەوا، چونکە بە هۆی وشکبوونی دەریاچە و لەناو چوونی جەنگەڵ و گیانلەبەرانی ئەوێ، وشکبوونی گیا و کەم بوونەوەی خۆراك، رۆژانە کێشە بۆ خەلکی سێلك دەهاتە پێش و ئێرانبان دەبوایە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە.

بە هەمان شێوە کە لە جەنگەل ئاژەڵ نەما، لە باکووریش بە هۆی کەمبوونەوەی گژوگیا واتە لەوەڕگا لە کەنارەکانی دەریاچە، ئەسپ و مەر و گا بەرەو کەمبوونەوە چوون و بەناچاری

ئەو ئاژەلانەش بەرەو دامێنی شاخەکان چوون، ئەمە بۆوە هۆکاری کەم دەست کەوتنی ئەو ئاژەلانە و تەنانەت گا کەم بووە کە خۆماڵی کرا بوو، بەڵام لە دامێنی شاخەکان دەژیا.

دانیشتوانی سێلك لەوکاتەدا بە هۆی برسیەتی لەوە تێگەیشتن کە بە هۆی نەمانی دەریاچەوە بەهەشتی ئەوان گۆڕاوە بە جەهەننەم، سەرەنجام ڕۆژێك روود بە ناچاری بڕیاریدا کە بۆ تێر کردنی خۆیان، پێویستە لەمەودوا گەنم بخۆن، ئەوە ئەو ڕۆژە بوو کە ئێرانبانی پێشوو لە کۆندا پێشبینی هاتنی کردبوو و وتبووی لەو ڕۆژەدا بەزەیی هەتاو لە بەرانبەرتان کەم دەبێتەوە.

ئەو گەنمانەی لە کەناری دەریا بوون بە هۆی وشکبوونەوەی زەوی، لە ناوچوون و گەنم تەنها لە دامێنی شاخەکان دەست دەکەوت. دانیشتوانی سێلك دەچوون و لە دامێنی شاخەکان گەنمیان کۆ دەکردەوە و دەیان هێنا بۆ سێلك، دەیانزانی گەنم بە خاوی ناخورێت و بۆیە لە گەڵ ئاو لە ناو قاپی گڵێینیان دەکرد و دەیان خستە سەر ئاگر تا دەکوڵا و دواتر دەیان خوارد، پێشتر باسمان کرد کە خەڵکی سێلك ئامادەکردنی خواردن بە ئاگریان دەزانی.

ئەوکات ئەگەر کەسێك هاتبوایە بۆ سێلك ئەو شارەی کە پێشتر بەهەشتێك بوو، نەدەناسیەوە. لە ئاو و سەوزایی لە سێلك، جگە لە رووبارێك کە ئەویش وەك جاران ئاوی نەبوو و ژمارەیەکی کەمی داریش چیتر نەمابوو، هەزاران داری  وشکبوو و ناوچەیەکی وشك هەڵگەڕاو کە مرۆڤی دووچاری ترس دەکرد، لە لایەکی تر ئەگەر لە ڕۆژ یان شەو بایەکی بەهێز هاتبایە، دەنگی شکانی ئەو دارە گەورانەی کە رزی بوون، ترسی لە دڵی مرۆڤدا دروست دەکرد.

یەکەمجار بوو لەو شارە ئاژەڵێکی بچووکی پڕ مەترسی دەرکەوت، کە ئێستا بە دووپشك ناسراوە و خەڵك زانیان کە جزوە ژەهراویەکەی مەترسیدارە. هەتاو بەردەوام دەدرەوشایەوە و ڕۆژەکان بەرەو گەرمی زیاتر چوون، خەڵك نەیاندەزانی لە دەست گەرما چ بکەن و هەندێ کات بیریان بۆ ڕۆیشتن لە شارەکەیان دەکردەوە، بەڵام نەیاندەتوانی دڵ لە نیشتیمانیان ببڕن.

ساڵی دواتر وەرزی باران کورتتر بۆوە لە ساڵی پێشوو و بۆ ماوەیەکی کەم سەوزایی دەرکەت و دواتر بەهۆی هەتاوی بەهێز زوو  وشکبوون.

خەلك هەروەك ڕابردوو بەردەوامبوون لە خواردنی گەنم و لەناو مەنجەڵ دەیانکولاند، بەڵام هەستیان بە کەمبوونەوەی گەنم کرد و لەوانە بوو ڕۆژێك بێت کە گەنمیش هەر وەك ماسی و مراوی و مامز کۆتایی بێت.

روود بە شوێنکەوتووانی خۆی وت ئێستا کە بە گەنم خۆمان تێر دەکەین، پێویستە کارێك بکەین کە لانی کەم ئەو رووەکە لەناو نەچێت.

شوێنکەوتوانی پرسیاریان کرد چ بکەین و ئێرانبان وتی هەر ئەو کارە دەکەین کە زەوی دەیکات، واتە گەنم لە ناو زەوی دەچێنین تا سەوز بێت.

ئەو رۆژە و بۆ یەکەمجار ئێرانبان پایەی کشتوکاڵی دانا و شوێنکەوتوانی خۆی فێر کرد گەنم بچێنن تا سوود لە بەرهەمەکەی ببینن(٤).

خەڵکی سێلك لە هەرشوێنێك گەنمیان دەدیت واتە لە دامێنی شاخەکان، دوای خاوێن کردنەوەی دەیان خستەوە ناو خاك و دەرۆیشتن، دوای وەرزی باران دەهاتن و بەرهەمەکەیان هەڵدەگرتەوە.

تا ئێستاش لە ئێران جوتیارەکان هەر بەو شێوەیە گەنمی دێمەکار دەچێنن و دەروون، دوای بارانی پاییز و زستان یا وەرزی شەونم گەنم شین دەبێت و جووتیاران لە ناوەڕاست یا کۆتایی بەهار یان بە پێی جوگرافی ناوچەکە، دێنەوە و بەرهەمەکە کۆدەکەنەوە، لەو رۆژەی گەنم دەچێنن تا ئەو رۆژەی بەرهەم هەڵدەگرنەوە بۆ تەنها یەك جاریش ئاوی نادەن و هەندێك جووتیار تەنانەت جارێکیش سەر لە زەوییەکەیان نادەن.

ئەو بارودۆخەی سێلکی گرتەوە، سەرجەم ئاوایییەکانی کەنار دەریاچەی ناوەندی ئێرانی گرتبۆوە و لە هەندێ شوین قورستر بوو، تەنانەت هەندێ لەو شوێنانە چووڵ کران و خەڵك کەوتە دوای خۆراك دروستکردن و شوێنی ژیانیان بەجێ هێشت.

وولاتی (تۆرەکان) لە رۆژهەلاتی دەریاچەی ناوەندی ئێران بوو و لە لایەن ئێرانییەکان بە (تۆران) ناودەبرا، ئەوانیش دووچاری برسیەتی بوون و نەیاندەتوانی سکیان تێر بکەن، بۆیە بە ناچاری بۆ بەدەستهێنانی خۆراك روویان کردە ئێران. وەك باسمانکرد ئەوان کورتە بالا و مووڕەش بوون و برسیەتی ئەوانی وەحشی تر کرد بوو.

دانیشتوانی باشووری دەریاچەی وشکبوو، بە پێچەوانەی دانیشتوانی شاری سێلك، هێشتا مەر و مالاتیان مابوو، چونکە هەرچەندە دەریاچە وشکببوو، بەڵام بوومەلەرزە و بورکان

---

(٤) (شێوەی چاندنی گەنم، دواتر بەدەست هێنانی ئارد لێوەی و برژاندنی نان بە گشتی بۆ یەکەمجار لە ئێران دۆزرانەوە و ئێرانییەکان ئەو رێورەسمەیان فێری جیهانیان کرد. هارماتا ئێراننناسی بە ناو بانگی بریتانی کە پەرتووکی"سێ وشە کە لە ئێرانی کۆندا بۆ ماناکانی نان بەکار هاتوون.)

شارەکانیانی وێران نەکردبوو. تۆرانییە برسییەکان لە ژن و پیاو، هێرشیان بۆ شارەکانیان دەکرد و دەستیان دەگرت بەسەر مەر و مالاتیان، دەیانکوشتن و دەیانخواردن و هەرکەسێك رێی لێ گرتبان، بە دەستی ئەوان دەکوژرا.

بە هۆی وشکبوونی دەریاچە، پەیوەندی خێرا و توند و تۆڵی شاری سێلك و باشوور بەرەو نەمان چووبوو و ئێرانبان ئاگاداری ئەو هێرشانە نەبوو. لە ترسی تالان کردن و کوشتنیان بە دەستی تۆرانییەکان، شار و ئاواییەکانی باشوور یەکیان گرت و ئەو یەکگرتنە بۆوە سەرەتای ئێرانی یەکگرتوو.

تا ئەوکات هەر شارێکی کەناری دەریاچە وڵاتێك بوو و هەریەکەشیان ئافرەتێك فەرمانرەوایی دەکرد، بەڵام هەموو شارەکان پاشای سێلکیان بە (ماما[٥]) دادەنا کە بە واتەی دایك دێت و بۆیە گەورەییان بە رەوای ناوبراو دەزانی، مەترسی تۆرانییەکان بۆوە هۆکاری یەکگرتنی شارەکانی باشوور و بەم شێوەیە بەردی بناغەی ئێرانی یەکگرتوو دانرا.

تا ئەو سەردەمە دانیشتوانی سێلك و دەوروبەری دووچاری گەرما و سەرمای سەخت نەببوونەوە و بە گشتی هەوای زستان و هاوێن بە هۆی بوونی دەریاچەی ناوەندییەوە ئاسایی بوو، هاوین فێنك و زستان کەمێك سارد بوو، بەڵام دوای وشکبوونی دەریاچەکە، شاری سێلك و دەوروبەری زستانی زۆر سارد و هاوینی زۆر گەرمیان بۆ دروستبوو و تاوەکو ئێستاش ئەو شێوە ئاووهەوایە لە شوێنان بەردەوامە.

لە وەرزی زستان، چەند رۆژێك باران دەباری و بە خێرایی سەرما زیادی دەکرد و کەس نەیدەتوانی لە ماڵی بێتەدەر، سەرەرای ئەمەش نەبوونی جل و بەرگ کێشەی گەورە بوو.

وەك باسمان کرد لە رابردوودا لە سێلك پێستی مامز بۆ دروستکردنی پۆشاك بەکار دەهات، بەڵام بە نەمانی مامز ئیتر ئەوکارە ئاسان نەبوو، ئەو بابەتە بۆ خەڵکی سێلك بێ چارەسەر مابوو و زستان بۆ ئەوان سەختییەکەی زیاتر دەبوو و سەرئەنجام رووود ئەو گرفتەی ئەوانی چارەسەرکرد و بڕیاریدا لە جیاتی پێستی مامز، پێستی مەر بەکار بهێندرێت، بەڵام کەمی ژمارەی مەرەکان، دیسان گرفت بوو و بۆیە رووود فەرمانی کرد کە هەموان مەڕ پەروەردە بکەن تا لە نەبوونی جلوبەرگ نەکەونە کێشە و بتوانن پێستی مەڕ بپۆشن.

---

**(٥) (وشەکانی ماما و پاپا لە وشە ئێرانییەکانن و لە زمانە ئێرانییەکانەوە، چوونەتە ناو زمانەکانی تر. ماریژان مۆڵە-ئێرانناسی فەرەنسی).**

پۆشاکی ژنان و پیاوان لە سێلك هاوشێوە بوو و هەموان پێستی مەریان دەپۆشی، بە شێوەیەك کە خوریەکەی دەکەوتە دەرەوە، هەر وەك چۆون پێستی مامزیان سوود لێ دەبینی. پێشتر ژنان لە سێلك بەو دەرزیانەی لە ئێسکی مامز دروستیان کرد بوو، پێستی مامزیان دەدوری و هەر بە هەمان شێوەش کەوتنە دورینی پێستی مەر.

روود (ئێرانبان) بۆوە دایکی چەند کوڕ و چەند کچێك، کچە گەورەکەی بە ناوی (روود) گەیشتە تەمەنی لاویەتی (بۆ تێکەڵ نەبوونی ناوەکانیان، بە روودی دووەم ناوی دەبەین). ئێرانیانی ئەوکات بە هۆی سادە بوونیان توانای داتاشینی وشەی تازەیان کەم بوو و بۆیە سەدان کچ ناویان (روود) و سەدان کور ناویان (زاب) بوو، جگە لەو دوو ناوە، ناوی (تووم) دووبارە دەبۆوە.

روودی دووەم وەك هەر منالێکی تری سێلك، لە تەمەنی منداڵیدا یاری دەکرد و یەك لە یاریەکانی، بریتی بوو لە کۆکردنەوەی ئەو خوریانەی لە پێستی مەڕ هەڵدەوەرین و دواتر خوریەکانی بڵاو دەکرد و کۆی دەکردەوە، ئەو بە لاسایی کردنەوەی باپیری کە گۆزەکەر بوو، ویستی خوریەکەی بکاتە هەویر وەك ئەو هەویرەی باپیری لە قور دروستی دەکرد، بەڵام ئەوەی پێ نەدەکرا.

گۆزەکەر لە دروستکردنی گۆزەکانی پێشکەوتنی بە خۆوە بینی بوو و لەکاتی دروستکردنیان هەندێ سەمغی تێکەڵ بە قورە ئامادەکراوەکە دەکردو ئەوجار گۆزەی دروست دەکرد، ئەو پێشتر سەمغی لە دارەکانی جەنگەڵ بە دەست دەهێنا و دوای وشکبوونی جەنگەڵ و وشکبوونی دەریاچەکە، بە ناچاری سەمغی لە دارەکانی بناری چیا بە دەست دەهێنا.

روودی دووەم رۆژێك لە کاتی یاری کردندا کەمێك لە سەمغەکەی باپیری هێنا و تێکەڵ بە خوریەکانی کرد، خوریەکەی لە سەر زەوی پان کردەوە و رێکی خست و سەرگەرمییەکانی منداڵی لە یاریەکەی دوورخستەوە، پاش ماوەیەك هاتەوە و بینی خوریەکەی توند و رەق بووە، بە خۆشحاڵیەوە بۆ روودی دایکی برد و ئەویش چاوی لێکرد، بە هێواشی لە دەوری منداڵە ساواکەی خۆی ئالاند و بە پێکەنینەوە وتی تەواوە، ئەوە خۆی پۆشاکە.

ئەو رۆژە روودی دووەم بە بێ ئەوەی خۆی بزانێت لبادی دروستکرد و بۆوە یەکەم کەس کە پۆشاکی ئامادەکرد بێت[٦].

---

**(٦) (یەکەم شێوەی جلوبەرگ کە لە ئێران داهێندرا، بریتی بوو لە لباد. ماکس مۆلەر رۆژهەڵاتناسی بەناوبانگی ئاڵمانی.)**

دوای ئەو رووداوە، روود بە خەڵکی خۆی وت کە ئەو خوریانەی لە پێستەکان جیادەبنەوە، فڕێ مەدەن و لای خۆتان سەمغیان پێدابکەن و پانیان بکەنەوە و بەو شێوەیە پۆشاکیان لێ دروست بکەن.

یارییەکی تری روودی دووەم ئەوە بوو کە دەچۆوە باوەشی باب و دایك و باپیری و پەنجەی دەخستە ناو دەمیان و یاری بە دەدانەکانیان دەکرد، بەڵام تا تەمەنی روودی دووەم زیادی دەکرد دەدانەکانی باپیری کەم دەبوونەوە.

کاتێك روودی دووەم گەیشتە تەمەنی لاوی و ئەو تەمەنەی بەجێهێشت کە یاری بکات، بینی باپیری چیتر دەدانی نەماوە و ناتوانێت گەنم بخوات، مەگەر ئەوەندە بی کوڵێنێ تا دەبێتە شلە و ئەمجار دەی خوات، ئەو گەنمی کوڵاوی دەخستە سەر بەردێك و بە بەردێکی تر دەیکوتا، تا دەبووە ئارد و ئەوجار دەی خوارد. ئەو کارە بۆ چەندان ساڵ لە لایەن ئەو و هەموو بە ساڵاچووانی سێلك ئەنجام دەدرا.

رۆژێك بە هۆی برسیەتی زۆرەوە باپیری روود ناچاربوو گەنمی نەکوڵاو بهاڕێ و بەپەلە بیخاتە ناو زاری و بیخوات، ئەو بۆی دەرکەوت تامی ئەو ئاردە زۆر خۆشە، شیرین و بە تامە و هەڵگری تامی تازەیە. تەنها لەوە بیزار بوو کە لە دەمیدا دەبۆوە هەویر و بە ناو دەمی دەنووسا.

پاش ماوەیەك، ویستی خۆی رزگار بکات لە خواردنی هاڕاوی گەنمی کوڵاو و بۆیە لە ئاردی گەنم و ئاو هەویری ئامادەکرد و خواردی. رۆژێك پیاوی گۆزەکەر لە کاتی خواردنی هەویرەکە، بە رێکەوت هەندێك هەویری لێ کەوتە ناو ئاگر، دوای دەرهێنانەوەی بینی توند بووە و تامەکەشی زۆر خۆشتر بووە و بەم شێوەیە ئەو دروستکردنی نانی داهێنا(٧).

دۆزینەوەی برژاندنی نان، ژیانی خەڵکی سێلکی گەیاندە قۆناغێکی تر و بەهۆی ئەوەی خەڵکی تریش ئەو کارە لە ئەوان فێر بوون، کوتان و هاڕینی گەنم بۆ بە ئارد کردن و دواتر بە هەویر کردنی و دواجار برژاندنی، کاری تازەی بۆ خەڵك دەستەبەر کرد.

بە ئارد کردنی گەنم لە رێگەی کوتانی بە بەرد کارێکی سەخت و بێزارکەر بوو و خەڵکی سێلك بیریان لە دۆزینەوەی رێگای ئاسانتر بۆ ئەم کارە دەکردەوە، بۆیە بەردێکی لووس و پانیان هێنا و گەنمیان لەسەر ڕشت و بە بەردێکی تر کەوتنە لێخشاندن بە گەنمەکە.

---

**(٧) (بە ئارد کردنی گەنم کە دواجار گەیشتە دروستکردنی نان بە گرینگی بەهێز دەگەرێتەوە بۆ کەسانێك کە دەدانیان نەماوە. هارمانا لە پەرتووکی ئەنگلیزی سێ وشە کە لە ئێرانی کۆن بۆ مانای نان بەکارهاتوون.)**

بەردەکەی ناو دەستیان لە ڕاستەوە بۆ چەپ و بە پێچەوانەوە و لە ناوەندی بەردەکەوە بۆ دەرەوە و بە پێچەوانەوە، بە سەر گەنمەکەدا دەگێڕا و ئاردیان بە دەست دەهێنا.

تا ئەمرۆش لە هەندێ شوێن بە تایبەتی لە باکووری ئێران، ئەگەر بیانەوێت کەمێك ئاردیان دەستکەوێت، جا ئاردی گەنم، نۆك، بادام یا بەردی خوێ بێت بەو ڕێگەیەی ئەوان واتە بە ڕێگەی هاڕین بە دەستی دێنن، یەکەمین ئاشی گەنم لە دووبەرد کە یەکیان لووس و پان و ئەوی تریان بچووك بوو دروستکرا. بیرۆکەی دروستکردنی ئاش لێرەوە دەستی پێ کرد و ئەوانەی کە گەنمیان بە ئارد دەکرد، کەوتنە گەران بە دوای ڕێگەی ئاسانتر تا بەردە بچووکەکە ئاسانتر بەسەر بەردە گەورەکەدا بێت و بڕوات و گەنمەکە بسوێت تا بیکاتە ئارد و دواجار توانیان دەستار دروست بکەن و خێرایی بە ئارد کردنی گەنم زیاتر بکەن.

باوکی روود کە برژاندنی نانی دۆزییەوە، بە هەمان شێواز بەردەوامبوو لە تواندنەوەی مس بە بێ ئەوەی بزانێت سوودی چییە و تاکە سوودیش کە لە مسی دەدیت ئەوە بوو کە گۆزەکانی پتەوتر دەکرد.

پێشتر وتمان لە باکووری رۆژئاوای سێلك، شارێك بە ناوی گیان هەبوو و خانمە پاشاکەی ناوی مازۆن بوو. لە رابردوو خەلکی ئەو شارە و سێلك، لە ڕێگەی ئاوی دەریاچە ڕێگەی هاتووچۆیان هەبوو و نێوانیشیان بە جەنگەڵ داپۆشرابوو، دوای وشکبوونی دەریاچە ئەو دووشارە لە یەکتری دابران و بە هەمان شێوە لە نێوان سێلك و شارەکانی باشووریش دابڕان هاتە کایەوە.

دواتر هاتووچووی نێوان شارەکان ئاسان نەما و ڕێگەی هاتووچوو قورس بوو، خەڵك کاتیان کەم بۆوە و وەك جاران کاتی سەفەریان نەبوو، تەنها ئەگەر جاروبار چەند کەسێك سەفەریان کردبا و هەواڵی شارەکانیان گەیاند بوایە، ئەمەش بە کەمی روویدەدا و لە لایەکی تر خەڵك سەرگەرمی کار و دەستەبەر کردنی خۆراك بوون و ماوەی گەشتیان نەبوو. لە رابردوو دابین کردنی خۆراك و پۆشاك کێشە نەبوو. کاری پیاوان وەك لە سەرەتای ئەو باسە وتمان تەنها بەردتاشین بوو و ژنانیش لە دورینی پێستی مامز و کردنی بە جلوبەرگ زیاتر کاریان نەبوو.

وشکبوونی دەریاچە و جەنگەلەکان، ونبوونی ئاژەلە گیاخۆر و بە سوودەکان، پێویستی چاندن و دورینەوەی گەنم و بە ئارد کردنی، دروستکردنی نان لە ئارد و دابین کردنی پۆشاك لە ڕێگەی بە لباد کردنی خوری، بە گشتی کۆمەڵە کارێکیان بۆ ژنان و پیاوانی سێلك لە وەرزە

جیاکاندا زیاد کرد و دەکرێت بگوترێت یەکەمین کارەکانی کشتوکاڵ لە سێلك و گیان و شارەکانی وەك ئەوان پەیدابوون.

خانمە پاشای شاری گیان کورێکی هەبوو بە ناوی (تووم) کە کورێکی قۆز بوو و تا تەمەنی بەرزتر دەبوو، بەهێزتر و جوانتر دەبوو و لە هەفدە ساڵیدا هەرکەس کە دەیدیت، دەکەوتە سەرسوڕمان لە بەرانبەر شان و ملی، سینگە پانەکەی و باسکە بەهێزەکانی.

تووم دەچووە شاخ و مەری دەکوشت و لە سەر شانی دادەنا و لەوێوە دەیهێناوە بۆ گیان، کە گەورە بوو چەند کەسێك لە هاوتەمەنەکانی بوونە هاورێی لەو کارە و مەرەکانیان دوای ڕاوکردن دەهێناوە بۆ شار و بەڵام کەسیان شارەزایی توومیان لەو کارەدا نەبوو و وەك ئەو بەهێز نەبوون.

ئەو کاتانەی تووم نەدەچوو بۆ راو، لە ماڵەوە وەك هەریەکە لە پیاوانی شاری گیان سەرگەرمی بەرد تاشین و دروستکردنی تیر و تەور و نیزەی بەردین دەبوو و هەریەکە لەو شتە بەردینانە بۆ پیاوان زۆر گرنگیان هەبوو. تووم و هەریەکە لە پیاوانی گیان لە بەیانییەوە تا ئێوارە بەردێکیان دەخستە نێوان هەردوو پێیەکانیان و بە بەردێکی تر دەکەوتنە داتاشینی.

زانیاری ئەندازیارێکی شارەزا لە بواری بەرد لە ئەمرۆدا، زۆر کەمترە لە شارەزایی هەریەکە لە پیاوانی شاری گیان، چونکە ئەوان تەواوی تەمەنیان سەرگەرمی بەردتاشین بوون و ئەوان تەنها بە چاولێکردنێکی بەردەکان، دەیانزانی بەردی نەرمە یا ڕەق و ئەگەر نەرمە لووس دەکرێت یان نا، چونکە ئەو بەردانەی پارچە دەبوون، نەدەتاشران. ئەوان زانیاریان هەبوو کە بەردی رەق ناتاشرێت و بە پێچەوانەوە دەبێتە ئامرازی بەرد تاشین.

لە کاتی راوکردنی ئاژەڵدا، تووم بە خێرایی ئامرازی ڕاوکردنەکەی لە لاشەی ئاژەڵەکە دەردەهێنا و دواجار ئاژەلەکەی دەبرد، چونکە هەر ئامرازێکی ڕاو بەرانبەر پەنجا ئاژەڵ بوو.

لاوی ڕاوچی و بەردتاشی کارامە، بیستی لە شاری سێلك شتێك هەیە وەك بەرد ڕەقە و کاتێ لە ئاگر دادەنرێت دەتوێتەوە و دەکەوێتە جوولە، دوای سارد بوونەوەش وەك جاران سەخت دەبێتەوە. هەستی بەدواداچوون، توومی هاندا بۆ ئەوەی بچێتە سێلك و ئەو کانزایەی ئێستا بە مس ناسراوە، ببینێت.

گەنجی بالابەرز بەرەو سێلك کەوتەرێ و چۆوە ماڵی ئێرانبان لە سێلك، لەوێ پێش بینینی مس، روودی دووەمی واتە کچە گەنجەکەی ئێرانبانی بینی. ئەو بە ڕادەیەك بە دیتنی ئەو کچە جوانە شێوا، کە مسی لە بیر کرد.

روود پرسیاری لێکرد تۆ کێیت و چیت دەوێت؟

لاوەکە وەڵامی دایەوە من توومم و لە شاری گیان هاتووم.

روود وتی کێ دایکتە؟

لاوەکە وتی دایکم ناوی مازۆنە.

روود وتی مازۆنم لێرە بینیوە و دەیناسم، تۆ بۆچی هاتوویتە ئێرە و چیت دەوێت؟

تووم بە پەنجەی ئاماژەی بۆ روودی دووەم کرد و وتی ئەوەم دەوێت.

روود بە پێکەنینەوە وەلامی دایەوە و وتی ئەگەر کچەکەشم تۆی بوێت ئێوە دەبنە هاوسەر.

روودی دووەمیش کە توومی کەوتبۆوە ناو دڵی، ویستی بە زانینەکانی خۆی سەرسامی بکات و هەندێ خوری هێنا و دوای پان کردنەوەی خوریەکە، کەوتە ڕستنی و بەنی لێ بەرهەم هێنا.

تووم بە تەواوەتی دووچاری سەرسوڕمان هات و وتی چوون توانیت لە خوری، بەن دروست بکەیت.

روودی دووەم بەدەم پێکەنینەوە وتی: من لە جەنگەڵەکانی باکوور بینیم کە سمۆرەکان بەنیان دروستکرد و منیش لە ئەوان فێری ڕستنی بەن بووم(٨). دوای ئەوەی روودی دووەم هونەرەکەی خۆی بۆ ئەو گەنجە دەرخست، لێی پرسی: بۆچی شارەکەتت جێهێشتووە و هاتوویتە ئێرە؟

تووم وتی: من بیستوومە لێرە شتێکی سەیر هەیە، وەك بەرد ڕەقە و کاتێ لە ئاگر دادەنرێت دەتوێتەوە و دەکەوێتە جوولە، دوای سارد بوونەوەش وەك جاران سەخت دەبێتەوە و هاتووم ئەوە ببینم.

روودی دووەم وتی: ئەو شتە سەیرە لای باپیرمە، وەرە با برۆین و پێت نیشان بدەم و دواتردوو گەنجەکە بە یەکەوە کەوتنەرێ و چوونە ماڵی گۆزەکەر و روودی دووەم، توومی بە باپیری ناساند و وتی: ئەو لە شاری گیان(٩) بۆ بینینی ئەو شتە سەیرە هاتووە کە لە لات هەیە.

گۆزەکەر ئاماژەی بە شوێنێك لە کارگەکەی کرد و تووم چوو و شتێکی قورسی ڕەشی گەورەی هەڵگرت و لە گزەکەرەکە نزیك بۆوە و وتی: ئایا ئەوە ئەو شتە سەیرەیە کە وەك بەرد

(٨) (ئێرانیانی سەرەتایی کە ڕستنی بەنیان فێری نەتەوەکانی تر کرد ئەو کارەیان لە هەندێ ئاژەڵ زانی. وەرگیراو لە پەرتووکی ئیرانیکا کە زانای ئالمانی کرۆس نووسیویەتی.)

(٩) (گیان شارێك بوو کە نزیك نەهاوەندی ئێستایە و مێژوونووسی فەرەنسی رۆمێن گیرشمەن ئاسەوارەکانی دۆزییەوە. زەبیحوڵڵا)

ڕەقە و کاتێ لە ئاگر دادەنرێت، دەتوێتەوە و دەکەوێتە جووڵە، دوای سارد بوونەوەش وەك جاران سەخت دەبێتەوە.

گۆزەکەر وتی: بەڵێ و گەنجەکەش بەردێکی گەورەی هێنا و بە توندی لە مسەکەی ڕاکێشا تا بزانێت دەشکێت یان نا؟ ئەوکاتەی تووم ئەو بەردە گەورەیەی بە مسەکەدا کێشا، تەنها وەك یاریەکی منداڵانە بوو و ورەی ئەو لەوکاتەدا لە ورەی منالێك دەچوو کە یاریەکیان دابێتێ و ئەویش یاریەکەی ئەگەر پێ شکابایە، دەیشکاند. مرۆڤەکانی ئەوکات ئەوەندە سادە بوون کە وەك منداڵ بەشێك لە کارەکانیان بەبێ هیچ ئامانجی تایبەت ئەنجامدەدا و تەنها مەبەستیان سەرگەرمی بوو.

کاتێك تووم بەردە گەورەکەی بە مسەکە کێشا، بینی شوێنی بەردەکە تۆزێك پان بۆوتەوە و بۆیە لە گەڵ گۆزەکەر کەوتنە کوتانی مسەکە بە بەرد، تا زیاتر دەیان کوتا زیاتر پان دەبۆوە. کاتێك دەستیان لە کوتان هەڵگرت، مسەکە پان و درێژ ببۆوە و لە هەر چوارلاوە تیژ ببوو، لە گەڵ ئەوەشدا ڕەنگە ڕەشەکەی گۆڕابوو بۆ ڕەنگی نزیك سوور و کاتێك تۆم دەستی بە لێوارەکانیدا دەهێنا، دەیوت وەك ئەوەیە کە دەست بە لێوارەکانی چەقۆیە بەردینەکەمدا دێنم.

ڕوودی دووەم بە پەلە وەك هەر منداڵێکی تر کە بیەوێت مزگێنی یاریەکی تازە بە دایکی بدات، بۆ لای ڕوود ڕای کرد و ئەوی لە گەڵ خۆیدا هێنا تا ببینێت کە کانزاکەی باوکی چی لێ بەسەر هاتووە. ڕوود پاشای ئێران کاتێك دەستی بە لێوەکانی کانزاکەدا هێنا، بینی زۆر تیژترە لە چەقۆی بەرد و وتی: دەیبەم تا قەدی گەنمەکانی پێ بدرووەمەوە.

بابەتی دروێنەی گەنم دوای پێگەیشتنی بۆ دانیشتوانی شاری سێلك کارێکی قورس بوو و کاتی زۆری دەویست. ئەوان ناچاربوون بە چەقوە بەردینەکانیان قەدی گەنمەکان بدورنەوە و ئەمەش بە چەقۆی بەردین، وێڕای ئەوەی سەخت بوو، ماوەیەکیشی دەویست.

جارێکی تر زیرەکی خانمە پاشای ئێران، جیهانیانی بەرەو دۆزینەوەیەکی تری گرنگ برد، هەر ئەوکاتە (ڕوود، تووم، گۆزەکەر و ڕوودی دووەم و چەند کەسێکی تر) بەیەکەوە چوون بۆ لای گەنمەکان تا بزانن، ئایا دەکرێت دروێنە بە لێوەکانی ئەو کانزا تیژە ئەنجام بدرێت.

کاتێك گەیشتنە دەشت و ناو گەنمەکان، ڕوود بە لێوارە تیژ و پانەکانی ئەو کانزایە دەستی کرد بە دروێنەی گەنم و بە خۆشیوە وتی چاولێبکەن کە چەند بە باشی و زۆر ئاسانتر لە چەقۆی بەرد گەنمەکان دەبڕێت، بۆیە زۆر ڕەزامەند بوو و تەنها گلەیی لە بابەت گەورەیی کانزاکە و ئاسان نەبوونی بە دەستەوە گرتنی هەبوو و بۆیە زوو ماندوو بوو. دوای ئەو بە نۆرە تووم،

روودی دووەم و گۆزەکەر و ئەو خەڵکەی تر کە لەوێ بوون کەوتنە دروێنە و هەموان ڕازی بوون و تەنها گلەییان لە ناخۆشی بەدەستەوە گرتنی کانزاکە هەبوو[١٠]. دوای ئەوەی زاندرا دەتواندرێت سوود لە مس بۆ دروێنەی گەنم وەربگیرێت، تەواوی خەڵکی سێلك داوای مسیان دەکرد و لە گۆزەکەریا دەویست تا مسیان بۆ بتوێنێتەوە.

توومیش کە ئارەزووی دەکرد لە گەڵ روودی دووەم هاوسەرگیری بکات وتی من بە بێ بردنەوەی هەندێك مس، ناگەرێمەوە بۆ گیان و دەبێت رێژەیەکی زۆر ببەمەوە بۆ شارەکەم، تا جووتیارانی ئەوێش دورینەوەی گەنمیان بۆ ئاسان ببێت.

لە رۆژی دواترەوە شاری سێلك بۆوە شارێکی تەواو پیشەسازی و بە هۆی زۆری داواکاری لە سەر تواندنەوەی مس، گۆزەکەر توانای فریاکەوتنی داواکاریەکانی نەبوو، بۆیە هەر یەکە لە دانیشتوانی ئەو شارە خۆی دەچووە دەرەوەی شار و بەردی مسیان دێنا.

دواتر ئاگری گەورەیان دەکردەوە و مسیان دەتواندەوە و مسەکەیان بە بەردی گەورە پان دەکردەوە و لێوەکانیان تیژ دەکرد و بە زووترین کات هەموویان بونە خاوەنی کەلوپەلی تیژ. بەرەبەرە خەڵکی سێلك تێگەیشتن کە دەتواندرێت لێواری مسەکان تیژتر بکەن و زانیان بەشێك لە مسەکە دەتوانن بە شێوەی بۆری لێ بکەن، تا بە دەستەوە گرتنی ئاسان بێت و ئەوەش بۆوە هۆی ئەوەی خەلکی سێلك ببنە خاوەنی داسی بە دەسك، بەڵام دەسکەکان لە خودی کانزاکە بوو.

لە شاری گیان و شوێنەکانی تر کانزای مس نەبوو، بۆیە خەلك لە هەموو شوێنێکەوە روویانکردە سێلك بۆ ئەوەی مس بەدەست بێنن و بیبەنەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان. ئەزموونی پیشەگەرەکانی سێلك، کێشەکانی داسی چارەسەرکردو پیشەوەرەکانی ئەو شارە توانیان بە زەربەکانی بەرد، داس بە شێوەیەك لێبکەن کە لە کاتی دروێنە ماندوویان نەکات.

روود کە رێبەری ئەو دۆزینەوەیە بوو، داوای لە بابی کرد تا لەمەودوا دەست بە بەرهەم هێنانی تیر و چەقو بکات، بەڵام هێشتا ئەوان بە بەردی رەق ئەو کارەیان ئەنجامدەدا. رۆژێك روود بە گۆزەکەری باوکی وت: مس ناشکێت و بە هەر شێوەیەك بمانەوێت دەگۆرێت، بۆ هەوڵ نادەی لەمەودوا لە مس قابلەمە دروست بکەی.

---

(١٠) (گەلی ئێران یەکەم گەل بوون، کاری پیشەسازیان کرد و یەکەم کالا کە لە مسیان دروستکرد داس بوو و بۆ دروێنەی گەنم بە کاریان هێنا، ئەوان لە سەرەتادا کەلوپەلی جەنگ و ەك چەقو و شمشێریان بەرهەم نەهێنا، بەڵکو ئەو پێداویستیانەی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا پێویست بوون لە سەرەتاکانی کاریان بوو. ویکاندەر رۆژهەڵاتناسی ئالمانی.)

پیاوی گۆزەکەر هەولیدا و سەرکەوتنی بەدەست هێنا و یەکەمین قابلەمەی مس بەرهەم هات و خرایە سەر ئاگر تا خواردنی تێدا ئامادەبکرێت. بە زانینی ئەو هەواڵە، هەموو خەڵکی سێلك لە مالەکانیان، دەستیان کرد بە دروستکردنی قابلەمەی گەورە و بچووك. خەڵك لە شارەکانی تر بۆ دەستەبەر کردنی قابلەمە سەردانی سێلکیان دەکرد و ئەو شارە بوو بە خاوەنی پیشەسازی و لە لایەنی پیشەسازییەوە بەهێزتر بوو.

بە شێوەیەك ئەو شارە بۆوە ناوەندی پیشەسازی مس کە تا ئێستاش هەر ئەو ناوچەیە وەك ناوەندی پیشەسازی مس ماوەتەوە (هەڵبەت ئێستا شاری کاشان لە شوێنی ئەو شارەیە) و هیچ شارێکی ئێران نەیتوانی ئەو پیشەسازییەی بستێننەوە و وەك مسچییەکانی کاشان بە وردی کەلوپەلی مس بەرهەم بێنێت.

تا ئێستاش مسگەرەکانی ئەوێ بە جوانترین شێوە کارەکەیان دەکەن و تەنانەت تا سی چل ساڵ پێش ئێستا (مەبەست لە بەرواری نووسینی پەرتووك) کە قاپ و قابلەمەی ئالمینیۆم لە ئێران بەرەوی نەستاندبوو، هەرکەسێك بە کاشاندا رۆیشتبایە، ژمارەیەك لە بەرهەمە مسیەکانی ئەو شارەی بە دیاری بۆ کەسوکاری و دۆستەکانی دەبردەوە[11].

بزاڤی پیشەسازی مس لە شاری سێلك، خۆشەویستی (توومی) بەرانبەر (روودی دووەم) کەم نەکرد و خانمە پاشای ئێران کە زانی کچەکەشی توومی خۆشدەوێت، بەو زەماوەندە ڕازی بوو. ئاهەنگی زەماوەندەکە وەك ئەو نەریتەی لە رابردوو باسمان کرد و هاوشێوەی ئاهەنگی روود و زاب بەرێوەچوو و دوای ئاهەنگەکە روود بە توومی وت: ژنی تۆ جێنشینی منە و دوای مردنی من دەبێت ببێتە شاژن و ئێرانبانی.

تووم وتی: هاوسەرەکەم دەبەم بۆ شاری گیان و ئەوکاتەی کە تۆ لە ژیاندا نەمای، دیێهێنمەوە تا شوێنت بگرێتەوە و ببێتە ئێرانبان. روودی دووەم کاتێك رۆیشت بۆ شاری گیان، پێداویستییەکی بەرچاوی لە گەڵ خۆیدا برد کە رستنی خوری برد.

**(١١) (دەزگای گۆزەکەری بۆ یەکەم جار لە سێلك دروستکرا و بە دوور نازاندرێت دەزگایەك بۆ مسگەری لە سەر شێوەی ئەو لەو شارە دروستکرابێت، لە کاشان کاری مسگەری بە دەزگا دەکرێت و لە شوێنەکانی تر بە چکوش ئەو کارە دەکرێت. هەر بەم هۆیەوەیە کە بەرهەمە مسینەکانی کاشان، ناسك و پوختترن لە هی شوێنەکانی تر. وەرگیراوە لە پەرتووکی (گیومەرس) نووسینی رۆژهەلاتناسی ئالمانی هارتمان.)**

له سەردەمی ئێستادا بەکار هێنانی پۆشاك ئەوەندە بابەتێکی ئاساییە، کە ناتوانین بزانین ئێرانییە کۆنەکان بە چ ماندووبوونێك توانیویانە ڕستن و چنین دابهێنن و فێری جیهانیانی بکەن، ئەگەر رووەدی دووەم و هاوسەرەکەی و دانیشتوانی گیان ئەو کارەیان بەردەوام نەکردبایە، لەوانەبوو ماوەی زۆر جیهانیان ناچاربووانە هەر پێستەیان لەبەر بکردایە.

ئەگەر نەتەوەکانی ئێران نەریت و رێورەسمەکانی خواردن لێنان و دروستکردنی شار و تواندنەوەی کانزا و خۆماڵی کردنی ئاژەڵەکان و رستنی قوماش و دواجار داهێنانی رێنووسیان فێری نەتەوەکانی تری جیهان نەکردایە، لەوانەبوو تا ئێستا نەتەوەکانی جیهان لە ئەشکەوتەکان ژیانیان بردبایەسەر و پێستەیان بکردایەبەر.

هەروەها ئێمەش خوێندەوار نەدەبووین تا ئەو شتانە بخوێنینەوە، چونکە پێش ئەوەی نەتەوە ئێرانییەکان ببنە رێپێشاندەر و مامۆستای گەلانی تر، بە درێژایی دەیان هەزار ساڵ مرۆڤ وەك ئاژەڵەکانی تر ژیاوە و ئەگەر نەتەوە ئێرانییەکان نەبووبانە مامۆستای جیهان، لەوانەبوو تا ئەمرۆش جیهانیان وەك ئاژەڵی وەحشی بژین(١٢).

دوای رۆیشتنی تووم و رووەدی دووەم بۆ شاری گیان (نزیکە لە شاری نەهاوەندی ئێستا)، نەخۆشییەکی خراپ کە پێشتر لە سێلك نەدیترا بوو هات و بریتی بوو لە ئازاری توندی گەدە لە گەڵ سکچوون و تا. رووەد نەیدەزانی ئەو نەخۆشییە چییە و چۆن چارەسەردەکرێت.

تووشبوان بەو نەخۆشییە چاکدەبوونەوە و ئەستەم بوو بمرن، بەڵام دووبارە دووچاردەبوونەوە و ئازاری گەدەیان زۆر زیادی دەکرد، بەڵام دوای ماوەیەك نەخۆشییەکە توندتر بوو و کەسانێك مردن و دوای مردن دەیانبردن بۆ گردی گەم و لێیان دەگەڕان تا لاشەیان برزێت.

لە شار و ئاوەدانییەکانی تریش تووشبوان بەو نەخۆشییە هەبوون، بەڵام ژمارەیان زۆر کەمتر بوو لە تووشبوان لە شاری سێلك.

بلاوبوونەوەی نەخۆشییەکە گەیشتە قۆناغی مەترسیدار و هەندێ خەڵك لە ترسان کۆچیان کرد، بەڵام هەر ئەوانەی کۆچیان دەکرد، دوای کۆچ تووشی نەخۆشییەکە دەبوون و چاك دەبوونەوە و هەندێکیشیان دەمردن. کەس نەیدەزانی هۆکاری ئەو نەخۆشییە ئامادەکردنی

**(١٢) (هەڵبەت ئەو بابەتە ڕای وەرگێڕە و زەبیحوڵڵا وەك چەندین جار باسمانکردووە، نەیتوانیوە خۆی لە زێدەڕۆیی و بابەتە لایەنگیرییەکان و ... هتد بپارێزێت. وەرگێڕ بۆ کوردی.)**

خواردنە لە قاپ و قابلەمەی مسدا، بە واتایەکی تر هەرچەندە پێشکەوتنی شارستانییەت ژیانی ئاسان کرد، بەڵام لە گەڵ خۆیدا مەترسیشی هێنا.

قابلەمە مسینەکانی ئێرانییەکان ژەنگ دێنن و ئەوان نەیاندەزانی لێنانی خواردن لە قابلەمە مسەکان بە هۆی ژەنگ هێنانیان مەترسیدارە، سێلك ببوو بە ناوەندی پیشەسازی ئێران و تەنها لەو شارە مس بەرهەم دەهات و خوڵکی سێلك زۆرتر لە دانیشتوانی شارەکانی تر خواردنیان لە کەلوپەلی مسیندا ئامادەدەکرد و بۆیە ئەو رێژەی مردن بە هۆی کەلوپەلی مسینەوە لەو شارە زۆرتر بوو لە شوێنەکانی تری وڵات.

ئیمپراتۆریەتی گەورەی رۆم لە دوو چینی (رۆمە ئازادەکان و کۆیلەکان) پێکهاتبوو و لە لایەن رۆمە ئازادەکانەوە دامەزرا بوو. رۆمە ئازادەکان بە هۆی قاپ و قابلەمەی زیوین، دووچاری نەخۆشی زیو دەبوون و نەیاندەزانی بۆ رێگرتن لە تووشبوون بەو نەخۆشییە کە لە رێگەی قاپ و قابلەمەی زیوین سەرهەڵدەدات، چ بکەن و بۆیە دەمردن.

کۆیلەکان پارەیان نەبوو قاپ و قابلەمەی زیو بکرن، بۆیە لە قابلەمەی گڵین خواردنیان ئامادەدەکرد و لە قاپی داردا دەیانخوارد و تەندروست دەمانەوە، بەڵام ئەزموونی بەرێوەبردنی دەوڵەتیان نەبوو و بەو هۆیەوە ئیمپراتۆریەتی رۆم لە ناوچوو. هەزاران ساڵ پێش ئەوەی ئیمپراتۆریەتی رۆم بە هۆی قاپی کانزاییەوە لەناو بچێت، کەلوپەلی مس بوونە سەرەتایەك بۆ لەناوچوونی شاری سێلك و شارستانییەتە درەوشاوەکەی.

ئەو گەلەی تا دەرکەوتنی ئەو نەخۆشییە تەندروست و بەهێز و جوان بوون، بە دەرکەوتنی نەخۆشییەکە دووچاری ئازاری گەورە دەهاتن و دواتر تایان دەگرت، ئەگەر بە تەمەن و بێ هێز بووانە، دەمردن و بە پێچەوانەوە چاك دەبوونەوە و بۆ چەندجارێك بەرگەیان دەگرت، دواجار ئەوانیش دوای ئەوەی توانای بەرگریان نەدەما هەر ئەو چارەنووسەیان هەبوو. ژمارەی دانیشتوانی سێلك بە هۆی ئەو نەخۆشییە ئەوەندە کەم بۆوە کە نزیك بوو لەناو بچێت.

روودی ئێرانبان و زابی هاوسەری چەند جارێك دووچاری نەخۆشییەکە دەبوون و رزگاریان دەبوو و سەرەنجام جارێکی تر زیرەکی ئێرانبان بۆوە هۆی رزگاربوونی ئەو خەڵکەی سێلك کە زیندوو مابوون، روود بۆی دەرکەوت کە هەرجارێك لە قابلەمە و قاپی گڵین خواردن ئامادەدەکەن، بەرەو باشبوونەوە دەچن و ئەو بڕیاریدا چیتر لە کەلوپەلی مسیندا خواردن

ئامادە نەکەن و نەیخۆن و رایسپارد کە خەڵکی سێلکیش هەروا بکەن و خەلکیش ئامۆژگاری ئەویان پەسەندکرد و چیتر خواردنیان لە کەلوپەلی مسدا ئامادە نەکرد.

گۆزەکەر واتە بابی روود کە هەم گۆزەی دروست دەکرد و هەم مسی دەتواندەوە و قوتابییەکانی واتە خەڵکی سێلك کە لە ماڵەکانیان کورەی تواندنەوەی مسیان هەبوو، بوونە هۆی دەرکەوتنی بازرگانی لە جیهاندا. تا ئەو رۆژەی لە سێلك پیشەسازی مس لە ئارا نەبوو، کەس مانای بازرگانی نەدەزانی، چونکە هەموان هەر شتێك کە دەیانویست دەستیان دەکەوت و شتێك نەبوو لای کەسانی تر هەبێت و لای ئەوان نەبێت. بەڵام دوای ئەوەی دانیشتوانی سێلك، کەلوپەلەلی مسیان بەرهەم هێنا و لە بەرهەمهێنانی هەموو کەلوپەلێکی مس بوونە پسپۆر، دانیشتوانی شارەکانی تری ئێران بۆ دەست خستنی کەلوپەلی مس دەهاتن بۆ سێلك و مەر و ئەسپیان دەهێنا و کەلوپەلی مسیان دەبرد و بەو شێوەیە بازرگانی هاتەکایەوە. دواتر و بە هۆی تێپەرینی کات، چەقو یان داسی مس بوونە جۆرێك لە پارەی ئەو سەردەمە و دواجار مس خۆی بووە بابەتی ئاڵوگۆر و بازرگانی و دوای تواندنەوەی بە شێوەی پارچەیەکی بازنەیی ئامادەدەکرا و ئەوانەی پێداویستییان دەبوو، دانەیەك لەو بازنە مسەیان هەڵدەگرت و شتومەکیان پێدەکڕی و دواتر مسی بچوکتر ئامادەکرا بۆ کەلوپەلی کەم نرختر و ئەمە ئەوکارەیە کە ئێستاش برەوی هەیە، بەو شێوەیە پارەی مس دروستبوو و تا ئێستاش لە هەندێ وڵات هەیە[١٣].

دوای ڕاگرتنی بەکارهێنانی شتومەکی مس لە بواری ئامادەکردنی خۆراك، کۆتایی بەو نەخۆشییە مەترسیدار و کوشندەیە هات و هەرکەسیش بۆ کڕینی کەلوپەلی مس دەهاتە سێلك، پێیان ڕادەگەیاند بۆ ئەو مەبەستە سوودیان لێ وەرنەگرێت و بەم شێوە رێگە لە نەخۆشییەکە گیرا، لە لایەکی تر خەلکی سێلك کاتی خۆیان بۆ دروستکردنی کەلوپەلی تر لە مس بەکار دەهێنا.

تۆرەکان لە رۆژهەڵات دەژیان و بۆیان دەرکەوت وەك خەڵکی تر پێویستیان بە کەلوپەلی مسە، لە هەمان کات بە هۆی ئەو وەحشییەتەی هەیانبوو لە جیاتی بە دەست هێنانی بە رێگەی بازرگانی، وایاندەزانی دەتوانن پێداویستییەکانیان بەهێز لە ئێرانییەکان بستێنن.

---

**(١٣) یەکەمین نەتەوە کە بازرگانیان کرد ئێرانییەکان بوون و یەکەم کەس کە مسیان بە شێوەی پارچەی بچووکی وەك پارە لێکرد، هەر ئەوان بوون و نەتەوەکانی تر ئەوکارە لە ئەوان فێر بوون. هی نینگ ئێراناسی گەورەی ئاڵمانی کە سێ پەرتووکی بە ناو بانگی نووسیوە و هەندێ لە پەرتووکەکانی وەرگێردراونە ئینگلیزی ئەو بابەتەی نووسیوە، زەبیحوڵڵا)**

باسکرا که بۆ بەدەست هێنانی ئاگر هێرشیان کرد و پێنج کەسیان کوشت و دواتر زۆرجار هێرشیان بۆ دەستبەسەردا گرتنی کەلوپەلی ئێرانییەکان، بەڵام هێرشەکانیان بەهێز نەبوون و دواجار وەك باسکرا دانیشتوانی باشووری ئێران یەکیان گرت بۆ رێگە گرتن لەو هێرشانەیان و پارێزگاری لە خۆیان.

تا ژیانی ئێرانییەکان باشتر دەبوو، هێرشی تۆرەکان زیاتر دەبوو. تا ئەوکاتەی دەریاچەی ناوەندی ئێران مابوو، تۆرەکان ژیانیان باش بوو و کێشەی خۆراکیان نەبوو و لە دەورەی دەریاچە و ناو جەنگەلەکان راوی ئاژەڵیان دەکرد و بە خاوی دەیانخواردن، دواتر ئاگریان لە ئێرانییەکان وەرگرت و لە ئەوان فێری لێنانی خواردن بە ئاگر بوون. بەڵام بە وشکبوونی دەریاچەکە کەوتنە باری برسیەتی.

ئاشکرایە دارەکانی جەنگەڵ بە رۆژێك وشکنەبوون و ئاژەڵە گیاخۆرەکانیش بە دوو رۆژ ون نەبوون و تا ماوەیەك دوای وشکبوونی دەریاچەش، تورەکان (وڵاتەکەیان لە لایەن ئێرانییەکان بە تۆران ناو دەبرا) نێچیریان دەست دەکەوت و سکیان پێ تێر دەکرد. بەڵام ماوەیەك دوای وشکبوونی جەنگەڵەکان، بابەتی تێربوون و دەستکەوتنی خۆراك بۆ تورەکان واتای نەمانی ژیانی هەبوو و ببۆوە کارێکی ئەستەم و دژوار. ئەوان بە هۆی تەمبەڵیە نەیاندەتوانی یا نەیاندەویست کشتوکاڵی گەنم بکەن و ئاژەڵ پەروەردە بکەن.

کشتوکاڵ و ئاژەڵداری کاری دژوار و ئەستەم بوون و ئەوانیش دەبوایە ئەو شتومەکانەیان دەست کەوتبایە کە لای ئێرانییەکان هەبوون، بۆیە هێرشیان بۆ باشووری ئێران دەکرد و یەکەمین جەنگەکان لە نێوان ئێرانی و تۆرانییەکان لە سەر ئابووری بووە و دەکرێت بە یەکەم جەنگەکانی مرۆڤایەتی هەژمار بکرێن، لەوانەیە بەر لەوان جەنگی تر لە نێوان نەتەوەکانی تر روویدابێت بەڵام هیچ ئاسەواریان نەماوە و تەنها ئەو جەنگانەی نێوان تۆرانی و ئێرانییەکان ئاسەواریان ماوە.

هێرشی تۆرانییەکان دانیشتوانی باشووری ئێرانی هەراسان کردبوو، بۆیە داوایان لە ئێرانبان کرد کە زاناترین و بەهۆشترین ئێرانی بوو، تا رێگە چارەیان بۆ بدۆزێتەوە و ئەویش زابی هاوسەری رەوانەی باشوور کرد. زاب ماوەیەکی زۆر بوو باشووری نەدیبوو و لە دۆخی ئەوێ ئاگادار نەبوو، لە ئەوێ هەندێ شتی تازەی دیت، زاب دیتی خەڵك سواری گا دەبن هەروەك چوون خەڵکی باکوور سواری ئەسپ دەبن، هەروەها دیتی ئەوان دوو جۆرە دانەوێڵەی تریان

چاندووه و ناویان لێناون (گاو[١٤]) کە دەبۆوە خۆراکی گاکان، ئێرانیانی باشوور چاندنی ئەو دانەوێڵانە لە گاکان فێر ببوون و بۆیەش ئەو ناوەیان لێنا بوون.

یەك لەو دانەوێڵانە، ورد و بچووك بوو و تا ئێستاش لە باشوور و رۆژهەڵاتی ئێران بە دانەوێڵەی گا (گاورەس) ناوی دێت، دانەوێڵەکەی تر لە گەنم دەچوو و بەڵام باریك و درێژتر بوو و ئەویشیان بە (گاو) ناودەبرد، ئەو ناوە دواتر دووچاری سوان بوو و چونکە پیتی (گ) لە عەرەبیدا نییە، گۆڕا بە (جاو) و دواتر بوو بە (جۆ).

لەوانەیە بە لامانەوە سەیر بێت کە ئێرانیانی ئەوکات بۆ ناوی (گا) لە سەر ئەو دانەوێڵانە دادەنێن کە ئێستا بە (گاورەس، جۆ) ناودەبرێن، بەڵام وەك باسکرا لە ئێرانی کۆندا وشەکان سنوورداربوون و ئێرانییە سادەدڵەکان نەیاندەتوانی بۆ هەر بابەتێك ناوی تایبەت دابنێن و بۆیە ناوی (گاو) یان بۆ زۆر بابەت بەکارهێناوە و (گاو لە فارسی)، بۆ نموونە بۆ پیاوان (گاومەرد کە بۆتە کیومەرت و گیومەرت) و بۆ ژنانیش (گاوزەن کە دوای سوان بۆتە گەوەزن).

زاب هاوسەری ئێرانبان بە بینینی ئەو بابەتانە شادمان بوو و پرسیاری کرد ئایا ئەوان لە ئەوێ گەنم ناچێنن؟

خەڵك وتیان: لێرە گەنم ناچێندرێت، بەڵام لە کەناری دەریاچە و ئەو شوێنەی تۆرانییەکانی لێ دێن، گەنم هەیە.

کاتێك زاب بیستی لە ئەوێ دەریاچەیەك هەیە، ویستی بروات و بیبینێت. زاب دەریاچەیەکی بەرین و گەورەی بینی کە دەوروبەری جەنگەلی لێبوو و لە بەشێك لە کەنارەکانیدا خەڵك گەنمیان دەچاند.

زاب بەهەشتی سەرەتایی ئێرانییەکانی لە کیس چووبوو و کاتێك ئەو دەریاچەیە و جەنگەڵە گەورەکانی دەورەی دیت، تێگەیشت بۆ جارێکی تر توانیویەتی بەهەشت بدۆزێتەوە و بیری کردەوە کە نابێت لە سێڵك بژیات و ژیانیان لە سێلکەوە بگوازرێتەوە بۆ کەنارەکانی ئەو دەریاچەیە.

بارووداۆخی دەروونی زاب لەو کاتە لە کەسێکی دەوڵەمەند دەچوو کە سەروەتەکەی لە دەست دابێت و پاش ماوەیەکی زۆر لە بە هەژاری و سەختی بەسەر بردن، بەختی بگەڕێتەوە و هەرچی

**(١٤) (بۆ ئاسانکردنی بابەتەکە، وشەکان وەك خۆی گواستراوەتەوە و وشەی (گاو) فارسیە و مانی گایە و (گەوەزن) بریتییە لە مامز. وەرگێر بۆ کوردی)**

هەیبووە بێتەوە دەستی، ئەویش ڕێزی سەروەتەکەی بگرێت و نەیەوێت بە ئاسانی لە دەستی بدات، چونکە سەردەمی هەژاری فێری کردبوو کە نابێت بە ئاسانی سەروەتەکەی بدۆڕێنێتەوە.

زاب کە سالآنێك لە سێلك دووچاری کەمی ئاو و گەرمای زۆر ببوو و چاوی بە جەنگەڵ و دەریاچە نەدەکەوت، بینینی دەریاچە و جەنگەڵ و سەوزاییەکانی دەوروبەری بە ڕادەیەکی کاریگەری لەسەر دەروونی زاب کرد کە بە شێوەی کاتی کێشەی تۆرانییەکانی لە بیرچوو و بە خۆی وت: پێویستە بگەڕێمەوە و ئێرانبان لە بوونی ئەو دەریاچەیە ئاگادار کەمەوە و داوا بکەم سێلك جێ بهێڵێت و بێت تا لە ئێرە بژیات.

زاب گەڕایەوە و ئەوەی دیتبووی بۆ هاوسەرەکەی باس کرد و ئێرانبانیش وەك زاب کەوتە دڵخۆشی و وتی: ئەو دەریاچەیە دەتوانێت جارێکی تر خۆشبەختمان بکات، بەڵام ناتوانم خەڵکی خۆم لە سێلك جێ بهێڵم، جگە لەوەش ڕوودی دووەم کە جێنشینی منە لەگەڵ هاوسەرەکەی لە شاری گیانە و ئەگەر لێرە بڕۆم لە جێنشینەکەم زۆر دوور دەکەومەوە.

زاب وتی: بە ڕوودی دووەم و هاوسەرەکەشی دەڵێم تا لە گەڵ ئێمە کۆژ بکەن تا لە کەناری دەریاچەکە ژیان بەسەر ببەن.

دوای چەند ڕۆژ دوودڵی و بیرکردنەوە، ڕوود بڕیاریدا بە دانیشتوانی سێلك و شارەکانی تر بە تایبەتی گیان ڕابگەیێنێت کە دەیەوێت لە سێلك بڕوات و بچێتە کەناری دەریاچەیە ڕۆژهەلآتی ئێران بۆ ژیانی تازە تا لەو شوێنە ئەو خۆشبەختییەی لە کیسیان چووە، دووبارە بیدۆزنەوە و هەر کەسێك ئارەزووی هەیە دەتوانێت لە گەڵیان بێت و ئەوانەی ئارەزووی مانەوەیان هەیە، دەتوانن بەردەوامبن لە ژیانی ئاساییان لەو ناوچانە.

بەشێك لە خەڵك کاتێك زانیان لە ڕۆژهەلآتی ئێران دەریاچەی گەورە هەیە و جەنگەڵ دەورەی گرتووە و دەتوانن کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بکەن، بڕیاریاندا کۆچ بکەن سێلك بەجێ بهێڵن و بڕۆن لە کەناری ئەو دەریاچەیە ژیان ببەنەسەر، بەشێکی تریش بە هۆی مسگەری پێیان باشتر بوو لە سێلك بمێننەوە.

ڕوودی دووەم و تووەمی هاوسەریشی ڕازی بوون بۆ کۆژ کردنیان، بەو شێوەیە پایتەختی ئێران لە سێلکەوە گواسترایەوە بۆ کەناری دەریاچەی ڕۆژهەلآتی ئێران، کە دواتر بە دەریاچەی (هاموون) ناسرا.

# سەرەتای کۆچی ئێرانییەکان

پایتەختی تازەی ئێران جگە لەوەی دەکەوتە سەر ڕێگەی تۆرانییەکان، لە هەموو بوارەکانی تر لە سێلك باشتر بوو. دانیشتوانی کەنار دەریاچەی هاموون کاتێك بیستیان کە ئێرانبان پایتەختی خۆی بۆ ولاّتی سەرزەوی ئەوان گواستووتەوە، زۆر دڵخۆش بوون و ئەوەیان بە پاداشتی خۆر بۆ خۆیان ژمارد و دڵنیا بوون ئێرانبان ڕێگە لە تۆرانییەکان و هێرشەکانیان دەگرێت.

ئەو کاتەی پایتەختی ئێران گواسترایەوە بۆ کەناری دەریاچەی هاموون، دەتوانین بڵێین شارستانییەتی ئەوان بە تەواوەتی دارێژرابوو و ئەوان جگە لە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ڕستنی خوری، پیشەسازی مسیشیان هەبوو. بەڵام لە ڕۆژهەلاتی پایتەختی ئێران، تۆرانییەکان دەژیان کە نە کشتوکاڵ و ئاژەڵداریان هەبوو و نە کانزایان بەرهەم دەهێنا و نە دەیانتوانی قوماش بەرهەم بێنن و تەنها دەیانزانی سوود لە ئاگر وەربگرن و ئەوەش لە ئێرانییەکان فێرببوون.

چەند مانگ دوای هاتنی ئێرانبان بۆ کەناری دەریاچەی هاموون، گەورەترین هێرشی تۆرانییە برسیەکان کرایەسەر ئەو ناوچەیە، هەزاران تۆرانی برسی لە ژن و پیاو بۆ تێر کردنی سکیان و بۆ تالانی هەموو ئەو شتانەی دەیانتوانی بیبەن، هێرشیان کردە سەر ئەو ناوچەیە کە دواتر بە هۆی ناوی (زاب) بە ولاّتی زاب واتە زابۆلستان ناسرا.

رووودی دووەم خێزانی تووم ئەو پیشەسازییەی لە شاری گیان بەدەستی هێنابوو و بریتی بوو لە ڕستن و چنین، لە زابولستان پەرەی پێدا. توومی هاوسەریشی کە پیاوێکی بەهێز و توانا بوو و لە گەڵ ژن و منداڵەکانی هاتبوو بۆ ئەو شوێنە و بە هۆی سەرگەرم نەمانی بە تاشینی بەرد، کاتی زۆری هەبوو (دەزاندرێت کە ئەوان ئەوکات پێداویستییەکانیان لە مس بەرهەم دەهێنا)،

ئەو زۆربەی کاتەکانی بە ڕاو دەبردەسەر و بۆ ئەم مەبەستە بەردەوام لە دەشتەکانی دەورووبەری دەریاچەی هاموون لە گەڕان بوو و لە گەڵ گەڕان و ڕاودا خۆی گەیاندە ناوچەکانی باکوور کە شاخیان هەبوو.

زاندراوە سروشت و پێکهاتەی رووکاری زەوی لە سەردەمانی ئەوکاتدا لە ئێران زۆر جیاوازی هەبوو لە گەڵ ئێستا و ئەو بابەتە تەنانەت لە سەد ساڵی ڕابردووش گۆرانی بە خۆوە بینیوە و ئەو گۆرانەش بەشێکی بۆ سروشت و بەشێکی بۆ خەڵك دەگەڕێتەوە.

سروشتی ئێران بە هۆی باروودۆخی رووداوەکانی داخورانەوە بەرەو گۆران چوو و شێی زەوی زۆر کەم بۆوە و جەنگەڵە پڕ دارەکان وشکبوون، خەڵکیش بێ ئەوەی بزانن چ رووددەدات بوونە هاوکار بۆ وشکبوونی جەنگەڵەکان و بڕینی دارەکان و یارمەتیدەر بوون بۆ پرۆسەی داخورانی زەوی و لە ئاکام، بیابانی گەورە و دەشتی بەرین لە ئێران دەرکەوت.

کاتێك کە تووم دەچوو بۆ گەران و ڕاو بۆ دەشتەکانی دەوروبەر و لەوانەش دەشتەکانی باکوور، زەوییەکانی ئێران بە دار داپۆشراو بوون و گردەکان لەو ناوچەی ئێستا بە باشووری خۆراسان ناسراوە بە دار داپۆشرابوون. لەو شوێنە تووم ئاژەلێکی بینی کە پێشتر لە سێلك و گیان نەیدیت بوو، ئەو ئاژەڵە لە بناری چیاکان دەژیا و گوێی گەورە و سمی هەبوو، جارجاریش دەریزەڕاند و دووجۆری هەبوو: یەکیان گوێی درێژ و رەنگی سپی یا خۆڵەمێشی بوو، ئەوەی تر گوێکانی کورتترن و رەنگی پێستی لە خەت خەتی تەریب بە یەکتر پێکهاتبوو.

تووم توانی دوو ئاژەڵی خەت خەت بگرێت و بیباتە زابۆلستان، دوا ئەوە ئەو ناوچەیەی ئەو ئاژەڵە سمدارەی لێ دەژیا، لە لایەن تووم بە ناوچەی (کوهستان) ناسرا و تا ئێستاش تەنها سەرەتای ناوەکە گۆراوە بە (قوهێستان). ئەو ئاژەلانە ناویان لێندرا (گوور[1]) و دوای ئەوەی خەلك زانیان ئەو ئاژەڵە دەکرێت ماڵی بن و وەك ئەسپەکان سواریان بن و باریان لێ بنێن، چوون و زۆریان هێنان بۆ شارەکەیان.

دوای ماوەیەك تووم و هاوسەرەکەی بۆیان دەرکەوت کە جۆرەکەی تری ئەو ئاژەڵە کە گوێی درێژە و بە (کەر یا گوێدرێژ) ناو دەبرێت، ئاسانتر ماڵی دەکرێت و سوودی لە سواربوون و

(١) (گوور: واتە کەرە کێوی و دواتر لە فارسی گۆڕا بە (گورەخر) کە بە رێنووسی کوردی دەبێتە (گورەخەر). وەرگێر بۆ کوردی).

بارهەڵگرتن زۆرترە، بۆیە زیاتر گرنگیان بەو ئاژەڵەدا و پەروەردەی ئەوانیان پەرە پێدا و ژمارەیەکی زۆریان لە ناوچەکانی باشووری خوراسانی ئێستا گواستەوە بۆ زابۆلستان[٢].

رۆژێك لە کاتی گەڕاندا سەرەنجی توومی بۆ لای بەردێك چوو و ئەویش بەردەکەی لە گەڵ خۆیدا بردەوە بۆ کەناری دەریاچەی هاموون. ئێرانییەکان تواندنەوەی کانزاکانیان دەزانی و ئەو بەردەیان تواندەوە، دیتیان کانزایەکی جوانی وەك مسی لێ دەرچوو.سەرەتا وایانزانی مسە، ویستیان چەقو و کەلوپەلی تری لێ ئامادەبکەن، بەڵام کانزاکە زۆر نەرمتر بوو و ئەو شتانەی لێ بەرهەم نەدەهات، بۆ ئاسان بوونی کارەکەیان ئەو کانزایە و مسیان بەیەکەوە تواندەوە و کانزایەکی قایمتر دەست کەوت کە بۆ ئامادەکردنی کەلووپەل دەشیا. کانزا تێکەڵ کراوەکە، (بۆرۆنز) بوو و کانزای سەرەکیش زیو بوو.

دواتر بۆیان روون بۆوە ئەگەر کانزا تازەکە بکرێتە رووپۆشی مس، رێگر دەبێت لە ژەنگاوی بوونی مس. بەم شێوەیە مەترسی نەخۆشی هەوکردنی گەدە کە لە کاتی ئامادەکردنی خۆراك لە قاپ و قابلەمەی مس پەیدا دەبوو، دوای رووپۆش کردنی بە کانزای تازە نەما[٣]. تووم و هاورێ گەنجەکانی کاتی زۆریان بە گەڕان و ڕاو بەسەر دەبرد، جگە لە زیو توانیان قۆرقوشم بدۆزنەوە.

ئەوان پیاوانی بەهێز بوون و چاوەکانیان گەش بوو، توانای بینینی باشیان هەبوو و وەك هەریەکە لە پیاوانی کۆن، بەرانبەر سرۆشت هەستی بەدواداچوونیان هەبوو و کاتێك کە بەردێکیان لە دەشت دەبینی کە رەنگی تایبەت و جیای هەبوایە و پێشتر نەیاندیت بایە، دەیان بردەوە شار و نیشانی ئەوانی تریان دەدا، چونکە دەیانزانی بەردە کانزاکان دەتوێنەوە و لە کورەیان دەهاویشت.

ئێرانییەکان یەکەمین نەتەوە بوون کە بەردی ئاسنیان دۆزییەوە و لە کورەیان هاویشت بۆ تواندنەوە، بەڵام بە هۆی کەمی گەرمای کورەکانیان، نەیانتوانی بەردی ئاسن بتوێننەوە. ئێرانییەکان باش دەیانزانی ئەو شتەی لە کورەیان داناوە جۆرە کانزایەکە کە ناتوێتەوە و بۆیە ناویان نا (ئا هن) یا (ئا هان) یا (ئا گن) واتە ئەو شتەی ناتواندرێت بتوێندرێتەوە، هەرچەندە سەرەنجام ئەویشیان تواندەوە و توانیان زۆر شتوومەکی لێ ساز بکەن.

---

**(٢) (کەر ئاژەڵێکە کە لە سەردەمانی کۆن لە ئێران دەژیا و هەروەها کەرەکێوی لە ئاژەڵە ئێرانییەکانە ورەگەزی کەر لە ئێرانەوە چووە بۆ وڵاتەکانی تر. فرانتێز ئاڵ تایم ئێراننانسی ئاڵمانی بە ناوبانگ)**

**(٣) (یەکەمین نەتەوە کە قەڵایان لە تێکەڵ کردنی مس و زیو دەست کەوت، ئێرانییەکان بوون، هەر ئێرانییەکانیش بۆ یەکەمجار سپی کردنی رەنگی مس سوودیان لە زیو دیت. فرانتێز ئاڵ تایمی ئاڵمانی.)**

نەزاندراوە ئاسن لە چ کاتێکدا توێندراوەتەوە، بەڵام زاندراوە زابۆلستان و خوراسان ئەو کارە ئەنجام دراوە و هەروەها نەزاندراوە لە خوراسانەوە بەردی ئاسن براوەتە زابۆلستان یان لە شوێنی ترەوە. بەڵام بە گشتی وەك چوون ئێرانییەکان تواندنەوەی مسیان دەست پێکرد، ئاواش یەکەم نەتەوە بوون ئاسنیان تواندەوە و بە جیهانیان ناساند و زۆر شتیان لیَ دروستکرد.

هەرچەندە دواتر نەتەوەکانی تری ناوچەکە بە تایبەتی ئەو نەتەوانەی لە شوێنی تورکیای ئێستا دەژیان ئاسنیان تواندەوە و لە بەرهەم هێنانی کەلوپەلی ئاسنین بوونە پسپۆر، بەڵام هەر ئێرانییەکان یەکەم کەس بوون کە تواندنەوەی ئاسنیان بە نەتەوەکانی تر ناساند. ئەگەر نەتەوەکانی ئێران ئاسنیان نەتواندبایەوە و کەلوپەلیان لێوە دروست نەکردبایە، لەوانە بوو تواندنەوەی ئاسن هەزارانساڵ پاش بکەوێت[٤].

هێشتا تواندنەوەی ئاسن لە ئێران دەستی پێنەکردبوو و ئێرانبان و رووداوی دووەم و هاوسەرەکانیان و ئێرانییەکان سەرگەرمی ژیانی ئاسایی بوون و وەك جاران کشتوکاڵ و پیشەسازی و پەروەردەی ئاژەڵ و دروستکردنی قوماشیان بەردەوام دەکرد کە رووداوێکی گەورە و نەخوازراو روویدا و بریتی بوو لە هێرشی گەورە و لە ناکاوی تۆرانییەکان بۆ سەر ئێران.

پێویستە سەرەنجی ئەو ڕاستییە بدەین کە تۆران لە رۆژهەڵاتی زابۆلستان بوو و نەك باکووری خۆراسان و ئێستا ناوچەی بلوچستانی پاکستان، پاتانستان و بەشێك لە ناوچەی تۆرەکان دەگرێتەوە و تۆرانییەکان تەواوی ئەو ناوچە بەرینەیان بەردەست بوو و تاکە سەرچاوەیان بۆ بژێو ڕاو بوو، کشتوکاڵی و پیشەسازیان نەدەکرد.

هەندیَ جار بە هۆی نەمانی گژ و گیا، ئاژەڵەکان کەم دەبوونەوە و بەمەش تۆرەکان دەکەوتنە برسیەتی. تۆرانییەکان دەیانزانی لە زابۆلستان خۆراك زۆرە و ژمارەیەکی زۆر ئەسپ، مەر، گا، مریشك، کەر، گەنم و مراوی هەیە، گوشاری برسیەتی ناچاری کردن هێرش بکەنە سەر ئەوان بۆ ئەوەی خۆراکیان دەست کەوێت.

ئەوان دەیانزانی دانیشتوانی ئەویَ، ژن و پیاوانی بەهێزن و بەرەنگاریان دەبنەوە و لەوانەیە لێیان بکوژن، بەڵام وێڕای ئەوەش برسیەتی تەنگی پیَ هەڵ چنی بوون و بۆیە بەو مەرجەی کە

**(٤) (لەوانەیە ئەو بیرکردنەوە زۆر دوور بێت لە ڕاستی کە ئەگەر ئێرانییەکان ئاسنیان نەدۆزیبایەوە، لەوانەبوو هەزاران ساڵی تر ئەو کارە نەبوویایە و باشتر وایە کە نەتەنها زەبیحوڵڵا بەڵکو کەس ماف بەخۆی نەدات لێکدانەوەی بەم شێوەیە بکات. وەرگێر بۆ کوردی)**

سکیان تێر بێت، کوژرانیان لا ئاسانتر بوو و دەیان هەزار ژن و پیاوی تۆرانی بە دار و چەقوی مس هێرشیان کرد بۆ زابۆلستان.

زۆرجار تۆرانییەکان هێرشیان کردبوو و لە لایەن ئێرانییەکانەوە پاشەکشەیان پێکرابوو، بەڵام پێشتر رووینەدابوو، کە بەو ژمارە زۆرە و بەو توندییە هێرش بکەن، ئەوان هەر ئێرانییەکیان دەدیت دەیانکوشت و گوێیان نەدەدا کە ژنە یان پیاو و تەنانەت منداڵیشیان دەکوشت، چونکە ئەوان هیچ جۆرە بەزەییان نەبوو. ئەوان تا ئەوکاتەی برسی بوون مەڕ و مانگا و پەلەوەرە و کەرەکانیان دەکوشت و دەخوارد تا سکیان تێر بکەن. دوای تێر بوونیشیان ئاژەڵەکانیان دەکوشت، تەنها بۆ لەناو بردنیان و ئەوەندە عقلیان نەبوو کە ئەو ئاژەڵانە بۆ خۆیان بەرن و دەیانکوشتن، تەنانەت هەندێ کات بۆ خواردنی میوەیەك، ئەگەر توانیبایان دارەکەیان دەشکاند و ئەوجار میوەکەیان دەخوارد.

کاریگەری ئەو هێرشەی تۆرەکان بۆ زابۆلستان وەك کاریگەری تۆفان یان لافاوێکی بەهێز و ترسناك بوو بۆ ئەو شوێنە، ئەوان هەرچی کەوتبۆوە سەر رێگایان کوشتیان و هەموو ئاژەڵەماڵیەکانیان لە ناو برد.

هاوسەری روود واتە تووم کە شارەزای شاخەکان بوو و دەیزانی لە شاخەکاندا شوێن هەیە کە دەتوانن لێیان بژین و هەروەها زانی ناتواندرێت رێگە لە تۆرانییەکان بگیرێت و بۆیە داوای لە ئێرانبان کرد کە فەرمان بکات تا بەرەو شاخ بچن و لەو شوێنە کە بە قوهستان ناوی دەبرا بمێننەوە.

ئێرانبان ئامۆژگاری زاواکەی لە گوێ گرت و فەرمانیدا ئەوەی دەیەوێت ژیانی پارێزراو بێت بەرەو قوهستان بروات و ئێرانییەکان بەشێکیان بە سواری کەر و ئەسپ و گا و بەشێك بە پیادە کەوتنەرێ و زابۆلستانیان بەرەو شاخەکان جێ هێشت و ئەوەی پێویستیان بوو لە گەڵ خۆیان برد و لەوانەش ئاگر کە بەهۆی نەدوزرانەوەی (بەرد ئەستێ) پێویستییەکی بەردەوامبوو و ئاگر کردنەوە ئاسان نەبوو.

پاش گەیشتنیان بۆ شاخەکان کە لە باشووری خوراسانی ئێستا بوون، یەکەم کار کە ئەنجامیاندا دروستکردنی ئاگرخانە و دانانی ئاگر بوو لە ناوی، چەند کەسێکیان راسپارد بۆ ئەوەی بەردەوام دار بخەنە سەر ئاگرەکە و پارێزگاری لێ بکەن تا نەکوژێتەوە.

دوای ئەوەی تۆرانییەکان کوشتارێکی زۆریان کرد و ئێرانییەکانیان ناچار بە کۆچ کرد، بوونە خاوەنی زەوی و زار و ئاوێکی زۆر و ناوچەی زابۆلستان کەوتە دەست ئەوان. کاتێك ئێرانییەکان رۆیشتن، زەوییەکانی کشتوکاڵی سەوز بوون و ئاژەڵە خۆماڵیەکان لە دەوروبەری شار بوون و پەلەوەرەکانیش لە دەوروبەری ماڵەکان دەگەڕان و ئاگریش لە ئاگرخانە هەبوو.

ماوەیەکی زۆر کەم دوای رۆیشتنی ئێرانییەکان، سەرەتا ئاگری ئاگرخانەکە کوژایەوە و تۆرانییەکان تەواوی ئاژەلە خۆماڵی و مریشك و کەڵەشێرەکانیان کوشت. دواتر زەوی و زارەکان و باغەکان و ئەو شوێنانەی کە میوەیان لێ بوو وشکبوون، ئەوەش دەگەڕاوە بۆ ئەوەی ئەوان نەیاندەزانی کشتوکاڵ بکەن و ئاژەڵ و پەلەوەر بەخێو بکەن و ئەو زانستانەیان نەبوو، لە لایەکی تر ئامادە نەبوون خۆیان ماندوو بکەن و فێر بوون نانی بەبێ ماندوو بوون بخۆن. ئاشکراشە بە بوونی ئەو سروشتانە لە مرۆڤەکاندا، پیشەسازیش لە شارەکە دەکەوێتە پاشەکشە و نەمان.

تۆرانییەکان ئەوەندە لەوێ مانەوە تا خۆراك نەما و هەرچی توانیان بە نەزانی وێرانیان کرد و سەر لە نوێ دووچاری قاتوقوری بوون، بڕیاریاندا هێرش بکەنە سەر رۆژئاوای ئێران و شارەکانی تری ئەو وڵاتە تالان بکەن، بەڵام دەیانزانی بەرەو وەرزی زستان دەچن و ئەگەر بەرەو باکوور یان رۆژئاوا بچن، لە سەرمان دەمرن و ناچار لە زابۆلستان مانەوە و پاش ماوەیەك بە هۆی نەمانی خواردنەوە کەوتنە کێشە و بە ناچاری کەوتنە خواردنی لاشەی ئەو ئاژەڵانەی کوشتبوویانن و بە هۆی ئەو مردوو خواردنە، نەخۆش بوون و یەك لە دوای یەك مردن.

تۆرانیان لە خاکی پڕ بەرەکەتی زابۆلستان لە برسان و بە نەخۆشی مردن، ئێرانبان و بنەماڵەکەی و ئەوانەی لەگەڵیدا لە ترسان رۆیشتبوون بۆ زابۆلستان، بە زوویی نەگەڕانەوە بۆ ئەوێ. ئەوان لە قەهستان سەرەتایەکی تری پتەویان بۆ ژیان دارشت و لە زەوییە سازگارەکانی دامێنی شاخ کشتوکاڵیان کرد، پاش ماوەیەك بۆیان دەرکەوت ئەو زەویانە وەك زەوییەکانی سێلك ئاودێریان ناوێت و بە ئاسانی گەنم و جۆیان لێ بەرهەم دێت.

لە ئەوێ هەموو شتێك لەبار بوو بۆ پەروەردەی ماڵات و پەلەوەر، سەوزایی مەزن و گیای زۆر هەبوو، ئێرانبان و بنەماڵە و کەسوکاری بە بێ ترس لە تۆرانییەکان مەڕوماڵاتی خۆیان لە لەوەرگەکانی ئەو پێ دەشتانە ئازاد دەکرد.

یەك لەو رووداوانەی لە قەهستان بۆوە جێگەی سەرسوڕمان، بەرهەمی جووت کردنی نێرەکەرێك لە گەڵ ماینێك بوو کە ئێستری لێ کەوتەوە. تووم هاوسەری رووەدی دووەم چەند

ئێسترێکی ماڵی کرد و بینی ئەوان بۆ بار هەڵگرتن زۆر بەهێزترن لە ئەسپ، بە تایبەتی لە سەرکەوتنی شاخ کەمتر ماندوو دەبن و وەك ئەسپ نین کە زوو لە هەوراز دەکەون یا دەپسێن.

تووم لە شاخ چەندین کاتژمێر بێ ماندوو بوون بە ئاسانی رێگەی دەبڕی، هەر چەند پێشتر ئەو ناوچەیە کەسی لێ نیشتەجێ نەبوو بەڵام بە درێژایی هەزاران ساڵ ئاژەڵە کێویەکان لەو ناوچانە هەبوون و بزنە رێگایان دروستکردبوو.

لە لایەکی تر روودی زانا بۆی دەرکەوت هەموو جۆرەکانی گژ و گیا بە سوودن و بەو رێگەیە خۆراکە تەواوکارەکانی دۆزییەوە. تا ئەوکات ئێرانییەکان خۆراکەکانیان بەجیا ئامادەدەکرد و هیچ شتێکیان نەدەکردە ناویان، روودی ئێرانبان هەموو رووەکەکانی بەجیا تاقی کردەوە و بە لە گەڵ خواردن ئامادەی کردن، تێ گەیشت هەندێکیان تامی خواردن خۆشدەکەن و بەشێکیان بە پێچەوانەوە نەتەنها خۆشی ناکەن، بەڵکو تامی تاڵ و ناخۆشی پێ دەبەخشن.

یەك لەو گیایانەی خواردنی زۆر تاڵ دەکرد بریتی بوو لە (کۆکنار)، قەدی ئەو رووەکە خواردنی تاڵ نەدەکرد و میوەکەی بە پێچەوانەوە بوو، (ئەنقوزە) یەك لەو رووەکانە بوو کە خواردنی زۆر تاڵ دەکرد و لە شاخەکانی قەهستان بە فراوانی دەست دەکەوت، ئێرانییەکان فێربوون کە لە کاتی تینویەتی دەتوانن بۆ نەهێشتنی تینویەتی، قەد و رەگی ئەو رووەکە بجوون و شیراوکەکەی بخۆنەوە، بۆیە لە کاتی نەبوونی ئاو لە شاخدا سوودیان لەو رووەکە دەدیت.

یەك لەو رووەکانە تامی خواردنی خۆشدەکرد (پونگ) بوو، کە لە کەناری ئاوەکان بە شێوەی خۆ ڕسك دەڕوا، دواتر بۆیان دەرکەوت ئەگەر دەنکەکانی بچێندرێت ئەوا دەروێتەوە. پونگ تەنها لە وەرزی بەهار هەبوو و ئێرانییەکان تامەکەیان زۆر پێخۆش بوو و ئارەزوویان دەکرد هەمیشە ئەو رووەکە لە خواردن بکەن، بۆیە چاندنی ئەو رووەکەیان دەست پێ کرد و لە ئەنجام رووەکێکی خۆشتر دەست کەوت کە ئێستا بە (نعنا) ناسراوە. دواتر روودی دووەم بۆی دەرکەوت گوشراوی ئەو رووەکە وەك دژە ژەهرە و ئەگەر بخرێتە سەر ئەو شوێنەی لەشی مرۆڤ کە مار گەستوویەتی، ئەوا لە توندی ژەهری مار کەم دەکاتەوە و ماران گەزەکە نامرێت.

رووەکێکی تری شاخی (جەعفەری) بوو و تەنها لە وەرزی تایبەتی خۆی هەبوو و ئێرانییەکان هەوڵیاندا ئەو رووەکە بچێنن. لە سەرەتا ئەو رووەکە زۆر بەرچاو نابێت و دواتر ناسك دەبێتەوە و بۆنی خۆشی لێ دێت. ئەگەر بمانەوێ ناوی ئەو رووەکانە ببەین کە

ئێرانییەکان سوودیان لێ وەرگرتوون، بابەتەکەمان زۆر درێژ دەبێتەوە و بۆ رێگرتن لەو کارە، لە زانیاری ئێرانییەکان لە مەر ئەو رووەکانەی لە بواری پزیشکی سوودیان هەبووە دەدوێین.

سەرەتا کەس بۆ زانینی بواری پزیشکی رووەکەکانی بەکار نەدەهێنا و تەنها دەیان ویست تام و بۆنیان لە ناو خواردن بزانن، دواتر لە بەکارهێنانی رووەکەکاندا دەرکەوت کە هەریەکەیان لە بواری پزیشکی سوودی تایبەتی هەیە و ئاشکرایە ئەو تێگەیشتنە بە ماوەیەکی کەم یان بە تەنها بە تەمەنی یەك یا دوو نەوە نەکراوە و ماوەی سالانێکی زۆری خایاندووە تا ئەوە تێ بگەن.

ناسینی رووەکە پزیشکیەکان هەرچوونێك بێت لە قەهستان و لە لایەن ئێرانییەکان و بە تایبەتی ژنەکان دەستی پێکرد و گەیشتە شوێنەکانی تر، دەتوانین بە راشکاوی بڵێین لە جیهانی کۆندا هەموو جۆرەکانی رووەکە دەرمانییەکان بە هۆی ئێرانییەکانەوە ناسراوە و ناسینی تایبەتمەندییە پزیشکیەکانی رووەکەکان کارێك بوو کە لە ئێرانەوە دەستی پێکرد.

هەروەها تا رادەیەك دەتوانیین دڵنیا بین لە ئەوەی ژنەکان بە هۆی گەڕان بە دوای تامی رووەکەکانەوە، توانیان خەسڵەتە دەرمانییەکانی رووەکەکان بدۆزنەوە و هەستی بە دواداچوونی ئەوان لە پیاوان زۆرتر بوو.

لە سەردەمە زۆر کۆنەکانەوە خەسڵەتە دەرمانییەکانی هەندێ رووەك لە لایەن ژنە ئێرانییەکانەوە ببوو بە هۆی چارەسەرکردنی هەندێ نەخۆشی بەو رووەکانە و تەنانەت توانیان رێگە لە خوێنبەربوونی هەندێ لە ئەندامەکانی جەستە بگرن و رێگەیان لە هەندێ خوێن بەربوونی نائاسایی ژنان دەگرت. بە رەچاو کردنی ئەو ڕاستییە دەکرێت بە بێ دوودڵی و گومان بگوترێت یەکەمین پزیشکەکانی ئێران، ژنان بوون و خەڵك بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان سەردانی ئەوانیان دەکرد[٥].

ژیان و هاتووچووی بەردەوامی ئێرانییەکان لە قەهستان و گەڕان بەدوای رووەکەکان، ئەوانی زیاتر بەرەو باکوور برد و رێگەی بۆ دانانی پێگەی ژیان تازە لە باکووری قەهستان واتە خوراسانی ئێستا کە پێشتر ئاوەدان نەبوو بۆ کردنەوە. لە رابردوو هەندێ مێژووناس تەنها بە

**(٥) (لەوانەیە ئەو بیرکردنەوە زۆر دوور بێت لە ڕاستی کە ئەگەر ئێرانییەکان ئاسنیان نەدۆزیبایەوە، لەوانەبوو هەزاران ساڵی تر ئەو کارە نەبوویایە و باشتر وایە کە نەتەنها زەبیحوڵڵا بەڵکو کەس ماف بەخۆی نەدات لێکدانەوەی بەم شێوەیە بکات. وەرگێر بۆ کوردی)**

پشت بەستن بە گریمانەکان رای وایان هێناوەتە کایەوە کە وەك وەحی لێهاتووە و ئەگەر پێیان بگوترێت کەوا نییە، وەك روو وەرگێران لە زانست هەژماری دەکەن.

یەك لەو گریمانانە دەڵێت ئاریاکان لە باکوورەوە هاتوونە خوراسان، لە کاتێکدا کە ئەوان بۆ گریمانەکەیان پشتیان بە رووداوە مێژووییەکان نەبەستووە و لە ڕاستیدا ئاریاکان لە باشوورەوە هاتوون، ئەو مێژووناسانەی ئەو بابەتەیان وروژاندووە هەرگیز نەهاتوون رێگای تێپەڕبوونی ئەوان دیار بکەن و پێمان بڵێن بۆچی ئاریاکان کەنارە پڕخێرەکانی رووبارەکانی (سیحون و جیحون) یان جێهێشتووە و خۆیان داوەتە دەست بیابانە وشك و بێ کەڵکەکانی تورکستان و لەو رێگەیەوە گەیشتوونەتە خوراسان.

راستی جیاوازە لەو بابەتە و خوراسان لە لایەن ئەو خەڵکەوە ئاوەدان کراوەتەوە کە لە باشوور هاتوون و ئەو ئێرانیانە بوون کە لە زابۆلستانەوە چوونە قەهستان و لەوێوە هاتوونە کەنار رووبارە پڕ ئاوەکانی ئەوێ. (ئەگەر ئەو رووبارانە ئێستا نەمابن، بەڵام هاوکات دۆڵەکان شوێنەواریان هەیە.)

رێگەی کۆچی نەتەوەکان لە ڕابردوو بە شێوەیەك بووە کە توانای گۆرینیان نەبووە، چونکە ئەوان نەیان توانیوە لە شاخ و دەریا و بیابان تێپەڕ بن، هەرکات لە شاخ رۆیشتوون ئەوا بەو رێگایانەدا رێیان کردووە کە هەزاران ساڵ ئاژەڵەکان پێیاندا رۆیشتوون (لە کوردەواریدا ئەو رێگەیانە بە بزنەرێ یا بزمارە رێ ناسراون).

لە سەردەمەکانی دواتر کە شارستانییەت پەرەی گرت، هەندێ نەتەوەکان توانیان لە کاتی جەنگ یا کۆچ لە سەحراکانەوە برۆن و بۆ نموونە مەغولەکان لە سەحرای قەرەقۆمی تورکستان پەرینەوە و هاتنە خوراسان، بەڵام هەڵبەت بە کەنارەکانیدا هاتن کە ئاوی لێ بوو.

نەتەوە سەرەتاییەکان کە بە ناچاری کۆچیان دەکرد، توانای تێپەڕبوون بە سەحرا وشکەکانیان نەبوو و گومانیشمان نییە کە کەسانێك بیانەوێت بڵێن ئاریاکان بۆ دۆزینەوە جوگرافیاییەکان سەفەریان کردووە و یا لەبەر خۆشەویستی خۆر، بەدوای زانینی شوێنی خۆرهەڵات و خۆرئاوا بووندا گەڕاون، چونکە ئەگەر ئاواش بوایە ئەوا هێلی سەفەریان دەبوایە لە رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاوا بوایە، نەوەك لە باکوور بۆ باشوور وەك ئەو مێژوونووسانە نووسیویانە.

دوای ئەوەی ئێرانییەکان هاتنە ناوچەی خوراسان و لەوێ نیشتەجێ بوون، هەندێ جۆری میوەیان دۆزییەوە کە زۆر بە تام بوون و لە قەهستان دەست نەدەکەوتن[٦].

لە خوراسان سەرەتا روود و دوای ماوەیەکی کەم هاوسەرەکەی زاب کۆچی دواییان کرد و رووودی دووەم بۆوە پاشا لە جیاتی دایکی، واتە بووە پاشای ئێران.

رووودی دووەم پاشایەکی زۆر زیرەك و زانا بوو، لە سەردەمی دەسەلاتی ئەودا چەند رووداوێکی بەرچاو روویاندا و لەوانەش جیابوونەوەی راناوی ژن و پیاو لە یەکتری بوو، تا ئەو کات ژن و پیاو بە گشتی بە (مەن) ناویان دەبرا و لە کاتی وتووێژدا کە ئەو وشەیە بەکاردەهات، نەدەزاندرا باسی پیاو دەکرێت یا ژن.

رووودی دووەم وشەی (زەن) ژنی لە جیاتی (مەن)، هێنایە ناو زمانی ئێرانی و ئەو وشەیە لە زمانی ئێرانییەوە رۆیشتە ناو هەموو زمانەکانی نەتەوە ئارییاییەکان و ئێستاش لە زمانەکانی ئەورووپی و ئینگلیزی و .... هتد دەبینرێن.

دووەمین رووداو لە سەردەمی رووودا ئەوەبوو کە ئەو جوان دۆستی (ئستاتیکا) بۆ جاری دووەم لە ناو ئێران زیندووکردەوە، یەکەمجار جوان دۆستی لە شاری سێلك لە رێگەی کێشانی وێنە لە سەر گۆزەکان هاتە کایەوە. ئەو جارە جوان دۆستی لە لایەن روود بە چاندنی گوڵی جوان دەستی پێکرد و ئێرانییەکان بە هاندانی ئەو کەوتنە چاندنی گوڵ بۆ جوانی و رەنگ و بۆنەکەی.

هەزاران ساڵ پێش ئەوەی شارستانییەتی ئەورووپا دەربکەوێت، ئێرانییەکان گوڵیان خۆشدەویست و پەروەردەیان دەکرد و بۆنەکەیان دەگرت. زانیاریمان نییە کە یەکەم بۆن لە سەردەمی کام خانم کە پاشای ئێران بووە بەدەست هاتووە، بەڵام یەکەم بۆن لە ئێران لە گوڵ وەرگیراوە و بەخشینی گوڵ بە دیاری، لە لایەن ئێرانییەکانەوە فێری جیهانیان کراوە. چاندن و پەروەردەی گوڵ لەسەردەمی دەسەڵاتی رووودی دووەم و خانمانی دوای ئەو ئەوەندە پەرەی گرت کە لە تەنیشت هەر ئاگرخانەیەك، (گەرمخانە) گوڵخانەیەك ئاوەدان دەکرایەوە. تەنانەت لە ئاگرخانەی شاری بەلخ کە بە ئاگرخانەی بەهار ناسراوە، گوڵخانەیەك دروستکرا کە نزیکەی پێنج سەد کەس کاریان لێ دەکرد و سەقفی ئەو گوڵخانەیە هاوینان لادەدرا و زستانان

---

(٦) (تەواوی میوە ناسراوەکانی ئەورووپا بریتین لەو میوانەی لە ئێرانەوە بۆ ئەورووپا چوون و بەشێك لەو میوانە وەك سێو، قۆخ، هەنار، ئاڵبالو و کالەك کە لە وڵاتە ئەورووپییەکان دەبیندرێن، لە ئێران گواستراونەتەوە بۆ ئەورووپا و تا ئێستاش جۆرە باشەکانی لە ئێران هەیە. ماریژان مۆڵە زانای فەرەنسی)

دادەنرایەوە بۆ ئەوەی گوڵەکان لە سەرما بپارێزرێن. بۆیە دەڵێین ئەگەر ئێستا لە هەر شوێنێکی دونیا گوڵ پەروەردەدەکرێت، جا بۆ بۆن بێت یا بۆ بەر، ئەوا بێگومان لە ئێرانیان فێر بوون.

ڕووداوێکی گرنگتر لە هەردوو ڕووداوی سەرەوە کە لە لایەن ڕوودی دووەم داندرا، بیری خودا پەرستی بوو و هۆکەی دەگەڕایەوە بۆ زانیاری زیاتری ڕوودی دووەم لەمەر ئەستێرەکان بە بەراورد لە گەڵ دایك و بابی، ئەو دەیزانی هاتووچۆی ئەستێرەکان هەروا نییە و بەرنامەیەکی پوختی لە پشتە.

تا ئەوکات ئێرانییەکان خۆر پەرست بوون و هەموو شتیان لە خۆر دەزانی، بەڵام ڕوودی دووەم نەتەوەکەی تێ گەیاند کە کەسێك بە ناوی (مەرد) خۆری دروستکردووە، هەر ئەو ئاسمان و زەوی و ئەستێرەکانی ئافراند، هەموو توانایەکی هەیە، هەر هەبووە و هەردەبێت و هەموومان دەبێ بەرفەرمانی بین و (مەرد) واتە خوا[٧].

ووشەکانی (مەرد، مەرت، مەزد، مەردا، مەزدا، سۆزدا و مۆزدا و ... هتد) بە گشتی لە وشەی (مەرد) وەرگیراوە و واتای خودا دەدەن، لە سەرەتا ئەو وشەیە بە مانای نێرینەی مرۆڤ نەبووە و دوای ئەوەی پیاو بە هۆی هێزی بازوەکانی بە سەر ژن کە فەرمانرەوا بوو، سەرکەوت و دەسەلاتی لە ژن وەرگرتەوە، وشەی مەرد بۆ نێرینەی مروڤ بەکارهات.

هاتنە ئارای بیری خواپەرستی لە لایەن ئێرانییەکان یەك بوو لە ڕووداوە سەرسورهێنەر و بەرچاوەکانی ئێرانییەکان و ئەوان بە تێگەیشتن و هێنانە ئارای ئەو بیرکردنەوەیە، گەورەترین هەنگاویان بۆ فرێدانی شتە بێ بنەما و پووچەکان نا و سەرئەنجام خزمەتێکی گەورە بوو بە مرۆڤایەتیو بیری خواپەرستی کە ئێرانییەکان گەیاندیانە نەتەوەکانی تر، ڕێگەی پێشکەوتنی بۆ مرۆڤ والا کرد و بەرەو قۆناغێکی تازەی برد، هەروەها مرۆڤی لە بندوباوی بابەتە پڕوپوچەکان و هەموو جۆرە خوا ناراستەکان رزگارکرد.

پرستینی هەتاو، مانگ، هەورە بروسکە، ئەستێرەکان، باران، بەفر، دارەکان، بەرد و جۆرە ئاژەڵە جیاکان، بە رادەیەك کۆت و بەندی بۆ مرۆڤەکان دانابوو و سنووورداری کردبوون کە نەیاندەتوانی بچوکترین هەنگاو بۆ پێشکەوتن بنێن، بیری خواپەرستی ئەوی رزگارکرد لە کۆت و بەند و سنووری سەدان خودای خەیاڵی و رزگاری کرد تا بێ ترس لە هەتاو و مانگ و

---

**(٧) (لە پەرتووکی- وشەی مەردی ئێرانی-نووسینی زانای بریتانی-ویلیام بایلی_وەرگێراوە، ناوبراو پەرتووکی تری سەبارەت بە ئێران نووسیوە.)**

ئاژەڵەکان و ... هتد ڕێگای پێشکەوتن و پیشەسازی بگرێتەبەر و نەترسێت لە سنووری بوونەوەرەکانی جیهان. ئەو شانازییە گەورەیە هی ئێرانییەکانە ئەگەر پێشکەوتنی ئەوان لە ژێر سێبەری پەرستینی خودای تاك ئەو هەموو داهێنانانەی لێ نەکەوتبایەوە، تا ئێستا جۆری مرۆڤ لە ئەشکەوتەکان دەژیا و بۆ بەدەست هێنانی پارووی ڕۆژانەی لەگەڵ ئاژەڵەکان دەجەنگا.

تووم هاوسەری رووود هەر وەك جاران بەردەوام لە شاخ و دەشت دەگەڕا و هەندێ جار ئەوەندە دوور دەکەوتەوە کە بە چەند ڕۆژ نەدەگەیشتەوە ماڵەکەی، جارێك لە کاتی گەڕاندا جەنگەلێکی بەرچاو کەوت کە زۆر گەورە بوو و هەزاران ئاژەڵ تەنانەت ئاژەڵە درندەکانیشی لێ بوو.

تووم دوای گەڕانەوە بۆ خۆراسان زۆر باسی ئەو ناوچە جەنگەڵی و جوانەی کرد، ئەمەش بۆوە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی ئەوێ بیانەوێت بچن و ئەو شوێنە ببینن، لەوانەیە ئەوە یەکەم جار بووبێت ئێرانییەکان بیانویست بێت بۆ گەشتوگوزار بچنە شوێنێك. ئەوان چوون و جەنگەلێکی گەورەیان بینی کە دەکەوتە ڕۆژهەلاتی دەریای خەزەر و دەریاچەیەکیش کە زۆر لە دەریاچەی هاموون گەورەتر بوو.

ئەو ئێرانیانەی گەیشتنە دەریای خەزەر، دەریای ناوەندی ئێرانیان نەدیت بوو و گەورەیی ئەو دەریایەیان نەدەزانی، چونکە ئەوانەی دەریای ناوەراستیان بینی بوو، مردبوون و نەوەی دوای ئەوانیش مردبوون و ئەوان تەنیا دەریای هاموونیان بینی بوو و بەراوردیان بە یەکتری دەکردن و زانیان کە دەریای خەزەر زۆر گەورەترە و بەرینترە لە دەریاچەی هاموون.

ئەگەر ئێرانییەکان شارەزای دۆخی ژیان لە دەریای ناوەندی ئێران بووانە، تێدەگەیشتن دۆخی دەریای خەزەریش هەروەك دەریای ناوەندی ئێران بوو و بەردەوام سەوز و جوان بوو، پڕ بوو لە جۆرەکانی باڵندە بە تایبەتی مراوی و خۆتکا و چکاوك (جۆڕە)، کە گۆشتیان دەخوراو و زۆر بەتام بوون، لە کەنارەکانی خەزەر ئەوەندە ماسی هەبوو کە لە کاتی کۆچدا ڕووکاری ڕووبارەکانیان دادەپۆشی و وادەزاندرا کە پێکهاتەی سەرەکی ماسییە لە ڕووبار نەك ئاو.

ئێرانییەکان تێگەیشتن کە ژیان لە کەنارەکانی خەزەر زۆر ئاسانترە لە ژیان لە خۆراسان، چونکە هەموو جۆرە خۆراکێکی لێ دەست دەکەوێت و داریش ئەوەندە زۆرە کە ئەگەر هەزاران

ساڵ دار بۆ ئاگر کردنەوە بەکار بێنن تەواو نابێت و بۆیە بەشێکیان بڕیاریاندا بەشی رۆژهەڵات و ناوچەیەك لە باشووری دەریاچەکە بکەنە نیشتنگەی خۆیان[٨].

ئەو ئێرانیانەی لە خۆراسانەوە هاتنە کەنارەکانی خەزەر، لە ناوچەی (ئەستەر ئاباد) واتە گۆرگانی ئێستا و بەشێك لە مازەندەران نیشتەجێ بوون و لە کەنارەکانی خەزەر جگەلە ماسی و باڵندەکان، چەند جۆری تری خۆراکیان دەست کەوت کە یەکیان بۆ ئەوان زۆر بەتام بوو و بریتی بوو لە رووەکی پاقلە.

پاقلە بە رێژەی زۆر لە ناو جەنگەلەکان هەبوو و ئێرانییەکان دوای ئەوەی لە کەنارەکانی خەزەر نیشتەجێ بوون، ئەو رووەکەیان چاند و ماڵییان کرد و بەو شێوەیە جۆری تازەی ئەو رووەکەیان دەست کەوت، تا ئێستاش پاقلە لە کەنارەکانی خەزەر لە گورگان و مازەندەران و گیلان بە فراوانی هەیە.

پاقلە رووەکێکی خۆرسك بووە و لە زۆر وڵاتی وەك چین، ژاپۆن و ئەورووپا هەبووە و بۆیە ناکرێت بگوترێت رووەکێکی ئێرانییە. وێڕای ئەوەش لە سەردەمانی دواتر ئەو رووەکە لە ئێرانەوە بۆ دراوسێکانی چووە و چاندراوە، جگە لەو رووەکە زۆر جۆری تری رووەك لە کەنارەکانی خەزەر دەست ئەوان کەوت کە توانی روخساری خۆراکیان بگۆڕێت و بە تامتری بکات و بەم شێوەیە ئێرانییەکان کە مامۆستا و رێپێشاندەری نەتەوەکانی تر بوونە لە زۆر بواردا، پاقلەیان بۆ دراوسێکانیان نارد .

ئەوان کولەکە و باینجانی خۆرسکیان دۆزییەوە و دواتر ئەو دوو رووەکەیان چاند و وەك پاقلە خۆماڵیان کردن، زیادە رۆییمان نەکردووە ئەگەر بڵێین ئەو رووەکانەیان گەیاندە دراوسێکانیان، خیاریش بە هەمان شێوە میوەکانی تر بوو. ئەو خەیارەی ئەوکات لە کەنارەکانی خەزەر هەبوو وەك ئەوەی ئێستا لە ئێران هەیە نەبووە و بە تێپەڕبوونی کات و لە رێگەی چاندنی بە دوای یەکدا شێوەی گۆڕاو و وەك خەیاری ئێستای لێهات.

پاش ئەوەی بەشێك لە ئێرانییەکان لە کەناری خەزەر نیشتەجێ بوون، لەناو خۆیان ئێرانبانێکی تازەیان دەست نیشان کرد و لە باشووری رۆژهەڵات و رۆژهەڵاتی دەریاچەکە

---

**(٨) (ئەو نەتەوانەی لە کەناری خەزەر نیشتەجی بوون، لە دوو سەردەم و لە دوولاوە کۆچیان کرد بۆ دەریای ناوبراو. بەشێك لە رۆژهەلات و بەشێك لە رۆژئاوا هاتبوون و گیلانییەکان لەو نەتەوانە بوون کە لە رۆژئاوا بەرەو کەنارەکانی خەزەر هاتبوون. وەرگیراوە لە پەرتووکی ئیرانیکا لە نووسینی ویلیام بابیلی زانای ئێراناسی ئینگلیزی.)**

دەسەڵاتێکی تریان دامەزراند و ناوی پاشایان لە (ئێرانبان) گۆڕی بۆ (بانو) و یەکەمین بانو ناوی (روود ئاوب) واتە (رووبار ئاو) بوو. ئەو لە لێوارەکانی خەزەر دادەنیشت و تا ڕادەیەك جیاواز بوو لە ژنەکانی ئێستا، لە داری بەرز سەردەکەوت و بە تەورێکی گەورە لقەکانی دەبرینەوە، ڕاوی ئاژەڵان تەنانەت ئاژەڵە دڕندەکانی دەکرد و بە هۆی سەمغ ڕاوی باڵندەی دەکرد. ئەو سواری گای گەورەی نیوە وەحشی دەبوو و هەرچەندە گاکە ڕای دەکرد و بە تەواوی توانا هەوڵی بەردانەوە و کوشتنی روودئابی دەدا، بەڵام ئەو ئەوەندە لێهاتوو بوو کە نەدەکەوت تا گاکەی ماڵی دەکرد و هەر کارێکی تر پیاوان دەیانکرد ئەویش ئەنجامی دەدا، بۆیە خاوەنی جەستەیەکی بەهێز و عقلێکی کراوە بوو و ئافرەتی لەم چەشنە هەمیشە منداڵی هاوچەشنی خۆیان بە دونیا دێنن.

یەك لە سەرگەرمییەکانی بانو دروستکردنی زەورەق بوو و دواتر بە سواری ئەو زەورەقە لە کەنار ئاوەکاندا هاتووچووی دەکرد، وەك باسکرا یەکەم جار زەورەق لە سێلك دروستکرا و دواتر لە کەناری خەزەر لە لایەن بانو زەورەق دروستکرا. بە ڕای یۆنانییەکان خانمە ئەغریقیەکان یەکەمین بەرهەمهێنەرانی زەورەق بوونە، بەڵام بە دڵنیاییی ئەو کارە لە لایەن روودئاب و چەند خانمێکی تری ئێرانی کراوە و جگە لەمەش کاری پیاوان نییە. لە لاپەڕەکانی پێشوو باسمان کرد کە جگە لە پیشەسازی کانزاکان، هەموو بەرهەمەکانی تر بە دەستی خانمانەوە بەرهەم هاتووە و بە پێچەوانەی ئێستا ئافرەتان دەست و پەنجەیان ناسك نەبووە.

روودئاب منداڵەکانی لە زەورەق سوار دەکردن و بە کەنار ئاوەکاندا دەیگەڕاندن و بۆ جووڵە پێکردنی زەورەق سوودی لە سەڵبە وەردەگرت، ئەو کات ئاوی خەزەر زۆر بوو و تا دامێنی شاخەکان هاتبوو و ئەگەر روودئاب لە سەر زەورەقەکەوە سەری بەرز کردبایەوە ئەوا لوتکەی شاخەکانی دەدیت. دەریای خەزەر ئەوکات زۆر لە وشکانییەکانی ئێستای ژێر ئاو خست بوو، بەڵام بە دوو هۆکار ئاوەکەی کەم بۆوە کە یەکیان بە هەڵم بوونی زۆری ئاوەکە بوو و ئەوەی تر گۆڕانی ڕێگەی تێپەڕبوونی رووباری جەیحون بوو.

روودئاب بۆوە هاندەری سەرەکی بۆ ژنانی ئێران بۆ دروستکردنی زەورەق، دواتر کەشتی بچوکیان سازکرد و ئەوان دەستیان بە دەریاوانی کرد و لە ماوەیەکی کەم ئەو هونەرەیان لێهاتوانە بە جێ گەیاند، ئەوان لە دەریایەکی پڕ شەپول و تۆفاناوی ئەو هونەرە فێربوون و تا ئێستاش ئەو دەریایە هەروایە. ژنانی ئێران پاش ماوەیەك بەرچاویان لە دەریاوانی روون بۆوە و

به ئاسانی ئەو کارەیان دەکرد و دواتر تێگەیشتن ئەو شوێنانەی دەریا مەترسیدارن کە لە وشکانی نزیکن، بە دوورکەوتنەوە لە وشکانی مەترسی کەم دەبۆوە.

هەر ئەوان بۆیان دەرکەوت شوێنی تێکەڵ بوونەوەی رووبارەکان بە دەریا بۆ کەشتیوانی پڕ مەترسیە و پێویستە لە کاتی نزیك بوونەوە لەو شوێنانە، هەوڵ بدەن نزیك قوڵایی دەریا ببنەوە بۆ ئەوەی پارێزراو بن. ژنانی ئێران لە کاتی گەرانیان لە لێوارەکانی دەریا، زۆر جۆری ماسیان ناسی و بوونە یەکەمین ماسی ناسەکانی جیهان، بەڵام یۆنانییەکان ئەو بابەتەش واتە ماسی ناسی بۆئافرەتانی خۆیان دەگێرنەوە و تەنانەت وێنەی ئەو ژنەی نیوەی خوارەوەی ماسییە بە هی خۆیان دەزانن.

زاندراوە زۆر گێرانەوە لە چیرۆکی نەتەوەکان وەك یەکە و زۆربەیان لە هی ئێرانییەکان وەرگیراون و باشتر بڵێین ئەو نەتەوانەی لە ئێرانییەکان بە جێماون و مێژووی درەوشاوەیان هەیە، هەستاون بە دارشتن و ساز کردنی چیرۆکی هاوشێوە لە گەڵ رووداوەکانی ئێرانییەکان بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە هەیانە.

روودئاب رۆژێك دیتی بالندە گەورەکان لە کاتی نزیك بوونەوە لە ئاو، چیتر باڵ لێ نادەن و بە سەر ئاودا دەفڕن، ئەوە بیرۆکەی دروستکردنی کەشتی چارۆکەداری بۆ هێنا و یەکەمین تاقیکردنەوە، سەرکەوتوو بوو و بە زوویی دروستکردنی چارۆکە بۆ کەشتییەکان لە ناو ژناندا بۆوە شتێکی باو. زۆری نەبرد ژنان زانیان دەبێت هونەری تایبەت بە لێ خورینی کەشتی چارۆکەدار فێر ببن و بزانن لە چ کاتێکدا دەبێت چارۆکە هەڵبدەن و کەی چارۆکە دابدەنەوە بۆ ئەوەی لە مەترسی تۆفانەکان پارێزراو بن.

بەکار هێنانی چارۆکە کەشتیوانی زۆر ئاسان کرد و رێگەی بۆ سەفەری دوور کردەوە، تا ئەوکات لە رێگەی سەڵبە لێدان سەفەر دەکرا و ئەمەش کارێکی قورس بوو، دوای دروستبوونی کەشتی چارۆکەدار دوو گرفتی تازە هاتەپێش، یەکەمیان نەبوونی سوکان بوو لە کەشتیکان و تا ئەوکات بە هۆی دارێکی زۆر درێژەوە کە لە قولایی دەریاچەیان دەچەقاند رێگرەوی کەشتییەکەیان دەگۆری و کاتی دوور کەوتنەوە لە کەنارەکان ئەو کارە لە توانا نەبوو.

گرفتی کێشەی کەش و هەواش دووەم گرفت بوو، واتە لە رۆژانی هەوری نەیاندەتوانی رێگەکان بدۆزنەوە.

ئەوان ئەستێرەکانیان دەناسی، بەڵام لە چوارچێوەی ئەستێرەناسیەکی سادە واتە تەنها شوێنی ئەستێرەکان لە ئاسمانیان دەزانی و ئەمەش لە زانستە کۆنەکانی ئێرانییەکانە[٩].

کاتیٚ لە کەنارەکان نزیك بوون، رێگە دۆزینەوە ئاسان بوو و رۆژانە سەفەریان دەکرد و بە هاتنی ئێوارە کەشتییەکانیان دبردە وشکانی و دەیان بەستنەوە، شەو پشوویان دەدا و بەیانی سەفەریان دەکردەوە. مراوی، ماسی و میوە ئەوەندە زۆر بوو، کە ئەوان لە نەبوونی خواردن نەدەترسان.

ئاوی شیرین لە کەنارەکان لە کانیاو و رووبارەکان هەبوو و گۆزەکانیان پڕ دەکرد و لە ناو کەشتیان دادەنا و ترسی بیٚ ئاویان نەدەما، ئەوان وردە وردە کەنارەکانیان بەرەو باکوور دەبڕی و لە باکووریش چاویان لە باشوور نەبوو تا سەرئەنجام گەیشتنەوە نیشتیمانی خۆیان و زانیان ئەو دەریایەی لە کەناریەوەن، بە شێوەی بازنەیی و خڕە. ئێمە نازانین ژنانی ئێران دوای سەفەر چیان گێرایەوە و چوون دوان، بەڵام وتەکانیان هاندەر بوو بۆ سەفەری ئەوانی تر.

ئێرانییەکان لە کەنارەکانی خەزەر زۆر بەختەوەر دەژیان و ئەو بەهەشتەی کە ناوی سێلك بوو و لە کیسیان چووبوو، بە دەستیان هێنابۆوە و ژیان لە کەنار دەریا و کاری بەردەوام و خواردنی بەهێز کۆمەڵگایەکی باش، تەندروست و جوانی پەروەردەکرد و پەروەردەی ژنانی ئێرانیش دەبۆوە پاڵپشت بۆ منداڵەکان و وچەکانیشیان دوای پێگەیشتن جەستەیان پالەوانانە دەبوو. ژنە بەتوانا و عاقڵەکانی ئێران، منداڵ گەلێکیان پەروەردەدەکرد کە هەریەکە لە ئەوان لە دوای پێگەیشتنیان، شیاو بوون تا ببنە پاڵەوان.

لە ئێران رۆژانە جگە لە دەنگی شادی و جریوەی باڵندەکان و دەنگی کەلوپەلی کارکردن و ئاژەلەکان زیاتر نەدەهات، ژیانی ئێرانییەکان ئەوەندە پڕ بوو لە شادی کە کاتیان بۆ ناخۆشی نەمابوو، کەس پێویستی بە هیچ نەبوو و بۆیە کەس چاوی لە ماڵی کەسی تر نەبوو. ڕاستی و دروستی و پاکی ئێرانییەکان کە مێژووناسان پشت ڕاستی دەکەنەوە، بەو هۆیەوە بوو کە هەموو پێداویستییەکان هەبوون و کەس ناچار نەبوو تا بۆ بەدەست هێنانی شتێکی تایبەتی کاری ناراست بکات. بەڵام بە داخەوە جارێکی تر مەترسیەکی لەپڕ هات و ژیانی ئاسوودەی تێکدان.

ئەگەر بڵێین مرۆڤ لە یەك ناوچە دروستبوو و هەر لەوێوە بلاوەی بە جیهاندا کرد، ئەوا دەبێت هەندیٚ لە ڕاستییە مێژووییەکان فرامۆش بکەین. گەر وابوایە ئەوا ئەو رووداوە

---

**(٩) (ئێرانییە کۆنەکان بەر لە ناسینی خۆیان ئەستێرەکانیان دەناسی. ویلیام نانکی زانای ئێرانناسی بریتانی)**

مێژووییانە رووبیان نەدەدا، چونکە نەدەتوانرا شاخە سەرکەش و ئۆقیانووسەکان ببردرێن و مرۆڤەکان لە کیشوەرێك بچنە یەکی تر. جگە لەوە جیابوونی رەگەزی مرۆڤەکان لە یەکتر ئەو ڕاستی دەسەلمێنێت کە سەرچاوەکانی بلاوبوونەوەی مرۆڤ زۆرن و لە لایەکی تر بە پێچەوانەی ئەوەی مرۆڤە سپییەکان بە جوانترین جۆری مرۆڤ دەزانن، ئەوا مرۆڤە ڕەش پێستەکانی سودان لە بالا و جەستە جوانترین مرۆڤەکانن.

لە نێوان رەگەزی ئێرانییەکان کە لە سێلك و دواتر زابۆلستان و خوراسان و دواجار لە باشووری رۆژهەلاتی دەریای خەزەر نیشتەجێ بوون و رەگەزی تۆرەکان کە هێرشیان کردە سەر زابۆلستان و رەگەزێکی تر کە لە باکوور هێرشیان کردە سەر ئێران، بە گشتی جیاوازی زۆر بوو و عقل رێگە نادات بگوترێت هەموویان لە یەك سەرچاوەن.

لە گەرمەی شارستانییەتی ئستەرئاباد و مازەندەران خەڵکێك کە بێ مۆ بوون، هێرشیان کردە سەر ئێرانییەکان، ئەوان کورتەبالا و چوارشانە بوون و هەریەکە گۆپالێکی لە دەست بوو. مرۆڤەکی ئێرانی دەیتوانی جەنگی بیست کەسیان بکات، بەڵام ژمارەیان ئەوەندە زۆر بوو کە چەندیان دەکوشت تەواو نەدەبوو و هەموویان تەواو رووت بوون و لە کاتی قسەکردندا دەنگیان وەك نەراندنی ئاژەڵ بوو.

کەس نەیدەزانی لە کوێ هاتوون و لە وەرزی سەرمادا چ دەکەن، دوای هێرشەکەیان دەرکەوت ئاگریان نەدیوە و لێی بێ ئاگان، هێرشەکە لە هاوین و لە لای باکوور کرا، ئێرانییەکان وشەی (ئووز) یان بۆ باکوور بەکار دەبرد و بۆیە ناوی ئووزیان بۆ ئەو نەتەوەیە دانا. روودئاب و ژنەکانی تر وەك هەموو پیاوان چەکیان گرتەدەست و تا توانیان لێیان کوشتن، بەڵام ئەوەندە زۆر بوون کۆتاییان نەدەهات.

سەرئەنجام روودئاب فەرمانیدا بەرەو شاخ بچن، وتی ئەگەر بمێنینەوە لەوانەیە بمرین و ئەو ماوەیە هاوینە دەتوانین لە ئەوێ ژیان بە سەربەرین و دوای هاوین ئەگەر ئەوان لێرە مانەوە ئەوا خانوو دروست دەکەین. بۆیە ئاژەڵە ماڵیەکان و هەرچی بۆیان دەگوازرایەوە لە گەڵ خۆیان بردیان و رۆیشتن بەرەو شاخەکانی باشوور.

لە ئەسترئاباد و مازەندەران خۆراك زۆر بوو و ئاگرخانە و خانووش هەبوو، بۆیە ئووزەکان لەوێ نیشتەجێ بوون. دوای بیستنی ئەو هەواڵە روود بڕیاریدا خانوو دروست بکەن، لە شاخەکان لە رووکاری دەریاچە درەخت زۆر بوو و ئەوان دەستیانکرد بە بڕینی دار و بە دار و

بەرد و قور خانوویان بۆ خۆیان و بۆ پاراستنی ئاژەڵەکانیان سازکرد. هەرچەندە رووداب بە ئێرانییەکانی وتبوو خۆراکی زەستان بۆ خۆیان پاشکەوت بکەن، بەڵام ئەو زستانە لە رووی خۆراك بۆیان ئاسان نەبوو و دواجار بۆیان بوو بە ئەزموونی چاك.

لە شاخ وەك کەنارەکانی دەریاچە نەبوو کە ماسی و مراوی هەبێت و ئێرانییەکان لەو بوارە گرفتیان هەبوو، ئاژەلە کێویەکانیش دوای بارینی بەفر نەمان و بە ناچاری ئێرانییەکان کەوتنە خواردنی ئاژەڵە ماڵیەکان و ئەمەش سەرەتای ژیانی تازە بوو بۆ ئەوان کە ژیانی نیشتەجێ بوون لە شاخە. هەرچەندە ئێرانییەکان لە کێوەکان دەسوڕانەوە و ئاژەڵیان دەهێنا و ماڵیان دەکردن و جۆرەکانی رووەکیان دەدۆزییەوە، بەڵام ماڵی سەرەکی ئەوان لە پێ دەشت و کەنار ئاوەکان بوو و تا ئەو کات لە شاخ نەدەمانەوە.

لەوانەیە ئەگەر رووداب زانیبای ئووزەکان لە کەنار ئاوەکان دەمێننەوە و نارۆن، بڕیاری چوون بەرەو خوراسانی دابوایە بچن، بەڵام ئەو باوەڕی وابوو ئەوان دەروون و ئەوێ جێ دەهێڵن. پاش تەواو بوونی وەرزی زستان، ئاژەڵە کێویەکان هاتنەوە و بەرەو فراوانی چوون و رووداب فەرمانیدا لە نەرمانییەکانی زەویدا گەنم بچێنن. دوای ئەوە ژیانی شاخ دەستی پێکرد و ئەوان شتی تازە فێربوون و زانیان کە لە زستاندا لە هەندێ شوێن گیایان دەست دەکەوێت بۆ خۆراکی ئاژەڵە مالیەکانیان، جگە لەوەش لە وەرزی کشتوکاڵدا دەتوانن لە هەردوو شوێنی کوێستان و گەرمێنی شاخ دانەوێڵە بچێنن.

یەکەمجار کە ئێرانییەکان بوونە شاخ نشین، لە شاخەکانی باشووری ئەستەرئاباد و مازەندەران بوو کە بە دار پۆشرابوون و بۆ ئەوان ئەوکات ژیان لە شاخە وشکەکان قورس بوو، بەڵام ئێستا مرۆڤ توانیویەتی تەنانەت لە شاخە بێ درختەکانیش بژیات، چونکە زانیاری هەیە کە تەنانەت لەو شاخانەش ئاو و لەوەرگا هەیە و دەتوانێت ئاژەڵەکانی لەوێ بەخێو بکات.

دەستپێکی ژیان لە شاخەکان لە لایەن ئێرانیانی ئەوکات بوو و دواتر بە هۆی رووداوی جیاجیا شاخ نشینی پەرەی گرت و تەنانەت تواندرا لە شاخە بێ درختەکان ژیان بەردەوام بکرێت، بەڵام راستی ئەوەیە کە شاخ نشینی لە رووی ناچاریەوە بووە.

# قۆناغی پاڵەوانییەتی لە ئێرانی کۆن

دەگەینە قۆناغێکی تازە لە ژیانی ئێرانییەکان کە بە سەردەمی پاڵەوانییەتی ناسراوە و پاڵنەری ئێرانییەکان بۆ دەستکردنیان بە پاڵەوانییەتی، هێرشی بەردەوامی نەتەوەکانی تر بوو بۆ سەریان.

پێکهاتەی ئەوکاتی ئێران بریتی بوو لە چەند تاقمێك لە کوچبەران کە بە هۆی جیا کۆچیان کردبوو و لە شوێنی تازەیان شارستانییەتیان بۆ خۆیان پێکهێنابوو و ئەو شارستانییەتە کەمێك جیاواز بوو لەگەڵ شارستانییەتی سێلك، بۆ نموونە لە سێلك گۆزەکەری و کانزا تواندنەوە و پەروەردەی ئاژەڵ هەبوو، بەڵام ڕستن و چنین لە شاری گیانەوە هاتبوو کە لە نزیك شاری نەهاوەندی ئێستایە.

دوای کۆچەکانی ئێرانییەکان بۆ زابولێستان، خۆراسان و کەنارەکانی خەزەر، دۆزینەوەی ڕووەکە بە سوودەکان، کەشتیوانی بە کەشتی چارۆکەدار، چاندنی میوە و شاخ نشینی بوون بە بەشێك لە زانیارییەکانی ئەوان. بەڵام وێڕای ئەوانە هەر کۆمەڵگایەکی ئێرانی تایبەتمەندی و جیاوازی خۆی هەبوو.

دواتر هێرشی تۆرانییەکان لە رۆژهەلات، ئووزەکان لە باکوور و قێزەکان لە باکووری قەوقازیا کۆمەڵگای ئێرانی بە ناچاری و بۆ پارێزگاری لە خۆیان لە یەکتری نزیك کردەوە.

تا دەستپێکی سەردەمی پالەوانییەتی دەسەلات، چ لە سێلك و گیان، چ لە کۆچ بەرەکانی خۆراسان و زابۆلێستان و بەشێك لە مازەندەران ... هتد، ژن بوو و کۆمەڵگای ئێرانی ژن بەرێوەی دەبرد، لەوانەیە باوەڕی ئەوە بۆ هەندێ ئەستەم بێت، بەڵام ئەوە ڕاستییەکە حاشای لێ

ناکرێت و ژنە دەسەڵاتدارەکان دوای ئەوەی بوونە هۆکاری بەهێز بوون و پێشکەوتن و جێگیر بوونی کۆمەڵگای ئێرانی، بۆ پارێزگاری لە نەتەوەکەیان دەسەلاتیان دایە پیاوان کە بە پالەوان بوونیان لە ئافرەتان پێشکەوتنەوە.

ئووزەکان سەرەتا هێرشیان کردە سەر ناوچەی مازەندەران و دانیشتوانی ئەوێیان ناچار بە کۆچ کرد، دواتر هێرشیان کرد بۆ ناوچەی خۆراسان و تۆرانییەکانیش ناوەناوە هێرشیان دەکردە سەر زابۆلێستان و دوای تالان و وێرانکاری دەڕۆیشتن، ئێرانییەکان دەهاتنەوە و ئەوە دووبارە دەبۆوە.

بەردەوامی هێرشەکان بۆ سەر زابۆلێستان و خۆراسان، ئەوانی ناچارکرد حکومەتێکی یەکگرتوو بە سەرکردایەتی پیاوێك بە ناوی (گاوەمەرد) پێکبێنن. گاوەمەرد پالەوان بوو و ژمارەیەك قوتابی هەبوو کە دوای گەیشتنیان بە پلەی پالەوانییەتی دەبوونە مامۆستای دەستەیەکی تر.

ئەو هونەرانەی جەنگ کە دەبوایە ڕاهێنانیان لەسەر بکرێت، بریتی بوون لە هاویشتنی بەرد، ڕم و تیر و جەنگی دەستەو یەخە و گرتنی پشتێنی بەرانبەر تا خستنی بۆ سەر زەوی، ئەو پشتێنە لە فارسیدا ناوی (کوشتی)[1] بوو و دواتر هەر ئەو پشتینە لە ئایینی یەزدان پەرستی ئێراندا هەبووە و عەرەبەکان بە (زنار) ناوی دەبەن[2].

وەرزشگای پالەوانانی ئێرانی لە وەرزەکانی بەهار و هاوین، دەشت و پێ دەشتەکان بوو و لە وەرزی سەرما لە شوێنی سەرداخراو دەبوو، بە پێچەوانەی باسەکان ئۆلەمپی لە یۆنان نەهاتۆتە کایەوە و ئێرانییەکان نەریتی وەرزشکردن لە کەشی کراوە و ئازادیان داهێنا و ئەو ڕێورەسمە وەك زۆرێك لە هۆکارەکانی شارستانییەت لە ئێرانەوە ڕۆیشتووە بۆ کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی و لە ئەوێ برەوی سەندووە[3].

---

**(١) (کوشتی جگە لەوەی کە ناوی پشتینەکەیە، لە فارسیدا ناوی ئەو وەرزشە جەنگکەرەیە کە لە کوردیدا بە زۆرانبازی ناسراوە، وەرگێر بۆ کوردی)**

**(٢) (هەزاران ساڵ بەسەر سەردەمی (گاوەمەرد) یەکەم مامۆستای کوشتیدا تێپەڕبووە و تا ئێستا لە فارسی هەروەك ئەوکات دەگوترێت (کوشتی گرفتند) واتە زۆرانبازیان کرد و کەس ناڵێت (کۆشتی زدند) واتە زۆرانبازیان لێدا، ئەگەر ئەو بەکار هێنانە لە زمانی فارسی دەربێت ئەوا هیچ وشەیەکی تر گونجاو نابێت بۆ ئەو نەبەردەی نێوان دوو کەس دەکرێت بۆ لە زەویدانی پشتی یەکتری، زەبیحوڵڵا)**

**(٣) (نەریتی وەرزش کردن لە هەوای ئازاد و کەشی کراوەدا لە داهێنانی ئێرانییەکان بوو و یۆنانییەکان ئەو نەریتەیان لە ئێرانییەکان وەرگرت و بە شێوەی ئۆلۆمپیان لێکرد، لە پەرتووکی(ز ورد بات این ایرانین) واتە (وشەی دایك لە زمانی ئێرانییەکان) نووسینی ویلیام بایلی زانای ئێرانناسی بریتانی وەرگێراوە.)**

شاعێری گەورە فیردۆسی کە شاهنامەی نووسیوە، گاومەرد واتە کیومەرس بە یەکەم کەس دەزانێت کە لێنانی خواردن بە ئاگر و ڕستن و چنینی فێری ئێرانییەکان بکات و بە واتایەکی تر یەکەم ڕێبەری شارستانییەتی ئێرانییەکان بووە[٤].

یەکەمین مامۆستای زۆرانبازی گاومەرد لە سەردەمی خۆیدا، کاری ژن و پیاوانی لەیەك جیاکردەوە، تا ئەوکات کاری ژن و پیاو لەیەکتر جیا نەبوو، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە ژنان بتوانن بەو کارانەی تر ڕابگەن کە گرنگن و نەدەگەڕایەوە بۆ بێ توانایی ژنان لەو کارانە ئەنجامدانی کارەکانی تر. جەنگ و هێرشی نەتەوەکانی تر بە ڕادەیەك پیاوانی سەرقاڵکرد، کە ئیتر ئەوان نەیاندەتوانی سەرگەرمی کشتوکاڵ بن و ئاژەڵداری بکەن.

بە شێوەیەکی سەرەتایی نەیاندەتوانی سەرگەرمی پەروەردەی منداڵەکانیشیان بن، پیاوان بە رادەیەك گرفتاری جەنگ ببوون کە تەنانەت کانزاکاریشیان دایە دەست ئافرەتان و ئەوان شەمشێریان بۆ پیاوان بەرهەم دەهێنا بۆ ئەوەی بتوانن لە مەیدانی جەنگ سوودی لێ ببینن.

لە سەردەمێکی کۆندا کە نەمانتوانیوە مێژووەکەی بە دروستی دیار بکەین و لە ناوچەیەك کە لە لایەك دەگەیشتە شاخەکانی (هەزار مسجد) و لە لایەکی تر دەگەیشتە دەریاچەی هاموون، پیاوێك بە ناوی (نەرمەن) بۆ بە پالەوان و لە چیرۆکەکانی ئێران بە نەریمان ناوی دێت. (نەرمەن) پیاوێکی بالابەرز، چوارشانە، سینگ پان، کەمەر باریك، پرچ زەرد، خاوەنی بازووی بەهێز و دەم و

(٤) (بە هیچ شیوەیەك هەڵەی فیردۆسی لەمەڕ ئەو بابەتە لە نرخی شاهنامە کەم ناکاتەوە، چونکە لە سەردەمی فیردۆسیدا نووسینەوەی مێژووی ئێران وەك ئێستا پەرەی نەگرتبوو و پەرتووکەکانی یۆنانی و رۆمەکان لە سەر مێژووی ئێران دەست نەدەکەوت و دۆزینەوەکانی پەنجا ساڵی رابردوو نەهاتبوونە کایەوە، فێردۆسی بە سوودوەرگرتن لە پەرتووکی (خدای نامە) کە بە زمانی پەهلەوی ساسانی نووسرا بوو و سەرچاوەی شانامە بوو، (کاومردی) بە مامۆستای خواردن و رستن و چنینی ئێرانییەکان دەزانی. زاندراوە کە (خدای نامە) دواتر لە لایەن (ابن مقفع) لە زمانی ساسانی پەهلەوی بۆ عەرەبی وەرگێردرا و ناوی (سیر الملوك الفرس یا سیر ملوك العجم) بۆ دانراوە.

ئێستا ئەو پەرتووکەی فێردووسی وەك سەرچاوە سوودی لێوەرگرتووە، بەردەست نەماوە و بە گریمانی زۆر تا ئاژاوەی موغولەکان هەبووە و لەو ئاژاوەیە لەناو چووە. شاهنامە لە رووی مێژوویی تەنها ئەو هەڵەیەی تێدا نییە و هەڵەکان زۆرن، بەڵام وەك گوتمان لە نرخی ئەو پەرتووکە کەم ناکەنەوە، چونکە هیچ کەسێك نایەوێت دەقی مێژوویی دروست لەو پەرتووکە وەربگرێت، هەروەك وەك چوون کەس لە یۆنان دەقی مێژوویی لە (ئیلیاد هۆمێر) ناوێت.

نرخی شانامەی فێردۆسی و ایلیاد هۆمێر بە شتی تر دیاری دەکرێت، لە گەڵ ئەوەشدا زۆر ڕووداوی مێژوویی گەورە و پڕ لە ڕاستی لە شاهنامەدا هەیە کە راستینەی مێژووین و زۆرینەی ئەو ناوانەی لە شاهنامەدا هاتوون لە ڕاستیدا هەبوون، زەبیحوڵڵا).

چاوی سپی و نورانی بوو[٥] و ئەو لە جیاتی سوار بوونی ئەسپ و سواربازی بەو ئاژەڵە، بەردەوام سواری گا دەبوو. لە هەندێ گێرانەوە، بەڵام بە مێژووەکەی جیا، دەووترێت کە نەرمەن سواری کەرگەدەن بووە[٦]. ئەو لە ڕێگەی ئاژەڵداری دەژیا و مامۆستای زۆرانبازیش بوو.

لە سەردەمانی دواتر زۆرانبازی بوو بە پیشەیەکی جودا و هەر لەو ڕێگەیەوە ژیان دابین دەکرا، بەڵام لە سەردەمی نەرمەندا هێشتا هەر پالەوانێك لە ڕێگەی پیشەکەیەوە ژیانی دابین دەکرد. نەریمان پاش ماوەیەك بوو بە مامۆستا و کۆمەڵێك قوتابی هەبوو، دواتر ژنی هێنا و منداڵێکی بوو کە ناوی (سەم یا سام) لێنا. ڕۆژێك لە کاتێك کە دایکی سام شیری بە مناڵەکەی دەدا، هەڵۆیەك هات و بە چەنگ مناڵەکەی ڕفاند و بردی بۆ سەر شاخێکی بلند.

ئەو ڕووداوە ئەگەر بۆ سام یا یەك لە ڕۆڵەکانی ڕوویدابێت لە رووی عەقلانییەوە پەسەنددەکرێت، چونکە زاندراوە هەڵۆی گەورە هەیە و لە توانایاندایە کە نەتەنیا مناڵ بەڵکو مرۆڤێکی پێگەیشتوو بڕفێنن.

ئەو هەڵۆ گەورانە لە ئەمریکای باشوور هەن و بە (کۆندۆر) ناو دەبرێن، لە ئێران نینە و لەوانەیە کە لە سەردەمانی کۆندا لە ئێران هەبووبێت. لەوانەیە باوەڕ هێنان بە ڕفاندنی سامی لە لایەن هەڵۆوە ئاسان بێت، بەڵام ئەوەی لەگەڵ عەقڵدا کۆك نییە ئەوەیە کە دوای ڕفاندنی چوون هەڵۆیەکە یان جوجکەکانی سامیان نەخوارد یا نەیانکوشت. بە پێی چیرۆك ئەو هەڵۆیەی منداڵکەی ڕفاند لە لایەن دایکی مناڵەکە دیترا و دەست بە جێ بە نەرمەنی ڕاگەیاند و ئەویش چوو و مناڵەکەی لە هێلانەی هەڵۆ بە سەلامەتی هێناوە.

---

**(٥) (شاعیری نەتەوەیی فیردووسی، شاهنامەی لە سەر وەزنی تقارب (فعول فعول فعول فعول) داناوە، بۆ ئەوەی وەزنی شیعرەکانی تێك نەچێت هەندێ لە ناوەکانی ناودارە ئێرانییەکانی گۆڕیوە تا بتوانێت لە شیعرەکانیدا سوودیان لێ ببینێت و بۆ نموونە نەرمەن یا نەرمان کە بە مانای پیاو یا مرۆڤی نێر دێت، گۆڕیوە بۆ نەریمان و ناوەکانی ڕۆستەم، ئیسفەندیار، فەریبورز و گوودەرز و ناوی تر هەبوونە کە بە هەمان شێوە گۆردراون و فێردۆسی ئەوانی بەم شێوە لێکردووە تا بتوانێت لەناو دەقی شیعرەکانی بیانگونجێنێت،زەبیحوڵڵا)**

**(٦) (کەرگەدەنی ئەفریقایی کە خاوەنی دوو قۆچە بە هیچ شێوەیەك ماڵی نابێت و هەموو ئەو هەوڵانەی بۆ ماڵی کردنی دراوە بێ سوود بووە و ئەو کەرگەدەنە هەر کە مرۆڤ ببینێت بە مەبەستی کوشتنی، هێرشی دەکاتە سەر. بەڵام کەرگەدەنی یەك قۆچ کە لە ئاسیا ژیاوە بەو مەرجەی بە ساوایی بهێندرێت و بخرێتە پەروەردەکردن، ئەوا ماڵی دەبێت و لەوانەیە لە رابردوو سواری ئەو ئاژەڵە بووبن. سەبارەت بە بوونی کەرگەدەن لە ئێران بەر لە وشکبوونی دەریاچەی ناوەندی هیچ گومانمان نییە، بەڵام دوای وشکبوونی دەریاچەکە و لەناو چوونی جەنگەڵەکانی دەوروبەری، نازانین کە کەرگەدەن لە ئێران ژیاوە یا نا و لەوانەیە دوای ئەوەش هێشتا هەندێ جەنگەڵ مابن کە کەرگەدەنیان تێدا ژیابێت.زەبیحوڵڵا)**

زانیاری زۆر لە سەر ژیانی نەرمەن نییە و تەنها زانراوە کە ناوبراو بە هۆی ئاژەڵداری ژیاوە و سامی کوڕی وەك خۆی بە پاڵەوانی پەروەردەکردووە، سام لە رووی جەستەوە لە باوکی گەورەتر و باڵای بەرزتر بوو، سواری ئەسپ دەبوو و یەکەمین کەس بوو کە سوپای سوارەی دامەزراند.

ئێرانییەکان وێرای ئەوەی سوار ئەسپ دەبوون، بەڵام تا ئەوکات خاوەنی سوپای سوارە نەبوون تا لە رێگەیەوە هێرشی دوژمنان بشکێنن. سەم یا سام بە دامەزراندنی لەشکری سوارە، چەکێکی کاریگەری خستە بەردەستی ئێرانییەکان و لە سەردەمی ئەو سوارکاری و زۆرانبازی (کوشتی) زۆر پەرەیان پێدرا.

سام ئەو کەسە بوو کە یاسای جوامێری دارشت کە خاڵەکانی بریتی بوون لە:

١) ئەرکی پیاو ئەوەیە کە هەر کاتێك دۆستەکانی پێویستیان پێ بێت بە بێ وەستان، بچێتە یارمەتیان و هەرچی پێی دەکرێت بۆیان بکات.

٢) ئەو پەیمانەی پیاوێك دەیدات زۆر پیرۆزە و دەبێت گیانی لە پێناو ئەو پەیمانەدا فیدا بکات.

٣) ئەرکی هەموو پیاوانە کاتێك ئێران دووچاری جەنگ هات، بچێتە جەنگ و دوژمن دەربکات و لە ناوی ببات.

یەکەمجار کە چوون بۆ جەنگ کرایە ئەرکی پیاوان، لە لایەن سام داهێندرا و بە ئەرك ناساندنی کاری سەربازی لە لایەن ئێرانییەکان بووە نەریت، نەتەوەکانی تر لەوانەوە فێری ئەو ئەرکە بوون.

هەندێ نەتەوە لە کاتی جەنگ خۆیان نەدەچوون و کۆیلەکانیان دەنارد، یەك لەو نەتەوانە رۆمە کۆنەکان بوون کە تەنها کۆیلەکانیان بۆ جەنگ دەنارد و دواتر ئەو ڕەسمەیان گۆڕی و وەك ئێرانییەکانیان کرد، جگە لەوە نەتەوە هەبوو جەنگی بە ئەرکی خەڵکی ئاسایی دەزانی و پێیان ئەستەم بوو بچنە جەنگ و چەك بە دەستەوە بگرن.

تا ئەو کات چینایەتی لە ئێران نەهاتبوو کایەوە و هەموان وەك یەك بوون و کۆیلە و ئەشراف نەبوو، بۆیە هەموان بە پێی ئەو پێوەرانەی (سام) دیاریکردبوون، بەیەکەوە دەچوونە جەنگ و جیاوازی نەبوو کە پیشەوەر بووانە یا جوتیار و ... هتد. لە وڵاتی ئێران پاڵەوانەکان جیاواز نەبوون لە گەڵ ئەوانی تر، بەڵام بە پێشرەو دەژمێردران و خەڵك راوێژی پێ دەکردن و رایان بە گرنگ دادەنرا. بە هۆی ئەوەی چوونە جەنگ کرایە ئەرکی هەموو پیاوان، بۆیە

هەموویان خۆیان ڕادەهێنا لە سەر هەموو جۆرەکانی چەك، تا لە کاتی پێویست بتوانن بەکاریان بێنن.

هەندێك کەس بروایان وایە لە سەردەمی پالەوانیدا، بەشداری جەنگ تەنها ئەرکی پالەوانەکان بووە و جوتیار و ئاژەڵدار و پیشەوەرەکان نەچوونەتە جەنگ، ئەوان نەیان زانیوە پالەوانەکان ڕاهێنەرانی سوپا بوون و هەندێ جاریش فەرماندەییان لە ئەستۆ بووە. لە سەردەمی سامدا جگە لە بەشی سوارە لە سوپا و بە ئەرك ناساندنی سەربازی، هونەرەکانی جەنگیش دیاری کران. پێویستی بەرگری لە خۆ کردن، گەلی ئێران واتە ئەو گەلەی کە دەروونێکی زۆر پاکیان هەبووی ناچارکرد کە لەشکر بنیات بنێت و هونەرەکانی جەنگ دیاری بکات.

نەتەوەکانی تر بنەماکانی جەنگیان لە ئێرانییەکان وەرگرت و بەپێی بیروبۆچوونی خۆیان گۆرانکاریان تێدا کردن و یۆنانییەکان سوپایەکیان بە ناوی ڤالانژ دامەزراند، بەڵام بنەمای سەرەکی ڕێساکانی جەنگ کە بریتی بوون لە دابەشکردنی لەشکر بە دوو لای راست و چەپ و هێزێکی یەدەك، ئەو نەریتە بوو کە سەم یا سام داینا و تا سەردەمانی تر کە تەنانەت چەکە ئاگرینەکانیش کە لە داهاتوودا دروستکران گۆرانکاریان لەو بابەتە نەکرد.

ناپلیۆن لە جەنگەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمی میلادی لە ئەورووپا و سەرکردەکانی جەنگە جیهانییەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم بە گشتی پەیرەوی ئەو یاسایانەیان کرد و تەنها دروستبوونی زرێپۆش و تانك لە جەنگی دووەمی جیهانی ئەو یاسایانەی تێك شکاند و جیاوازی هەردوولای لەشکر و ناوەند یا دڵی سوپا نەما.

# دۆزینەوە و داهێنانەکانی ئێرانییە کۆنەکان

تا ئێرە وەك بینرا هیچ ئاماژەمان بە بەروار نەکردووە، چونکە ئێمە نازانین شارستانییەتی سێلك کەی بووە و ئێرانبان لە چ مێژوویەك کۆچی بەرەو خۆراسان کردووە، نازانین مێژووی وشکبوونی دەریاچەی ناوەندی ئێران کەی بووە و ... هتد. بەڵام لە ئێستاوە دەگەینە قۆناغێکی نوێ کە بە ڕێژەیی و نزیکەیی مێژووەکان دەزانین و تا بەرەبەرە دەگەینە مێژووی ورد و دروست.

لەو سەردەمە کە سام لەشکری سواەی پێکهێنا و یاساکانی جوامێری دارشت و بنەماکانی تایبەت بە جەنگی دیاریکرد، ئێران بە گۆرانکاریەکی قووڵ لە بیروباوەڕ و ئایینی ئێراندا روویدا و گەلی ئێران کە تا ئەوکات خۆریان بە پەروەردگار دەزانی، بۆیان دەرکەوت پەروەردگاری ڕاستی ئەو کەسەیە کە هەتاو ئەستێرەکان و هەموو شتی ئافراندووە.

لە سەرەتای شارستانییەتی سێلك، خۆرپەرستی یەك بووە لە نیشانەکانی پێگەیشتوویی ئەوان، بەڵام وەك گوتمان هەرچی لە زەوی هەیە لە تیشکی خۆر پەرەدەگرێت و ئەمەش هۆکارێکە تا بە هۆی خۆرپەرستی، لۆمەی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوونەکەین.

بەڵام لە سەردەمی پاڵەوانییەتی سام واتە پێنج تا چوار هەزار ساڵ پێش زایین، ئێرانییەکان بنەمایەکیان دۆزییەوە، کە دەسەلمێنێت بیرکردنەوەی ئەوان جیاوازی نەبووە لەگەڵ بیرکردنەوەی پێشکەوتووترین کۆمەڵگاکانی سەردەمی ئێستا. بنەماکە دەیوت خۆر بە هەموو

هێز و توانای وەك هەر شتێکی تر لە لایەن کەسێکی بە توانا و بەهێزتر ئافراندراوە کە ئەو پەروەردگارە[1].

ئێرانییەکان زانیان خۆر وێرای ئەو هەموو توانایەی، هێشتا بەتواناترین کەس نییە و ئەوەی هەتاو دەخاتە جوولە، دەبێت بپەرستریت کە سەرچاوەی دەسەلات و گەورەییە. ئەو باوەڕە خواپەرستییە پاکترین باوەڕی یەکتاپەرستییە و لە هەر شوێنێك کە یەکتاپەرستی هەبێت ئەوا لە ئێرانییەکان وەرگیراوە و رەگی ئایینە یەکتاپەرستییەکان لە سەرەتاوە لە ئێران رسواوە، خاڵی بەرچاویش ئەوەیە کە ئەو باوەڕی یەکتا پەرستییەی لە پێنج تا چوار هەزار ساڵ پێش زایێن لە ئێران دەرکەوت ئەوەندە تەواو بوو کە جیاوازی لە گەڵ باوەڕی یەکتا پەرستی ئێستادا نییە.

ئێرانییەکان هەر ئەوکاتە کە بۆیان دەرکەوت هەتاو ئافرێندراوە نەوەك پەروەردگار و پێویستە پەروەردگار بپەرستن، هەر ئەوکاتەش زانیان کە پەروەردگاری هەتاو و مانگ و زەوی و ئەستێرەکان و ئاژەڵ و رووەکەکان بە گشتی لە دەسەڵاتی ئەون. ئەوان تێگەیشتن پەروەردگاری جیهان خاوەن جەستەی نییە و لە هەموو شوێنێك هەیە، کات بۆ ئەو مانای نییە و ئێستا و ڕابردوو و داهاتوو بۆ ئەو جیاوازی نییە، کەس ناتوانێت بیبینێت یا دەنگی ئەو ببیستێت، بەڵام هەتاو و مانگ و زەوی و ئەستێرەکان و ئاژەڵ و رووەکەکان بە گشتی نیشانەی دەسەڵاتی ئەون.

ئەو بیرکردنەوە بەرزە سەبارەت بە پەروەردگاری جیهان بۆ ئێستا ئاساییە و بەڵام بۆ حەوت تا شەش هەزار ساڵ پێش کە سێ لەسەر چواری دانیشتوانی جیهان شێوە وەحشی بوون، نیشانەی میشکی بەهێز و پێشکەوتنی گەورەیە و ئەوان عەقڵ و بیرێکی ئەوەندە بەهێزیان بووە کە ئێستاش لە هەموو نەتەوەکانی جیهان نابیندرێت.

ئێرانییە سەرەتاییەکان لە حەوت بۆ شەش هەزار ساڵ پێش ئێستا، پەروەردگاریان بە خودایەك دانا کە تەنها بەرپرسە لە چاکە و خێر و ئەو هیچ خەراپەیەك ناکات و ئەوەی لە خەراپە بەرپرسە، تەنها نەزانی مرۆڤە و ناوی ئەهریمەنیان لێ نا و وتیان ئەهریمەن بەردەوام لە گەڵ چاکە لە جەنگدایە.

ئێرانییە یەکتا پەرستەکان نەیاندەتوانی باوەڕ بکەن خودایەکی تر هەبێت و ئەوەی ناویان نابوو ئەهریمەن، بریتی بوو لە کەم ئاگایی مرۆڤ بەرانبەر بەو کارە چاکە و قەدەرانەی خودای

---

(١) (بۆ یەکەم جار ناسینی خودا و باوەڕی یەکتا پەرەستی لە ئێرانەوە سەریهەڵدا.فرانتز ئاڵ تیم ئێراننناسی گەورەی ئاڵمانی)

گەورە بۆی بڕیار داوە. ئەوان دەیانووت لافاو و بوومەلەرزە و قاتی و نەخۆشی و شتەخەراپەکان لە لایەن خوداوە نایەن تا زیان بە مرۆڤ بگەیێنن، چونکە پەروەردگار تەنها بڕیاری چاکە و خێر دەدات و ئەو زیانانەی بوومەلەرزە و لافاو و هەورە بروسکە و نەخۆسیەکان و قاتی و ... هتد بە مرۆڤی دەگەیێنن، دەگەڕێتەوە بۆ نەزانی مرۆڤە کە ناتوانێت خۆی لە بەلاّ بپارێزێت و بۆیەش ئەو نەزانینەیان بە ئەهریمەن ناودەبرد.

ئێرانییە کۆنەکان پەروەردگاریان بە (یەزدان یا ئیزەد) ناودەبرد و نەزانییان بە (ئەهرەمینۆ) یا ئەهریمەن دەناسی و بە درێژایی مێژووی چەمدین هەزار ساڵەی ئێران، ئەو ناوانە گۆرانیان بەسەردا هات و ئەوان کە یەکتا پەرست بوون باوەڕیان وابوو سەرئەنجام یەزدان بە سەر ئەهریمەندا سەردەکەوێت و واتە ویستی خوداوەند بەسەر نەزانی مرۆڤدا سەردەکەوێت و مرۆڤ ئاشنا دەبێت بە ڕێگەکانی خۆپارێزی لە ناخۆشی و بەلاّکان و ئاشناش دەبێت بەو قەدەرەی خودای مەزن دیاریکردووە و تێدەگات کە چوون دەتوانێت سوود لەو بەخشش و نیعمەتانە وەربگرێت کە پەروەردگار بۆی دابین کردووە.

گەر بیرکردنەوەی ئەوان بە شێوەی دادپەروەرانە شی بکەینەوە، دەبێت رێز بگرین لەو بیرکردنەوەیەی ئەوکات هەیان بووە، ئەوان ئەوکات زۆر جوانیان بیرکردووتەوە و زانست و زانیاریان بە رێگای رزگاری مروڤ و گەیشتن بە ناز و نیعمەت و دوورکەوتنەوە لە ناخۆشی زانیوە، ئەوەتا لە دونیای پێشکەوتووی ئێستادا، مروڤ لە رێگەی زانستەوە تێدەکۆشێت بۆ رێگەگرتن لە کارەساتە سروشتییەکان و ناخۆشییەکانی تر بەردەوامە لە گەران بە دوای زانینی نهێنییەکانی جیهان تا خۆی لە بەلاّکان بپارێزێت. تەنانەت ئێستاش کە حەوت یا شوش هەزار ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر بیرکردنەوەی ئێرانییەکان لە بارەی پەروەردگار، هێشتا باوەڕی تەواوی یەکتاپەرستەکان هەر بە هەمان شێوەی ئەو باوەڕەیە کە ئەوان هەیانبووە.

ئەمرۆ ئەگەر بگوترێت خوداوەند تەنها بریتییە لە خێر و لەو تەنها چاوەروانی چاکەین و ئێبلیس بەرپرسە لە خەراپەکان و ناخۆشی و بەدبەختییەکان لە ئەوەوە دێن و دواجاریش نەزانی ئێمەیە بەرانبەر بەو قەدەری خوداوەند بۆی داناوین، ئەوا دەبینین کە ئەو بیرکردنەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئایینەکانی ئاسمانی هەرلە ئیسلام، کریستیان و یەهودییەت مرۆڤەکانیان بەو باوەڕە گۆشکرد.

بەڵام لە حەوت تا شەش هەزار ساڵ پێش، هێشتا هیچ یەك لەو سێ ئایینە نەهاتبوون و زانیاری و لێکدانەوانەی ئێرانییەکان و ناسینی (یەزدان و ئەهریمەن) لە بیر و هزری بە هێزی خۆیانەوە بوو. ئێرانییەکان مامۆستای جیهان بوون بۆ یەکتاپەرستی و خۆیان مامۆستایان نەبوو، وەك چوون لە بوارەکانی کشتوکاڵ، کەشتیوانی، پاڵەوانییەتی و ئاژەڵداری مامۆستایان نەبوو و بوون بە مامۆستای نەتەوەکانی تر.

پاش ماوەیەك بیری یەکتاپەرستی لە میسر و هێندستان چەکەرەی کرد و لە هیچ یەك لەو دوو وڵاتە ناوی تر جگە لە ئیزەد و یەزدان بۆ پەروەردگار دانەنرا، ئەوان یەکتاپەرستیان لە ئێرانییەکان وەرگرت. ئێرانییەکانی کۆن کە باوەڕیان وابوو ئەهریمەن یا نەزانی دواجار لە بەرانبەر یەزدان دەشکێت، بۆ ئەوەی زانایی خۆیان پێشبخەن و ئەهریمەن بشکێنن، ئەوەندەی دەرفەتیان دەبوو و یا هێرشی نەتەوە وەحشی و نیمچە وەحشییەکان ڕێگەی پێ دەدان، خۆیان پێشخست و سروشتی پاکی دەروونیان بەهێز کرد و باشی و چاکەیان نەتەنها لە گووتار و کردار، بەڵکو لە بیرکردنەوەشدا کردە ئەرکی ئایینی. بیری چاك کە لە بنەماکانی ئایینی کۆنی ئێرانییەکان بوو دواتر بۆوە بەشێك لە یاساکانی ئایینەکانی تر، هەموو ئایینەکان ستایشی خودایان بۆ پەیرەوانیان کردە ئەرك تا دەروون و بیرکردنەوەیان پاك بکریتەوە.

باوەڕی ئێرانیانی کۆن بەرانبەر پەروەردگار لە ڕووی پاکی و گەورەیی، یەکسانە بە باوەڕی دیارترین بروادارانی ئایینە یەکتا پەرستەکان هەرچییەك کە لە لایەن شوێنکەوتووانی ئایینەکانی یەکتاپەرستی لە ئێستادا بەرانبەر بە پەروەردگار دەووترێت لە بیری ئێرانییە کۆنەکان وەك ئەوەی کە پەروەردگار لە هەموو شوێنێکە و نابینرێت و دەنگی نابیسترێت و مرۆڤ ناتوانێت بزانێت ویستی چییە و چی دەوێت، چونکە هەموو شتێکی ئافراندووە.

مرۆڤ دەتوانێت بەشێك لە ویستی پەوەردگاری لە دۆخی جیهان و پێکهاتەکانی بۆ ئاشکرا ببێت، بۆ نموونە ویستی پەروەردگارە کە ڕۆژ هەڵ بێت یا ئاوا ببێتەوە، مرۆڤ گەنج بێت و پیر بێت، هاوین بروات و زستان بێت. جگە لەمانە، لە توانای مرۆڤدا نییە کە پەی بە ویستی پەروەردگار (یەزدان) لەمەر خۆی ببات و ناتوانێت ئەو ببینێت یا دەنگی ببیستیت و ئەو باوەڕە کە لە ئێرانی ئەوکاتدا سەریهەڵدا لە سەردەمانی دواتر لە ئایینە یەکتاپەرستەکان دەرکەوتەوە.

وەك دەزانن لە هیچ یەك لە ئایینە یەکتاپەرستەکاندا نەهاتووە کە هەرگیز یەزدان ڕاستەوخۆ لەگەڵ کەس دوابێ و هەمیشە پەیامبەرانی ناردووە تا پەیامەکانی بگەیێننە مرۆڤ و گەیێنەری ئەو پەیوەندییە بوونە.

بۆیە ناتواندرێت ڕەخنە لە ئێرانییە کۆنەکان بگیرێت کە لەو سەردەمەی سێ لەسەر چواری جیهان وەحشی یا مرۆڤخۆر بوون، لە نێوان پەروەردگار و مرۆڤدا فریشتەکانیان بە هۆکاری پەیوەندی دەناسی و دەیانووت فریشتەکان بریار و فەرمانەکانی خوداوەند دەگەیێنن بە مرۆڤەکان. ئەوەی ڕەخنە لە ئێرانیانی کۆن نەگرین، بۆ ئەو باوەڕەیان کە لە نێوان مرۆڤ و یەزدان بوونەوەرێك هەیە بە ناوی فریشتە و پەیامەکانی یەزدان بە مرۆڤەکان دەگەیێنێت و بۆیە لەو ڕۆژەوە کە مرۆڤەکان فریشتەکانیان ناسین، کەمتر باسی یەزدانیان کرد و ئەوەش مانای فرامۆش کردنی نادات، بەلکو بەو هۆیەوە کە بە باوەڕی ئەوان دەستیان ناگاتە یەزدان.

بەلگەمان بۆ فەرامۆش نەکردنی یەزدان لە لایەن ئەوانەوە ئەوەیە کە بەردەوام لە دەستپێکی هەر کارێك و هەر وتەیەك ناویان هێناوە و دوای دۆزینەوەی هونەری نووسین، دەستپێکی هەموو پەرتووکەکانی ئێرانی کۆن بە ناوی یەزدان بووە و ئەمەش ڕاستی وتەکانمان دەسەلمێنێت، کەواتە ئەوان یەزدانیان فەرامۆش نەکرد و بە پێچەوانەوە هەستیان بە ئەرکی خۆیان کرد و بەهۆی ئەوەی فریشتەکانیان لە نێوان خۆیان و یەزدان دەدیت داوای یارمەتیان لە فریشتەکان دەکرد.

ئەهریمەن بەردەوام دژی یەزدان بوو و فریشتەکانیش پەیوەستی یەزدان بوون و بۆیە ئەهریمەن دژایەتی فریشتەکانی کرد، بەڵام توانای شکاندنی ئەوانی نییە و بۆیە تۆڵە لە مرۆڤەکان دەکاتەوە. ئەو ڕێسایانەی ئەوان لەمەر فریشتەکان زانیان زۆر پتەو بوون، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات تێکەڵ بوو بە شتی ناراست و دوور لە عقل و پاکی خۆی لە دەستدا. یەك لەو بابەتانەی ئێرانییەکان لە فریشتەکان فێر بوون، ئەوە بوو کە ئاو و زەوی دەبێت پاك ڕابگیرێت.

ئەمرۆ پاش حەوت تا شەش هەزار ساڵ هێشتا ئەو بنەما گرنگەی کە دەڵێت دەبێ ئاو و خاك پاك رابگیرێت ماوە و زۆر کەس هەن ئەو بابەتە ڕەچاو ناکەن و کێشە بۆ خۆیان دەنێنەوە و دووچاری نەخۆشی دەبەن و دەبنە هۆکاری لە ناوچوونی مرۆڤایەتی. تەنانەت لە شارە گەورەکانی جیهانیش کە هەموو کەرەستەیەکی پێشکەوتنیان هەیە دەردەکەوێت زۆر کەسان هەنە، ناتوانن پاکی زەوی ڕابگرن و پیسی دەنینەوە، زیاتر لەمەش زۆری ڕێژەی دانیشتوان لە هەندێ شار خۆی هۆکاری ئەو بابەتەیە.

ڕێسایەکی تر کە لە فریشتەکان فێری بوون پاك ڕاگرتنی جەستەی خۆیان بوو و لە پێش پاك ڕاگرتنی زەوی و ئاو بوو، بۆیە ئەوان خۆیان بە ئاوی ڕووبارەکان دەشوشت، بەڵام کاتێك جەستەیان پیس بوایە خۆیان نەدەخستە ناو ڕووبار بۆ ئەوەی پیس نەبێت، زەستانان ئەوان لە بەر سەرما نەیاندەتوانی لە ڕووبار خۆیان بشوون، ئاویان گەرم دەکرد و خۆیان دەشوشت و ئاوەکەیان دەڕشت و بەو شێوەیە حەمام هاتە کایەوە، یەکەمین نەتەوە کە حەمامی دروستکرد ئێرانییەکان بوون و نەتەوەکانی تر لە ئەوان فێربوون.

داهێنانێکی تری ئێرانییەکان چاڵی زێراب بوو، بۆ ئاوی خۆشوشتن و پاجەنگۆی مرۆڤەکان بەکاردەهات و دەبۆوە ڕێگر لە بلاوبوونەوەی نەخۆشییەکان، نەتەوەکانی تر چاڵی زێرابیان نەبوو و پیسایی و پاجەنگوویان لە سەر زەوی فرێدەدا و ئەمەش دەبۆوە هۆی بلاوبوونەوەی نەخۆشی. هەڵکەندنەکانی چل سالی ڕابردوو لە ئێران، چەندین چاڵی لەو شێوەی لە دڵی خاك دۆزییەوە.

بۆ دەرخستنی گرنگی ئەو داهێنانە کە لە بیروباوەڕی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتبوون پێویستە بگوترێت کە لە هەندێ ولاتی ئەورووپی وەك فەرەنسا تا سەدەی حەڤدەهەم چاڵی زێراب نەبووە و لە هەندێکیان پاجەنگۆی مرۆڤیان لە ناو قاپی گەورەی مسین دەگواستەوە بۆ ناو ڕووبارەکان، بە ڕەچاو کردنی ئەمە گرنگی ئەو دەستکەوتەی ئێرانییەکانمان بۆ دەردەکەوێت کە لە ڕێگەی باوەڕە ئایینییەکانیان پێی گەیشتبوون. لە ڕۆمای کۆن لەو کاتەی گلادیاتۆرەکان بە بەرچاوی پەنجا هەزار کەس دەستەویەخەی یەکتر دەبوون و لەو ولاتە زیاتر لە سی و حەوت گومبەدی سەرکەوتن و جوانی هەبوون، لە ماڵی ڕۆمییەکان چاڵی زێراب نەبوو و بەلام لە ئێران چەند هەزار ساڵ بەر لەو مێژووە لانی کەم لە بیناکردنی خانوودا، چاڵێکی زێرابی بۆ هەڵدەکەندرا.

پێش ئەوەی لە قۆناغی پێش مێژوو بچینە ناو قۆناغی مێژوو، پێویستە بابەتێکی تر کە زۆر گرنگە باس بکەین و ئەویش دۆزینەوەی ڕێنووسە و بابەتێکی زۆر گرنگە. ڕێنووس لە ئێران لە سەردەمێك نزیك بە سەردەمی پاڵەوانییەتی دۆزرایەوە و گێڕانەوەی دۆزینەوەی ڕێنووس بۆ فینیقییەکان هەڵەیە و دەکرا تا پەنجا ساڵ پێش ئەو هەڵەیە ببخشرێت، بەڵام لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوو کۆمەڵێك کەتیبە لە دڵی خاکی ئێرانەوە دەرهێندران کە دەگەڕایەوە بۆ حەوت هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، لە کاتێکدا کە نووسینەکانی فینیقییەکان تەمەنیان تەنها

چوار هەزار ساڵە و ئەمەش ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات کە نووسین لە لایەن ئێرانییەکانەوە دۆزراوەتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاڵەوانییەتی ئەو وڵاتە.

ئێستا کۆمەڵگەی زانستی بە گومانەوە دەروانێتە زانستی خێرایی رووناکی کە بە پێی بنەماکانی تیۆری ئەینشتاین بە سێ سەدهەزار کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا دیاریکردووە، دواتر سەلمێندرا خێرایی رووناکی نزیکەی نۆسەد هەزار کیلۆمەترە لە هەر چرکەیەك، لە بابەتە مێژوویییەکان ناکرێت تەنها پشت بە گێڕانەوە ببسترێت و ئەویش لە کاتێکدا کە بەڵگەنامانەی نووسراو کە گومانیان لێ ناکرێت لە دڵی خاك هاتوونەتەدەر.

لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا چەند مێژوونووسێك بۆیان دەرکەوتبوو کە گێڕانەوەی دۆزینەوەی رێنووس بۆ فینیقییەکان راست نییە و جەختیان کردەوە کە رێنووس، بەڵام رێنووسی بزماری لە میسر و ماوەیەك بەرلە فینیقییەکان دۆزراوەتەوە، بەڵام بەڵگەیان بۆ وتەی خۆیان نەبوو. ئەو بەڵگانە لە پەنجا ساڵی رابردوو لە خاکی ئێران دەرکەوتن و دوای بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (کاربۆنی ١٤) سەلمێندرا تەمەنیان حەوت هەزار ساڵ دەبێت و بە گریمانی زۆر لە ئێران سەرەتا رێنووس و دواتر ئەلیفبا هاتەکایەوە، دیسان بە گریمانی زۆر ئەلفبا بۆ نووسینەوەی نزا و پارانەوە ئایینییەکان و پاراستنیان بۆ دوارۆژ هاتۆتە کایەوە.

بە گریمانی بەهێز نووسینی ئێران لە سەرەتا شتێك بووە لە شێوەی نووسینی وێنە و دواتر بۆتە ئەلفبا و ئەلفبای ئەوکاتی ئێرانییەکان ئەوەندە بە کەڵك بووە، کە لە حەوت هەزار ساڵ پێش پێویستی ئەوانی لە رووی نووسین پڕ کرد بۆوە، تەنانەت دواتر و تا ئێستاش ئەلفبای ئێران ئەوەندە بە هێزە کە رێنووسەکانی تری جیهان پێی ناگەن، کاتێك دەگەینە سەردەمانی مێژوو واتە ئەوکاتەی مێژوو نووسرایەوە، دەبینین کە ئێرانییەکان رێنووسیان گەیاندبۆوە رادەیەك لە پێگەیشتوویی کە هیچ یەك لە رێنووسەکانی ئێستای پێناگەن و ئەمەش نیشانەی پتەوی شارستانییەتی ئێرانییەکانە.

لە قۆناغی مێژوودا ئێرانییەکان سێ جۆر ئەلفبایان هەبوو، یەکەمیان بۆ نووسینی پەرتووك و دەقە ئایینییەکان بووە، دووەمیان بۆ نووسینی پەرتووك و بابەتە ئاساییەکان و سێ یەمیان بۆ هەموو نووسین و هەموو دەنگێك، تەنانەت دەنگی ئاو، باڵندەکان، با و مۆسیقا و ... هتد بەکار هاتووە و دەکریت بگوترێت ئەلفبای سێیەمی ئێرانییەکان نەتەنیا ئەلفبا بەڵکو نۆتەی مۆسیقا بووە و توانیویانە مۆسیقای پێ بنووسنەوە و ئاوازی پێ دابنێن.

ئاوازەکانی ئەوکات ئێستا نەماون، بەڵام لە ئەرمەنستان هەیە و بەشێك لە ئاوازە رەسەنەکانی ئەرمەنی ئەوانەن کە لە ئێران وەرگیراون و بە هەمان نۆتە و مۆسیقان و هەر کەسێك گومانی هەیە، دەتوانێت پرسیار لە یەك لە مامۆستایانی موزیکی ئەویٚ بکات بۆ گەیشتن بە ڕاستییەکان.

ئەو ئەلفبایە ئێرانییەکان داهێنەری بوون، جگە لەوەی پێداویستییەکانی دەستبەردەکرد و کلیلی زانست و کولتووری دەخستە بەردەستی جیهانیان، جوانیش بوو. تەنها بە بینینی خەتی بزماری یەك لە کەتیبەکانی سەردەمی هەخامەنشی، دەردەکەوێت ئەو ڕێنووسە نەتەنها جوانترین ئەلفبایە، بەڵکو لە ڕوانگەی تەرتیب و بەرانبەری پیتەکان تەنانەت ئەمڕۆش بیٚ هاوتایە و نەتەنیا ئەلفبای لاتین بەڵکو ئەلفبای نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتیش هاوتای ناکەت لە ڕێکی و تەرتیب. ئەو کەتیبانەی لە سەردەمی هەخامەنشی ماونەتەوە بە ڕێنووسێك نووسراوە کە ئەوان بۆ بابەتە ئاساییەکان بەکاریان هێناوە، بەڵام هەر ئەو ڕێنووسە ئاساییە، ڕێنووسێکی ئەوەندە بیٚ کەموکوری بووە کە تواندراوە زمانەکانی تر بنووسێتەوە و بەڵگەش بەردەست بوونی چەند کەتیبەیەکە کە بە هەمان خەت بەڵام بە زمانەکانی تر لە سەردەمی هەخامەنشییەکان نووسراون.

لە نێوان مێژوونووسانی جیهان پرسیار هەیە کە ئایا یەکەمین ڕێنووس لە ئێران بووە یا لە ئەرمەنستان؟ ئەو باسەش لەوەوە سەریهەڵدا کە هەندێك لە مێژوونووسان نەخشەکانی جوگرافیای جیهانی ئەوسا وەك نەخشەی سیاسی جیهانی ئێستا دەبینن، لەکاتێکدا کە لە سەردەمی پێش مێژوو کە ئێمە باسی دەکەین ئەرمەنستان و ئێرانی ئەوکات یەك وڵات بوونە، تا ئێستاش لێك چوونی نەتەوەکانی دانیشتووی ئەو دوو وڵاتە لە ڕووی باڵا و دەرکەوتەوە شاهیدی ئەو ڕاستییەن. بەڵام ئەو کەتیبانەی کۆن بوونی ڕێنووس و ئەلفبای ئێران بەرانبەر بە ئەوانی تر دەسەلمێنێت، لە ئێران دۆزراونەتەوە نەك لە ئەرمەنستان.

ئەو ڕێنووسەی لە ئێران دۆزراوەتەوە لە بنەمادا دەبێت زیاتر لە حەوت هەزارساڵ پێش بێت، چونکە لە حەوت هەزار ساڵ پێش ئەلفبای ئێران بیٚ کەموکوری بووە و هیچ ڕێنووسێکیش لە سەرەتای داهێنانی بیٚ کەموکورتی نابێت و ماوەیەکی زۆری دەوێت تا کەموکوریەکانی نەمێنن، کەواتە دەبێت بڵێین مێژووی نووسین بۆ هەشت تا نۆ هەزار ساڵ پێش دەگەڕێتەوە و ئەو ماوەیەش بۆ نەهێشتنی کەموکوری ڕێنووسەکە بووە. سەبارەت بە شێوەی نووسینیش واتە خەت، ناکریت

داهێنانی بۆ تاکە کەسێك جێ بهێڵین، چونکە دوورنییە کە خەت واتە نیشانە یا وشەیەك یا رستەیەك بێت کە لە یەك کاتدا لە لایەن کۆمەڵێك لە کەسەکان داهێندرا بێت.

تا ئێستا لە نێوان کەسانی نەخوێندەوار باوە بە نیشانەو وێنە بابەتەکان شی بکەنەوە و لە نووسینی لاتینی ئەو زمانە بە ئایدیۆگرام ناودەبرێت. بەو بەڵگەیەی کە ئێرانییەکان رێنووس و ئەلفبایان بۆ نووسینەوەی نزا و پارانەوەکان داهێنا، دەکریت بگوترێت یەکەم پەرتووکی ئایینی لە ئێران نووسراوە و ئەمەش ئەو ڕایە دەخاتە گومان کە پەرتووکی (اموات)ی میسری کۆنترین پەرتووکی جیهانە، تا ئێستا بروای بەشێك لە مێژوونووسان وایە کە کۆنترین پەرتووکی نووسراو لە جیهاندا هەمان پەرتووکی امواتی میسرییەکانە.

لەوانەیە پێش داهێنانی نووسین، نزا و پارانەوە و شتە دینییەکان لە زار بۆ زار و لە ناو سینگەکان گواسترابنەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە پەرتووکی مردووەکان (اموات) بە گێرانەوە جیاکان لە شەش یا پێنج هەزار ساڵ پێش نووسراوە و بریتی بووە لە تایبەتمەندی و یاساکانی ئایینی میسرییەکان، بە داخەوە ئەو پەرتووکە نەماوە، بەڵام هەندێ لە بەشەکانی لە ناو کەتیبە کۆنە میسرییەکان بەردەست کەوتووە.

خەتی نووسینی پەرتووکی ئەموات بریتی بووە لە وێنە و میسرییەکان لە کاتی نووسینی ئەو پەرتووکەدا ئەلفبایان نەبووە و تا ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەش میسرییەکان ئەلفبایان نەبووە. بەڵام ئێرانییەکان حەوت هەزار ساڵە ئەلفبایان هەبووە، ئایا دروست نییە گریمان بکەین ئەوان نووسینیان بۆ نووسینەوەی نزا و پارانەوە ئایینییەکانیان داهێناوە و بەو پێیەش خاوەنی کۆنترین پەرتووکی ئایینی جیهانن؟

لەوانەیە داهاتوو لە دڵی خاکی ئێرانەوە ئەو ڕاستییە بسەلمێت. لە ئێران هێشتا زۆر ناوچەی شوێنەواری دێرین هەیە هەڵنەدراوەنەتەوە و پشکنینیان بۆ نەکراوە، لەوانەیە لە داهاتوو هەڵدانەوەی ئەوانیش هەندێ بەڵگەمان بداتێ، کە ئەلفبای ئێران بگێڕێتەوە بۆ سەردەمانی کۆنتر.[(١)، (٢)]

---

(١) (ئەگەر هەڵکەندنی پێویست لە شوینەوارەکانی ئێران بکریت دوورنییە بابەتی زۆر سەرەنج ڕاکیش بدۆزرێتەوە کە بتوانێت ئێرانیان وەك یەکەم داهێنەری ئەلفبا بناسێنێت، پرۆفیسۆر کامیرۆن ئێرانناسی ناسراوی ئەمریکایی)

(٢) (زەبیحوڵڵا بە (گریمان) ئێرانییەکان دەکاتە خاوەنی کۆنترین رێنووس و دەیەوێت رێنووسی ئەرمەنییەکان بە هۆی ئەوەی ماوەیەك ئەو وڵاتە لەبەر دەستی پاشایەتی ئێران بووە، داگیر بکات. هەرچەندە دەزانیین یەکەم وڵاتی یەکگرتوو و بەهێز لە ئێران مادەکان بوون و تەمەنیان ناگاتە سێ هەزارە. دیسان بە گریمان و بە بێ بوونی هیچ پەرتووکێك، دەیەوێت بوونی کۆنترین پەرتووکی

هەندێ لە مێژووناسان باوەڕیان وایە نووسین و خوێندنەوە لە ئێرانی کۆندا تایبەت بووە بە چینی زانایانی ئایینی و لە سەردەمانی دواتریش تایبەت بووە بە ئەوان و مامۆستایان، بەڵام لە ڕاستیدا لە ئێرانی کۆن هەموان واتە ژن و پیاو نووسین و خوێندنیان کردووە و ئەمە تایبەت نەبووە بە چینێکی دیاریکراو، هۆکاری ئەمەش کە هەمووان خوێندن و نووسین فێر بوونە بۆ ئەوە بووە تا هەموویان بتوانن دەق و رێسا ئایینییەکان بخوێننەوە تا بتوانن فێریان بن.

مێژوونووسی ناسراو (هیرۆدۆت) کە مێژوونووس و هاوکات نووسەریش بوون، هەندێ لەو ڕووداوانەی سەردەمی خۆی نووسیوەتەوە کە بۆ خۆی دیتوویەتی، لە پەرتووکی (جەنگەکانی ئێران) باسی خوێندەواری لەشکری ئێران دەکات، ئەوکات زۆربەی ئەفسەرەکانی سوپای یۆنان نەخوێندەوار بوون و تەنانەت (لیێ ئۆ نیداس) پاشای ئێسپارت کە بە سێ سەد سەرباز، جەنگی تەرمۆپیێلی بەناو بانگی لەگەڵ خەشایارشای پاشای ناسراوی ئێران کرد، تەنها سەرەتاکانی خوێندنی زانیوە و نەیتوانیوە بە باشی بخوێنێت و بنووسێت، هیچ یەك لە سەربازە ئازاکانیشی کە هەموویان لە دەربەندی تەرمۆبیل کوژران خوێندەواریان نەبوو.

هەرچەندە لە سەردەمی هەخامەنشییەکاندا کۆمەڵگای ئێرانی لە چەند چینێك پێکهاتبوو، بەڵام جیاوازی لە چینەکان و هەروەها لە فێربوونی خوێندەواریدا نەبوو، ئێرانییەکان باوەڕیان وابوو، دەبێت بۆ فێربوونی دەقە ئایینییەکان هەموویان خوێندەواری بزانن. بەڵگەیەکی تر بۆ خوێندەوار بوونی ئێرانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەخامەنشییەکان کە لە هەموو ماڵێکدا پەرتووك هەبووە و ئەگەر ئەوان نەتەوەیەکی خوێندەوار نەبووبن پەرتووکیان بۆچی پێویست دەبوو.

ئێرانییەکان زانینی خوێندن و نووسینیان بە ئەرك دەزانی و تەنانەت دوای شکانیان بە دەستی عەرەب بەردەوامبوون لەم ئەرکە و لە خەراپترین سەردەمەکانی ئێران و تەنانەت دوای هێرشی موغولەکان بۆ ئەو وڵاتە بەردەوامبوون لە سەر زانستیان بە ئەرکێکی ئایینی زانیوە و(ئەبۆلقاسم کوری عبدالله ناسراو بە ئیبن خوردادیە) و لە کۆتایی سەدەی سێیەم و سەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی ژیاوە دەڵێت لە خۆراسان و تەبەرستان، هەموو دانیشتوانی لادێکان دەیانەوێت منداڵەکانیان بچنە قوتابخانە تا ببنە زانا.

---

**ئایینیش بکاتە هی خۆیان، باس لە سەردەمی هەخامەنشییەکان دەکات کە هەموو ماڵێك پەرتووکی تێدابووە و ئەمەش زۆر لە بابەتەکە ناگۆڕێت، چونکە کاتی ئەوان تەنها (٢٥٠٠) ساڵە و نەك (٧٠٠٠) ساڵ، وەرگێر بۆ کوردی)**

دوای ئەوەی کتابخانەکانی ئێران لە ناوبردران، هەندێ لە مێژوونووسان کە شارەزای مێژوو و شارستانییەتی ئێران نەبوونە، وتوویانە کە ئێرانییەکان لە لایەن عەرەبەوە خوێندن و نووسینیان فێرکراوە و بەڵام ئەوە راست نییە و تەنانەت وشەی (کتاب) کە عەرەبییە، لە وشەی (کتو) ی فارسی وەرگیراوە. لە لایەکی تر بەشی زۆری عەرەبەکان پەرتووکیان نەبوو و خەتیان نەدەنووسی و هەندێك لە عەرەبەکان لە تەواوی تەمەنیان بۆ یەکجار پەرتووکیان نەبینی بوو و بۆ یەکەمجار لە شارستانییەتی عەرەبدا، وشەی (کتاب) لە قورئاندا بەکارهات و نووسەر و زماناناس و فەیلەسوفی فەرەنسی (ئێرنێست رەنان) دەڵێت: وێژە و کولتووری عەرەبی لە لایەن وێژە و کولتووری ئێرانی روحی بە بەردا کراوە و ئەگەر ئەوەی لە رێگەی کەلتوور و وێژەی ئێرانییەکان گەیشتە ناو عەرەب، لە عەرەب جیا بکریتەوە ئەوا عەرەب بە تەنها لە گەڵ وشترەکەی دەمێنێتەوە.

هەرچەندە ئەو وتەی ئێرنێست زیادەڕۆیی تێدایە، چونکە عەرەبەکان بەر لەئەوەی دەسەڵات بەسەر ئێراندا بگرنەدەست، شاعیری دیاریان هەبووە و قورئانی پیرۆزیش، کە نیشانەی زمان روونییە بەو زمانە هاتووە. هەروەك چوون ناتوانیین بڵێین عەرەب بەرلە گرتنی ئێران هیچ فەرهەنگ و کولتووری نەبووە، لە هەمانکات رەوانییە بگوترێت ئەوان مامۆستای ئێرانییەکان بوون و خوێندن و نووسینیان فێرکردوون، چونکە ئێرانییەکان لە زۆر بوار مامۆستای جیهانیان بوون و ئەوان بوون خەت و پیشەسازیان بە گەلانی تر ئاشناکرد. ئێمە چونکە دەمانەوێت بە خێرایی قۆناغی پێش مێژوو تێپەڕبکەین و بگەینە قۆناغی مێژوو، ئەوا هەر بابەتێك کە باسی دەکەین بە کورتی تەواوی دەکەین.

یەکەمین نەتەوە ئێرانییەکان بوون کە پێوانە کردنیان داهێنا و بڕیاریاندا بە پێی جۆرەکانیان، درێژی و پانی یا وەزنی هەر شتێك بزاندرێت، سەبارەت بە شلەکان و دانەوێلەش پێویستە بە جۆرەکانی قاپ و سەتل و .. هتد بپێورێن، هەزاران ساڵ پێش ئەوەی دەوڵەتی دوای شۆرشی فەرەنسا بڕیار بدات کە دەبێت قورسایی ئەو بەردانەی دەکرێنە پێوەر لەسەریان بنووسرێت، ئێرانییەکان ئەو کارەیان ئەنجامدا و لەم کارە پێش ئەورووپاییەکان کەوتنەوە و تا ئێستاش هەندێ لەو بەردانەی کە کراونەتە پێوەر ماونەوە.

هەزاران ساڵ پێش ئەوەی لیتری فەرەنسی ببێتە پێوەر، (گیلی) ئێرانی بە ناوی تر بۆوە پێوەر و پێوانەکەی لەسەر نووسرا، هەر بە هەمان شێوە هەزاران ساڵ زووتر و لە بەرانبەر کیلۆمەتری فەرەنسی لە ئێران فەرسەنگ دیاریکرا، دوای بڕینی هەر فەرسەنگێك بەردێك

دادەنرا و لە سەری دەنووسرا کە چەند ماوە بۆ نزیکترین شار، ئەم رێسایە لە لایەن ئێرانییەکان بۆ جیهانیان چوو و بە هەمان شێوە لە دروستکردنی رێگەکان ئێرانییەکان پێش نەتەوەکانی تر کەوتنەوە.

مێژوونووسی فەرەنسی (کارکۆپی نۆ) شارەزا لە مێژووی رۆمی کۆن، دەڵێت رۆمییەکان یەکەمین نەتەوە بوون کە دووسەد ساڵ پێش زایین رێگای بەردرێژیان دروستکرد کە بە چەو فەرش کرابوون. بەڵام (ئەسترابوون) کە لە نیوەی دووەمی سەدەی چواردەهەمی پێش زایین۱ لە گەڵ ئەسکەندەر هاتۆتە ئێران، باس لە جوانی رێگاکانیان دەکات کە بەردرێژ بوونە و سەر بەردەکان بە گڵی نەرم فەرش کرابوون تا خەلکی سوار و پیادە بتوانن بە ئاسانی برۆن و ئەوکاتەش کە ئەسکەندەر هاتە ئێران بە لانی کەم سیٚ سەدە بووە کە ئێران جادەی هەبووە.

ئێرانییەکان یەکەم نەتەوە بوون پارەیان بەکارهێنا و بەر لەوان هەموو جیهانیان گۆرینەوەی کالا بە کالایان دەکرد، بۆ نموونە گەنمیان دەدا لە بەرانبەر وەرگرتنی مس. بەڵام ئێرانییەکان لە کانزای وەك مس، زیو و زێر پارچەی بچوکی بازنەییان ئامادەکرد کە هەڵگرتنیان لە گیرفان ئاسان بوو، بەهای هەر پارچەیەك لەو کانزایانەش دواتر لە سەریان هەڵدەکەنرا. پارەی کانزایی (مس، زێر و زیو) لە ئێرانی کۆن جیاوازی لە گەڵ پارەی ئاسنی ئێستا نەبووە و لانی کەم پێنج سەد ساڵ پێش ئەوەی لە وڵاتی لیدی ئەو کارە بکریت لە ئێران پارەی سککەی هەبووە.

لە مێژووی رۆژئاواییەکان یەکەم کەس کە سککەی پارەی داهێناوە قارۆنی یۆنانی (کرزووس) بووە کە (٥٠٠) ساڵ پێش زایین پارەی سککەی داهێناوە و خەڵکی تر ئەو کارە لەو فێربووە، ئەو وتەیە کە لە سەرەتاوە لە مێژووە یۆنانییەکاندا هاتووە ڕاست نییە و ئێرانییەکان یەکەم کەس بوون کە پارەی سککە داهێنا و بەڵام (کرزووس) یەکەم کەسە کە وێنەی خۆی لە سەر ئەو پارانە داناوە، بۆیە بە یەکەم کەس هەژمار کراوە کە پارەی سککەی داهێناوە و بۆیەش ئەو بە یەکەم کەس دادەنێن کە ئەو کارەی کردووە، چونکە لە ژێر خاکەوە سککەیەك نەهێندراوەتە دەرەوە کە وێنە یا نەخشی پاشایەکی کۆنتر لە ئەوی بەسەرەوە بێت.

کاتێك ئێرانییەکان سککەیان داهێنا، لە وڵاتانی دراوسیٚ و لە نیمچە دورگەی عەرەبی سککە نەبوو و ئێرانییەکان لە ساڵی سی و نۆیەمی کۆچی یەکەم جۆری سککەیان لەم نیمچە دورگەیە لیدا. لە پەرتووکی (عبقریە الفاتمیە) هاتووە کە کۆمەلێك لە زانایانی ئێرانی ئەو بوارە بە چەند سککەیەکی زێر و زیویا پێبوو کە لە سەریان نووسرابوو (امیرالمؤمنین علی بن

ابی تالیب ع) چوونه خزمەت خلیفەی ئیسلام حزرەتی علی (ع) و ئەو سککانەیان پێشکەش کرد، وەك دیارە سککەکان بە بۆنەی نەورۆزەوە لیٚ درا بوون و ناوی (وەرکان) یان لێندرا، چونکە لە سەردەمی ساسانییەکان ناوی سککەی ئێران وەرکان بوو.

داهێنانێکی تری ئێرانییەکان شووشە بوو کە رۆژئاواییەکان ئەو داهێنانە بۆ فینیقییەکان دەگێرنەوە، فینیقیە ولاتێك بووە لە کەنارەکانی سوریای ئێستا و لە رێگەی دەریا پەیوەندی لە گەڵ یۆنان هەبووە، ئەگەر شووشە لە فینیقیە بەرهەم هاتبێت دەبوایە لە یۆنان شووشەسوودی لێوەربگیرایە، چونکە پەیوەندی بەردەوام لە نێوان ئەوان و یۆنان هەبوو و بەڵام کە ئەسترابوون هاتە ئێران بە دیتنی شووشەی پەنجەرە دووچاری سەرسوڕمان هات.

دوای داگیرکردنی ئێران لە لایەن یۆنان و بە هۆیەك کە سەرەنجام مردنی شووشەچییەکان بووە، ماڵی هەموو ئێرانییەکان تاریك بوو، بۆیە دەگوترێت پەنجەرەکانی کۆشکی پێرس پۆلیس شووشەیان نەبوو، بەڵام زووتر وتمان ئەسترابوون لە ماڵە ئێرانییەکان شووشەی دیت بوو و چوون لە ولاتێك کە ماڵە ئاساییەکانی شووشەیان هەبووبێت، ناچێتە عەقڵەوە کە لە کۆشکێکی بە شکۆی وەك پێرس پۆلیس شووشە نەبوو بێت.

لە یۆنان شووشەی بچووك بۆ جوانی و ڕازاندنەوە هەبوو، بەڵام لە پەنجەرەکاندا هێشتا بەکارنەهاتبوو و ئەو پیشەسازییە لە ئێران هاتە یۆنان، بەڵام لە ئێران شووشە لە پەنجەرەی ماڵەکان لە سەردەمی یۆنانییەکاندا نەما کە ماوەی یەك سەدەی خایاند. بەرلە داگیرکردنی ئێران لە لایەن یۆنانییەکانەوە، ئێرانییەکان جگە لە بەکار هێنانی شووشە لە پەنجەرەی ماڵەکانیان، لە وەرزی زستاندا جۆرە پەردەیەکیان بەکاردەهێنا بۆ خۆپارێزی لە سەرما و دوتر یۆنانییەکان ئەو پەردەیان گواستەوە بۆ یۆنان و ئەورووپا. ئەو پەردەیە لە هەموو شوێنێك بە (پەردەی ئێرانی) ناسرا و تەنها لە ئێران ناوی (پەردە کرکرە) واتە پەردەی دەرابەیە.

داهێنانێکی تری ئێرانییەکان کە ئەسترابوون بینی بووی (خەس خانە) بوو، کە بۆ هاوین دروست دەکرا و لە وەرزی گەرما هەرکەس لە ئەویٚ نووست بایە، هەستی بە فێنکی یا سەرما دەکرد. (خەس خانە) ژوورێکی گەورەی چوارگۆشەی وشکبوو کە شورەەکانی پڕ لە بۆشایی بوو و تەواوی بۆشاییەکانی شورەەکان بە رووەکێکی دەشتی بە ناوی (خەس) پڕ دەکرایەوە، لە سەربان حەوزێکی ئاو دادەنرا و ناوە ناوە ئاو بە سەر خەسەکاندا دەکرا،، ئەو هەوایەی بەناو

خەسەکاندا دەهاتە ژوورەوە زۆر فێنك دەبوو و ئەگەر بای شەماڵ لێی دابوایە، ئەو کەسەی لە ژوورەوە بوو، لە بەر زۆری سەرماکە دەبوایە خۆی داپۆشێت.

کاتێك ئەسترابوون و ئەسکەندەر هاتنە ئێران، لە ئێران کورەکانی ئاسن تواندنەوە هەبوون کە هاوشێوەی کورەکانی سەردەمی ئێستا بەرز بوون و بە کورەی بەرز ناودەبران، ئێرانییەکان بۆیان دەرکەوتبوو کە ئەو جۆرە کورانە دەکریت زیاتر گەرمی تیایاندا کۆبکریتەوە. تا ئەوکات لە رۆما تواندنەوەی ئاسن نەبوو و بەگشتی قورقوشمیان بەکاردەهێنا و دەستووری ولاتیان لە سەر دوازدە لەوح لەو کانزایە نووسی بۆوە و کە یەکێك خەلات دەکرا شمشێرێکی قورقوشمی پێدەدرا.

مایەی سەرسوڕمان نییە کە ئێستا هیچ پارچە ئاسنێك نادۆزرێتەوە کە هی سەردەمی ئاسن تواندنەوەی ئەوکاتی ئێران بێت، چونکە وەك زاندراوە ئاسن ژەنگاوی دەبێت و لەناو دەچێت. ئەگەر شارستانییەتی ئێستامان لەناو بچێت و دوای هەزار ساڵی تر لە شوێنەوارەکانی بگەڕیین، ئەوا هیچمان دەست ناکەوێت لەو شارستانییەتە گەورەیە، چونکە هەمووی ژەنگ دەبیات. لە لایەکی تر قورقوشم زۆرمان دەست دەکەوێت کە هی سەردەمەکانی زۆر کۆنترن و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی قورقوشم ژەنگ ناهێنێت[٣].

ئەسکەندەر چەند کەسێك لە ئاسنگەرە کورەچییەکانی ناردە یۆنان تا خەڵکی ئەویٚ فێری ئەو پیشەسازییە تازەیە بکەن و زانیاریمان نییە ئەوان چییان لەو بارەوە ئەنجامداوە. ئێرانییەکان لە ولاتێکی گەورە دەژیان و نەتەوەیەك بوون کە زۆر بە سروشتەوە بەند بوون و بەردەوام لە ناو دەشت و دەر و کێوەکان دەسورانەوە.

بۆیە زۆتر لە گەلانی تر کانزا و کانەکانیان دەدۆزییەوە و لەو کانانەش کە دۆزیانەوە غلوسی بەردین بوو.

کەسانێك لەو باوەڕەن غلوسی بەردین یەکەمجار لە رۆژئاوا بەکارهێنراوە، بەڵام ئێرانییەکان یەکەمین نەتەوە بوون کە زانیان غلوسی بەردین دەبێتە سووتەمەنی. لە ئەفسانە کۆنەکانی

---

(٣) (هیتییەکان لە زانستی خۆیان لە زەمینەی دەرهێنان و تواندنەوەی ئاسن بە دوو شێوە کەڵکیان وەرگرت، یەکەم ئەوەی توانیان شارستانییەتی خۆیان لە ولاتێکی نویٚ دابمەزرێنن، کە کەلکوەرگرتن لە ئەبزارگەلی سەردەمی "قۆرقوشم" نەیدەتوانی خواردنی پێویست بۆ ئەوان دابین بکات. دووەم ئەوەی ئەوان لە چەك و چۆڵی ئاسنینیان بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان کەڵکیان لیٚ وەرگرت.) ئەو پاراگرافەی لە سەرەوە هاتووە لە پەرتووکی (شارستانییەتی ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە نووسینی یارۆسلاڤ کراچی و وەرگێڕانی یوسف خزر چۆپان وەرگیراوە و دەرخەری ئەوەیە کە زۆر پێش ئەوەی ئەسکەندەر بێتە سنووری هەخامەنشییەکان، ئاسن تواندنەوە لە لای هیتییەکان هەبووە. وەرگێر بۆ کوردی)

ئێران باس لە بەردی گڕدار یا بەردێکی ڕەش کە دەسووتا دەکریت، بەڵام لە ئێران غلوسی بەردین زۆر بەکار نەدەهێندرا، هەروەك چوون لە ڕۆژئاواش تا دەستپێکی سەدەی نۆزدەهەم کەم بەکاردەهات، فەرەنسی و ئاڵمانی و بریتانییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا لە ماڵەکانیان زستانان داریان دەسوتاند و تا ساڵی (١٨٧٠) سوتاندنی غلوسی بەردین لە ماڵەکانی فەرانسا باو نەبوو و ئەویش تەنها لە زستان.

پێویست ناکات بە درێژی باس لە هۆکارەکانی زۆربوونی بەکار هێنانی غلوسی بەردین لە ڕۆژئاوا بکەین، تەنها دەڵێین دوو هۆکار برەویاندا بە بەکار هێنانی غەلوس، یەکەم: تواندنەوەی ئاسن و پێویست بوونی بڕی زیاتری پۆڵا و دووەم زۆر بوونی پیشەسازی کیمیایی کە باشترین کەرەستەی خاو بۆ ئەو مەبەستە غلوسی بەردین بوو، ئەو دوو جۆرە پیشەسازییەش لە ئێرانی کۆندا نەبوون و بۆیە پێویستی بەکار هێنانی ئەو غلوسە لە ئێران نەدەهاتە کایەوە، بەڵام ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی بڵێین ئێرانییەکان ئەو بابەتە لە ڕۆژئاواییەکان فێربوون.

ئێرانییەکان بیناکردنی شارەکانیان فێری جیهانیان کرد و یەکەمین شارەکان بە مانای شار بە دەستی ئەوان دروستکران، هیرۆدۆت بە باوکی مێژووناسان ناسراوە، دەڵێیت (کوروش) فەرمانی کرد لە ئێران بیست شار دروست بکریت و پانی شەقامە سەرەکیەکانی هەریەکەشیان هەشتا زێراع بێت، کە ئەگەر درێژی هەر زرعێك بە نیومەتر دیاری بکەین ئەوا دەبێتە چل مەتر. لە وانەیە خوێنەری بەرێز دووچاری سەرسوڕمان بێت بەرانبەر بەوەی ئێمە زۆرینەی داهێنانەکان بۆ ئێرانییەکان دەگێڕینەوە، بەڵام بۆ هەموو وتەکانمان بەڵگەمان هەیە و لە کاتێك ئەسکەندەر بە سونبولی پێشکەوتن هەژمار دەکریت، دەبینین زۆر پێشکەوتن لە ئێرانییەکان فێر بووە.

هاتنی ئەسکەندەر بۆ ئێران ئەوەندە ڕوونە کە دەکریت بەدوادا چوون بۆ تەواوی ڕووداوەکانی هاتنی ئەو بکەین، بەشێك لەو شتانەی ئەسکەندر لە ئێران دیتنی هی پێش مێژوو بوون، ئەو کاتی هاتنی نەیدەزانی پێویستە ڕێز لە ئایینەکان بگرێت و خۆی پەیرەوی خوایانی یۆنانی بوو، بۆیە وایزانی تەواوی جیهانیان دەبێ خوایانی یۆنان بپەرستن، کاتێك دیتی لایەنگرانی هەموو ئایینەکان ئازادن لە بەجێ هێنانی ئایینەکانیان، زانی دەبێت ڕێزی بۆ ئایینەکانی تر هەبێت.

هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن کاتێك ئەسکەندەر ویستی شاری ئەسکەندەریە لە میسر دروست بکات، نەخشە دانانی شارەکەی بە ئەندازیارێکی یۆنانی بە ناوی (تریدات) سپارد کە یەکەم

ئەندازیار بوو شارێك بە شێوەی تازەی ئەندازەیی بخاتە بواری جێبەجێ کردن، بەڵام ئەو مێژوونووسانە دەڵێن تریدات قوتابی ئەندازیارە ئێرانییەکان بووە، هەرچی زانیویەتی لە ئەوان فێر بووە.

بابەتی ئاوەڕۆکانی ئەسکەندەریە کە لە لایەن تریدات و بە فەرمانی ئەسکەندەر نەخشەی بۆ کرا، لە لایەن بەشێك لە مێژووناسانی ئەورووپی زێدە ڕوویی بۆ کراوە و بە ئاماژەی عەقڵمەندی و پێگەیشتوویی ئەسکەندەر و ئەندازیارەکەی دادەنێن. بەڵام ئەگەر ئەسکەندەر و ئەندازیارەکەی ئاوەڕۆی شارەکانی ئێرانیان نەدیبوایە، بە مێشکیان دانەدەهات کە شاری ئەسکەندریە ئاوەڕۆی پێویستە و زاندراوە شارەکانی باکووری ئێران ساڵانێك پێش هاتنی ئەسکەندەر بۆ ئێران، ئاوەڕۆیان هەبووە و هیرۆدۆت باسی ئەم ڕاستییە دەکات.

نەخشەی شاری ئەسکەندەریە لە شارەکانی باکووری ئێران وەرگیرابوو کە نزیکەی دووسەد ساڵ زووتر بە فەرمانی کوروش لە لایەن ئەندازیارانی ئێرانی بەپێی نەخشەی تازە دروستکرا بوون، بە گریمانی زۆر هەر ئەوکات ئاوەڕۆیان بۆ کرابوو. چونکە ئاوی ژێر زەوی لەو شارانە زۆر بووە چاڵەکان زوو گەیشتوونە ئاو، بۆیە لە جیاتی چاڵ لەو شارانە ئاوەڕوویان دروستکردووە، بەستنەوەی نەخشەسازی تازە و دانانی ئاوەڕوو بە ئەسکەندەر و تریدات سەراوژێر کردنەوەی مێژووە. دوای ئەو کارە تریدات گەڕایەوە بۆ یۆنان و هەوڵیدا شاخی (ئەفەس) داتاشێت کە نزیکەی نۆسەد مەتر بەرز بووە و پەیکەری ئەسکەندەری لێ دروست بکات و بۆیە پێداویستییەکانی لە دامێنی شاخ ئامادەکرد، لەوکاتەدا هەواڵیان پێدا ئەسکەندەر بە نەخۆشی لە بابل کۆچی دوایی کردووە و ئەو هەواڵە ئەوەندە بۆی قورس بوو کە بە چەقوو کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و ملی خۆی هەڵ بڕی.

هەندێ لە مێژوونووسان باس لە ویستی ئەسکەندەر بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای جیهانی نوێ لە سەر بنەمای ئاشتی و ڕێز لێك گرتن دەکەن، کە تیایدا چیتر کەس چاوی تەماع نەبڕێتە بوون و خاکی خەڵکی تر، بەڵام بیریان چووە ناوی دامەزرێنەری بیرۆکەکە واتە کوروش بێنن. ئەسکەندەر پێش هاتنی بۆ ئێران خاوەنی ئەو بیرەی نەبوو و دوای هاتنی کە دیتی کوروش چی بناغە ناوە، دەرسی وەرگرت و زانی هیچ کەس بۆی نییە باوەڕ و ئایینی خۆی بەسەر ئەوانی تر بسەپێنێت.

وانەیەکی تری مەزن کە ئەسکەندەر لە ئێرانییەکانی وەرگرت، گشتاندنی خوێندن واتە خوێندن بۆ هەموان بوو و دیتی لە ئێران هەموان دەخوێنن و دەنووسن، بەڵام لە یۆنان تەنها ژمارەیەکی کەم لە خەڵك خوێندەوارن.

بە خوێندنەوەی ئەو پاراگرافە ئەو پرسیارەمان بۆ دێت کە ئەگەر ئێرانییەکان ئەوەندە خوێندەوار بوون ئەی بۆ لە کۆتایی سەردەمی ساسانییەکان هەندێ لە چینەکان نەخوێندەوار بوون؟ گومان لەوە نییە لە سەردەمی ساسانییەکان زۆرێك لە چینەکان نەتەنیا نەخوێندەوار بوون، بەڵکو ئەگەر هەوڵیشیان بۆ ئەو مەبەستە دابوایە ئەوا بە تاوانبار دەژمێردران. بەڵام ئەوە تەنها لە ویلایەتەکانی باشوور و رۆژئاوای ئێران بووە و لە ویلایەتەکانی باکوور و رۆژهەلات هەموان خوێندەوار بوونە. ئەسکەندەر بە لاسایی کردنەوەی ئێران ویستی لە یۆنان هەموو کەس خوێندەوار بێت، بەڵام تەمەنی ئەو کارەی نەبوو و جێ نشینەکانیشی ئەو بیرۆکەیان لە بیر کرد.

پۆشینی پۆشاکی تەواو و لە پێکردنی پێڵاو، وانەیەکی تر بوو کە ئەسکەندەر و هاورێکانی لە ئێرانییەکان فێربوون، ئەوان بەردەوام جۆرێك پۆشاکیان دەپۆشی کە نیوەرووت دیار دەبوون و پێلاوەکانیان لە پارچە تەختەیەك پێکدەهات کە بە هۆی دووبەنەوە لە قاچیاندا دبەسترایەوە و کاتێك لە ئێران باڵاپۆشە جوانەکان و پێلاوە چەرمەکانیان دیت، هی خۆیان لادا و هی ئەوانیان پۆشی. تا زیاتر لە ئێران دەمانەوە، شارستانییەتی ئەو وڵاتە زیاتر سەرەنجی ڕادەکێشان و تەنانەت کاتێك ئەرەستوو، نامەی ئاراستەی ئەسکەندەری قوتابی خۆی کرد و پرسی بۆ ناگەرێنەوە بۆ ولاتی خۆیان، وەلامیدرایەوە کە ئەگەر خۆشت بێی ناگەرێیتەوە.

دوای هاتنیان بۆ ئێران، ئەسکەندەر و هاورێکانیان زۆر شەیدا بوون بە خواردنەکانی ئێرانی. یۆنانییەکان لە ئامادەکردنی خۆراك زۆر سەرەتایی بوون و زۆربەی رووەکەکانیان نەدەناسی و چونێتی بەکارهێنانی رووەکیان لە ناو خۆراك بۆ خۆش تام و خۆشبۆ کردنی نەدەزانی. دوای ئەوەی خواردنی ئێرانیان دیت، ئاشنای ئەو رووەکانە بوون و دواتر هەموو ئەو جۆرە رووەکە ئێرانیانەیان گواستەوە بۆ یۆنان و هەموو ئەورووپا. بەڵام لە ئێران هەموو جۆرەکانی دانەوێلە، ئەو ئاژەڵ و باڵندانەی بۆ خواردن دەشێن و سەوزەمەنییەکان ناسرابوون و لە خۆراکەکان بەکار دەهاتن و دواتر یۆنانییەکان خۆراك لێنانی ئێرانییەکان فێر بوون.

ئەسکەندەر دوای ماوەیەك لە مانەوەی لە ئێران، نەیدەتوانی جگە لە خۆراکە ئێرانییەکانی خواردنی تر بخوات و کەشکە ترشەکەی یۆنان و گۆشتی بێ خوێی ولاتەکەی بە تەواوەتی تەرك کرد و ئەوەندە هۆگری ئێران ببوو کە کاتی بیستنی هەواڵی کوژرانی (دارای سێیەم) پاشای ئێران، دەستی کرد بە گریان و دەیوت خۆم نابەخشم چونکە من هۆی مردنی بووم.

ئایا کۆمەڵگای ئێرانی پێشتر نیشتەجێی ئەشکەوتەکان بوون؟ وەلام بەلێ یە، ئێرانییەکان لە ئەشکەوت بوونە و ئێسکیان لە ئەشکەوتەکاندا دۆزراوەتەوە، بەڵام ئەوان هەڤدەهەزار ساڵ پێش ئەشکەوتەکانیان جێهێشت و خانوویان دروستکرد، لە هەمانکات لە هەندێ شوێنی ئەورووپا تا شەش سەد ساڵ پێش زایێن مرۆڤەکان لە ئەشکەوت بوون.

ئەمرۆ خستنە سەر یەکی کۆمەڵێك خشتە و دروستکردن چواردیوار و دانانی دار لە سەریان و داپۆشینی سەردارەکان بە مەبەستی دروستکردنی سەقف، لە ئێستا و لەبەر چاومان زۆر ئاسانە، بەڵام ئەگەر ئێرانییەکانی کۆن خانوو دروستکردنیان فێری جیهانیان نەکردبایە، لەوانەبوو ئێستاش هەندێ کەس لە ئەشکەوتەکاندا دەژیان، چونکە عەقڵی هەندێ لە نەتەوەکانی جیهان بە خانوو سازکردن نەدەشیا و نەیاندەتوانی بە لەسەریەك دانانی خشتە، خانوو بۆ خۆیان دروست بکەن.

نازانین ئێرانییە کۆنەکان دروستکردنی یەکەم خانوو لە ئاژەڵەکان فێربوون یا داهێنانی خۆیان بوو، بەڵام دەزانین یەکەمین خانووەکان لە دار و بەرد و قور بوونە و لە سەردەمەکانی دواتر بە خشت ئامادەکراون.

بە هەمان شێوە کە یەکەم کورەی تواندنەوەی کانزا لە ئێران داندراو شوێنەوارەکەی ماوە و بە تاقی کردنەوەی کاربۆنی چواردە کۆنی ئەو سەلمێندرا، یەکەم کورەی خشت برژاندنیش لە ئێران دروستکرا و تا ئێستا شوێنەواری ماوە. ئەوانە تەنها لێکدانەوە و گومان نین و ڕاستینەی مێژوویین، لە سەردەمانێك کە بەشێکی مرۆڤایەتی وەحشی یا نیمچە وەحشی بوو و هەندێك لە ئەوان مرۆڤیان دەخوارد، شارستانییەتی ئێران ئەوەندە درەوشاوە بووە کە خشتی سوور کراوەیان بەکاردێنا بۆ بیناسازی.

ئەو دۆزینەوە مێژووییانەی لە ئێران کراون، تازەن و ماوەی سەد ساڵە ئەمریکایی و ئەورووپاییەکان هاتوون و هەوڵی دۆزینەوەی داروخاو و شوێنەوارەکان دەدەن تا لە ڕێگەیەوە مێژووی ئێران بدۆزنەوە، ماوەیەکی زۆر هەڵکەندنەکان وەك کاری ئاماتۆرەکان و بۆ هونەر بوو،

ماوەی سی و پێنج ساڵە (مەبەست لە ساڵی ١٩٦٦ زایینییە) هەڵکەندنی دروست بۆ دۆزینەوەی مێژووی ئێرانێکی تەمەن هەڤدەهەزار ساڵە دەستی پێکردووە و ئەو ماوەیەش تەمەنێکی زۆر کەمە. رۆمێن گیرشمەن مێژووناس و شوێنەوارناسی فەرەنسی دەڵێت:"سەدان گردی شوێنەواری لە ئێران هەیە کە لەوانەیە هەموویان شاری کۆنیان لە ژێردا حەشار درابێت و هێشتا دەرفەت بۆ هەڵکەندنی ئەوان نەبووە و جگەلە دەرفەت پێویستی بە ژمارەیەکی زۆر لە هەڵکەندن هەیە لە شوێنە جیاکانی ئێران.

ئەگەر بەرنامەی گونجاو بۆ هەڵکەندنەوەی شوێنەوارەکانی ئێران هەبێت، لەوانەیە شارستانییەتی ئێران بۆ مێژووی کۆنتر بکشێتەوە، چونکە وەك باسمانکرا کاتێك سەرەتای شارستانییەتی ئێران بە پێی ئەو بەڵگانەی هەن دەستنیشان دەکەین، دەبینین شارستانییەتێکە دروستبووە و ئامادەیە و ئەو ئامادەییەش یەکجێ نەهاتووە و وردە وردە هاتۆتە کایەوە و ئەگەر دۆزینەوەکان بەردەوام و فراوانتر بکرێن، لەوانەیە شارستانییەتی ئێرانییەکان بۆ بیست یا بیست و پێنج یا چل و یا ئەگەر زێدەرۆیی نەکەین بۆ سەد هەزار ساڵ بگەڕێتەوە دواوە.

پرۆفیسۆر (ریچارد فرای) ئێرانناسی بەناوبانگی ئەمریکا بڕوای وایە ئێرانییەکان لە سەرزەوییەك دەژیان کە شروشتەکەی بۆ نیشتەجێ بوون لە ئەشکەوت گونجاو نەبووە، لە تەواوی ئێراندا لەوانەیە لە دوو دەستە ئەشکەوتی گونجاو زیاتری لێ نەبووە و لەوانەیە ئەوە یەك لە هۆکارەکانی ناچاربوونی ئێرانییەکان بە دروستکردنی خانوو بووبێت. لە سەرەتادا هەر شتێك کە مرۆڤ ئەنجامی داوە لە رووی ناچاری بووە و بگرە تا ئێستاش ئەگەر مرۆڤەکان ناچار نەبن کارێك ناکەن کە پێویستیان پێ نەبێت. پێویستییەکان لە سەرەتا ئێرانییەکانی ناچار بە دروستکردنی خانوو کردووە کە لە سەرەتا بە قور و دواتر بەرد و خشتی سوورکراوە و ... هتد بینا دەکران، هەندێ کات خانووەکان تەمەنیان زۆر کورت بوو و هەندێجار بە ئەندازەی تەمەنی مرۆڤێك بووە، تەنانەت لە هەندێ شوێن شورەی قور تا دووسەد ساڵ دواتریش ئاسەواریان ماوە.

ئێرانییەکان جۆرە خۆڵێکی تایبەتیان بۆ خانوو بەکار دەهێنا و تێکەڵ بە وردە بەردیان دەکرد و دوای وشکبوونەوە زۆر رەق دەبوو. ئەوان توانیان خانووەکانیان دارەڕێ بکەن بە جۆرە دارێك بە ناوی داری تبریزی کە لە بنەڕەت دارێکی ئێرانییە و دواتر گواسترایەوە بۆ ئەورووپا. ئێرانیان هەر زوو فێر بوون سوود لە گەچ و ئاهەك وەربگرن بۆ خانووەکانیان و سوودەکانیان

زانی، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە هەندێ لە ئەورووپییەکان پێیان وایە بۆ یەکەم جار ئەو وەستایانەی کلێساکانیان بینا دەکردن سوودیان لە گەچ دیتووە.

لەو سەردەمەی لە ئەورووپا بینای کلێساکانیان دروست دەکرد، کرێکار و وەستاکان چەند سەندیکا و دەستەی تایبەت بە خۆیان پێکهێنا. ئەوکات لە ئەورووپا هەزاران کلێسا بینا کرا کە هەندێکیان هێشتا ماون و ئێستا مرۆڤەکان بە دیتنی بینا بەرزەکان ڕاهاتوون، تا ئێستا دیتنی ئەو کلێسایانە سەرسوڕمان بۆ مرۆڤ و ستایش بۆ دروستکەرانی دەهێنێت. ئەوکات وەستا و کرێکاری تایبەت بەو بوارە لە ئەورووپا زۆر بوون و بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانیان، پێکەوە سەندیکایەکیان دروستکرد و بەو شێوەیە مافەکانی خۆیان پاراست و چیتر ناچار نەبوون تا بێگار بکەن و بە بێ مووچە کاریان پێ بکرێت. ئەو سەندیکایە ناوی (فراماسۆنێری) واتە بیناسازی ئازاد بوو، سەرەتا بۆ پاڵپشتی و پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی کرێکاران دامەزرا و دواتر بۆوە بنکەیەکی سیاسی کە ئەوانەی ئەندامی بوون لە هەموو کارێك یارمەتی یەکتریان دەدا.

بەپێی ئەو گریمانە پێش دروستکردنی کلێساکان، سوود وەرگرتن لە گەچ و ئاهەك نەبووە، بەڵام (دیۆلافوا) لێکۆڵەر و زانای فەرەنسی کە سەردەمی (نارەدین شا) لە ئێران لێکۆڵینەوەی ئەنجام داوە، بەکارهێنانی گەچ و ئاهەکی بە ناوی ئێران تۆمار کردووە. بەڵام لەکاتی لێکۆڵینەوەکانیدا، ئەو پێداویستییە هونەریە تایبەتانە نەبوون کە بۆ دۆزینەوەی تەمەنی پاشماوە مێژووییەکان بەکاردەهات، وێڕای ئەوەش ناوبراو تەمەنی ئاهەك و گەچی شاری شووشی بۆ سێ هەزار ساڵ پێش گەڕاندەوە و وەك زاندراوە تەمەنی کلێساکانی ئەورووپا دەگەڕێتەوە بۆ هەزار ساڵ پێش.

هەزاران ساڵ دوای دروستکردنی خانوو بەدەستی ئێرانییەکان، رۆژئاواییەکان لە لێواری دەریاچەکان خانووی داریان بیناکرد. باسمانکرد کە ئێرانییەکان یەکەم نەتەوە بوون خانوویان دروستکرد و بە هەمان شێوە یەکەم نەتەوە بوون خانووی داریان کرد و سەری خانووەکانیان بە رووەکێك بە ناوی (گالی) داپۆشی، نەتەوەکانی تر ئەو کارە لە ئێرانییەکان فێربوون و بە گشتی لە هونەری بیناکردنی خانووی دار، ئێرانییەکان بوونە مامۆستای جیهانیان و تا ئێستاش نموونەی ئەو خانووە دارانە کە سەریان بە رووەك داپۆشراوە هەر ماوە.

مێژوونووسان بەردەوام باسی کۆچی ئارياييەکان بۆ ئێران دەکەن و باس لە کۆچی ئێرانییەکان بۆ شوێنەکانی تری جیهان ناکەن. هەڵبەت مەبەستی ئێمە لە ئێران، ولاتی ئێرانی

ئێستا نییە و ئەو ناوچە گەورەیەمان مەبەستە کە دەکەوێتە نێوان هەریەکە لە (چیاکانی هیندۆکۆش، رووبارەکانی سیحۆن، جەیحۆن، میزۆپۆتامیا، دەریای مازەندەران، دەریای عومان و خەلیجی فارس) کە نەتەوە ئێرانییەکان لەو شوێنە گەورەیە دابەشبوون بە سەر تاقم و دەستەی زۆر، بەڵام لە سێ هەزار ساڵ پێش زایین، سێ نەتەوەی سەرەکی لە ناویان دەرکەوتن کە بریتی بوون لە: پارث، پارس و ماد (ناوی یەکەم لە رووی زمانەوانی هەندێ نزیکە لە ناوی پارتەکان) لە نێوان ئەو سێ نەتەوەدا دەستە و نەتەوەی تریش هەبوون کە هەریەکەیان نزیك بوون لە یەك لەو سێ نەتەوەیە، وەك سکاکان کە لە زابۆلێستان، سیستانی ئێستا و بەشێك لە ئەفغانستان دەژیان و لەسەر هیچ یەك لەو نەتەوانە هەژمار نەکراون، یا دانیشتوانی شاخەکانی رۆژئاوای ئێران واتە زاگرۆس کە بە (لور[٤]) ناسراون نەتواندراوە لە گەڵ هیچیان هەژمار بکرێن.

نەتەوەکانی (پارث، پارس و ماد) بە هۆی کۆچە ناوخۆییەکان لەیەك دوورکەوتنەوە، بەڵام هیچیان ئێرانیان بەجێ نەهێشت و لە نێوان ئەوان و ئەو نەتەوانەی هێرشیان دەکردە سەر ئێران وەك (تۆر، ئۆز و قز) پەیوەندی و تێکەڵاوەتی دروستبوو. ئەو تێکەڵاوییە زۆر ئاساییە و لە دنیادا هیچ نەتەوەیەك نییە خاوەن شارستانییەت بێت و تێکەڵاوی نەتەوەی تر نەبن. تەنها ئەو نەتەوانەی هەزاران ساڵ لە ناوەندەکانی شارستانییەتەکان دوور ماونەتەوە، توانیویانە رەسەنایەتی خۆیان بپارێزن. (ئسکیمۆ و سامۆید) دوو نەتەوەی جەسەری باکوورن کە ڕەسەنایەتی خۆیان پاراستووە و تەنها ئەو بەشەیان نەبێت کە نزیك ناوەندەکانی شارستانییەتن.

لە نەتەوەناسی دوو بنەمای سەرەکی هەیە، یەکەمیان ئەوەیە هیچ نەتەوەیەکی ڕەسەن بە تەواوەتی لە ناوناچێت و ئێستا پاشماوەی تەواوی ئەو نەتەوانە ماون کە لە سەر زەوی بە درێژایی مێژوو ژیاون. بنەمای دووەمیش دەڵێت هیچ نەتەوەیەکی ڕەسەن نییە کە تێکەلاوی نەتەوەکانی تر نەبووبێت، تەنها ئەوە نەبێت کە پێشتر باسمان کرد. تەنانەت ئسکیمۆو و سامۆیدەکانیش کە تا رادەی زۆر خۆیان پاراستووە لە سەرەتادا لە تێکەڵاو بوونی چەند نەتەوەیەك پێکهاتبوون.

---

(٤) (دیارە لورەکان کوردن، بەڵام ئەوانەی بەردەوام کوردیان قڕکردووە بە بیانووی جۆراوجۆر تایەفە کوردییەکان لە کورد دادەبڕن و ئەو نەریتە لای ئێرانی ئێستاش هەیە کە ئەو نەتەوە بە کورد نەزانن. وەرگێر بۆ کوردی)

هیتلەر سەرۆکی ئاڵمانیا دوای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، بڕیاریدا ئەو پیاوانەی ئارییی رەسەن بوون بێنێتەناو دەستەی بانگەشەی پارتی نازی، بەڵام خۆی فریو دەدا و هیملەری سەرۆکی ئەو دەستەیە خۆی ئاریایی نەبوو و لە تێکەڵەی چەند نەتەوەیەك بوو و هەرکەسێکی شارەزا لە بواری رەچەلەك ناسی ئەوی بدیتبایە، دەیزانی ئەو لە رەچەڵەکی رەسەنی ئاریایی نییە.

نەتەوە ئێرانییەکان دوای چەندین کۆچ لە ناوخۆی ئێران، بڕیاری کۆچ بۆ دەرەوەی ئێرانیاندا و بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی هەندێ لە مێژووناسەکان، ئەوان نەتەوەیەکی گەڕیدە نەبوون و تەنانەت ئەوان بۆ لێکۆڵینەوە زانستییەکانیش لە ئێران کۆچیان نەکردبوو، بەڵکو هەمان هۆ کە بۆوە هاندەری (کریستۆف کۆلۆمب، واسکودوو گاما و ماژەلان) بۆ گەڕان بە جیهاندا، ئەوانیشی هاندا بۆ گەڕان و هۆکارەکەش بریتی بوو لە دابین کردنی پێداویستییەکانی ژیان.

بەشێك لە ئێرانییەکان چوونە رۆژهەڵات بۆ ئەو ناوچانەی ئەمرۆ بە پاتانستان و کشمیر ناسراون و تا ئێستاش کشمیر بە (ئێرانی تازە یا ئێرانی دووەم) ناسراوە، بەشێکیش بەرەو رۆژئاوا چوون و بە ناوچە بە پیتەکانی میزۆپۆتامیادا خۆیان گەیاندە سۆریا و دواتر چوونە کەنارەکانی دەریای سپی (دەریای مەدیترانە). ئەوان دەریاوانیان دەزانی و کشتیان سازکرد و لە کەنارەکانی ئەو دەریایە، دەریاوانی و گەڕان دەست پێکرد، لە کەنارەکانی باکووری ئەو دەریایە هەر شوێنێك خاوەن سروشتی جوان و خاکی بە پیت بایە، لەوێ نیشتەجێ دەبوون، یەك لەو شوێنانە بەندەری (مارسەی) لە فەرەنسا بوو.

تا ئێستا هەندێ لە مێژوونووسان پێیان وایە بەندەری مارسەی لە لایەن تاقمێك لە فینیقییەکان بنیات نراوە، بەڵام ناپرسن ئەو فینیقیانە لە کوێ هاتوون و یا فینیقیە سەرەتاییەکان سەرچاوەکەیان چییە.

ئەوەند بەڵگەمان لە سەر کۆچی ئێرانییە کۆنەکان بۆ کەنارەکانی مەدیترانە هەیە کە بۆتە رووداوێکی مێژوویی و زۆر ئاسەوار کە نیشانەی بوونی شارستانییەتێکی ئێرانییە و هی کۆچبەرە ئێرانییەکان، لە کەنارەکانی باکووری مەدیترانە لە شوێنێك بە ناوی (مۆناکوو) دەست کەوتوون و دەردەکەوێت لە سەردەمی هەخامەنشییەکان کۆچیان کردووە بۆ ئەوێ، دواتر دیبلۆماتێکی ئێرانی بە ناوی (پرەنس أرفع الدولە) کۆشکێکی جوانی لەو شوێنە بیناکرد تا شوێنی کۆچبەرە ئێرانییەکان دیارکەوێت.

ئێرانییەکان کە یەکەم نەتەوەی دەریاوان بوون[٥]، پێش نەتەوەکانی تر گرنگی ئەستێرەکانیان لە دەریاوانی زانی. دەگوترێت فینیقییەکان یەکەم نەتەوە بوون ئەستێرەی (جوودەی) یان ناسی و لە دەریاوانی توانیان سوودی لێ ببینن، بەڵام ئەو ڕاستییە لە بیردەکەن کە فینیقیە سەرەتاییەکان ئەو ئێرانیانە بوون کە کۆچیان بۆ کەنارەکانی دەریای سپی کردووە و دوای نیشتەجێ بوون، کەشتیان سازداوە و دەریاوانیان کردووە و ئەوان ئەو ئەستێرەیان ناسیوە.

گریمان فینیقییەکان بە ڕەچەڵەك ئێرانی نەبن، بەڵام کۆچبەرانی ئێرانی لە کەنارەکانی مەدی ترانە بوون و ئاسەواریان ماوە، جگە لەوە لە سەردەمی هەخامەنشییەکان کەشتییە بازرگانی و جەنگییەکانی ئێران هاتووچووی فەرەنسا و ئیسپانیایان کردووە. یەك لەو شوێنانەی لە لایەن ئێرانییە کۆچبەرەکان دامەزراوە، جزیرەی (کریت) بووە و نەزاندراوە کۆچبەرەکان چ کاتێك چوون، بەڵام شارستانییەتی ئێرانییەکان لە دووهەزار و پێنج سەد ساڵ پێش زایێن لە ئەوێ هەبووە و دۆخی دانیشتوانی ئەو جزیرەیە هەمان دۆخی دانیشتوانی خوراسان و گورگان بووە، هەندێ لەو سەوزەمەنی و دانەوێڵە و درەختانەی تایبەت بە ئێرانییەکان بوون لەوێ دەچاندران.

بابەتی بوونی درەخت، دانەوێڵە و سەوزەی ئێرانی لەو جزیرەیە کە لە ئێران زۆر دوورە، تا ئێستا لای ئەورووپییەکان ونە و ئەوان ناپرسن (نەقشی) وێنەی گوڵی زەنبەق کە تایبەت بوو بە ئێرانییەکان، لە بیناسازی ئەو جەزیرەیە چی دەکرد.

وێنەی زەنبەق لە وێرانەکانی کۆشکی پێرس پۆلیس لە سەر دیوارەکان هێشتا ماون و تایبەت بووە بە ئێرانییەکان، خەڵکی تر لە ئەوان فێربوو و دواتر دەسەلاتدارانی فەرەنسی تا پێش شۆرشی ئەو ولاتە کردیانە نیشانی تایبەتی خۆیان، بێ ئەوەی بزانن هی ئێرانییەکانە و بە هەمان شێوە ئالمانە نازییەکان، سەلیبی شکاویان کردە نیشانی خۆیان و وایان دەزانی کە نیشانێکی (ئەورووپی، ئارییایە) و نەیاندەزانی ئێرانییە.

لە شارستانییەتی کریت گا زۆر گرنگ بوو جا نێر بایە یاخود مێیە، ئەوەش لە ئێرانییەکان وەرگیرابوو. ئێرانییەکان دوای ئەوەی ماڵی کردنی ئاژەڵیان زانی، گایان ماڵی کرد و بە هۆی

---

(٥) (فینیقییەکان لە یەکەم کەسانێك بون کە هەنگاوی دەریاوانیان بە درێژایی کەنارەکان لە سەرەتای کەناری دەریاکانی ئەفریقیاوە هاوێشت. ئەم دێر و نیوە لە پەرتوکی شارستانییەتی ئاسیا و رۆژهەڵاتی ناوەراست لە نووسینی یارۆسلاڤ کراچی وەرگیراوە و دەرخەری ئەوەیە کە ئەو راستییە نابێت لە فینیقییەکان وەربگیرێتەوە. وەرگێر بۆ کوردی)

ئەوەی سوودی زۆریان لێ وەرگرت، گرنگی زۆریان پێدەدا. بەکارهێنای وشەی گا لە زۆر ناوی ئێرانیدا بەڵگەی ئەو ڕاستییەن. ئەوان گای نێریان بۆ سوار بوون، جووت کردن و بارکێشان بەکاردەهێنا و سوودیان لە شیری مانگاش وەردەگرت بۆ خواردن، جگە لەوەش گابازی یان دەکرد بەڵام نەك بەو شێوەیەی کە لە ئیسپانیا باوە، ئەوان سواری گا دەبوون بۆ پێشاندانی توانا و هێزیان و هەرگیز ئازاریان پێ نەدەگەیاند و نەیاندەکوشت و لە شانامەی فیردووسیشدا باسی گابازی کراوە.

گابازی لە ئێرانەوە چۆوە جەزیرەی کریت و ڕەسەنایەتی خۆی پاراست، ئەوان وەك ئێرانییەکان گابازیان بۆ دەرخستنی توانا و هێزی خۆیان دەکرد و هەرگیز ئازاریان نەدەدا. لە ئێران و کریت ژنان جەستەیان بەهێز بوو، بۆیە گابازیان دەکرد و وێنە کۆنەکانی سەر شورە و شوێنەوارەکان لە کریت گەواهی ئەو ڕاستییەن. ئەو رەسمە لە لایەن کۆچبەرێکی کریت گەیشتە ئیسپانیا و لە ئەوێ شێوەی گابازی گۆڕا کە پێویست بە باسی ناکات، دوور نییە کە لە کۆچەکانی تری ئێرانی بۆ ئەورووپاش نەریتی گابازی برەوی هەبووبێت.

لەو بەشەدا کۆتایی بە باسی سەردەمی پێش مێژوو دێنین و دەست بە باسی سەردەمی مێژوو دەکەین، بەڵام بیرتان دێنینەوە ئەوەی باسمان کردووە تەنها بەشێکی کەمە لەوەی دەبوایە باس بکرێت. بەڵام بەر لە ئەوەی باسی سەردەمی پێش مێژوو تەواو بکەین، جێی خۆیەتی بڵێین ئێرانییەکان پێش خەڵکی تر لە رێگای دەریاوە بەدەورەی ئەفریقادا گەڕاون و هەروەها پێش ئەوانی تر چوونە باکووری ئەورووپا بۆ ئەو شوێنەی بەردەوام شەوە. تا ماوەیەك پێش هەموان ڕایان وابوو کە ئەورووپاییەکان یەکەم کەس بوون دەورەی ئەفریقا گەڕان و " کاتێك دەستیان بە سەفەر کرد، دیتیان هەتاو لە لای چەپیان هەڵدێت و لە کۆتایی سەفەریاندا کە گەیشتنە (جبل تارق) هەتاو لە لای ڕاستیان هەڵدەهات" و ئەو وتەیە بنەمایەکی مێژوویییە و پەسەند نەکردنی بە کوفری مێژوو دادەنرێت.

وێڕای ئەوە لە مێژووی رۆژئاوادا هاتووە، ئەورووپییەکان یەکەمین دەریاوانان بوون کە توانیان لە رێگەی دەریا بگەنە باکووری ئەورووپا، بەڵام ماوەیەك پێش کە ئاسەواری کۆچبەرەکانی ئێرانی لە جزیرەی کریت و لە کەنارەکانی ئیتالیا و لە دورگەکانی سیسیل و لە کەنارەکانی وڵاتی فەرەنسە دۆزرایەوە، دەرکەوت ئێرانییەکان لە کەنارە باکوورییەکانی مدیترانە کۆچبەر بوون و پێویستە ئەورووپییەکان لەو شێوە رەگەز پەرستییەیان واز بێنن و راستی پەسەند بکەن.

ڕاستی ئەوەیە کە پێش ئەوەی ئەورووپییەکان بە دەورەی ئەفریقادا بگەڕێن و پێش ئەوەی خۆیان بگەیێننە باکووری ئەفریقا، ئێرانییەکان بە دەورەی ئەفریقادا گەڕان و لە ڕێگەی دەریاوە خۆیان گەیاندە باکووری ئەورووپا و ناوچەی تاریکیان دۆزییەوە.

ئێرانییەکان دەیانزانی زەوی خرە، بەڵام زانیاریان لە سەر سورانەوەی زەوی بە دەوری خۆر نەبوو و دەیانویست خۆیان بگەیێننە لایەکەی تری دنیا، بۆیە هەوڵیاندا بە درێژایی کەنارەکانی ئەفریقادا بجوولێن تا دەگەنە لایەکەی تری زەوی و (زاب سین) فەرماندەی ئەو دەریاوانانە بوو کە بەشداری ئەو سورانەوەیە بە دەوری زەویدا بوون.

سەبارەت بەو بابەتە زانیاری زۆر لە پەرتووك خانەی ڤاتیکان هەبوو، (ڤاسکودوگاما) دەریاوانی ناسراو بە هۆی ئەو زانیاریانە توانی دەورەی ئەفریقا بگەڕێت و بگاتە ڕۆژهەڵات، ئەو دەیزانی ئێرانییەکان لە ڕۆژهەلاتەوە خۆیان گەیاندە ڕۆژئاوا و توانیان هەموو ئەفریقا ببینن. ئەو دەیزانی دەتوانێت بگاتە ڕۆژئاوای ئەفریقا و لەوێ بەرەو ڕۆژهەلاتی ئەفریقا بچێت، بەم شێوە چوونی بۆ هێندستان ئاسان دەبێت، چونکە ئەو زەریایەی کەنارەکانی ئەفریقا و هێندستان تەر دەکات هەر یەك زەریایە.

هەمووان دەزانن (کریستۆف کولومب) بە هۆی خوێندنەوەی ئەو زانیاریانەی لە پەرتووك خانەی ڤاتیکان بەرچاوی کەوت بوون، سەفەر بەدەوری زەوی دەست پێکرد و ئەو زانیاری لە بارەی ئەزموونی ئێرانییەکان بووە لەو بوارە. باوەڕ بوون بە بازنەیی بوونی زەوی لای ئێرانییەکان دروستبوو و دواتر گەیشتە میسرییەکان، لەوانەیە ئەو باوەڕە هاندەر بووبێت بوو ئێرانییەکان بۆ گەڕان بە دەوری زەویدا وەك هەریەکە لە (کریستۆف کولومب و ماژەلان)، بەڵام هیچ بەڵگەیەکمان لەو بارەوە بە دەست نییە.

یەکەم کەس کە ئەمریکای دۆزییەوە (کریستۆف کولومب) نەبوو و پێش ئەو خەڵکی ئەسکەندیناویا و زووتریش دەریاوانە موسوڵمانەکان کە لە ئەفریقا دەژیان، چووبوونە ئەمریکا و بۆ ئەمە سەدان بەڵگەمان بە دەستە کە باس کردنیان دەبێتە هۆی درێژدادری و بە کورتی دەڵێین کاتێك کریستۆف کولومب گەیشتە ئەمریکا، لە هەندێ لە شوێنەکانی ئەو وڵاتە عەرەبی بە شێوە زاری ئەفریقی هەبوو، هەندێ شوێن ناوی عەرەبیان هەبوو و ڕەش پێستە ئەفریقیەکان لە ئەمریکا هەبوون و لە گەڵ موسوڵمانەکان هاتبوون بۆ ئەوێ.

هەڵبەت واسکودووگاما و کریستۆف کولومب بە خوێندنەوەی ئەزموونی ئێرانییەکان لە بواری دەریاوانی توانیان دەوری زەوی بدەن، یەکێکی تر لە کارە دیارەکانی ئێرانییەکان لە بواری دەریاوانی بریتی بوو لە چوونیان بۆ باکووری ئەورووپا کە لە سەردەمی بەر لە مێژوو بووە و وەك زۆر بابەتی تر مێژووەکەی بە دروستی نەزاندراوە، بەڵام لە پەرتووکخانەی ڤاتیکان ئەو زانیاریانە هەن.

دەستەیەك لە ئێرانییەکان لە باشووری فەرەنساوە لە ڕێگەی دەریا بەرێکەوتن و دوای تێپەڕبوونیان لە گەروی (جبل تارق) گەیشتنە ناو زەریای ئەتلەسی و لەوێ بەرەو باکوور چوون و ئەوەندە ڕۆیشتن تا گەیشتنە ناوچەیەك کە بە سەرزەوی ساردی و تاریکی ناسراوە. دەزانین لە نزیك جەمسەری باکوور، هەوا تا ڕادەی زۆر بەرەو ساردی دەڕوات و بەستەڵەك دێتە پێش، لە دوای پاییز تەنها تاریکی دەمێنێت و دەریاوانانی ئێرانی کە یەکەم جار بوو بگەنە ئەو شوێنە سارد و تاریکە، دوای گەڕانەوەیان بە وردی بۆ دانیشتوانی ئێرانیان باس کرد و باسەکان گەیشتەوە میسر و بابل و تێکەڵ بوون بە چیرۆك و ئەفسانەکان.

دوای ئەوان زۆر کەسانی تر بە لاسایی کردنەوە لە ئێرانییەکان ویستیان لە گەروی جبل تارق بپەڕنەوە و بچنە ناو زەریای ئەتلەسی. ئەوان لاسای ئێرانییەکانیان کردەوە لە هاتنیان بۆ ناوچە سارد و تاریکەکان، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەوان بۆ مەبەستی گەشتوگوزار یا بازرگانی سەفەرەیان کرد؟ ئایا ویستی دووبارە سەلماندنەوەی خڕ بوونی زەویان هەبوو یا چوون تا ئەو نەتەوانەی کە لە باکووری ئەورووپا دەژیان بناسن و بازرگانیان لە گەڵدا بکەن؟

لە ڕابردوودا زۆرینەی سەفەرە دەریاییەکان بە مەبەستی بازرگانی بووە و سەفەری ئێرانییەکان بۆ دەورەی ئەفریقاش بەم هۆکارە بووە و بە گریمانی زۆر چوونیان بۆ باکووری ئەورووپا بۆ بازرگانی بووە. لەم بەشە بە دواوە چیتر باسی پێش مێژوو ناکەین و باسی ئەو ڕووداوە مێژووییانە دەکەین کە بەڵگەیان لە سەرە و لە هەندێ پەرتووك باسیان کراوە یا لە ماوەی نیوسەدەی ڕابردوو لە دڵی خاك ئاسەواریان بەدەست هاتووە و ئێمەش بە پێی توانا سوود لەو پەرتووکانەی بە زمانەکانی یۆنانی و لاتینین وەردەگرین و دەیانخەینە بەردەستتان.

ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەری گەورەی ئالمانی لە سەدەی نۆزدەهەم (ماکس مۆلەر) دەیگووت لە پەرتووك خانەکانی چین و ئەورووپا نزیکەی چوار هەزار پەرتووك سەبارەت بە مێژووی ئێرانی کۆن هەیە کە ناوەرۆکەکانیان نەزاندراوە. لە ماوەی ڕابردوودا دەست کرا بە دروستکردنی لیستی ناوی ئەو پەرتووکانە و دەرکەوت ژمارەیان زۆر زیاترە لەوەی ماکس

باسی کردوون، بەڵام وێڕای ئەوەش ئەو لێکۆڵەرە بەرێزە تەنها ئەو پەرتووکانەی دیتبوو کە چینی کۆن و ئەغریقی بوون، ئەوانەی نەناسی بوون کە بە زمانە زیندووەکانی ئەورووپا نووسراون.

گریمان ئەو کتێبانە بۆ کاری ئێمە نەگونجێن چونکە ئێمە نە ئەغریقی و نە چینی کۆن نازانین و ناتوانین سوودیان لێ ببینین. بەڵام زۆرینەی لێکۆڵەر و رۆژهەلاتناسانی ئەورووپی لە گەڵ ئەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوەکانی خۆیان نووسیوەتەوە، سوودیان لەو زانیاریانە وەرگرتووە کە لەو پەرتووکانەدا هاتووە.

بەو پەری ڕاشکاویەوە دان بەو ڕاستییە دەنێین کە تەنانەت تەواوی ئەو پەرتووکە مێژووییانە بە زمانە زیندووەکانیش نووسراون بەردەستمان نەکەوتوون، وێڕای ئەوە هەوڵمانداوە زانیاری ڕاست و ورد بە خوێنەر ببەخشین. لە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە دەرکەوتووە لە جیهاندا نزیکەی سەد وپەنجا هەزار پەرتووك لە سەر مێژووی ئێرانی کۆن هەیە و وەك ماکس دەڵێت:" تەنها چوار هەزاریان بە زمانە کۆنەکانی ئەغریقی و چینی یە و ئەوانی تر بە زمانە زیندووەکانی وەك فەرەنسی، ئاڵمانی، ئیتاڵی، تورکی، رووسی، عەرەبی و ئەنگلیزین."هەندێکیان قەبارەیان زۆر گەورەیە و لە پانزدە تا بیست بەرگ پێکهاتوون و تەنها خوێندنەوەیان چەند ساڵێك دەخایەنێت.

بە هۆی سوود وەرگرتنمان لە خەرمانەی زانستی کەسانی تر ئەو رێگەیەمان بۆ ئاسان بۆتەوە و توانیومانە ئاسانتر کارەکەمان ئەنجام بدەین، ئەو بابەتانەمان باس کرد تا ئەوانەی لە مێژوو دەزانن، لێمان تێ بگەن کە وتەی نابەجێمان نەگوتووە و هەوڵمان داوە ئەو ڕووداوانەی لە سەردەمە مێژووئیەکاندا لەوانەیە هەموان لێ یان بێ ئاگا بووبن، بیان خەینەوە بەر دیدەی خوێنەرە بەرێزەکانمان.

# یەکەمین پاشای ئێران کێ بوو

ماوەیەك پێش دەسەلاتی هەخامەنشی و بە هەمان شێوە پێش مادەکان لە ئێران (باکووری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوا)، ئێران پاشایەکی بە ناوی (گات) هەبوو. نەزاندراوە (گات) هەمان زەردەشتە کە گاتاکانی داناون و تا ئەمرۆ ماون یا کەسێکی ترە، لە بوونی (زەردەشت و گات) گومان نییە و ئەوە هەندێ لە مێژووناسانی کۆنن کە ئەو دوو ناوەیان بە هەڵە لێ تێکەڵ بووە.

ریچارد فرای زانای ئێرانناس و مامۆستای زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی لە ساڵی (١٩٦٦ ز) سەفەری بۆ ئێران کردووە و هەوڵی زۆریداوە تا کاتی ژیانی (گات و زەردەشت) بە وردی دیاری بکات، بەڵام لە نەیتوانی و کاتەکەی بە(٦٠٠٠ تا ٦٠٠ پ. ز) دیاریکرد، هەروەها دڵنیای کردینەوە لە پەیامبەر بوونی زەردەشت، بەڵام پەیامبەر بوونی زەردەشت لە پەیامبەری (اباء الاولین) وەك (ابراهیم، لوت، یعقوب و ... هتد) دەچێت واتە هەم پەیامبەر و هەم پاشا بووە.

ریچارد فرای باس لە پەنجا زانای ئێرانناسی ئەورووپی و بەتایبەتی ئاڵمانی دەکات کە هەوڵی زۆریان بۆ دیاریکردنی ئەو مێژووە داوە و سەرکەوتوو نەبوونە، هەموو ئەو بابەتانەی باسی شوێنی لە دایك بوونی زەردەشت دەکەن کە گوایە لە کەنارەکانی دەریاچەی ورمێ لە دایك بووە، تەنها گێرانەوەیە و پشتیان نەبەستووە بە بەڵگەنامەکان.

ریچارد فرای گاتەکان بە کۆنترین دەقە ئەدەبیەکانی زمانی فارسی دەناسێت و دەڵێت لەوانەیە گاتاکان سەدان یا هەزاران ساڵ پێش بوونی ڕێنووس، وترابن و دەماودەم گواسترابنەوە تا ئەو کاتەی ڕێنووس هاتۆتە کایەوە.

لەو سەردەمەی ئێران کۆچبەری لە کەنارەکانی دەریای مەدیترانە هەبووە، گات پاشا بووە. ئەو پیاوێك بووە زۆر گرنگی بە کشتوکاڵ و ئاوەدانی داوە، هەوڵی بەردەوامی داوە تا شێوازی کشتوکاڵی ئێران لە لای ئەورووپییەکان پەرە پێ بدات و رێبەرایەتی نەتەوە  ئەورووپییەکان بکات.

کۆنترین مێژوونووسی رۆژئاوا کە پێش هیرۆدۆت ژیاوە، ناوی خانتۆس و خەڵکی ولاتی (لیدی) بووە، سەبارەت بەو پاشایە دەڵێت: دواتر هەندێ لە ژنان و پیاوانی جوتیاری شاری گیل کە کەوت بۆوە ئەوپەری رۆژئاوای ئەورووپا، کۆچ پێ کرد بۆ کەنارەکانی دەریای خەزەر و دەستەیەك لە جوتیارانی دەریای خەزەریشی کوچ پێ کرد بۆ سەرزەوی گیل و لەوێ نیشتەجێی کردن.

مرۆڤ بە بێ ئەوەی خۆی ماندوو بکات و لە بەڵگە مێژووییەکان رۆبچێت، دەتوانێ بزانێت ولاّتی (گیل) کە دواتر بوو بە ولاّتی (گوڵ) کوێیە و بە زانینی ئەوەی لەو پەری رۆژئاوا بووە، دەزانرێت ئەمرۆ ولاّتی فەرەنسایە[1].

فەرەنسیە کۆنەکان لە چاندنی برنج بێ ئاگا بوون، گات کۆمەڵێك جوتیاری شارەزای کەنارەکانی مازەندەرانی بۆ فەرەنسا کۆچ پێکرد تا جوتیارانی ئەوێ شارەزای شێوەی چاندنی برنج بکەن و دەستەیەك جوتیاری ئەو ولاتەشی هێنا بۆ کەنارەکانی مازەندەران (گیلانی ئێستا) تا شێوەی کشتوکاڵی ئەوان فێر بن.

ئەگەر کەسێك لە ئێستاشدا سەردانی گوندێکی باشووری فەرەنسا بکات و هەوڵ شارەزایی لە ژیانیان بدات و دواتر بۆ هەمان مەبەست سەردانی گوندێك لە گیلان بکات، وێڕای سەرسوڕمان بۆی دەردەکەوێت دۆخی ژیان لە هەردووکیاندا یەکسانە و جگە لە کەلەپەلی کشتوکاڵی، هەموو رێورەسمێکی ئەو گوندانە یەکە و تەنانەت لە بۆنەکانیشدا دانیشتوانی ئەو گوندانەی فەرەنسا وەك گوندەکانی گیلان (کوشتی) (جۆرە کەمەربەندێکە کە لە ئێران دەبەسترێت) لە کەمەر دەبەستن، (کوشتی) کە لە هێما ئاینییەکانی ئێرانییەکان بوو، دواتر بە (زنار) ناسرا و شێوەی بەستنەکەی وایە کە بەشی پشتەوە بە شێوەی (مەنگوولە) خڕدەکرێتەوە.

لە گوندەکانی باشووری فەرەنسا جۆرێك پاقلەی ورد و تایبەتی هەیە و هەمان جۆر لە تەواوی گوندەکانی سنووری گیلان هەیە و لێنانی لە هەردوو شوێن بە یەك شێوەیە، سەرەتا

---

**(١) (گۆڕانی هەردوو پیتی ـ ی ، و ـ لە وشەی گوڵدا، سەیر نییە و ئەو کەسانەی شارەزای زمانی فەرانسین، دەزانن لەو زمانەدا وشەی گوڵ کە ناوی کۆنی فەرەنسایە بە پیتی ـ  و ـ  نانوسرێت و بە ـ  گائول ـ  دەنوسرێ و دەخوێندرێتەوە و دەنگی ـ ۆ ـ لەو وشەیەدا نییە و لە نووسینە فەرەنسیەکەدا زیاتر لە ـ  گیل ـ  نزیکە، زەبیحوڵلاّ.)**

دەیکولێنن تا وەك ساسێکی تۆخی لێ دێت و دواتر بە هێلکە دەخورێت. جۆرێکی تری پاقلە لە گوندەکانی هەردوولا هەیە، زۆر گەورەیە و وشکدەکرێتەوە و هەندێ کات دەیخەنە ناو ئاو تا دوای نەرم بوونەوەی بکرێتە زەلاتە. هەروەها لە گوندەکانی هەردوولا لە بن مینچی خانووەکان، ڕستەی درێژی سیر و پیازی هەڵواسراو دەبینرێت.

شێوەی بەکارهێنانی زەیتون لە هەردوولا یەکە، لە گوندەکانی گیلان و باشووری فەرەنسا دوای خۆش کردنی زەیتون بە گوێزی کوتراو دەخورێت و لە هەندێ شوێن دوای ئەوەی زەیتون دەخەنە دۆلکەی گەورە، توێکڵی هەناری دەخرێتە سەر تا هەم ناسك بێت و هەم ڕەنگی رەش ببێت. لە بۆنە ناوچەییەکانیان، لادێ نشینانی باشووری فەرەنسا قۆچی گاکانیان بە گوڵ و سەوزە دەڕازێننەوە و هەمان ڕێورەسم لە گیلان هەیە، ژنە گوندییەکانی باشووری فەرەنسا لە کاتی دۆشینی مانگاکانیان هەندێ گۆرانی دەڵێن کە هەمان شێوە ئاوازانە لە لایەن لادێ نشینە گیلانییەکان دەوترێتەوە.

ئەگەر گەڕیدەیەك بچێتە گوندەکانی باشووری فەرەنسا لە دوورەوە قاپ و مەنجەڵی گەورەی گلێن دەبینێت کە لە ناویاندا هەندێ جۆرە خۆراکی کوڵێندراوی وەك گوێز، بادام و نیسکیان لە بەر هەتاو هەڵخستووە تا وشکببنەوە و هەمان بابەت لە گوندەکانی گیلان دەدیترێت. پێش بەکارهێنانی غلوسی بردین لە فەرەنسا، لە لادێکانی باشووری ئەوێ، لە زستان تشتێك غلوسی گەش کراوەی داریان دێنا و لە ناو ژوورەکەیان دادەنا تا گەرم ببنەوە و هەمان ڕەسم لە گوندەکانی گیلان هەیە.

لە گوندەکانی باشووری فرانسە واباوە لە شەوی بووك و زاوایەتی، کۆمەڵێك خەڵك لە پاش دەرگا دەوەستن تا بزانن بووك و زاوا باسی چ دەکەن، ئەو بابەتە تاکو ئێستاش لە گیلان هەرماوە. لە تەواوی گوندەکانی باشووری فرانسە گۆگای خانووەکان لە قاتی سەرەوەیە و لە گوندەکانی گیلانیش بە هەمان شێوەیە. لە هەمانکات هەندێ لەو سەوزانە کە لە باشووری فرانسە بە رووەکی ناوچەیی دەژمێردرێن، لە گوندەکانی گیلان بە هەمان شێوە هەنە و ئەو سەوزەمەنیانە لە شوێنەکانی تری ئێران و فرانسە دەست ناکەون.

لەوانەیە بگوترێت لە هەموو شوێنێکی جیهان ژیانی لادێکان وەکویەکە و ئاساییە ئەو بابەتانە لە نێوان باشووری فرانسە و گیلان وەك یەك بن، بەڵام پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە ژیان لە کەنارەکانی دەریای مەدیترانە لە گەڵ یەکتری جیایە و لێك ناچێت، لە کاتێکدا کە تەواوی ئەو سنوورە لە رووی ئاو و هەوا جیاوازییەکی وانییە کە جێگەی باس بێت.

جگە لە خواردنی سەرەکی کە لە گیلان بریتییە لە برنج و لە باشووری فرانسە بریتییە لە گەنم، پەتاتە، لۆبیا و ماسی و جیاوازی لە نێوان گوندنشینەکانی گیلان و باشووری فرانسە لە خواردنەکانیاندا نییە و جیاوازی لە خواردنیش بابەتێکی تا ڕادەیەك تازەیە، گوندنشینەکانی باشووری فەرانسەش لە سەرەتادا برنجیان دەچاند و دواتر بە هۆی کاری قورسی چاندنی ئەو دانەوێڵەیە، دەستیان هەڵگرت لە چاندنی برنج و دەستیان کرد بە چاندنی دانەوێڵەی تر لە جیاتی برنج.

پیاوێکی فەرەنسی بە ناوی (لوسین) کە لە ساڵی (١٩٢٢ تا ١٩٢٥) لە شاری ڕەشتی ناوەندی گیلانە ژیاوە و میوانخانەیەکی لە ناوچەیەك بە ناوی (سبزە مەیدان) هەبووە، گێراویەتییەوە کە لە کاتی گەڕانی بە ناو گوندەکانی ئەو شوێنە نەتەنیا ژیانی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەی وەك ژیانی دانیشتوانی باشووری فەرەنسا دیتوە، بەڵکو تەنانەت لە رووی شێوەی مرۆڤەکانیش لێك چوونی زۆری دیتووە. ئەو پیاوە شارەزای مێژوو نەبووە بەلاّم بە دڵنیاییەوە دەڵێت کە:"دەبێت خەڵکی ئەو دوو ناوچەیە لە یەك نەتەوە بووبن."

ئەگەر وتەکانی مێژوونووسی ولاتی لیدی پشت ئەستوور نەبوایە بەو بەڵگانە، پەسەندکردنی ئەو ڕاستییە مێژووییە بەرەچاو کردنی دووری ئەو دوو شوێنە لە یەکتری ئاسان نەبوو، بەلاّم ئەو بەڵگانە و دۆزینەوەی شوێنەواری کۆچبەرە ئێرانییەکان لە کەنارەکانی مەدیترانە وتەکانی مێژوونووسی لیدی پشت ڕاست کردەوە کە دەڵێت:"گات ئەو جوتیارانەی کۆچاندووە بۆ ئەو شوێنە تا چاندنی برنج بۆ باشووری فەرانسە بگوازنەوە و کۆمەڵێك رووەکی تریش کە لە هەر دوو شوێن هەیە، هەر لە رێگەی ئەو جوتیارانەوە گواستراوەتەوە."

یۆنانییەکان مێژووی هاتنی ئەو پیاوە گەورە و پەیامبەرە واتە گات یا زەردەشت بە (٦٠٠ پ. ز) دیاری دەکەن و سەرچاوەی ئەو لێکدانەوەیەی ئەوان هەمان ئێرانییەکانن، بەلاّم ئێرانییەکان ئەو مێژووە بە ڕاست پەسەند ناکەن و لە ناو ئێرانیش ئەو مێژووانەی کە بەر دەستن هەموویان هی دوای هاتنی ئیسلامن و هیچ لە پێش ئیسلام لەوبارەوە بەردەست نییە.

یەك لە مێژوونووسانی دوای ئیسلام بە ناوی (ئەلبیرۆنی) دەڵێت:"زەردەشت لە (٢٥٨) ساڵ پێش ئەسکەندەر لە دایك بووە"، بەلاّم ئەو مێژووە لەنگە و دەرناکەوێت زەردەشت (٢٥٨) ساڵ پێش لەدایك بوون، پێش مردن و یا خود ئەو ژمارە ساڵە لە پێش هاتنی ئەسکەندەر بۆ ئێران هاتۆتە دونیاوە.

بە پێی یەك لە گێرانەوەکان، سەرچاوەی مێژووی ئێرانییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کاتی پەسەندکردنی ئایینی زەردەشت لە لایەن پاشایەك بە ناوی وێشتاسب (وێشت ئەسپ)، بەلاّم

نەزانداراوە لە کام بەشی ئێران، واتە ڕۆژهەڵات یا ڕۆژئاوا پاشا بووە. ناوی ئەسپ پاشگری ناوی زۆر لە سەردار و پالەوان و پاشاکانی ئێران بووە، چونکە ئەوان سواری ئەسپ دەبوون و خۆشیان دەویست، دەزانین ئەسپ ئاژەڵێکی ئێرانییە و لەوێوە چووتە وڵاتانی تر.

بەسەر هاتەکانی ناو ئاڤیستا زۆرتر بەرەو ڕۆژهەڵاتی ولاتن و لەگەڵ دۆخی جوگرافیایی ئەوێ کۆکن و بە پێی گێرانەوەی ئاڤیستا، زەردەشت لە ڕۆژهەلاتی ئێران ژیاوە و ئەو ڕۆژە کە وێشتاسب ئایینی زەردەشتی پەسەندکرد، زەردەشت دارێکی چناری لە شاری کاشمەری خوراسان چاند و دارەکە تا دوای هاتنی ئیسلام مابوو. ئەگەر ڕۆژهەڵات بە شوێنی لە دایك بوونی زەردەشت وەربگرین، دەبێت ئەو ڕاستییە پەسەند بکەین کە دواتر بە هۆکارەکانی ئایینی یا سیاسی زەردەشت چووە بۆ ناوچەی ورمێ و لەوێ نیشتەجێ بووە.

ڕایەك هەیە پێیوایە زەردەشت لە شاری (ڕەق) کە ئێستا بە (ڕێی) ناسراوە لە دایك بووە و ئەوانە شاری تارانی ئێستا بە شوێنی لەدایك بوونی وەردەگرن، بەڵام لە ئێرانی کۆندا چەندین شوێن بە ناوی (ڕەق) هەیە کە دواتر بووە (ڕەقە) و ئێستا لە نزیك شاری (تەبەس) لە باشووری خوراسان گوندێك بەو ناوە ماوە. هەزاران ساڵ پێش ئێستا (ناسر خەسرەوی عەلەوی) لە کاتێك لە ترسی کوژرانی بە هۆی پەیرەوی کردنی لە ئایینی ئیسماعیل (د. خ) هەڵدەهات، ڕێگەی کەوتە ڕەقە و لەوێ نوێژی کرد، ئەگەر ئێستا خوراسان بە شوێنی لەدایك بوونی وەربگرین، دەبێت پەسەندی بکەین ئەو لە ڕەقەی خوراسان هاتۆتە دونیا، نەك لە ڕەقەی نزیك تاران.

هەبوونی ئەو پیاوە (جا چ گات بێت یا زەردەشت) گیلانییەکانی بۆ باشووری فەرانسە و فەرەنسیەکانی بۆ گیلان برد بە پێی کۆمەلێك بەڵگە و ئاسەوار کە لەدوای بەجێماون، سەلماوە و بە تایبەتی گاتەکان کە بەشێك لە ئاڤیستا پێکدێنن ئەو ڕاستییە پتەوتر دەکەن و زانستی زمان ناسیش، گاتەکان بە کۆنترین دەقە ئەدەبیەکان لە سەرزەوی ئێران دەناسێت.

هەندێك لە مێژووناسان کە دەیانەوێت باس لە مێژووی ئێران بکەن دوو لایەن لەبەر چاو دەگرن، یەکەم نووسینەکانی مێژووناسانی کۆن وەك خانتۆسی لیدی و تاس ئیتی ڕۆمی و ... هتد، دووەم ئەو ئاسەوار و بەڵگەنامانەی لە ساڵانی ڕابردوو لە ئێران لە شوێنەوارەکان بەردەست کەوتوون، بە باوەڕی ئەوان تەنها ئەو دووانە گرنگن و سەرچاوە ئێرانییەکان بە گرنگ نازانن و بە تایبەتی تەواوی بابەتەکانی پێش هاتنی ئیسلام لە ئێران بە ئەفسانە هەژمار دەکەن.

بە باوەڕی هەندێ لە مێژوونووسان ئەفسانە مێژووییەکانی ڕۆم و یۆنان جێگەی بایەخن و سەبارەت بەو ئەفسانانە، پێیان وایە سەرچاوەی سەرەکی ئەوان ڕاستە و پەرتووکی زۆر گەورەیان لەبارەیەوە نووسیوە، ماریژان مۆڵە مێژوونووسی سەردەمی ئێستا کە ئێمە پشتمان بە نووسینەکانی ئەو و چەند کەسێکی تر بەستووە، لیستێکی لەو پەرتووکانە ئامادەکردووە کە ئەگەر وەریان بگێڕین، ئەوا چەند پەرەیەکیان لە پەرتووکەکەمان بۆ پێویستە.

هیچ مێژوونوسێکی ڕۆژئاوا تا ئەم دواییانە، ئەو بابەتانەیان کۆنەکردەوە کە لە ئێران هەیە تا لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن و پەرتووکیان لەسەر بنیات بنێن، چونکە ئەوان بە ئەفسانەیان دەزانین. وێڕای ئەوەش دەزانین هەندێك لەو پەرتووکانەی ئێمە کە ئەوان تەنها بە ئەفسانەیان دەزانن، لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕابردووی ڕەسەن و بێ **گومانیان** هەیە. زۆر لە مێژوونووسە تازەکان نەتەنها شاهنامە بەڵکو ئاڤیستا بە ئەفسانە دادەنن، بەڵام بۆ هەر پێنج تەورات و هەر چوار ئەنجیل لە ڕووی مێژووییەوە نرخی گەورە دادەنێن.باافقیییی ق

لە بیست ساڵی ڕابردوو کۆمەڵێك مێژوونووس دەرکەوتن کە هەوڵیاندا مێژووە ئێرانییەکان لە گەڵ ئەوانەی ڕۆژئاوا بەراوردبکەن، ناو هێنانی ئەو بەرێزانەی لەو بیست ساڵەدا لە ئەمریکا و ئەورووپا ئەو هەوڵەیاندا زۆرە و بۆ ئەوەی خوێنەری ئازیز ماندوونەبێت، بەرەبەرە لە ناو نووسینەکانماندا ناویان دێنین و خۆمان لە ناو هێنانیان بە پێی لیست دەپارێزین.

هەندێك لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست هەوڵی سوود وەرگرتن لە سەرچاوە مێژووییەکانی ئێرانیان داوە بۆ زانینی ڕابردووی خۆیان، بۆ نموونە (فرانگراسیان) کە پاشا بووە لە ئاڤیستا ناوی هاتووە و تورکەکان بە یەك لە پاشاکانیان پەسەندیان کردووە، فردووسی کە شارەزای ئاڤیستا بووە و ئەو ناوەی لەوێ وەرگرتووە و لە شانامەدا بە ئەفراسیاب ناوی بردووە و بۆ بەکارهێنانی لە شیعر و بە پێی وەزنەکانیان بەو شێوەیەی گۆڕیوە. ئەو نووسەرەی وشە سەرەکیەکەی لە ئاڤیستادا نەدیوە، پیتی (ن) کۆتایی ئەو وشەیە گۆڕیوە بە پیتی (ب) و ئەفراسیان بۆتە ئەفراسیاب و سەرئەنجام فرانگراسیان بۆوەتە ئەفراسیاب.

فردووسی نەتەنها شارەزای زمانی ئاڤیستا بووە، بەڵکو لە سەردەمێك ژیاوە زمانی پەهلەوی بۆ نووسین و خوێندنەوە بەکارهاتووە. بەڵام لە سەردەمانی دواتر زمانی پەهلەوی ساسانی بەلانرا و فرامۆش کرا و ئەو خۆشنووسانەی شاهنامەیان دووبارە دەنووسییەوە، مانای

زۆر لە وشەکانیان نەدەزانی و بە گریمانی ئەوەی لەوانەیە خۆشنووسی پێش خۆی ئەو وشەیەی بە هەڵە نووسی بێت، وشە و شیعرەکانیان دەگۆڕی[٢]،[٣].

ئەو رۆژهەلاتناسانەی لێکۆڵینەوەیان لە بارەی شاهنامە کردووە، باوەڕیان وایە زۆربەی شیعرەکانی فێردۆسی بە دەست ئەو خۆشنووسانەی شارەزای زمانی ئاڤیستا نەبوون، تێکدراوە و ئەمرۆ لەوانەیە تەنها یەك لەسەر پێنجی شیعرەکانی شاهنامە نەگۆڕابن و ئەوانی تر بە شێوەی گشتی یان رێژەیی گۆڕاون، ئەمەش تەنها بێ ئاگایی خۆشنووسەکان بووە.

مێژووناسانی ئەمریکی و ئەورووپی لە بیست ساڵی رابردوو و بە تایبەتی لە دەساڵی دوایی، لێکۆڵینەوەیان لە سەرچاوە ئێرانییەکان دەست پێکرد و باوەڕیان وایە ئەو سەرچاوانە بە گشتی ئەفسانە نین و رووداوی مێژوویيان تێدایە، بەڵام رێزبەندی مێژوویيان نییە و پاش و پێشیان تێدا هەیە، زنجیرەی پاشاکان لە سەرچاوە ئێرانییەکاندا تێکەڵ بووە.

هەندێ جار پاشایەك لە سلسلەیەکی پاشایەتی تێکەڵ کرابوو بە سلسلەیەکی تر و بە شێوەیەکی سەرەتایی رووداوەکانی پێش مێژوو تێکەڵی رووداوەکانی دوای مێژوو بوون و دواتر نووسینەوەی مێژووی ئێران بە رێزمانی تازەی فارسی کە بێدەنگە بۆوە، بۆتە هۆی زیاتر شێواندنی مێژوو، بۆ نموونە (نەبوخت نصر) کرایە (بخت النصر). نەبوونی دەنگ و نوقتە لە رێنووسی ئێران، ئەوانی لە نووسینی ناوی ژنان و پیاوان بە شێوەی دروست بێ توانا کردبوو. لە لایەکی تر ئەوان شارەزای زمانی پەهلەوی ساسانی نەبوون تا بتوانن سوود لەو سەرچاوانە وەربگرن کە بەو زمانە بوون و زمانی پەهلەوی هەخامەنشیشیان نەدەزانی کە پێشتر لە لایەن یۆنانییەکان واتە ئەوانەی دوای ئەسکەندەر لە ئێران دەسەلاتیان گرتە دەست لە ناو برابوو.

چەند مێژوونووسەکی ئەورووپی و ئەمریکی دە ساڵە سەرگەرمی دۆزینەوەی یەك لە ناسراوترین ناوەکانی مێژووی ئێرانن لە ناو ئاڤیستا و شاهنامە، ئەوان دڵنیان کوروش ناوی لە

---

**(٢) (شیعرێکی بەناو بانگی فیردووسی بەو شێوەیە بووە: (توانا بود هرکە دانا بود، زدانش دل پیر برنا بود) پێشتر بەم شێوەیە بوو: (توانا بود هر کە دانا بود، بە هر کار بستوە، کانا بود) خۆشنووس مانای نیوە دێڕی دووەمی نەزانیوە و لە جیاتی ئەو نیوە دێڕی سەرەوەی داناوە، لە کاتێك نیوەدێڕی ڕەسەن بەو مانایە بووە (در هر کار نادان ناتوان است) و ئەمەش تەواوکاری مانای یەکەم نیوەدێڕە و ئەوەی تر کە خۆشنووس دایهێناوە ماناکە پەیوەند راستەوخۆی لە گەڵ نێوەدێری یەکەم نییە. فردووسی وشەی قورس و نەناسراوی بەکارنەهێناوە و وشەکانی (کانا و بستوە) لە کاتی ژیانی ئەودا وشەی باو بوونە و دوای ئەوەی زمانی پەهلەوی بە تەواوی وەلانرا، ئەو وشانە و هی تر کە لە شانامە هەبوون، نەمان و خۆشنووسەکان گۆرانیان تێدا کردن. زەبیحوڵڵا.**

**(٣) مانای شیعرەکە لە یەکەمیان: (بە توانایە هەرکەسێك کە زانایە، بە زانست دڵی پیر گەنج دەبێتەوە.) کە لە رەسەنەکەدا بەم شێوەیە بووە: لە هەر کارێکدا نەزان بێ توانایە) دەردەکەوێت ئەمەیان ماناکەی تەواوترە و ڕەسەنە. وەرگێر بۆ کوردی)**

ئاڤیستا هاتووە و (ماریژان مۆڵە) کوروش بە جەمشید دەناسێت و بە سوود وەرگرتن لە ئاڤیستا و چەند پەرتووکێکی وشەکانی زمانەکانی پەهلەوی و سانسکریت، بۆمان دەردەخات کە (جەمشید) هەمان ناوی گۆردراوی (کوروشە) کە یۆنانییەکان بە (سیرووس) دەیخوێننەوە و مێژوونووسانی دوای ئیسلام لە مێژووەکانی خۆیاندا ئەو ناوە یۆنانییەیان نووسیوە و بێ ئاگا بوون لە شێوە خوێندنەوەی ئێستای کە دەکاتە کوروش.

بە ڕای (ریچارد فرای) مامۆستای مێژووی ئێران لە زانکۆی هارواردی ئەمریکی، کوروش و کەیخەسرەو یەك کەسن و هەندێ بەڵگەی هەیە کە لە پەرتووکەکانی تایبەت بە وشە کۆنەکانی وەرگرتووە، بیرمان نەچێت زمانی فارسی ساسانی کە هەمان پەهلەوی ساسانییە و سەرچاوەی زمانی فارسی هەخامەنشییەکان کە هەمان سانسکریتە، زمانی کۆنی هندییەکانە و ئێستا لە زانکۆکانی هیندستان وەك زمانی ئەدەبی دەخوێندرێت و هەڵگری لایەنی ئایینییە و پەرتووکە کۆنەکانی هیندییەکان بەو زمانە نووسراون.

ڕۆژهەلاتناسی ئەمریکی (دەبویز) وشەی کوروش بە گوڕدراوی وشەی (خوارەزم) دەزانێت و ولاتی خوارەزم بە ولاتی کوروشییەکان دەناسێت، ئەویش هەندێ بەڵگەی بۆ ئەوە هەیە و بڕوای وایە کوروش لە خوارزم یان خوراسان لە دایك بووە. ئێمە لە کاتی بەراوردکردنی ناوی پیاوان و ژنانی ناسراوی ئێرانی لە مێژووە ئێرانی و ڕۆژئاواییەکان، ڕای زۆرینە پەسەند دەکەین و لە زۆرینەی ئەو بابەتانە دەدوێین کە ئێراننناسە تازەکان باسیان دەکەن و پێچەوانەی ئەو تاقمە لە مێژوونووسان دەکەین کە تەنها سەرچاوە ڕۆژئاواییەکان پەسەند دەکەن و تەواوی سەرچاوە ئێرانییەکانیش وەردەگرین.

ریچارد فرای دەڵێت:"ئەو نەتەوانەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ئێران بوون و کوروش لەگەڵیاندا دەجەنگا، هەمان تۆرانییەکان بوون کە فیردۆسی بە درێژی لە شاهنامەدا باس جەنگی ئەوان و ئێرانییەکان دەکات."ئەو دەڵێت:"ماساگیتەکان یا سکاکان کە بە وتەی هیرۆدۆت مێژوونووسی یۆنانی کوروش پاشای ئێرانیان کوشت، هەمان تۆرانییەکانن."تۆرانییەکان دابەشببوون بەسەر چەند تاقمێك کە ماساگێت و سکاکان لەو تاقمانە بوون. ئەو کەسەی دەیەویست کوروش لە منداڵیدا بکوژێت فرانگراسیان بوو کە لە شاهنامەی فیردۆسی بە ئەفراسیاب ناوی هاتووە و مێژووناسە یۆنانییەکان ئەویان بە (ئاستیاژ ، ئاستیاك یا ئاستیاج) ناو بردووە.

لە شاهنامەدا دوو وشەی تۆر و تورك، تۆران و تورکەکان وەك یەك هەژمار کراون. تا ئەو دواییانە زۆر لە مێژووناسە ڕۆژئاواییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە فیردۆسی شارەزای جوگرافیا و مێژووی کۆنی ئاسیا نەبووە و بۆیە ئەو دوو نەتەوەی کە زۆر لە یەکتری جودان بەیەك

ژماردوون، دەرکەوت ئەوان هەڵە بوون و توانای بەراوردی ناوی ئەو وڵاتانەی کە فیردۆسی لە شاهنامەدا باسیان دەکات لە گەڵ ناوی وڵاتانی ئێستایان نەبووە و هەروەها شوێنی ناوی وڵاتانی ناو شاهنامەیان لە نەخشەدا نەدۆزیوەتەوە.

ئەو کارە بە کۆششی زانایانی ئەمریکی و ئەورووپی بە ئەنجام گەیشت و ئەوان توانیان ناوی ئەو وڵاتانەی ناو شاهنامەی فیردۆسی، لە سەر نەخشەکانی سەردەمی ئێستادا بدۆزنەوە و بابەتی تورك و تۆرەکان کە ماوەی دووسەد ساڵ بوو بە ڕەخنەوە باسی دەکرا یەکلا کرایەوە و دەرکەوت تورك کۆی (تۆرە) و پاشگری (ك) بۆ بە کۆکردن بەکاردێت، لەبەر ئەوەی لە زمانی فارسیدا خوێندنەوەی سەرەکی بۆ تورك نەبووە ئەوا بە (ترك) خوێندراوەتەوە، ریچارد فرای تورکەکان یا تۆرەکان کە لە گەڵ ئیرانییەکان دەجەنگان، بە نەتەوەی ئێرانی دەزانێت و باوەڕی وایە کە جەنگی دووبرا بووە و وەك جەنگی یەك بنەماڵە دەژمێردرێت.

ئەو بابەتانەمان بۆیە باس کرد تا بە خوێنەرانی بەرێزمان ڕابگەیێنین کە لە گەڵ هاتنمان بۆ سەردەمی مێژوو، هەنگاومان ناوەتە ناو بابەتگەلێك کە لەسەریان زۆر شتی نووسراو و دیار هەیە و دەمانەوێت مێژووی کۆنی ئێران لە سەرچاوە رۆژئاواییە تازەکان، بەراوردبکەین بە ئاڤیستا و شاهنامە و بە گریمانی زۆر رەخنە دەکرێین و رەخنەکانیش لەسەر کاری ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ بەراوردی هەردوو مێژووی تازەی ئێران لە سەرچاوە رۆژئاواییەکان و لە سەرچاوە ئێرانییەکان و هەر کەسیش بیەوێت لە جیاتی ئێمە ئەو کارە بکات، دووچاری رەخنە دەبێتەوە و ئەو رەخنانەش تا ئەو رۆژە بەردەوام دەبێت کە سەدان گردی شوێنەوار کە شایەدی بوونی شار و مێژووە دێرینەکانن، هەڵکەندنیان بۆ دەکرێت و ئاسەواری تازە لە ژێر گڵ دێتەدەر کە ئەو بابەتانە پشتڕاست تر دەکەن و ئەو رۆژە ئەو ڕەخنانە تەواو دەبن.

بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو کارە بکرێت و روون ببێتەوە روستەم کە لە ئاڤیستا بە (رەتس تە هەم) ناوی هاتووە، لە مێژووی تازەدا ناوی چییە و ناکرێت پەسەند بکەین کە فیردۆسی بەو هەموو زانایییەوە، خۆشەویستی بۆ پالەوانێکی خەیاڵی بووە و ئەوی گەیاندووتە ئاستێك کە گەورەتر لەو نایەتە ناو بیرکردنەوە، گریمان فێردۆسی ئەفسانەیەکی نووسیوەتەوە، خۆ ناتوانین ئاڤیستاش بە ئەفسانە بزانین و ئەو کەسەی رۆستەم بۆ شیعرەکانی ناوی گۆریوە بە رۆستەم لە ڕاستیدا هەبووە و دەبێت بوونی ڕاستی ئەو بدۆزینەوە.

# ماد، یەکەمین دەوڵەتی بەهێز لە ئێران

ئەگەر ئێمە لە توانامان بووایە لە حەت سەد ساڵ پێش زایێن بچینە پێ دەشتەکانی کێوی ئەڵوەند، دەماندیت ژنان و پیاوان بۆ دروستکردنی شورەیێکی بەهێز بە دەوری شارەکەیان پێکەوە سەرگەرمی خووڵ دەرهێنان، ئامادەکردنی قوور، دروستکردنی خشتی سوور کراوە و داتاشینی بەرد بوون بە دەورەی شارەکەیان کە ناوی هەکماتانە بوو ( هەمەدانی ئێستا).

پاشایەك بە ناوی (مردکوە، دیوکوە، گاومرد واتە کیومەرس) فەرمانرەوای ئەوان بوو و چاودێری دەکردن، ناوەناوە بە ناویاندا دەهات و دەیوت ئەگەر دەتانەوێت منداڵەکانتان نەکوژرێن و یا خۆتان بە ئەسیر نەگیرێن و ماڵتان تالان نەکرێت، هەوڵ بدەن بە زووترین کات شورەی شارەکەتان تەواو بکەن.

هاوکات لەگەڵ دروستکردنی شورە بە دەوری شاری هەکماتانەدا، منداڵەکان لەو قوتابخانانەی کە لە شارەکەیان هەبوو بە وانە وتنەوەی مامۆستاکان و بە قەڵەمێك کە لە قورقوشم یان مس دروست دەکرا لە سەر لەوحی بەردیان دەنووسی. بە پێنووسی مامۆستا لە سەرەوەی ئەو لەوحە نووسرا بوو: (هۆ کورە بەردەوام بیرت بێت کە نینەوا دەبێت وێران بکرێت).

رۆژئاواییەکان نەتەنها بنەماکانی شارستانییەت لە ئێرانییەکان فێربوون، بەڵکو لە بەکارهێنانی دەستەواژەکانیش لاسایی ئەوانیان کردەوە، بۆ نموونە پێنج سەد ساڵ دواتر یەك لە سیناتۆرەکانی رۆم هەرکاتێك لە سنای رۆم وتاری دەبوو بە لاسایی لە خەڵکی هەمەدان دەیوت: (شتێکی تر ئەوەیە کە کارتاژ دەبێت وێران ببێت) و دەزانین کە کارتاژ دوژمنی خوێنینی رۆمەکان بوون.

(مردکوه، دیوکوه) یا کیومەرس کە مێژوونووسە یۆنانییەکان بە (دیکۆس) ناویان هێناوە و بە دامەزرێنەری پاشایەتی پێشدادییەکانی دەزانن، ئەو دروستکردنی شورەیێکی بەرزی بە دەورەی هەمەداندا بە تەنها چارەسەر بۆ بەرگری بەرانبەر بە هێرشی جەنگکەرەکانی نینەوا دەزانی، نەینەوا پایتەختی ئاشوور یا ئاسوور بووە.

پێش دەسەلاتداری کیومەرس بە گشتی هەر پێنج ساڵ جارێك پاشاکانی ئاشووری لە نینەواوە هێرشیان بۆ هەمەدان دەکرد و ژن و پیاوی گەنجیان ئەسیر دەکرد و ئەوانی تریان دەکوشت. دوتر ئەسیرەکانیان دەگواستەوە بۆ نینەوا، کورە گەنجەکانیان کوێر دەکرد و لە نیری جووتیان دەخستن و جووتیان پێدەکردن، یا لە ئاشی ڕوونیان دەبەستن تا روونیان بۆ دروست بکەن و ئەو کارانەش ئەوەندە قورس بوون کە دوای ماوەیەك گیانیان دەسپارد.

پاشای ئاشوورییەکان (شەڵمانەسەر) کە تا ئێستاش خەلکی کوردستان و ناوچە شاخاویەکانی کرماشان ناویان لە بیر ماوە، لە (٨٤٤ پ. ز) لە نینەواوە هێرشی کردە سەر ئێران و نەتەنیا کوران و کچانی شاری هەمەدانی بە ئەسیر برد، بەڵکو تا کەنارەکانی کەنداوی فارس چوو و لە گەرانەوەدا نزیکەی پێنج سەد هەزار ئەسیری لە گەڵ خۆی برد و چاوی هەموو کورە گەنجەکانی کوێر کردبوون و بە جوتیارەکانی ئاشووری فرۆشتن تا جوتیان پێ بکەن.

حەوت ساڵ دواتر هەر ئەو پاشایە هێرشی بۆ ئێران کردەوە و بەرەو رۆژهەڵاتی ئێران واتە خوراسان چوو، بە پێی گێرانەوەی خانتۆس مێژوونووسی لیدی (وڵاتێك لە ناو تورکیای ئێستا) گوایە شەڵمانەسەر دوو کرۆر ئەسیر لە گەڵ خۆی دەبات (لەو ژمارەیە زیادەرۆیی هەیە) کە لە رێگەکان نیوەیان دەمرن. ئەو بابەتانە هۆکاری ئەوە بوون کە خەڵکی ئێران ئاشوورییەکان بە بەڵای ئاسمان بزانن و ئەو باوەڕەیان بۆ دروست بێت کە پێویستە نینەوا پایتەختی ئاشوور لە ناو بچێت تا ئەوان لە کوشتار پارێزراو بن.

دوای ئەوەی کیومەرس بۆوە پاشای ئێران لە رۆژئاوای وڵات واتە سەرزەوی مادەکان، هەوڵی یەکگرتنی تایەفە جیاکانی ئێرانیدا تا بتوانێت رێگە لە ئاشوورییەکان بگرێت بەڵام ئەمەی بۆ نەکرا، چونکە تایەفە و تیرەکانی رۆژئاوای وڵات بە شێوەیەك لەگەڵ سەربەخۆیی ناوچەکانیان ڕاهاتبوون کە نەیاندەویست لە ژێر فەرمانی ئەودابن و ئاشوورییەکان سوودیان لەو جیاوازیانە وەردەگرت و هێرش و هەڵمەتەکانی خۆیان پەرە پێدەدا.

کیومەرس دوای نائومێد بوونی لە یەکگرتوویی تیرە و تایەفەکان، بە ناچاری کەوتە دروستکردنی شورەی بەرز و بەهێز بە دەورەی هەمەدان، بۆ پارێزراو بوونیان لە هێرشی ئاشوورییەکان. دروستکردنی شورەی هەمەدان لە (٧٠٠ پ. ز) دەستی پێکرد و دە ساڵی خایاند، سەبارەت بەو حەسارە وەك حەساری شاری بابل زۆر باس هەیە و گوایە کیومەرس حەوت شورەی دروستکردووە تا ئەگەر دوژمن یەکیانی رووخاند، ئەوانی تر رێگەی بگرن. بەڵام ئەو باسە لە عەقڵ دوورە و ئەگەر بەرگریکاران نەتوانن لە پشت یەك شورە دوژمن بشکێنن، بە دڵنیایی ناتوانن لە پشت حەوت شورەیش ئەو کارە بکەن.

دەنگۆیەکی تر سەبارەت بە شورەی هەمەدان ئەوەیە کە رووپۆشی هەر شورەێك لە گەڵ ئەوانی تر جیا بووە و رووپۆشی شورەی یەکەم لە کاشی و دووەم لە بەردی (یەشم) و ... هتد بووە، ئەو دەنگۆیانە لایەنی ئەفسانەیان هەیە و ئەگەر وابوایە لەو هەموو رووپۆشانە، ئەمرۆ ئاسەواری یەکیان لە ژێر خاکەوە دەردەکەوت.

گومانمان نییە لەوەی کیومەرس (دیکۆس) ژن و پیاوانی هەمەدانی ناچارکرد بە پێی ئەو نەخشەی دیاریکردبوو شورەی هەمەدان دروست بکەن، بەم شێوەیە هەمەدان پایتەختی ئێران لە هێرشی ئاشوورییەکان پارێزرا. لەو کاتەوە تا گەیشتنی هۆخشتەرە بە تەختی پاشایەتی ئێران، منالانی هەمەدان لە سەر لەوحەکانیان دەنووسی: (بیرتان بێت کە دەبێت نینەوا ویران بکرێت.)

ووشەی هۆخشتەرە بە مانای (سەرپەرەشتی شار) دێت، (هۆ) واتە سەرپەرەشت و (خشتەرە) واتە شار، ئێرانییە کۆنەکان بۆ (هۆوە خشتەرە) نازناوی (هەتاوی درەوشاوە) یان بەکارهێنا و بەو پێ یەی جەمشید تا ڕادەیەك هەمان مانا دەدات، بۆیە ئێمە جەمشید بەکار دێنین و بەڵگەی ترمان هەیە کە هۆخشتەرە بە جەمشید دەناسێنێت و ئەویش بریتییە لە (جامی جەم). لە مێژووەکانی رۆژهەلاتدا هاتووە کە جەمشید ئاوێنەیەکی (جام) هەبووە کە تەواوی جیهانی لە ناودا بینیوە، ئەو خاوەنی سیستەمێکی زانیاری بووە کە لە رێگەیەوە زانیاری لە سەر ولاتان هەبووە و بە تایبەتی زانیویەتی لە ئاشوور چ روودەدات، ئەو بابەتە لە لایەن یۆنانییەکان باسکراوە و زاندراوە یۆنانییەکان چاکەی ئێرانیان نەدەویست و ئەوان هۆخشتەرەیان بە سوپاسگوزار ناو دەهێنا.

ئایا ناکرێت بڵێین دامەزراوەیەکی زانیاری کە بەردەوام کار بکات و هەموو زانیارییەکانی جیهان بگەیێنێتە ناوەندێك و ئەو ناوەندە وەك (جام جهان نما) (ئەو ئاوێنەی جیهانی تێدا دەبینرێت) دابنرێت و ئەو کەسەی لەو ناوەندە دەبێت، وەك ئەوە وابێت کە هەموو رووداوەکانی

جیهان لە ئاوێنەدا ببینێت. هۆخشتەرە یا جەمشید (ئەگەر هەردووکیان یەك کەس بن) لە پیاوە هەڵکەوتووەکانی ڕۆژهەڵات بووە و بۆ ئەوەی مەترسی ئاشوور و نینەوا لە ئێران دوور بخاتەوە، نزیکەی (٢٤٠٠) ساڵ پێش ناپلیۆن یاسای خزمەتی سەربازی دانا و بە پێی ئەو یاسایە هەموو پیاوانی ئێرانی دوای بوونیان بە هەژدە ساڵ، دەبوایە ببنە سەرباز. ماوەی سەربازی لە سەردەمی جەمشید سێ ساڵ بوو و دواتر ڕێگەیان دەدرا تا بگەڕێنەوە بۆ سەر کاری خۆیان، بەڵام سەربازە ڕاهێندراوەکان دەبوایە لە کاتی جەنگ بگەڕێنەوە بۆ ریزی سوپا.

جەمشید جگە لە دانانی یاسای سەربازی، یەکەم کەس بووە عارەبانەی جەنگی دروستکرد و یەکەم کەس بوو کە لە ئێران لە مەیدانی جەنگ سوودی لەو عارەبانەیە وەرگرت، دەتوانین ئەو بە داهێنەری ئەو عارەبانە دابنێین، چونکە بەپێی بەڵگەکان پێش ئەو عارەبانە هەبووە و هەمان ئەو بەڵگانە دەسەلمێنن یەکەم پاشا کە بۆ جەنگ بەکاری هێناوە ئەو بووە.

لە بەهاری ساڵی (٦١٢ پ. ز) جەمشید بە لەشکرێك پێنج سەد هەزار کەسی و دووهەزار عارەبانەی جەنگی، بەرەو نینەوای پایتەختی ئاشوور کەوتەڕێ. لەوانەیە ژمارەی (٥٠٠٠٠٠) سەرباز و (٢٠٠٠) عارەبانە کە لە سەرچاوە یۆنانییەکاندا هاتووە، زێدەڕۆیی تێدا بێت، بەڵام ئاشووریە ئازاکان نەیانتوانی بەرگەی لەشکرەکە بگرن و شکستیان هێنا و لەشکری ماد گەیشتە ناو نینەوا و شارەکەی گرت، دوای ئەوە تەواوی شارەکەیان رووخاند و تەنانەت یەك خانوویان نەهێشت. دوای ئەو جەنگە، ئەو ڕستەیەی قوتابیان لە هەمەدان دەیان خوێند لە سەر وێرانکردنی نینەوا، لە لەوحەکانیان سڕدرایەوە.

ساڵی (٦١٢ پ. ز) بۆوە ساڵێکی گرنگ لە مێژوودا، چونکە دەوڵەتی ئاشوور کە ماوەی دوو سەد ساڵ بوو ئێرانی خستبۆوە بەر هێرشەکانی خۆی و دراوسێکانی تریشی بە هەمان دەرد دووچار کردبوو، بە یەك جاری لە ناوچوو و ئەمە بۆوە سەرەتایەکی تازە بۆ مێژووی ئێران. ئەگەر جەمشید ئەوانی لە ناو نەبرد، ئەوا مێژووی جیهان بەو شێوە نەدەنووسرایەوە و ئەوەش بۆوە سەرەتایەك بۆ دروستبوونی پاشایەتی هەخامەنشییەکان.

ئاشوورییەکان ماوەی دوو سەد ساڵ پیاوانی ئێرانیان کوێر دەکرد و جووتیان پێدەکردن و لە بەردئاشی روونیان دەبەستن، بەڵام پاشای جوامێری ماد دوای سەرکەوتن بەسەریاندا تاکە کەسێکی کوێر نەکرد و ئەوەندە بە پارێز بوو کە خۆی و سەربازەکانی دەستیان بۆ ناموسی تاکە ئافرەتێکی ئاشووری نەبرد، بەڵام لەناوبردنی ئاشوور بۆ جەمشید و ئێرانییەکان لایەنی ژیانی هەبوو.

جەمشید یەکتاپەرست بوو و ئاشوورییەکان بت پەرست بوون و وێڕای ئەوەش ڕێگەی نەدا بتەکانی ئاشوورییەکان لەناو ببرێن و ڕێزی لە ئەوان گرت. ئەوکات بێجگەلە ئاشوریەکان، تەواوی نەتەوەکانی دەوروبەری ئێران بت پەرست بوون و جەمشید ڕێزی لە ئایینی هەموویان نا و ئەو بنەمایەی بۆ ئێران دانا کە دوای ئەویش دەسەڵاتدارەکانی تر و لە ئەوانیش کوروش، ڕێز لە ئایینی نەتەوەکانی تر بگرن و ئازاری هیچ نەتەوەیەك نەدەن لەبەر بوونی جیاوازی ئایینەکەیان لەگەڵ ئایینی ئێرانییەکان.

جەمشید دوای سەرکەوتن بەسەر ئاشوورییەکاندا و ئاسوودە بوونی لە مەترسی ئەوان، بە ژمارەی ئەو ساڵانەی لە تەمەنی مابوون (واتە دوای ٦١٢ پ. ز) شاری لە ئێران دروستکردن.

ئێمە ئێستا نازانین شارەکان لە کوێ بوون و ناویان چ بووە، بەڵام دەزانین ئەو لە دوای وێرانکردنی نینەوا لە هەر ساڵێکدا شارێکی دروستکردووە و لە ساڵی (٦١٢ پ. ز) تا ساڵی مردنی لە (٥٨٤ پ. ز) توانی بیست و حەوت شاری تازە ئاوەدان بکات و ئەو کۆشش و ئەڤینەی جەمشید لە بواری ئاوەدانی لە ڕابردوو کردی، پێشینەی نەبووە و تەنها لە لایەن کوروش لە دوای ئەو کراوە و کوروشیش ئەو وانەیە لەو فێر بوو[1].

لە هەریەکە لەو شارانەی جەمشید دروستی دەکردن، ئاگرخانەیەك دروست دەکرا کە بە هێمای ڕێزگرتن بوو لە ئاگر و بۆ پەرستینی ئاگر نەبوو. هەروەها لەو ئاگرخانانەوە ئاگر بۆ خۆگەرم کردنەوە لە زستان و چێشت لێنان بۆ ماڵەکان دەبرا، بەخشینی نەریتی ئاگر پەرستی بە ئێرانییەکان هەڵەیە و وەك ئەوەیە بە هۆی بوونی رادیۆ لە ماڵەکان لە ئێستادا بگوترێت کە تەواوی خەڵك رادیۆ پەرستن.

دوای ئەوەی هۆخشترە لە ژیاندا نەما و مرد، کوری هۆخشتەرە بە ناوی (ئایش توویگۆ) کە یۆنانییەکان بە (ئاستیاك) ناویان دەبرد، بوو بە پاشای ئێران و بە گریمانی بەهێز لە زنجیرەی پاشایەتی مادەکان پێش ناوبراو پاشای تر بەو ناوە هەبوون، چونکە لە کەتیبەکانی بابول ناوی

(1) ( بە پێی ئەو نووسینانە، ڕێزگرتن لە ئایینەکانی کەس و نەتەوەکانی تر لە لایەن پاشاکانەوە لە ئێران یەك لە دەستکەوتەکانی پاشای ماد بووە کە بۆ خەڵکانی دوای خۆی ماوەتەوە و هەر وەك چوون ئاوەدانکردنەوە و دروستکردنی شارەکانیش هەر یادگاری دەسەڵاتی مادەکان بووە و ئارەزووی ئەوانی لە شارستانییەت سەلماندووە، لە لایەکی تر هەر مادەکان بوون کە سیستەمی سەربازیان لە سەردەمی جەمشید داهێنا. وەرگێڕ بۆ کوردی.)

ئەو تۆمار کراوە و بە ئایشتوویگۆی چوارەم هاتووە و بەو پێیە دەبێت پەسەندمان بێت کە سێ کەسی تر بەو ناوە لە ئێران پاشا بوون.

ماوەیەك بوو ئێرانییەکان لە هێرشی ئاشوورییەکان رزگاریان ببوو کە لە سەردەمی پاشایەتی (ئایش توویگۆی چوارەم) ئێران کەوتە بەر هێرشی (هەپتالەکان[٢]). هەپتالەکان خەڵکانێکی کورتەبالاٚ، قەڵەو، سپی و زۆرخۆر بوون و هەموو شتێکیان دەخوارد کە دەدانەکانیان توانای وردکردنی هەبوایە و تەنانەت مرۆڤیشیان دەخوارد.

ئاشوورییەکان زۆر بێ بەزەیی بوون، بەلاٚم ناکرێت بە هەپتالەکان بوترێت بێ بەزەیی، چونکە بێ بەزەیی بوون ئەوکاتە رەنگ دەداتەوە کە ویست و ئیرادە هەبێت و هەپتاڵەکان خەڵکیان دەکوشت، تەنها بۆ ئەوەی بیانکوژن.

هەڵبەت هەپتالەکان لە کاتی نەبوونی خۆراك و برسیەتی و بۆ تێرکردنی خۆیان هێرشیان دەکرد، بەلاٚم دوای تێر بوونیان دەکەوتنە کوشتنی خەڵك تەنها بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانیان و هەموو سالێك دوای توانەوەی بەفر و لە وەرزی بەهار هەپتالەکان لە باکوورەوە دەهاتنە ناو ئێران، لە سەر رێگەیان هەرکەسیان دیبا دەیانکوشت و هەرچیان دەستکەوتبا دەیان برد و ئەگەر رێگەیان نەگیرا بوایە، ئەوا تا هاتنی وەرزی سەرما لە کوشتار بەردەوام دەبوون و پێش زستان دەگەڕانەوە بۆ ولاتی خۆیان.

هێرشەکانی هەپتالەکان بۆ ئێران بۆ ماوەی چل و دووساڵ بەردەوامبوو، واتە لە ساڵی مردنی هۆخشتەرە پاشای گەورەی ماد تا سێ ساڵ پێش رووخانی بابل بە دەست کوروشی دامەزرێنەری پاشایەتی هەخامەنشی.

بە درێژایی ئەو چل و دووساڵە ئێرانییەکان لە دەستپێکی بەهار تا پاییز دەکەوتنە بەر تالان و کوشتن لە لایەن هەپتاڵەکان و ئەو کوشتارانە بە تایبەتی لە سەردەمی پاشایەتی یەك لە پاشاکانی هەپتاڵ بە ناوی (زی داك) یا (زی ئاك) زۆر پەرەی گرت، ناوبراو هەروەك ئەندامانی تری نەتەوەکەی هەموو شت تەنانەت مرۆڤیشی دەخوارد و بە خواردنی گۆشتی منداڵ یان مێشکی مرۆڤ زۆر دڵخۆش دەبوو.

---

**(٢) (هەپتالەکان هەر ئەو نەتەوەیەن کە لە مێژووەکانی رۆژهەلات بە هەیاتلە ناسراون و بە هۆی کێشەی نەخوێندنەوەی نوقتەکانەوە -پ- نەخوێندراوەتەوە و -هەپ تاڵ- بە -هەی تاڵ- خویندراوەتەوە و خۆشنووسانی پێشوو هەپتاڵًیان بە هەیاتلە نووسیوەتەوە. زەبیحوڵڵا.)**

ئەو هەر ئەو پیاوە بوو کە لە ئەفسانەکان ناوی بە (زەحاك یا ئەزیدیهاك) هاتووە و وتوویانە دوو ماری لە سەر شانی رواوە. کە لە ڕاستیدا تەنها ئەو پیاوە ماری لەسەر شان نەبووە و هەموو نەتەوەکەی بەو شێوەیە بوون و ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ پۆشاکی ئەوان کە دوو شێوە قۆچەکی لە سەر شانی هەبووە و بە مار چواندراوە و تا دوو سەدە پێش، هەندێ لە خەڵکی باکووری کێوەکانی قەوقاز، باڵاپۆشیان هەبوو کە لەو شێوەیە بوون[٣]،[٤].

ئەگەر هەپتالەکان بۆ ماوەی چل و دووساڵ بەردەوام نەبوونایە لە هێرشی بۆ ئێران و مێشکی منداڵانیان نەخوارد بایە و هەزاران ئێرانیان نەکوشت بایە، ئەوا کوروش نەیدەتوانی بەو ئاسانییە رۆژئاوای ئێران بگرێت و پاشایەتی مادەکان لە ناو ببات. هێرشە بەردەوامەکانی هەپتالەکان نەتەنیا زەوییە بە پیتەکانی ئێرانیان بە بیابان کرد، بەڵکو بە هۆی کوشتارەکانیان ژمارەی دانیشتوان ئەوەندە کەم بۆوە کە لە کاتی هێرشی کوروش بۆ ئەو سەرزەوییە، لەشکرێکی گەورە نەبوو کە پێش لەو پیاوە گەورەیە بگرێت.

پاشای گەورەی مادەکان، ئایش توویگو پێش شکست خواردنی بە دەستی کوروش خزمەتێکی گەورەی بە ئێرانییەکان کرد بە دروستکردنی شورەی دەربەند بۆ رێگە گرتن لە هێرشی هەپتالەکان. هەندێ کەس پێیان وایە دروستکردنی شورەکە لە لایەن کوروش بووە و هەندێك کەسی تر دەڵێن داریوش دروستی کردووە، گومانمان نییە ئەو شورەە لە لایەن ئایش توویگۆ دەست بە دروستکردنی کراوە، لەوانەیە ئەو نەیتوانی بێت تەواوی بکات و کوروش دوای ئەو تەواوی کردبێت، چونکە شورەیێکی ئاوا بە یەك یا دوو ساڵ دانامەزرێت.

جێگەی سەرسوڕمانە کە بۆچی ئەو شورە بۆ رێگەگرتن لە هێرشی هەپتالەکان لە دەربەند دروستکرا و ئایا باشتر نەبوو ئەو شورە لە باکووری ئازەربایجان دروستکرابایە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئێمە سنوورەکانی ئێستا لەبەرچاو دەگرین و ئەگەر سنوورەکانی پێشووی ئێران بزانین ئەوە بۆمان ئاسایی دەبێت. لە کۆندا سنووری ئێران شاخەکانی قەوقازیا بوونە و

---

**(٣) (زی ئاك یا زی داك نابێت لە گەڵ ئاستیاك پاشای ماد بە یەك کەس بژمێردرێن، بەڵام هەندێ لە نووسەران ئەو هەڵەیان کردووە، بە پێچەوانەوە ئاستیاك پاشای ئێران کە ناوی ئایشتوی گۆ بووە هەوڵیداوە کە پێش بە زەحاك بگرێت و رێگە نەدات کە بەردەوامبێت لە سەر ئەو کردەوانەی. زەبیحوڵڵا.) (بە گریمانی زۆر چیرۆکی زەحاك یا زی ئاك، لە لایەن ئەو نەتەوانەی دژی کورد بوون، بە سەر ئاستیاکدا سەپێندراوە و پاشای مادیان بەو شێوەیە بە خوێنمژ ناساندووە.وەرگێر بۆ کوردی)**

**(٤) (ئەو شێوە پۆششە تا ئێستاش ماوە و تەنانەت لەناو شوانەکانی کورد هەیە و بە فەرەجی و کوڵەجوو و ... ناوی تر دێت و دوو قۆچی هەیە.وەرگێر بۆ کوردی)**

دەربەند بە تاکە ڕێگە بۆ پەرینەوە دانراوە و داخستنی ئەو دەربەندە دەبۆوە هۆی دادەخستنی ڕێگە بۆ ئێران.

ئایش توویگۆ هەوڵیدا بە دروستکردنی شورەیێك لە ئاسن یا قورقوشم، ڕێگەی هەپتالەکان بگرێت و تا ئێستا ئاسەواری ئەو شورەە ماوە، دوای تەواو بوونی شورەەکە چیتر هەپتاڵەکان نەیانتوانی لەو ڕێگەیە هێرش بکەنە سەر ئێران، ناچار بە ڕێگەکانی باکوور وەك ئەستەرئاباد و خوراسان دەهاتنە ئێران. کوروش دوای ئەوەی مادەکانی رووخاند، هەندێ یاسای تایبەتی دیاریکرد کە بە پێی ئەوان ئەگەر هێرش هاتبایە سەر ئێران لە لایەن بیگانەکان، ئەوا ئەسیرەکان دەکرانە کۆیلە.

لە ڕاستیدا هۆخشتەرە ئەو یاسایەی دانا و بەرانبەر بە ئاشوورییەکان جێبەجێ کرد و ئەو کەسانەی ئەو بابەتەیان رەخنە کرد، دەبێت بزانن ئاشوورییەکان لە (١١٠٠ پ. ز) تا ساڵی رووخانی دەسەڵاتەکەیان، واتە (٦١٢ پ. ز) بە دەیان هەزار کەس لە ئێرانییەکانیان کوشت و بە کۆیلەیان کردن و لە بن نیری جووت، جووتیان پێ کردن. هەروەها لە ساڵی (٥٨٤ پ. ز) تا ساڵی (٥٣٦ پ. ز) هەپتالەکانیش سەدان هەزار کەس لە ئێرانییەکانیان کوشت و بە کویلە کرد، لە بەرانبەر ئەو هەموو کارە خەراپانەدا کوروش ناچاربوو ئەو بڕیارە بدات.

ئەگەر بە کۆیلە کردنی ئەسیر لەوکاتی ئێران، بەراوردبکەین بە جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی کە تیایاندا ملیۆنان سەرباز ئەسیر دەکران و کاری زۆرەملێیان پێدەکرا، دەکرێت بە هاوشێوە و یەکسانیان بزانین. تەنانەت لە جەنگی دووەم نزیکەی دووملیۆن ئەسیری فەرەنسی لەبەر دەستی ئاڵمانەکان کاری زۆرەملێیان پێدەکرا و ئەوکاتیش لە ئێران ئەسیر دەخرایە سەر کار وەك کۆیلە. لە کۆنگرەی (٢٥) ڕۆژهەلاتناسان لە ساڵی (١٩٦٠) لە روسیا کۆمەلێك بەڵگە خرایەروو، کە دەیان سەلماند ئێرانییەکان رەفتاریان لە گەڵ کۆیلەکان باش بووە و خۆراکی تەواویان پێداون لە گەڵ پۆشاکی شیاو.

لە ساڵی (٥٣٦ پ. ز) ئایش توویگۆ بە دەستی کوروش شکستی خوارد و پاشایەتی مادەکان لەناو چوو، سێ ساڵ دواتر بابل بە دەستی کوروش شکست درا. هەڵبەت لە پەرتووکە مێژووییەکانی یۆناندا باسکراوە کە ڕێرەوی رووباری فورات لە لایەن کوروش پێچەوانە کراوەتەوە، دەزانین ئەمە دوورە لە ڕاستی و بە هۆی پیلانە سەربازییەکانی کوروش یۆنانییەکان

ئەم هەڵە تێگەیشتنەیان دووچاربووە و لە کاتی خۆیدا بە درێژی باسی بابەتی جەنگی بابل و گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوی فورات دەکەین.

دوای رووخاندنی ئاشوور بە دەستی هۆخشتەرە حەفتا و سێ ساڵی خایاند تا کوروش بابلی رووخاند و چل و سێ ساڵ لەو ماوەیە بۆ ئێرانییەکان بە هۆی هێرشی بەردەوامی هەپتالەکان زۆر سەخت بوو، جارێکی تر ئێرانییەکان پەنایان بۆ شاخەکان برد و پەروەردەی ئاژەڵ هاتەجێی کشتوکاڵ. بە گشتی ئەو کاتانەی ئێرانییەکان پەنایان بۆ شاخەکان بردووە، لە مەترسی جەنگ و هێرشی بێگانەکان بووە و بەردەوام هێرشی ئاشووری و هەپتالەکان هۆکار ئەو دۆخانە بوونە.

هەندێ کەس بڕوایان وایە ئێرانییەکان لە شاخەکان داکشاون بۆ دەشتەکان و کشتوکاڵ دەست پێ کردووە، بەڵام ڕاستی بە پێچەوانەوەیە و ئەوان سەرەتا کشتوکاڵیان زانیوە، دواتر لە بەر مەترسی جەنگ پەنایان بردووتە بەر شاخەکان. بەرچاوکەوتنی دانیشتوان لە شاخەکانی ئێرانی و مانەوەی ئاساری ئەو نیشتەجێ بوونە، هەر هی مەترسی بەردەوامی هێرشەکانی بێگانەکان بووە، ئەگەرنا هیچ مرۆڤێك ژیانی ئاسوودەی جوتیاری ناگۆڕێتەوە بە ژیانی ئاژەڵداری لە شاخ و ئەگەر بە پێی وتەی هەندێ کەسیش لە ترسی تەنبەڵی بووبێت، دەبینین ئەمەش ڕاست نییە و ژیانی شاخ زۆر ماندووبوون و ئازاری تێدایە.

لە مێژوا رووخاندنی دوو ئیمپراتۆریەت لە ماوەی حەفتا و دووساڵ، بە دوو سەروەری مەزنی ئێرانییەکان دیاریکراون، چونکە هەردوو پایتەخت قورسایی تایبەتیان لە مێژوودا هەبوو و ئاشوور بۆ ماوەی (٧٠٠) ساڵ و بابل بۆ ماوەی (١٥٠٠) ساڵ دەسەڵاتیان هەبوو، هەر دوولا زۆر بەهێز بوون و بۆ رووخاندنیان زۆر ئامراز بەکار هێندرا، هۆخشتەرە نزیکەی پێنج سەد هەزار سەربازی بۆ رووخاندنی ئاشوور برد و کوروشیش لەشکرێکی برد کە تا ئەو رۆژە لە جیهاندا هاوتای نەدیترا بوو. رووخانی ئاشوور ئەو دەنگدانەوەی نەبوو کە لە رووخانی بابل هەبوو و هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کەم ئاگایی یۆنانییەکان لەو رووداوە، ئەگەرنا رووخاندنی ئاشوور لە کاتی خۆیدا کەمتر نەبوو لە رووخاندنی بابل و بەو هۆیەوە جگە لە ئێرانییەکان زۆر نەتەوەی تر لە دەست ئاشوورییەکان رزگاریان بوو، بەڵام مێژوونووسانی تر بەردەوام بۆ زانیاری لە سەر مێژوو دەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە یۆنانییەکان.

پێشتر وتمان لە بەراوردی مێژووی تازە (بە شێوەی نوێ واتە ئاسەوارەکانی دەرهاتوو لە خاك) و مێژووی کۆن (واتە مێژووی وەرگیراو لە بەڵگەنامە کۆنەکانی ئێران و بە تایبەتی

ئاڤیستا و شاهنامە) پشت بە ڕای زۆرینە دەبەستین و بۆ نموونە بۆ سەلماندنی ئەو ڕایەی هۆخشتەرە هەمان جەمشید بووە و وتەی ئێمە نابێتە بریارێکی مێژوویی و تەنها رایەکە کە زۆرینەی شارەزایانی ئەو بوارە پەسەندیان کردووە.

ریچارد فرای زانای ئەمریکی دەڵێت: (دیۆکۆ) پاشای ماد هەمان (کیومەرسە). بەڵام (هینیك) زانای ئێراناسی ئالمانی باوەڕی وایە: (دیۆکۆ) هەمان (تەهمۆرس) دێوگرە کە بە وتەی مێژووە کۆنەکانی ئێران و لەوانیش شاهنامە، و خوێندن و نووسین لە ئەوان فێربووە. بە باوەڕی هینیك: دێوەکان بریتی بوون لە ئاشوورییەکان کە بەردەوام هێرشیان کردووتە سەر ئێران و تەهمۆرس ئەوانی ئەسیرکردووە، دواتر لە بەرانبەر ئازاد کردنیان رازی بوون خۆی و سەردارەکانی فێری خوێندن و نووسین بکەن، بەم شێوەیە خوێندەواری لە ئێران برەوی سەند.

دێوەکان نووسین و خوێندن لە کێ فێر بوون؟ سۆمەرییەکان خوێندن و نووسینیان فێری ئاشوور و بابلییەکان کرد، سۆمەرییەکان نەتەوەیەك بوون لە باشووری میزۆپۆتامیا دەژیان و لە باشووری رۆژئاوا دراوسێی ئێران بوون و ئاشوور دەکەوتە باکووری عێراقی ئێستا. گومان لە پێشکەوتوویی شارستانییەتی سۆمرییەکان نییە و تا ئێستاش دوو وشەی (بۆریا کە جۆرێك حسیر بووە، تەنوور کە مەبەست تەنووری نان کردنە) لە فارسیدا ماون، هەروەها زۆر وشەی یۆنانی وەك (دەرهەم، دینار و کالبود) لە فارسی ماون و بەڵام بوونی ئەو وشانە نیشانەی لاوازی شارستانییەتی ئێران نییە و بە پێچەوانەوە تا ئێستا بە پێی وتەکانی لێکۆڵەرە ئەمریکی و ئەوروپییەکان نزیکەی (٢٠٪) لە وشە ئەوروپییەکان رەگی ئێرانیان هەیە.

دامەزرێنەری پاشایەتی ماد (دیۆکۆ) یا بە وتەی هینیکی ئالمانی (تەهمورسی دێو گر) رێنووس لە دێوەکان فێربووە، (٧٠٠ پ. ز) واتە (٢٧٠٠) ساڵ پێش ئێستا ژیاوە و بەو پێیە ئێرانییەکان (٢٧٠٠) ساڵە خاوەنی رێنووسن. بەڵام ئەو بەڵگەنامانەی لە خاك دەرهێندراون و دواتر باسیان دەکەین ئەو گریمانە رەتدەکەنەوە و نیشان دەدەن هەزاران ساڵە ئێرانییەکان رێنووسیان هەبووە.

پەرتووکی (پازەند) کە لە پەرتووکە بەنرخەکانی پەهلەویە و بە دەستمان گەیشتووە، هەروەها شانامەی فێردووسی رێنووس دەگێڕنەوە بۆ تەهمورسی دێوگر و دەڵێن ئەو لە دێوەکان رێنووس فێربووە و لە ئێران پەرەی پێداوە، فێردووسی لە شانامەدا دوای شکستی دێوەکان بە دەستی تەهمورس دەڵێت:

"کشـــیدند شـــان خسته و بسته خــوار  به جان خواستند انگهی زینهار
کــه مـا را مکش تا یکی نو هنر  بیـامـوزی از ما کت آید ببر
کـی نامـور، دادشــان زینهار  بـدان تا نهـانی کنند اشکار
نـبشتن بـه خسرو بیاموختند  دلش را بـه دانش برافروختند"

به پێی ناوەرۆکی ئەو شیعرە دێوەکان دوای ئەسیر بوونیان بە دەستی تەهمورس، لەو پارانەوە تا دەست لە کوشتنیان هەڵبگرێت و لە بەرانبەردا ئەوان پاشایان فێری نووسین کرد، فیردۆسی لە بەردەوامی ئەو شیعرەدا دەڵێ ئەوان شەش جۆرە نووسینیان فێری پاشا کرد. لە (مجمع التواریخ) کە یەك لە پەرتووکە باشەکانی ئێرانی کۆنە، تەهمورس بە یەکەم مامۆستای رێنووس دەناسن ودەڵێن رێنووس لە دێوەکانەوە فێر بووە و تەمەنی پاشایەتی ناوبراو بە سی ساڵ دیاری دەکات، بەڵام لە شوێنی کۆنە ئاگرخانەیەکی باشووری ئێران لە ساڵی (١٣٤٤ کۆچی هەتاوی)بەرانبەر بە (١٩٦٥ ز) کەتیبەیەك دۆزرایەوە و ئێستا لە بەرێوەبەرایەتی باستان ناسیە و بە خەتی بزماری نووسرا بوو. کەتیبەکە هی حەوت هەزارساڵ پێش، واتە (٤٣٠٠) ساڵ پێش دیاکۆی دامەزرێنەری پاشایەتی مادەکان بووە. نابێت گلەیی لە نووسەرەکانی شاهنامە و مجمع التواریخ بکەین کە مێژووی دروستبوونی رێنووسیان لە ئێران بە هی (٦٠٠ پ. ز) زانیوە (ئەگەر تە همۆرسی دێوگر هەمان دیاکۆ بێت.)

تەنانەت هینیکی ئاڵمانی پێش دۆزینەوەی ئەو کەتیبەیەی لە باشووری ئێران دۆزراوەتەوە، ڕای خۆی لەو بارە خستووتەروو و دوای ئەو دۆزینەوەیە دەبێت پەسەندی بکەین کە نووسین لە ئێران دەگەڕێتەوە بۆ حەوت هەزار ساڵ پێش، چونکە ئەو نووسینەی سەر ئەو کەتیبەیە، رێنووسێکی تەواوە نەوەك رێنووسێکی ناتەواو و سەرەتایی. ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەخاتەروو کە هەزاران یا سەدان ساڵی پێچووە تا ئەو خەتە گەیشتووتە ئەو ئاستەی ئەو کەتیبەی پێ بنووسرێت. رێنووس لە ئێرانی کۆن بە ڕادەیەك پەرەی گرتبوو کە تەواوی ئەو پەرتووکانەی لە سەرەتای سەردەمی هەخامەنشییەوە ماونەتەوە، بە سێ زمان نووسراون (بەڵام هەموویان بزمارین) کە ئەوکات هەر ئەو سێ زمانە هی تەواوی نەتەوەکانی ئێران بوونە.

کەواتە لە ئێرانی کۆن نووسین و خوێندن تایبەت نەبووە بە نەتەوەیەکی تایبەت و هەموو ئەو نەتەوانەی لە ئیمپراتۆریەتی بەرفراوانی ئێران ژیاون، رێنووسیان هەبووە. لە کاتێکدا کە لە سەدەی بیستەم و لەوکاتەی مرۆڤ دەچێتە سەر هەسارەکانی تر، نزیکەی حەوت سەد ملیۆن

مرۆڤ خوێندەوار نین و وەك وتمان بە وتەی یۆنانییەکان ئەو سەربازانەی خەشایارشا کە لەگەڵیدا چوون بۆ یۆنان، خوێندەوار بوون و دواتر لە سەردەمی ساسانییەکان لە ئێران خوێندن و نووسین کە بۆ هەمووان بوو، شێوەی تازەی بەخۆوە گرت و نەتەنها خوێندن تایبەت کرا بە چینێك و چینەکانی خوارەوە لێی بێبەش کران، بەڵکو خوێندەواری بۆ چینەکانی تر بە تاوانی گەورە هەژمار دەکرا و تەنانەت بازرگانێکی گەورەی ئێران لە پێناو وەرگرتنی مۆڵەتی خوێندن بۆ کورەکەی بە ناچاری تەواوی تێچووی جەنگێکی ئەوکاتی دایە پاشای ساسانی و ئەویش دوای هەموو ئەو تێچووە رێگەی نەدا و وتی: خوێندن و نووسین تەنها بۆ موبیدەکان و شازادەکانە و کەسانی چینەکانی تر نابێت خوێندن و نووسین فێر بن.

لە سەردەمی مادەکان (بە گریمانی زۆر) و لە سەردەمی هەخامەنشییەکان (بە دڵنیاییەوە) بەو شێوەیە نەبووە و خەڵکان خوێندن و نووسین فێر دەبوون، لە سەردەمی هەخامەنشییەکان نەریت بوو پاشاکان تەواوی رووداوە گرنگەکانی سەردەمی خۆیان بە شێوەی کەتیبە لە سەر شاخەکان دەنووسییەوە، وەك ئەوەی ئەو پاشایانە کە بیریان لە سامان دەکردەوە، بە بیریان داهاتبێت کە رۆژێك تەواوی مێژووی ئێران لەناو دەبرێت یا دەسوتێندرێت و تەنها ئەو کەتیبانە دەمێننەوە. دەفتەر وشەیەکە لە زمانی یۆنانی بە مانای (پێست) دەهات و چونکە ئەوان لەسەر پێستە دەیاننووسی بە پەرتووکیان دەووت دەفتەر و ئەو وشەیە دواتر هاتە ناو فارسی.

هەر پاشایەك کە کەتیبەیەکی لە شاخ دەنووسی، تیایدا دەیوت:"ئەی ئەو کەسەی لە دوای من ئەو کەتیبەیە دەبینی، ئەو کەتیبەیە لە ناو مەبە تا ئاهورامەزدا (خوداوەند) تۆ و رەگەزی تۆ لە ناو نەبات"وەك ئەوەی پێشبینی یان کرد بێت کە دوای خۆیان کەسانێك دێن نە تەنها پەرتووکەکان، بەڵکو کەتیبەکانیش لە ناو دەبەن، هەر بەو شێوەیە بوو و تەواوی کەتیبەکان جگە لەوانەی دەستی دەسەڵاتدارە بێگانەکان و یا نەزانەکانیان نەگەیشتێ، لەناو بران.

هەرچەندە ئێرانییەکان بۆ پارێزگاری لەو ئاسەوارانە ناوی تریان بۆ ئەو شوێنانە دیاریکرد و بۆ نموونە بۆ پاراستنی شاری پێرس پۆلیس کە دەکەوێتە باشووری ئێران لە دەست عەرەبەکان، ناویان گۆڕی بە (تەختی سولیمان) و (گۆڕی کوروش) لە ناوچەی فارس بە (گۆری دایکی سلێمان) گۆڕا تا لە دەست بیگانەکان و دەسەلاتدارە نەزانەکانی خۆیان پارێزراو بن.

بەر لە دەرباز بوونمان لە پاشایەتی مادەکان و گەیشتنمان بە پاشایەتی هەخامەنەشی باس کردن لە بابەتی ڕێنووس و پەیوەندی بە دیۆکۆ پێویست بوو، بابەتێکی تر (ماڵی دیۆکۆ) یا بە وتەی ریچارد فرای ئەمەریکی (ماڵی کیومەرسە) کە پێویستە باسی لێوە بکەین و لە پەرتووکەکانی ئاشووری چەند جارێك بە ناوی (بیت دیۆکۆ) ناوی هاتووە، وشەی (بیت) هەمان مانای ماڵە و چۆتە ناو زمانی عەرەبی.

ماوەیەکی زۆر ئەو وشەیەی لە کەتیبەکانی ئاشووردا هاتووە، مێژوونووسەکانی بە تەواوەتی سەرقاڵ کردبوو و دەیانویست بزانن ئەو وشەیە واتای چییە و ئەو خانووە لە کوێیە. دواجار بۆیان دەرکەوت وشەی (بیت) لە زمانی ئاشووری هەروەك لە تەوراتدا هاتووە بە واتای وڵات دێت، بەو پێیە (بیت دیۆکۆ) واتای (وڵاتی دیۆکۆ) و ئێستاش ئەو ناوە بۆ زۆر شوێن لە کەنعان و شوێنی تر بەکار دێت و لەوانە (بیت اللحم، بیت عنیا، بیت الزور و بیت زیتوون و .. هتد).

لە تەواوی ئەو ناوانە وشەی بیت بە مانای ولاتە، بۆیە (بیت دیۆکۆ) کە لە باس کردنی هێرشەکانی ئاشووردا هاتووە کە ئەوان هێرشیان کردووتە سەر (بیت دیۆکۆ) واتای هێرشی ئاشوورییەکان بۆ سەر ولاتی کیومەرس دەدات، دواتر ئەو وشەیە لە ناو ئاشوورییەکان مایەوە و تەنانەت لە پاشایەتی هۆخشتەرە ئەو ناوە لە لایەن ئاشوورییەکان بە مانای ماڵی هۆخشتەرە بەکار دەهات و بەردەوامبوو تا ئاشوورییەکان لە لایەن هۆخشتەرە لەناو بردران.

وتمان رای زۆران وایە (کەیخەسرەو) کە لە ئەفسانە کۆنەکاندا ناوی هاتووە هەمان کوروشە، مێژوونووسان لە کاتی بەراوردی ناوەکانی پاشاکانی ماد و پێشدادییەکان دووچاری گرفت دێن، بەڵام لە کاتی بەراوردی ناوی کیانییەکان و هەخامەنشییەکاندا هیچ گرفتیان نییە و بە شێوەیەك کە دەکرێت بگوترێت ناوی پاشاکانی کیانی و پاشا هەخامەنشییەکان دەقاودەق وەك یەکن.

ئەمرۆ ئێمە دەکەوینە سەرسوڕمانەوە کە یۆنانییەکان چوون ناوی کەیخەسرەویان گۆڕیوە بە (سیروس یا کوروش)، بەڵام دەبێت گۆرینی ناوی کوروش بە کەیخەسرەو لە لایەن خۆمانەوە زیاتر مایەی سەرسوڕمان بێت. لە یۆنان گۆرینی ناوی کوروش بۆ سیروس ئاساییە و پەیوەستە بە ڕێنووسەکەیان، بەڵام گۆرینی وشەی کوروش بۆ کەی خەسرەو ئاسایی نییە و نیشانەی گۆڕانی بنەڕەتییە لە زمانی ئێران، ئەو گۆڕانە ماوەیەك پێش هاتنی عەرەب بۆ ئێران بووە.

یەك لەو بابەتانەی لە زمانەکاندا زۆر بە کەمی گۆرانیان بەسەردا دێت ناوی رووەك و میوەکانن، بەڵام تەنانەت ناوی ئەوانیش لە زمانی ئێمە گۆران و (هولو، هەندوانە، خەربۆزە و ئالبالو[٥]) کە میوەی ئێرانین، ناوەکانیان گۆراون تا بەم شێوەی لێ هاتووە، لە رابردوودا ناوی تریان هەبووە و ناوەکانیش وەك ئەوەی مووزیك لێ بدرێت. یەك لە تایبەتمەندییەکانی زمانە ئێرانییەکان نەغمەی دڵنشینی ئەو زمانە بووە و هەموو یا زۆرینەی وشە ئێرانییەکان دەنگی مووزیك ئامێزیان بووە. ئەو مووزیکی بوونە لە هەندێ وشەی ئەوکاتدا دێتەگوێ، ئێمە لەمرۆدا ئەو نەغمانە لە هەندێ وشەی وەك شاندەرمەن (ناوی شوێن) و کەنگاوەر (ناوی شوێن) و شەبدیز (ناوی ئەسپە) و باربد (ناوی ئاوازێك و ناوی موزیك ژەنێك) و ... هی تر گوێبیست دەبین.

کاتێك ناوی میوە و رووەکەکان بگۆرێت، زۆر ئاساییە ناوی کارەکتەر و کەسەکان بگۆرێت، بە تایبەتی کە بێگانەکان دوای هاتنیان بۆ ئێران هەوڵیاندا ناوی کەسایەتییە دیارەکانی مێژووی ئێران فرامۆش بکەن و ئەو فەرامۆشییە بە رادەیەك پەرەی سەند کە مێژوونووسانی خۆمان بە چاوی خۆیان لە پەرتووکەکان ئەو ناوانەیان دەدیت، بەڵام بە ناوی ئێرانیان نەدەژماردن و تا لە ساڵی (١٩٢١ ز) زاناکانی ئێمە بۆیان دەرکەوت، کوروش ناوی ئێرانییە و پاشای ئێران بووە.

مێژووناسانی دیاری رۆژهەڵات (ابوریحانی بیرونی، ئیبن ئەیسر و دەینوری) لە پەرتووکەکانی خۆیان ناوی کوروشیان هێناوە.

بەڵام ئەو ناوە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ناو زاناکانی ئێران بە ناوی بیگانە دەزاندرا و کەس وەك پاشای ئێرانی نەدەناسی. تا (١٨٧)[٦] ساڵ پێش واتە ئەوکاتەی رۆژهەڵات ناسە ئەمریکی و ئەورووپییەکان رێگەیان بۆ ئێران بۆوە. ئەوان توانیان کەتیبەکانی بەهەستۆن (بێستون) و (تاقی بوستان) و شوێنەکانی تر بخوێننەوە و دواتر وەرگێردراوی پەرتووکە یۆنانییەکان گەیشتە ئێران، ئەوکات زاندرا کوروش و داریوش پاشایانی ئێرانی بوون.

ئێمە ئەو ناوانەمان فەراموش کرد بوو و بیگانەکان ئەو ناوانەیان زیندوو کردەوە و بە پێی ئەو لیستەی (ماکس مۆلەر) لە بارەی چوار هەزار پەرتووکی یۆنانی و رۆمی ئامادەی کرد بوو، ناوەکانی (داریوش و کوروش) وەك پاشا و دەسەڵاتداری ئێران هاتبوو.

---

**(٥) (بۆ ئەوەی دەستکاری ناوەرۆکی نووسینەکە نەکەین، ناوەکانمان بە فارسی هێناوە و لە کوردیدا ئەو میوانە بریتین لە: قۆخ، شوتی، کالەك و ئالبالو، وەرگێر بۆ کوردی)**

**(٦) ((١٨٧) ساڵ پێش وەرگێرانی ئەو کتێبەیە لە لایەن زەبیحوڵلا.وەرگێر بۆ کوردی)**

ئەگەر مێژوونووسانی یۆنان و رۆم مێژووی ئێرانیان نەنووسی بایە و لە کەلیسا و پەرستگاکان پارێزگاریان نەکردبان، ئەمرۆ نەماندەزانی کوروش کێ بووە و چی کردووە؟ سەبارەت بە داریوش کۆمەڵێك کەتیبە بەردەستە کە دەکرێت داریوش بناسێنن، بەڵام هیچ کەتیبەیەکمان سەبارەت کوروش بەردەست نەکەوتووە و وێرای ئەوە مێژوونووسە یۆنانی و رۆمییەکان چوار هەزار پەرتووکیان لەو بارەوە نووسیوە و هەموو زانیارییەکیان لەمەر کوروش پێ بەخشیوین.

خوێندنەوەی چوار هەزار پەرتووك کارێکە بۆ تاکە مرۆڤێك قورسە و ئەستەمە بە ئەنجام بگات، بە تایبەتی کە هەندێ لەو پەرتووکانە وەك (کۆرۆپیدی، واتە هەموو شتێکی ژیانی کوروشی گەورە و کوروشی بچوك) چەندین بەرگن کە قەبارەیان زۆر گەورەیە و ئەمە تەنها بە دەزگای تایبەتمەند بەو بوارە دەکرێت، ئۆمێد دەکەین رۆژێك بێت و ئەو دەزگایانە دروست بکرێن.

یۆنانییەکان دوژمنمان بوون بەڵام دوژمنێکی زانا و لێرەدا پەندی (دوژمنی زانا باشترە لە دوستی نەزان) مانای خۆی دەبەخشێت. ئەوان بە ڕادەیەك دوژمنی ئێمە بوون کە تەواوی رووداوەکانیان چاودێری کردووە و تەنانەت هیچ شتێکی ژیانی کوروش نەماوە بۆ ئێمەیان روون نەکرد بێتەوە و ئەگەر هەندێ بابەت بۆمان روون نییە، هۆکارەکەی نەخوێندنەوە و بەردەست نەبوونی تەواوی سەرچاوە یۆنانی و رۆمییەکانە لە لایەن ئێمەوە و ئەگەرنا ئەوەندەی زانیاری لەسەر کوروش هەیە لەسەر هیچ پاشایەکی تری ئێران نییە.

مێژوونووسە تازەکانمان لە ناساندنی کوروش وێنەیەکمان پێدەدەن وەك ئەوەی لە ئاسمان هاتووە و هەر لە ئەوێ پێگەیشتووە، بەڵام کوروش لە ئێران لە دایك بووە و لەوێ پێگەیشتووە، بە کەلتووری ئێران پەروەردە بووە و زانایی ئەو نیشانەی زانایی ئێرانییەکان بووە[(٧)]. بە کورتی کوروش هێمای ئێرانی بوون و داب و نەریت و بیر و باوەڕەکانی ئەوانە، هەروەك چوون ئێرانییەك یا ژاپۆنییەك هێمای نەتەوەکەیانن.

تەنانەت لە ئێستادا کە هەر تاکێك دەتوانێت نانی بەیانی لە نیۆیۆرك و نانی ئێوارە لە تاران بخوات و کولتووری نەتەوەکان زۆر تێکەڵاو بووە، دیسان تاکەکان بەردەوام تایبەتمەندی

---

**(٧) (ئەو بابەتە تەنانەت لە مێژوونووسێکی وەك هارولد لەمبی ئەمریکیش بە شاراوەیی مابۆوە و تا لە یەکێك لە گۆڤارەکانی تاران لە لایەن سەرنووسەری گۆڤارەکەوە بیرخەرەوەیەکی پێدرا و ئەویش بەڵێنیدا لە پەرتووکی داهاتوویدا کە ناوی (کوروش) دەبێت ئەو هەڵەیە ڕاست بکاتەوە، ئەو پەرتووکەکەی نووسی. پەرتووکی ناوبراو لە لایەن یەك لە مامۆستایانی زانکۆ وەرگێردرایە سەر فارسی و بۆیە بە ئاسانی بەردەستی هەموان دەکەوێت. زەبیحوڵڵا)**

نەتەوەکانیان دەردەخەن و چ جای ئەوەی کە لە بیست و پێنج سەدە پێش، کە ولاتەکان زۆر لەیەکتر جیاواز بوون و بە دەربازبوون لە سنووری هەر ولاتێك هەموو شتێك دەگۆرا، چوون دەکرا کە پێشکەوتنی کوروش لە پێشکەوتنی ئێران بە جیا بزاندرێت و کارەکانی ئەو تەنها بە هی خۆی بزاندرێت و بە هی نەتەوەکانی ئێران نەزاندرێت.

هەرچەندە یۆنانییەکان دوژمنی ئێران بوون بەلاّم (دیۆدۆر) کە مێژوونووس بووە و جیابووە لە دیۆدۆری زانای یۆنانی، دەڵێت: (هەرکەسێکی تر لە جێگای کوروش بوایە و لە ئێران پەروەردە ببوایە، دەیتوانی ئەو کارانەی ئەو جێبەجێ بکات.)

دیۆدۆر پەرتووکێکی هەیە بە ناوی (پەرتووکخانەی مێژوویی) کە لە ڕاستیدا وەك پەرتووکخانەیەکی مێژووییە و مێژووی جیهانی تا ساڵی (٦٠ پ. ز) نووسیوەتەوە، بەلاّم تا ئێستا وەرنەگێڕدراوە بۆ زمانی فارسی. بەلاّم هەندێ مێژوونووسی ئێمە، لەوانەش خوالێخۆشبوو (پیرنیا) سوودیان لە دەقەکانی ئەو پەرتووکە بە زمانی فەرەنسی وەرگرتووە. ئەو پەرتووکە بە وردی وەرگێردراوەتە سەر زمانەکانی (ئینگلیزی، ئالّمانی و فەرەنسی) و دەکرێت سوود لەو وەرگێرانانە وەربگیرێت.

شاعیری ناسراوی یۆنانی و رۆژئاوایی (دێڤیل) کە لە ناو زانایانی رۆژهەلاّت کەمتر ناسراوە، لە دێرە شێعرێك دەڵێت: (کوروش بۆوە ئامرازی دەستی ئێرانییەکان بۆ گەیشتنیان بە مەبەست.)

ئەو بەو دێرە شیعرەی بۆمان دەردەخات کە هەرچی کوروش کردوویەتی بەشێك بووە لە داب و نەریتی ئێرانییەکان. ئەو بابەتەی ئەو باسی لێ دەکات بە گەرانەوە بۆ بەسەرهاتەکانی منداڵی و شێوەی پەروەردەی کوروش. ئەگەر کوروش لە کۆشکی پاشایەتیدا پەروەردە ببوایە، دەیانتوانی بڵێین کوروش لە بنەماڵەیەکی دیار و گەورە پەروەردە بووە و خاوەن ئەزموون بووە و خەسلەتەکانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە. کوروش بە شیری مانگا و مەر و بە پێی هەندێ لە گیرانەوەکان بە شیری گورگ پەروەردەکراوە و لە ماڵێکدا گەورە بووە کە لە رووی ماددییەوە لە ئاستی نزم بوون.

ئەو لە منداڵی و سەرەتای گەنجی، لە شوێنێك پەروەردە بووە کە بۆی نەبووە گوێ بیستی وشەکانی ئازادی و یەکسانی بێت، چونکە تەنانەت ئێستاش کە جیهان زۆر پێشکەوتووە و خوێندن بۆ هەموانە لەو ماڵانە کە باری ئابووریان خەراپە و ناتوانن منالّەکانیان بۆ قوتابخانە بنێرن، بیستنی ئەو وشانە ئاسان نییە.

نووسەری بە ناوبانگی فەرەنسی (پییەر کاکزوت) کە ئەندامی ناوەندی کولتووری ئەو وڵاتەیە دەڵێت:"ئێستا لە نیوەی ماڵەکانی لادێکانی ویلایەتی بێرتانی (لە ویلایەتەکانی فەرەنسا) مانای وشەی دیموکراسی نازاندرێت."

کاتێك لە سەدەی بیستەم و لە وڵاتێکی وەك فەرەنسا نیوەی لادێ نشینەکان نەتوانن لە مانای دیموکراسی بزانن، ئەی چوون بیست و پێنج سەدە پێش و لە ماڵێکی شوانکارەدا تواندراوە مانای وشەگەلی وەك (ئازادی و یەکسانی مرۆڤەکان) زاندرا بێت، بە واتای تر یاسایەکی سروشتییە کە لە بنەماڵەیەکی شوان و دەشتەکی ئەو بابەتانە نایەنە بەرباس و زانین.

بەڵام ئەو بابەتانە بەشێك بوون لە باوەڕەکانی ئێرانییەکان و بۆیە کوروش کە لە بنەماڵەیەکی هەژار لە دایك ببوو و پەروەردەکرا بوو، کاتێك گەیشتە گەنجی دەیزانی بۆ هەموو کەس هەیە لە ئایین و باوەڕەکانیدا ئازاد بێت و نابێت کەس بکرێتە کۆیلە و پەروەردگار هەموانی بە ئازاد ئافراندووە.

هەموان ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە کە کوروش یەکەم کەس بووە بانگەشەی مافەکانی مرۆڤی ڕاگەیاندووە. بەڵام ئەو بەیاننامەیە، دەنگی گەلی ئێران بوو کە لە لایەن کوروش بڵاو کراوەتەوە.

# دەرکەوتنی کوروش

شاری (هەکماتانە) واتە (هەمەدان) پایتەختی مادەکان بوو و بە مانای (چوار ڕێیان) دەهات، چونکە هەمەدان بە چوارڕێیانی جیهانی کۆن لە ڕۆژهەڵات دەژمێردرێت، دوای ئەوەی (ئاستیاژ) پاشای مادەکان، (ماندانی) کچی کردە هاوسەری (کەمبۆجییەی کوری کوروش) کە یەك لە سەردارەکانی ویلایەتی فارس بوو، خەونێکی زۆر سەیری دیت[1].

"دارێکی مێو لە سگی ماندانی کچی ئاستیاژ و خێزانی سەرداری فارس ڕووا و هەشت لقی لێ بۆوە و لە کەمتر لە کاتژمێرێك، نەتەنیا شاری هەمەدان و دەوڵەتی مادی گرتەوە، بەڵکو هەموو دەوڵەتانی ئاسیای داپۆشی و هەرچەند ئاستیاژ گەڕا نە هەمەدان و نە وڵاتی مادی نەدۆزییەوە." ئەمە ئەو خەونە بوو کە ئاستیاژ بینی و بە دەنگی کەڕەنا پاسەوانی هاتووچوو لە خەو ڕاپەڕی. ئەوکات (٦٠٠ پ. ز) لە چوارریانەکانی هەمەدان پاسەوانی هاتووچوو هەبوو و بە هۆی ئەو کەڕەنایەوە ڕێگەی ڕۆیشتنی بە پیادە و سوارە دەدا تا لە شەقامێکەوە بۆ یەکی تر بڕۆن.

ئاستیاژ کە لە کەتیبەکانی بابل ناوی بە (ئایش توویگۆ) هاتووە، دوای ڕابوونی لە خەو کەوتە بیرکردنەوە و دەستبەجێ تەواوی خەون گەرەوەکانی بانگهێشت کرد و خەونەکەی بۆ

(١) (هەندێ لە نووسەران سەبارەت بە ناوەکان بەردەوام هەڵە دەکەن و ئێمەش بۆ پارێزراو بوونمان لە هەڵە، پێویستە ناوی کوروشی گەورە و کوروشی بابی کەمبۆجییە، هەروەها ناوی کەمبۆجییەی بابی کوروش و کەمبۆجییەی کور تێکەڵ نەکەین. هەردوو کوروشی بابی کەمبۆجییە و کەمبۆجییەی بابی کوروش، لە سەردارانی فارس بوون و هێچ کامیان پاشای گەورە نەبوون. کوروشی کوری کەمبۆجییە زنجیرەی پاشایەتی هەخامەنشییەکان دامەزراند و بۆیە لە مێژووە یۆنانییەکان کوروش بە کوروشی دووەم ناوی دێت و باپیرەی ئەو بە کوروشی یەکەم دادەنرێت، کوروشی دووەم دوای دامەزراندنی ئەو پاشایەتییە، کورەکەی بە کەمبۆجییە ناونا تا دوای خۆی ببێتە پاشا. زەبیحوڵڵا)

گێرانەوە، دواتر داوای لێکدانەوەی خەونەکەی لێکردن، ئەوان لێکدانەوەیان بۆ کرد و وتیان لە ماندانی کچت، کورێك دێتە دونیاوە کە دەوڵەتی ماد و دەوڵەتانی تر داگیردەکات و پاشایەتی مادەکان کۆتایی پێ دێنێت.

ئاستیاژ بڕیاریدا کە ئەگەر ماندانی کچی دووگیان بوو و کوری بوو، دەستبەجێ کورەکە لە ناو بەن تا نەگاتە تەمەنی لاویەتی و نەبێتە هۆی لەناو چوونی مادەکان. پاش چەند مانگێك ماندانی کچی پاشا و هاوسەری کەمبۆجییە کورێکی بوو، بە فەرمانی پاشا کورەکەیان لێ ستاند و پاشا منداڵەکەی دایە یەك لە نزیکەکانی خۆی بە ناوی (هارپاگۆس) و پێیوت بیکوژێت، ئەویش چووە لای گاوانێك بە ناوی (میت ریَ داتس) و منداڵەکەی دایە و فەرمانی کرد تا بیبات بۆ سەحرایەك کە ئاژەڵی دڕەندەی زۆری لێ بێت، بۆ ئەوەی منداڵەکە بخون و لە ناوی بەن.

قەدەر وابوو ئەو ڕۆژە خێزانی گاوانەکە کورێکی بە مردوویی بوو و لە سەر پێشنیاری خێزانەکەی، گاوان پۆشاکی شازادەی کردە بەر منداڵە مردووەکە و تەرمە بچکۆلەکەی بردە سەحرا و لەو شوێنەی دانا کە ئاژەڵی دڕندەی زۆری لێبوو، ئاژەڵەکان ئەو تەرمەکەیان خوارد و پۆشاکی منداڵەکە مایەوە، هارپاگۆسی یاوەری پاشا پۆشاکەکەی بینی و دڵنیا بوو ئاژەڵە درەندەکان کوری ماندانیان خواردووە و هەواڵی بە پاشا گەیاند. ئەوە کورتەی شێوەی لە دایك بوونی کوروش بوو کە هێرۆدۆتی مێژوونووسی یۆنانی باسی لێ دەکات.

هێرۆدۆت دەڵێت:"من چوار سەربردەم بیستووە لە بارەی لەدایك بوونی کوروش و ئەوەیانم هەڵبژاردووە."ئەو سێ سەربردەکانتر باس ناکات، بەڵام لە نووسینی کەسانی تر باس دەکرێن و بە گشتی لە بارەی ناوی ئەو کەسەن کە منداڵەکەی لە هارپاگۆس وەرگرتووە تا بیباتە سەحرا و بیخاتە بەر دەستی ئاژەڵە دڕەندەکان و هەموویان دەڵێن ئەو کەسەی منداڵەکەی وەرگرتووە، گاوان بووە و لەوکاتەدا تەمەنی نزیك بیستساڵ بووە. ئەو گەنجە گاوانە لە هارپاگۆسی بیستبوو کە ئەو منداڵە کوری کەمبۆجییە و نەوەی کوروشە، بۆیە ناوی نا (کوروش) و بەو شێوەیە کوروش لە لایەن دایك و بابی ناونەنرا، بەڵکو لە لایەن باب و دایکی دووەمەوە ناونرا.

پزیشکی یۆنانی (کەتزیاس) کە ماوەیەك لە کوشکی پاشاکانی هەخامەنشی ژیاوە، دەڵێت کوروش بە مانای هەتاو دێت، بەڵام لێکۆڵەرانی ئێستا ڕایان وانییە و دەڵێن ناوی ڕووبارێك بووە، کە لە باشووری ئێران بە تەنیشت پازارگاددا تێپەڕبووە و هەندێ لە سەردارانی پارس ئەو ناوەیان بۆ خۆیان داناوە.

ناوی کوروش لە پەرتووکەکاندا بە بیست و پێنج شێوە هاتووە و پەرتووکە عبرییەکان بە (کۆرەس، خۆرەس) نووسیویانە، لە شانامەی فیردۆسیدا بە (هۆشەنگ) هاتووە و خودی کوروشیش لە سەر ستوونەکانی کوشکی پاسارگاد کە خۆی بینای کردووە، ناوی خۆی بە (کور، ئاس) نووسیوە و لەو کەتیبانەدا هاتووە: "(کور- ئاس کوری کەمبۆجییە کوری کور- ئاس)."

لە دەرەوەی ئێران کەتیبەی کوروش زۆرن، بەڵام ئەوەی لە ئێرانە تەنها بریتییە لە کەتیبەی پازارگاد، میسرییەکان ناوی (کۆرەس) و یۆنانی و لاتینییەکان ناوی (سیرووس) یان بۆ بەکارهێناوە.

هەرچەندە میتریداتس گاوان بوو، بەڵام خوێندەوار بوو و کاتێك منداڵەکە کەمێك گەورە بوو، بردی بۆ شاری هەمەدان و خستییە بەر خوێندن، کوروش هێشتا نەببوو بە هەشتساڵی تەواو، رێنووسی گەورەی ئێران کە لە چوارسەد پیت پێکهاتبوو بە تەواوەتی فێربوو و لە کاتێکدا قوتابییەکانی تر تا تەمەنی چواردە یا پانزدە ساڵی[٢] توانای فێربوونی ئەو رێنووسەیان نەبوو و رێنووسەکە بە ڕادەیەك پوخت بوو هەموو شت تەنانەت دەنگی ئاژەڵەکانی پێدەنووسرایەوە.

سەبارەت بە قۆناغی خوێندنی کوروش و بەشداری کردنی لە یاری پاشا و وەزیر، ئەفسانەیەکی وەها لە هیرۆدۆتەوە هەیە، گوایە رۆژێك لەو یاریەدا کوروش دەبێتە پاشا و منداڵێك لە بنەماڵەیەکی خانەدان سزادەدات و بە توندی قامچی لێدەدات، بابی ئەو کورە لای (ئاستیاژ) پاشای ماد سکالای کرد، پاشا لە کوروش دەپرسێت بۆچی قامچی لە منداڵێکی خانەدان داوە و ئەویش دەڵێت: من پاشا بووم و ئەو نافەرمانی بەرانبەرم کرد و منیش سزامدا، ئاستیاژ لە وەلامدانەوەکە زانی ئەو منداڵە کوروشە."

لە ڕاستیدا ئەو گێرانەوەیە متمانە پێکراو نییە و بۆ سەەنجدان نابێت، چونکە ئەگەر ئاستیاژ زانیبای ئەوە (کوروشی) کچەزایەتی و لە بنەماڵەی کەمبۆجییەیە، بێ دوودڵی دەیکوشت.

هێرۆدۆت وێڕای گێرانەوەی ئەو بابەتە، باس لەوە دەکات کە:"لە ئێران شێوەیەکی یەکسانی چینایەتی هەبووە و لە کاتی ئەو جۆرە رووداوانە دەبوایە خانەدانەکە لای پاشا سکالا بکات و بۆی نەبووە سزای کوری گاوان یا باوکی بدات."

---

**(٢) (لە ئێرانی کۆن سێ جۆرە ئەلفبا هەبوو، یەکەمیان رێنووسی ئاسایی و بۆ نووسینی شتە ئاساییەکان، دووەمیان بۆ نووسینی دەقە ئایینییەکان و سێیەمیان بۆ نووسینەوەی هەموو بابەتێك بوو و لە هەمانکات رێنوسێکی مۆسیقی بوو و هەموو دەنگەکانی دەخستەسەر لەوح، زەبیحوڵڵا.)**

پزیشك و مێژوونووسی یۆنانی (کەتزیاس) و (گەزنەفۆنی) سەرداری یۆنانی دەڵێن:"کوروش زوو پێگەیشت و لە تەمەنی پازدە ساڵی جەستەی لە جەستەی کەسێکی نوزدە تا بیست ساڵی دەچوو، بۆیە بە ئارەزووی خۆی چووە ناو سوپای ئێران."

گەزنەفۆن کە یەك لە مێژوونووسەکانە و ئەو باسە دەگێڕێتەوە، خۆی یەکێکە لە مێژوونووسە متمانە پێکراوەکانی یۆنانی کۆن و پیاوێکی زانا و سەردارێکی لێهاتوو بووە و هەر ئەو بوو کە فەرماندەیی دەهەزار سەربازی یۆنانی کردووە لە کاتی پاشەکشە لە ئێران (لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین)، کاتێك لە ئەسینا دوورخرایەوە وتی:"ئەی نیشتیمانی بێ ئەمەگ، بۆ سزای تۆ تەنها ئەوە بەسە کە ئێسکەکانم لە ناو خاکی تۆ نانێژرێن، واتە لاشەی من لەو خاکە نانێژرێ و ئەو شانازییە بەر تۆ ناکەوێت[٣]."

ئەو وتەیە کە یەکەمجار لە لایەن گەزنەفۆنەوە هاتە سەر زمان، دواتر لە لایەن (کاتۆنی) رۆمی وترایەوە و تا ئێستاش لە پەرتووکە مێژوویییەکان زوورتر بە ناوی ئەو باس دەکرێت.

کوروش دوای ئەوەی کە هاتە ناو ریزەکانی سوپا، خرایە بەر ڕاهێنان و ئەسپ سواری، هاویشتنی بەرد و رم و تیر و جەنگە شمشێر فێربوو و گاوانی بابی نەیدەتوانی ئەو بابەتانەی فێر بکات.

گێرانەوەی هیرۆدۆت لەو بارەوە کە گوایە گاوان توانیویەتی کوروش فێری ئەو بابەتانە بکات لە رووی عەقڵییەوە دروست نایەتە پێش چاو، گێرانەوەکانی گەزنەفۆن و کەتزیاس کە ئەو بابەتە بۆ قۆناغی سەربازی ئەو دەگێرنەوە پەسەندن و لێهاتوویی کوروش وایکرد فەرماندەکانی، بە ماوەیەکی کورت پلەی (پێنجداك) واتە فەرماندەی دەستەیەکی پێنج کەسی و دواتر (دکاداك) واتە فەرماندەی دەکەسی پێسپێردرا و دواتر بوو بە (لوشاك) و گواسترایەوە بۆ کۆشکی پاشایەتی ئاستیاژ و بۆوە بەشێك لە پاسەوانانی تایبەتی پاشای ماد.

هێرۆدۆت مێژوونووسی یۆنانی بە شێوەیەکی تر باسی دەکات و دەڵێت دوای ئەوەی کوروش بە هۆی یاری پاشا و وەزیر دێتە کۆشکی پاشایەتی، پاشا بە دڵی دەبێت و لە لێکچوونی ئەو کورە بە خۆی سەرسام دەبێت، دەزانێت نەوەی خۆیەتی و دەینێرێت بۆ پارس بۆ لای کەمبۆجییەی باوکی، کوروش لە پارس مایەوە، تا ئەوکاتەی یاخی بوو و ئاستیاژی شکستدا و بۆوە پاشای ئێران.

---

(٣) (گەزنەفۆن لە ساڵانی (٤٢٧ تا ٣٥٥ پ. ز) ژیاوە، لە باسی سوپای ئێران هەموو زانیارییەکی پێداوین و لە ئێستادا دەزانین کە پلەکانی سەربازی لە ئێران (میریاك) واتە فەرماندەی دەهەزار کەس و (شیلیاك) فەرماندەی هەزار کەس و (تاخیاك) فەرماندەی سەد کەس و (لوشاك) فەرماندەی پەنجا کەس و (دکاداك) فەرماندەی دەکەس و (پێنجداك) فەرماندەی پێنج کەس بووە. زەبیحوڵڵا)

بەڵام ئەستەمە پەسەند بکرێت کە پاشای ماد دوای ناسینی کوروش، ئەوی لەناو نەبردبێت و تەنانەت هارپاگۆسی یاوەری خۆی نەکوشت کە دەبووایە کوری ماندان لەناو ببات و نەیکردبوو. لە بەرانبەردا نووسینەکانی کەتزیاس و گەزنەفۆن شیاوتر دەردەکەون و مرۆڤ دەتوانێت پەسەندی بکات کە رووداوەکە بە هەمان شێوە بووە.

نابێت سەرسام بین کە لە بارەی دەسپێکی ژیانی کوروش گێرانەوەی جیاواز هەبێت، چونکە ژیانی سەردارانی کۆن (چ لە رۆژهەڵات و چ لە رۆژئاوا) لە سەرەتادا بەگشتی لە ئێمە شاراوە بووە و جگە لەوانەی کە کوری پاشا بوونە و لە کۆشکدا گەورە بوون و هەمووان لە منداڵیەوە ناسیویانن. پیاوانی مەزن تا دەناسرێن ژیانیان دیارنییە و دوای ئەوەی ناوبانگیان بڵاو دەبێتەوە، هەموو لایەك دەکەونە نووسین لە بارەیان و ناساندنیان.

کوروش لەو یاسایە بەدەر نییە، بەڵام دوای ئەوەی ناسرا، باسی ژیانی بە رادەیەك روون بۆوە کە ئێستا هەر کەسێکبیەوێت کوروش بناسێت، نەتەنها مانگانە بەلکو هەندێ کات رۆژانە دەتوانیین بەدواداچوون بۆ ئەو پیاوە ئێرانییە بکەین و ئەوەندەی نووسراو لە بارەیەوە نووسراوە کە جگە لە ناپلیۆن لە سەر کەسی تر ئەوەندە نەنووسراوەتەوە.

پاش رووخاندنی نەینەوای پایتەختی ئاشوور، ئیتر دەسەڵاتێکی ناوەندی ئاشووری نەما کە ئێران بخاتە ژێر هێرش، بەڵام هەندێ کات گروپی بچووکی ئاشووری هێرشیان دەکرد و بۆ نموونە جارێك گروپێکیان هێرشیان برد بۆ ناوچەیەك کە ئێستا بە کرماشان ناسراوە و تالانیان کرد، فەرمان بە کوروش کرا تا بچێت و ئەوان بگرێت.

کوروش بە فەرماندەیی پەنجا سەرباز (یەك لوشە) بۆوە بەرپرس لە لەناو بردنیان و ئەرکەکەی بەجێ گەیاندو پیاوە ئاشوورییەکانی دەستگیر کرد، پێنجداکەکان واتە فەرماندەکانی گروپە پێنج کەسیەکان ویستیان کە ئاشوورییەکان بکوژن و سەریان ببڕن و لەگەڵ خۆیاندا بیانبەن بۆ هەمەدان و کوروش رێگری لەو کارە کرد. ئەوان بەو کارەی کوروش دووچاری سەرسوڕمان بوون و وتیان ئێمە دەبێت سەری ئەوان ببینە هەمەدان و بە ژمارەی سەرەکان دیاری وەربگرین.

کوروش وتی: ئەوان ئەسیرن و نابێت بکوژرێن و ئەگەر بیانکوژین جیاوازی لە نێوان ئێمە و ئاشوورییەکان چییە کە ئەوان ئەسیرەکان دەکوژن یا کوێریان دەکەن(٤).

کوروش دیلەکانی برد بۆ هەمەدان و پێنجداکەکان هەواڵی نافەرمانی ئەویان بە (تاخیاك) واتە فەرماندەی دەستەی باڵاتردا و ئەویش کوروشی خستە بەر لێ پێچانەوە لە سەر ئەم کارە، کوروش وتەکانی خۆی دووبارە کردەوە و وتی ئەسیر نابێت بکوژرێت و من ڕەزامەندی نادەم بۆ کوشتنی ئەسیر، تەنانەت ئەگەر ئاشووریش بن.

گێڕانەوەیەکی تر کە هەندێ لە مێژوونووسان و لەوانەش هیرۆدۆت لە بارەی منداڵی کوروش باسی دەکەن، شیاوی باسکردنە بە تایبەت کە بە دوور دەزاندرێت کە کوروش دوای لەدایك بوونی، لە لایەن هارپاگۆسەوە کە دەبوایە ئەو منداڵە بکوژێت، بە دەست شوانێکی سپارد لە دەرەوەی هەمەدان تا پەروەردەی بکات. چونکە ئاستیاژ پاشای ماد (بابی دایکی کوروش) فەرمانی کردبوو تا ئەو منداڵە بکوژرێت و هارپاگۆسی جێبەجێکاری فەرمانی شا ئەوەندەی عەقڵ هەبووە کە ئەگەر منداڵەکە لە هەمەدانی پایتەختی پاشا بداتە دەست شوانێك، نهێنییەکەی ئاشکرا دەبێت و دەکوژرێت، بۆیە منداڵەکە دەباتە لای زانایەکی ئایینی واتە موبیدەکی مەزدا پەرست کە بە (میت ری داتس) ناودەبرا، ئەویش کوروش دەباتە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی لە تەبەس و قەهستان کە لە باشووری خوراسان بوون و بە شیری مانگا بەخێوی دەکات.

لە مێژووی کۆن ناوی شارەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتەکانی تر دەچوو و بۆ نموونە ناوی (تەبەس) لە میسرەوە بۆ هەریەکە لە یۆنان و ئێران چوو، لە ئێران چەند شارێك بەو ناوە هەبوو و تەبەس لە رابردوو پایتەختی قوهستان (کوهستان) بوو کە دەکەوتە باشووری خۆراسان.

(میت ری داتس) موبیدی مەزداپەرست، کوروشی لە تەبەس گەورە کرد، کاتێك تەمەنی خوێندنی هات خستییە قوتابخانە و کوروش لە قوهستان نەتەنیا خوێندن و نووسین فێربوو، بەڵکو شارەزای بەخێو کردنی ئاژەڵ بوو و رووەکە شاخیەکانیشی ناسین، چونکە میت ری داتسی پیاوی ئایینی وەك هەریەکە لە پیاوانی تری ئایینی زەردەشت مامۆستای پەروەردەی ئاژەڵ بوو و تا ئێستاش ئەو نەریتە لەو ناوچەیە لەناو نەچووە و زانایانی ئایینی مامۆستای ئەو بوارەن و ژیانیان لە رێگەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دابین دەکەن، ئەوان رێبەرایەتی ئایینی

(٤) (هەڵبەت ئەو بیرکردنەوانەی کوروش تەنها هی سەردەمی پێش دەسەڵاتداری ئەو بوو و دواتر لەکاتی پاشایەتیدا ئەو کارانە بۆ ناوبراو ئاسایی بوون. زەبیحوڵڵا)

به پیشه ناناسن و نایانەوێت لەو ڕێگەیەوە ڕۆژانەیان پەیدا بکەن. تا ئێستا لە باشووری خوراسان پێشەوایانی ئایینی بە تەمەن دەبیندرێن کە بە مێزەر و ریشی سپی درێژەوە، بە تەمەنی زۆرەوە لە پشت نیری جووت دەروون و جووت دەکەن، دروێنەی گەنم دەکەن و ئاژەڵ بەخێو دەکەن، یا بە هۆی بەنەوە لە دارە بەرزەکان سەردەکەون بۆ ئەوەی خورما لێ بکەنەوە.

زانیارییەکانی کوروش کە دوای بوونی بە پاشا سەبارەت بە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و بە تایبەتی جۆگەکانی ئاودێری خستییەڕوو، کۆمەڵە بابەتێك بوون کە لە منداڵی لە قوهستان فێریان ببوو و ئەمەش نزیکەیەکن کە مانەوەی ئەو لە تەبەس بەهێزتر دەکەن. ئەگەر کوروش لە هەمەدان بوایە و ڕۆژانە لە قوتابخانە بوایە، نەیدەتوانی ئەو هەموو زانیاریانە سەبارەت بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و هەڵکەندنی جۆگەکانی ئاودێری وەربگرێت و دوای بوونی بە پاشا، بۆ هەڵکەندنی جۆگەکانی ئاودێری کومپانیای یارمەتیدەر و بانك دامەزرێنێت، وشەکانی بانك و چەك کە لە جیهاندا بەکار دەبرێن، وشەی ئێرانین[٥].

دوای داگیرکردنی ولاتی لیدی (بەشی ڕۆژئاوای تورکیا)، کوروش گەیشتە لادێیەك لە شاخێکی داپۆشراو بە دار کە دانیشتوانی گرفتاری کەم ئاوی بوون، یەك لە سەردارەکانی لەشکری کوروش بە خەڵکی وت:"بۆچی (کارێز) لێ نادەن بۆ دەستکەوتنی ئاو؟" کوروش وتی لێرە ناتواندرێت کارێز لێ بدرێت، چونکە ئەو شاخە بەدار داپۆشراوە.

سەردارەکەی کوروش بە سەرسوڕمانەوە پرسی: بۆ ناکرێت لە دامێنی شاخێکی داپۆشراو بەدار کارێز لێ بددرێت؟" کوروش وەڵامی دایەوە: نەخێر، چونکە لە دامێنی شاخی بەدار داپۆشراودا گەنجینەی ئاو نییە، بەڵام لە شاخەکانی قەهستان کە بە منداڵی لە ئەوێ بووم گەنجینەی ئاو زۆرە، چونکە بە دار دانەپۆشراوە."

ئەمەش بەڵگەیەکی ترە کە کوروش لە منداڵی نیشتەجێی قوهستان بووە کە کەوتووتە باشووری خۆراسان و لە ناوەندە گەورەکانی ئایینی مەزداپەرستی ئێران بووە.

ئەوەی کوروش لە بارەی ئاوی ژێر زەوی لە (٢٥) سەدە پێش باسی کردووە، تاکو ئێستا بۆ زۆر لە شارەزایانی ئەو بوارە تازەیە. بە هۆی ئەوەی کە شاخەکانی ئەورووپا بەدار داپۆشراون، ناکرێت لەوێ کارێز لێ بدرێت و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شێی باران و بەفر لە لایەن ڕەگی دارەکان و خودی خاك هەڵدەمژرێت، بەڵام شاخەکانی قەهستان داریان لێ نەبوو و ئاوی

---

**(٥) (بە داخەوە ئێمە ئێرانییەکان نازانین وشەکانی بانك و چەك ئێرانین و وابیر دەکینەوە کە لە زمانی بێگانەوە هاتوون. زەبیحوڵڵا)**

باران و بەفر لە لایەن تاشە بەردەکانەوە ڕاگیر نەدەکرا و لە زەوی رووەدەچوو و گەنجینەی گەورەی ئاوی ژێر زەوی لێ پاشکەوت دەبوو، ئەو ئاوە گەنجینانەی ئاو، سەرچاوەی بەردەوامی ئاوی کارێزەکانی ئێران بوون و تا ئێستاش هەن.

لەوانەیە رەخنە بگیرێت کە بۆچی میت ری داتسی مەزداپەرست، منداڵەکەی لە هارپاگۆس وەرگرت و بردی بۆ قوهستان و بەخێوی کرد تا گەورە بوو و زۆر شتی وەك خوێندن و نووسین، سوارکاری، کشتوکاڵ، ئاژەڵداری و تیر و رم هاوێژی فێرکرد و زانیاری زۆری پێدا.

وەڵامەکە ئەوەیە کە بە باوەڕی زاناکانی ئایینی زەردەشتی، یەك لە گەورەترین خێرەکان لای مەزدا بریتی بووە لە زیندوو کردنەوە واتە زیندووکردنەوەی مردوو. ئاشکرایە مرۆڤ ناتوانێت مردوو زیندوو بکاتەوە، بەڵام دەتوانێت کەسێك لە مردن بپارێزرێت کە نەخۆش نەبێت. پاشای ماد فەرمانی کوشتنی کوروشی دەرکرد بوو و میت ری داتس ئەو منداڵەی رزگارکرد و بەم شێوەیە مردوویەکی زیندوو کردەوە.

دارچاندن و بەخێوکردنی ئاژەڵیش کە لە ئێرانی کۆن جگە لە سوودە ئابووریەکانی، بە کاری کرێ دادەنرا، بە زیندوو کردنەوە دادەنرا، چونکە بە چاندنی نەمام و بەخێوکردنی ئاژەڵ، مردووەکانیان زیندوو دەکردەوە، چونکە بروایان بە خێر هەبوو. (کوشتن) تەنانەت کوشتنی ئاژەڵە بە سوودەکانیشیان بە خەراپ و گوناە دەژمارد، لەوانەیە رێگەگرتن لە سەر بڕینی دیلە ئاشوورییەکان لە لایەن کوروش، لەو پەروەردە ئایینییەوە هاتبێت کە لە لای (میت ری داتس) لە قوهستان وەریگرتبوو. کوروش تا دوا رۆژی دەسەلاتی نەفرەتی لە کوشتن بوو و بە دروستکردنی شارەکان و هەڵکەندنی جۆگەکانی ئاودێری و چاندنی باغەکان و پەرەپێدانی ئاژەڵداری، برەوی بە زیندوو بوون دەدا.

ئەگەر پەسند بکەین کوروش لە قەهستان لە دایك بووبێت و لە ئەوێ پەروەردەکرابێت و خوێندەواری وەرگرتبێت، بابەتی جەنگزانی ئەو بۆمان چارەسەر دەبێت، چونکە وەك پێشتر لە کاتی باسکردنی سەردەمی پاڵەوانییەتیدا باسمانکرد، قوهستان و خوراسان ناوەندی پاڵەوانییەتی ئێران بوون و لە ئەوێ بەرنامەی ژیان بوو کە کوڕەکان دوای تێپەڕاندنی قۆناغی منداڵی و هاتنیان بۆ نەوجەوانی، وەرزش بکەن و سواری ئەسپ بن و تیر بهاوێژن و زوبین هەڵدەن و شمشێر بەوەشێنن و ئەگەر لە تواناییاندا بێت ببنە پاڵەوان.

سەردەمی پاڵەوانی ماوەیەکی زۆر پێش دەسەڵاتی کوروش لە خوراسان دەستی پێکرد و بەردەوامبوو تا سەردەمی ساسانییەکان و لەوانەیە ئەوکات تەمەنی دوو تا سێ هەزار ساڵ بوو بێت، دروستی بوونی حەماسەی فێردووسی لەو شوێنە بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە کە ئەوێ ناوەندی پاڵەوانییەتی و قارەمانی ئێرانی کۆن بووە و تا ئێستاش نیشانەکانی پالەوانییەتی لە ناو خەڵکی ئەو ناوچەیە دەبینرێن.

ئەگەر کوروش لەبەر دەستی گاوانێکی نەخوێندەوار و لە نزیك هەمەدان پەروەردەکرابا، ئەستەم بوو باوەڕ بکەین پێش هاتنی بۆ خزمەتی سەربازی تەواوی هونەرەکانی جەنگی زانیوە، بەڵام لە قەهستان پەروەردەی پاڵەوانییەتی و جەنگی بۆ لاوان کارێکی ئاسایی بوو و دەچێتە عەقڵەوە کە کوروش بێ ئەوەی بچێتە ناو ئەرکی سەربازی، هونەرە جەنگییەکانی زانیبێت.

ڕۆژێك میت ری داتس بینی، کوروش مووی نەرمی لە دەم و چاوی هاتووە و زانی تەمەنی گەیشتووتە زیاتر لە پازدە ساڵ، بۆیە دەبوایە نهێنی لەدایك بوونی بۆ ئاشکرا بکات و بەو هۆیەوە ناوبراوی بردە ئاگرخانەی تەبەس و پێیوت: کوروش تا ئەمڕۆ تۆ دڵنیا بووی لەوەی کوری منی، بەڵام ئەمە ڕاست نییە و لە ڕاستیدا من تۆم وەك کوری خۆم خۆشدەوێت و سەرپەرشتی و پەروەردەت لە لایەن منەوە بووە.

کوروش پرسی: کەواتە ئەگەر کوری تۆ نیم، ئەی کوری چ کەسێکم؟

میت ری داتس وتی: باوکت لە سەردارانی گەورەی فارسە و دایکت کچی پاشایە، بەڵام من ناوی باوك و دایکتت بۆ ناڵێم، تەنها بەو مەرجەی سوێند بخوی تووڵە لە کەس نەکەیتەوە، کوروش لە وتەکەی دووچاری سەرسوڕمان هات و داوای روونکردنەوەی کرد کە بۆ دەبێت تۆڵە بکاتەوە؟

میت ری داتس وتی چونکە ئەوکاتەی تۆ لەدایك بووی، کەسێك فەرمانی کوشتنی تۆی دەرکرد و ئەو کەسەی دەبوایە فەرمانەکە جێبەجێ بکات، دەستی لە کوشتنت هەڵگرت و تۆی بۆ من هێنا و منیش تۆم لەگەڵ خۆمدا هێنایە تەبەس و لێرە پەروەردە و گەورەم کردی، ئێستا ئەگەر تۆ نهێنی خۆت ئاشکرا بکەیت ئەو کەسەی فەرمانەکەی پشتگوێ خست دەکوژرێت و هەروەها تۆش دەکوژرێی.

کوروش سوێندی خوارد نهێنییەکە ئاشکرا ناکات تا ئەوکاتەی مەترسی بۆ خۆی و ئەو کەسە هەبێت کە فەرمانەکەی بەجێ نەهێناوە.

ئەوکات میت ری داتس نهێنیی لە دیك بوونی ئەوی درکاند و وتی: تۆ کوری کەمبۆجییەی سەرداری فارسی و دایکت ماندان کچی ئاستیاژ پاشای رۆژئاوای ئێرانە و بڕیاری کوشتنی تۆ لە لایەن ئاستیاژ دەرچووە و منیش ئەوەندەی توانام بووە تۆم پەروەردەکردووی، ئێستا تەمەنت بۆتە پازدە ساڵ و گەورە بووی و ژیانت دەکەوێتە دەست خۆت، بەڵام وریا بە و پارێزگاری کردن لە خۆت فەرامۆش مەکە.

کوروش لە گەڵ ئەوەش کە دەیزانی شازادەیە، بەڵام ماوەی یەك ساڵی تر لە تەبەس و قەهستان مایەوە و لەو یەکساڵەدا بیری لە ڕێگایەك دەکردەوە کە بتوانێت بگاتە پلەیەك کە شیاوی خۆی بێت و بۆی دەرکەوت کە ئەوکات بۆ گەیشتن بە پلە و پایە، پێویستە پشت بە شمشێر ببستێت و هەموو ناوداران لە سەربازییەوە گەیشتوونەتە ناو و پێگەی خۆیان، ئەوکات هێزیان بەدەستەوە گرتووە و یا خۆیان لەشکریان دروستکردووە و گەیشتوونەتە دەسەڵات. باوە کەسێك نەتوانێت ببێتە سەرباز و سوپا بەرێوە ببات، ناتوانێت سوپای خۆی هەبێت و لە ڕێگەیەوە بگاتە دەسەڵات.

تەمەنی کوروش بووە شازدە ساڵ و لە میت ری داتسی زڕبابی کە ئەوی وەك کوری خۆی پەروەردەکردبوو، جیابۆوە و بەرەو هەمەدان پایتەختی ئاستیاژی کەوتەرێ، تا بچێتە ناو سوپا و ببێتە سەرباز. لەمەودوا سەربردەی ژیانی کوروش لەگەڵ گێرانەوەکانی تر ڕێك دەبێت. جگە لەو گێرانەوەیە، دوو گێرانەوەی تر لە بارەی سەردەمی منداڵی کوروش هەیە، بە پێی یەکیان گوایە ئاژەڵێك شیری پێداوە و گەورەی کردووە، لەبەر ئەوەی هیچی تازەی تێدا نییە ئێمە خۆمان لە باسکردنی دەپارێزین.

کوروش بە هۆی ئازایەتی لە شکاندنی ڕێگرە ئاشوورییەکان پلەی تاخیاك واتە فەرماندەی سەد کەسی پێدرا و هەر لەو ساڵەدا ڕووداوێکی سەیر لە جیهان ڕوویدا، بەیانییەك هەمووان لەخەو هەستان بینیان دوو هەتاو یەکیان لە ڕۆژهەڵات و ئەوی تر لە ڕۆژئاوا هەڵهاتوون. هەتاوی ڕۆژئاوا وەك هەتاوی ڕۆژهەڵات دەدرەوشایەوە و دواتر هەتاوی ڕۆژهەڵات بەرز بۆوە و ئەوی تر ڕووناکی کەمبۆوە و تا بە سەختی دیترا و دواجار نەما.

ئاستیاژ ئەستێرەناسەکانی بانگ کرد تا لێکدانەوەی ئەو ڕووداوەی بۆ بکەن و کەس نەیوێرا ڕای خۆی بە دروستی بڵێت، ئاستیاژ فەرمانیدا بەبێ ترس ڕای خۆیان بڵێن و کەس نایان خاتە ئازارەوە. ئەوکات ئەستێرەناسەکان کەوتنە دوان و وتیان: ئەو ڕووداوە لە ڕووانگەی ئەستێرە

ناسی زۆر بە بایەخە و هێمایە بۆ هاتنە کایەی پاشایەکی زۆر گەورە کە دەسەڵاتی ئەو وەك دەسەڵاتی هەتاو دەدرەوشێتەوە.

ئاستیاژ پرسی: ئایا ئەو پاشایە لە سەردەمی مندا دێتە سەر تەخت یان دوای من دەبێتە پاشا؟

وەلامی ئاستیاژ زۆر روون بوو، هەروەك چۆن هەتاوی تازە بەرانبەر هەتاوی کۆن دەرکەوت و ئاواش پاشای تازە لە سەردەمی ئەودا دەهاتە سەرتەخت و ئەستێرەناسەکان لە ترسان ڕاستیان بە پاشا نەگووت و وتیان قۆناغی دەسەڵاتی ئاستیاژ درێژ دەبێتەوە تا سەدەیەك و دوای سەدەیەك جێگە بۆ پاشایەتی تازە چووڵ دەکات.

ئەو رۆژە بە کۆتا گەیشت، شەوهات و دیسان هەتاوی تازە دەرەوشایەوە و جیهانی رووناك کردەوە، مانگی خستە ژێر تیشکی خۆی و دەنگی کوندەبۆکان نەدەهات و رێوی و کەمتیار و پلنگەکان وەیاندەزانی رۆژە و لە کونەکانیان نەهاتنەدەر و دەنگیان نەهات، هەتاوی تازە تا بەشێك لە شەو مایەوە و دواتر ون بوو و باران دەستی کرد بە بارین تا ئێوارەی رۆژی دواتر.

ئەوەی باسکرا لە لایەن مێژووناسانی یۆنانی کەتزیاس و گەزنەفۆن باسکراون و گەزنەفۆن هەتاوی تازە بە (زوهرە یا ناهید) ناو دەبات و دەڵێت ئێرانییەکان تا ئەوکات ئەو هەسارەیان نەدەناسی و چونکە دەرکەوتنی ئەو هاوکات بوو لەگەڵ وەرزی باران، بۆیە ئەو هەسارەیان بە فریشتەی ئاو یان هێمای ئەو فریشتەیە ناسی و کاتێك زوهرە چیتر لە ئاسمان نەدیترا بوایە، ئەو کات وەرزی باران لە ئێران تەواو دەبوو.

ئەو بەسەرهاتە لە دونیای ئێستادا ناچێتە عەقڵ، بەڵام لە دەرکەوتنی هەسارەی زوهرە نیشانێك هەیە کە ئەستێرە ناسە میسری و بابلییەکان کە خاوەن شارەزایی زۆر بوون، لە سەردەمی خۆیاندا باسی ئەو هەسارەیە ناکەن و هەسارەی بچووکی وەك (عوتارود) دەناسن کە زۆر کزترە لەو هەسارەیە. باسی تایبەت بەو هەسارەیە زۆر درێژە و تەنانەت عبرییەکانیش لەو باوەڕەدان کە هەسارەیەکی تازەیە و پێشتر نەبووە و واتە بەرچاوی مرۆڤ نەکەوتووە، هەندێك لە ئەستێرەناسەکانی سەردەمی ئێستاشمان ئەو ڕاستییە پەسەند دەکەن.

هەر لەو ساڵەدا کە زوهرە دۆزرایەوە و دوای کۆتایی هاتنی وەرزی باران، هەواڵ هات کەمبۆجییەی ئەمیری فارس سەرگەرمی پێکهێنانی لەشکری گەورەیە و بەو پێیە کە هیچ دۆژمنێك نییە، کەواتە دەیەوێت هێرش بکاتە سەر ماد. ئاستیاژ پەیامی بۆ کەمبۆجییە نارد کە بیستوومە سەرگەرمی کۆکردنەوەی لەشکری و چونکە هیچ دوژمنێکت نییە، بۆیە لەشکرەکەت بۆ

هێرش بۆ وڵاتی من بەکار دەهێنی و ئاگاداربە کە ئەگەر یەك بست بێیە ناو خاکی من، هەر چەندە زاوای منی و کچەکەم خێزانی تۆیە، بە زیندوویی پێستت دادەماڵم و پڕی دەکەم لە کا.

سالانی دواتر ئەو پەیامە گەیشتە فیردۆسی دانەری شانامە و وێڕای ئەوەی ناوی راستینەی پەیام نێرەکەی نەدەزانی، بەم شێوەیە لە لایەن پاشای ئێرانەوە بەرانبەر بە دوژمنی داڕشت:

"تو ز ان مرز يك رش منه پـيـــش پاى چـو خـواهى كه پـيـمان بـماند بـەجـاى
اگـر بگـزرى زين سخن بـگـزرم سـرو گاه تـو زيـر پـى بـــسپـــرم"[٦]

کەمبۆجییە پەیامی پاشای مادی پێگەیشت و دەستی هەڵ نەگرت لە کۆ کردنەوەی لەشکر و ئاستیاژ دڵنیا بوو لەوەی سەرداری فارس دەیەوێت دەستدرێژی بکاتە سەر خاکەکەی، بۆیە فەرمانی کرد لەشکر کوبکرێتەوە و هارپاگۆسی کردە فەرماندەی ئەو لەشکرە و پێیوت بچوو بۆ فارس و سەری کەمبۆجییە لە لاشەی جیا بکەوە و بۆ منی بنێرە. بەر لەوەی لەشکری ماد بەرەو فارس بچێت، پاشای ماد بە پێی نەریت ویستی سەر لە لەشکر بدات و ببینێت.

سوپا بە فەرماندەیی هارپاگۆس لە پێ دەشتێکی پان و بەرین ریز بوو و هەر فەرماندەیەك و لە ناویشیاندا کوروش، بەرانبەر بە دەستە سەربازەکانی خۆی وەستا و ئاستیاژ بە سواری ئەسپ بە هێواشی بە پێش سوپاکەیدا تێپەڕدەبوو و هارپاگۆسی فەرماندەش لە پەنایەوە دەرۆیشت و ناوی فەرماندەکانی بە پاشا دەووت، تا گەیشتە کوروش. بەر لەوەی هارپاگۆس ناوی کوروش ببات، چاوەکانی ئاستیاژ کەوتە سەر کوروش و ڕێشمەی ئەسپەکەی ڕاکێشا و هارپاگۆسیش ئەسپەکەی راگرت.

ئلستیاژ بێ چاو تروکاندن لە کوروشی دەروانی و ئەفسەری گەنجیش چاوی لە سەر سەرکردەی ماد هەڵ نەدەگرت، بەڵام بۆ چاولێکردنەوە نەبوو، بەڵکو بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانی سەربازی بوو و نەریت بوو کاتێك سەرکردەی بەرزتر لە خۆت لە سوپادا چاوی لێکردبای، دەبوایە تا چاو هەڵ دەگرێت چاوی لێ بکەیتەوە. فەرماندەیەکی تیپێکی سەد کەسی ئەوە نەبوو کە پاشای ماد بەو شێوەیە لێی بڕوانێت و بۆیە هارپاگۆسیش کەوتە روانین لەو ئەفسەرە و بە بەرچاوی ناسیاو بوو و بەڵام نەیدەزانی لە کوێی دیتووە.

---

(٦) مانای شیعرەکە بریتییە لە"ئەگەر دەتەوێت پەیمانان وەك خۆی بمێنێت، هەنگاوێك لە سنوورەکەت نەیەیتە پێش. ئەگەر لە پەیمان لاتدا منیش پاشگەز دەبمەوە لەو وتەیە و سەرت دەخەمە ژێر پێم."وەرگێر بۆ کوردی.

ئاستیاژ وتی: ئەی گەنج ناوت چییە؟

وەڵامی دایەوە و وتی: ئەی پاشا، ناوم کوروشە.

ئاستیاژ وتی: ناوی بابت چییە؟

وەلامی دایەوە: ئەی پاشا، هەمووان دەڵێن من بابم ناناسم.

لە ناو ئێرانییەکان درۆ کردن کارێکە ناپەسەند بوو و ئەوان درۆیان نەدەکرد، کوروش دەیزانی ئەگەر خۆی بناسێنێت ئەوا دەکوژرێت و لەگەڵ ئەوەشدا وەڵامێکی دایەوە کە درۆ نەبوو.

ئاستیاژ رووی کردە هارپاگۆس و وتی: ئەو ئەفسەرە بە ڕادەیەك بە کەمبۆجییە دەچێت کە لە کاتی بینینی بە خۆمم وت ئەوە کوری کەمبۆجییە یا برایەتی. دواتر پاشای ماد لە کوروشی پرسی: ئایا تۆ لەگەڵ کەمبۆجییەی زاوای من هیچ جۆرە خزمایەتیت هەیە؟

کوروش وتی: ئەی پاشا، من تا ئێستا ئەوم نەدیتووە.

ئەو وەڵامەش راست بوو و کوروش هەرگیز باوکی خۆی نەدیتبوو. بەڵام هارپاگۆس کە تا ئەو کات ورد نەببۆوە لە لێکچوونی کوروش و کەمبۆجییە، ترس دایگرت و هەستی کرد کە هەرەشەیەکی گەورەی بەرەوروو بۆتەوە.

پاشا جولەی بە ئەسپەکەیدا و لە بەرانبەر کوروش دوورکەوتەوە و بە هارپاگۆسی وت: پێش سەبەی بەیانی کە سوپا بەرەو فارس دەجوولێت، سەبارەت بە باوکی ئەو ئەفسەرە لێکۆڵینەوە بکە و ئاکامی لێکۆڵینەوەکەم پێبدە.

هارپاگۆس وتی: فەرمانتان بەجێ دەگەیێنم.

کوروش کە بینی پاشا دوای چەند هەنگاوێك لە بارەی ئەو لەگەڵ هارپاگۆس دوا و بە تیلەی چاو ئەوی پێشان هارپاگۆس دا، ئەوجار زانی چەند کەوتووتە مەترسی، چونکە ئەگەر ئاستیاژ بزانێت کوری کەمبۆجییەیە بێ گومان دەیکوژێت.

کوروش لەوکاتەدا دووچاری دڵەراوکێی گەورە هات و نەیدەزانی چ بکات، ئەو دەیزانی دوای تەواو بوونی ئاهەنگی سەربازی بە دڵنیایی هارپاگۆس بانگهێشتی دەکات و دەیخاتە بەر لێکۆڵینەوە و ئەویش ناتوانێت درۆی لە گەڵدا بکات و ئەوکات کەسایەتی کوروش لە لایەن هارپاگۆس بۆ پاشا ئاشکرا دەبێت و ئاستیاژ فەرمانی کوشتنی دەردەکات.

کوروش دەیتوانی پێش کۆتایی ساندانی سەربازی لە گۆڕەپانی سەربازی دەرچێت و بەپەلە بچێتە فارس بۆ لای باوکی، بەڵام ئەم کارەی بە هەڵاتن دەناسی و وەرەی سەربازی ئەو رێگر بوو لە هەلاتنی و دەیزانی ئەگەر هەڵبێت خۆی بە تاوانبار دەناسێنێ. ئەفسەری گەنج نە دەیتوانی درۆ بکات و نە دەیدەتوانی ڕابکات و ناچاربوو لە گەڵ چارەنووس بمێنێت، واتە ڕاستی بدرکێنێت تا جەللاد بە فەرمانی پاشای ماد سەری لە لاشەی جیا بکاتەوە.

کاتێك بیرکردنەوەکانی کوروش گەیشتە ئەو ئاستە، بەبیری هاتەوە هارپاگۆسی فەرماندەی لەشکر، هەر هەمان ئەو کەسەیە کە پێشتر لە لایەن پاشای ماد راسپێردرابوو بۆ کوشتنی، بەڵام ئەم کارەی نەکرد بوو و ئەوی بە میت ری داتس سپارد بوو تا بیباتە قوهستان و پەروەردە و گەورەی بکات و ئەگەر هارپاگۆس ڕاستی بە پاشا بڵێت، ئەوا خۆی دەکەوێتە بەر ڕقی پاشا و دەکوژرێت، بۆیەش هارپاگۆس بۆ پارێزگاری لە ژیانی خۆی رێگە چارەیەکی دەدۆزییەوە.

هەر کە پاشا رۆیشت و سانی سەربازی تەواو بوو، هەروەك کوروش پێشبینی کردبوو، هارپاگۆس ئەفسەری لاوی بانگ کرد و لەگەڵ خۆی بردییە ناوشار، چوونە ناو سەربازگە و لەوێوە بۆ ناو ژووری خۆی چوو و پێیوت ئەی ئەفسەری گەنج دەرگای ژوورەکە داخە و دوای داخرانی دەرگاکە بە کوروشی وت وەرە پێشەوە.

ئەفسەرە گەنجەکە لێی نزیك بۆوە و هارپاگۆس لێی پرسی: باوکت کێ یە؟

کوروش وتی باوکم: کەمبۆجییەی ئەمیری فارسە.

هارپاگۆس رەنگی تێکچوو و وتی: ئەی لاو، ئەو بابەتە رەت بکەوە. کوروش وتی: چۆن ئەوە ڕەتبکەمەوە و بتوانم درۆ بکەم.

هارپاگۆس لێی پرسی: ئایا میت ری داتس باوکی بەخێوکەرت بوو؟

کوروش وتی: بەڵێ. هارپاگۆس لێی پرسی: ئایا من دەناسی و باوکە بەخێوکەرەکەت هیچی لە بارەی منەوە بۆ باس کردووی؟"

کوروش وتی: بەلێ، من دەزانم پاشای ماد فەرمانیدا کە من بکوژی و تۆ بەزەییت بە مندا هاتەوە و منت بە میت ری داتسی پیاوی ئایینی زەردەشت سپارد کە دەیەویست کرداری زیندووکردنەوە بەجێ بێنێت و ئەویش منی بۆ قەهستان برد، لەوێ پەروەردەی کردم و خوێندن و نووسینی و هونەرەکانی جەنگی فێرکردم.

هارپاگۆس وتی: ئەی لاو، ئەگەر بەزەییت بە خۆتدا نایەت، بەزەییت بە مندا بێتەوە کە لە مردن ڕزگارم کردی و لای پاشا ناوی باوکت مەهێنە و بڵێ باوکم ناناسم، چونکە ئەگەر پاشا بزانێت کوری کەمبۆجییەیت من بە خەراپترین جۆرەکانی ئەشکەنجە دەکوژێت.

کوروش وتی: تۆ فەرماندەی سوپای و دەتوانی من لە هەمەدان دوورخەیتەوە، فەرمانم پێ بکەی تا پێش لەشکرەکەت بچم بۆ فارس و پاشا جارێکی تر من نەبینێت، بەڵام ئەگەر جارێکی تر ببینێت و سەبارەت بە باوکم پرسیارم لێ بکات، ناچارم ڕاستگۆ بم و ناتوانم بە درۆ کردن رووحم ئازار بدەم.

هارپاگۆس ڕێگەی تری لە بەردەم نەبوو، ناچار کوروشی لە گەڵ تیپەکەی کردە پێشەنگی لەشکر بۆ فارس تا زۆر بە خێرایی دووری نێوان خۆی و هەمەدان زیاتر بکات، تا پاشا نەیگەڕێنێتەوە.

هارپاگۆس ڕۆژی دواتر چوو بۆ لای پاشا و ئەو لێی پرسی: ئاکامی لێکۆڵینەوەت لە بارەی ئەو لاوە بە چ گەیشت؟

هارپاگۆس کە ئامادەی جوولە بەرەو فارس بوو، وتی ئەو گەنجە کە فەرماندەی تاخیاك (واتە دەستەیەکی سەد سەربازی) بوو، هەڵات. ئاشکرایە هارپاگۆس درۆی کرد و کوروش هەڵ نەهات و بە فەرمانی فەرماندەکەی وەك پێشەنگ بەرەو فارس چوو. ئاستیاژ زانی هارپاگۆس ئەو ئەفسەرە گەنجەی بە ڕاکردن داوە و پێی وت: هارپاگۆس تۆ ناتەوێ ڕاستی بە من بڵێیت، ئایا ئەو لاوە کوری کەمبۆجییە بوو؟

هارپاگۆس وتی: دوێنی زۆر لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا کرد تا بزانم کە بابی ئەو کێ یە، بەڵام ئەو هەمان وەڵامی دایەوە کە بە پاشای وتبوو و وتی باوکی ناناسێت. پاشا فەرمانیدا هارپاگۆس فەرماندەیی ئەو سوپایەی دەچێتە فارس بداتە یەکی تر و خۆی لە هەمەدان بمێنێتەوە.

مێژووناسی یۆنانی (تۆکیدیدس) کە لە ساڵی (٤٦٤ پ. ز) هاتۆتە دونیا و لە (**٣٩٥** پ. ز) کۆچی دوایی کردووە و لە ئێران بە (تۆسیدید) واتە (خوێندنەوە فەرەنسیەکە) ناسراوە، دەڵێت: دوای ئەوەی کوروش گەیشتە فارس، رووبەرووی پاسەوانانی لەشکری فارس بۆوە و ئەوان ڕێگەیان نەدا تا بڕوات و پێیان وت ئەگەر دەیەوێت سنووری فارس ببەزێنێت، ئەوا خۆی

و سەربازەکانی دەکوژرێن. کوروش وتی مەبەستی بووە تا سنووری فارس ببەزێنێت، بەڵام بە هۆکاری تایبەتی پەشیمان بۆتەوە و دەیەوێت لە گەڵ کەمبۆجییە بدوێت.

ئەو رۆژەی کوروشیان بردە لای کەمبۆجییە، چاوەکانی کوروش و ئەو دوو سەربازەیان بەستەوە تا لەشکری ئەمیری فارس نەبینن و لە بەرانبەر ئەمیری فارسدا چاویان کردنەوە. تۆکیدیدس دەڵێت: کاتێك لە بەرانبەر کەمبۆجییەدا چاوەکانی کوروشیان کردەوە، کەمبۆجییە دووچاری سەرسوڕمانی زۆر هات و هەستایە سەرپێ و وتی ئایا ئاوێنەتان خستۆتە بەرانبەرم؟ چونکە کوروش بە ڕادەیەك لە بابی دەچوو کە ئەو وایزانی خۆی لە ئاوێنەدا بینیوە.

کوروش وتی: نا بابە، ئاوێنەت لە بەرانبەر نییە، بەڵکو تۆ کورەکەت دەبینی.

کەمبۆجییە هاواری کرد و وتی: ئایا تۆ کوری منی؟ کوروش وەڵامی ئەرەنی دایەوە.

کەمبۆجییە وتی: کام کورەی منی؟

کوروش وتی: من کورە گەورەکەی تۆم و یەکەم منداڵی تۆم، هەر ئەوەم کە بە بڕیاری ئاستیاژ دەبوایە بکوژرا بام، بەڵام هارپاگۆس واتە ئەو کەسەی بۆ کوشتنم ڕاسپاردرا بوو، دەستی لە کوشتنی من هەڵگرت. بە بیستنی ناوی هارپاگۆس لە زمانی کوروشەوە، ڕەنگی کەمبۆجییە تێکچوو و کوروش هۆکاری ئەو ڕەنگ بزرکانەی بابی نەزانی.

دوای ئەوە بە کورتی کەوتە باسی سەردەمی منداڵی و بەسەر هاتەکانی تا ئەوکاتەی کە هاتۆتە ناو سوپای ئاستیاژ و پلەی تاخیاکی وەرگرتووە و لە کاتی سانی سەربازیدا، ئاستیاژ لە ناوی بابی پرسیوە و ئەویش بۆ ئەوەی درۆ نەکات، وتوویەتی بابی ناناسێت و هارپاگۆسیش لە ترسی ئەوەی جارێکی تر لێکۆڵینەوە دووبارە ببێتەوە، ئەوی لە لەشکر دابڕیوە و لە پێشدا ناردوویەتی، کەمبۆجییە زیاتر غەمبار بوو و کوروش وایزانی بابی لە بینینی ئەو غەمبار بووە و بۆیە پرسی: بابە ئایا بینینی من تۆی غەمبار کردووە؟

کەمبۆجییە وتی: نا کورم من لە دیداری تۆ زۆر دڵخۆشم و هەرچی وتت پەسەندم کردووەن ئەگەر ئەو بابەتانشت بۆ باس نەکردبام، هەر باوەڕم دەکرد تۆ کوری منی، چونکە لێکچوونی من و تۆ ئەوەندە زۆرە کە تەنها کور و باب یا دوو برا دەتوانن ئەوەندە لێك بچن. کوروش وتی: ئەی بۆ ئەوەندە غەمبار بووی؟

کەمبۆجییە وتی: غەمباری من لە سەر ئەو هەواڵەیە کە لە هەمەدانەوە گەیشتووتە من و هارپاگۆس بە ترسناکترین شێوە لە لایەن ئاستیاژە تۆڵەی لێ کراوەتەوە.

هارپاگۆس کوڕێکی گەنجی هاوتەمەنی کوروشی هەبوو بە ناوی (کوودان) کە لە بارەگای ئاستیاژ، لێپرسراوی تەواوی منداڵە خزمەتگوزارەکانی کۆشك بوو کە لە سەردەمانی دوایی ئەوانیان بە منداڵە کۆیلە ناودەبرد. چونکە کوودان سەرپەرشتی خزمەتگوزارەکانی دەکرد، تەنانەت ئەوکاتانەی هارپاگۆس لە هەمەدانیش بوو، زۆرجار رێك دەکەوت کە باوکی دە تا بیست رۆژ کورەکەی خۆی نەدەدیت.

نەریتی ئاستیاژ و بە گشتی پاشاکانی رۆژئاوای ئێران لە زنجیرەی ماد بوو کە لە کۆتایی هەر مانگێك و باشتر وایە بڵێین هەر چلەیەك مێزی خواردنیان دەرازاندەوە و وەلیمەیان دەکرد.

ئەوکات ساڵی ئێرانییەکان نۆ مانگ بوو کە هەشت مانگی چل رۆژی بوون و نۆیەم مانگ چل و پێنج رۆژ بوو و تەنانەت لە سەردەمی پاشایەتی کوروشیش ساڵ هەر بەو شێوەیە مایەوە و تا لە سەردەمی داریوشی گەورە ساڵ کرایە دوازدە مانگ.

ئاستیاژیش بە هەمان شێوە لە سەرەتای هەر مانگێك وەلیمەی دەکرد، ئەو کەسانەی دەبوایە لەسەر سوفرەی پاشا دانیشن و خواردن بخۆن دیار بوون، سوفرە لە سەر مێزێکی نزمی نان خواردن دادەنرا و شوێنی کەسەکانیش بە هەمان شێوە لە سەر کورسی نزم لە پەنا سوفرەکە بوو و شوێنی دانیشتنی پاشا بەراورد بە هی ئەوانی تر دەرکەوتەتر بوو.

دانیشتن لە سەر کورسی و پشت مێز لە ناو ئێرانییە کۆنەکان باو بوو و لە ئەوێوە رۆیشت بۆ رۆژئاوا و پێش هێرشی عەرەبەکان بۆ ئێران ئەو نەریتە لە ئێران تەنانەت لە ماڵە هەژارەکانیش هەبوو کە لە پشت مێز خواردن بخۆن.

فیردۆسی لە شاکارە مەزنەکەی خۆیدا زۆرجار باس لەو بابەتە دەکات و دەڵێت کاتێك (بهرام گوور) دەچێتە ماڵێکی بێستانەوان و داوای خواردن دەکات، هەرچەندە ماڵەکە هەژار بوون و بەهرامیان نەدەناسی بەڵام ئەویان لە پشت مێزی نان خواردن دانیشاند و خواردن و جامێك شەرابیان بۆ هێنا، دوای ئەوەی بەهرام تێر بوو و ویستی بڕوات، ژنی خاوەن ماڵ داوای لێ بوردنی لێ دەکات کە کەلوپەلی پێشوازی وەك پێویست نەبووە و دەڵێت: (در این خانه درویش بود میزبان- زن بینوا، شوی پالیزبان[٧]) و میوان و میوانداری کردن لە سەر مێز لە نەریتە کۆنەکانی ئێرانییەکان بووە.

---

**(٧) (واتەای شیعرەکە: لەو ماڵەدا دەروێش واتە هەژار میواندار بوو، ژنێکی هەژار و پیاوێکی بێستانەوان. وەرگێر بۆ کوردی)**

دوای ئەوەی بانگهێشت کراوەکان هەموو لە سەر کورسیەکانیان دانیشتن و خواردن هات، خواردن بۆ هارپاگۆسیش داندرا و کابانی گەورە سەرقاپی خواردنەکەی لادا و بوونی خۆشی خواردن گەیشتە هارپاگۆس و دەستی کرد بە خواردن.

دوای ئەوەی پاشا و بانگهێشت کراوەکان تێر بوون، ئاستیاژ روویکردە هارپاگۆس و پێیوت: ئەو خواردنەی ئەمرۆ خواردت بە دڵت بوو؟

هارپاگۆس وتی: ئەو خواردنەی ئەمرۆ خواردم یەك لە خۆشترینی ئەو خواردنانە بوو کە لە تەمەنمدا خواردوومە.

پاشا وتی: فەرمانم بە کابانی تایبەتی خۆم کردووە تا ئەو خواردنەت بۆ ئامادەبکات تاوەکو ئەمرۆ نیوەرۆ زۆر باش نان بخۆی و بە تەواوەتی تامی لێ بکەی.

هارپاگۆسیش دەستی کرد بە سوپاسگوزاری و سوپاسی چاکە و بەزەیی پاشای کرد و پاشا پرسیاری لێکرد ئایا زانیت ئەمرۆ چ گۆشتێکت خواردووە؟

هارپاگۆس وتی: هەڵبەت گۆشتی مەر بووە.

پاشا وتی: تۆ ئەمرۆ گۆشتی جەستەی کوودانی کورتت خواردووە. رەنگی رووخساری هارپاگۆس گۆڕا و پاشا وتی فەرمانم کردووە بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی گۆشتی کورەکەتت خواردووە، سەری کورەکەت بپارێزن و لە ئامادەکردنی خواردن سوودی لێ وەرنەگرن.

دواتر ئاستیاژ فەرمانی کرد سەری کودان بێنن و پاش ماوەیەك سەری کودان کە لە سەر سینی دانرا بوو هێندرا و پاشا وتی: لە پێش هارپاگۆسی دابنێن و پرسیاری لێ کرد: ئایا ئەوە سەری کودانی کورتە؟

باوکە داماوەکە کە توانای قسەکردنی نەمابوو بە جوڵاندنی سەری وتەی ئاستیاژی وەڵامدایەوە و ئاستیاژ پێیوت: تۆ گۆشتی کورەکەتت خوارد و ئەوەش سزای ئەو کەسەیە کە ناپاکی و درۆ لە گەڵ پاشای خۆی بکات، من پێم وتی کوری کەمبۆجییە بکوژە و تۆ نەتکوشت، بە پێچەوانەوە پەروەردەت کرد و هێناتە ناو سوپاکەم، دواتر پێم دەڵێی هەلاتووە.

هارپاگۆس چی تر نەیتوانی خۆی ڕابگرێت و لە هۆش خۆی چوو و خزمەتکارەکان لە ژوورەکە بردیانە دەرەوە.

ئەمە ئەو هەواڵە بوو کە کەمبۆجییە لە فارس سەبارەت بە هارپاگۆس بیستبووی و بۆ کوروشی گێڕایەوە، کوروش وتی: هارپاگۆس بۆوە قوربانی نیەت باشی خۆی و کورەکەی بە

ترسناکترین شێوە لە کیس چوو. کەمبۆجییە روویکردە کورەکەی و وتی: کورم ئێستا دەتەوێت چ بکەی؟

کوروش وتی: من سەربازی ئاستیاژم و بە پێی ڕێنماییە سەربازییەکان دەبێت لە گەڵ تۆدا بجەنگم، بەڵام تۆ باوکمی و ناتوانم شمشێر لە رووتان هەڵبرم، تۆ لە من گەورەتری و پێم بڵێ دەبێت چ بکەم؟

کەمبۆجییە پێیوت: کورم ئێستا دوای ئەو کارەساتەی ئاستیاژ بەسەر کوری هارپاگۆسی هێناوە، هێشتا خۆت بە وەفادار دەزانی بەرانبەر بە ئاستیاژ؟

کوروش وتی: ئەو کارەی روویداوە کارێکە لە نێوان دوو کەس روویداوە. کەمبۆجییە وتی: ئەو کارە بە پەیوەندی بە ئێوەش هەیە و ئەگەر هارپاگۆس بە فەرمانی پاشا تۆی بکوشت بایە، ئێستا کورەکەی زیندوو دەبوو.

کوروش وتی: بابە من سەربازی ئاستیاژم و ئەو لەشکرکێشی کردووە تا لە دژی تۆ جەنگ بکات، ئێستا ئەو منی وەك پێشەنگی لەشکرەکەی ناردووە بۆ جەنگی تۆ و ئەگەر جەنگی تۆ نەکەم، ناپاکیم بەرانبەر بە پاشایەك کردووە کە منی کردووتە ئەفسەر و ئەگەر لەگەڵ تۆدا بجەنگم، شمشێرم بە رووی باوکمدا هەڵکێشاوە. بۆیە پێم بڵێ دەبێت لە نێوان ئەرکی سەربازی و ڕێزی کور بەرانبەر بە باوك، کامیان هەڵبژێرم.؟

کەمبۆجییە وتی: داوا لە ئاستیاژ بکە تۆ لە خزمەتی سەربازی ببخشێت، چونکە تۆ لە قەهستان پەروەردە بووی و ئەو هیچی بۆت نەکردووە و خۆت هونەرە جەنگییەکان فێر بووی، ئەو کات هیچ مافی بە سەر تۆوە نییە و ئایا تا ئێستا خزمەتێکی دیارت پێشکەش کردووە؟

وەلامی دایەوە: من لەگەڵ هەندێ لە رێگرە ئاشوورییەکان کەوتمە جەنگ و هەموویانم بە دیل گرت.

کەمبۆجییە وتی: تەنانەت ئەگەر ئاستیاژ مافی لە سەر تۆ هەبوایە، بەم کارەت بێ ماف دەبوو و ئێستاش بە دەست لەکارکێشانەوەت، قەرزداری ئەو نابیت.

لە گەڵ ئەوانەشدا کوروشی گەنج دوودڵ بوو و نەیدەتوانی ئەو کارە بکات، پێی وابوو جیاوازی نییە لە نێوان ئەو سەربازەی لە کاتی جەنگدا دەست لە سەربازی دەکێشێتەوە و ئەو سەربازەی لە مەیدانی جەنگ ڕادەکات. بەڵام ئاستیاژ بۆ خۆی ئەو گرفتەی بۆ کوروش

چارەسەرکرد و هەواڵی بۆ کەمبۆجییەی زاوای نارد کە کوروش پلەی تاخیاکی لێ سەندراوەتەوە و چیتر لە لەشکری ئەو هیچ پێگەیەکی نییە.

دوای ئەوەی هارپاگۆسیان بە بێهۆشی لە ژووری ئاستیاژ بردە دەرەوە و بە هۆشیان هێنایەوە و ئاستیاژ خۆی کەوتە لێ کۆڵینەوە لە گەڵ هارپاگۆس لە بارەی کوروش، ئەویش دوای داخی کورەکەی کە بەو شێوە ترسناك و ئازاربەخشە کوژرا، زیندوو مانەوەی پێ گرنگ نەبوو و بە تەواوەتی کەوتە باسکردنی بابەتەکە و بە پاشای وت: من خۆم ئەوم ناردە فارس بۆ دوور کەوتنەوە لێرە. ئاستیاژ زانی وەك پێویست سزای هارپاگۆسی داوە، چیتر نەیخستە بەر سزا و بەڵام کوروشی لە پلەکەی دەرکرد.

بەم شێوەیە بوو ئەو هەواڵەی لە فارس گەیشتە کەمبۆجییە و زۆر بە توندی غەمباری کرد و دواتر بە کورەکەی وت کە چیتر پێویستت بە وەفاداری بەرانبەر ئاستیاژ نییە و دەتوانی خۆت بە ئازاد بزانی.

کوروش روونکردنەوەی لە باوکی ویست، کەمبۆجییەش باسی کوشتنی کوودانی کوری هارپاگۆسی بۆ کرد و هاوکات فەرمانی داماڵینی پلەی کوروش لە لایەن ئاستیاژ گەیشتە فارس و ئاستیاژ فەرمانی دابوو کوروش زنجیر بەست بکەن و رەوانەی هەمەدانی بکەن، بەڵام کەمبۆجییە جێ بەجێ کردنی فەرمانەکەی رەتکردەوە و وەڵامی بۆ ئاستیاژ نارد کە کوری خۆم ڕادەست ناکەم.

ئاستیاژ فەرمانیدا لە رێگەی جارچییەکانەوە، جار بدرێت هەرکەسێك زیندوو یا مردووی کوروشی کوری کەمبۆجییە ڕادەست بکات بیست و پێنج بەردی زێری پێ دەدرێت. نەزاندراوە ئەو کات قورسایی بەردێکی زێر چەند بۆوە، بەڵام لە سەردەمی کوروش و دواتر یەك بەرد دوو کیلۆ و نیو بۆوە.

بە زانینی ئەو بابەتە کە ئەوکات لە جیهاندا زێر کەم بووە، دەکرێت بگوترێت تا ئەو رۆژە رووی نەدابوو کە بۆ سەری کەسێك ئەو نرخە گرانە دیاری بکرێت. بەڵام ئێرانییە ڕاستگۆ[(٨)] و دروست کردارەکان ئامادەنەبوون لە بەرانبەر زێر سەری کوری ئەمیری خۆیان ڕادەست بکەن.

---

**(٨) (زەبیحوڵڵا زۆر باسی پاکی و نەجابەتی ئێرانییەکان دەکات و لە ڕاستیشدا ئێرانییەکان بە هەموو ئەو نەتەوانەی لەو خاکەدا ژیان، پاك بوون و ئێستاش پاکن، بەڵام جێگەی سەرسورمانە کە خیانەت و ناپاکی هارپاگۆس بەرانبەر بە پاشاکەی و درۆ کردن لە گەڵ ئەودا بە باش دیاری دەکرێت، لە کاتێکدا کە ئەو خیانەتە کورد وتەنی:"پەروەردەی مارە لە ناو ماڵی خۆتدا" لە لایەکی تر زەبیحوڵڵا بیری چۆتەوە کوروش کوری ئەمیر فارس بووە و گەورەتر لە ئەمیری فارس، ئاستیاژ بووە کە هاوکات پاشای هەموو ئەو ئێرانە بووە کە مایەی شانازی زەبیحوڵڵایە و هەر ئاستیاژ و زنجیرەی پاشایەتی ماد بوون کە سەدان و هەزاران کاری باشیان کرد و بناغەی شارستانییەت و کەلتوور و تەنانەت خوێندن و نووسینی ئێرانیان پتەو کرد و زیاتر لەوەش یەکەم لەشکری گەورە و بەهێزی ئێران ئەوان دایان مەزراند و پاشایەتی ئاشووریان رووخاند کە وەك**

# کوروش دەبێتە فەرمانڕەوای ئێران

لەوکاتدا وەك مێژوونووسی یۆنانی کەتزیاس دەڵێت: خوایان لە ئاست ئەو کردەوە خەراپەی ئاستیاژ بەرانبەر هارپاگۆس تورەییان نواند و دوو ماریان لە سەر شانی رووان و بەردەوام مارەکان هەوڵیاندەدا کە لە ڕێگەی کونە گوێکانی ئاستیاگەوە بچنە ناو مێشکی و مێشکی بخۆن، ئەویش بۆ ئارام کردنەوەیان ناچاربوو رۆژانە دوو گەنج بکوژێت و مێشکەکەیان دەرخواردی مارەکان بدات.

لێرەوە دەچینە ناو قۆناغێك لە مێژوو کە لایەکی ئەفسانەیە و ئەفسانەکەش ئەوەندە بەربلاوە کە هەرچەندی لەسەر بنووسین هێشتا ناتوانین ئەوەی پێویستە لەسەری بڵێین.

لە شاهنامەی فیردۆسیدا ئەو کەسەی کە دوو مار یا دوو کوانی (دوو کوانی گۆشتنی) لە سەر شانی هاتووە و ناچارە هەموو رۆژێك بۆ تێر کردنی دوو مارەکە (یا چارەسەری کوانەکان) میشکی دوو پیاوی گەنج بکاتە خۆراکیان یا (مەرهەم) تا ئازاری نەدەن، بە (زەحاك) یا (ئەژی دەهاك) هاتووە و ئەو بە (بیۆراسێب) (واتە خاوەنی هەزار ئەسپ) ناسراوە و کوری (داس) بووە.

داس کە لە شاهنامەی فیردۆسیدا بە باوکی زەحاك دانراوە لای ئێرانییەکان نەناسراوە، بەڵام لای هیندەکان زۆر ناسراوە و لە پەرتووکی بەناوبانگی (وەدا) یا (ویدا) باسی کراوە و بە باوەڕی ئەوان داس خاوەنی سێ سەر بووە و چونکە ناچێتە عقلەوە کە مرۆڤێك سێ سەری هەبێت، بۆیە وایان دیاریکردووە کە دوومارێ لەسەر شان بووە و بەیەکەوە بە سێ سەر دەردەکەون.

---

**زەبیحوڵڵا و خەڵکی تر دەڵێن بەرپرس بوونە لە کوشتاری بەردەوام و بێ شومار و بێ هۆ لە ئێران. بۆیە لێرەدا دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە زەبیحوڵڵا زۆر کلۆڵی بیری پان ئێرانیزم و لە ناویدا رەگەز پەرەستی فارس بووە، وەرگێر بۆ کوردی.)**

له شاهنامەی فیردۆسیدا که چیرۆکەکانی له (خدای نامه) وەرگیراوه، هاتووه زەحاك هەزار ساڵ ژیاوه و هەموو رۆژێك بۆ رزگاری له دەست دوومارەکه یا دوو برینەکه دوو گەنج دەکوژێت. له شانامه دەڵێت که ئەو دوو ماره له لایەن شیتان لەسەر شانەکانی روێندران تا بەردەوام دوو گەنج بکوژێت و بەم شێوەیە رەگەزی پیاو نەمێنێت و چیتر نەتواندرێت ژنان دووگیان بکەن و بەم شێوەیە وچەی مرۆڤ کۆتایی بێت.

له چیرۆکەکانی کۆنی هیندستان هەمان چیرۆك به کەمێك جیاوازییەوە هەیه. له شاهنامەدا دەڵێت: پیاوێکی ئاسنگەر له ئیسفەهان هەبووه به ناوی کابی (کابه یا کاوه) که له لایەن زوحاکەوه کورەکانی کوژرابوون و مێشکیان درابوو به مارەکان، ئەو پیاوه له ژیان بێزار بوو و رۆژێك ئەو بەرهەڵ بێنەی چەرمی ئاسنگەری خۆی خسته سەر دارێك و داوای له خەڵك کرد ڕاپەرن و ئەوانیش ڕاپەرین و هێرشیان کرده سەر کۆشکی ئاستیاژ و دەستگیریان کرد، بردیانه شاخی دەماوەند و لەوێ بەندیان کرد و فریدۆنیش که ماوەی یەك سەده بوو هەڵات بوو و یا خانەنشین بوو، هێنایان و کردیانه پاشا.

نەزاندراوه زەحاك له ئیسفەهان بووه و هەر له ئەوێ گیراوه و براوەته بناری چیای دەماوەند یا له دامێنی چیای دەماوەند دەستگیر کراوه، بەڵام له چیرۆکه باستانییەکان بێ ئەم جۆره وێستگە نادیارانه له کات و شوێن نین. له کاتی بەراوردکردنی رووداوەکه به پێی گێڕانەوەی کەتزیاس و شانامه دەکەوینه گرفت، چونکه ئەگەر ئاستیاژ به زەحاك و کوروش به کەی خەسرەو بزانین دەبێت بڵێین زەحاك له لایەن کوروش له ناو براوه و له کاتێکدا کاوه بوو زەحاکی (وەك له شانامەدا هاتووه) له ناو برد.

گێڕانەوەی کەتزیاس به کورتی بەم شێوەیە: خوایان له ئاستیاژ توره بوون و دوو ماریان له سەر شانی رواند، ئەو بۆ ئارام کردنەوەیان ناچاربوو رۆژانه دوو گەنج بکوژێت و مێشکەکەیان دەرخواردی مارەکان بدات و خەڵك به ڕادەیەك نارازی بوون که دەرفەت بۆ راپەرین ئامادەببوو و له گەڵ هاتنی کوروش هەموویان دەورەیاندا و به پاشای خۆیان دانا. به وتەی کەتزیاس وێڕای ئەوەی خەڵك له دەست ئاستیاژ شەکەت ببوون و دەیانویست به زوویی له دەسەڵات لای بدەن، بەڵام دیسان جەنگی نێوان کوروش و ئاستیاژ سێ ساڵی خایاند. بەڵام هیرۆدۆت لەو باوەڕەدا نەبووه که ئاستیاژ ماری لەسەر شان بووبێت و پێیوایه که خەلك تەنها له ستەمی ئەو شەکەت ببوون.

هەرچەندە کەتزیاس، زەحاك مار لە شان و ئاستیاژی پاشای ماد بە یەك کەس دەزانێت، بەڵام زەحاك ماری لە شانی نەبووە و زەحاك یا ئەژی دیهاك ماوەیەك پێش ئاستیاژ هاتبۆوە کایەوە و لەوانەیە یەك لە پاشا خوێن خۆرەکانی ئاشووری یا کلدانی بووبێت کە هەر ماوە ماوە هێرشیان دەکردە سەر ئێران و هەرچیان دەست دەکەوت دەیان برد و پیاوانیان کوێر دەکرد و لە نیری جووت یا لە دەستاری روونیان دەبەستن.

ووشەی زەحاك دوای هێرشی عەرەب بۆ ئێران هاتە کایەوە و پێشتر ناوی ئەو سولتانە (ئەژی دیهاك) بووە کە وشەیەکی ئێرانییە و (ئەژی) بە مانای (مار) دێت و (دیهاك) واتای (ئازار گەیاندن) یا ستەم کردن دەدات و ئەو وشەیە کاتێك هاتە ناو فەرهەنگی ئێران کە وایانزانی زەحاك عەرەبە و لەوانەشە هۆکەی ئەوە بووبێت کە وەك کلدانی و ئاشوورییەکان لە رەگەزی سامی بوو بێت و ئەو خیاڵەی هێنابێت. بەسەرهاتی زەحاکی مار لە شان بە ئەگەری زۆر بنەچەی ئێرانی هەبووە و چووتە هێندستان و لە هندستانەوە نەهاتۆتە ئێران. دوای رۆیشتنی ئەو بەسەرهاتە بۆ هندستان، لە ئەوێوە بۆ نەتەوەکانی تری رۆیشت و ئاسەوارەکانی ئەو سەربردەیە دەتوانین لە نەتەوەکانی هیند و چین بدۆزینەوە.

گەزنەفۆن مێژووناسی یۆنانی لە پەرتووکی (کۆرۆپدیا) کە تایبەتە بە بەسەرهاتی هەخامەنشییەکان، دەڵێت: دوای ئەوەی خەڵك لە ستەمی ئاستیاژ بێزار بوون، کوروش لە فارس سەرکردەکانی هەموو تیرەکانی کۆکردەوە و وتارێکی پێشکەشکردن. گەزنەفۆن لە بیست پەرە بە نووسینی وردی یۆنانی وتارەکەی نووسیوەتەوە و ئەو وتارە لە بنەڕەتەوە دەبێت ڕاست بوو بێت، واتە کۆمەڵە وشەیەك بوون کە لە دەمی کوروش دەرچوون، چونکە گەزنەفۆن دوژمنی ئێران بووە و هەستی دوژمنکارانەی ئەو ڕێگەی نەداوە هەر بابەتێك دەرخەری گەورەیی و بەرزی ئێران بێت، پێشان بدات.

گوایە ئەو وتارەی کوروش کە بۆ سەرۆکە فارسەکانی داوە، لە سەردەمی ژیانی گەزنەفۆن زۆر ناوبانگی هەبووە، بۆیە مێژوونووس نەیتوانیوە خۆی بپارێزێت لە باسکردنی لە مێژووی خۆیدا و یا ئەمانەتداری گەزنەفۆن بەسەر هەستی دۆژمنکارانەی بەرانبەر ئێران زاڵ بووە و جەنگەفی ئەو ڕێگەی بە شاردراوە بوونی ئەو وتارە نەداوە.

لە کاتی وتنی ئەو وتارە کوروش هێشتا تەمەنی نەگەیشت بووە بیست ساڵ و لەوانەیە ئێمە دووچاری سەرسوڕمان بین لەوەی گەنجێکی بیست ساڵ توانای دەربرینی وتاری هەبووە،

بەڵام لە رابردوو لە رۆژئاوا تا رۆژهەڵات گەنجەکانی بنەماڵە گەورە و دەسەڵاتدارەکان زوو پێگەیشتوو بوون و تەنانەت هەندێکیان لە تەمەنی چواردە و پازدەساڵیدا بوونە فەرماندەی سوپا یا بۆ پاشایەتی دیاریکراون، وتاری کوروش بۆ سەرۆکە فارسەکان زۆر درێژ بووە و بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی ماندوو بوونتان تەنها چەند بەشێك لە وتارەکە دەخەینە بەردەستتان:

(ئەی ئەو کەسانەی ئەمرۆ لە جێگەی ئارام نووستوون، ئایا وابیردەکەنەوە کە ئاسوودەیی ئەمرۆتان بۆ سەبەی کویلایەتیتان بۆ دێنێت و دوا رۆژیش کەسانێك ئازاد دەبن کە ئاسوودەیی ئەمرۆ بەلاوە بنێن؟

چوون لە دەرگای باپیرانتان کە لە جیهانی ترەوە نیگەرانی ئێوەن، جەنگم ناکەن کە کویلایەتی و فەرمانبەرداریتان بۆ ئاستیاژ بە ئەستۆ گرتووە لە پێناو ئەوەی نانی ئەمرۆتان نەبڕێت یان ئەمشەوتان وەك شەوانی پێشوتر بە ئاسوودەیی نەنوون؟

ئەی سەرانی هۆزەکانی فارس کە باپیرانتان ئازاد ژیاون، بزانن ئەوانەی تەنها لەدوا ئاسوودەیین لە کۆتاییدا زەلیل دەبن و تەواوی ئەوانەی بە پستی مردن بوونە قوربانی خۆشگوزەرانی کردن.

سەتەمکارێان بۆ ئەوەی خەلك بە کۆیلە بکات سوود لە دوو بابەتی ئەوان وەردەگرێت کە یەکەمیان هەستی خۆشگوزەرانی و دووەمیان ترسنۆکیانە. تا ئەو کاتەی کە تۆ پیاوی موو سوور، تۆ پیاوی مووڕەش، تۆ ئەی پیاوی قەلەو، تۆ ئەی پیاوی لاواز بترسن و نەتوانن خۆراك و خەوی ئەمرۆتان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیی و ئاسودەیی سبەی فیدا بکەن، ناتوانن خۆتان لە ژێر باری ستەم و ناخۆشی رزگار بکەن.

ئازادی و سەربەخۆیی دوو بەخششن کە بە خۆڕایی پێتان نادرێت و بەهاکەشیان بریتییە لەوەی یەکەم بتوانن خوشگوزەرانی ئەمرۆتان بدەن بۆ دوارۆژ و دووەم لە مردن نەترسن.

سەربازی باش ئەوە نییە بتوانێت لە جەنگگەدا بە باشی شمشێر بوەشێنێت و زووبین باوێت و ئەسپ تاو بدات، بەڵکو سەربازی باش ئەو کەسەیە بەرگەی نەخەوتن و برسیەتی و ماندوو بوون و ریّ رۆیشتنی درێژ بگرێت و سەربازی باش دەبێت بزانێت لە گەڵ دۆست و دوژمن چوون رەفتار بکات، بزانێت لە کاتی بەدیل گرتنی سەربازی دوژمن، نابێت بیکوژێت و ئەو کارە بە خەراپ و ناشیاو دابنێت و تەنانەت ئەگەر سەربازەکەی دوژمنیش پیویست بوو سزا بدرێت ئەوا نەنگی خۆ بەدەستەوە دانەکەی گەورەترین سزایە بۆی.

هەستن و لە پێشگای ئاهۆرامەزدا و بەرانبەر باپیرانتان بڵێن بدەن کە لە ئەمرۆوە خۆشگوزەرانی و ترس لە مردن وەلا بنێن و خۆتان ئامادەبکەن کە بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و سەربەخۆیی پێشوازی لە مەرگ بکەن، چونکە تا پێشوازی لە مەرگ نەکەن، ئازادیتان دەست ناکەوێت و ئەستەمە نەتەوەیەك بیٚ دەست هەڵگرتن لە گیانی، لە ستەم و کۆیلە بوون رزگاری بێت.)

زانای ئاڵمانی (هێرت لاین) کە یەکێکە لە ئێرانناس دیارەکان، دەڵێت: لە ژیانی منداڵی کوروش تەنها یەك بابەتی شاراوە هەیە کە ئەویش جەنگی سیٚ ساڵەی ئەو و ئاستیاژی پاشای مادە و جگە لەو بابەتە، بابەتەکانی تر ئەوەندە روونن کە سەبارەت بە خەڵکانی دیاری سیاسی و جەنگەکانی هاو قۆناغمان ئەوەندە زانیاریمان نییە، چونکە کوروش خۆی لە هەموو شوێنێك رووداوەکانی ژیانی خۆی باس کردوە.

لە گەڵ ئەوەشدا سەبارەت بە جەنگی سیٚ ساڵەی کوروش لە گەڵ ئاستیاژ زانیارییەکانمان لە بارەی دامەزراوەی لەشکرەکەی و ژمارەی سەربازان، ئەفسەران، پزیشکان، پزیشکانی ئاژەڵ و کێشت لیٚ نەران تەواوە و زانیومانە کە سەرەتا کوروش (٣٣٣٣) سەربازی هەبووە و بیست پزیشك و دە پزیشکی ئاژەڵی لە گەڵدا بووە، زۆرتر بوونی ژمارەی پزیشکەکان لە ئاست پزیشکانی ئاژەڵ ئەو ڕاستییە دەردەخات کە کوروش ژیانی سەربازەکانی لە هی ئاژەڵەکان زۆر لا گرنگتر بووە.

خاڵێکی گرنگیش کە لە کۆتایی جەنگە سیٚ ساڵیەکەی کوروش لەگەڵ ئاستیاژدا لە لەشکری کوروش بۆ تەندروستی هەبووە کە تەنانەت ئێستاش کە سەدەی بیستەمە جێگەی دەستخۆشییە و سەرەنجە و بریتییە لەوەی سەربازەکانی کوروش لە کاتی رۆیشتن بۆ جەنگ، ئاویان دەکولاند (هێرۆدۆت باس لەو بابەتە دەکات) و دواتر دوای سارد کردنەوەی دەیان خستە قوم قومەی ئاوەوە و سوودیان بۆ خواردنەوە لیٚ دەدیت، دەردەکەوێت کە ئەو نەریتە ئەوکات لە فارس هەبووە و بە دوور دەزاندرێت ئەو بابەتە لە لایەن کوروش هاتبێتە کایەوە، چونکە کوروش ئەوکات لە سەرەتای لاوەتیدا بووە و ئەم نهێنییە ئەستەمە زانیبێت.

لە سەردەمی کوروش مانگەکان چل رۆژ بوون و ساڵ نۆ مانگی هەبووە و بە گشتی لە سەرەتا و ناوەڕاستی هەر مانگێك واتە هەر بیست رۆژ جارێك سەربازەکان خۆیان دەشوشت و ئەو کارە لە شارەکان لە حەمام و لە سەحراش لە ناو رووبار دەکرا.

کێشت لێنەرانی سوپای کوروش دوو دەستە بوون، دەستەیەك نانیان دەبرژاند و دەستەیەکیش خواردنیان ئامادەدەکرد و خۆراکی سەرەکی سوپاکەی بریتی بوو لە (ئاوگۆشت) کە کۆمەڵێك سەوزەیان دەکردە ناوی بۆ خۆشکردنی تام و بوونی و (پارگام) واتە ریحانە و (پانا) واتە نەعنایان زۆرتر لەناو دەکرد. ئاوگۆشت خۆراکی رۆژانەی سوپای کوروش بوو، بۆ ئێواران هەر سەربازێك نانێك و چەند هێلکەیەکی وەردەگرت و بەیانیانیش پەنیری کۆن و ناوکی کوێز و بادامیان پێدەدرا، پەنیری کۆن بریتی بوو لەو پەنیرەی دایاندەنا تا کۆن دەبوو و باشترین جۆری ئەوە بوو کە سێ ساڵ بە سەر مانەوەیدا تێپەڕ بوایە[1].

کوروش سێ ساڵ لە گەڵ ئاستیاژدا جەنگی کرد و پاشای رۆژئاوای ئێران بۆ سەرکەوتن بەسەر کوروشدا یارمەتی لە دوژمنە کۆنەکانی ئێران واتە ئاشووری و کلدانییەکان وەردەگرت. سەرەنجام کوروش لە بەهاری ساڵی (٥٥٣ پ. ز) توانی ئاستیاژ شکست بدات و چووە ناو شاری هەکماتانە (هەمەدان) و لە کەتیبەکانی بابلدا کە رووداوەکان ساڵانە تۆمار کراون، ئەو مێژووە بە هەمان ساڵ دیاریکراوە و لە کەتیبەکانی بابلدا ناوی هەمەدان بە (ئا گام تا نۆ) هاتووە و واتای شاری پاشایەتی دەبەخشێت.

لێرەوە لایەنە شاراوەکانی ژیانی کوروش کۆتایی دێت و دەچینە ئەو قۆناغانەی ژیانی کوروش کە هەموو لایەنێکی ئاشکرایە و تەنانەت هەندێکات کوروش خۆی دەدوێت و بۆ نموونە کاتی چوونی بۆ ناو هەمەدان ئاوەها دەدوێت:

"کاتێك ئاستیاژ بە هۆی گەمارۆداانی، ناچاربوو خۆی بەدەستەوە بدات، فرمانم کرد بە رێزەوە هەڵسوکەوتی لە گەڵدا بکەن و چونکە باوەڕم وابوو لە گەڵ هەموو پاشایەك دەبێت بە رێزەوە هەڵسوکەوت بکرێت و جگە لەوەش ئاستیاژ بابی دایکمە و هەر بێ رێزییەك بەرانبەر بە ئەو، وەك بێ رێزی بوو بەرانبەر خۆم. ئاستیاژ لە خیوەتێکی گەورە کە بە فەرشی باش پڕ کرا بۆوە داندرا و ڕام سپارد کە هەموو پێداویستی ئاسوودەیی بۆ دابین بکرێت و خۆم چوومە ناو هەمەدان تا زێر و گەوهەر، فەرش و ئەسپەکانی بۆ خۆم دەست بەسەر دابگرم.

---

**(١) (ئەورووپییەکان دەڵێن پێش ناپلیۆن بوناپارد، نەریت نەبووە سەربازان لە سوپا خواردنیان پێ بدرێت و دەبوایە خۆیان ئامادەی بکەن. ئەوان بۆ ئەو بابەتە تەنها ئەورووپایان بینیوە و سەبارەت رۆژهەڵات هیچیان نەزانیوە، نەیانزانیوە لە سەردەمی کوروش و بە ئەگەری زۆر پێش ئەویش و بە دڵنیاییشەوە لە دوای ئەویش، لە سوپای ئێران خۆراك بە سەربازان دراوە. زەبیحوڵڵا.)**

کاتێك چوومە کۆشکی ئاستیاژ، کچێك کە دەستە گوڵێکی سووری بۆن خۆشی لە دەست بوو، هاتە پێشوازیم و دەستە گوڵەکەی پێدام و وتی:"بەخێر بێیت بۆ ماڵی ئێمە".

وتم: هۆ خانم تۆ کێی؟

ئەو وتی: من کچی ئاستیاژم.

پرسیم: ئایا ماندانی خوشکت دەناسی؟

ئەو وتی: چوون دەبێت خوشکی گەورەم کە خێزانی کەمبۆجییەیە نەناسم، ئایا ڕاستە کە کەمبۆجییە لە جەنگدا کوژراوە؟

وتم: بەڵێ ئەی خانم، بابم ساڵی ڕابردوو لەو جەنگەی لە گەڵ باوکتدا دەیکرد، کوژرا و دواتر لێم پرسی تۆ ناوت چییە؟

ئەو وەڵامی دایەوە و وتی: ناوم ئێمی تیسە.

وتم: هەم ناوت گوڵی سوورە و هەم گوڵی سوورت بۆ هێناوم[٢].

ئێمی تیس وتی: وەرە پشوو بدە و من خۆم قاچەکانت بۆ دەشۆم.

وتم: تۆ کچی پاشایت و نابێت قاچم بشووی و دەبێت خزمەتکارەکانت ئەو کارە بگرنە ئەستۆ.

ئێمی تیس وتی: ئێستا من کچی پاشایەکی دۆڕاوم و باوکیشم گرفتار بووە و تۆ پاشای سەرکەوتووی و ئەگەر من قاچت بشووم کەس ناڵێت لە گەورەییم کەم بۆتەوە و هەموان دەزانن چونکە بابم شکستی خواردووە، ناچارم قاچی پاشایەکی سەرکەوتوو بشۆم.

وتم: ئێمی تیس تۆ دەتوانی دۆڕانی باوکت و خۆت لە ناوبەری.

ئەو پرسی: ئایا باوکم جارێکی تر دەبێتەوە پاشا؟

وتم: نا ئەی خانم، بابت جارێکی تر نابێتە پاشا و بەڵام تۆ دەتوانی ببیتە پاشا.

ئێمی تیس وتی: ئایا من دەتوانم ببمە پاشای ماد لە جیاتی بابم؟

منیش وتم: تۆ دەتوانی ببیتە پاشای ماد و هەروەها پاشای پارس، واتە پاشای تەواوی ئێران.

ئێمی تیس دووچاری سەرسوڕمان هات و وتی: ئایا کاری ئاوەها دەبێت؟

وتم: بەڵی، ئەگەر تۆ ببیتە هاوسەری من، وەك من هەم پاشای ماد و هەم هی پارس دەبیت.

ئێمی تیس پێکەنی و وتی: من ئامادەم ببمە هاوسەرت بەڵام نازانم بابم ڕازی دەبێت یا نا؟

وتم: باوەڕ ناکەم ئاستیاژ دژی هاوسەرگیریمان بێت.

---

**(٢) (ئێمی تیس بە پێچەوانەی رووکارەکەی ناوێکی یۆنانی نییە و فارسیە و لە کۆندا واتای گولی سووری داوە، زەبیحوڵڵا.)**

دواتریش وەك پێش بینیم کرد بوو ئاستیاژ ڕێگر نەبوو لە هاوسەرگیر من و کچەکەی و ئێمی تیس بوو بە ژنی من و منیش سواری ئەسپ و تیر هاوێژیم فێرکرد و ئەو جگە لە سوارکاری و تیر هاوێشتن، فێربوو چوون عارەبانەی جەنگیش لێ خورێت.

ئێمی تیس کە بە وتەی کوروش بۆوە خێزانی و شاژنی ئێران، کچێکی جوان و بالآبەرز و بە دەستەواژەی ئێستا (سپۆرتمەن) بوو.

ئاشکرایە ئێمی تیس کچی بچووکی ئاستیاژ و پوری کوروش بوو، پاشای ئێران هاوسەرگیری لە گەلّ پوری کرد، بەلاّم ئەوکات ئەوکارە ڕەوا و یاسایی بوو و کوروش کارێکی نابەجێی نەکرد.

دوای ئەوەی کوروش بۆوە پاشای ئێران واتە پاشای ماد و پارس و لەگەلّ هەموو کەس هەولّی ئاشتی دەدا و دەیویست لەگەلّ هەموو نەتەوەکانی جیهان بە ئاشتی بژیات، بەیەکەوە ژیانی ئاشتیانە بۆ یەکەمجار لە لایەن کوروش لە جیهان برەوی پێدرا و کاری پێکرد و تا ئاشتی لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات هەبێت.

دوای ئەوەی کوروش بوو بە پاشا و لە ئۆلومپی پەنجا و پێنجەمی یۆنان ژمارەیەك زوبین هاوێژی دیاری ئێرانی هەلّبژارد و ناردنی تا لە ئۆلۆمپیاد بەشدار بن و زوبین بهاوێژن و نیشان بدەن کە ئێرانییەکان ئاشتیان دەوێت. چونکە ئۆلەمپیادەکانی یۆنان کە چوار سالّ جارێك لە دامێنی چیای ئۆلەمپ (بە وتەی ئەفسانەکان خوایانی یۆنانی لە سەر ئەو شاخە دەژین) بەرێوەدەچوو و بۆ جێگیر کردنی ئاشتی بوو.

ئەوکات ئێمی تیس شاژنی ئێران دەیویست بەشداری لە ئولەمپی بکات و بچێتە یۆنان، بەلاّم هەستی کرد دووگیانە و ئەو ڕووداوە بۆوە ڕێگر لە بەشدار بوونی شاژنە سپۆرتمەنەکەی ئێران لە ئولەمپی پەنجا و پێنجەمی یۆنان کە لە سالّی (٥٤٨ پ. ز) لە یۆنان ئەنجامدەدرا.

بەشداری پێکردنی وەرزشکارانی ئێرانی لە ئۆلەمپیادی یۆنان، یەك لە کارە دیارەکانی کوروش بوو کە نیشانەی کراوەیی بیر و بەرزی ڕۆحی ئاشتیخوازانەی کوروش بووە لەوکاتدا.

دوای ئەوەی کە بوو بە پاشا کوروش یەکەم شاری نموونەیی دروستکرد و دواتر بە هەمان شێوە لە سەردەمی پاشایەتی کوروش، شارەکانیان لەسەر ئەو نموونەیە بینا دەکرد.

ئەو شارەی باسکرا، ئاسەوارەکانی لە نزیك لادێیەك بە ناوی (مەشهەد مورغاب) لە فارسە و بە (پازارگادس) ناوی براوە و ئەمرۆ زیاتر بە (پازارگاد) ناو دەبرێت. پاشماوەی ئاسەوارەکانی

ئەو شارە کە ئێستا ماونەتەوە، نزیکەی دوو کیلومەتر و نیو درێژە و پانی حەوت سەد مەتر و لە هەندێ شوێن بۆ هەشت سەد مەتر دەبێت، بەڵام ئەو ئاسەوارانە هی هەموو شارەکە نییە و تەنها هی کۆشکی پاشا بووە و شارەکە پانتایی زۆر زیاتر بووە و تەنها چونکە زۆرینەی شارەکە بە کەرەستەی تایبەتی و بە تایبەت بەرد بینا نەکراوە، زووتر لەناو چووە، بەڵام وێرانەی کۆشکە پاشایەتییەکان ماونەتەوە.

ئەندازیار و وەستایانی ئەوکاتی ئێران شارێکیان بینا کردبوو کە هیچ جیاوازیان لەگەڵ شارەکانی ئێستادا نەبوو جگە لە بوونی کارەبا و گاز و تەلەفۆن نەبێت، چونکە ئاوی ئەو شارە بە بۆری بووە و زێرابیشی هەبووە و تا ئەو کات لە هیچ شوێنێکی ئەورووپا شارێك نەبوو کە ئاوی بە بۆری بێت و زێرابی هەبێت. لەوکاتەوە تا مردنی، کوروش چل شاری لە ئێران دروستکرد و زۆربەی شارە گەورەکانی ئێستای ئێران لە بیناکانی ئەون.

مادەکان پێنج سەد ساڵ فەرمانرەواییان لە ئێران کرد و رۆژئاوای ئێرانی ئێستا، هەروەها خوزستان و فارس، بەشێك لە رۆژهەڵاتی تورکیای ئێستا و ناوچەکانی قەوقازیا تا دەگەیشتە پێدەشتەکانی کێوەکانی قەوقاز سنووری دەسەڵاتیان بووە.

باشترین کەس کە باس لە گەورەیی مادەکان بکات کوروش خۆیەتی و پێویستە وتەکانی بخوێنینەوە تا بزانین ئێمە (واتە خەڵکی سەردەمی ئێستا) داهێنەری ئەو هونەرەی نووسینەوەی مێژوو نین کە بە رێگەی شیتەڵ کردنەوەی رووداوەکانی رابردوو پێشبینی پێشهاتەکانی دوارۆژ دەکات و لە (٢٥) سەدە پێش ئێستا نووسینەوەی مێژوو بە شێوازی ئەمرۆ هەبووە و کوروش بەم شێوەیە باسی هۆکاری رووخانی مادەکان دەکات:

"دەسەلاتدارانی ماد ئاگادار نەبوون لەو رووداوانەی لە دەرەوەی کۆشکەکانیان روویدەدا و بێ ئاگا بوون لە باروودۆخی جیهان و تەنها بیریان لای خۆشگوزەرانی بەردەوام و مانەوە لە گەڵ کچ و کورە جوانەکان بوو. ئەوان دەیانووت هیچ گولێك جوانتر نییە لە کچ و کورە جوانەکان و لە کۆشکەکانیاندا کچان و کورانیان بە پۆشینی جلو بەرگی رەنگاورەنگ و جۆراوجۆر دەرازاندەوە و لە بەیانی تا کاتی خەوتن سیریان دەکردن.

لە کۆشکەکانی دەسەلاتدارنی ماد ئەوەندە نەریتی تایبەت داندرابوون کە کاروباری حکومەتیان پەك خستبوو و تەنانەت ئاو خواردنەوەی شای ماد نەریتی تایبەتی هەبوو، ئەو نەریتانە نەیاندەهێشت کەس لە پاشای ماد نزیك بێتەوە و بارودۆخی وڵاتی بۆ باس بکات و

ئەوانەی کارەکانیان بەڕێوە دەبرد دەیانزانی هیچ کات شا لە نارێکی ئەرکەکانیان و خەراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەکانیان ئاگادار نابێت، ئەوەی من لە هەکماتانە دیتم بۆ من بۆوە وانەیەك کە خۆم بە دوور بگرم لەو کارانەی بۆوە هۆکاری لەناو چوونی پاشایەتی ماد."

کوروش جگە لەوەی سەرەوە زۆر بابەتی تر لە مادەکان فێربووە و خۆی بەم شێوە دەدوێت:

"مادەکان شتی باشیشیان هەبوو و کاتێك دەسەلاتم بە دەستەوە گرت ئەو شتانەی لێیان فێربووم لە وڵات پەرەم پێدان و یەك لەو شتە باشانە کە لێیان فێربووم، ڕێنووسەکەیان بوو کە سی و شەش پیتی هەبوو و هەر ئەو ڕێنووسەیە کە ئێستا لە ولاتەکەم هەیە.

من خوێندن و نووسین بە ڕێنووسی چل و هەشت پیتیم دەزانی، بەڵام زانیم کە ڕێنووسی مادەکان بۆ خوێندن و نووسین بە سوودترە و مرۆڤ لە ڕێگەی ئەو ڕێنووسەوە خێراتر خوێندەوار دەبێت.

من تێگەیشتم کە بۆ ئەوەی خەلك ئاسانتر نووسین و خوێندن فێربن، دەبێت سوودوەرگرتن لە خۆڵی ڕەست بۆ لەوحە گڵێنەکان وەلابنێین و لە جیاتی ئەوان وەك قوتابخانەکانی هەمەدان سوود لە لەوحی بەردین وەربگرین، فەرمانبەرانی دیوان و بازرگانان و کارمەندانی تاپۆ کە من ئەو ئەرکەم پێسپاردن، پێویستە نووسین لەسەر پێستە بکەن، چونکە یەك لە سوودەکانی نووسینی لەسەر میشن (پێستە) ئەوەیە کە زۆر دەمێنێتەوە[٣].

من بینیم نەریتە درێژ و نەگۆڕەکانی کۆشکەکانی پاشایەتی ماد، کارەکانیان پەکخستووە، بەڵام یاسا و بڕیارەکانی مادەکان بە مەرجێك ئەو نەریتانەیان لیّ بکرێتەوە و نەبنە بابەتی رووکاری و کارەکان پەك نەخەن بۆ ولات زۆر بە سوودن، چونکە ئەگەر لە وڵات یاسای نەگۆر و چەسپاو هەبوو، هەموان لە ژیانیان دڵنیا دەبن و دەزانن دووچاری گۆرانکاریە زیانبەخشەکان نابن، بۆیە منیش دانان و جێبەجیّ کردنی ئەو یاسا چەسپاو و نەگۆڕانە کە لە مادەکان فێر ببووم، لە ولاتەکەم پەرە پێدا و دەبینم کە بەو هۆیەوە وڵاتەکەم ئاوەدان بۆتەوە.

شتێکی باشی تر کە من لە مادەکان فێربووم ڕێکخستنی سوپایی ئەوان بوو و بینیم ئەو ڕێکخستنەی ئەوان کە یەکەی (دەهەزار، هەزار، سەد، دە و پێنج) کەسی هەبوو باشترین ڕێکار بوو بۆ بەڕێوەبردنی سوپا و بەو شێوەیە هەموو سەربازێك لە ژێر چاودێری ئەفسەرێك

---

**(٣) (مێژوونووسانی ئەورووپی و بەشێك لە مێژوونووسانی خۆمان نووسینەوەی بەڵگەنامەکانیان بە داهێنانی ئەورووپییەکان دەزانی و دەڵێن لە سەدەی هەژدەهەمی میلادی دۆزراوەتەوە، بەڵام بیست و پێنج سەدە پێش ئەو کارە لە لایەن کوروشەوە کراوە. زەبیحوڵڵا)**

دەبوو و لە هەمانکاتدا فەرماندەی سوپاکە دەسەلاتی بەسەر هەموو سوپادا دەبوو و سوپای ئێستای من وەك سوپای مادەکان بەرێوە دەچێت.

ئەو کاتەی لە هەمەدان بووم بە ئەزموون فێر بووم کە پاشای ماد لە پایتەختەوە دەسەڵاتی بەسەر هەموو وڵاتدا نییە و دوای ئەوەی دەسەڵاتم بەسەر ولاتێکی پان و بەریندا گرتە دەست کە درێژاییەکەی حەوت سەد (فەرسەنگ) بوو، تێگەیشتم بۆ ولاتێکی بەو گەورەییە تەنها پایتەختێك کەمە و پێویستە چەند پایتەختێك هەبێت و هەر ماوەی لە پایتەختێك بمێنمەوە تا چاودێری کارەکان بکەم، بۆیە چەند پایتەختم بۆ ولاتەکەم دیاریکرد و هەرگیز بەردەوام لە پایتەختێك نابم و بەردەوام لە یەك پایتەخت بۆ ئەوانی تر لە جووڵەدا دەبم.

من لە هەمەدان تێگەیشتبووم مادەکان خۆیان لە پێداویستییەکانی گواستنەوە ناگەیێنن و زانیم لەو ولاتە گەورەیە، پێویستە رێگەی پان هەبێت کە شوێنە دوورەکان بەیەك ببستێتەوە، ئەگەر نا من لە توانام نییە ولاتەکەم بەرێوە بەرم. ئەوە وایکرد رێگەی پان و درێژ دروست بکەم و بە هۆی ئەو رێگایانەی دروستم کردن (یۆنیم بەستەوە بە بەڵخ) و (ئاتۆرپاتکانیشم بە پازارگادس بەستەوە[٤]).

تێگەیشتم بۆ پەیوەندی بەردەوام لە نێوان بەشە فراوانەکانی وڵاتەکەم تەنها رێگەی پان کە عارەبانەی پێدا بروات بەس نییە و پێویستە ئاسایشی ئەو رێگایانەش بپارێزرێت، ئەگەرنا ئەو پەیوەندییە نامێنێت و بۆیە لە تەواوی رێگەکان سەربازم دانا بۆ ئەو ئەرکە و بۆ حەسانەوەی ئەوان و رێبوارانیش، کۆمەڵێك کاروانسەرام بیناکرد و دەسەلاتی هەر پلەدارێکم لە درێژایی رێگەکە دیاریکرد بە شێوەیەك کە هیچ بەشێکی رێگەکە بێ سەرپەرشتیار نەبێت و هەریەکەشیان بزانن کە لە کوێ بۆ کوێ سنووری کاریانە بۆ پاراستنی ئاسایش و هەریەکەیان دەیانزانی کە ئەگەر لە سنووری دەسەلاتی ئەودا رێگری و چەتەیی بکرێت ئەوا سزای قورس دەدرێن، چونکە رێگر ناتوانێت رێگری بکات تەنها ئەگەر رێپارێز بێ خەمی نەنوێنێت.

لە هەمەدان زانیم یەك لە هۆکارەکانی نارەزایی خەڵك لە دەسەڵاتدارانی ماد، سەپاندنی ئایینی خۆیانە بەسەر ئەو نەتەوانەی لە سنووری دەسەڵاتیاندا دەژیان و بڕوایان وابووە کە تەواوی دانیشتوانی سنووری ماد دەبێت هەڵگری ئایینی پاشای ماد بن. من تێگەیشتم ئەو

---

(٤) (یۆنی واتە یۆنان، بەڵام یۆنانی کۆنی فارس زمانەکان ویلایەتە یۆنانی نشینەکانی رۆژئاوای تورکیای ئێستا بوون و ئاترۆپاتکانیش بریتی بوو لە ئازەربایجان. زەبیحوڵڵا)

بابەتە بەردەوام بۆتە هۆی نارەزایی ئەو نەتەوانەی لە ژێردەستی ماد ژیاون و ئەوان ئامادەن تا لە هەر دەرفەتێك سوود وەربگرن بۆ یاخی بوون و خۆیان رزگار بکەن لە دەسەلاتی ماد.

پاش بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات، بینیم لە ئایینەکان بە گشتی بنەماکان یەکن و تەواوی نەتەوەکانی جیهان یەك شت دەپەرستن، تەنها ناو و رێگەکانی گەیشتن بەو شتە لە ئایینەکان جیاوازە. من چونکە زانیم لە هەموو ئایینەکان بنەماکان یەکن، تێگەیشتم بەربەرەکانی لە ئەو کەسانەی ئایینیان گەڵ ئایینی من یەك نییە، تەنها لاساریە و لە بەرژەوەندی دەسەڵات نییە. من تێگەیشتم کە ئەگەر نەتەوەکانی تر ئازاد بکەم لە پەرستنی ئایینی خۆیان و رێز لە ئایینیان بگرم هەروەك چوون رێز لە ئایینی خۆم دەگرم، ئەوکات یەك لە هۆکارەکانی نارەزایی و ڕاپەرین لەناو دەبەم.

هەندێ لە زانایانی ئایینەکەم شێوەی مامەڵەی منیان لە بارەی ئایینەکان بە دڵ نەبوو و سەرکۆنەیان دەکردم کە بۆچی رێز لە ئایینەکانی تر دەگرم، بەڵام من چونکە دەمزانی کاری من باشە و سوودی بەدواوەیە، گوێم لە ڕەخنەکانیان نەدەگرت و پێم وتن بەرژەوەندیی دەسەڵات لەگەڵ بەرژەوەندی زانایانی ئایینی جیاوازە و دەرکەوت من باشتر تێگەیشتووم، چونکە لەو ڕۆژەوە کە نەتەوەکانم لە ئایینداری ئازادکرد و رێزم لە ئایینەکانیان گرت، هەرگیز لە وڵاتی پان و بەرینی من بە هۆی ئایینەوە شۆڕش و ڕاپەڕینێك روونەدا و ئێستا لە وڵاتی من کە لایەکی لە سەند (هیندستان) و لایەکی تری یۆنییە، پازدە جۆرە ئایین هەیە و هەر تاقمە لە خەڵك ئایینێکیان هەیە و من هەموویان بە یەك چاو سەیردەکەم و بۆ هیچ کامیان لە رووی ئایینییەوە جیاوازی ناکەم.

بابەتێکی تر کە لە هەمەدان فێری بووم بریتی بوو لەوە کە پاشا نابێت بازرگان بێت و کرین و فرۆشتنی کالا بۆ بەدەست هێنانی سوود بکات، چونکە لە ولاتێك کە پاشا بازرگان بێت و بازرگانی بە دەستەوە بگرێت هیچ کەس ناتوانێت بازرگانی بکات و لە ولاتی ماد ئاستیاژ بازرگان بوو و چونکە ئەو بازرگانی دەکرد، بۆیە نزیکانی ئەویش هەر بازرگانیان دەکرد و لەو ولاتە کەس نەیدەتوانی بازرگانی بکات، چونکە کەس نەیدەوێرا کارێك بکات کە کاری پاشای ماد بێت.

من لە ئەوێ فێربووم کە پاشا نابێت بازرگانی بکات و لە هەمانکاتدا نابێت خۆی سەرگەرمی کۆکردنەوەی زێر و زیو بکات، چونکە لە ولاتێك کە پاشا زێر کۆبکاتەوە ئەوا خەڵك بەرەو نەداری دەچن و زێرەکان لە لای پاشا کۆدەبنەوە و هیچ بۆ خەڵك نامێنێتەوە. من کە خەزینەم دامەزراند بۆ کۆ کردنەوەی ماڵ و زێر نەبوو، بەلکو بۆ ئەوە بوو کە بەردەوام بۆ

تێچووی کاربەدەستانی میری، بینا کردنی شارەکان و دروستکردنی شەقامەکانی دەرەوەی شار و کارەکانی تر زێر ئامادەبێت و هیچ کات بە هۆی نەبوونی زێرەوە کارەکان دوانەکەون.

لە ولاتی ماد بینیم ئاستیاژ لەبەر تەنبەلی و بەخۆڕاگەیشتن، بەردەوام کارەکانی دوادەخست و دەی خستنە ڕۆژانی دواتر و منیش بریارمدا هیچ کات ئەو کارانە دوانەخەم کە دەبوایە لەو کاتەدا ئەنجام بدرێن.

دەبینین کوروش بە ڕاستگۆییەوە دان پیادەنێت کە زۆر کار لە مادەکان فێربووە یا بۆی بوونەتە پەند و وانە تا دووچاری هەڵەکانی دەسەڵاتدارە مادەکان نەبمەوە.

لە ڕۆژئاوای ئێران، لاتێك هەبوو کە شوێنکەوتوانەکەی بە ناوی پاشەکەیان ناویان هەڵدەدا و بە ولاتی (قارۆن) ناویان دەبرد، بەڵام دانیشتوانەکەی ولاتی خۆیان بە (لیدی) ناو دەبرد[٥].

لە ولاتی قارۆن خەڵکێك دەژیان کە پێش ئەوەی نەتەوەی قارۆن پێکبێنن، بە نەتەوەی (هاتی) دەژیان و بەناوبانگ بوون کە لە رابردوو ئازاتر لە خەڵکی ئەویٚ نەبووە و بە درێژایی (١٥٠٠) سەد ساڵ لە تەواوی جەنگەکانیان یەك کەسیان بە دیل نەگیرا و هەرگیز رووینەدا کەسیان بە زیندوویی خۆبەدەستەوە بدات.

لەو ولاتە وەك دەگوترا گەنم، هەنجیر، گوێز، بادام، مەر و ئەسپ زۆر بوو و بەشێك لە دانیشتوانی لە وەرزی گەرما دەچوونە لوتکەی شاخەکان و وەرزی گەرمایان لە ئەویٚ بەسەر دەبرد و دوای تەواو بوونی هاوین دەگەڕانەوە بۆ پیٚ دەشتەکان، ولاتی قارون پاشایەکی بە هەمان ناو واتە قارۆن هەبوو و ئەو لە پایتەختی ولاتەکەی بە ناوی (سەردی[٦]) دەژیا.

دەووترا شاری (سارد) خاوەنی هەندیٚ دیوارە کە لە خشتی زێر دروستکراون و باویش بوو کە زێری قارۆن ئەوەندە زۆر بوو کە هەرگیز نەتواندراوە لە یەك ڕۆژدا پێوانە و کێش بکرێت.

---

**(٥) (ولاتی لیدی لە جیهانی کۆن نەریت و ڕێورەسمی تایبەتی خۆی هەبوو و جەنگی ئەو ولاتە لە ژیانی کوروش گرنگی و تایبەتمەندی هەبوو، بۆیە پێویستە هەڵکەوتەی جوگرافی ئەو ولاتە بزانیین. بۆ ئەم مەبەستە تەنها پێویستە لە سەر نەخشەی تورکیای ئێستا، هێلێك لە بەندەری (سینۆپ) لە باشووری ئەو ولاتە و لە کەناری دەریای رەش بۆ (ئەنتاکیە) لە باشووری ئەو ولاتە و بۆ کەنارەکانی دەریای مەدی ترانە بکێشین، هەموو ئەو خاکانەی دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئەو هێڵە تا دەگاتە کەنارەکانی مەدی ترانە و گەروەکانی (بۆسفۆر و داردانێل) ولاتی لید بووە، کەواتە لیدی هەمان ڕۆژئاوای ولاتی تورکیای ئێستا بووە. زەبیحوڵڵا)**

**(٦) (ناوی یۆنانی ئەو ولاتە لە سەرچاوە مێژووییەکانی ڕۆژئاوا بە ساردس هاتووە و لە زمانی فەرەنسی بە سارد ناسراوە و ئەو ناوە لە ئێران زیاتر ناسراوە. زەبیحوڵڵا)**

هەروەها دەووترا قارۆن دوو هەزار ژنی هەبووە و سالانە لە کۆتایی وەرزی زستان و سەرەتای بەهار ژنەکانی دەگۆڕین و دوو هەزار ژنی تری دەهێنا. خوشکی قارۆن، هاوسەری ئاستیاژ بوو و پێشبینی دەکرا کە شکانی ئاستیاژ بە دەستی کوروش مایەی خۆشحاڵی قارۆن نابێت، چونکە کوروش بۆ قارۆن پیاوێکی بێگانە بوو و ئاستیاژ بۆ ئەو خزم بوو.

دەیانووت قارۆن لە سێ دەریا کە یەکیان لە باکوور و ئەوی تر لە رۆئاوا و سێیەمیان لە باشوور بوون، کەشتی گەورە و سێ نهۆمی هەبووە و لە هەریەك لە نهۆمەکان کۆمەڵە خەڵکێك سەڵبەیان لێدەدا و هەریەکەیان پێنج سەد سەربازی تێدابوو کە هەموویان زرێیان دەپۆشی (واتە جلەکانیان لە کانزا بوون) و ئەستەم بوو لە دەریا کەس بتوانێت بەسەر قارۆندا زاڵ بێت.

باوبوو کە قارۆن لە تەواوی ئەو نەتەوانەی دەکەوتنە ئەودیوی گەرووی (گاو رۆ) باجی وەردەگرت[٧] و ئەگەر ئەوان باجیان نەدابوایە، کەشتیگەلی خۆی دەناردە سەریان و لێی دەکوشتن و هەرچی هەیانبوو بە تالانی دەبردن. ژمارەی دانیشتوانی ئەودیو گەرووی گاورۆ یەکجار زۆر بوون و چونکە ئەو نەتەوانە لە جیاتی پارە بۆ باج، کالای جۆراوجۆریان دەبەخشی و قارۆنیش کالاکانی لە ولاتانی تر دەفرۆشتەوە.

کوروش دەڵێت: ڕاستی ئەو بابەتەم دەزانی و ئەوکاتانە لە هەمەدان بووم و لە لەشکری ئاستیاژ خزمەتم دەکرد، بەشێك لەو کالایانەی کە لە ولاتی قارۆن دەهاتن و لە ئەوێ دەفرۆشران بەرچاوم دەکەوت و دەزاندرا ئەو کالایانە هی ئەو نەتەوانەیە کە لەودیوی گەرووەکە دەژین.

سەبارەت بە سوپای قارۆنیش زۆر دەنگۆ هەبوو و یەك لەو دەنگۆیانەی لە بارەی لەشکرەکەی دەووترا ئەوەبوو کە لە لەشکری ئەودا هەندێ بەتالیۆن هەن کە سەربازەکانیان لە مەیدانی جەنگدا دوژمن دەخۆن. واباو بوو کە پێش جەنگ ئەو کەسانە زۆر برسی دەکەن بۆ ئەوەی دوای چوونیان بۆ ناو مەیدانی جەنگ ئارەزویان بۆ خواردنی دوژمن زیاد بێت.

دەیانووت قارۆن کاتێك سەردارێکی دوژمنی ئەسیر دەکرد بە شێوەیەکی زۆر سەیر سزای دەدا، دارتاشەکان دووداریان بە شێوەی خاچ دەخستە سەریەك.

دواتر سەردارە شکست خواردووەکە دەخرایە سەر خاچ و بە بزماری درێژ قاچ و دەستیان دادەکوتا و دواتر برزیان دەکردەوە، تا هەموان بتوانن سەرداری شکست خواردوو ببینن و دواتر

---

**(٧) (بۆغاز گاو-رۆ واتە گەرووی پەرینەوەی گاکان و هەمان گەرووی بۆسفۆرە و بۆسفۆر واتە ڕێگەی پەرینەوەی گاکان. زەبیحوڵڵا)**

ئەوەندە لە سەر خاچ دەمایەوە تا دەمرد، ئەو کات بالندە گۆشتخۆرەکان هێرشیان دەکردەسەر و دەکەوتنە خواردنی گۆشتەکەی تا ئێسکەکەی دەمایەوە. لە ولاتی قارۆن لەو جۆرە خاچانە کە ئێسکی سەردارە شکست خواردووەکانی لە سەر دەمایەوە زۆر بوو، لەوێ هەر کۆیلەیەك لە خاوەنەکەی هەڵگەڕابایەوە لە خاچ دەدرا و تەنها بەو جیاوازییە کە دوای مردنی، لاشەکەیان دەیانناشت، بۆیە کۆیلەی هەلاتوو بە گەورەتر دەزاندرا لەو سەردارەی لە جەنگ دەشکا.

دەووترا لە ولاتی قارۆن هەرکەسێك هاتبایە سەر دەسەڵات، تەواوی ئەو کەسانەی لێیان دەترسان کە بێنە سەر دەسەڵات، کوێریان دەکردن و ئەوە گەورەترین تاوان بوو کە قارۆن دەی کرد.

لە خاچدانی سەردارانی شکست خواردوو یا کۆیلەی هەڵاتوو ستەم بوو، بەڵام سزایەکی بێ تاوان نەبوو و بەڵام ئەو سزایە زۆر توند بوو و زیاتر بوو لە تاوانەکەیان، وێڕای ئەوەش کاری کوێرکردنی ئەو کەسانەی رۆژانێك لەوانەیە بێنە سەر دەسەڵات، ستەمی گەورە بوو و سزایەکە بەرانبەر کەسێك ئەنجام دەدرێت کە هێشتا تاوانی ئەنجام نەداوە.

کوروش دەڵێ: هەر سەبارەت بە ولاتی قارۆن بیستبووم کە هاوولاتیانی ئەو وڵاتە دابەشبوونە بەسەر دوو چین، یەکەمیان باڵادەست (خانەدان) و ئەوی تر کۆیلەکانن، چینی یەکەم پێکهاتوون لە سێ سەد بنەماڵە و ئەوەی لەو ولاتەدا هەیە هی ئەوانە و ئەوان هاوسەرگیری تەنها لەناو خۆیاندا دەکەن و رێگە نادەن کەسی تر بێتە ناو بنەماڵەکانیان و ببێتە خاوەنی بەشێك لە بوونی وڵاتەکەیان.

هەر تاکێك لەو سێ سەد بنەماڵەیە بۆی هەیە کۆیلەکان بە ئارەزوو بکوژێت و لەسەر کوشتنی یەك یا چەند کۆیلەیەك سزا نادرێت[٨]، بەڵام ئەگەر لە چینی خانەدانەکاندا کەسێك یەکی تر بکوژێت ئەوا ئەو کەسە دەبێت یا نرخی خوێنی کوژراوەکە بداتەوە و یا بکوژرێتەوە.

کوروش دەڵێت: بە پێی زانیاریم هەندێك لە کۆیلەکان لە تەمەنی پازدە ساڵی دەکرانە سەرباز و لە تەواوی توانا جەستەییەکانیان وردەبوونەوە و ئەو کەسانە دەبوونە سەرباز کە جەستەی بەهێزیان هەبێت، تا بتوانن بەرگەی ماندووبوون و ئازارەکانی سەربازی بگرن، لەدوای ئەوە ئەو کۆیلانە ئەگەر لە مەیدانی جەنگدا نەکوژرابان لە پازدە تا پەنجا ساڵی سەرباز دەبوون و ئەگەر لە جەنگدا دووچاری کەم ئەندامی نەبوونایە، لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا خانەنشین دەبوون و دەیانتوانی خۆراك و پێداویستی رۆژانەیان وەك سەربازەکان تا رۆژی مردن وەربگرن.

---

**(٨) (دابەشکردنی نەتەوە بەسەر دوو چینی باڵادەست واتە خانەدان و کۆیلە لە وڵاتی لیدییەوە چووە رۆم. زەبیحوڵڵا)**

سەبارەت بە ئازایەتی و توانا جەستەییەکانی سەربازانی قارۆن هەندێ باس هەبوو کە هەروەك باپیرانیان واتە سەربازانی هاتی (هیتی) ئازا و بە توانان. بەڵام قارۆن سەرەرای دەوڵەمەندی و توانای زۆر یارمەتی ئاستیاژی زاوای نەدا، هەرچەندە ئەو داوای یارمەتی لێکرد.

کوروش دەڵێت: دەمزانی قارۆن داوای یارمەتیدانی ئاستیاژی برای خێزانەکەی پەسەند نەکرد و بە خۆمم وت ئەو باسانەی لەبارەی هێز و توانای ناوبراو دەکرێت، نابێت ڕاست بێت و ئەگەر وابوایە پاشای ئاوەها بە توانا دەبوایە یارمەتی مێردی خوشکی بدات بە تایبەت کە پەیوەندیان باش بوو. هەرچەندە من ئەو لێکدانەوانەم بۆ دەوڵەمەندی و توانای قارۆن هەبوو، بەڵام نەمویست دووچاری جەنگ لەگەڵ ناوبراو ببم، بۆ ئەوەی بتوانم ئەوەی لە کارەکانم بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات پێویستە تەواوی بکەم و بەڵام ئەو بۆ خۆی کارێکی کرد کە ناچاری کردم لە گەڵیدا بجەنگم. هۆکاری جەنگی کوروش لە گەڵ قارۆن بوو کێشەی رووباری (قزل ئایەرماق) بوو[٩].

سەرچاوەی رووباری قزل ئایەرماق لە وڵاتی کوروش بوو و بەرەو دەریا دەرۆیشت و لە تەواوی درێژایی رووبارەکە رێرەوەکەیدا بە ناو ئێراندا دەرۆیشت و تەنانەت شوێنی گەیشتنی بۆ ناو دەریاش خاکی وڵاتی ماد بوو.

بەبیری کەسدا نایەت ئەو رووبارە لە ناو خاکی قارۆندا بوو بێت و تەنها کاتی جەنگەکان لەشکری قارون دەهاتن و لە رووبارەکە تێپەڕدەبوون و دەچوونە ناو خاکی ماد و دواتر لەشکری ماد دەهات و پاشەکشەی پێدەکردن بۆ شوێنی خۆیان و رووبارەکەیان دەگەڕاندەوە ژێر دەستی خۆیان. بەڵام دوای ئەوەی کوروش ولاتی مادی داگیرکرد و بووە پاشای ماد و پارس، قارۆن ویستی ئەو رووبارە داگیربکات و بیخاتە سەر خاکی وڵاتەکەی.

ئاوی ئەو رووبارە لە هەردوو کەنارەکانی سەر خاك دەکەوت و خاکەکانی تەنیشتی ئاودەدا و بەو پێیە سوود وەرگرتن لێی بۆ بواری کشتوکاڵ لە هەردووولادا ئاسان بوو و رووباری لەو چەشنە لە ولاتی لیدی نەبوو یا کەم بوو.

**(٩) (ئەو رووبارە لە سەرچاوە مێژووییە کۆنەکانی یۆنان بە رووباری هالیس ناوی هاتووە، بەڵام ئێستا بە قزل ئایەرماق ناسراوە و بە تەنیشت ئانکارای پایتەختی تورکیای ئێستادا دەروات و لە کەنارەکانی ئەو رووبارە بە درێژایی هەزاران ساڵ جەنگی زۆر خوێناوی روویداوە. زەبیحوڵڵا)**

کاتێك قارۆن دیتی چیتر زاواکەی پاشای ولاتی ماد نییە و کوروش بۆ ئەو بیگانەیە، جەنگمی نەما و بریاریدا ئەو رووبارە بخاتە سەر خاکی خۆی و بەرنامەی دانا کە دوای داگیرکردنی رووبارەکە، کۆیلەکان ناچاربکات لە هەردوولای رووبارەکە کشتوکاڵ بکەن.

کوروش نێردەیەکی خۆی نارد بۆ ولاتی قارۆن تا پێی رایگەیێنن کە کاری ئەو باش نییە و پێویستە ئەو رووبارە بۆ ئێران بگێرنەوە و بەلاّم نێردەکەی کوروشیان لە سنوور گرت و بردیان بۆ شاری سارد.

کوروش دەڵێت: من نەمزانی کە قارون چی بە نێردەکەم وتووە، چونکە ئەوان کوشتبوویان و تەنها سەریان بۆ ناردمەوە و بەوکارەیان تێگەیشتم کە ئەوان سەودای جەنگیان هەیە.

لە رۆژئاوای ئێران ولاتێك هەبوو کە ئێرانییەکان بە (ئۆرارتوو) ناویان دەبرد و عەربییەکان بە (ئارارات) و ئێستا ئەو ولاتە بە ئەرمەنستان ناسراوە.

کوروش وتوویەتی: لە هیچ ولاتێك ئەو ژنە جوانانم نەدیتووە کە لە ولاّتی ئۆرارتوو بینیم. تا ئێستاش ئەرمەنستان شوێنی لەدایك بوونی جوانترین مرۆڤەکانە، دەسەلاّتدارانی ئێرانی لەو ولاتە ژنیان دێنا و کوروشیش ژنێکی ئەرمەنی هێناوە.

ئەرمەنستان بەشێك بوو لە ئێران و دانیشتوانی بە ئێرانی دادەنران، لە سێ بابەت (جوانی، ئاسن و ئاواز) ناودەنگیان هەبوو، دانیشتوانی ئەوێ بەردەوام گۆرانیان دەووت و ئاوازەکانیان بە ئاوازی ئێرانی هەژمار دەکران. ئێستاش نۆتەکانی ئەرمەنی کە هەزاران ساڵە ماون بە نۆتەی ئێرانی دەژمێردرێت و ئەوانەی گوێ لە گۆرانی ئێرانی دەگرن، دەتوانن گوێ لە ئاوازە رەسەنە ئەرمەنییەکان (نەك ئەوانەی لە رۆژئاوا وەرگیراون) دەگرن.

بەردەوام ئەرمەنستان دەکەوتە بەرهێرشی پاشاکانی لیدی و ئەوانیش بەردەوام لە جەنگدا داوای یارمەتیان لە ئێرانییەکان دەکرد و ئێرانییەکانیش یارمەتیان دەدان، ئەمجارەش هاوکات لەگەڵ داگیرکردنی رووباری قزل ئایەرماق، سوپای لیدی هێرشی بردە سەر ئەو ولاتە و ئەوانیش داوای یارمەتیان لە کوروش کرد، لە کۆندا هێرشی لەناکاو باو نەبوو و هەر پاشایەك ویستبای جەنگ بکات وڵامی دەنارد بۆ دۆژمنەکەی.

کوروش وەڵامی بۆ قارۆن نارد ئەگەر لە ئەرمەنستان بکشێتەوە و دەست لە رووباری قزل ئایەرماق هەڵ بگرێت، ئەوا لە خوێنی نێردراوەکەی خۆشدەبێت و جەنگی لە دژدا ناکات و بە پێچەوانەوە دەبێت ئامادەی جەنگ بێت.

قارۆن وەلامی ڕەقی دایەوە و وتی: تۆ ناتوانی هێرش بکەیت بۆ سەر وڵاتەکەم و ئەگەریش بتوانی هێرش بکەیت بۆ وڵاتەکەم، جیهان تاریك دەبێت.

ووتەی قارۆن بە ڕاست گەڕا و لە کاتی هێرشی پاشای ئێران (پاشای ماد) بۆ لیدی لە ساڵی (٥٨٥ پ. ز) جیهان بە هۆی خۆرگیرانی تەواوەوە، تاریك بوو. ئێستا دەزانین لەکاتی خۆرگیران، تەنها ئەو بەشەی کە سێبەری خۆری دەکەوێتە سەر تاریك دەبێت و بەشەکانی تری جیهان ڕووناك دەمێنن، بەڵام خەڵکانی ئاسایی ئەو ڕاستییەیان نەدەزانی و پێیان وابوو هەموو شوێنێك تاریك دەبێت. ئەو ناوچەیەی ئەوکات ڕۆژگیرانی تەواوی لێ ڕوودا دەکەوتە ناو چەمانەوەی ڕووباری قزل ئایەرماق و دەریاچەی (تاتا) لە وڵاتی تورکیا.

لە ناو ڕووداوە مێژووییەکاندا، دەکرێت خۆرگیران و مانگ گیران زۆر بە ئاسانی بدۆزرێتەوە و بزاندرێت لە چ ناوچەیەکی جیهان بووە. لە ڕۆژی خۆرگیرانەکەدا، پاشای ماد و سەربازەکانی کە لە نزیك چەمانەوەی ڕووبارەکە بوون بە توندی ترسان و لە جەنگ کشانەوە و گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەیان و قارۆنیش وایدەزانی کە (ئارتەمیس) جیهانی تاریك کردووە.

ئارتەمیس خوداوەندی وڵاتی لیدی بوو و دانیشتوان بە خوداوەنیان دادەنا، پەرستینی خوایانی مێ لە ناو گەلاندا یادگارێکی ئێرانی بوو و دەگەڕایەوە بۆ سەردەمی دەسەلاتداری ژنان و لەناو هەر یەك لە نەتەوە کۆنەکاندا کە خودایەکی مێینە بوونی هەبووبێت، بیرۆکەی بوونەکەی بۆ ئێرانییەکان گەڕاوەتەوە.

دانیشتوانی لیدی کۆمەڵێك پەرستگایان بۆ خوداوەندەکەیان دروستکردبوو و لە هەریەکەیاندا کۆمەڵێك ژن خزمەتکار بوون، وەك هێرۆدۆت و مێژوونووسانی تر دەگێڕنەوە، ئەو ژنانە خۆیان دەخستە بەر دەستی ئەوانەی دەهاتنە پەرستگا و لە جیاتی ئەوکارەیان دیاریان لەو پیاوانە وەردەگرت و پێشکەشیان دەکرد بە خوداوەندەکەیان و لە ڕاستیدا بە خاوەنی پەرستگاکانیان. کاری ئەو ئافرەتانە لە وڵاتی لیدی بە چاکە و خێر دەزاندرا و کوروشیش لە ڕووی ڕێزگرتن لە ئایینەکان، لە کاتی داگیرکردنی ئەو وڵاتە ئەو نەریتەی بە ئازادی هێشتەوە و نەیەویست ڕێگری لەو کارە بکات، هەرچەندە ئێرانییەکان ئەوکات بە جەنگمترین کەسانی سەر زەوی بوون و داوێن و دەروون پاکیان ڕەچاودەکرد.

قارۆنی وڵاتی لیدی لە سەردەمی کوروش بە (گرۆزۆس) ناودەبرا و باروودۆخی وڵاتی لیدی لەوکاتەدا لە ڕووی جوگرافی زۆر جیابوو لە ئێستا و بەهۆی ئەوەی سێ لای ئەو وڵاتە بە

دەریاچە سنووردار کرابوو، دار و جەنگەڵی زۆری لێ بوو و بارانی زۆری لێ دەباری بە تایبەتی سنووری لەگەڵ عەرەبەکان کە تیایاندا زەوی بە جەنگەڵی گەورە و داری زۆر داپۆشرابوون، کە ئێستا نەماون و لەناو چوون.

لیدی لە وڵاتانی بەپیت و بەرەکەتی دونیای کۆن بووە و ئێستاکەش زۆر بە پیتە، دەکەوێتە رۆژئاوای تورکیا و گەرمترە لە رۆژهەڵاتی ئەو وڵاتە، لەئەوێ دانەویلە و زەیتوون بە فراوانی بەرهەم دەهات و مەری ئەو وڵاتە بە باشترین جۆری مەر لە رۆژهەڵاتی ناوەراستی ئێستا دادەنرا.

کوروش دوای ئەوەی زانی قارۆن لە رووباری قزل ئایەرماق ناکشێتەوە و ئەرمەنستان چوول ناکات، لە ساڵی (٥٤٦ پ. ز) بریاریدا هێرش بکات بۆ سەر لیدی. پێش ئەوەی کوروش بەرەو لیدی بچێت لە شاری پازارگادس ناوچەی فارس، وتارێکی بۆ نەتەوەی خۆی وت و خانتۆس مێژوونووسی لیدی بەم شێوەیە وتاری کوروش دەیگێرێتەوە:

"من دەزانم جەنگ هۆکاری وێرانی و کوشتنە، هیچ وڵاتێك بە جەنگ ئاوەدان نابێتەوە و ئارەزوو ناکەم جەنگی خەڵك بکەم، بەڵام کاتێك دەبینم ئەوانی تر مافمان پێشێل دەکەن و بە دادپەروەری بۆمان ناگێرنەوە، لە جەنگ زیاتر رێگەیەکمان بەدەستەوە نامێنێت.

قارۆن رووبارێکی لە سنوری ئێمە داگیرکردووە و دوای ئەوەی نێردراوم نارد بۆ لای و داوام کرد بکشێتەوە، نێردەراوەکەی کوشت و تەنانەت بەو دووکارە نەوەستا و لەشکری خۆی ناردە ئەرمەنستان و سەربازەکانی ئەو ژنی خەڵکیان بە زۆر برد و چی ئاسن لەئەوێ هەبوو بردیان(١٠)، ئەرمەنەکان داوای یارمەتیان لێکردم و منیش ناچارم یارمەتیان بدەم.

هەرچەندە من ئایینی قارۆنم ناوێت و بە تایبەتی لەو نەریتانە لە پەرستگاکانیان هەیە بێزارم و بەڵام نامەوێت دانیشتوانی ئەوێ بکوژم، چونکە ئەوان لەو وڵاتەکەیان جوتیار و یا ئاژەڵدارن و رووباریان داگیر نەکردووە و نێردەی منیان نەکوشتووە و ئەرمەنستانیشیان داگیر نەکردووە. من تەنیا جەنگ لە گەڵ قارۆن دەکەم و دوای شکست دانی ناوبراو، لە گەڵ دانیشتوانی ئەوێ وەك دانیشتوانی ئێران رەفتار دەکەم و گیان و ماڵ و ناموس و ئایینیان لای من رێزی دەبێت و ئەگەر سەربازێکم ستەم لە یەکێکی وڵاتی لیدی بکات بە توندی سزای دەدەم."

---

**(١٠) (ئەوکات ئاسن کانزایەکی بە بها و دەگمەن بوو. زەبیحوڵڵا)**

دوای ئەو وتارە کوروش بەرێکەوت و بە وتەی هیرۆدۆت لەشکرەکەی لە دوو سەد هەزارکەس پێکهاتبوو و سەربازانی کوروش لە چوار دەستەی (لەشکری پیادە، سوارەکان، عارەبانەی جەنگی و ئەندازیارەکان) پێکهاتبوون و کوروش دەیزانی بەشێك لە سوپای قارۆن سوارەیە و ئاگادار بوو کە باشترین چەك بۆ شکاندنی سوارەکان عارەبانەکانە جەنگییەکانن.

ماوەیەك پێش کوروش لە هەمان وڵاتی قارۆن کە بە ناوی هاتی دەناسرا، عارەبانەی جەنگیان دروست دەکرد، بەڵام قارۆن گرنگی پێنەدەدان و ئەسپ سوارانی لەلا باشتر بوون.

(ئێسترا بوون) سکرتێری ئەسکەندەر کە لە گەڵ ناوبراودا چووە ئێران، لە سەفەرنامەکەی خۆیدا دەڵێت: ئەو شەقامانەی کوروش لەگەڵ لەشکرەکەی پییایدا تێپەڕبوون تا بگەنە لیدی، زۆر جوانن و ئەو شەقامانە ئەوەندە بە باشی دروستکراون کە تا دوو سەد ساڵ دوای ئەوە هەر لەناو نەچوون.

هەر لەو سەفەرەیە کە مێژوونووسان باس لە ئاوی کوڵاو دەکەن و دەڵێن لەشکری ئێران لە هەر شوێنێك بوەستا بوایە، ئاویان دەکوڵاند و دوای سارد بوونەوەی دەیان خواردەوە. ئەو کارە دەیسەلمێنێت کە لە سەردەمی کوروش، لەشکرەکەی لە رووی پاك و خاوێنییەوە دووهەزار و پێنج سەد ساڵ لە پێشتر بووە لە سەردەمی خۆی و هەندێ لە لەشکرەکان لەکاتی ڕێرۆیشتن ئاو خاوێن ناکەنەوە و تەنها لەو ساڵانەی دواییدا سوپای ئەمریکا لە کاتی ڕێرۆیشتن هەندێ حەبی کلۆری بۆ پاك کردنەوەی ئاوی ناو قومقومەکانیان لە میکرۆب بە سەربازەکانی دەدا. کوروش لە بیست و پێنج سەدە پێش ئەوکاتە بە کوڵاندن، ئاوی خاوێن کردووتەوە تا سەربازەکانی لەو نەخۆشیانە بەدوور بکات کە لە ڕێگەی ئاوی پیس دەگواسترێنەوە.

# جەنگی گەورەی کوروش و کرزۆس

پێشتر وتمان سەبارەت بە کوروش لە زمانەکانی بیگانە نزیکەی چوار هەزار پەرتووك نووسراوە و دەستمان بە هەموویان ڕانەگەیشتووە و ئەگەر بەردەستیش بن، تەمەنی وەرگێڕ بەشی خوێندنەوەیان ناکات، بۆیە لەو پەرتووکە هەموو شت لەبارەی کوروش نەهاتووە. سەبارەت بە کرزۆسیش بە هەمان شێوە پەرتووکی زۆر هەیە و تەنها هیرۆدۆت سێ سەد پەرەی لە بارەوە نووسیوە و ناوی ئەو وڵاتانە نووسیوە کە داگیری کردوون. ئەگەر بابەتێك هەبێت کە باسمان نەکردووە یا ئێوە لە پەرتووکە جیاکاندا خوێندووتانەوە، ئەگەر لە پەرتووکە بەناو بانگەکان بووبێت ئەوا وەرگێڕ لێیان ئاگادارە و ئەگەر نا بە پێوەری سەرەوەمان هەژمار کردوون و بۆ خۆپارارێزی لە درێژدادری باسمان نەکردوون.

پێش چوونە ناو بابەتی سەرەکی بە پێویستی دەزانین ئەو هەڵە مێژووییە ڕاست بکەینەوە کە کرزۆس بە یەکەم کەس دادەنێت کە سککەی پارەی لێداوە و دەڵێین ئەگەر لە کۆن ئەو بابەتە پەسەندکراوە، هۆکەی تەنها ئەوە بووە کە مێژوو تەنها لە ڕێگەی پەرتووکێکەوە بۆ یەکی تر گواستراوەتەوە و ئێستا وانەماوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاسەواری دەرهاتوو لە ژێر خاك زانیارییەکان ڕاستتر دەکەن، بۆ نموونە چەند سککەیەك لە پاشای ئاشوور سەنحاریب بەردەست کەوتوون و یەکەم کەس کە سککەی لێداوە (سەنحاریب) پاشای ئاشوور و خاوەنی باغە هەڵواسراوەکانی بابل بووە و دووسەدە بەر لە کرزۆس ژیاوە.

کاتێك قارۆن دڵنیا بوو کە دەبێت جەنگ لەگەڵ کوروشدا دەکات، دەستەیەکی لە نزیکانی خۆی پێکهێنا و بۆ پەرستگای (دۆلف) بۆ لای غەیب بیژی پەرستگاکەی ناردن و پێی وتن کە

دوو پرسیاری لێ بکەن، یەکەمیان لە کاتی چوونی ئەو دەستەیە کرزۆس سەرگەرمی چییە و دووەم ئایا لەگەڵ کوروش جەنگ بکات یا نا؟

پەرستگای دۆلف لە یۆنان بوو و ئێستا لە شوێنی ئەودا ئاوایی (کاستری) هەیە، ئەوکات ئەوانەی زانیاریان لەسەر داهاتوو دەویست دەچوونە ئەوێ، بەڵام چونکە ئەو پارەیەی غەیب بیژەکە دەیویست زۆر بوو، تەنها دەوڵەمەند و دەسەڵاتداران دەیانتوانی وەڵامی پرسیارەکانیان وەربگرن.

نوێنەرەکانی قارۆن چوونە پەرستگا و پرسیاریان کرد، وەڵامی یەکەم پرسیاریان ئەوە بوو کە: " قابلەمەیەکی گەورە لە سەر ئاگر دەبینم کە گۆشتی کیسەڵ و مەری تێدا دەکولێندرێت و پاشای ئێوە دەیەوێت دوای کولاندنی ئەو گۆشتانە، بیانداتە سەگەکانی خۆی."

پرسیاری دووەمیان کرد و وەلامیان درایەوە کە پاشاکەتان پێویستە هەدیەیەکی گەورە بداتە پەرستگا، تا وەلامتان بدەمەوە.

ئەوان گەڕانەوە بۆ لای پاشا و بۆیان باسکرد و پاشا دووچاری سەرسوڕمانی زۆر هات و لە هەمانکاتدا دڵی کەوتە خرۆش، ئەوانەش بە هۆی ڕاستی ئەو بابەتە بوو کە غەیب بیژەکە وتبوی و بۆیە پاشا بیری کردەوە کەسێك بەو دروستییە لێکدانەوە بکات لەسەر کاری رۆژانەی پاشا، ئەوە بە دڵنیایی دەتوانێت داهاتووی جەنگی ئەو و کوروش بڵێت.

بۆیە فەرمانیدا تا بە پێوانەی ئەمرۆ(١٢٠٠) کیلۆ زێر لە خزینە دەربێنن و دوای تواندنەوە بیکەنە پەیکەرێکی زێر و بە دیاری بیبەن بۆ پەرستگای دۆلف لە یۆنان و دوای بردنی پەیکەرەکە بۆ غەیب بیژەکە، بەم شێوەیە وەڵامی پرسیاری دووەمی دایەوە:

" تۆ بەسەر هەموو پاشاکانی ئێراندا سەر دەکەوێت، تەنها ئەوکاتە نەبێت کە ئێسترێك دەبێتە پاشای ئێران."

پاشا لەو وەڵامە زۆر دڵخۆش بوو چونکە دەیزانی هەرگیز روونادات ئێسترێك پاشای ئێران بێت.

لەوانەیە ئەو بابەتەی باسمان کرد لەبەر چاوی خوێنەری بەرێز بە ئەفسانە بچێت، بەڵام هیرۆدۆت مێژوونووسی یۆنانی و باوکی مێژوونووسان ئەم بابەتەی باس کردووە و لە رابردووشدا تەنانەت لە سەدەیەك پێش لە ئێران، پاشا هەبووە هەمان کاری کردووە و بۆ هەر کارێك پشتی بە فاڵ گرتنەوە بەستووە، ئەوا دووچاری سەرسوڕمان نابین کاتێك لە بیست و پێنج سەدە پێش ئێستا قارۆن بۆ جەنگ لەگەڵ کوروش پشتی بە فاڵچی بەستووە.

بەڵام ئێمە لەو گێڕانەوەیە لە هیرۆدۆتەوە، مەبەستمان ئەوەیە کە لە دووهەزار و پێنج سەد ساڵ پێشیش هیچ پاشایەك بێ لێکدانەوە و زانیاری نەدەچوونە ناو جەنگ و دەیانزانی جەنگ تێچووی زۆری دەوێت، ئەگەر شکست بخۆن ئەوە هەموو شتیان لە کیس دەچێت.

رابواردن و خۆشگوزەرانی رێگەی بیرکردنەوەی پاشای گرتبوو، بۆیە لە بابەتەکە ورد نەبووە تا بزانێت سونبولی وڵاتی پارس (ئەسپ) بوو و هی وڵاتی ماد (کەر)، کوروش لە دوو رەگەزی شازادەکانی ماد و پارس بوو، بەو پێوەرە مەبەستی غەیب بێژ لە ئێستر هەمان کوروش بووە[1].

پێش ئەوەی جەنگ دەست پێ بکات، پیاوێکی خەلکی لیدی بە ناوی (کالتۆس) کە زۆر زانا بوو، چووە لای قارۆن و پێیوت:

"ئەی پاشای گەورە تۆ ئێستا پاشای چواردە وڵاتی و گەنجینەکانت پڕن لە زێڕو زیو، هەزاران کور و کچی جوان لە دەورەتن و هەموو پێداویستییەکانی خۆشی ژیانت هەیە، لە کاتی تینوو بوون شەڕابی کەرت و قوبرس دەخۆیتەوە و کۆیلەکانت بە ئاوی گوڵ دەتشۆن، بۆ لە گەڵ ئەو پیاوانەی کە (ئاناخیرید[2][3]) لەپێ دەکەن دەکەویتە جەنگ.

کالتۆس بەردەوامبوو وتی: ئەی پاشای گەورە، بەرگی ئێرانییەکان جگە لە ئاناخیرید، نیوە باڵا پۆشێکی چەرمە و ئەوان شەڕاب ناخۆنەوە و تەنها ئاو دەخۆن، لە خواردنیش ئەوەی دەستیان کەوێت، ئەوە دەخۆن.

ئێرانییەکان خەڵکی ئازا و نەدارن و ئەگەر بەسەریاندا سەرکەوی هیچ سوودت دەست ناکەوێت و ئەگەر شکست بخۆی گەنجینەو وڵاتەکەتت لە کیس دەچێت و تەواوی ئەو شتانەی لە ئێستادا پێداویستی خۆشگوزەرانی ئێوەن، لە دەستتان دەچێت.

بە باوەڕی من چونکە بیانووی کوروش بۆ جەنگ رووباری قزل ئایەرماقە، تۆ ئەو رووبارەی بدەوە و ئەگەر ئەو رووبارە وەك رووباری (پاکتۆڵ) بوایە، تۆ لەو زێڕت دەست دەکەوت و

(١) (لە ڕاستیدا ئێستر لە جووتبوونی نێرەکەر لە گەڵ ماین واتە ئەسپی مێیە دێتە بەرهەم و کوروش لە دیکێکی ماد و باوکێکی پارس هاتۆتە دونیاوە و بەو پێیە دایکی کوروش ئەسپە و نیشانی مادەکانە و باوکیشی کە پارس بووە، کەرەکە واتە نیشانی پارس بووە و بەم شێوەیە دروستەکە دێتە دەستمان. وەرگێڕ بۆ کوردی)

(٢) (ئاناخرید شەلوارێکی بەرین بوو کە دەلینگی تەسك دەبۆوە و ئێرانییەکان لە دەیانپۆشی و لە تەواوی دونیا بەو ناوە ناسراوە، لە زۆر لە هەڵکەندراوە مێژووییەکان دیارە. زەبیحوڵڵا.)

(٣) (هەمان شلوارە کە تا ئێستا گەلی کورد و هەندێ نەتەوەی تر دەیپۆشن. وەرگێڕ بۆ کوردی.)

پێموایە ئەوکات مافت هەبوو کە ئەوێ داگیر بکەی[٤]، بەڵام قزل ئایەرماق زێری تێدانییە و نرخی ئەوندە نییە."

قارۆن وەڵامیدایەوە و وتی: ماوەیەکە بۆم دەرکەوتووە جۆرێك زێر هەیە کە لە بنی رووبار نایەتەدەر و لە زەوی سەر دەردەهێنێت و ئەو زێرە تازە هەمان گەنم و جۆ و برنجە و بۆ بەدەستهێنانی پێویستە ئاودێری زەوی بکەین و رووباری قزل ئایەرماق ئەو رووبارەیە کە ئاودێری زەوی زۆر بە ئاسانی دەکات، ئەو رووبارە لە سنووری وڵاتی منە و (٦٥٠) فەرسەنگ لە پایتەختی کوروش دوورە، پەیوەندی بە کوروش نییە کە من دەمەوێت سوود لەو رووبارە ببینم. خۆ من نەمویستووە رووبارێك داگیر بکەم کە لە تەنیشت پازارگاد بێت و لە لایەکی تر ئەو بە چ مافێك خۆی بە خاوەنی رووبارێك دەزانێت کە لە سنووری وڵاتی منە.

کاڵتۆس وتی: ئەی پاشای گەورە من لە جەنگی تۆ لەگەڵ ئێرانییەکان دەترسم.

قارۆن وتی: کالتۆس مەترسە، چونکە من زێرم هەیە و ئەوەی زێری هەبێت ئەوەندەی بیەوێت دەتوانێت سەرباز ئامادەبکات و بۆ مەیدانی جەنگیان ببات، جگە لەوە لەو رۆژەی لیدی دامەزراوە کەس نەیتوانیوە لە لای رۆژهەڵاتەوە هێرش بکاتەسەری و لە رۆژهەڵاتەوە دوو شورەی سروشتی هەیە کە یەکیان شاخەکانی (ئامامۆس) و ئەوی تر شاخەکانی (تۆرۆس[٥]) یا تەوریزن، ئەو دوو شاخانە کە لە رۆژهەڵاتی وڵاتەکەی منن رێگرن لە هەر هێرشێك بۆ سەر وڵاتەکەم.

ئێرانییەکان ناتوانن لەو شاخانە تێپەڕبن و بگەنە وڵاتی من، ئەگەر لە شاخەکان تێپەڕبن دەگەنە رووباری قزل ئایەرماق و ناتوانن لەو رووبارە بپەرنەوە، بە گریمانێکی لاوازیش ئەگەر بپەرنەوە، ئەوا رووبەرووی سوپای من دەبنەوە و دەشکێن."

کاڵتۆس وتی: ئەی پاشای گەورە، وێڕای ئەوەی کە تۆ زێرت هەیە بەڵام گەلی ئیسپارت لە گەڵ خۆت بکە بە هاوپەیمان، چونکە لە نێوان گەلانی یۆنان کەس لەوان ئازاتر نییە.

قارۆن وتی: ئەو ئامۆژگارییەت پەسەند دەکەم، بەڵام بۆ ئەوەی ئەوان بکەمە هاوپەیمان پێویستە بۆ هەریەکە پاشا و سەربازەکانیان دیاری بنێرم.

---

**(٤) (رووباری پاکتۆل یەك لەو دوو رووبارەیە کە بە نزیك شاری سارد (ئێرانییەکان بە ساردی ناوی دێنن) پایتەختی لیدی تێپەڕدەبوون، خۆڵی بنی رووبارەکە زێری تێدا بوو و قارۆن کۆیلەکانی ناچار دەکرد ئەو خۆڵەیان لە کەناری رووبارەکە دەشوشتەوە و زێرەکەیان دەردەکرد و دەیانبرد بۆ خزینەی قارۆن و دەووترێت کە زۆرینەی زێری خزینەی قارۆن لە رووباری پاکتۆڵەوە هاتبوو. زەبیحوڵڵا.)**

**(٥) (تا ئێستاش ئەو دوو زنجیرە شاخە کە دەکەونە رۆژهەڵاتی تورکیا، رێگری سروشتین و دەتوانن رێگە لە سوپایەکی هێرش بەر بگرن.زەبیحوڵڵا)**

کالتۆس وتی: تۆ دەوڵەمەندی و دەتوانی بۆیان دیاری بنێری.

قارۆن بەڵێنیدا کە بۆ پاشای ئیسپارت پەیکەرێکی زێر و بۆ هەر سەربازێکیان هەندێك زێر وەك دیاری بنێرێت[٦].

کاتێك کوروش بە رێکەوت، هێشتا بەهار نەهاتبوو و وەرزی زستانی ساڵی (٥٤٦ پ. ز) بوو، ئەو دەیزانی ئەگەر تا هاتنی بەهار بوەستێت ئەوا درەنگ دەبێت و ئەو رووبارە بچووکانەی ئاسیای بچووك کە دەبێت سوپاکەی سوودیان لێ وەربگرێت، وشکدەبن و جگە لەوەش دەیزانی نابێت ماوە بە قارۆن بدات کە سوپای گەورە ئامادەبکات، چونکە ئەو پاشای چواردە وڵات بوو و ئەگەر کاتی هەبوایە سوپای گەورەی ئامادەدەکرد و کوروشی دەشکاند.

ئەو رێگەیەی کوروش گرتییەبەر، دواتر ناوی رێگای پاشایەتی لێنرا و لە پازارگا دەستی پێ دەکرد و تا ساردی پایتەختی لیدی دەرۆیشت. ئەو رێگەیە تا ئێستا هەیە و ئەو رێبوارانەی کە بەو رێگەیە دەرۆن، هەر ئەو شتانە دەبینن کە سوپای کوروش دیتوویەتی.

جوولەی سوپای دووسەدهەزار کەسی کوروش بۆ لیدی کارێکی سەربازی مەزنی دونیای کۆنە و لەوانەیە تەنها لە کاتی کۆچەکانی ئارییاییەکان شتی ئاوا روویدابێت، بەڵام مێژوو شایەتی نادات کە پێش کوروش لەشکرێکی دووسەد هەزار کەسی لە ئەوێوە رۆیشتبێت و لەشکرکێشییە مەزنەکانی تر دوای ئەو لەشکرکێشییە دەستیان پێکرد.

دەستەیەك لە سەربازەکانی سوپای کوروش ئەرکیان کۆکردنەوە و دابینکردنی خۆراك و ئالیك بۆ سەرباز و ئاژەڵەکان بوو و لە پێشەوەی سوپا دەرۆیشتن و بە ئەرکیان هەڵدەستان، وێڕای ئەوەش سێ سەد عارەبانە خۆراك لە گەڵ لەشکرەکە بوو و کوروش دەیزانی بە پێوەری ئێستا هەر تاکێك یەك کیلۆ خواردنی دەوێت، واتە دووسەد تەن خۆراك بۆ یەك رۆژی لەشکرەکەی پێویستە. هەروەها پێنج سەد عارەبانە تەنها تیریان بۆ کەوانەکان بۆ کاتی جەنگ بار کردبوو و لە سوپاکەی کوروش چەند دەستە سەربازی ئێرانی هەبوون کە بریتی بوون لە:

---

(٦) (وڵاتی ئیسپارت کە ناوەکەی مێژووە کۆنەکانی یۆنانی پڕ کردووە، وڵاتێکی بچووکی ناو یۆنان بووە و سوارکارێك بە ئەسپ دەیتوانی لە یەك رۆژدا تەواوی خاکەکەی ببڕێت و ژمارەی دانیشتوانی لە سی هەزار کەس تێپەڕنەدەبوو، بەڵام ئەو سی هەزار کەسە وەرزشکار بوون و لە ئیسپارت هەموو ژن و پیاوەکان وەرزشیان دەکرد و پیاوان سەرەرای وەرزش، هەموو هونەرە جەنگییەکان فێر دەبوون و منداڵەکانیان زۆر بە ڕەقی پەروەردە و گەورە دەکرد، بەو رادەیە کە کاتێك لاوێکی ئیسپارتی لە سەر زەوییەکی بەردەڵان دەخەوت، ئەوەندە ئارام بوو کە وایدەزانی لەسەر خاکێکی نەرم نوستووە و لە بەشەکانی داهاتووی ئەو پەرتووکە بە هۆی جەنگەکانی یۆنان و پاشاکانی ئێران، باسی ئەو نەتەوە ئازایە دەکەین. زەبیحوڵڵا)

دەستەی یەکەم هۆزەکانی فارس بوون کە ئەسپی بچووك و ناوقەد باریك و بە توانایان لابوو و ئەو ئەسپانە لە ئێرانەوە چوونە عەرەبستان و ناوی ئەسپی عەرەبیان وەرگرت.

دەستەی دووەم لە سەربازەکانی کوروش هۆزەکانی کوردستان و کرماشان بوون کە بالآیان بەرز و دەنگیان گەورە و گڕ بوو و کاتێك بەیەکەوە دەدوان، دەنگیان ئەوەندە گەورە بوو کە وەك ئەوە بوو هاوار دەکەن.

دەستەی سێیەم لە سەربازەکانی کوروش بریتی بوون لە دانیشتوانی ئەودیو شاخەکانی ئەلبورز کە وڵاتەکەیان دەگەیشتە دەریای مازەندەران و بە درێژایی تەمەنیان مامەڵەیان لەگەڵ گای کێوی و بەور بوو، ئەوان بالآبەرز بوون و لوتیان زۆر گەورە بوو، هێمای تایبەتی ئەوان بریتی بوو لە بەستنی پشتێنێك لە پەت لە ناوقەدیان، لای ڕاستی پەتەکە گۆڵێنگەیەکی لە هەمان پەت لەسەر بوو کە بە (کوشتی) ناودەبرا، لە کاتەکانی بێکاری سەرەی پتەکەیان دەگرت و دەستیان بە زۆرەبانی دەکرد تا هێزی یەکتر تاقی بکەنەوە. نەریتی زۆرانبازی هێشتا لە ئێران بەردەوامە، بەڵام هەندێ کەس نازانن دەستەواژەی کوشتی گرتن (زۆرانبازی لە کەیەوە بۆتە باو).

دەستەی چوارەم لە سەربازەکانی کوروش خەڵکی (تەوالێش) بوون کە پیاوانی بالآبەرز بوون و پرچیان خۆرمایی و درێژ بوو و بەسەر شان و کۆڵیاندا پەخشان ببوو، لە جوانی بالآ و دەموچاو لە دیارترین پیاوانی جیهان بوون و بەشی ناوەند بۆ سەرەوەی جەستەیان لە هاوین رووت بوو و لە وەرزی زستان بەرگی چەرمیان لەبەردەکرد، پێلاوەکانیان لە چەرمی مامز بوو بە (بە گوڵ چەرم یا لاچەرم ناویان دەبرد) و چەکی ئەو پیاوە موو خۆرماییانە گۆپاڵی بەهێز بوو کە ئەو گۆپاڵە تەنها بە بازووی بەهێزی ئەوان هەڵدەسووڕا. هەر کەس ئەو پیاوە بەهێز و جوان و پرچ درێژانەی دەدیت وای بیردەکردەوە کە لە بەور درندەترن و لە کاتێکدا کە لە دەرەوەی مەیدانی جەنگدا، لە منداڵ بێ ئازارتر بوون و بە هۆی سادەیی و رووحی پاکیان، لە بچووکترین کاری خۆشی دەکەوتنە شادی.

زۆرینەی سەربازەکانی کوروش لە هۆزەکانی دانیشتووی ناوچە شاخاویەکان بوون و بۆیە لە توانایاندا بوو بە بێ ماندوو بوون کاری سەخت ئەنجام بدەن. کوروش دەیزانی فەرماندەی سەربازانی هەر هۆزەێك پێویستە لە خودی هۆزەکە بێت، چونکە باشتر لە زمان و تواناکانیان شارەزایە و دەزانێت بە چ شتێك شاد و بە چیتر ناراحەت دەبن.

سوپای کوروش خەلکی رۆژهەڵاتی ئێران واتە خوراسانی گەورەی کۆنی ئێرانی تێدا نەبوو و ئەو هێشتا دەسەڵاتی نەبوو بەسەر خەڵکی ئەوێ کە بە پارتەکان (پارثەکان) ناسرابوون.

هەموو سەربازەکانی کوروش شەلواری فراحیان لەبەر بوو و هەردەستەیەکیش جلوبەرگی ناوچەکەی خۆیان لەبەر بوو. تا ئەوکات لە سوپای کوروش کاسکێت کردنەسەر نەریت نەبوو و ئەوەی کە توانای کڕینی هەبوایە لە سەری دەکرد، کاسکێتی ئەوکات لە مس یا قەلا بوو و تەنها دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی کاسکێتی ئاسن بکەنە سەریان چونکە زۆر گران بوو.

جگە لە سەربازانی مازەندەران خواردنی سەربازەکانی کوروش بە گشتی یەك شێوە بوو و بریتی بوو لە نان و هەردوو رۆژ جارێکیش گۆشتی مەریان دەدرایە، شێوەی نانەکەیان خڕ و ئەستوور (شێوەی کولێرە) بوو و زۆر درەنگ وشك و ڕەق دەبۆوە، سەربازەکان نانەکەیان پارچە دەکرد و لە ناو کۆڵە پشتییەکانیان دەکرد (کولەپشت ئەوکات هەبوو و نابێت بیربکرێتەوە کە شتێکی تازەیە). خواردنی سەربازەکانی مازەندەران برنجی سوور بوو و دوای کوڵاندن و سارد بوونەوەی، بە شێوەی پارچەی لاکێشەیی دەیانبڕی و دەیانکردە ناو کۆڵەپشتەکانیان و ئەوکاتەی ئەو پارچە برنجە سورانەیان بە مەبەستی خواردن دەگرتە دەست،بەهۆی ڕەنگی سوری خواردنەکەیان، وادەزاندرا کە پارچەیەك خوێن دەخۆن.

سوپای کوروش بە درێژایی پێنج فەرسەخ لە ڕێگاکەدا دەرۆیشت و عارەبانەکانی هەڵگری خۆراك و تیرەکان لە ناوەراستی لەشکرەکە بوو، سوپاکە بەردەوام پێشەنگ و پاشکۆی هەبوو، لە سەرەتای بەهاری (٥٤٦ پ. ز) سوپای کوروش گەیشتە شاخەکانی تۆرۆس (تەوریز[٧]) و پێشەنگی سوپاکەیان لەوێ، بۆ ئەوەی بەردەوام شوێنە دوورەکان ببینێت لە بەرزایی شاخەکان دەرۆیشتن و هەر چەندە رۆیشتن لە لوتکەکان سەختە بەڵام بۆ پێشەنگی سوپای کوروش کە خەلکی ناوچە شاخاویەکان بوون کارێکی ئاسایی بوو.

ڕێگای کوروش بە لوتکەیەکدابوو کە ئێستا بە (رەواندوز) ناسراوە و ئەوکات بە (رەواندیس، رەواندیز) ناودەبرا و نابێت ئەو ڕێگە کوێستانییە بە هەمان ناو بناسین کە ئێستا شارێکە لە کوردستانی عێراق (واتە شاری رەواندوز[٨]).

لوتکەی شاخەکە نزیکەی سێ هەزار مەتر بەرز بوو و دەبوایە سوپای کوروش بە باریکەرێیەکی ناخۆشدا سەرکەون و دواتر بە هەمان شێوە بچنەناو ڕێگایەکی نشێو و پڕ لۆفە

---

**(٧) (شاخەکانی تۆرۆس کە بە شاخەکانی تەوریز ناویان هاتووە لە ڕاستیدا هەمان شاخەکانی ئاناتۆلین لە کوردستان، وەرگێر بۆ کوردی)**

**(٨) (بەپێی زانیاری و بەڵگەکان ئەو ڕێگەیەی زەبیحوڵڵا باسی دەکات، هەمان شاری رەواندوزی باشووری کوردستانە و تەنها نازانیین مەبەستی لە گۆڕینی چییە. وەرگێر بۆ کوردی)**

و شۆر ببنەوە بۆ ناو خەرەندێکی قوول. لە سەردەمی ئێستا ڕێگاکە خۆش کراوە و ئۆتۆمبێلەکان بەو شوێنەدا دەروون، بەڵام لە کاتی کوروشدا جادەیەکی باریك بوو کە کاروانی پیادا دەرۆیشت و عارەبانەکان نەیاندەتوانی لەو دەربەندەوە تێپەڕبن و کوروش دەیزانی کە لەو وەرزە بەفر لە لوتکەکان هەیە و ئەمەش کارەکەی زیاتر قورس دەکات.

بۆیە فەرمانی کرد عارەبانەکان لێك هەڵوەشێنن و هەر پارچەیەك لە لایەن سەربازێك بگوازرێتەوە. کاری تێپەڕبوونی ئەو سوپایە بەو شاخەدا کارێك نەبوو بەیەك یا دوو ڕۆژ بکرێت و بە فەرمانی کوروش بە درێژایی ڕێگەکە لە خوارەوە بۆ سەرەوە تا لوتکەی هەورازەکە و لە دیوەکەی تری کە نشیو بوو، چەند خێوەتگەیەك دروستکرا تا سەربازەکانی پشوویان لێبدەن و شەوانە لێیان بخەون و ئەو کارەی چیاڤانەکان ئێستا دەیکەن، کوروش لە بیست و پێنج سەدە پێش ئێستا بە ئەنجامی گەیاند.

مێژوونووسان ماوەی دە ڕۆژیان دیاریکردووە بۆ پەرینەوەی سوپای کوروش لەو شاخە و لەوانەشە ماوەکە لە ڕاستییەوە نزیك بێت، چونکە سوپاکە لە دووسەدهەزار کەس پێك هاتبوو. هەڵبەت پەرینەوەی ئەو سوپایە بەبێ زیان نەبووە و لە درێژایی ڕێگەکە ژمارەیەك سەرباز لە شاخ کەوتنە خوار و ئەوانەی لە دامێنی شاخەکە دەکەوتن، هەندێکیان نەدەمردن و لە شەوان دەنگیان دەهات کە داوای یارمەتیان دەکرد. پازدە ڕۆژ لە سەرەتای بەهار تێپەڕبوو تا سوپاکە توانی بگاتە قوولایی خەرەند و شاخەکە بەجێ بهێڵن.

هەرچەندە (ئیبن ئەسیر) مێژوونasی ڕۆژهەڵاتی ناوی کوروشی لە پەرتووکە مێژووییەکەی هێناوە، بەڵام ئێمە ئەو پاشایە لە زمانی ئەورووپییەکان دەناسین، تەنها نزیکەی سەد و پەنجا ساڵە ناوی کوروشمان بەرگوێ کەوتووە و لە سەرەتا تەنها چەند کەسێك ناویان زانی بوو و دواتریش ئەورووپییەکان هاتن و لێ کۆلینەوەیان دەکرد، بەڵام ئاکامی لێکۆڵینەوەکانیان پێڕانە دەگەیاندین.

ڕۆژهەڵاتناس و لێکۆڵەری بریتانی (سێر هێنری راولین سۆن) لە سەردەمێك هاتە ئێران و لێ کۆلینەوەی لە کەتیبەکانی بێستوون کرد کە تاکە کەسێك لە ئێران نەبوو، بزانێت ئەو سەبارەت بەو کەتیبانە چ دەڵێت و ئەویش بە ناچاری گەڕایەوە ئەورووپا و لێکۆڵینەوەکانی لەوێ بلاو کردەوە، تەنانەت لە سەدەی ڕابردوودا پرۆفیسۆر کامێرۆنی ئەمریکاییش کە پازدە هەزار کەتیبەی بێستوونی خوێند بۆوە، گوێگری دەست نەکەوت و بە ناچاری ئاکامی لێ کۆلینەوەکانی لە ڕۆژئاوا بلاو کردەوە.

لە دوای ساڵی ١٣٣٠ کۆچی هەتاوی (١٩٥١ ز) کۆمەڵێك زانای ئێرانی دەرکەوتن و ویستیان لێکۆڵینەوە لە سەر کەتیبەکانی بیستوون بکەن، بەڵام هێشتا نەزاندراوە ئایا ئەوان دەتوانن ئەو سێ ڕێنووسەی سەردەمی هەخامەنشییەکان (کە بە کوروش دەستی پێکردبوو) بخوێننەوە، چونکە کەتیبەکان بە گشتی هی ئەو سەردەمەن و بە ڕێنووسەکانی (ئارامی، ئیلامی و بابلی) نووسراون کە ڕێنووسی بزمارین و تەنانەت ئەو کەتیبەی کە کوروش لە سەردەمی هەڵکەندنی نۆکەندی سوئیسدا لە میسری هەڵواسی و تا ئێستا ماوە بە خەتی بزماری و بەو سێ ڕێنووسەیە.

ئیمپراتۆریەتی ئێران بەرفراوان بوو و ڕێزی تەواویشی بۆ کەلتووری نەتەوەکانی ژێر دەستی هەبوو و بۆیە ڕێنووسی ئەوانی لەناو نەبرد و ڕێزی زمان و ڕێنووسی ئیلامی و بابلیان ڕاگرت و هەر فەرمانێك لە پاشا دەردەچوو، بە هەر سێ ڕێنووس دەنووسرانەوە.

کوروش پاشای ئێران لە نیشتیمانی خۆیدا تەنها لە نزیکەی سەدەیەك پێشەوە ناسراوە و بۆیە ویستمان زانیاری زۆری لە بارەی دەستەبەر بکەین، چونکە ئێمە بە بیستنی شارستانییەتی ڕۆژئاوا سەرمەست بووین و ئاوڕمان لە شارستانییەتی رابردوومان نەدەدایەوە، لە رابردوودا بە لای جیهانیانەوە داهێنەری جەنگی کوتوپڕ بریتی بوو لە هیتلەر و لەڕاستیدا دەبینین کوروش داهێنەری جەنگی لەنەکاو بوو و توانی لە نەکاو سوپایەکی دوو سەد هەزار کەسی و چوارپێ و عارەبانەکانی جەنگی بە ناوچە شاخاویەکانی ئاسیای بچووکدا بگەیێنێتە وڵاتی لیدی و پێش ئەوەی قارۆن بتوانێت لەشکری وڵاتەکانی خۆی ئامادەبکات، هێرشی بکاتەسەر و لە ناوی ببات.

وتمان قارۆن پاشای چواردە وڵات بوو و ئەگەر مۆڵەتی بوایە ئەوا دەیتوانی سەربازگیری لەو وڵاتانە بکات و بە ئامادەکردنی خۆراك و ئالیك، پێنج سەد هەزار سەرباز ساز بکات و هێرش بکاتە سەر سوپاکەی کوروش و لە ناوی ببات. تێپەڕبوونی سوپای کوروش بە لوتکەی ڕەواندز، کە لەو وەرزەی ساڵدا پڕ بەفر بوو شاکارێکی مەزنتر بووە لە تێپەڕبوونی سەپاکەی (ئانی باڵ) سەرداری کارتاژی لە سەدەی سێیەمی زایینی بە شاخەکانی ئالپی باکووری ئیتاڵیا و ئەویش مەزنتر بووە لە پەرینەوەی سوپای ناپلیۆن بە هەمان شاخەکانی ئالپ لە سەدەی هەژدەهەمدا.

لە ڕۆژی هەڤدەهەمی نەورۆزی ساڵی (٥٤٦ پ. ز) هەواڵیان گەیاندە کوروش کە پیرەمێردێکی ریش سپی کە درێژی ریشی تا سەر پشتینەکەیەتی، دەیەوێت بیبینێت.

کوروش وتی: بزانن کە کێیە و چی دەوێت؟

ووتیان: ئەو بە زمانی بابلی دەدوێت و نایەوێت جگە لە پاشا خۆی بەکەس بناسێنێت.

کوروش وتی بابێت و زۆری نەبرد پیرەمێردی ریش سپی بە هەنگاوە هێواشەکانی، خۆی گەیاندە لای کوروش. ئەو کلاوی بابلی لەسەر و عەبای بابلی کە خەتی سوور و شینی تێدا بوو، لە بەر بوو.

کوروش بە زمانی بابلی وتی: ئەی پیرە پیاو تۆ کێی و چیت دەوێت؟

پیرەمێرد وتی: ئەی پاشای گەورە من دەدانم نییە و بەو هۆیەوە ناتوانم بە باشی بدوێم و بۆیە داوای لێبوردنت لێ دەکەم.

کوروش وتی: بە تەمەنەکان لای من زۆر بەرێزن و ئامادەم گوێ لە وتەکانت بگرم.

پیرەپیاوەکە وتی: ئەی پاشای گەورە، ناوی من زۆرۆبێلە و ئاییم یەهودییە، چل و یەکساڵە لەو شاخانە دەژیم.

کوروش بەسەر سورمانەوە وتی: ئایا تۆ بە تەنیا لێرە دەژیت؟

پیرە پیاو وتی: بەڵێ ئەی پاشای گەورە، من لێرە تەنیام و ناتوانم لە شوێنی تر بژیم و ئەگەر بمناسن ئەوا دەمکوژن.

کوروش وتی: چوون دەبێت پیرە پیاوێکی وەك تۆ بکوژن .... تەمەنی تۆ چەندە؟

ئەو وتی: پاشای مەزن سەد و یەك ساڵ لە تەمەنی من تێپەڕبووە.

کوروش پرسی: خەڵکی چ شوێنێکی؟

ووتی: من خەڵکی ئۆرشەلیمم و تا چل و یەك ساڵ پێش سەرپەرشتیاری هیکەل (پەرستگای گەورەی یەهود لە ئۆرشەلیم) بووم، ئەو کات نەبوکت نەصر (بخت النصر) پاشای بابل هێرشی هێنایە سەر ئۆرشەلیم و تەواوی منداڵان و بەتەمەنەکانی کوشت، پەرتووکی ئاسمانی ئێمە واتە تەوراتی سووتاند و گەنجەکانیشی بە دیل گرت تا بیان بات بۆ بابل و بیانکاتە کۆیلە و جووتیان پێ بکات و لە گاسنیان ببەستێت، لە هەموو ئەو بەڵایانەش مەزنتر ئەوە بوو کە پەرستگای هەیکەلی تاڵانکرد، کە لە لایەن حزرەتی سولەیمان دروستکرابوو.

کاتێك (بخت النصر) هێرشی بۆ ئۆرشەلیم کرد، ماوەی (٣٥٠) ساڵ بوو هەیکەل دروستکرا بوو و جولەکەکان هەرچی شتوومەکی گرانبەهای هەیانبووایە پێشکەشی هیکەلیان دەکرد و ئەوەندە زێر، سەدەف، یاقووت و مرواری و شتی گرانبەها لە پەرستگاکە هەبوو کە ئەگەر ویسترا بوایە ئەو شتە گرانبەهایانە بگوازرێنەوە، ئەوا باری هەزاران وشتری دەکرد و ئەو پاشا

ستەمکارە نە تەنها ئەوانەی هەموو گواستەوە بۆ بابل، بەڵکو هەیکەلی بە شێوەیەك وێرانکرد کە تاکە بەردێکی لە سەر یەك نەهێشتنەوە.

کوروش وتی: ناوی ئەو کەسەی هەیکەلی بیناکرد چ بوو؟

پێرەپیاو وتی: ئەو ناوی حزرەتی سلێمان بوو و هەم پاشا و هەم پیامبەرمان بوو، زانایی و دانایی و دادگەریەکەی بەناوبانگە و لە (٣٨٤ پ. ز) کۆچی دوایی کرد[١]. کاتی هێرشی **بخت النصر** بۆ ئۆرشەلیم من لەو شارە نەبووم و لە شاری صۆر بووم، چونکە پزیشکەکان وتبوویان بۆ دەرمانی نەخۆشییەکەم بچمە شاری (صور) لە نزیك ئیتاڵیا لە لێواری دەریا، ئەگەر لە ئۆرشەلیم بوامە منیشیان دەکوشت و ناچار خۆم شاردەوە و دواجار گەیشتمە ئێرە. من دڵم بە ژیان و زیندوو بوون خۆش نەبوو، بەڵام بۆیە خۆم پاراست تا بتوانم جارێکی تر پەرستگای هەیکەل بینا بکەمەوە و نوێژ و نزای تێدا بکەم.

ئەی پاشای گەورە ئەوە ماوەی چل و یەك ساڵە ژنان و پیاوانی یەهودی و لەناویشیاندا کور و کچەکانم بوونەتە کۆیلە و لە بابل جووتیان پێدەکەن و یاخود لە دەستاری روون و لە دوولابیان[٢] دەبەستن، بەڵام نەتەوەی بنی اسرائیل لە بەرانبەر تەواوی ئەو بەدبەختیانە خۆیان ڕاگرتووە تا سەرلە نوێ هەیکەل بینا بکەنەوە.

کوروش وتی: ژمارەی یەهودییەکان کە ئێستا لە بابل بوونەتە کۆیلە چەندە؟

زۆروبێل وتی: ئەی پاشای گەورە پێش هێرشی ئەو، ژمارەی دانیشتوانی ئۆرشەلیم سێ سەد و چل و یەك هەزار و دووسەد و نەوەد و نۆ کەس بوو.

کوروش بە سەرسوڕمانەوە پرسی: چوون بەو وردییە ژمارەکە دەزانی؟

زۆرۆبێل وتی: پاشای گەورە، من سەرپەرەشتیاری هەیکەل بووم و لە شاری ئێمە هەر منداڵێك لە دایك دەبوو ناوی لە تۆمارەکانی هەیکەل دەنووسرا، هەروەها مردووەکانیش تۆمار دەکران و لە تۆماری زیندووەکان ڕەش دەکرانەوە، بۆیە ئەوکات لە ئۆرشەلیم هەرکەس تۆمارەکانی هەیکەلی دیبایە، دەیزانی ژمارەی دانیشتوانی ئۆرشەلیم چەندە و کاتێك من چووم بۆ صور و دواجار چاوم لە تۆمار کرد ژمارەی دانیشتوان بریتی بوو لە (٣٤١٢٩٩) کەس.

---

**(١) (ساڵی کۆچی دوایی سلێمان بە دڵنیاییەوە نۆسەد و سی پێش زایێن بووە. زەبیحوڵڵا)**

**(٢) دوولاب بریتی بوو لە چرخێك کە بە هۆی سوراندنەوەی، ئاو لە رووبارەوە دەگوازرایەوە بۆ سەر زەوییە کشتوکاڵییەکان. زەبیحوڵڵا)**

پاشای بابل لە دوای کوشتنی بەسالاچوو و منداڵانی یەهود، هەموو ژن و پیاوە گەنجەکانی یەهودی بردە بابل کە لەوانەیە ژمارەیان نزیکەی سەد و بیست هەزار کەس بوو‌بێت، بەڵام ئێستا نازانم بە وردی چەندیان زیندوون چونکە چل و یەکساڵی بەسەردا چووە و من تەنها جاروبار لەو ناوچە شاخاویە دەنگۆ و زانیاری کەمم لە ڕێگەی شوان و گەرۆکەکانەوە دەست کەوتووە و دەزانم ئەوان بەردەوام لە گاسن و بەردی روون گرتن و دووڵاب دەبەسترێن.

ئەوکات پیرەپیاوەکە وتی: ئەی پاشای مەزن، من ئەمرۆ نەهاتووم تەنها بەسەرهات و بەدبەختییەکانی نەتەوەکەم بە ئێوە ڕابگەیێنم و بەڵکو هاتووم تا مزگێنییەك بە ئێوە بدەم و مزگێنییەکەش ئەوەیە کە ئێوە بەسەر قارۆندا سەردەکەون و هەرچەندە قارۆن پاشایەکی بەهێزە و سەدان بار زێری هەیە، بەڵام لە بەرانبەرتان شکست دەخوات.

کوروش وتی: تۆ چوون ئەوەندە بە بڕوا بەخۆبوونەوە ئەوەم پێڕادەگەیێنی؟

ئەو وتی: ئەی پاشای گەورە، لە خەودا پێامبەری خودا (ئەشعیا)م بینی و پێی وتم برۆ و مزگێنی بدە بە پاشای ئێران کە لە بەرانبەر قارۆن سەردەکەوێت و لە بەرانبەر ئەو مزگێنییەش داوای لێ بکە یارمەتیتان بدات بۆ رزگارکردنی نەتەوەی یەهود لە ژێردەستی و کۆیلەیی، هەروەها هاوکاری کردنتان بۆ بیناکردنەوەی پەرستگای هەیکەل بە پێی هەمان نەخشەی حزرەتی سلێمان بۆی دیاریکردبوو، تا جارێکی تر لە پەرستگاکەمان نزا و پارانەوە بۆ خودای گەورە بکەین.

کوروش وتی: ئەی پیرەپیاو لە بەرانبەر ئەو مزگێنییە، بەڵێنت پێدەدەم دوای سەرکەوتنم بەسەر قارۆندا، تەواوی ئەو یەهودیانەی ئەمرۆ لە بابل لە بەردی رۆن و لە گاسن بەستراون، رزگار بکەم و ئەوان لەگەڵ ئێوەدا بۆ ئۆرشەلیم بگێرمەوە، تا بتوانن جارێکی تر پەرستگای خۆیان بینا بکەنەوە.

زۆرۆبێل وتی: ئەی پاشای مەزن، تەمەنی من بەرەو کۆتایی دەچێت و ئەوەندە بە زیندوویی نامێنمەوە تا بگەرێمەوە بۆ ئۆرشەلیم.

کوروش وتی: رۆڵەکانت دەگەڕێنەوە بۆ ئەوێ.

زۆرۆبێڵ وتی: کورەکانم لە ژیانی دیلی مردوون و تەنها نەوەیەکم هەیە کە کورە و بە پێی دوایین هەواڵی کە پێم گەیشتووە، ئێستا ئەو لە بابل سەرگەرمی بەرد کێشان و کاری قورە و ئەگەر زیندوو بمێنێت تا ئەو کاتەی تۆ رزگاریان دەکەی، ئەوا بەپێی ئەو نەریتەی هەمانە

نەوەکەی من دەبێت ببێتە سەرپەرەشتیاری ئەو پەرستگایەی بینادەکرێت و ئەگەر زیندوو نەمابوو ئەوا یەهودییەکان بە پێی نەریت کێ لە پێشتر بێت ئەرکی ئەوکارەی پێ دەسپێرن.

کوروش وتی: ئەگەر نەوەی تۆ کەسێکی زانا و بەتوانا بێت من بۆ ئەوکارە پاڵپشتی دەکەم.

زۆرۆبێڵ وتی: ئەی پاشای مەزن، پەیامبەرانی ئێمە وتوویانە لە کۆتایی سەردەمی بەدبەختی و کۆیلەیی نەتەوەکەمان و ماوەیەك پێش ئەوەی ئەوان ڕزگاریان ببێت، کارەساتێکی ترسناك لە جیهان ڕوودەدات و جیهان بە شێوەیەك دەکەوێتە لەرزین کە هەمووان وادەزانن وێران دەبێت، تۆفانێکی ڕەش و تۆقێنەر دەست پێدەکات، گەورەکانی ئێمە وتوویانە کە ئەمساڵ لە ڕۆژی هەشتایەمی بەهار ئەو کارەساتە ڕوودەدات.

کوروش وتی: ئەی پیرەپیاو، لەو جۆرە وتانە زۆر دەوترێت و لەناو ئێمەش زۆرن ئەو کەسانەی بەردەوام هەواڵ لە بارەی کارەساتەکان دەدەن.

ئەو وتی: ئەی پاشای مەزن، ئەوەی من دەیلێم جیایە لە ئەوەی خەڵکانی تر دەیانڵێن و تەواوی ئەو وتانە لە لایەن پەیامبەرانی ئێمەوە باسکراون و ئەوان هەموویان خەڵکی عاقڵ و زانا بوون و وتەی زیادە و نابەجێیان نەووتوە، لە ڕۆژی هەشتایەمی بەهار ئەو ڕووداوە ڕوودەدات و من بۆیە بە تۆم وت تا بەرلە ڕوودانی ئاگادار بی و فەرمان بکەی بە سەردارەکانت کە هاتنی ئەو ڕووداوە بە سەربازەکانت ڕابگەیێنن، تا بە هاتنی هەراسان نەبن و ڕێکوپێکی و سیستەمی لەشکرەکەت تێك نەچێت.

تا ئەوکات کوروش لە وتەی زۆرۆبێڵ کە ڕووداوەکە لە هەشتاهەم ڕۆژی بەهار ڕوودەدات، تێ نەگەیشت و دواتر زانی کە وتەی ئەو پیرەمێردە لە ڕوانگەی لەشکریەوە بۆ ئەو گرنگە و ئەگەر ئەو کارەساتە لە مەیدانی جەنگ ڕوویدات، شیرازەی لەشکرەکەی لەبەر یەك دەترازێت و بەڵام ئەگەر پێشتر ئەفسەرەکان ئەو بابەتە بە سەربازەکان بگەیێنن، ئەوا سوپاکەی ناترسن و ڕێکوپێکی خۆی لە دەست نادات.

کوروش وتی: هەرچەندە پێموانییە ئەو ڕووداوە بێتە پێش، بەڵام سەردارەکانم رادەسپێرم تا سەربازەکانم لە ئەگەری ڕوودانی شتێکی لەو چەشنە ئاگادار بکەنەوە تا لەو ڕۆژە هەراسان نەبن.

ئەوکات کوروش دەستی کرد بە گیرفانیدا و چەند سککەیەکی زێری دەرهێنا و بۆ پیرەمێردەکەی ڕاگرت.

ئەویش وتی: پێویستی من زۆر کەمە و لێرە شوانەکان بۆم دابین دەکەن و پێویستم بە زێر نابێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم دیاری پاشا ڕەت بکەمەوە.

زێرەکانی وەرگرت و وتی: لە خوای گەورە دەپارێمەوە ئەوەندەم تەمەن بداتێ کە بتوانم دوای سەرکەوتنت بەسەر قارۆندا، جارێکی تر بتبینم.

کوروش وتی: هیوادارم ئەوەندە زیندوو بمێنی کە بتوانی ئازادی یەهودییە کۆیلەکان ببینی.

زۆرۆبێل وتی: پاشای مەزن دەزانم تا ئەوکات زیندوو نامێنم، بەڵام هیوادارم ئەو رۆژە ببینم.

جوولەکەکە رۆیشت و کوروش بە فەرماندە باڵاکانی وت من باوەڕ ناکەم ئەو بابەتە رووبدات، بەڵام سەربازەکان تێبگەیێنن کە لە رۆژی هەشتایەمی بەهار، کاتێك دەبینن جیهان تاریك دەبێت و تۆفان دەست پێ دەکات و زەوی بە توندی دەلەرێتەوە، لەو رووداوە نەترسن.

کوروش پاشای ئێران هەڵە بوو کە وتەی پیرەمێردی جوولەکەی بە ساکار زانی، چونکە ئەو بابەتە رووداوێکی ڕاستەقینەی فەلەکی بوو و فەلەك ناسەکان رۆژەکەیان پێشتر دیاریکردبوو و دواتریش روویدا، دوای ئەو کات بۆ زیاتر لە (١٣٠) جار ئەو دیاردەیە روویداوە و جیهان کەوتوتە تاریکی. دواجار لە ساڵی (١٩٦١)[٣] زایینی روویداوە و ئەو مەترسیە لە هەر نۆزدە ساڵ جارێك هەرەشە لە زەوی دەکات و هەندێ جار مەترسیدارە و هەندێ کات بێ مەترسیە.

هەرەشەکە لە لایەن هەسارەی (ئیکارۆس) دەکرێتە سەر زەوی کە هەروەك زەوی بەدەوری خۆر دەخولێتەوە، زاندراوە جگە لە نۆ هەسارەی گەورە و دیار، کۆمەڵێك هەسارەی تریش بە دەوری خۆردا دەگەڕێن، ئیکارۆس بە سێزدە مانگ جارێك بە دەورەی خۆردا دەسورێتەوە و لە بازنەی سورانەوەکەیدا هەر نۆزدە ساڵ جارێك لە زەوی نزیك دەبێتەوە.

تیرەی ئەو هەسارەیە تەنها یەك مایڵ (١٦٢٥م) و ئەگەر بەر زەوی بکەوێت ئەو لایەی بەری دەکەوێت، وێران دەبێت و ژیان لە لاکەی تر دەگۆرێت، یا باشتر بڵێین لە سەرەتای بەریەك کەوتنەکە هەموو گیانەوەران دەمرن و ئاوەکانی زەریاکان بە هەڵم دەبن و شاخەکان دەپرژێن.

---

(٣) (نووسەر ئەم بابەتەی لە ساڵی ١٩٦٧ نووسیوە و مەبەستی لە ساڵی داهاتوو واتە١٩٦٨ بووە، کە لەو ساڵەدا بەکاتی ناوەندی شاری نیویۆرك لە کاتژمێر دوازدە و بیست و شەش خولەك ئەو رووداوە روودەدات. وەك دیارە لە ناوەندە زانستییەکانی ئەمریکا لەوساڵەدا زۆر بە گرنگیەوە باسی ئەو مەترسیانە کراوە بۆیە نووسەر بە ئەمانەتی تەواوەوە بابەتەکەی نووسیوە، هەڵبەت نووسەر مەبەستمان نووسەری سەرەکی پەرتووکەکەیە. زەبیحوڵڵا)

ساڵی داهاتوو لە کاتێکدا ئیکارۆس بە بەرانبەر زەویدا تێپەڕدەبێت دوورییەکەی تەنها یەك ملیۆن مایل دەبێت و ئەگەر لە کاتی رۆژدا بوایە ئەوا خەڵك بە بێ دووربین دەتوانن ببیبنن، بەڵام چونکە لەکاتی شەودا دەبێت و رووناکی هەتاو بەر ئەو هەسارەیە دەکەوێت، ئەوا خەڵك ئەو هەسارەیە وەك مانگی دووەم دەبینن و وابیردەکەنەوە دوو مانگ لە ئاسمانە.

ئەگەر ئەو هەسارەیە بە ناوەندی کەشی زەویدا تێپەڕبێت، بەریەك کەوتن و لەیەك خشانی ئەو هەسارەیە و کەشی زەوی، بە ڕادەیەك گەرمی و رووناکی دەردەکات کە خەڵك هەسارەکە لە شێوەی بیلاجەك تۆرێکی گەورە دەبینن و نەزانداروە ئەگەر ئەمە رووبدات ئایا ئەو هەسارەیە لە بەر گەرمی دەتەقێتەوە یان نا و خۆ ئەگەر بتەقێتەوە ئەوا دەنگی تەقینەوەکە وەك ئەوەیە دوو ملیار تەن تەقەمەنی بتەقێتەوە.

لەو روانگەوە دەتوانین پێشبینی بکەین گەرمی دروستبوو لەو بەریەك کەوتنەی رووکاری ئەو هەسارە و تەنە وردەکانی ناو کەشی زەوی چەند دەبێت ئەگەر بزانین خێرایی هەسارەکە هەفتا هەزار کیلۆمەترە لە یەك کاتژمێر. بەردەوام نزیك بوونەوەی ئیکارۆس لە زەوی سێ مەترسی دێنێت کە بریتین لە:

یەکەم/ بەریەك کەوتنی زەوی و ئیکارۆس، کە ئەگەر ئەوە رووبدات و هیچ لە زەوی بمێنێتەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوەمرۆڤ و ئاژەڵەکان نامێنن و چونکە ئیکارۆس لە زەوی بچووکترە، لە کاتێك کە ئیکارۆس تەواو نزیك ببێتەوە هێزی کێش کردنی زەوی ئەو هەسارەیە ڕادەکێشێت و بەریەك دەکەون و ئەوکات ژیان لە هەسارەکەمان نامێنێت.

دووەم/ تەقینەوەی ئیکارۆس لە کەشی زەویدا، ئەگەر هێزی کێش کردنی زەوی ئەو هەسارەیە بەرەو خۆی کێش بکات و لە ئاسمانی زەوی بتەقێتەوە، بە هۆی گەرمی یەکجار زۆری ئەو تەقینەوەیە بۆ ئەو ناوچەیەی زەوی کە لە سەری دەتەقێتەوە زۆر مەترسیدار دەبێت و لە ناوچەیەکی فراوان ئاژەڵ و رووەکلەناو دەچن و ئاو دەبێتە هەڵم و لەوانەیە بەردەکان بتوێنەوە.

سێیەم/ جووڵاندنەوەی زەوی، چونکە ئیکارۆس بە رادەیەك لە زەوی نزیك دەبێتەوە کە هێزی کێش کردنی ئەو هەسارەیە لەوانەیە ئەو بەشەی زەوی کە کاریگەری لەسەر دەبێت، بە توندی بجولێنێتەوە.

زانایانی کۆن زانیویانە هەر نۆزدە ساڵ جارێك ئەو هەسارە لە زەوی نزیك دەبێتەوە و تەنانەت حەزرەتی (علی بن ابی تالب) پێشبینی کردووە کە لە کاتی جەنگ لە دوای رۆژئاوا بوون رۆژێکی تر

هەلدێت، ئەوەش پەیوەست بووە بە زانیاری لە سەر ئیکارۆس و ئەو شەوە ئیکارۆس لە زەوی نزیك بۆتەوە و رووناکی هەتاوی لیّ داوە و بەو هۆیەوە زەوی رووناك کردۆتەوە.

پەیامبەرانی بنی ئیسرائیل ئاگاداری بوونی ئەو هەسارەیە بوون و حەزرەتی (یووشەع) لە شاری ئەریحا کە یەك لە شارەکانی فەلەستینە، هەوالّی خۆرهەلاّتنێکی تری لە کاتی شەودا کردووە و بە هەمان شێوە کە ئیکارۆس لە زەوی نزیك بۆتەوە.

# جەنگی یەکەم و رۆیشتن بەرەو شاری سارد

ووشەیەکی فارسی کۆن کە زۆر کەس سەرچاوەکەی نازانن و لە سەردەمی ئەو جەنگەدا دروستبوو، بریتی بوو لە (شاهراه) (رێگەی سەرەکی) و بەو رێگەیە دەوترا کە هەردوو شاری سارد و پازارگادی بەیەك دەبەستەوە و بەشێکی لە کاتی تێپەڕبوونی کوروش لە لوتکەی رەواندز دروستکرا، تا پەیوەندی لەگەڵ پشتەوە نەپچرێت، ئەو فەرمانی دروستکردنی جادەیەکی پانی لەو شاخە کرد. ئێستا لە زمانی فارسی ئەو ناوە بۆ هەموو جادەیەکی درێژ و پان بەکاردێت، بەڵام ئەوکات تەنها بەو رێگایەی نێوان ئەودوو شارە دەووترا و دواتر ئەو رێگایە ناوی گۆڕا بە (رێگای رۆمی) و دواتر(رێگای عسمانی).

قارۆن بیری دەکردەوە کە هیچ هێرشبەرێك ناتوانێت شاخەکانی رۆژهەڵات ببرێت و خۆی بگەیێنێتە وڵاتی ئەو و لەپڕ هەواڵی گەیشتنی کوروش بۆ کەنارەکانی رووباری هالیسی پێگەیشت کە ئێستا بە (قزل ئایەرماق) ناودەبرێت و هەمان ئەو رووبارەیە کە سەدان جەنگی لەسەر کراوە، دواجار (کەمال ئاتاتۆرك و عسمەت ئینۆنۆ) لە پێناو سەربەخۆیی تورکیا لە کەناری ئەو رووبارە جەنگان و سەد و پەنجا هەزار کەس لە سوپای یۆنانیان تێکشکاند.

ئەو ناوچەیەی رووباری قزل ئایەرماق لە رابردوودا پیایدا تێپەڕدەبوو بە وتەی مێژوونووسان و بە تایبەتی هیرۆدۆت بەهەشت بووە. لە رۆژهەڵاتدا مێژوونووسان چوار ناوچەیان بە بەهەشت ناوبردووە و هەر بۆیەش ئەوانیان بە (جنات اربعە) واتە چوار بەهەشتەکە ناو دەبرد، بەڵام لە رۆژئاوا واتە لە یۆنان، بەهەشت ئەو ناوچەیە بوو کە رووباری هالیس تێر ئاوی دەکرد و تەواوی وڵاتی قارۆنیش تەواوکاری ئەو بەهەشتە بوو.

هیرۆدۆت بۆ ناساندنی ئەو بەهەشتە پێنووسی شاعێرانە بەدەستەوە دەگرێت و دەڵێت: کەشی ئەوێ ئەوەندە سازگار و خۆشە کە مرۆڤ هەرگیز پیر نابێت و ئاوەکەی ئەوەندە سازگارە لە شەراب بەتامترە، چوار وەرزی ساڵ زەوی سەوزە و بە گوڵ و گیا داپۆشراوە، کوران و کچان ئەوەندە جوانن کە چاو لە بینینیان تێر نابێت و لە کەنارەکانی ئەو بەهەشتە کۆمەڵە کالایەك لە ڕێگەی بندەرەکان دەچێتە تەواوی جیهان. لەوێ ئەوەندە ئەسپی باش و مەڕی قەڵەوی هەیە کە لە تەواوی وڵاتانی تر ئەو ژمارەی لێ نییە و ئەوەندە گەنم و ترێ و شەڕابی لێ بەرهەم دێت کە بەشی تەواوی یۆنان و میسر دەبێت.

لەوانەیە هێرۆدۆت لە باسی کالاکان زێدەڕۆیی کردبێت بەڵام سروشتی ئەوێ دروست وابوو و کوروشیش هیوادار بوو دەستکەوتی باشی لەوێ هەبێت و سوود لە بەندەرەکان ببینێت بۆ هەناردەکردنی کاڵاکانی.

کاتێك قارۆن هەواڵی سنووربەزاندنی کوروش و گەیشتنی بە رووباری قزل ئایەرماقی بیست، راوێژی بە کالتۆسی راوێژکاری کرد تا بزانێت چ بکات بیاشە؟

کاڵتووس وتی: من پێمووتی لە گەڵ ئێسپارتەکان ببە هاوپەیمان و تۆ وتت کوروش ناتوانێت لە شاخەکان بپەڕێتەوە، ئێستاش هیچ ڕێگەیەکت نییە لەجەنگ زیاتر و دیسان داوات لێدەکەم لەگەڵ ئیسپارت هاوپەیمانی بکە. وڵاتی ئێسپارت کە دەکەوتە ناو یۆنان دوو پاشای هەبوو تا ئەگەر یەکیان بمرێت ڕێگە لە بەڕێوەبردنی کارەکان نەگرێت و ئەوی تر کارەکان بکات.

لە وڵاتانی تری یۆنانی، پیاوانی ئیسپارتیان بە (دووشیزە) واتە خانم بانگ دەکرد و هۆکەشی درێژی پرچی پیاوانی ئیسپارت بوو، ئەوان تەنانەت لە جەنگیشدا ئەگەر کاتیان دەست کەوتبا، زولفیان شانە دەکرد و گەورەترین بەدبەختی لە لایان سەر رووتانەوە بوو نەوەك مردن لە جەنگگە. چونکە منداڵەکانی ئیسپارت بۆ جەنگ پەروەرد دەکران، لە منداڵیەوە ڕادەهێندران بە هەردوو دەست جەنگ بکەن و ئەوەش دەبۆوە بەهێز بوونیان لە مەیدانی جەنگ تا ئەو ڕادەیە کە لە جەنگی (تەرمۆپیلێ) تەنها سێ سەد سەربازی ئێسپارتی توانیان ماوەی سێ شەو و ڕۆژ ڕێگە لە جوولەی لەشکری هەشتاهەزار کەسی خەشایارشای ئێران بگرن.

کورە ئێسپارتییەکان لە پازدە تا شەست ساڵی دەبوایە سەربازی بکەن و لە کاتی جەنگ دەبوونەوە جەنگاوەر، سەربازی ئێسپارتی و پاشاکەیان یەك خۆراك و یەك پۆشاکیان هەبوو و

جیاوازی لە نێوانیان نەبوو. ئەوان بەر لە پازدە ساڵی زۆر بە رەقی پەروەردەدەکران و پەنجا تا شەست جار بە شمشێر و نێزە بریندار دەکران و هەر سێ ڕۆژ جارێك بە قامچی لێیان دەدرا، تەواوی ڕاهێنانەکانیان بە کەرەستەی ڕاستەقینەی جەنگ دەکرا و ژاپۆنییەکان بۆ پەروەردەکردنی فرۆکەوانە خۆبەخشەکانیان کە بە (کامیکاز) ناسرا بوون، هەمان ڕێگەیان لە جەنگی دووەمی جیهانی گرتەبەر و تەواوی فرۆکەوانەکان لە نێوان (١٥ تا ١٨) ساڵ بوون.

خاڵی لاوازی سەربازێکی ئێسپارتی لە کاتی ڕاهێنان دەموچاوی بوو و بۆ ڕێگرتن لە بریندار بوونی ماسکیان لە جەنگگە دەکردە سەریان. ئەوان بەردەوام پیادە جەنگیان دەکرد و ئێسپارت هیچ کات سوپای سوارەی نەبوو و ئەگەر دوژمن یەك یا هەزار کەس بوایە پاشەکشەیان نەدەکرد و ئەوەندە خۆراگریان دەکرد تا پاشەکشە بە دوژمن بکەن. ئێستا ئێسپارتی نەماون و جگە لە وێرانەی چەند خانوویەکی شاری گەورەی (لاسێد مۆن) کە شارێکی ئێسپارتی بوو و ئاسەواری گۆرستانی پاشای ئێسپارتی و سێ سەد سەربازەکەی لە تەرمۆپێلێ.

قارۆن گوێی بۆ پێشنیاری راوێژکارەکەی گرت و داوای هاوکاری لە ئێسپارت کرد، بە رەزامەندی هەردوو پاشا پێنج سەد سەربازی ئێسپارتی بۆ یارمەتی هاتن و پاشا وتی ئەگەر بە باشی سوودیان لێ ببینن، وەك ئەوەیە چەند هەزار سەربازمان ناردبێت، بەڵام قارۆن سوودی لەوان نەدیت چونکە سوپای قارۆن سوار بوو و ئەوان پیادە و بێ ئەوەی بتوانن بەشداری جەنگ بکەن گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان. بەر لە گەیشتنی ئێسپارتییەکان، قارۆن سوپایەکی سوارەی پێکهاتوو لە سەدهەزار سەربازی نارد تا ڕێ لە هاتنی سوپای کوروش بگرن و ئەوان و سوپای کوروش لە نزیك رووباری قزل ئایەرماق بەبەك گەیشتن.

وەرزی بەهار ئاوی رووبار زۆر زیادی کردبوو و کوروش بەنیاز بوو پردێك دروست بکات بۆ ئەوەی ئاو هیچ سەربازێکی نەبات و سوپاکەی لەیەك نەترازێت، بەڵام سوپای قارۆن بڕیاری پرینەوە لە ئاو و هێرش کردنە سەر سوپای کوروشیاندا. لەگەڵ بەرەبەیان سوپای قارۆن بە سواری ئەسپ دەستیان کرد بە پەرینەوە و چوارپێکانیان بە مەلەکردن ئەوانیان بۆ کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی رووبارەکە پەڕاندەوە و بەم شێوەیە سوپای قارۆن ئامادەبوون بۆ هێرش کردن.

ئەو پردەی کوروش لەسەر رووبارەکە دەیکرد لە تەواو بووندا بوو کە سوپای قارۆن هێرشی کرد، کوروش ئەفسەرانی خۆی ڕاسپارد بە تیر لە ئەسپەکانی سوپای قارۆن بدەن بۆ ئەوەی ئەوان ببنە پیادە و دواتر بە نێزە و شمشێر و تیر لەناویان بەن. ئەو ڕۆژە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی

رووبارەکە بۆوە کوشتارگای ئەسپەکانی سوپای قارۆن و دواتر کە سوارکارە لیدییەکان بە ناچاری بوونە پیادە، هێرشی سەربازانی ئێرانی بۆ سەر ئەوان دەستی پێکرد و پێش نیوەرۆ سوپای قارۆن بە تەواوەتی دەورەدرا و بە ناچاری دەستەدەستە خۆیاندا بە دەستەوە، دوو رۆژ دواتر پردەکە تەواو بوو و ماوەی حەوت رۆژی خایاند تا سوپای کوروش بەتەواوەتی پرینەوە رۆژئاوای رووبارەکە و لەگەڵ خۆیاندا دیلەکانیشیان پەڕاندەوە.

دوای ئەوەی سوپای کوروش پەرینەوە، کوروش پێنج لە ئەفسەرە دیلەکانی هەڵبژارد و لە رێگەی ئەوانەوە بە نامە داوای ئاشتی لە قارۆن کرد. کوروش لە نامەکە نووسیبووی:"سوپای تۆ کە بۆ رێگرتن لە هاتنی سوپای من هاتبوونە کەنارەکانی رووباری هالیس، بە تەواوی یا کوژران و یا بە دیل گیران و من ئێستا لە کەناری رۆژئاوای ئەو رووبارە ئۆردووگام هەڵداوە و لە گەڵ ئەوەشدا کە سەرکەوتووم، پێشنیاری ئاشتیتان بۆ دەکەم و تەنها مەرجم ئەوەیە ولاتی تۆ لە ژێر پارێزگاری من بێت و رێگا بۆ بازرگانەکانی ولاتەکەم بکەیەوە تا لە ولاتەکەت بە ئاسوودەیی بازرگانی بکەن، منیش ولاتەکەم بۆ بازرگانەکانت ئاوەڵە دەکەم و مەبەستم ئەوەیە ئێرانییەکان سوود لە ولاتی تۆ وەربگرن و قارۆنییەکانیش سوود لە ئێران وەربگرن."

بەلام قارۆن کە خۆی بە توانا و بەهێزتر دەزانی وەلامی نەرێی دایەوە و پەسەندی نەکرد. تا ئەو رۆژەی کوروش زیندوو بوو، هەمیشە بەر لە هەر شتێك داوای ئاشتی لە بەرانبەرەکەی دەکرد و ئەگەر پەسەندی نەکردبایە ئەوە خۆی بۆ جەنگ ئامادەدەکرد.

مێژوونووسی رۆمی (ژۆس تین) کە لە سەدەی دووەمی زایین ژیاوە دەڵێت دروشمی کوروش بریتی بوو لە ئەوەی: پیاو لە جەنگدا پێویستە بە ورە و خۆڕاگر و لە سەرکەوتنیشدا پێویستە لێبوردە و جوامێر بێت. ئەو دروشمە دواتر لە لایەن (چەرچیل) سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە جەنگی جیهانی دووەمدا لە سەرەتای ئەو پەرتووکەدا نووسراوە کە لەبارەی جەنگ نووسیویەتی و بە گریمانی زۆر لە ژۆستینی وەرگرتووە وئەویش لە کوروشەوە باسی دەکات، بەلام چەرچیل سەرچاوەی ئەو دروشمەی نەنووسیوە و لەوانەیە وایبیرکردبێتەوە کە دروشمێکی بەناو بانگە بۆیە هیچ ئاماژەی بە سەرچاوەی دروشمەکە نەکردووە.

دوای بیستنی هەواڵی پەرینەوەی کوروشی لە رووباری قزل ئایەرماق، قارۆن بەپەلە کەوتە سازدانی سوپا و کۆکردنەوەی سەرباز لە نەتەوە و زمانە جیاکانی سنووری و سوپایەکی هەمەرەنگی پێکهێنا و لەو بارەوە هەرسێ مێژوونووسی رۆژئاوایی بەناوبانگ (هێرۆدۆت، پلین

و ژۆس تین) دەڵێن قارۆن سوپایەکی پێکهێنا کە زۆربەیان لە پێناو زێر و زیو هاتبوون و یەکگرتوویی سەربازی لەناویان نەبوو، هەر لەشکرێك فەرماندەی خۆی هەبوو و فەرماندەکان زمانی یەکتریان نەدەزانی و قارۆن کەسێکی کردە فەرماندەی ئەو سوپایە کە تەمەنی لە هەژدە ساڵ سەرنەدەکەوت و بێ ئەزموون بوو لە بواری جەنگ، بۆیە نەیدەتوانی فەرمانەکانی بەسەر فەرماندەکاندا بسەپێنێت.

بە وتەی ئەو سێ مێژوونووسە قارۆن وای بیردەکردەوە هەرکەسێك زێری هەبێت دەتوانێت سوپایەکی گەورە پێك بێنێت و بەو هۆیەوە دەتوانیت کۆمەڵێك سەرباز بەکرێ بگرێت، نەیدەزانی سوپا پێویستی بە ڕاهێنان و فەرماندەکانی پێویستیان بە ئەزموون و چاوکراوەیی هەیە و پێویستە سەربازەکان لە لایەن فەرماندەکانیانەوە ڕاهێنانیان بۆ بکرێت تا فەرماندەکانیان بە تەواوەتی بناسن.

لە بەرانبەریشدا لەشکری کوروش (بە وتەی ئەو سێ مێژوونووسە رۆژئاواییە) پێکهاتبوو لە سەربازانی بە ئەزموون و سەرسەخت و هەرچەندە بە زاراوە و زمانی ناوچەیی دەدوان، بەڵام هەموویان فارسیان دەزانی[1] و هەموویان کوروشیان دەناسی و بە سەرکردەیەکی شیاویان دەزانی و دەیانزانی بڕیارێك وەرناگرێت، لەناو چوونی سەربازەکانی تێدابێت.

لە لەشکری قارۆندا زۆرینەی سەربازەکانی تەنانەت بۆ یەك جاریش قارۆنیان نەدیبوو و نەیاندەزانی توانای لە رووی سەربازی چەندە.

بەڵام لە سوپای کوروش هەمووان فەرماندەی خۆیان دەناسی و لە ڕێپێوان و جەنگدا بەردەوام لەگەڵی بوون و دابەشبوونە لەشکرەکەشی وەك باس کرا بە شێوەیەك بوو کە

(١) تا پێش ئەوکات مادەکان دەسەڵات بوون و لە دەسەڵاتداری ئەوان نزیکەی سێ سەدەی رابوردبوو و زمانە جیاکان لە سنووری دەسەڵاتی ئەوان هەبوو و رێنووسی ئەوان بە وتەی کوروش وەك لەو پەرتووکەدا هاتووە رێنووسی باشتر بووە، بەڵام وێڕای ئەوە لە سەردەمی مادەکان سەپاندنی زمان نەهاتبوو کایەوە و ئەگەر هاتباکایە ئەوا زمانی مادەکان ناسراوتر دەبوو، وێڕای ئەوەش ماوەیەکی زۆر بەسەر دەسەڵاتی کوروشدا تێپەڕنەببوو تا هەمووان فارسی فێر بن و ئەوکاتیش پەیوەندییەکان و ئامرازەکانی خوێندن و گەیاندن وەك جیهانی ئێستا نەبووە تا بە زوویی چەند نەتەوەیەك لە خاکێکی ئاوا بەرفراواندا یەك زمان فێربن و بۆیە باوەڕ ناکرێت لەشکری کوروش هەموویان فارسیان زانی بێت، بە تایبەت کە فارس تازە ببوونە دەسەڵاتدار و ئەمە زێدەڕۆییە و ناکرێت لە چوارچێوەی پێداهەڵدان زیاتر هەژمار بکرێت، وەرگێڕ بۆ کوردی.)

قارەمانییەتی سەربازەکان دەگەیشتە فەرماندەکانیان و هیچ ئازایەتییەك ون نەدەبوو و هەر سەربازێك لە مەیدانی جەنگ ئازایەتی نواندبایە، خەڵات دەکرا.

کوروش لە کەنارەکانی رۆژئاوای رووبارەکەوە بەرەو شاری سارد کەوتە رێگە و سەرئەنجام گەیشتە دەشتی (پێت ریا)، ئەو دەشتە لە ڕاستی پێدەشتێکی پان و کراوە بوو کە لە باکوور و باشوور بە دوو شاخ سنووردار کرابوو و پانییەکەی دوو فەرسەخ و نیو بوو و لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو رۆژئاوا درێژ دەبۆوە، سوپای کوروش لە ئێوارەی رۆژی (٧٩) یەمی بەهاری ساڵی (٥٤٦ پ. ز) گەیشتە ئەوێ و کەوتە بەرانبەر سوپای قارۆن.

هەرچەندە رۆژەکانی وەرزی بەهار درێژن، بەڵام کوروش لەبەر ئەوەی دوو کاتژمێر بۆ شەو مابوو بە باشی نەزانی جەنگ بکات، بە تایبەتی کە شارەزای ناوچەکە نەبوو و بڕیاریدا بۆ بەیانی جەنگ بکەن و ئەو شەوە ئاگری زۆریان کردەوە تا لە نەکاو هێرشیان نەکرێتە سەر. بەیانی رۆژی دواتر کاتی کوروش لە خەو هەستا، زانی رۆژی هەشتایەمی بەهارە و پێشبینی (زۆرۆبێل) بەرێوەبەری پەرستگای ئۆرشەلیمی بیرهاتەوە.

پەروەردەی کوروش بە شێوەیەك بوو باوەڕی بە ئەستێرە ناس و فاڵچییەکان نەبوو، بۆیە نەخشەی جەنگی لە سەر پێشبینییەکان نەدەگۆری و وێڕای ئەوەش وتەی زۆرۆبێڵی بیرهاتەوە و وتی: لەوانەیە وتەی ئەو پیرەپیاوە ڕاست بێت. دواتر سوپای کوروش بە پێی شوێنەکانیان بە شێوەیەك دابەشبوون کە تەنانەت لە دونیای ئێستا کە سەربازی پیادە و سوارە مانای ئەو کاتی نەماوە، بەڵام هێشتا لە رووی ورەی سەربازییەوە بەهێزە.

دابەشبوونی سوپاکەی بەو شێوەیە بوو: بەشێکی یەدەگ و سێ بەشی تر لە ناوەڕاست و باکوور و باشوور دابەشبوون و هەریەك لەو سێ بەشە لەناو خۆیان بوونە دووبەشی جەنگکەر و یارمەتیدەر، ئەرکی بەشی دووەم یارمەتیدانی بەشی یەکەم بوو لە کاتی پێویست. ئەو شێوە دابەشبوونە لە سەردەمانی دواتر ناوی لای چەپ، لای راست و دڵی وەرگرت و تا سەدەی ڕابردووش گرنگی هەر مابوو.

ژۆس تین دەڵێت: قارۆن خۆی لەو جەنگە بەشدار بوو و زۆربەی مەیدانی جەنگی دەبینی، بەڵام بە هۆی فراوانی جەنگگەکە کە نزیکەی سێ تا چوار فەرسەخ بوو کەس توانای دیتنی هەمووی نەبوو، قارۆن دیسان فەرمانی کرد ئەسپ سوارەکانی هێرش بکەن و سەربازانی کوروشیش بە تیر ئەسپەکانیان خستن و دوای ئەوەی کوروش بینی هێرشی توندی سوارەکانی

قارۆن هێواش کرایەوە، فەرمانی کرد لای ڕاست، لای چەپ و دڵی سوپاکەی بە ئارامی بەرەوپێش چوون، ئەوان پەلەیان نەدەکرد و دەیانزانی لەو جەنگەدا نابێت خۆیان ماندوو بکەن چونکە نازانن چەند پێ دەچێت، بە تایبەتی لە ڕۆژەکانی دوایینی بەهار کە زۆر گەرم بوو. هەرچەندە جووڵەی ئەوان هێواش بوو بەڵام بە هۆی سیستەمی باشیان توانیان سوپای قارۆن بەرەو پاش بەرنەوە.

قارۆن کە سواری عارەبانە بوو دەیتوانی زۆربەی مەیدانی جەنگەکە ببینێت و دیتی سەربازەکانی پاشەکشە دەکەن و خۆیان لە پێش سوپای کوروش ناگرن، فەرمانی کرد تا کۆمەڵێك سەربازی لیدی بچنە پشت مەیدانی جەنگ و ئەو سەربازانەی لە جەنگ هەڵدێن، بکوژن و لەکاتەدا زەوی لە ژێر پێی سوارە و پیادەکان کەوتە لەرزین و ئاسمان تاریك بوو، بایەکی توند لە گەڵ تۆز و خۆڵ هەڵی کرد و هەموو شوێنێك تاریك بوو، ئەو ڕووداوە ترسناکە سەربازانی قارۆنی بە شێوەیەك ترساند کە هەر کەسەی بۆ لایەك هەڵدەهاتن.

سەربازەکانی قارۆن هەڵدەهاتن، ئەسپەکان لە ترسان پێیان لە سەربازەکان دەنا و تەنانەت قارۆن نەیتوانی ڕێگە لە هەڵاتنی ئەسپەکانی بگرێت و چونکە ڕووی ئەسپەکانی لە ڕۆژئاوا بوو، بە بێ ویستی خۆی بۆ ئەوێ هەڵات و شیرازەی سوپاکەی بە تەواوەتی تێکچوو، ڕووداوەکە چەند خولەك زیاتری نەخایاند بەڵام بۆوە هۆی پەرتەوازە بوونی سوپای قارۆن. لەشکری ئێران پێشتر لەو ڕووداوە ئاگادار کرابوون و بۆیە هێمنی خۆیان پاراست و بە کۆتایی هاتنی ڕووداوەکە، بۆ ڕێگرتن لە خۆ ڕێك خستنەوەی سوپای پاشای لیدی خێرایی خۆیان زیاد کرد. سوپای ئێران تا ئێوارە بەدوای سوپا پەرتەوازەکەی قارۆن کەوتن بە تایبەتی ئەوانەی لە لای ڕاست و چەپ بوون نەوەك لە نەکاو هێرشیان نەکرێتە سەر و ئێوارە گەیشتنە شوێنێك کە شاخەکانی باکوور و باشوور لە یەك نزیك ببوونەوە و فەرمانی کرد لەوێ ئۆردووی سەربازەکانی دابخەن.

ئەوکات کوروش بینی لە لای ڕۆژئاوا دووکەڵێکی چڕ هەیە و ئاگرێکی زۆر کراوەتەوە، هەرچەندە شەو بوو بەڵام دەستەیەك سەربازی نارد تا زانیاری وەربگرن. سەربازەکان چوون و هاتنەوە و تەنها وتیان ئاگرەکە زۆر و گەرم بوو و نەمانتوانی بچینە نزیکتر.

کوروش بە سەرسوڕمانەوە لە شارەزاکانی پرسی: لێرە چەندە داری لێ یە کە ئاگری بەو گەرمییە هەبێت.

ئەوان وەلامیان دایەوە: لێرە داری لێ نییە، بەڵام لە دۆڵێك کە دەکەوێتە ئەودیو ژمارەیەکی زۆر داری سەمغی لێیە کە وەك داری وشك لە سووتاندا بەتینن.

قارۆن بۆ ڕێگرتن لە نزیکبوونەوەی زیاتری سوپای کوروش لە شاری سارد کارێکی ترسناکی کرد و دارەکانی ئەو دۆڵەی سووتاند بوو، گڕی ئاگر و دووکەڵ ئەوەندە زۆر بوو ماوەی هەفتەیەك بەردەوامبوو و دواتر بۆیەك هەفتەی تر، سوتماکی ئاگرەکە بەردی شاخەکانی زۆر گەرم کردبوو و کەس توانای تێپەڕبوونی نەبوو. کوروش ناچار سوپاکەی وەستاند، چونکە یا دەبوو چاوەروان بێت و یا بگەرێتەوە بۆ شاخەکان و بە ڕێگەیەکی تردا بڕوات و ئەمە کاتی زیاتری دەویست.

لە ڕۆژی سەدەمی بەهاردا بارانێك باری کە لە لای جووتیاران بە بارانی (ترێ شورە) ناسراوە و بەرسیلەکانی شیرین دەکرد تا ببنە ترێ، ئەو بارانە بەردەکانی سارد کردەوە و سوتماکەکانی شوشتەوە، ڕۆژی دواتر سوپای کوروش لەسەر خۆ چوونە دۆڵەکە و پاشای ئێران دیتی ڕۆیشتن بە ڕێگەکەدا بە هۆی سووتانی بەردەکان، زۆر ئەستەمە و بەردەکان لە ژێر پێی سەرباز و چوارپێکان ورددەبوون و مەترسی کەوتنە ناو خەرەندی لێ دەکەوتەوە.

کوروش ناچار فەرمانی کرد سەربازەکانی بە پاچ و بیڵ کەوتنە شکاندن و فرێدانی بەردەکان و جادەیەکی تا ڕادەیەك باشیان دروستکرد بۆ تێپەڕبوونی خۆیان، کوروش دەیوت پەڕینەوە لە پردی (چەنۆند، ئەڵوەند) ئاسانترە لە ڕۆیشتن لەو تەنگەیە. ئەوان ئەوکات بە هۆی سەختی پەرینەوە لەو پردە، باوەڕیان وابوو کە ڕێگەی پەرینەوە بۆ بەهەشت لەو پردەوەیە.

مەبەستی قارۆن لە سوتاندنی ئەو دۆڵە، بە درەنگ خستنی جووڵەی سوپای کوروش بوو و مەبەستەکەشی پێکا، سوپای کوروش بە ماندووبوونی زۆر لە ماوەی یەك مانگ توانیان ڕێگەکە دروست بکەن و لە ڕۆژی سەدوسی هەم، یەکەم بەشی سوپاکە پەڕییەوە. بە درێژایی ئەو ماوەیە شەو و ڕۆژ بەشێکی سوپای کوروش پاسەوان بوون تا لەپڕ هێرشیان نەکرێتەسەر، کوروش ناچاربوو پەیوەندی لە گەڵ دواوە بپارێزێت و خواردەمەنیش بۆ سوپاکەی لە پشتەوە دابین بکات.

ئەگەر ئەوکات کە کوروش لە دەربەندی پەتریا بوو، پاشای لیدی لە پایتەختە بەشکۆیەکەی هاتبایە دەرەوە و تەنها ڕێگەی دەرچوونی لە لەشکری کوروش لەو دۆڵە پڕ

مەترسییەی گرتبایە، تەواوی سەربازەکانی کوروش لەوێ لەبەر نەگەیشتنی ئازووقە و ئاو دەمردن.

مێژوونووسی یۆنانییەکان کە سەبارەت بە پاشەکشەی دەهەزار سەربازی یۆنانی لە ئێران دەدوێن و بە شاکاری جەنگی هەژمار دەکەن، پەرینەوەی کوروشیان لەو دەربەندە بە رووداوێکی ئاسایی ناساندووە. بەڵام مێژوونووسی رۆمی (ژۆس تین) کە لە سەدەی دووەمی دوای زایێن ژیاوە، سەرەنجی گرنگی ئەو دەرچوونەی داوە و سەبارەت بە تێپەڕبوونی سوپای کوروش بەو دۆڵەدا دەڵێت: هەر سەردارێکی تر بوایە لەوێ لەناو دەچوو و یا دەکشایەوە و دەستی لە گرتنی پایتەختی لیدی هەڵدەگرت، بەڵام لە تەواوی ئەو ماوەیەی کە سوپای کوروش لەوێ بوون، خۆراکی سەربازەکان و ئالیکی چوارپێکان لە پشتەوە بۆیان دابین دەکرا.

کاتێك کوروش لە دۆڵەکە دەرچوو، لە وڵاتی لیدی یەکەم بای وشك کە نیشانەی نزیکی وەرزی پاییز بوو دەستی بە شنینەوە کردبوو. کوروش ئەوکات لە ناو خاکی لیدی دەجووڵایەوە و بیری دەکردەوە کە هەموو کاتێك لەوانەیە هێرشی بکرێتە سەر و بەڵام کەس هێرشی نەکردە سەریان و کوروش ئەوەندە رۆیشت تا شاری سارد لە دوورەوە دەرکەوت.

دیمەنی شاری سارد کە لە مێژوودا بەناوەکانی (سەردیس و سەردی) هاتووە، بۆ ئەوەی لە رۆژهەڵات دەهات، دیمەنێك بوو سەرسورهێنەر و پڕشکۆ و ئاسمانی، هەرکەس تەنها یەکجار دیتبایە بیری نەدەچوو و تەواوی مێژوونووسان تەنانەت ئێسترابوون ئەو ڕاستییەیان باسکردووە. شاری سارد لە بناری چیا و بەسەر گردێك بینا کرا بوو و لە دوورەوە کوشکە بڵندەکان و منارەی پەرستگاکانیان کە بە زێڕ ڕازاندرا بوونەوە بەرچاو دەکەوتن و هەرچی دەی دیت وای بیر دەکردەوە کە لە ژمارە بەدەرن و بۆیە بە شاری ئاسمانی دەناسی.

شار بە دوو شورەی ئەستوور کە نێوانیان (دە زەرع) بوو دەورە درابوو و ئەو شورەانە تەواوی شوێنەکانی شاریان داپۆشی بوو و لە هەموو بەرزایی و نەشێوەکاندا شورەکە بەبێ کەموکوری هەبوو و (دە زەرع) بەرز بوو، سارد ناوەندی بازرگانی ئاسیا و ئەورووپا بوو و ئەوەی لە رۆژهەڵاتەوە بەرەو سارد دەهات دەیدیت کە جادەیەك لەوێوە بۆ رۆژهەڵات دێت.

کاتی گەیشتنی کوروش بۆ ئەوێ، درێژی جادەکە بەرەو رۆژهەڵات نزیکەی بیست کیلۆمەتر بوو و لە هەردوولای جادەکە داریان چاندبوو و هەردوولای جادەش لە پشت دارەکانەوە تا چاو بڕی دەکرد قبری خەڵکی ساردی لێ بوو. گۆری خەلکی ئاسایی لەسەر

خەرجی خۆیان دروست دەکرا و گۆری دەسەڵاتدارانیش دوای مردنیان لەسەر خەرجی خەڵك دروست دەکرا.

کاتێك کوروش گەیشتە قبرستانەکە، گۆری (ئالیات) بابی قارۆنی دیت کە مێژوونووسانی سەدەکانی دواتر وەك هیرۆدۆت و ئێسترابوون و هیتر ئەو گۆرەیان بینی بوو و لە پەرتووکەکانیاندا باسیان کردووە. گۆری ئالیاتی بابی قارۆن بینایەکی ڕازاوە بە بەرزی نزیکەی هەفتا زەرعی لە سەر کرابوو و بە بردی جۆراوجۆر ڕازاندرا بۆوە و مێژوو نووسانی سەردەمەکانی دواتر وەك هیرۆدۆت و ئەسترابوون و ... هتد دیت بوویان. لە سەر شورەی بیناکە کەتیبەیەکی لێ بوو رێژەی ئەو زیرەی لە چینە جیاکان وەرگیرا بوو لە سەری نووسرابوو، هێرۆدۆت ئەو کەتیبەیەی خوێندبۆوە، نووسیویەتی: بەشە زێری وەرگیراو لە ژنە سپییەکان زیاتر بووە لە ئەوانی تر.

هیرۆدۆت دەڵێت: گۆری ئالیات لە بەرزی و پانی و درێژی بەقەد هەرەمەکانی میسر (کە ئەوانیش گۆرستانن) گەورە نابێت، بەڵام لەوان جوانتر و ڕازاوەتر و قایمترە و لەوانەیە تا دەهەزار ساڵی تر وێران نەبێت.

هەڵبەت هیرۆدۆت ئەو بیری لە بوومەلەرزە نەکردبۆوە و دواتریش بوومەلەرزە ئەو گۆرەی وێرانکرد. هەر هێرۆدۆت دەڵێت: ئەوانەی دەیان ویست هەموو گۆرەکانی هەردوو لای شەقامی گۆرستانەکە ببینن، یەك تا دووساڵ کاتیان پێویست بوو تا بزانن چ جۆرە وردەکاری و ئارەزوویەك لە دروستکردنی ئەو بینایانەدا بەکارهاتووە.

لە شاری سارد هەموو شتەکان بە تایبەت کچە جوانەکان و حەمامە خۆشەکانی ئەو شارە جێی خۆشگوزەرانی هیرۆدۆت بوون. لە سارد حەمامی زۆر گەورە هەبوون و لە هەندێکیان (٢٠٠٠) کەس دەیتوانی خۆ بشوات، خەڵك بۆ خۆشوشتن و کات بەسەربردن دەچوونە ئەو حەمامانە و کاتی تینوو بوون، لە جامی (ئێلەکترۆم)[٢] جەنگبەتی فێنکیان بۆ دەهات و بە هۆی سروشتی شاری سارد لە هاوین بەفری لێ دەست دەکەوت.

---

(٢) (ئێلکترۆم لە تێکەڵەی زێر و زیو دروستدەکرا و ڕێژەی (زێر ٥٥٪) و (زیو ٤٥٪) بوو و لەو کانزایە تازەیە قاپ و جامی جوانیان بۆ خواردنەوەی جەنگبەت و شەڕاب دروستدەکرد و ئەو قاپ و جامانەی شاری سارد زۆر بە ناوبانگ بوون و لەوێوە دەبران بۆ ئێران و وڵاتانی تر. زەبیحوڵلا)

گەر بمانەوێت لە زمانی مێژوونووسە کۆنەکان[٣] باس لە سارد و ئەوەی لێی بوو بکەین ئەوا یەکجار زۆرە و تەنها دەڵێین ئەو شارە زۆر جوان و بەشکۆ بوو و تەنانەت ئەوکات لەوێ جۆرە بۆنێکی خۆش بە ناوی (بکری) لە شوشەی جوان کە ناوی ساردی لەسەر نووسرابوو ئامادەدەکرا و دەناردرا بۆ وڵاتانی تر، ئەوەمان تەنها بۆ ئەوە باسکرد تا بزاندرێت کە فەرەنسا و بەریتانیا یەکەم بەرهەمهێنەرانی بۆن نەبوون.

ڕۆژانە بازاری تازە لەو شارە دەکرایەوە و لە بازارەکاندا خەڵکی شوێنی تر کەلوپەلی خۆیان ئاڵوگۆڕ دەکرد و خەڵکی (پێت ریا) واتە ئەو شوێنەی کوروش پیایدا هات، خوری و گەنمیان لەوێ دەفرۆشت و خەڵکی ئەو شوێنەی ئێستا بە (ئەزمیر) ناسراوە چوارپێیان لەوێ دەفرۆشت.

یۆنانییەکان قوماشی زێرین و قاپی گڵینیان دەفرۆشت و خەڵکی (هاتی) شمشێر و تیر و سەپێر و کلاوخود (کاسکێت) یان لەوێ دەفرۆشت، خەڵکی بابل بە دەنگی بەرز لەو بازارانە دەکەوتنە فرۆشتنی جادو و بە وتەی خۆیان جادوەکانیان لە ناو گۆڕ، مردووەکان لە (مونکیر و نەکیر) دەپاراست و لەو دونیایەش لە گەزینی مار و دووپشك بە دووریان دەکردن.

لە گەرمی سەرقاڵی بازرگانەکان، پیاوانی شاری سارد بە سواری ئەسپ یا عارەبانە بەر چاو دەکەوتن کە بە پۆشاکی خۆماڵی و خۆرازاندنەوەیەك کە لە خۆرازاندنەوەی خانمانی فەرەنسی سەردەمی (لۆیی پازدە و شازدە) جوانتر بوو لە هاتووچوودا بوون.

پیاوانی سارد ریش و سمێڵیان دەتاشی، برۆکانیان کەوانەیی و باریك دەکرد، ڕۆمەت و لێویان بە خەزیمە و زێر دەرازاندەوە و گوارەیان لە گوێ بوو، گەردانەیان لە مل دەکرد و ئەوەندەیان بۆن بەخۆدا دەکرد کە بۆنیان لە دوورەوە دەهات، ئەوکات لە سارد پیاوان خۆیان دەڕازاندەوە و ژنان ئەو کارەیان نەدەکرد.

هەرسێ مێژوونووسی ناسراوی کۆنی یۆنانی (هیرۆدۆت، ژۆس تین و پۆلین) دەڵێن ئەو خۆڕازاندنەوە زۆرەی پیاوان بۆوە هۆی زۆر بوونی رابواردن و تەنانەت سێکس لە شاری سارد.

لە کاتێك عارەبانەکان لە شاردا دەجووڵان و پیاوان بە جلوبەرگی بەشکۆ و ئارایشی تەواوەوە لە ڕێگەکان هەنگاویان دەنا، لە دەوروبەری شارەوە دەنگی کەڕەناکان دەهات و بریتی

**(٣) (لە مێژوونووسە کۆنەکان ئەو کەسانە زیاتر باسی شاری ساردیان کردووە و هەرچی نووسیویانە بە چاوی خۆیان بینیویانە و بریتی بوون لە: هیرۆدۆت، ئەسترابوون، هیپۆناکس، سی مۆنید، ئاشیل، سۆفۆکێلێ و ئاریستۆفان. زەبیحوڵڵا)**

بوو له دەنگی کەرەنای پیاوانی هاتووچۆکه بۆ ڕێکخستنی هاتووچووی عارەبانەکان بەکاردەهات له چوار ریانەکاندا، وەك ئەمڕۆ هەرجاره عارەبانەکانی یەك له جادەکانیان ڕادەگرت و ڕێگەی ڕۆیشتنیان به تاقمێکی تر دەدا.

له شاری سارد ئامادەکردنی خواردن گرنگی زۆری هەبوو و کێشت لیٚ نەران له ماڵی دەسەڵاتدار و باڵادەست و دەوڵەمەندەکان داهاتی چاکیان هەبوو و لەو شاره جگه له خواردەمەنی، شیرنەمەنیش[٤] ئامادەدەکرا.

سەرۆك کۆماری فەرەنسا (شارلّ دیگۆلّ) له بیرەوەریەکانی خۆیدا باس دەکات که به بۆنەی جەنگی دووەمی جیهانی وەك سەرۆك کۆمار بۆ رووسیا داوەت کرابوو و خوانی خواردن تا کاتژمێر هەشتی بەیانی بەردەوامبووه و ئەو ئەم ڕووداوەی زۆر به بایەخ وەرگرتووه و به شێوەیەکی پڕ بایەخ له بیرەوەریەکانیدا نووسیویەتی.

دیگۆلّ پیاوێکی گەوره بوو و شارەزاییشی له مێژوو هەبوو و لەوانەیه زانیبیتی ئەو جۆره خوانه درێژ ماوانه یادگاری شاری ساردن له رووسیا. ئەو میوانداریانه له شاری سارد بۆ یەکەمجار بۆ شاری (بیزان تیۆم) واته ئیستانبۆلّ گواسترایەوه و ئەوەش لەو سەردەمه بوو که به سەردەمی (ڕۆمی بچووك) دەناسرا و لەوێوه چووه بۆ رووسیا.

له شاری سارد میوانداریەکان سیٚ شەو و ڕۆژی دەخایاند و بەردەوام بۆ ڕێگرتن له تێر بوونی میوانەکان، شەڕاب و جەنگبەت و خواردەمەنی و خواردنەوەی جۆراوجۆریان پێدەدرا و سەرەنجام هەندێك له میوانەکان له تەنیشت سوفرەکه دەخەوتن و هەندێکیشیان دەرۆیشتن بۆ پەرستگاکان تا کچه جوانەکان پێشوازیان بکەن و لەویٚ ڕابوێرن.

لەوه زیاتر باس له شاری ساردی پایتەختی قارۆن ناکەین، چونکه باسی ئەو شاره ئەگەر کورت نەکرێتەوه به کۆتا نایەت و تەنها دەڵێین ئەوه ئەو شاره بوو که له ڕۆژی سەد و سی و یەکەمی ساڵی (٥٤٦پ. ز) له لایەن سوپای کوروش گەمارۆ درا.

---

**(٤) (ئەو شیرنەمەنیانەی به شیرنەمەنی فەرەنسەوی ناسراون له ڕاستیدا له لایەن ئەوانەوه دانەهێندراون و دەگەڕێتەوه بۆ شیرنەمەنییەکانی شاری سارد و بەڵگەی پێویست بۆ ئەو وتەیه له پەرتووکی (ئامادەکردنی خواردن و شیرنەمەنی) نووسەر (ئارشس تراس) هاتووه که خەڵکی شاری سارد بووه و پەرتووکەکه له دوو هەزار و پێنج سەد ساڵ پێش نووسراوه و به یەکەم پەرتووك دادەنرێت که له بواری ئامادەکردنی خواردن نووسراوه و لەو پەرتووکه جگه له خواردن، شێوەی ئامادەکردنی پەنجا جۆر شیرنەمەنی هاتووه، زەبیحوڵڵا)**

# کوروش و گەمارۆی شاری سارد

مێژوونووسانی کۆن سەبارەت بە هیچ یەك لە جەنگە کۆنەکان بە ئەندازەی ئەو جەنگە نەدواون و هێرۆدۆت پەتووکی نۆزدەهەمی خۆی بۆ باسی ئەو جەنگە تەرخانکردووە و گەزنەفۆن لە بەشی حەوتەمی پەرتووکی (کۆرۆپیدیا) تەنها باسی ئەو جەنگە دەکات، پۆلین لە پەرتووکی خۆی بە ناوی (ستراتیژ) بە درێژی ئەو جەنگە باس دەکات و ئێمەش بە بێ نووسینەوەی سەرچاوەکان باسی هێرشەکەی کوروش بۆ شاری سارد دەکەین.

دوای رزگاربوونیان لە مەرگەساتی دۆڵی (پێت ریا)، کوروش فەرمانیدا چەندی دەتوانن لە دەشتەکان وشتر بگرن و لە گەڵ خۆیان بیبەن، چونکە کوروش بە ئەزموون دەیزانی ئەسپ توانای خۆڕاگری لە پێش بۆنی وشتری نییە. ئێستاش دوای بیست و پێنج سەدە لە شەری سارد، هێشتا ئەسپ توانای بەرگەگرتنی بۆنی ئەسپی نییە.

نووسەری بەریتانی (سێرپێرسی سایکس) لە پەرتووکی خۆی بە ناوی (مێژووی ئێران) دەڵێت: "زۆرجار لە جادەکانی ئێران بە سواری ئەسپ لە تەنیشت کاروانی وشترەکان رۆیشتووم و ئەسپەکەم بە ناچاری و لە ژێر رێنمایی مندا لە گەڵ وشترەکان دەرۆیشت، بەڵام هەر کە بەرمدەدا تا خۆی بڕوات لێ یان دوور دەکەوتەوە، چونکە هیچ ئەسپێك خۆی بۆ بۆنی وشتر ناگرێت. تەنانەت ئەسپی ئەورووپی کە وشتریان نەدیتووە، لە کاتی بینینی بە ڕادەیەك هەراسان کە ئاوسار دەپسێنن."

هۆی کۆکردنەوەی وشترەکان لە لایەن کوروش ئەوە بوو کە کوروش دەیزانی سوپای قارون لە ئەسپ سواران پێك هاتووە و ئەسپ بە بینینی وشتر دەترسێت و دەیەویست بەو شێوەیە هێرشی ئەسپەکان کەمکاتەوە.

کوروش کاتێك گەیشتە نزیك شاری سارد بڕیاریدا ئۆردووگای سەربازەکانی لە ناوچەیەك بە ناوی (تیم بوار) دابنێت کە ئێستا ئەو ناوچەیە بە (ئەدەلە) ناسراوە.

پێش گەیشتنی سوپای کوروش بۆ سارد، قارۆن داوای یارمەتی لە دۆستەکانی کرد و تەنها فیرعەونی میسر سوپایەکی تارادەیەك باشی بۆ یارمەتیدانی نارد و ئیسپارتییەکانیش پێنج سەد کەسی پیادەیان نارد، بەڵام لە جەنگی کوروش سوود لە ئەوان نەبینرا.

دۆستەکانی قارۆن بەپێی ئەو نەریتەی لە سیاسەتدا هەبوو لە دۆستی بە هێز زۆر زیاتر دەترسان تا لە دوژمنێك کە توانای نەزاندراو بوو و لە لایەکی تر دۆستەکانی دەترسان ئەگەر قارۆن بەسەر کوروشدا سەرکەوێت، لووت بەرزییەکەی بگاتە ئاستێك کە هەموویان بکاتە کۆیلەی خۆی و ئەو خۆبەزل زانینەی قارۆن، ئەوانی بەرانبەر بە پاشای لیدی بێ ئارەزوو کردبوو و ئەو بە هۆی ئەو سەرمایەی هەیبوو، خۆی بە گەورەتر لە پاشاکانی تر دەزانی و ئەوانیش لە دڵەوە ئارەزووی شکست خواردنی قارۆن لە کوروشیان دەکرد.

دوای ئەوەی کوروش سوپاکەی دامەزراند، داوای تەواوی ئەفسەرەکانی خۆی تا پلەی تاخیاك (فەرماندەی سەد کەس) کرد و دوای کۆبوونەوەیان، لەسەر شوێنێکی بەرزتر لە شوێنی ئەوان وەستاو و وتی:

"ئێوە لە سەحرا گەورەکان و شاخە سەرکەشەکان پەرینەوە و گەیشتنە ئێرە، ڕاستە کە بەشێکی زۆری خاکی لیدیتان داگیرکردووە بەڵام تا ئێستا سوپای قارۆن هەر سوپایەکی تۆکمەیە و تا سوپاکە نەشکێت هەرچەند خاکی زۆرمان داگیرکردبێت سەرکەوتنمان نەهاتۆتەدی. ئێمە نازانین قارۆن لە پشت شورە بەرزەکانەوە جەنگ دەکات یا لەو دەشتە هێرشمان دەکاتەسەر، ئەگەر لە سارد بمێنێتەوە ئەوە دەبێت خۆمان بۆ دەورە گرتنیان بۆ ماوەی درێژ ئامادەبکەین و بزانین کە زستانمان لە پێشە.

هەرچەندە تەنها (١٣٢) ڕۆژ لە بەهار ڕۆیشتووە، بەڵام شنینەوەی بای پاییز لێرە دەستی پێکردووە و دەزانم لێرە زستانێکی سەخت وەك زستانی کوردستان و ئازەربایجانمان دەبێت. لە ئێستاوە دەبێت بۆ خۆمان بیر لە پۆشاکی گەرم و خانوو و خۆراك بین و بۆ سەربازەکانمان خانوو،

بۆ وشتر و ئەسپەکانیش ئالیك و ئاغەڵ دابین بکەین تا وەرزی زستان و برسیەتی لەناویان نەبات. ئەگەر سوپای قارۆن لە شار بێتەدەر و هێرشمان بکاتە سەر کارمان ئاسانترە و بەر لە سەرما لەشکرەکەی لەناو دەبەین و شەڕ یەکلا دەبێتەوە.

من ناڵێم لە گەڵ دوژمنێکی لاواز جەنگ دەکەن، بەڵام دەڵێم ئەفسەرانی دوژمن ورە و توانای ئێوەیان نییە و لەشکرێك کە ئەفسەرەکانی ورە و توانایان نەبێت، سەربازەکانیشی توانای جەنگکردنی باشیان نییە.

دانیشتوانی شاری سارد لەگەڵ خواردنەوە و ڕابواردن و حەسانەوە ڕاهاتوون و ئەمانەش لە گەڵ جەنگاوەر ناگونجێت، بەڵام ئێوە ڕاهاتوون بەرگەی سەختییەکان بگرن و دیمەنی جەنگگە ناتان ترسێنێت و مردن لە جەنگگە بۆ ئێوە ئاساییە. ئەگەر دوژمن لە شار بێتە دەرەوە و بە پاڵپشتی سوارەکانی هێرشمان بکاتەسەر، ئەوا ئێمە وشترەکان لە ریزی پێشەوە ڕادەگرین تا رێکوپێکی هێرشی سوارەی دوژمن لەناو ببەین و لەم کارەش تەنها پشت بە وشترەکان نابەستین و وەك جاران ئەسپەکانیان دەکوژین، تا ناچاربن پیادەبن و جەنگمان بکەن.

قارۆن سەربازی پیادەشی هەیە، بەڵام ئەوان سپێری گەورەی دارینیان هەیە کە بە هۆیەوە ناتوانن میدانی جەنگ بە باشی ببینن. ئەو سپێرە جگە لە دەستی چەپیان، بەشێك لە سینگیان دادەپۆشێت و جەنگکردن قورس دەکات. لەوانەیە قارۆن عارەبانەی جەنگی رەوانە بکات چونکە لە ڕابردوودا عارەبانە سازی ئەوان بە ناوبانگ بووە و ئەگەر عارەبانەکان هاتن، دەبێت سەربازەکانتان ئەسپەکان بکوژن و بەم شێوەیە ئەوان لە کاردەکەون و ئەوکات سەربازەکانی سەریان ناچار پیادە دەبن."

دوای ئەو وتارە کوروش چەندین دەستەی بۆ کۆکردنەوەی ئالیك بۆ ئاژەڵەکان، خواردن بۆ سەربازان و پێستە و خوری بۆ خۆپاراستن لە سەرما پێکهێنا و بەشێك لە ئەفسەرەکانیشی ڕاسپارد تا سەربازەکانیان ناچاربکەن کە خانوو بۆ خۆیان و تەویلە بۆ ئاژەڵەکان ساز بکەن و بەشێك لە سەربازەکانیش کەوتنە دورینی جلوبەرگی زستانە و تەواوی ئەو کارانە لە کاتێکدا دەستیان پێکرد کە هێشتا تاکە تیرێك لە نزیك ئەو شارە لە لایەن سەربازەکانی سارد و ئێران نەهاوێژرا بوو[1] و تاکە سەربازێکیش بریندار نەببوو.

---

**(١) (ئەم هەنگاوەی کوروش وانە بوو بۆ هەموو سەرکردەکانی جیهان تا لە جەنگ بیریان لە هاتنی زستان بێت و تا سەرما دووچاری شکستیان نەکات. هەر سەرکردەیەك لە سەردەمانی دواتر ئەو وانەیەی وەرگرت، سەرکەوتوو بوو. هیتلەر لە ١٩٤١ زایینی هێرشی کردەسەر رۆسیا، ئەگەر پەیرەوی لە کوروش کردبایە و بیری**

کوروش دەیزانی لە ناو جەرگەی دوژمندایە و لە هەرچوارلاوە دوژمن دەورەی داوە و لەوانەیە لە هەر کاتێکدا هێرشی بکەنە سەر، هەر بۆیە بۆ ئەوەی لە ناکاو هێرش نەکرێتە سەر سوپاکەی لە هەر چوار لای خۆیەوە لەشکری بە پانتایی نزیکەی دە فەرسەخ بلاوکردەوە. کوروش لە رۆژی سەدو سی و سێیەمی دوای بەهاری سالی (٥٤٦ پ. ز) فەرمانیدا کۆمەلێك نامە بە زمانی لیدی بنووسرێت و بۆ شاری ساردبنێردرێت، ناوەرۆکی نووسراوەکان بریتی بوو لەوەی کوروش دەزانێت ژمارەی دانیشتوانی شاری سارد زۆرە و ئازوقەی پێویست لەو شارە نییە و بە زوویی ئەوان دووچاری کەم خۆراکی دەبن، ئەو ئافرەتانەی کە مندالّی ساوایان هەیە و بە هۆی کەمی خۆراك ناتوانن شیریان پێ بدەن و دواتر مندالّەکان دەمرن، بۆیە پاشای ئێران رێگە دەدات ئەوانەی دەیانەوێت لە شار دەرچن و بەلینیش دەدات کە سەر و مالّ و ناموسیان پارێزراو دەبێت.

ئەو جوامێریە تا ئەو کات لە مێژووی جەنگەکان نەدیترا بوو و سەردارانی جەنگەکان لە کاتی گەمارۆی شارەکان بەرانبەر خەلّکی بێ دەسەلاّت هەرگیز بەزەییان نەبوو و مردنی ئەو کەسانە لایان گرنگ نەبوو، ئەو رۆژە کوروش نیشانیدا کە دەکرێت لە جەنگدا ئازاری خەلکی بێ تاوان نەدرێت. قارون کە دەیزانی ئازووقە لە شاردا کەمە سوودی لەو دەرفەتە وەرگرت و ژنان و مندالان و پیر و پەککەوتەکان کە هیچ سوودیان بۆ جەنگ کردن نەبوو و تەنها تێچوویان هەبوو، ناردنە دەرەوەی شار.

کوروش ئاگادار بوو قارون خاوەنی سوپایەکی گەورەیە لە ناو شار و پێشبینی دەکرد رۆژێك سوپاکە لە شار دەربچن و هێرشی بکەنە سەر، لە لایەکی تر دەیزانی کە بەشێکی زۆری ئەو سوپایە سوارەیە و پێویستیان بە دابین کردنی ئالیك هەیە بۆیان و تەنانەت بەو هۆیەوە ناچارن بێنە دەرەوە. هەروەها دەیزانی عارەبانەی جەنگی لە لەشکری قارۆندا هەیە و لە کاتی هاتنە دەرەوەی لەشکر، ئەو عارەبانانە سوودیان لێدەدی ترێت.

لە رۆژی سەدوچل و نۆیەمی سالّی (٥٤٦ پ. ز) قارۆن کە تا ئەوکات چاوەروانی هاتنی هێزی یارمەتیدەر لە لایەن دۆستانەوە بوو، لە شار هاتەدەر و هێرشی کردە سەر لەشکری کوروش و هێزی پیادەی قارون بە دوو یا بە گوتنی هەندێك کەس سێ (ڤالانژ) بوو. ڤالانژ

---

**لە زستان بووایە، سەردەکەوت،بەلاّم ئەو وایدەزانی بەرلە هاتنی زستان شەرەکە دەباتەوە و بە هاتنی زستان بێ توانا مایەوە و لە پێشرەوی کەوت و سەربازەکانی لە سەرمادا مردن.ناپلیۆنیش وانەی لە کوروش وەرنەگرت و لە زستانی ١٨١٢ زایینی بۆوە هۆی لەناوچوونی خۆی و پێنج سەد هەزار سەربازی مردن. زەبیحوللاّ)**

وشەیەکی یۆنانییە و مانای گۆپاڵ دەدات، بە مانای تر بەکار هاتووە بۆ یەکەی سوپای یۆنانی و قارونی و پیێك هات بوو لە (٤٠٩٦) چوار هەزار و نەوەد و شەش سەرباز، هەر ڤالانژێك دابەشبووە بەسەر شازدە گروپی بچووك کە هەریەکە لە (٢٥٦) کەس پێکهاتووە و ناویان بەتالیۆن بوو. وەستانی بەتالیۆنەکان بەرەو رووی دوژمن بە شێوەیەك بوو کە لە هەموو لایەکەوە دوژمن بەرەو روویان دەبوو و نەیدەتوانی خۆی بگەیێنێتە پشتی ئەو لەشکرە.

زاندراوە یۆنانییەکانی ئەوسا بە پێی باوەڕەکانی خۆیان، خوایانێکیان دەپەرستی کە لە شاخەکانی ئەلەمپ دەژیان و پێیان وابوو دوای ژیان گەورەترین دیاری خوای گەورە بۆ یۆنانییەکان بریتی بووە لە ڤالانژ.

لە جیهانی کۆن ڤالانژ کە بە چەکی جەنگ و بە شمشێر و نێزە و تەور هەژمار دەکرا، بەهێزترین ئارایشی جەنگ بووە کە تیایدا هێزی دوژمن هەرگیز نەیتوانیوە خۆی بگەیێنێتە پشت سەربازان و بە ژوژك دەچوو، واتە دوژمن لە هەرلایەکەوە ویستبای نزیکی کەوێتەوە بەر درکەکانی ژۆژك دەکەوت و بەو پێوەرە سەرکەوتن بە سەر ڤالانژێکدا کارێکی زۆر قورس بوو و کوژراوی زۆری پێویست بوو.

هەرچەندە لەشکری کوروش سەرگەرمی ساز کردنی خانوو و تەویلە بوون، بەڵام دەرچوونی لەشکری قارون لەناو شار بۆ ئەوان لەناکاو نەبوو، چونکە ئەوان پێشبینی یان کردبوو کە ناکرێت ئەو لەشکرە ماوەیەکی درێژ لە شاردا بمێننەوە. کاتێ لەشکری قارون لە سارد دەهاتنەدەر، کوروش فانیلەی سوور و شلوارێکی بەرینی سەوزی لەبەردا بوو و لەسەر کاسکێتی کوروش ئالایەکی سپی شەپۆلی دەدا و بە ئەسپێکی ڕەش لە لایەکەوە بۆ لایەکی تری مەیدانی جەنگ لە جووڵەدا بوو هاتووچوودا بوو.

سەربازەکانی کوروش وەك پێشتر باسمان کرد پێکهاتبوون لە سەربازی خێڵە فارسەکان و خێڵە کوردەکان و خێڵەکانی کرەمیسین یا کرماشان[٢]، خەڵکی تەبەرستان و خەلکی تالش کە هەریەکەیان بەرگی تایبەتی خۆیان لەبەر بوو.

---

(٢) (هەموان دەزانین دانیشتوانی کرماشان کوردن، بەڵام ئارەزووی لەناوبردنی کورد و کەم کردنەوەی خاکەکەی بۆتە هۆی بەکار هێنانی دەیان چەشنە فێڵ و تەڵەکە لە دژمان و ئەو شێوە بەکارهێنانە لەلایەن زەبیحوڵڵا یەك لەو کارانەیە، وەرگێر بۆ کوردی.)

پانتۆلی هەموو سەربازەکان لە سەرەوە فش و لە کوێزینگی لاقیان تەسك دەبۆوە و هەموویان کۆڵە پشتیان هەبوو و هەر دەستەیەك یەك شێوە پۆششیان هەبوو و بە گشتی ریشیان هەبوو و لە ئێران ریش بە جوانی پیاو دەزاندرا.

ئەو رۆژە کوروش پێویست نەبوو هیچ بە ئەفسەر و سەربازەکانی بڵێت، پێشتر هەموو شتێکی بۆ باس کرد بوون و ئەوان دەیانزانی دەبێت بەرانبەر سوارکارەکانی قارون. وشترەکان ریز بکەن تا ئەسپەکان نەتوانن بە رێکوپێکی هێرش بکەن، هەروها دەیانزانی دەبێت ئەسپی عارەبانەکانی لەشکری قارون بکوژن تا نەتوانن هێرش بکەن و دەیانزانی لە بەرانبەر ڤالانژ، دەبێت دەستەکانی خۆبەخش بۆ مردن دروست بکەن کە کاسکێت و خەفتانیان هەبێت و وەك سەرە ڕم هێرش بکەن سەر ڤالانژ و لە پشتەوە وەك چوارگۆشە دەربچنەوە، ئەو دەستانە ئەوەندە زۆر بن کە لە رۆژئاوا تا رۆژهەڵات و لە باکوور تا باشوور هێرش بکەنە سەر ڤالانژ و سەربازەکانی تر بە گشتی لە پشت ئەو دەستانەوە هێرش بکەن و دەبێ بزانن تاکە رێگە بۆ سەرکەوتن پێشوازییە لە مردن.

ئەفسەر و سەربازەکان دەیانزانی ئەگەر سوارکارەکان نەگەرانەوە، پێویستە ئەسپەکانیان بە تیر و نێزە بکوژن تا ئەوانیش پیادە بن و جەنگ ئاسانتر دەبێت. هەروەها دەیانزانی کاتی سەخت بوونی جەنگ لە لایەکی جەنگگە، پێویست سەربازانی تەبەری و تالشی بچنە ئەوێ چونکە ئەوان لە رووی جەستەییەوە زۆر بەهێزن و لە وەشاندنی گۆپاڵ و هاویشتنی تیر کارامەن.

ئەوان دەیانزانی لەوانەیە دە نوکە شمشیر سەربازێکی سارد نەخات چونکە ئەوان قەلغانی قورقوشمیان لەبەر بوو، بەڵام لەوانە بوو یەك گۆپاڵی سەربازێکی تالشی کاتێك بە سەر و شانیان بکەوێت، سەربازانی سارد بخات. سەربازەکانی تەبەرستان بە تیر جەنگیان دەکرد و تەورەکانیان ئەوەندە قورس بوو کە دەیتوانی کاسك یا خەفتانی دوژمن شەق بکات. خەیلە فارسەکان دەبوایە بە تیر هاوێشتن رێگەی سوارەکان بگرن چونکە تیرهاوێژی باش بوون و ئەمەش بەو مانایە نەبوو کە هیچ کارێکی تر نەکەن.

باسکراوە کە سەربازانی (پارت) توانیویانە (قیقاج) لێبدەن، واتە لەو کاتەی لە سەر ئەسپ و بە خێرایی دەروون، خۆیان بۆ لای پشتەوە بسۆڕێننەوە و تیر بهاوێژن و ئەو سوارەی لە دوایانەوە دێت بکەوێنن، هەرچەندە ئەمە لە داهێنانی ئەوان بوو و لە لەشکری کوروش سەربازی پارتی لێ نەبوو، بەڵام سەربازانی فارسیش ئەمە هونەرە جەنگییەیان دەزانی و

دەیانتوانی لە خێرایی زۆری ئەسپەکەیاندا بسورێنەوە و تیر لەو سوارەی دوژمن بدەن کە لە دوایانەوە دێت. بە گشتیش سەرباز و ئەفسەرانی لەشکری کوروش ئەو رۆژە دەیانزانی کە لە کاتی هاتنەدەرەوەی لەشکری قارون لە شاری سارد پێویستە چ بکەن و هەر ئەفسەرێك ئەرکی سەربازەکانی خۆی لەوکاتەدا دیاریکردبوو، وێڕای ئەوەش دەبوایە ئەو ئەرکانە بەجێ بگەن و هەر یەکەیەك بگاتە ئەو شوێنەی کە پێویستە لێی بێت.

لە کاتی گەمارۆدانی شاری سارد، هێزەکان بە مەبەستی گەمارۆی شار پەرت ببوون و کوروش دەبوایە ئەوان کۆبکاتەوە، لێهاتوویی پاشای ئێران لەوەدابوو کە بە خێرایی توانی لەشکرەکەی لە بەرانبەر سوارکار و پیادە و عارەبانەکانی قارون و بەرانبەر ئەو دەرگایانە ڕیز بکات کە لەشکری لێ دەهاتەدەر.

دوو ڤالانژەکەی لەشکری قارۆن زۆر بە ئارامی کەوتنە رێگا بەرەو لەشکری ئێران و هێدی رێگایان دەکرد و ئەفسەرەکانیش فەرمانیان پێدەدان خۆیان ماندوو نەکەن و هەناسەیان بۆ جەنگ ئامادەبکەن، دیمەنێکی سەرەنج ڕاکیش بوو و ئەگەر مرۆڤ توانیبوایە ببێتە باڵندە و بەسەر ئەو دوو ڤالانژەدا بفرێت، دوو چوار گۆشەی دەبینی کە لە شوێنێکەوە دەروات بۆ شوێنی تر و نەدەزاندرا کە ئەوە دەزگا و ئالەتێکە بۆ کوشتن.

کوروش بۆی دەرکەوت ئەگەر ئەو دوو ڤالانژەی لەشکری قارۆن دووچاری شلەژان و بلاوبوون نەکات بە دڵنیاییەوە شکست دەخوات و تەواوی سەربازانی قارون لە رووی توانای جەنگی ئەرزشی ئەو دوو ڤالانژەیان نەبوو. ئەو دوو پێکهاتە کە هەریەکە لە چوارهەزار و نەوەد و شەش کەس پێکهاتبوو وەك ئاژەلێك دەردەکەوتن کە لە رێگەیاندا هەرچی سەربازێك هەبوایە لەناویان دەبرد، بە بێ ئەوەی کە هیچ گۆڕانێك لە شێوەی چوارگۆشەکە رووبدات.

هەرکەسێك ئەو دوو پێکهاتە جەنگییەی دەبینی کە بە ئارامی و بێ پەلە کردن دەروون و لە روالەت بێ دەنگن، دەیزانی بە کەرەستەی ئاسایی ناتواندرێت تێك بشکێندرێن و دەبێت پێداویستی تایبەتی بۆ ئامادەبکرێت. کوروش دەیزانی ئەو ڤالانژانە تا ئەوکاتەی بە رێکوپێکی بێن ناتواندرێت تێك بشکێندرێن و ئەگەر لە یەکتری بلاو بکرێن، ئەوا وەك سەربازانی تری ئاساییان لێدێت و شکاندنیان ئاسان دەبێت، ئەوان پەروەردەکراون کە لە گەڵ سەربازانی تردا بجەنگن و پێویستە هەمیشە خۆیان لە تەك هاوکارانیان بدۆزنەوە و کاتێك تەنها دەمێننەوە، ورە و توانی جەنگیان لەدەست دەدەن.

کوروش کە بە هاوڕێیەتی دەستەیەك لە ئەفسەرانی تەواوی دەستەکانی لەشکرەکەی بە سواری ئەسپ دەجوولایەوە، دوو لە ئەفسەرانی تالشی و تەبەری داوا کرد و داوای لێکردن بچن و پەیامی کوروش بە سەربازانی تالشی و تەبەری بگەیێنن و پێیان بڵێن:

"ئەمرۆ بۆ تێکشکاندنی ئەو دوو ڤالانژە کە بە گشتی سەربازی پیادەن پشتم بە ئەوان ئەستوورە، چونکە ئەوانیش سەربازی پیادەن و دەتوانن ئاسان لەگەڵیان بجەنگن. ئەوان تێبگەیێنن پێویستە لە کاتی هێرش بۆ سەر ڤالانژ لە چەند لایەکەوە هێرشی بکەنە سەر و ئەگەر بۆیان کرا لە چوار لاوە، ئەگەر نا لە سێ لا یان دوو لاوە هێرش بکەن و بە پێچەوانەوە ئەوان ناتوانن درز لە ریزەکانیان دروست بکەن و باویان بکەن و ئەوکات شکست دەخوون.

بە ناوی منەوە بە دلاوەرانی تەبەری و تالشی بڵێن کە ئەمرۆ چارەنووسی جەنگ لە دەست ئەواندایە، من دەتوانم لە دژی بەشەکانی تری لەشکری قارۆن بجەنگم و لەناویان بەرم بەڵام لەناو بردنی ئەو دوو ڤالانژە، لە دەستی سەربازانی تالشی و تەبەریدایە و ئەوانن کە بە تەور و کۆپاڵەکانیان دەبێت ئەو دوو ڤالانژە تێك بشکێنن و گەورەترین رێگر لە رێگای سەرکەوتنمان وەلا بنێن. برۆن و ئەوان ئامادەبکەن و بەر لەوەی هێرش بکەن خۆم دەیانبینم."

ئەفسەرەکان رۆیشتن و پازدە هەزار سەربازی تالشی و تەبەریان خستە رێگا و کوروشیش کە سەرگەرمی ئیدارەدانی کاروباری جەنگ بوو بە هۆی بورجی جولاوەوە خۆی گەیاندە ئەو سەربازانە. بورجی جولاو بریتی بوو لە بورجێك کە لەسەر تایە دەجولاو و لە سارد دروستکرابوو تا کوروش بتوانێت بە هۆی ئەو بورجەوە میدانی جەنگگە ببینێت.

کوروش لە سەر بورجەکە و لە ناوەڕاستی سەربازانی تالشی و تەبەری وەستا و هاواری کرد: "ئەی قارەمانانی من و ئەی سەربازانی تەبەرستان کە لە جەنگەڵەکاندا لە گەڵ پلینگدا دەجەنگن و سگی ئەو دڕەندەیە دەدڕن و ئێوەش ئەی سەربازانی تالشی کە لە وڵاتی خۆتاندا مامزێکی نێر کە لە گایەك قورسترە بە دوو دەست بەرز دەکەنەوە، ئەمرۆ ئێوە دەنێرم بۆ جەنگی ڤالانژەکان و چاوەڕوانم کە لە پێش گەلی ئێران و نەتەوەکانی جیهان سەربەرزم بکەن.

ئەمرۆ من کارێکی سەخت بە ئێوە دەسپێرم و ئەگەر سەخت نەبوایە بە ئێوەم نەدەسپارد، من دەزانم کە لە ناخی ئێوەدا ترس نییە بەڵام ئێوە جەنگی دوژمنێك دەکەن کە تا نەکوژرێت دەست لەجەنگ هەڵناگرێت. من نازانم دوای لەناوچوونی ڤالانژەکان چەند کەس لە ئێوە

دەمێنێت، بەڵام پێشتر داوای لێخۆشبوون لە (ئاهورا مەزدا) بۆ ئەوانە دەکەم کە لەو جەنگە گیان بەخت دەکەن.

ئێوە پەریشان ژیانی کەس و کارتان مەبەن کە لە دواتان بەجێ دەمێنن و بزانن کە ئەوان لەو روانگەوە دووچاری سەختی نایەن و من بۆ هەر بنەماڵەیەك کە لەو جەنگەدا بەخێو کەرەکەی لەناو بچێت کاڵا و نەختینەی بەردەوام دەبەخشم و لە سەر ئەو بورجەوە یا بە سواری ئەسپ، چاودێری جەنگی ئێوە دەبم، ئێستا برۆن و من لە ئاهورامەزدا داواکارم ئێوە سەرکەوتوو بکات."

تا ئەوکات لە رۆژهەڵات موچە بەخشین بە کەس و کاری ئەو سەربازانەی لە جەنگ دەکوژران باو نەبوو، بەڵام لە یۆنان، هەروەها لە ئیسپارت کە وەڵاتێکی یۆنانی بوو ئەو نەریتە هەبوو و دەکرێت بگوترێت چونکە ئیسپارت وەڵاتێکی بچووك بوو و کەسێکی پیادە لە ماوەی یەك رۆژدا دەیتوانی لە لایەکی بچێتە لاکەی تری و دانیشتوانیشی بە گشتی خزمی یەکتر بوون، بۆیەش لە کاتی کوژرانی یەك لە سەربازەکان لە مەیدانی جەنگدا، هەموویان یارمەتی کەسوکارە بێ سەرپەرەشتەکانیان دەدا.

بەڵام ئێران وڵاتێکی گەورە بوو و تا پێش هاتنی کوروش ئەو نەریتە نەبوو و لە کاتی کوژرانی سەربازێك لە مەیدانی جەنگدا، ئەگەر خۆی دەوڵەمەند بایە ئەوا کەسوکاری بەردەوام دەبوون لە ژیان و بە پێچەوانەوە وەك گەڵا زەرد بووەکانی پاییز هەڵدەوەران و یەك لە دوای یەك لەناو دەچوون، بەڵام کوروش ئەو کارەی کردە  فەرمی و دواتر لە ئیسلامیشدا ئەو نەریتە بوو بە باو.

سەربازە تالشییەکان ئەوکات لە پشتێن بۆ سەرەوەیان رووت بوو و بە گۆپاڵە ترسێنەر و سەگە گەورەکانیان کە بە قەدەر ئێسترێکی بچووك دەبوون، لەگەڵ سەربازە باڵابەرز و چوارشانەکانی تەبەرستانی کە تەوریان بەدەست بوو، بەرێکەوتن. سەرجەم ئەو سەربازانە پانزدە هەزار بوون و بوونە دوو گروپی وەك یەك و هەریەکەیان بەرەو یەك ڤاڵانژ چوون.

پولین دەڵێت: هەر کە هێرشی سەربازانی تەبەری دەستی پێکرد، نەعرەتەی دلاوەرانی مازەندەران دەهاتەبەر گوێ کە ئەو وشەیەیان دەووت (یاوەر... یاوەر... یاوەر) هەروەها ئەو دەڵێت لە زمانی تەبەری بە واتەی (یارمەتی دەر) دێت و تەبەریەکان بە وتنی ئەو وشەیە یەکتریان بۆ جەنگی قارەمانانە هاندەدا.

هەر سەربازێکی تەبەری ئەگەر پێش کوژرانی توانیبای تەورەکەی لە سەربازێکی قارۆن بدات، بێ گومان سەربازەکە دەکەوتە زەوی و توانای هەستانەوەی نەدەبوو، ئەوان لە هەرلایەکەوە هێرشیان دەکرد خۆیان لە بەرانبەر ڤالانژ دەدیت و دەیانزانی کە تا ڤالانژ تێك نەشکێنن ناتوانن پشتی سەربازانی قارۆن ببینن.

سەربازە تالشییەکان بە سەگە گەورە و درندەکانیانەوە هاتنە ناو جەنگگە و بێ گوێدان بە کوژرانی خۆیان گۆپاڵە قورس و درێژەکانی خۆیان کە وەك گورز بوو ڕادەوەشاند و زۆر زوو دەرکەوت کە ئەو گۆپاڵانە لە دەستی ئەواندا لە شمشێر، تیر، نیزە و کەمان کاریگەرترە.

ئەگەر گۆپاڵەکە بەر کاسکی سەربازی دوژمن کەوتبایە ئەوە کاسکەکەی وردەکرد و کاسك لەسەر چیتر هەڵنەدەستایەوە و ئەگەر بەر شانیشیان کەوتبایە، هەرچەندە خفتانیان لەبەر بوو وێرای شکانی ئێسکی شانیان ئەوا دەستیشیان دەشکا و هەناسەشیان لە سینگیاندا قەتیس دەما و ئازارێکی زۆریان دەبوو. کاتی گۆپاڵەکان بەر شمشیر دەکەوتن دەیانشکاند و گەر بەر نیزە کەوتبان وردیان دەکرد و ئەگەر بە سپێریش کەوتبایە، لە بەر بە هێزی لێدانەکە دەستی سەربازی دوژمن گۆج دەبوو.

کوروش ئەوەندە مژولی جەنگ بوو کە نەیدەتوانی خۆی بگەیێنێتە سەربازانی تالشی و تەبەری، بەڵام ئەو هەواڵانەی لە ئەفسەرەکانەوە پێی دەگەیشت نیشاندەری ئەوەبوو کە بە هۆی جەنگکەری و خۆڕاگری ئەو سەربازانە، لێك بڵاوبوونی هەردوو ڤالانژ چاوەڕوانکراوە. هاوکات لە گەڵ جەنگی ئەو پازدە هەزار سەربازە لەگەڵ هەشت هەزار سەربازی ڤالانژدا، جەنگ لە شوێنەکانی تری جەنگگە لە نێوان هەردوو لەشکردا بە قورسی بەردەوامبوو و عارەبانە جەنگییەکانی قارون کوشتاری زۆریان لە لەشکری کوروش کردبوو.

زاندراوە وڵاتی لیدی ناوەندی سازکردنی عارەبانە جەنگییەکان بوو و ئەوان ملی تایەکانیان لە ئاسن دروست دەکرد و پێشی عارەبانەکان ژمارەیەکی زۆر داسی ئاسنی پێوەبوو و ئەو ئامێرە جەنگییە لە دەستی شۆفێرە لیدییەکان زۆر کوشەندە بوون و جەنگ کردن لە گەڵیان ئاسان نەبوو و بەرلە کوشتنی ئەسپەکانی ئەو عارەبانانە لە لایەن سەربازە ئێرانییەکان بە تیر یا نێزە، ژمارەیەکی زۆر سەربازی ئێرانی بە پێکانی داسەکان یا لە لایەن سەربازانی ناو عارەبانەکان کوژران و یا کەوتنە ژیر عارەبانە و تایەکانیان.

کوروش بۆ لەناو بردنی ئەو ئامێرە جەنگییە ناچاربوو داوای فیدائیەکان بکات، سەربازە فیدائیەکان لە ژێر سپێرەکان و لە سەر ڕێگەی عارەبانەکان ڕادەکشان و بە گەیشتنیان سپێرەکانیان هەڵدەدا و بۆ گەیشتن بە ژێر عارەبانەکان و گرتنی ژێر سکی ئەسپەکان، بازیان داویشت و بە چەقۆ ورگی ئەسپەکانیان دەدری و خۆشیان لە ژێر دەست و قاچی ئەسپەکان و تایەی عارەبانەکاندا ورددەبوون.

سپێرەکانی سەربازانی قارۆن زۆر گەورە بوون و قاچی بەرزیان لە قەڵا بۆ دروستکرابوو، بەشی سەرەوەی لەشیان بە سپێر و قاچی سپێرەکانیش بەشی خوارەوەی دەپاراست و وەستانی سەربازەکان لە تەك یەکتری و ڕاگرتنی ئەو سپێرانە بە پەنا یەکەوە، شورەێکی بەرزی دروستکرد بوو کە درز دروستکردن تیایدا زۆر سەخت بوو و جەنگگەرە تالشییەکان بۆ شکاندنی ئەو حەسارە دەبوایە گیانیان بەخت بکەن و جگە لەوە بۆ شکاندنی ڤالانژەکان چارەی تریان نەبوو.

لە توانامادا نییە باس لە جەنگی ئەو ڕۆژە و ڕووداوەکانی دوای ئەو بکەین بە هەمان شێوە کە مێژوونووسانی تر کردوویانە، چونکە نزیکەی پەنجا مێژوونووسی کۆن باسی جەنگی سارد لە نێوان قارۆن و کوروشیان نووسیوەتەوە و هەریەکە و بە شێوەیەك گێرانەوەی بۆ دەکەن و باسی دروستکردنی سەربازی دارین لە لایەن ئێرانییەکانەوە دەکرێت و تەنانەت هەندێك باس لە دێو و پەری دەکەن، هەروەها دەگوترێت کوروش بۆ فێڵ کردن لە سەربازانی قارۆن ژمارەیەك لە سەربازانی ئێرانی بە سپێر و کاسکێت و خەفتان و بەرگی یۆنانی باڵا پۆش کردووە، تا ئەوان وابزانن کە دۆستی خۆیانن و سەریان لێ بشێوێت.

هەڵبەت بابەتی دێو و پەری پەسەند ناکرێن، بەڵام دوور نییە ئێرانییەکان لە جەنگەدا پەنایان بردبێتەبەر کۆمەڵێك فێڵی جەنگی و بەهەمان شێوە کە لە سەردەمی ئێستاشدا ئەو کارە دەکەن.

لە ساڵی ١٩٤٠ سوپای ئاڵمان لە کاتی دابەزاندنی چەتربازان لە فڕۆکەوە بۆ هەریەکە لە وڵاتانی بلژیك و هۆڵەند، بەشێك لەوانەی فرێی دەدان سەربازی دارین بوون و ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە تەقەی بەرگریکاران بۆ ئاراستەی سەربازە چەتربازە ڕاستینەکان نەچێت و ئەوان بە سەلامەتی دەرباز بن و هەروەها لە ساڵی ١٩٤٢ لە باکووری ئەفریقیا لە جەنگی نێوان سوپای ئاڵمان و بەریتانیا، بەشێك لە تانکەکانی ئاڵمان دارین بوون و فڕۆکەکانی بەریتانیا دەیاندانە بەر ڕێژنەی بۆمب و گوللە. زۆرکات لە دووەمین جەنگی جیهانیدا سەربازانی وڵاتە جیاکان،

بەرگی سەربازانی دوژمنیان پۆشیوە بۆ فریودانیان و ئێستاکەش بابەتی فریودان بووتە بابەتێکی گرنگ و لە زانکۆ سەربازییەکاندا قوتابیان ڕاهێنانیان لەسەر دەکەن.

سەبارەت بە هیچ یەك لە جەنگەکانی شارەکانی تر، ئەوەندەی جەنگی شارد مێژووی نووسراو بەردەست نییە و ئەگەر کەسێك بیەوێت مێژووەکەی بە سوود وەرگرتن لە نووسراوە هەموو مێژوونووسان بنووسێتەوە و هیچ لەیاد نەکات، دەبێت دەیان بەرگ کتێبی لەسەر بنووسێت و چیرۆکێکە بێ کۆتایی و بۆیە هەرچی لە سەر ئەو جەنگە بنووسرێت هێشا شتی تری بەدوادا دێت.

یەك لە دیارترین دیمەنەکانی جەنگی ئەو ڕۆژە، نەبەردی نێوان سەربازانی تالشی و تەبەری بە تایبەتی سەربازانی تالشی لە گەڵ سەربازە باڵا داپۆشراوەکانی قارۆن(ڤالانژەکان)بوو کە تا ئێستا هاوتای نەبۆتەوە چونکە سەربازانی تالشی بە هۆی گەرماوە، لە پشتێن بۆ سەرەوەیان رووت بوو و بەرانبەر ئەو سەربازانە بوون کە بە باڵاپۆشی کانزایی داپۆشرابوون و بە چەکی ئاسایی بریندار نەدەکران و بە پێچەوانەوە هەر لێدانێکی ئەوان بۆ سەربازانی تالشی، لەشی دەدرین و خوینی دەردەپەڕاند.

زەوی بەرانبەر ڤالانژەکانی قارۆن بە لاشەی کوژراوانی تالشی و تەبەری داپۆشرابوو و خاکی بە خوێنیان ڕەنگی ئەرخەوانی بوو، ئەو سەربازانە هەرچەندە بەردەوام لێیان دەکوژرا بەڵام هەنگاوێك نەدەکشانەوە، چونکە دەیانزانی چارەنووسی لەشکری ئێران بە گیان فیدابوونی ئەوانەوە بەستراوەتەوە و ئەگەر ڤالانژەکان بشکێن، لەشکری ئێران دەتوانێت بەشەکانی تری لەشکری قارۆن لەناو ببات. چەکی ئاسایی سەربازە تالشی و تەبەریەکان باشترین چەك بوو بۆ ئەو جەنگە و ئەگەر چەکی ئەوان شمشێر و نێزە بوایە نەیاندەتوانی سەربازەکانی ڤالانز بکوژن و چونکە بە تەور و گۆپاڵ دەجەنگان، لێدانەکانیان ڕاستەوخۆ ڤالانژەکانی دەخست.

سەربازەکانی ڤالانژ لە پشت قەلغانە بەرز و سەختەکانیان، زۆر بە بێ بەزەییانە سکی سەگەکانی سەربازانی تالشیان دەدڕاند و لە ماوەیەکی کەمدا دەنگی سەگەکانی تالشییەکان لە بەرەی جەنگ نەما، بەڵام سەرئەنجام فیداکاری سەربازە تالشی و تەبەریەکان ڕازاندنەوەی سەربازی ئەو دوو ڤالانژەی تێکدا و دەستەکانی(٢٥٦) کەسی کە هەندێ سەربازیان کوژرابوو و لێك پرژان و کوروش بە زانینی ئەو هەواڵە فەرمانی کرد سوارەی لەشکرەکەی هێرش بکەنە سەر ڤالانژەکان و بە زوویی ڤالانژەکان کە بناغەی خۆڕاگری هێزی قارۆن بوون لەناو بردران،

بەڵام ئەو تێك شكاندنە نرخی بۆ سەربازانی كوروش زۆر قورس بوو و نۆهەزار سەربازی تالشی و تەبەری گیانی خۆیان فیداكرد و كوروش سەرقافڵەی سەربازەكانی لە كیس چوون.

كوروش بە كوژرانی ئەو سەربازانە بە ڕادەیەك نیگەران بوو كە دوای داگیركردنی شاری سارد، سروودی ماتەمی بۆ دیاركردن و هەر ئەو سروودەیە كە بە (ماتەمی سیاوەش) دەناسرێت و ئێرانییەكان لە پرسەی گەورەدا دەیخوێنن. كوروش دوای گرتنی شاری سارد بۆ زیندوو ڕاگرتنی یادی قارەمانییەتی ئەو سەربازانە، بورجێكی بەرزی لە هەمان ئەو شوێنە سازكرد كە سەربازە تالشی و تەبەریەكانی لێ كوژرا بوون و ماوەیەكی زۆر ئاگری تێدا دەكرایەوە و بۆیە هەم بورج و هەم ئاگرخانەكە بوونە یادگار.

لەو جەنگەدا دووجار كوروش ئەسپەكەی دەكوژرا و هەرجارە سەربازێكی ئێرانی ئەسپی خۆی پێدەدا و خۆی بە پیادە دەكەوتە جەنگ. جگە لە سەربازانی تالشی و تەبەری كۆمەڵێك سەربازی تریش كە ببوونە خۆبەخش بۆ كوشتنی ئەسپی ژێر عارەبانەكان، لە كاتی ئەنجامدانی ئەركەكەیان لە ژێر تایەی عارەبانەكان مردن و ورد و خاش بوون.

نزیكەی ئێوارە سەربازانی قارۆن كە تا ئەوكات ریزەكانی خۆیان پاراست بوو، دووچاری نارێك و پێكی ریزەكانیان بوون و هەندێكیان یەكەكانی خۆیان ون كرد. كوروش لە سەر بورجی گەرۆكەوە چاودێری جەنگگەی دەكرد، لەوكاتەدا تێگەیشت دەتواندرێت گورزێكی كاریگەر لە دوژمن بدرێت و بۆیە فەرمانی بە تەواوی بەشەكانی لەشكرەكەی كرد بێ گوێدان بە كوژرانی سەربازانیان، بكەونە لەناو بردنی لەشكری دوژمن و خۆیان بگەیێننە شاری سارد و داگیری بكەن.

لەشكری كوروش لە بەرەبەیانەوە لە جەنگدا بوون و كوژراوی زۆریان بەخشی بوو و كەوتنەرێ بۆ ئەوەی بتوانن جەنگ یەكلا بكەنەوە. بەڵام لە هەندێ لە یەكەكانی لەشكری كوروش سەربازەكان ئەوەندە ماندوو ببوون كە لە كاتی شمشێر وەشاندندا بە بێ توانایی دەكەوتنە سەر زەوی و لە ژێر پێی ئەوانی تردا دەمردن، یا نێزەی سەربازێكی دوژمنی لە سینگی دەنیشت و دەیكوشت.

ئەگەر گوێ نەدەین بە گێرانەوەی هەندێ مێژوونووسان سەبارەت بە هاوكاری لەشكری ئێران لە لایەن دێو و فریشتەكان، ئەوا دەبێت بڵێین كە خۆڕاگری سەربازانی ئێرانی بۆوە هۆی تێكشكانی لەشكری قارۆن و پاشای لیدی كە بینی چی تر خۆڕاگری بۆ ناكرێت، بە پەلە خۆی گەیاندە ناو شار و فەرمانی كرد دەروازەكانی شار دابخەن. ئەو بەشەی لەشكری قارۆن كە توانی

بگاتە ناوشار ڕزگاریان بوو و ئەوانی تر ئەسیر کران و کوروش فەرمانیدا کە ئەسیرەکان نەکوژن و نەیانفرۆشن و بە جوانی ڕەفتاریان لە گەڵدا بکەن.

کوروش هیچ کات ئەسیرەکانی ئەشکەنجە نەدا و دانیشتوانی ئەو شارانەش کە دەیگرتن دووچاری کوشتن و تالان کردن نەکرد، لە سەردەمێکدا کە دەسەڵاتداران بۆ ئەشکەنجەدانی ئەسیرەکان بەدوای شێوازی تازەدا دەگەڕان و شکست خواردووەکانیان لەت دەکرد یا بە زیندوویی پێستیان لێ دەکردنەوە و یا دەیانسوتاندن، کوروش هیچ یەك لەو کارەساتانەی ئەنجام نەدا و ئەگەر بڕیار بوایە کە یەکێك بکوژرێت ئەوا دەبوایە قوڕگی یا شادەمارەکانی ببڕن.

لە لیدی ئەفسەرە ئەسیر بووەکانیان لە عارەبانە دەبەست و بەدواخۆیاندا ڕایان دەکێشان تا پارچەپارچە بن چونکە بە بینینی ئەشکەنجەدان و ئازار کێشتنی مرۆڤەکان دڵیان خۆشدەبوو. بەڵام کوروش ڕێزی لە ئەفسەرانی لیدی گرت و شوێنی جیا لە سەربازە ئەسیرکراوەکانی لیدی پێبەخشین و فەرمانی کرد لە ڕوی خۆراکەوە نەهێڵن کەم و کاستیان هەبێت.

کاتێك دەروازەکانی لیدی داخران و ئەفسەرەکانی لیدی بوونە ئەسیری ئێرانییەکان و هەتاو بەرەو ئاوا بوون دەچوو، بە وتەی مێژوونووسانی ڕۆژئاوا لاشەی نزیکەی سەد و بیست هەزار سەربازی ئێرانی لە جەنگدا جێمابوو.

لەبارەی ژمارەی کوژراوەکان و شتەکانی تری جەنگی سارد ئەوەی ئێمە باسی دەکەین سەرجەمیان لە سەرچاوەکانی ڕۆژئاوایە و لە سەرچاوە ئێرانییەکان هیچمان نییە، بەڵام ئەوەی لەم بارەوە هاتووە پێدەچێت کە زیادەڕۆیی تێدا کرابێت، چونکە لەشکری ئێران لە کاتی هاتنیان دووسەد هەزار کەس بووە و هەندێکیان لە ڕێگا کوژراون و ئەگەر ئەو ژمارەیە ڕاست بوایە ئەوا لەشکری کوروش ئەوەندە لاواز دەبوو کە نەیدەتوانی لە لیدی بمێنێت، بەڵام بە پێچەوانەوە کوروش مایەوە و شوێنەکانی تری ئەو وڵاتەی گرت و تەنها باجیشی لە قارۆن و دەسەڵاتدارانی لیدی سەند و تەنانەت یەك مەری لە جوتیار و شوانەکانی ئەو وڵاتە نەستاند.

دوای داخرانی دەروازەکانی سارد، لەشکری ئێران دۆخی خۆی وەك ڕۆژی پێشتر لێکردەوە و ناچاربوون کە دەورەی شارەکە بگرن، بەڵام بەرانبەری هێز وەك ڕۆژی پێشتر نەبوو و قارۆن لەناو شار هێزی پێشووتری نەبوو و ئێرانییەکانیش بە هۆی سەرکەوتنیانەوە ورەیان بەرز بوو و نەتەنیا بە ئومێدی داگیرکردنی شارەکە بوون، بەڵکو دڵنیا بوون لەوەی ئەو شارە دەتوانن داگیربکەن.

ئێستا باسێك لە لایەن مێژووناسی یۆنانی هیرۆدۆت کە نازناوی باوکی مێژوونووسانی هەیە، لە بارەی چۆنێتی کردنەوەی دەرگەکانی شاری سارد دەخەینە بەر دیدەی خوێنەران، ئەو دەڵێت: دوای ئەوەی گرزۆس شکستی خوارد و ناچاربوو پەنا بباتەوە بەر شاری سارد، بۆ ماوەی چواردە رۆژ سارد لە لایەن سەربازانی ئێرانییەوە گەمارۆ درا و لە شەوی پازدەهەم ئێرانییەك بەناوی (رتس تەهم) کوری (زیلە یا زایلە) خۆبەخشانە بڕیاریدا لە شورەی شارەکە سەرکەوێت و یارمەتی ئەوانی تر بدات تا سەرکەون.

بە گریمانی زۆر (رتس تەهم) هەمان رۆستەمی پالەوانی ناوداری ئێرانییە کە قارەمانی گەورەی ناو شاهنامەی فیردۆسیە و فردوسی هەندێك جار بەشی دووەمی ناوی ئەوی بە (تەهمتەن) بردووە.[٣] باوکی زیلە (سەم) بوو و ئەویش بە شێوەی (سام) چووتە ناو شاهنامە. رتس تەهم لە رەگەزی (مەرد) بوو و (مەرد) لە دیارترین تایەفەکانی ئێران بوو و بە پێی وتەی مێژوونووسانی رۆژئاوایی ئەو تایەفە لە چوار شوێنی ئێران دەژیان:

یەکەم: لە شاخی (سەوادکوە) ئێستا لە دامێنی زنجیرە شاخەکانی ئەلبورزە. دووەم: لە مازەندەران. سێیەم: لە مەمەسەنی لە ناوچەی فارس. چوارەم: لە تالش و رۆستەم لە پیاوانی دامێنی شاخەکانی ئەلبورز بوو و بە گریمانی زۆر خەڵکی (سواد کوە) بووە.

زانیارییەکانمان لە بارەی ناوی (سواد کوە) لە ڕابردوو تەواو نییە و لەوانەیە هەر هەمان ناوی هەبووبێت، زاندراوە ئەو وشەیە عەرەبی نییە و وشەیەکی فارسیە و دووچاری سوانی زمانەوانی بووە و بە تێپەڕینە کات بۆتە (سواد). شێوەی باسکردنی ئەو بنەماڵەیە لە لایەن فێردۆسی ئەو تێگەیشتنە دێنێت کە ئەوان لە دامێنی ئەلبورز نیشتەجێ بوون.

هەندێ مێژوونوسە رۆژئاواییەکان لە باسی رۆستەمدا باسی گورزی دەستی دەکەن لە جەنگگە و فێردۆسیش لە شاهنامە ئەوی بە گورزەوە بردۆتە مەیدانی یەکەم جەنگ، واتە جەنگ لە گەڵ ئەفراسیاب و ئەفراسیاب لە (وەیسەی) وەزیری خۆی دەپرسێت ئەو لاوە پڕ بالایە کێیە کە بۆ ساتێك ناتوانێت ئارام بوەستێت.

---

(٣) (لە سەرەتای ئەو باسەدا باسمان لە گۆرینی ناوی کەسە دیارەکان لە لایەن فێردۆسی کردووە تا بتوانێت ناوەکانیان بباتە ناو شاهنامە، بۆ نموونە-رتس تەهم-کە بە شێوەی رۆستەمی لێهاتووە و بەهەمان شێوە باوکی رۆستەم کە "زایلە" یان"زیلە"بووە و بۆتە"زاڵ"یا لەوانەیە فێردۆسی بۆ خۆی ئەو ناوانەی بەو شێوە بەرگوێ کەوتبێت، چونکە ناو هێنانی زیلە لە شاهنامە بێ گرفت نەبووە.زەبیحوڵڵا)

ئەویش وەڵام دەداتەوە: (ئەوە نەوەی سامە) و دەڵێت:

**نـبیـنی کــه بــا گــرز ســام أمـده اســـت؟**
**جــوان اســت و جــویــای نـام أمــده اســت؟**

واتە نابینی: (کە بە کورزی سامەوە هاتووە؟ لاوە و بەدوای ناوبانگدا دەگەڕێت؟)

بەشەکانی تری مێژووی نووسراوەی ئێران کە لە شاهنامەدا هاتووە تایبەتە بە روستەم و ئامۆژگاری زیلەی باوکی کە داوای لێ دەکات نەچێتە سەر شورەی شاری سارد و گیانی خۆی بۆ کارێکی بێ سوود نەخاتە مەترسیەوە، بەڵام ئەو باوکی تێ دەگەیێنێت کە دەتوانێت لە شورەکە سەرکەوێت و لەشکری کوروش بەدوای خۆیدا سەر شورەکە بخات.

وەك لە شاهنامەدا هاتووە لە جەنگ لە گەڵ ئەفراسیابدا، زاڵ داوا لە کورەکەی دەکات جەنگی ئەو نەکات و دەڵێت ئەفراسیاب بە ئەزموون و جەنگزانە و رۆستەمیش گەنجە. بەڵام رۆستەم بابی دڵنیا دەکاتەوە و دەڵێت: لە ئازایەتی و بازووم ڕادەبینم کە ئەو جەنگە بکەم. رۆستەم لە شاهنامەدا بۆ ئەوەی باوکی دڵنیا بکاتەوە لە هێزی بازوو و ئازایەتی خۆی دەڵێت:

**هـر انگـه که چاچی بـزه درکـشـم — سـتاره فـرو ریـــزد از تـــرکـشـم**
**بــه اورد، رزمی کـنـم بـا سـپــاه — کـه خـون ریـزد از ابـر اوردگـــاه[٤]،[٥]**

---

(٤) (واتە ئەو کاتەی کە ژێی کەوانە تاشکەندییەکەم بۆ تیر هاویشتن ڕابکێشم، لە هاویشتنی من ئەستێرە دەکەوێت، بە هۆی تروسکانەوەی تیر و خێرایی هاویشتنی، لە جەنگگەدا جەنگێك دەکەم کە ئاسمان بۆ تێکشکاوەکان لە جیاتی فرمێسك خوێن ببارێنێت. وەرگێر بۆ کوردی)

(٥) (چی تر ناتوانین بێ دەنگ بین بەرانبەر ئەو هەڵەیەی لە دەستکاری شیعرەکانی فیردۆسی کراوە و تەنها نزیکەی چوار هەزار بیت کە لە باسی رۆستەمی خۆشەویستی خۆی نووسیویەتی، دەستکاری نەکراوە و هەندێ نووسەریش کە لە شاهنامە تێ نەگەیشتوون، بە گومانی ئەوەی فێردۆسی هەڵەی وتووە، دەستکاری تەواوی شیعرەکانیان کردووە و زۆریان خەراپ کردووە. بەڵام ئەو شیعرانەی بۆ رۆستەمی وتوون دەستکاری نەکراون و لەوانەیە هۆکارەکەی، روونی و پتەوی و جوانی وتە و چیرۆکە تاسێ نەرەکانی ئەو شیعرانە بووبێت و بە تێپەڕینی هەزارساڵ بەسەر ئەو شیعرانە هێشتا شاعیرێك نییە بتوانێت یەك بەیت شیعر لەسەر ئەو شێوازە و بەو جوانی و پتەویە بڵێت، لەوانەیە بتوانین بڵێین فێردۆسی لە وتنی ئەو شیعرانە پرجوی نواندووە و پایەداری ناویشی لەوانەیە هەر بۆ ئەو شیعرانە بگەرێتەوە. زەبیحوڵڵا.)

سەبارەت بە سەرکەوتنی ئەو سەربازەی کوروش لە شورەی سارد ئێمە بۆ ئاسانکاری بە رۆستەم ناوی دەبەین، گێڕانەوەی زۆر هەیە و رۆژهەڵاتناسێکی ئاڵمانی بە ناوی (شۆبێرت) هەموویانی کۆ کردووتەوە و لە پەرتووکێك بەناوی (رووخانی دەسەڵاتداری لیدی) بڵاوی کردووتەوە، لە هەندێ لەو گێڕانەوانەشدا ناوی رۆستەم هاتووە و بەڵام بە گشتی دەردەکەوێت هەر هەمان رۆستەمە. ئەو سەربازە گەنجە کە گورزی لە سەر شان بووە دەچێتە لای کوروش و پێی ڕادەگەیێنێت کە ئامادەیە لە شورەکە سەرکەوێت.

گورزی رۆستەم جیایە لەو گورزەی لە بیر و مێشکی ئێمەدا هەیە و لای ئێمە ئەو گورزە بریتییە لە دارێکی درێژ کە سەرێکی لە ئاسنێکی قورس و گەورە لە شێوەی شووتی دروستکراوە، بەڵام بە پێی نووسراوەکانی مێژوو گورزی رۆستەم بریتی بووە لە پارچەیەك قەڵایی کە درێژییەکەی پێنج بست بووە و بە شێوەیەکی جوان نەخشێندرابوو و جێدەستی هێڵکاری تەریبی هەبوو.

سەرەکەی تری گورزی رۆستەم بڕێك ئەستوورتر بوو و بەڵام بە شێوازی جوان بەرهەم هاتبوو و نزیکەی پانزدە کیلۆ گرام قورس بووە. لەوانەیە ئەو قورساییە لە بیرماندا هیچ نەبێت بەڵام لە دەست پاڵەوانێکی وەك رۆستەمدا چەکێکی ترسناکە و هەموو کەس ناتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژ لە مەیدانی جەنگ بەکاری بێنێت. رۆستەم وەك هەموو پیاوانی سوادکوە باڵابەرز و چوارشانە و موورەش بووە و وەك هەموو پیاوانی ئێرانی ریش و سمێڵی هەبووە.

هیرۆدۆت دەڵێت: کاتێك شاری سارد لە لایەن یەکەم قارۆن بە ناوی (مێلس) دامەزرا، یەك لە ژنەکانی بچکە شێرێکی دەبێت و مێلس فەرمان دەکات بچکە شێرەکە بە چواردەوری شاردا بگێڕن تا شارەکە ببێتە شارێك کە کەس نەتوانێت داگیری بکات و ئەو کەسانەی ئەرکی گەڕاندنی بەچکە شێریان پێ دەسپێردرێت، بە هۆی تەنبەڵی یا هەر هۆکارێکی تر بێت بچکە شێرەکە بەو بەشەدا ناگێڕن کە قەڵای پاشایەتی لێ بووە و لە ئاکامدا ئەو شوێنە دەبێتە شوێنی لاوازی ئەو شارە.

بەڵام لە ئەفسانە بگەڕێین و لە بەسەرهاتێکی تر کە عاقڵانەیە بدوێین، دەبینین کە ناوچەی پاشایەتی قەڵایەکی سەخت بووە و بەسەر بەشێك لە شورەکەدا روانیویەتی و وەك پارچەیەك کە داگیرکردنی ئاسان نییە هاتۆتە بەرچاو و بۆیە فەرماندەی بەرگری لە شار یا قارۆن خۆی بڕیاریان داوە کە پاسەوان لە ئەوێ نەبێت.

بەسەرهاتێکی تر دەڵێت لەوێ کۆمەڵێك تاشە بەردی لێ بووە کە شورەی شار بەوان کۆتایی هاتووە و کەس لە توانایدا نەبووە لێیان سەرکەوێت، رۆژێك رۆستەم بە پەنا

تاشەبەردەکاندا تێپەڕدەبوو بینی سەربازێك کە لە سەرەوە بوو، کاسکێتەکەی لە دەست کەوت و لە تاشەبەردێك بۆ یەکی تر ڕۆیشت و سەرەنجام وەستایەوە، دواتر سەربازەکە بۆ بەدەست هێنانەوەی کاسکێتەکە لە تاشەبەردەکان هاتە خوارەوە.

ڕۆستەم ئەو تیرەی لە کەوانەکەیدا بوو ڕایکێشا تا بیکوژێت و پێش ئەوەی بەریدات بە بیریداهات ئەگەر ئەو سەربازە بکوژێت، ناتوانێت دواجار شێوەی سەرکەوتنەوەی ئەو لە تاشەبەردەکان بزانێت و خۆی فێر ببێت ئەوکارە بکات.

ڕۆستەم چاوەڕوان بوو تا ئەو سەربازە هاتەخوارەوە و کاسکێتەکەی لەسەرنا و سەرکەوتەوە، ڕۆستەم بینی ئەو بۆیە کاسکێتەکەی لەسەرنا تا بتوانێت بە هۆی دەستەکانییەوە لە تاشەبەردەکان سەرکەوێت، سەربازی لیدی کاتی سەرکەوتنەوە پشتی لە ڕۆستەم بوو و نەیدەزانی کە گەنجێکی چوارشانەی کەمان بەدەست لە ژێر چاودێری گرتووە.

کاتێك سەربازی لیدی لە تاشەبەردەکان سەرکەوت و گەیشتە ئەو شوێنەی ڕۆستەم نەی بینێت، بە چاوتروکاندنێك تیری ڕۆستەم لە کەوان هاتەدەر و لە پشتی سەربازەکە نیشت و لەسەرەوە خستییە خوار.

ڕاکێشانی کەمان کارێکی سادەبوو و بە پێوەری ئێستا تەنها یەك چرکەی دەویست و ڕۆستەمیش ئەوەندە کارامە بوو کە لەو یەك چرکەیەدا نیشانی گرت و تیری هاویشت.(٦)

کاتێك سەربازە لیدییەکە کەوتە خوارەوە، ڕۆستەم خۆی گەیاندە سەر لاشەکەی و چەمایەوە بۆ سەری کە لەوانەیە ئەو پیاوە زیندوو مابێت و بتوانێت پرسیاری لێ بکات چونکە لەوانەبوو زیندوو بێت، بەڵام ئەو مردبوو و دەردەکەوت سەربازانی لیدی هەستیان بەو ڕووداوە نەکردبوو و ئەگەرنا ڕۆستەم ئەوانی لەسەر تاشەبەردەکان دەدیت.

---

(٦) (سەربردەی جەنگی بەناو بانگی ڕۆستەم و ئەشکەبووس لە شاهنامەدا، ئەوە دەخاتە بەرچاوی خوێنەر کە ڕۆستەم دوای ڕاست ڕاگرتنی دەستی چەپ و چەماندنەوەی دەستی ڕاستی دەکەوتە ڕاکێشانی زێی کەوانەکە و بە وتەی فێردۆسی چەرمی مامزەکە تا دەگەیشتە پەنا گوێی و سۆفار واتە کۆتایی تیر (پەیکان واتە سەری تیر) دەکەوتە ڕاستی گوێی و ئەو کات زێکەی بەردەدا. بێ گومان فێردۆسی کە باسی تیرهاوێژی ڕۆستەمی بە تەواوەتی کردووە ناڵێت ئەو چەند خولەکێك لە کاتی خۆی بۆ ڕاکێشانی کەوانەکە تەرخانکردووە، چونکە ئەوە لە تاکتیکی جەنگدا نییە و ئەگەر وایکردبایە بە تیری ئەشکەبووس دەکوژرا و مەبەستی فێردۆسی بەرچاو خستنی دیمەنی جەنگ و شێوەی تیرهاویشتنی ڕۆستەمە بۆ خوێنەر و ڕۆستەم زۆر خێرا تیر هاوێژی کردووە. زەبیحوڵڵا.)

ئەو رووداوە رۆستەمی زیاتر هاندا تا لە تاشەبەردەکان سەرکەوێت بە مەبەستی گەیشتن بە شار و بۆیە بە باوکی کە لە لەشکری ئێران بوو ڕاگەیاند.

باوکی داوای لێکرد ئەو کارە نەکات و وتی لە تاشەبەردەکان دەکەویتە خوارەوە و دەکوژرێت، بەڵام رۆستەم داوای لێکرد کە دوودڵ نەبێت، چونکە ئەو دەتوانێت ئەوکارە بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدات، بۆیە چوو بۆ لای کوروش بۆ ئەوەی بڕیاری خۆی بە ناوبراو ڕابگەیێنێت و کوروش ڕێگەیدا.

رۆستەم گورزی لە شانی داگرت و لە قەدی بەست، داوای بەنێکی درێژی کرد تا دوای سەرکەوتن لە تاشە بەردەکان بە هۆیەوە سەربازەکانی تر ڕاکێشێتە سەرەوە. پێش ئەوەی رۆستەم لە تاشە بەردەکان سەرکەوێت داوای لە سەربازەکان کرد لەویٚ کۆنەبنەوە تا سەربازانی لیدی ئاگادار نەبن لە سەرکەوتنی یەك یا چەند سەربازێکی کوروش. رۆستەم بە سەربازەکانی وت:"سەرکەوتنی من لەوەدایە کەس نەزانێت و کە گەیشتمە سەرەوە دەست دەکەم بە ڕاکێشانی سەربازی تر." دوای ئەو وتانە رۆستەم کە گورزەکەی لە قەدی بوو و بەنێکی ئەستووری لە دوای خۆی ڕادەکێشا کەوتە سەرکەوتن لە تاشەبەردەکان.(٧)

لە کاتی سەرکەوتن رۆستەم پێڵاوی نەکردە پیٚ، چونکە دەیزانی بە پێڵاو لەسەر بەردەکان دەخلیسکێت و دەکەوێت. فێردۆسی نووسەری شاهنامە بە شێوەیەك باسی ئەو سەرکەوتنە دەکات کە دەرخەری دەنگدانەوەی ئەوکارەیە و فێردۆسی ئەوەی بیستوویتی و خوێندوویەتییەوە کردوویەتی بە شیعر و رەخنەیەك لەسەر ناوبراو نییە. لە شاهنامە پالەوان لە ناوچەیەکی شاخاوی و پڕ لە لوتکە بە درێژایی فرسەخ و نیوێك سەردەکەوێت.(٨)

(٧) (ئەگەر بەسەرهاتی کاسکێتەکە بە ڕاست بزانین، دەبیٚ وتەی گەزنەفۆن مێژوونووسی یۆنانی ڕاست بێت کە دەڵێت کەوتنی کاسکێتێك چارەنووسی شاری سارد و تەواوی جیهانی گۆڕی، ئەو وتەیە نزیکە لەو وتەی دەڵێت ئەگەر لووتی کلیۆباترای شاژنی میسر کورتتر بوایە چارەنووسی گەلانی جیهان دەگۆڕا. زەبیحوڵڵا)

(٨) (یك و نیم فرسنگ بالای کوه | که از رفتنش مرد گردد ستوه

مگر پهلوان روستم پیل تن | که سازد همی رزم با اهرمن

واتە فەرسەنگ و نیوێك سەرکەوتن لە شاخ، کە پیاو بەگیر دێنێت تەنها پالەوانی بەهێز رۆستەم نەبێت کە جەنگی ئەهریمەن دەکات. زەبیحوڵڵا)

بەڵام لە شاری سارد رۆستەم لە شورەیکی بەرز کە پێکهاتبوو لە کۆمەڵە تاشەبەردێك سەردەکەوێت و بێ گومان هێزی بازوو لەوکارە زۆر کاریگەرە و ئەگەر رۆستەم بەهێز نەبوایە نەیدەتوانی کە قورسایی لەشی لە کاتی سەرکەوتندا ڕابگرێت.

پالەوانی ئێرانی زۆر هێواش سەردەکەوت و دەیزانی کەمترین ناووریایی دەبێتە هۆکاری کەوتنی، رۆستەم لەو ساتانە وەك چیاڤانێکی سەردەمی ئێمە دەهاتە بەرچاو کە بیەوێت لە لاپالێکی رکی شاخ سەرکەوێت، چیاڤانەکانی ئێستا کەرەستەی پێویست بۆ سەرکەوتن لە شاخیان هەیە و رۆستەم ئەو کەرەستانەی نەبوو و تەنها بە هۆی دەست و قاچەکانی ئەو کارەی دەکرد و ئەوەندە سەرکەوت تا گەیشتە سەر تاشە بەردێکی پان کە دەتواندرا چەند کەسێك لەسەری بوەستن و لەوێوە بەنەکەی شۆڕکردەوە و داوای کرد کە سەربازێك سەرکەوێت.

کوروش داوای کرد کەسێك ببێتە خۆبەخش و وتی یەکێك سەری بەنەکە بگرێت و سەرکەوێت، گەنجێکی فارس بۆوە خۆبەخش. سەرکەوتنی ئەو زۆر ئاسانتر بوو چونکە سوودی لە بەنەکە وەردەگرت بۆ سەرکەوتن و لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك بیست زەرع بەرز بۆوە، بەنەکەی لە دەست بەربوو و لەوێوە کەوتە خوارەوە و دەنگ و هاواری کەوتنی ئەوەندە بەهێز بوو سەربازەکانی ساردی بە ئاگا هێنا و هاتنە سەر شورەکە، بەڵام کە هاتن رۆستەمیان نەبینی چونکە رۆستەم لە شوێنی خۆی و لە پەنا تاشەبەردەکان پەنای گرتبوو.

پاسەوانەکانی شورەکە رۆستەمیان نەبینی، بەڵام دیتیان پەتێك لە تاشەبەردەکانەوە شۆڕ ببۆوە خوارەوە و تێگەیشتن لەشکری ئێران نیەتی سەرکەوتنیان هەیە و هاواریان کرد و داوای یارمەتیان کرد.

رۆستەم زانی پاسەوانەکانی شار زانیویانە کە ئێرانییەکان دەیانەوێت لە شوورەکە سەرکەون و بۆیە بە پەلە لەو تاشە بەردە پانە سەرکەوت کە دوایین تاشەبەردی پێش بەردەڵانەکە بوو و بەنەکەشی لەگەڵ خۆیدا ڕادەکێشا. پاسەوانەکانی شاری سارد بە بینینی رۆستەم هێرشیان کردە سەر و ئەویش گورزەکەی کە بە قەدییەوە بوو گرتەدەست و بە نەعرەتە لێدانەوە کەوتە جەنگ، بەڵام نەعرەتەی ئەو بۆ ترساندنی سەربازانی سارد نەبوو و بەڵکو بۆ تێگەیاندنی سەربازانی ئێرانی بوو کە پێویستە لە بەردەکان سەرکەون.

سەربازانی سارد گومانیانیان دەکرد کە ئەو گەنجە بەتەنیا نابێت و بە زوویی کۆمەڵێکی تر سەردەکەون و یارمەتی دەدەن، ئەوان ئەو بەنەیان بینی کە لە قەدی رۆستەمەوە بۆ خوارەوە شۆڕ

کرابۆوە و زانیان کە دەبێت ئەو بەنە ببسێنن تا کەس نەتوانێت لێیەوە سەربکەوێت. بۆیە وێڕای ئەوەی کۆمەڵێکیان هێرشیان دەکردە سەر ڕۆستەم، هەندێکیشیان هەوڵیان دەدا بەنەکە بپسێنن و ڕۆستەمیش ناچاربوو بە شێوەیەك بوەستێت کە شمشێری ئەوان نەگاتە بەنەکە، بۆیە لە لیواری هەڵدێرەکە وەستابوو و لە هەمانکات بە نەعرەتە لێدانەوە داوای یارمەتی لە خوارەوە دەکرد.

کاتێك کوروش هەستی کرد کە ئەو گەنجە لە ناو بەردەڵانەکە کەوتووتە بەر هێرش، فەرمانی کرد تا چەند کەسێك بە پەلە لە بەنەکە سەرکەون و بە فریای بکەون.

ڕۆستەم لەو قورساییەی دەکەوتە سەر بەنەکە دەیزانی کەسانێك دێنە سەرەوە و لە کەمەربەندەکەی بە گومان نەبوو چونکە وەك کەمەربەندی هەر پاڵەوانێکی تر لە چەرمی گا بوو، بەڵام لە بەنەکە دڵنیا نەبوو و دەترسا بە لێوە تیژەکانی تاشەبەردەکان بپسێت و ئەوانەی سەردەکەون بکەونە خوارەوە. گورزی ڕۆستەم سەربازانی ساردی دەخستە سەر زەوی و هەر سەربازێك گورزەکەی بەردەکەوت هەڵنەدستایەوە و جووڵەی گورزەکە بە ڕادەیەك خێرابوو کە سەربازانی سارد نەیاندەتوانی شمشێرەکانیان بگەیێنن بە ئەو.

کوروش بەو کەسانەی ڕاگەیاندبوو کە سەردەکەتن لە گەڵ خۆیاندا بەنی تر بێنن تا یارمەتی ئەوانە بدەن کە دوای خۆیان دەبێت سەریان بخەن. پاشای ئێران دەیزانی ڕۆستەم لە سەر بەردەڵانەکە دووچاری هێرشی سەربازانی سارد بۆتەوە و ناتوانێت بێ پسانەوە ئەوانی تر ڕابکێشێت و ئەگەر بتوانێت تا گەیشتنی یارمەتی زیندوو بمێنێت، پێویستە سوپاس بکرێت و ناوچەوان و شانەکانی ماچ بکرێن.

هیچ کات پیاوی شەرکەر نەکەوتبۆوە ئەو دۆخەی ڕۆستەمی تێدابوو، ئەو دەبوایە جەنگی سەربازانی سارد بکات و لە لایەکی تر قورسایی ئەوانەی سەردەکەون بەخۆ بگرێت و ئەویش لە لێواری هەڵدێرێك کە ئەگەر یەك هەنگاو بۆ دواوە چووبایە ئەوا دەکەوت و ئەگەریش بۆ پێشەوە هاتبایە سەربازەکانی سارد بەنەکەیان دەبڕی و ئەوانەی سەردەکەوتن بەردەبوونەوە و لە ئەنجامیشدا ڕۆستەم لەبەر زۆری ژمارەی سەربازانی دوژمن دەکوژرا.

ئەو ڕووداوە مێژووییە ڕاستە گرنگتر و دیارترە لە ڕووداوە حەوت قۆناغیەکانی ڕۆستەم کە لە شاهنامەدا باسیان دەکرێت و دیسان دەڵێین کە فێردۆسی بەرپرس نییە، چونکە ئەو پیاوە پاکە هەر بەسەرهاتێك لە پەرتووکی (خدای نامە) یا نووسراوەکانی زمانی پەهلەویدا خوێندوویەتی کردوویەتی بە شیعر. لە شاهنامەدا ڕۆستەم بۆ گەیشتن بە مازەندەران لە حەوت مەنزڵگا یان حەوت قۆناغی

مەترسیدار دەرباز دەبێت و لەو قۆناغانەدا ئەژدیها و ژنە جادووکەر دەکوژێت و کۆسپەکانی تر لە سەر ڕێگە لادەبات، بەڵام لە راستیدا کۆی ئەو حەوت قۆناغە لە بەرانبەر ئەو ئازایەتی و خۆڕاگریەی ڕۆستەم لە شەری راستەقینەی سەر شوورەی شاری سارد هەر هیچ نییە.

تا ئەو دیمەنەی ڕۆستەم لە سەر ئەو بەردەڵانە لە جەنگ کردن لە گەڵ دەیان سەرباز کە ژمارەیان بەردەوام لە زیاد بووندا بوو و لە لایەکی تر ئەو قورساییەی دەبوایە بەخۆی بگرێت نەخەینە بەردیدەمان نازانین چەند ئازا و دلێر و خۆڕاگر بووە. لە بەرانبەر ئەو ئازایەتی و خۆڕاگریەی ڕۆستەم، ئەو دیمەنانەی وەك جەنگی ڕۆستەم و ئەسفەندیار و جەنگی ڕۆستەم و ئەشکەبووس (لە شاهنامە) زۆر بچوك دەردەکەون، ئەمەش بە بێ ئەوەی بمانەوێت نکۆڵی لە بایەخی داستان و دیمەنسازییەکانی ئەو جەنگانە و ئەدەبیاتەکەی بکەین.

سەربازانی سارد بۆیان دەرکەوت کە ناتوانن ڕۆستەم بە شمشێرەکانیان لەناو ببەن، چونکە جووڵەی خێرای گورزی ڕۆستەم ڕێگرە لە ئەوەی هیچ زەربەیەکی شمشێر بگات بە جەستەی ئەو و شمشێرەکان دەشکان، یا لە دەستی سەربازە ئازاکان دەکەوتن. ئەوان دوای ئەوەی زانیان ناتوانن ڕۆستەم بخەن، بڕیاریاندا بیخەنە بەر ڕێژنەی تیر.(۹)

ڕۆستەم کاسکێتی لە سەر بوو و (کژ اکند) نیوە بەرگێکی تایبەتی لە بەر بوو کە لە ئاوریشمی ئەستوور و وشك پێکهاتبوو(۱۰) واتە خەفتانی لەبەر نەبوو و ئەگەر لەبەری بوایە نەیدەتوانی لە تاشەبەردەکان سەرکەوێت.

کەمانچییەکانی سارد هاتنە پێش و سەربازانی تر کشانەوە، چونکە دەیانزانی ئەگەر نەکشێنەوە بەر ڕێژنەی تیر دەکەون و دەمرن. ڕۆستەم خوارەوەی کەمەری دانەپۆشرابوو و دەیزانی ئەگەر بە تیر لێی بدرێت، دەکوژرێت و سەربازانی ساردیش خۆیان ئامادەکردبوو کە

---

(۹) (ئەوەی دەیەوێت تێبگات جووڵاندنی بێ پسانەوەی گورزێك کە قورسایی لە پازدە کیلۆ گرام زیاترە چەند سەختە، تەنها پێویستە دارێك بە دەستەوە بگرێت کە قورساییەکەی دوو کیلۆ گرام بێت و بێ وەستان ئەو دارە بخاتە جووڵە و لە چەپ بۆ راست و لە سەرەوە بۆ خوارەوە بیسوڕێنێتەوە، ئەوکات دەزانێت دوای چەند خولەکێك چ ئازارێك لە قووڵ و شان و کەمەری دەست پێ دەکات، زەبیحوڵڵا.)

(۱۰) (ئەو بەرگە لە فارسیدا بە (کەژ ئاکەند) ناودەبرا و تیر نەیدەبڕی، بەڵام ئەگەر تیرێك لە نزیکەوە لە کەمان دەرچووبوایە ئەوا ئەو کەسەی لەبەریدا بوو دەمرد. زەبیحوڵڵا.)

تیر لەو شوێنانەی بدەن کە رووت، بۆیە رۆستەم بە خێرایی گورزەکەی لە کەمەری دانا و دوو سەربازی ساردی گرت کە دەیانەویست پاشەکشە بکەن و ئەوانی کردە قەلغانی زیندووی خۆی.

تیرهاوێژان تەنها لە پێشەوە دەیانتوانی بە تیر لە رۆستەم بدەن و بەو شێوەیەش دوو سەربازەکەی خۆیان بەردەکەتن، بۆیە ماوەیەکی کەم دوودڵ بوون کە چ بکەن و گەورەکەی ئەوان وتی ئەی کچوولە ترسنۆکەکان ئایا ناتوانن ئەو دوو کەسە لەو پیاوە ریشنە دابڕن؟

ئەو بێ رێزییە سەربازانی ساردی بە خرۆش هێنا و دیسان بە شمشێرەکانیان هێرشیان بردە سەر رۆستەم و پاڵەوانی ئێرانی ئەو دوو کەسەی گرتبووینی بە ڕادەیەك توند بە زەوی و بەردەکاندادا کە هەڵنەستانەوە و گورزەکەی لە کەمەری دەرهێنایەوە و کەوتەوە جەنگکردن و بە دەستپێکردنەوەی جەنگ کەمانچییەکانی سارد نەیانتوانی تیر بگرنە رۆستەم.

پاش کەمێك سێ کەس لە خوارەوە گەیشتنە سەرەوە و رۆستەم یەکیانی بۆ یارمەتی خواست و بەنەکەی خۆی بە ئەوانی تر سپارد، ئەوانیش کەوتنە ڕاکێشانی سەربازی تر. رۆستەم(١١) ئەو جار توانی ئاسانتر و بە هەستتر لە پێشوو جەنگ بکات و ناچار نەبوو لە پەنا هەڵدێر جەنگ بکات و قورسایی ئەوانی تر کە لە سەرکەوتندا بوون بەخۆوە بگرێت.

هیرۆدۆت کە وێڕای ڕاستگۆیی لە مێژوونووسی بەرانبەر ئێرانییەکان چاك خواز نەبووە دەڵێت: کە سێ سەد سەربازی سارد جەنگی رۆستەمیان دەکرد و نەیاندەتوانی بیکوژن یاخود لە ئەوێ فرێی بدەنە خوارەوە و ئێستاکە ئێمە ناتوانین باوەڕ بەوە بکەین کە یەك کەس جەنگی سێ سەد کەس بکات و ئەوە لە بەڵامانەوە زیادەڕۆیی تێدایە، بەڵام ئەو بابەتە لە مێژوودا هەیە و نیشان دەدات کە پالەوانێکی ئێرانی لەسەر ئەو بەردەڵانە کەوتووتە خۆڕاگری و جەنگ تا گەیشتنی سەربازە ئێرانییەکان بۆ لای و چوونیان بۆ ناو شار.

لەمەودوا ئێمە لە مێژوودا ناوی رۆستەم نابیستینەوە و نازاندرێت ئەو پاڵەوانە ئازا و خۆڕاگرەی لە سەر بەردەڵانەکان نەکوژرا و رێگەی چوونە ناوشاری ساردی بۆ ئێرانییەکان کردەوە، چی بەسەر هات.

---

(١١) (بێ کەمکردنەوە لە وتەکانی زەبیحوڵڵا یان چیرۆکەکانی فیردۆسی کە لە شاهنامەدا هاتووە، دەمانەوێت بلێین لە ڕاستیدا ئەوەی لێرە لەمەر رۆستەم وتراوە، زیاتر بۆ ڕازاندنەوە و چیرۆکە و ناکرێت باوەڕمان ئاوا بێت کە تاکە کەسێك لە سەر شورەێك ئەو توانا جەنگییەی هەبێت کە لەشکرێك لە پارێزەرەکانی شورەی شارێك لەناو ببات، یا ڕایان بگرێت، وەرگێر بۆ کوردی)

# داگیرکردنی شاری سارد و چارەنووسی قارۆن

دوای گەیشتنی سەربازانی کوروش بۆ ناو شاری سارد، شار بە بێ جەنگ خۆی بەدەستەوەدا، چونکە پێشتر کوروش بەڵێنی پاراستنی سەر و ماڵ و ناموسی ئەوانەی دابوو کە بەرگری ناکەن. قارۆن (کرزۆس) لە کۆشکەکەی خۆی ئەسیر کرا و بردیان بۆ لای کوروش. ڕەفتاری کوروش لە گەڵ قارۆن دوای ئەسیر بوونی لە لایەن زۆربەی مێژوونووسانی کۆن لەوانە: (خانتۆس، بەتلیمۆس کە جوگرافی زانیش بووە، دیۆدۆر، گزنەفۆن، هیرۆدۆت، هەفەس تیۆن و .... هتد) باس کراوە.

قارۆنیان بە ریش و سمێڵی تاشراو هێنایە لای کوروش کە لە سەر کورسی لە سەرەوە بە ریشی ڕەشی درێژەوە دانیشتبوو. کوروش وەك کۆمەڵگەکەی خۆی ریش و سمێڵی دەهێشتەوە و جگە لە ڕۆژانی جەنگ، تەواوی ئەو ڕۆژانەی کاتی هەبوایە ریشی دادەهێنا و لوولی دەدایە.

قارۆن دوای هاتنەژورەوە بە زمانی بابلی وتی: سلاّو لە تۆ ئەی خاوەن بڕیار، تۆ سەرکەوتی و منیش شکستم خوارد، بۆیە تۆ بە خاوەن بڕیاری خۆم دەزانم.

کوروش بە هەمان زمان وەلاّمی دایەوە: سلاّو لە تۆ ئەی قارۆن، وەرە و دانیشە و فەرمانی کرد تا کورسیەکیان هێنا و قارۆن دانیشت.

کوروش وتی: ئەی قارۆن ئامۆژگارییەکم بکە.

پاشای شکست خواردووی لیدی وتی: ماوەیەکی زۆر پێش ئێستا، کاتێك (سۆلۆن)[1] زیندوو بوو داوام لێکرد تا ئامۆژگارییەکم بکات کە لە ژیانمدا بە سوود بێت بۆم. ئەو وتی

---

(١) (سۆلۆن زانای زۆر بەناوبانگی یۆنانی کۆنە و لە سالاّنی ٦٤٠ تا ٥٥٨ پێش زایێن ژیاوە و ئەو بە یەك لە حەوت زانا ناسراوە یۆنان دەژمێردرێت، زەبیحوڵلا)

چارەنووسی مرۆڤ ئەوەیە کە هەمیشە بەدبەخت بێت، چونکە بەختی باش تەنها کالآیەکە لە نێوان دوو بەدبەختیدا. ئێستا بۆم دەرکەوتووە ئەو ڕاست دەکات و من تا دوێنی پاشا بووم و خزمەتکارم هەبوو، ئەمرۆ پیاوێکم کە ئەسیر کراوم و نازانم خواردنی ئەمووی من چ دەبێت و ئەم شەویش لە کوێ دەخەوم.

کوروش وتی: تۆ ئەمروش وەك دوێنی نان دەخۆیت و ئەمشەویش وەك شەوی پێشووتر دەنوویت و ژن و خزمەتکارەکانیشت لەگەڵ تۆدا دەبن.

قارۆن وتی: ئایا دەتەوێت من زیندانی بکەی؟

کوروش وتی: نەخێر، من تۆ لەوشارەدا بە ئازادی دەهێڵمەوە و تەنها دوو شتم لێت دەوێت، یەکەم بەشێك لە زێر و خشڵەکانت بدە بە من تا لە نێوان ئەفسەر و سەربازەکانمدا دابەشی بکەم، چونکە من پێم وتوون کە خۆبپارێزن لە تالآن و کوشتن و کەسیش ئەسیر نەکەن، بەلآم ئێستا ئەوان داوای دەست کەوتی جەنگ لە من دەکەن و ئەگەر پێ یان نەدەم، بەرانبەرم نافەرمانی دەکەن.

قارۆن وتی:: من نیوەی خەزێنەکەی خۆمت پێ دەبەخشم تا لە نێوان ئەفسەر ە سەربازانت دابەشی بکەی.

کوروش وتی: دووەم شت کە من دەمەوێت ئەوەیە کە لەشکر کۆ نەکەیەوە و جەنگی من نەکەیت.

قارۆن وتی: من تا ئەو ڕۆژەی لە ژیاندا دەبم لە دژی تۆ و دۆستەکانت لەشکر کۆناکەمەوە و جەنگ ناکەم. بەلآم هیرۆدۆت مێژوونووسی یۆنانی سەبارەت بە ئەسیر کردنی کرزۆس دەڵێت: دوای ئەسیر کردنی قارۆن بە دەستی کوروش، کوروش فەرمانیدا دارێکی زۆریان لە ناوەندی شار لە بەرانبەر پەرستگای (ئاکرۆ پوول) کۆ کردەوە و ئاگریان تێبەردا و قارۆن و کچەکانی و چواردە کەس لە خانەدانەکانی شاری ساردیان خستە ناویان، بۆیە چواردە کەسیان هەڵبژارد چونکە دەکاتە دووجار حەوت و حەوت لە لای ئەوان پیرۆز بووە.

هێرۆدۆت دەڵێت پاساوی سووتاندنی قارۆن و ئەوانی تر لە لایەن کوروش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کوروش ئاگرپەرست بوو و بەو شێوەیە ویستی بۆ خودای ئاگر قوربانی بدات و قارۆن و دەوروبەرەکەی بخاتە ئاگرەوە. دوای ئەوەی گڕی ئاگر بەرز بۆوە قارۆن بە دەنگی بەرز و بە زمانی شاری سارد شتێکی وت.

کوروش لە وەرگێڕی پرسی: قارۆن چ دەڵێت؟

وەرگێڕ وتی: ئەو یەك لە وتەکانی سۆلۆنی زانای یۆنانی دەڵێتەوە.

کوروش ویستی ماناکەی بزانێت و وەرگێڕیش بۆی باسکرد کە چارەنووسی مرۆڤ لە ژیاندا جگە لە بەدبەختی زیاتر نییە و تا کۆتایی بۆ وت. بیستنی ئەو وتەیە کاریگەری زۆری لەسەر کوروش دانا و هاواری کرد ئاگرەکە بکوژێننەوە، بەڵام ئاگرەکە ئەوەندە گەورە ببوو بۆیان نەکوژایەوە و لەوکاتە قارۆن روو لە ئاسمان داوای لە خودایان کرد یارمەتی بدەن و بە چاو تروکانێك ئاسمان پڕ بوو لە هەور و هەورە تریشقە دەستی پێکرد و ڕێژنەیەکی ئەوەندە توندی باران هات کە کوروش و ئێرانییەکانی تر زۆر ترسان و لە ناوچەکە دوورکەوتنەوە.

روونە هیرۆدۆت بە وتنی ئەو دێڕانەی سەرەوە ویستوویەتی قارۆن بکاتە قارەمانێکی ئەفسانەکانی یۆنانی کۆن و بە گریمانی زۆر لە ژێر کاریگەری ئەو ئەفسانە کۆنانەی یۆنان کە هەبوون ئەو کارەی کردووە.

دواتر قارۆن بە کوروشی وت: ئەو شارە وەك داری میوەیە، ئەگەر ڕیشەکێشی نەکەی ساڵانێك دەتوانی میوەکەی بخۆی، بەڵام ئەگەر ریشەکیشی بکەی ئەوا تەنها یەك جار دەتوانی میوەکەی بخۆی.

کوروش وتی: من ئەو دارە لە ڕەگ هەڵ ناکەنم.

قارۆن وتی: لە کاتی ئاشتیدا کورەکان، باوکەکانیان لە گۆڕستانەکاندا دەنێژن و لە جەنگیشدا باوکەکان، کورە گەنجەکانیان دەنێژن و جەنگ نەمامی گەنجی دەبڕێت.

کوروش وتی: ئەگەر ئەو بابەتانەت دەزانی بۆ لە سەر بابەتی رووباری قزل ئایەرماق پێداگریت کرد و هۆکارەکانی هەڵگیرسانی جەنگت دروستکرد؟

قارون وتی: ئەگەر مرۆڤ لە کردەوەکانی خاوەن بڕیار بوایە، من سەرەتاکانی جەنگم ئامادە نەدەکرد. بەڵام مرۆڤ خاوەن بڕیار نییە و وێرای پێداویستییەکانی جەستە وەك خواردن و خواردنەوە، سێ هۆکار مرۆڤەکان ناچار دەکات پێچەوانەی عەقڵ بجولێتەوە و ئەوانیش بریتین لە (لەخۆبایی بوون، حرس و ڕابواردن) و ئەوەی منی ناچارکرد کە ئامادەی جەنگ ببم، لەخۆ بایی بوونم بوو.

کوروش وتی: مەزدا لەو سێ هۆکارە بمپارێزێت و قارون پرسی ئایا مەزدا خودای تۆیە؟

کوروش وتی: بەڵێ؟ قارۆن پرسی: بڕوات پێ هەیە؟ و کوروش وەڵامی ئەرەنی دایەوە. قارۆنیش وتی: بەڵام من لەمەودوا باوەڕم بە (زێئۆس) نییە.[2]

(٢) زێئۆس خودای خواکانی یۆنانی کۆن بووە و ناوەکەی تری ژوپیتێرن بووە، زەبیحوڵڵا.)

کوروش وتی: بۆ؟ و قارۆن وتی: چونکە فریوی دام، من دیاری پڕ بەهام پێدا و داوای یارمەتیم لێکرد، ئەو لەو جەنگە سەرکەوتووی نەکردم.

بە وتەی هێرۆدۆت، کوروش دەڵێت: بەڵام تۆ بینیت زێئۆس یارمەتی دای و لە هەورەکانەوە بارانی وردی نارد و ئاگری کوژاندەوە و ئەگەر ئەو نەبوایە تۆ دەسوتای.

قارۆن سەرەنجی لەو وتەیە داو و زانی: دەبێت باوەڕدار بمێنێت بەرانبەر بە زێئۆس.

رووخانی وڵاتی لیدی، یۆنانییەکانی بە توندی هەراسان کرد. چونکە ئەو وڵاتە تا ئەوکات شورەێك بوو بۆ پاراستنی یۆنان لە لایەن رۆژهەڵاتەوە و هەر هێرش بەرێك کە مەبەستی یۆنان بوایە دەبوایە بێتە لیدی، لەوێ دەشکا و نەیدەتوانی بچێتە یۆنان. ئەوان زانیان ئەو شورەەی تا ئەوکات ئەوانی دەپاراست نەما و ئەوجار دەبێت چاوەڕوانی هێرشبەرانی ڕۆژهەڵاتی بکەن. بەڵام دوای بیستنی رەفتارەکانی کوروش لە لیدی و بە تایبەتی لە شاری سارد، ئۆقرەیان گرت. چونکە کوروش پێچەوانەی سەرکردەکانی تر لە بینینی خوێن و سوتاندن و وێرانی دڵخۆش نەدەبوو.

پاشاکانی ئاشوور و کلدانییەکان و دواتریش خەڵکی تری وەك (جەنگیزخان و تیموری لەنگ) بە بینینی ئەو دیمەنانە دڵخۆشدەبوون و مرۆڤ کوشتنیان تەنها بۆ کوشتن دەویست و هەرشارێك دەستیان پێ دەگەیشت، بە شێوەیەك وێرانیان دەکرد کە ئاوەدان نەدەبۆوە.

بەڵام کوروش لە شاری سارد و ئەو شارانەش دواتر داگیری کردن، کەسی بە بێ هۆ نەکوشت و تالانیشی لە ماڵی کەس نەکرد. تەنانەت هێرۆدۆت کە باس لە تالان کردنی شاری سارد لە لایەن سەربازانی کوروش دەکات، نەینووسیوە ئەوان کەسیان کوشت بێت یان دەستدرێژیان کرد بێتە سەر ناموسی کەس. ئەمەش لە دۆخێکدا بوو کە ئەگەر لەشکرێك بە جەنگ هاتبایە ناو شارێك، ئەوا هیچ شتێك نەدەما کە نەیکردبا.

بەڵام کوروش دوای داگیرکردنی ئەو شارە فەرمانیدا تا جارچییەکان بە خەڵك ڕابگەیێنن گیان، ماڵ، ناموس و ئایینیان پارێزراو دەبێت و هەر ئەو بابەتە بۆوە بناغەی ڕاگەیاندنی نووسراوەی ئازادی مرۆڤ کە دواتر کوروش ڕایگەیاند. بەو هۆیانە یۆنانییەکان بیریان کردەوە ئەگەر رۆژێك کوروش هێرشیان بکاتە سەر زەرەریان لێ نادات.

دوای کەوتنی شاری سارد تەواوی شارەکانی یۆنان کە لە رۆژئاوای ئاسیای بچووك (تورکیای ئێستا)[٣] بوون، نوێنەریان ناردە لای کوروش تا ئاشتی لەگەڵدا بکەن و بە وتەی هیرۆدۆت کوروش ئەو پەندەی بۆ نوێنەرانی شارەکان باس کردووە:"شمشاڵ ژەنێك بە هیوای ئەوەی ماسییەکانی لە ناو ئاو سەمای بکەن لە کەناری دەریا شمشاڵی لێ دەدا، بەڵام ماسییەکان سەمایان بۆ نەکرد و شمشاڵ ژەنەکە تۆڕی خستە ناو ئاوەکە و ماسییەکانی گرتن، لە وشکانی بەریدان و ئەوانیش کەوتنە سەما، واتە کەوتنە خۆهەڵدان و شمشاڵ ژەنەکە پێی وتن ئەگەر لە ناو ئاودا سەماتان کرد بایە، ئێستا ناچار نەبوون لە وشکانی سەمابکەن."

کوروش مەبەستی لەو وتەیە بۆ نوێنەرەکان، ئەوە بوو کە ئەگەر پێش جەنگ پێشنیاری منتان پەسەندکردبا و هاوکاریتان کردبام لە جەنگی قارۆن، ئێستا ناچار نەبوون لە پێشم بپارێنەوە.

کوروش مولك و ماڵی خەڵکی ساردی داگیر نەکرد و سزای دانیشتوانی دوازدە شارەکەی نەدا، بەڵام دواتر لە سەردەمی پاشاکانی هەخامەنشی (کەمبۆجییەی کوری کوروش) و (داریوشی گەورە)، بوونە کێشە و گرفت بۆیان. هەر ئەوان لە (٣٣٠ پ. ز) لەپڕ لە وڵاتی (کیلیکی) کە لە رۆژئاوای تورکیای ئێستا بوو، پێش لەشکری دوژمنیان بەردا و بوونە هۆی لەناو چوونی لایەك لە لەشکری داریوشی سێیەم پاشای هەخامەنشی و بوونە هۆکاری شکانی بەدەستی ئەسکەندەر.

کوروش کە تەنانەت دەنکە گەنمێکی لە وڵاتی لیدی لە خەڵك نەستاند، بەشێك لە گەنجینە و شتەکانی تری قارۆنی بۆ ئێران گواستەوە. مێژوونووسان نووسیویانە زێر، زیو، خشڵ، فرشە پڕ بەهاکان، عاج و بۆنەکانی قارۆن بە بیست کاروانی سەرباز پێك هاتوو لە دووهەزار ئەسپ و ئێستر لە لیدی بۆ ئێران گواسترایەوە و بەشێکیان لە هەمەدان دانا و بەشێکیشیان گواستەوە بۆ (پازارگاد) لە ویلایەتی فارس. کوروش لەگەڵ خۆیدا قارۆنی هێنا بۆ هەمەدان کە ئەوکات پێنج شار بوون لە پەنا یەکتری و لە ئەوێ نیشتەجێی کرد.

نازانین ناوی ئەو پێنج شارە لە سەردەمی کوروش و پاشاکانی هەخامەنشی چ بووە، بەڵام وەك دوای هاتنی عەرەبەکان بۆ ئێران و بە پێی نووسینی مێژوونووسە ئێرانییەکان، ئەو ناوچە

---

(٣) (لە رۆژئاوای ئاسیای بچووك دوازدە شار هەبوو کە دانیشتوانیانی لە رەگەزی یۆنانی بوون و بە هۆی ئەوەی ئەوان لە یۆنانەوە کۆچیان بۆ ئەو شارانە کردبوو و ئەوانیان بینا کردبوون، ئێرانییەکان ئەوشارانەیان بە شاری یۆنانی هەژماردەکرد و ئەگەرنا ئەوان ناوی (هەللا)کە ناوی کۆنی یۆنان بوو بۆ ئەو وڵاتەیان بەکاردێنا. وشەی"گەرش، گەرگ" کە لە زمانە کۆنەکان بۆ یۆنان بەکاردەهات، ناوی ڕاستی ئەو وڵاتە نییە و ناوی ڕاستی-هەللا-بوو و دواتر بە هۆی پەیوەندی ئێرانییەکان و شارە یۆنانییەکانی ئاسیای بچووك، ئەوان ڕاهاتن کە بە شارەکانی وڵاتی هەللاش بڵێن یۆنان، زەبیحوڵڵا.)

پێنجوکەییە کە بە (هەك ماتنە) یا اکباتان یا هەمەدان ناسراوە، بەم شێوەیە بووە: (کبریت، ماکین، گەردلاخ، کۆرەشت و خۆرشید.)

کوروش لە پەنا ئەو پێنج شارەدا، شارێکی تری بەناوی (بارەن) تەنها بۆ نیشتەجێ بوونی قارۆن دروستکرد و ئەوی بە پاشای ئەو شارە ناسی و قارۆن لەو شارە ئازادی تەواوی هەبوو و هەرچی ویستبای دەیکرد.

کۆشکی قارۆن لە شاری (بارەن) جیاوازی نەبوو لە گەڵ کۆشکەکەی لە لیدی و تەواوی خزمەتکارەکانی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆوە ئەو شوێنە. قارۆن لە بارەن دووهەزار خزمەتکاری ژن و پیاوی هەبوو، پێنج هەزار سوارە و پێنج هەزار پیادە لەشکری هەبوو، تیچووی هەموانی لە داهاتی موڵکەکانی لە لیدی دەدا ئەگەر ئەمڕۆ بوایە کوروش پەسەندی نەدەبوو ئەسیرەکەی ئەو، بۆ پارێزگاری لە دەسەڵات و گەورەیی خۆی دەهەزار لەشکری سوارە و پیادەی هەبێت، بەڵام لە دونیای ڕابردوو بەڵێندان کارێکی زۆر گەورە بوو و ئێرانییەکان درۆیان نەدەکرد و دڵنیاش بوون کە خەڵکانی تر ڕاستگۆن.

قارۆن بەڵێنی دابوو دژی کوروش و دوستەکانی نەجولێتەوە و کوروش باوەڕی پێکرد، قارۆنیش وەفای بەرانبەر بەڵێنەکەی نواند و هەرگیز هەوڵی نەدا دژی ئەو سەرهەڵدان بکات.

شاری بارەن بە بۆنەی ڕابواردنەکانی قارۆن بۆوە ناوەندی ڕابواردن و خۆشگوزەرانی و لە رۆژهەڵاتی زەویدا ناوبانگێکی نەنگاوی دروستکرد. کوروش دەیزانی لە کۆشکی قارۆندا چ باسە، بەڵام گلەیی لێ نەدەکرد و لە جەژنەکانی ئێراندا قارۆن سەردانی دەکرد و کوروشیش بەردەوام ئەوی لەلای خۆی دادەنیشاند و تەنانەت کورەکانی کوروش (کەمبۆجییە و بردیە) کە شازادەکانی ئێران بوون دەبوایە لە بەرانبەر باوکیان لە سەر پێ بوەستن و مۆڵەتی دانیشتنیان نەبوو.

بێ گومان بەرێز و ئاسوودەترین ئەسیر لە مێژووی جیهان قارۆن بووە و نەتەنیا لە دونیای کۆن، بەڵکو لە دونیای تازەشدا بێ هاوتا بووە و هەرچەندە تەمەنی بە خواردنەوە و ڕابواردن بەسەر دەبرد، بەڵام تەمەن درێژ بوو و ئەوەندە جێگەی متمانە بوو کە دوای کوژرانی کوروش و کاتێك کەمبۆجییەی کوری کوروش بۆوە پاشا، ناوبراو تاجی پاشایەتی لەسەر کرد و کاتێکیش هێرشی کردە سەر میسر قارۆنی وەك راوێژکاری باڵا بردە میسر و لەوێش سوفرەی خۆشی بە هۆی گەورەیی تەمەنی بە دەستی قارۆن دانرا و جگە لە شۆخ و جوانەکان، زانا و شاعێرەکانیش لە بارەگای ئەو جێگەی خۆیان هەبوو.

لە گێڕانەوەکان هاتووە لە میسر و دواتر لە سوریا (پین دار) شاعیری گەورەی یۆنانی لە کۆر و بۆنەکان لە کۆشکی قارۆن ئامادەبووە و لە سەردەمی گەنجی گەیشتە کۆشکی قارۆن و سەرەڕای گووتنی شیعر، خاوەن جوانی زۆر بووە و ئەوەندە دیاری لە قارۆن وەرگرتووە کە دواتر بۆوە یەك لە دەوڵەمەندان و دوای مردنی قارۆن، لە سەردەمی داریوشی گەورە دیوانی خۆی بە ناوی (پی تیك) بە ناوی قارۆن نووسییەوە و قارۆنی لە پەرتووکەکەدا گەیاندە پلەی خودایەتی.

قارۆن لەگەڵ کەمبۆجییە لە میسرەوە چوو بۆ سوریا و تا ئەوکاتەی کەمبۆجییە کوژرا یا خۆی کوشت لەوێ مایەوە و دوای مردنی ئەو گەڕایەوە وڵاتی خۆی و دوای ئەوەی داریوش بۆوە پاشای ئێران مرد و لە شاری سارد بە خاك سپێردرا. کاتی کوژرانی کەمبۆجییە، قارۆن بۆی هەبوو بانگەشەی پاشایەتی لە خاکی خۆیدا بکات، بەڵام ئەوکارەی نەکرد و دەیوت بەڵێنم بە کوروش داوە دژی خۆی و دۆستەکانی نەوەستم، جێنشینەکانی کوروشی بە دۆستانی ئەو دەزانی.

دوای گەڕانەوەی کوروش لە لیدی بۆ هەمەدان، یەك لە میرەکانی لیدی بە ناوی (پاك تیاس) ڕاپەری و چووە ناو شاری سارد و (ساتراب) واتە حاکمی هەخامەنشی لەو شارە لە ناوەندی شار گەمارۆدا. بە بیستنی ئەو هەواڵە کوروش بانگهێشتی قارۆنی کرد و پێیوت: ئەمە وەڵامی جوامێری و ڕەفتارباشی منە لەگەڵ خەڵکی سارد؟

قارۆن وتی: ئەی پاشا، خەڵکی لیدی و سارد گوناهیان نییە، لە ڕابردوو من و بۆ ئێستاش (پاك تیاس) گوناهکارین.

دواتر وتی: خەلکی سارد جگە لە خۆجوان کردن، بۆنی خۆش بەخۆکردن، پۆشاکی جوان لەبەرکردن و دڵداری بیر لە شتی تر ناکەنەوە و ئەوان دژی تۆ ناتوانن ڕاپەڕن، بەڵام خەڵکی سەحرانشین و خێڵەکیەکان کە هەڵگری خەسڵەتەکانی پیاوەتین، لەوانەیە دیسان دژی تۆ ڕاپەرن و بۆ ئەوەی ئاسوودە بی، فەرمان بدە تا ئەوان لە جیاتی کەرەستەی جەنگ تەشی بگرنە دەست و موسیقا بژەنن و شەراب بخۆنەوە و ئەوکارانە پیاوەتیان لێدادەماڵێت و وەك خەڵکی شاری ساردیان بەسەر دێت.

کوروش لەشکرێکی نارد و پاك تیاس ڕای کرد و چووە شاری (کیمیە) یا (کەم) کە لە شارەکانی ئاسیای بچووك بوو، پەنای بردەبەر پەرستگای شارەکە و فەرماندەی سوپای ئێران داوای

له سەرپەرەشتیاری پەرستگاکە کرد پاك تیاس ڕادەست بکات، ئەویش وتی دەبێت پرسی خودای شار بکەم و بزانم ئەو ڕازییە. خودای شاریش وتی دەبێت ئەو ڕادەستی لەشکری ئێران بکرێت.

لەو شارەدا بازرگانێك هەبوو بۆ پاڵپشتی پاك تیاس هات و چۆوە پەرستگاکە، ئەو کوترانەی هەڵفراند کە لە سەر هێلکەکانیان هەڵ نیشتبوون و سەرپەرەشتیاری پەرستگاکە پێی وت: خودا دەڵێت جەنگم ناکەی ئەو کۆترانەی پەنایان هێناوەتە بەر ماڵەکەم هەڵ دەفرێنی و لە پەرستگا دەردەکەی؟

بازرگانەکە وتی: بە ناوی من بە خودا بڵێ ئایا شەرمم ناکەی پاك تیاس کە پەنای بۆ پەرستگاکەت هێناوە، ڕادەستی دوژمنی دەکەیەوە؟ سەرئەنجام پاك تیاسیان لە پەرستگا خودای شاری کیمیە دەرکرد و ڕادەستی ئێرانییەکانیان کرد.

کیمیە یا کەم ناوی ڕاستەقینەی وڵاتی میسرە و بۆ زۆر شاری تر بەکارهاتووە و تەنانەت بۆ شاری (قوم) لە ئێران دانراوە و پێشتر ناوی ئەو شارە (کەم) و دواتر (مەکەندان) بوو، ئێستا بۆتە (قوم). کوروش ئامۆژگاری قارۆنی جێبەجێ کرد و تەنها پاك تیاسی سزادا و سزاکە لێکردنەوەی سەری لە جەستەی بوو لە ناوەندی شاری سارد.

بەڵام دواتر شارەکانی ئاسیای بچووك یەك لە دوا یەك ڕاپەڕین و یەکەم شار کە ڕاپەڕی ناوی (فوسە) بوو کە دەکەوتە ڕۆژئاوای تورکیای ئێستا و ئێستاش لەوێ شار بە ناوی (فوجا) هەیە. ئەو شارە لە کەناری دەریا بوو و سێ لایەکەی تری شورەی هەبوو و خەلکی ئەو شارە پێیان وابوو لە پەنا ئەو شورانە لە هێرشی لەشکری کوروش پارێزراو دەبن.

بەڵام کوروش بۆ گرتنی ئەو جۆرە شارانە دوو شێوازی تایبەت بە خۆی هەبوو کە لە ئاسیای بچووك نەبوو، یەکەمیان دروستکردنی گردی بچووك لە پەنا شورەە بلندەکانی شار بوو کە سەربازەکانی کوروش پێیایدا سەردەکەوتن و پارێزەرانی شارەکەش کە لە پشت ئەو شورەە بلندانە خۆیان پەنا دابوو، لەپڕ دەیان بینی سەربازانی هەخامەنشی سەر شورەەکانیان گرتووە و دێنە خوارەوە. شێوازەکەی تریش بریتی بوو لە هەڵکەندنی تونێڵ لە ژێر شورەەکان و لە ڕێگەی ئەو تونێلانەوە پاشای ئێران سەربازەکانی دەناردنە ناو شارەکان.

دانیشتوانی شاری فوسە زانیان ناتوانن بەرانبەر ئێرانییەکان خۆڕاگری بکەن و کەشتیشیان هەبوو، بۆیە لە شەودا کەوتنە بارکردنی هەموو کەرەستە گرانبەها و زێڕ و خشڵەکانیان و دواتریش خۆیان سوار بوون و چوونە ناو دەریا، بەیانی کە سەربازەکان هاتن لە دوورەوە

کەشتییەکانیان دیتن. دەگوترێت ئەوان پێش ئەوەی سواری کەشتی بن، بەردێکی گەورە یا پارچە ئاسنێکیان خستە ناو ئاو و بڕیاریاندا تا ئەو کاتەی ئەو بەردە لە ئاو نەیاتەدەر یاخود ئێرانییەکان ئاسیای بچووك چووڵ نەکەن، نەیەنەوە وڵاتی خۆیان.

بە پێی وتەی مێژوونووسانی یۆنانی دانیشتوانی ئەو شارە نەیاندەتوانی فەرمانەکانی هەخامەنشییە ریشدارەکان (بە وتەی هیرۆدۆت) جێبەجێ بکەن. ئەوان شارەزای تەواوی کەنارەکانی دەریای مەدیتەرانە بوون و ئەو کەنارانەیان جێهێشت کە کۆچبەرە ئێرانییەکانی لێ نیشتەجێ بوون و خۆیان گەیاندە ناوچەی (گوڵ) واتە فەرانسەی ئێستا و لە ناوچەیەك بە ناوی مسیلیە کە ئێستا بە (مارسێی) ناسراوە، نیشتەجێ بوون و بەم شێوەیە دامەزرێنەرانی مارسێی کە لە باشووری فەرەنسایە، خەڵکی فوسەن کە لە دەست هەخامەنشییەکان ڕایانکرد نەك دانیشتوانی فنیقیە، بەڵام هەندێ مێژوونووس بە هۆی لێك چوونی ناوی (فوسە) و (فینیق)، فینیقییەکان بە خاوەنی ئەو کارە دەزانن.

فوسە یەك لە دوازدە شارە یۆنانییەکەی ئاسیای بچووکە و فینیقیە لە کەنارەکانی سوریا بووە، لە رووی رەگەز و جوگرافی زۆر جیاوازی هەیە لە نێوانیان. کاتێك هەخامەنشییەکان دەستیان کرد بە داگیرکردنی دوازدە شارەکە، کوروش لە پایتەختی خۆی واتە شاری پازارگاد بوو.

یەکێکی تر لە دوازدە شارەکانی ئاسیای بچووك شاری (تێئۆس) بوو و پیاوانی ئەو شارەش وەك پیاوانی شارەکانی تری ئەوێ، گیرۆدەی کاری بێزراوی خۆشەویستی بەرانبەر بە هاورەگەزی خۆیان بوون و ئەو نەریتە لە یۆنانییەکانەوە بۆ ئەوان هاتبوو، یۆنانییە کۆنەکان گیرۆدەی ئەو نەریتە بێزراوە بوون و لە ئەوانەوە بۆ زۆر نەتەوەی تری کۆن گواسترایەوە، بەڵام یۆنانییەکانی ئێستا لە بە پارێزترین نەتەوەکانی جیهانن.

لە شاری تێئۆس شاعیرێك بە ناوی (ئانا کێرئۆن) دەژیا و ئەڤینداری گەنجێك بوو بە ناوی (ئەسمەر دیس) و دیوانەکی شیعری بۆ پێ هەڵدان بەسەر ئەودا دانابوو، ئەو موزیکیشی لێ دەدا و باوەڕیشی بەو بیرۆکەیە هەبوو کە رۆژانە چاکەیەك بکات و ئەو باوەڕە لای هەموو یۆنانییەکان هەبوو، بەڵام چاکەکانی ئەو تایبەت بوون. رۆژێك بە دڵ خۆشییەوە بە دۆستێکی خۆی وت: ئەمرۆ لە جیاتی یەك کار، سێ کاری چاکەم ئەنجامداوە.

دۆستەکەی وتی: کارە باشەکانت چین؟

ئەو وتی: لە نزیك پەرستگای ئاکراپوول (واتە پەرستگای خودای گەورەی ئەوان کە لە تەواوی شارەکان هەبوو) ژنێکم بینی کە منداڵێکی نەخۆشی لە باوەش بوو و دەگریا، لێم پرسی بۆ دەگری؟ وەڵامی دامەوە کە منداڵەکەم نەخۆشە و دەترسم پێش ئەوەی لە پەرستگا ناوی بنێم، بمرێت.

پرسیم: بۆ نایبەی بۆ پەرستگا و ناوی لێ نانێی؟ وتی: چونکە زیوم نییە و لە پەرستگا بۆ ناونانی پێنج دراوی زیویان دەوێت.

ئاناکێرئۆن وتی من دوای بیستنی وتەکانی ئەو ژنە، دەستم بە باخەڵمدا کرد و دراوێکی زێرم دایە و پێموت ئەوە بیست دراوی زیو دەکات، بیگرە و بچوو بە پێنج دراو منداڵەکەت ناو بنێ و پانزدەکەی تریشم بۆ بێنەوە بۆ ماڵ و ئادرێسی ماڵەکەمم پێ وت، تا دواتر بۆم بێنێتەوە.

دۆستەکەی وتی: بێ گومان ئەوکارە کارێکی چاکە و دوانەکەی ترم بۆ باس بکە.

ئەویش وتی: ئەوە سێ کاری چاکە بووە. دۆستەکەی پرسی: چوون؟ شاعری یۆنانی وتی: یەکەم چاکەی من ئەوە بوو کە ئەو ئافرەتەم لە پەرێشانی دەرکرد، دووەمیان ناونانی منداڵەکە بوو و سێیەمیان ئەوەبوو کە من پازدە دراوم سوود کرد، چونکە ئەو دراوەی من ساختە بوو و ماوەی یەك ساڵ بوو بیرم دەکردەوە چوون خەرجی بکەم.

لە یۆنانی کۆن باوەڕیان وابوو (گوێدرێژەکەی) زانای گەورەی یۆنانی (سۆلۆن)، وەك مرۆڤ دەدوێت و ئەو باوەڕە لە هەندێ نەتەوەی تریش هەبووە، عبرییەکانیش باوەڕدار بوون (گوێدرێژەکەی) یەك لە گەورەکانیان بە ناوی (بەلعەم باعوور) وەك مروڤ دەدوێت.

ڕۆژێك لە ئاناکێرئۆنی شاعیری شاری تێئۆس یان پرسی: چوون دەکرێت کەرێك با هی سۆلۆنی زاناش بێت وەك مرۆڤ بدوێت؟

لە وەڵامدا وتی: من تا ئێستا نەمبینیوە کەر وەك مروڤ بدوێت، بەڵام ساڵانە سەدان مروڤ دەبینم وەك کەر دەدوێن.

کاتی نزیك بوونەوەی لەشکری ئێران بە فەرماندەیی (ئارپاگۆس) لە شاری تێئۆس (کە وەك شارەکانی تری یۆنانی لە کەناری دەریا بوو)، دانیشتوانی شار ویستیان سواری کەشتییەکان بن و ڕابکەن، بەڵام ئاناکێرئۆن ڕێگەی نەدان و پێیوتن: ئەگەر جەنگ و بەرگری نەکەین، ئێرانییەکان هیچ کێشەیان لەگەڵمان نابێت.

بەڵام پیاوانی شار دەترسان و دەیانووت: ئەو پیاوە ریشدارانە لەوانەیە ڕێسا و بنەماکانی جەنگ ڕەچاو ناکەن و دوای گرتنی شار هەمووان دەکوژن و بوون و نەبوونی خەڵك تاڵان دەکەن.

ئاناکێرئۆن وتی: من دەزانم خاڵی لاوازی ئێرانییەکان گوێ گرتنە لە موزیك و ئەوان تا ئەو ڕادەیە موزیکیان خۆشدەوێت، کە بە گوێگرتن لە ئاهەنگێکی خۆش دەبنە بەرخۆلەیەکی بێ ئازار و ئەو ئاهەنگانەشیان پێخۆشە کە بۆ سەما و هەڵپەرین دەبن. من هەوڵمدا ڕاهێنان بە کۆمەڵێك لەو کور و کچانە بکەم کە توانای گۆرانی وتنیان هەیە و ئەو ئاهەنگانەی دەمەوێت ئامادەیان کردووە. کاتێ ئێرانییەکان نزیك شار دەبنەوە، من و ئۆرکستراکەم دەچینە پێشوازیان و گۆرانیان بۆ دەڵێین و مۆسیقایان بۆ لێدەدەین، ئەوانیش بەو کارەمان هێور دەبنەوە و ئی تر هەوڵ نادەن دانیشتوانی ئەو شارە ئازار بدەن.

دەستەیەك لە دانیشتوانی شار، ڕێگە چارەی ناوبراویان بە بێ سوود زانی و هەرچی پێیان دەبردرا لە گەڵ خۆیان بردیان و سواری کەشتییەکان بوون و ڕۆیشتن، بەڵام دەستەیەکی تر بە هۆی ئەوەی توانای ڕۆیشتنیان نەبوو یا بیریان دەکردەوە کە ڕێگە چارەی شاعیرەکەیان باش دەبێت، لە شارەکەدا مانەوە.

ئاکێرئۆن دەستەیەك لە کورو کچانی گۆرانی بێژ و موزیك ژەنی ڕاهێنا بوو ئاوازێکی وروژێنەر و دڵ نشین بە ناوی (سەمای خودایان) بخوێنن و ئەو ڕۆژە لەشکری ئێران هاتن، ئاناکێرئۆن و تاقمەکەی کە جگە لەوەی هونەرمەند بوون، دیمەنیشیان جوان بوو چوونە پێشوازیان و بە جوانی کەوتنە پێشکەش کردنی ئەو ئاهەنگەی ئامادەیان کردبوو.

مێژوو نووسانی کۆنی ڕۆژئاوایی دەگێڕنەوە کە کور و کچانی یۆنانی ئاوازەکەیان ئەوەندە بە باشی پێشکەش کرد کە سەربازە هەخامەنشییەکان لە کاتی گوێ بیست بوونی، دەستیان بە هەڵپەرکێ کرد بوو. لەوانەشە ئەوە زیادەڕۆیی تێدا کرا بێت لە لایەن مێژوونووسە یۆنانییەکانەوە، تا ئاهەنگەکە زۆر جوان پێشان بدەن.

ئاهەنگی یۆنانییەکان کە شاعێری پایەبەرز خۆی شیعرەکەی نووسی بوو، بە ڕادەیەك جوان و دڵ نشین بوو کە تەنانەت دوای ئەو ڕووداوەش مایەوە، تێپەڕبوونی کات و مێژوو نەیتوانی لە ناوی ببات. ئەو ئاوازە لە ساڵی (١٨٠٩ ز) بەر گوێی موزیك ژەنی بەناوبانگی نەمسایی (هایدن) گەیشت و بە کەمێك دەستکارییەوە، (سەمای فریشتەکانی) لە سەر دروستکردەوە و ئێستاکەش هەر کەسێك ئەو ئاهەنگەی بەر گوێ کەوێت، وەك ئەوە وایە ئاهەنگی یۆنانییەکان و ئاناکێرئۆنی شاعێر و مۆزیك ژەنی یۆنانی بەرگوێ کەوتبێت، ئەمرۆش یۆنانییەکان لە

ڕوانگەی دانانی موزیك و ئاواز زۆر بەناو بانگن و ئێستاش ئەم توانایە لەلای ئەوان بەدی دەکرێت، وەك بەشێك لە کولتووری باپیرانیان هەژمار دەکرێت.

فەرماندەی لەشکری هەخامەنشی (ئارپاگۆس) چێژی لە ئاهەنگەکە وەرگرت و شاعێری یۆنانی بە ئارپاگۆسی وت: شاری تیئۆس بێ بەرگریە و دەروازەکانی بەرووی لەشکری ئێراندا کراوەیە، ئۆمێد دەکەم ئازاری کەس نەدەن و شار تالان نەکەن.

ئارپاگۆس وتی: ئێمە لە گەڵ دانیشتوانی شارێك کە دژمان جەنگ نەکەن، هیچ ناکەین و هەر چەندە کە ئێمە مەزدا پەرستین، بەڵام ڕێزیشمان بۆ خوایانی ئێوە هەیە.

فەرماندەی لەشکری ئێران بەڵێنی خۆی بەجێ هێنا و دوای چوونی بۆ ناو شار، دەست درێژی نەکرایە سەر کەس و ڕێگەشی بە ئەفسەر و سەربازانی نەدا کە بچنە ناو پەرستگای ئاکراپوولی.

ئارپاگۆس هۆگری ئاوازی (سەمای خودایان) بوو و بۆیە داوای لە شاعێری یۆنانی کرد ئەو ئاوازەی فێر بکات و دەیەویست وەك دیاری بۆ کوروش پاشای ئێرانی ببات.

بە هۆی کورتی ماوەی مانەوەی ئارپاگۆس لە شاری تیئۆس، هەروەها زانینی ئەوەی بۆ فێربوونی موزیك پێویستمان بە زانینی هەندێ شتی سەرەتایی لە موزیك هەیە، سەرکردە ئەو بابەتانەی نەبوو و نەیتوانی فێر ببێت، بۆیە ئاناکێرئۆنی شاعێر نۆتەکانی بۆ نووسییەوە و ئەویش دوای تەواو بوونی کارەکانی سەربازی خۆی، گەڕایەوە لای کوروش و نۆتەکانی دایە پاشای هەخامەنشی.

پاشای ئێران بینی ئەو ئاهەنگە بۆ پێشوازی لەشکری ئەوان بووە، فەرمانیدا ببێتە سروودی شادی ئێرانیان و لە تەواوی چەژن و خۆشییەکان دەووترایەوە، دوای پەرەگرتنی ڕێنووسی ئێران[٤] نۆتەکانی ئەو سرووده وەرگێڕدرایە سەر ئەو ڕێنووسە و لە ئێستادا ئەو کەسەی گوێ لەو ئاهەنگە دەگرێت، وێڕای گوێگرتن لە ئاهەنگی (سەمای خودایان)، گوێ دەگرێت لە سروودی شادمانی هەخامەنشییەکان.

فەرماندەی لەشکری هەخامەنشی دوای چوونی بۆ ناو شاری تیئۆس، سەربازگەیەکی لەوێ کردەوە و ڕۆیشت تا شارەکانی تری ئاسیای بچووك داگیربکات و سەربازەکانیشی بە هۆی جوانی کچە یۆنانییەکان، هاوسەرگیریان لە گەڵ ئەواندا کرد و دوای گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەیان ئەوانیان لە گەڵ خۆیان برد.

---

(٤) (لە بەشەکانی پێشوودا باسی ئەلیفبای مەزنی ئێران کراوە کە تەنانەت لە ڕێگەیەوە دەتواندرا دەنگی باڵندەکانیش بنووسرێتەوە، زەبیحوڵڵا.)

ئاناکێرئۆنی شاعێر کە بە شعر و گۆرانییەك نیشتیمانی خۆی لە وێران بوون پاراست، بەرێزەوە تا تەمەنی هەشتا و پێنج ساڵی لەو شارە ژیا و رۆژێك لە کاتی خواردنی هەلوژەدا، دەنکی هەڵوژەکە بۆری قورگی گرت و مرد.

دانیشتوانی شار تەرمی ناوبراویان بەرێزەوە لە مەیدانی ناو شار و بەرانبەر پەرستگای ئاکراپوول ناشت و خانوویەکیان لە سەر گۆڕەکە دروستکرد و لە سەری ئەو وتەیەیان نووسی: (ئەی هاونیشتیمانی، کاتی تێپەڕبوونت لێرە، دەستەکانت بەرزبکەوە، چونکە ئێرە گۆری ئاناکێرئۆنە کە نیشتیمانەکەمانی پاراست.)

دەست بەرزکردنەوە لەوکاتدا وەك سلاوی سەربازی ئێستا بوو و ئەوکات سلاوی یۆنانییەکان بوو و بە تێکەڵ بوومیان لەگەڵ ئێرانییەکان، یۆنانییەکان سەر نەوی کردن لەوان فێربوون.

پێش باسی رۆیشتنی کوروش بۆ بابل، پێمان باشە باس لە شارێکی تری ئاسیای بچووك بە ناوی (خانتۆس) کە پایتەختی ولاتی بچووکی (لیسی) یۆنانی بوو بکەین و بۆ ئەوەی بە تەواوی ئەویٚ بەجیٚ بهێڵین.

شوێنەواری شاری خانتۆس دەکەوێتە ولاتی تورکیای ئێستا و ئەگەر هەڵکەندنی بۆ بکرێت، لەوانەیە لە ژێر خاك زۆر شت بێتەدەر. نابێت ناوی خانتۆسی مێژوونووس لەگەڵ ئەو ناوە بە یەك تیٚ بگەین و پێشتر ناوی مێژوونووسەکەمان چەند جارێك هێناوە.

کاتێك لەشکری هەخامەنشی بە فەرماندەیی ئارپاگۆس گەیشتە ولاتی لیسی، ئەفسەر و سەربازەکان لەشکرێك ژنیان بینی کە بۆ جەنگی ئەوان هاتوون. فەرماندەی لەشکری ئێران فەرمانیدا تا جەنگ لە گەڵ ژنەکان نەکەن و داوای نوێنەرانی ئەوانی کرد و لە نوێنەری ژنەکانی پرسی: پیاوەکانتان لە کوێن کە ئێوە هاتوونەتە جەنگ؟

ژنەکان وتیان: پیاوەکانمان لە ماڵ خەریکی ماڵدارین و لە کێڵگەکان کاری کشتوکاڵ دەکەن، بۆیە ئێمە هاتووین بۆ جەنگ.

ئارپاگۆس وتی: من پاشەکشە ناکەم، چونکە لە لایەن پاشاکەمەوە ناردراوم تا ولاتی لیسی و خانتۆسی پایتەخت بگرم.

ژنەکان وتیان: ئێمەش پاشەکشە ناکەین.

فەرماندەی هەخامەنشی دووچاری دۆخێکی سەخت هات، ئەو وەك تەواوی پیاوانی ولاتەکەی رێزی ژنانی دەگرت و کوشتنی ئەوانی بە دوور لە پیاوەتی دەزانی و ئاگاداری رێزی

کوروش پاشایان بۆ ژنانیش هەبوو و دەیزانی ئەگەر هێرش بکاتە سەر لەشکری ژنان و بیانکوژێت، لەوانەیە بکەوێتە بەر ڕقی کوروش و سەری لە لەشی جیا بکرێتەوە. بۆیە بڕیاری کۆبۆنەوەی بۆ ڕاوێژ لە گەڵ ئەفسەرەکانیدا تا بزانێت پێویستە چ بکات، چونکە لە لایەك نەیدەتوانی ژنەکان بکوژێت و لە لایەکی تر نەیدەتوانی دەست لە داگیرکردنی وڵاتەکە بشوات.

سەرەنجام بڕیاریاندا تاقمێك لە سەرباز و ئەفسەرانی ئێرانی دەورەی ژنەکان بگرن، بۆ ئەوەی نەتوانن بێنە ناو مەیدانی جەنگ و سەربازەکانی تریش بچن بۆ داگیرکردنی شار، ئەوکارەیان کرد و لەشکری ئارپاگۆس بەرەو شار بەڕێ کەوت و دوای کورتە جەنگێك لەگەڵ ئەو پیاوانەی خانتۆس کە لە شاردا بوون، شارەکەیان داگیرکرد.

بەڵام هیرۆدۆتی یۆنانی دەڵێت: تەواوی ژنەکان لە جەنگی لەشکری ئێراندا کوژران و کاتێك لەشکری ئێران لە خانتۆس نزیك بوونەوە، پیاوەکانی شارەکە هەرچی منداڵ و پیرێژن هەبوو لە خانووەکاندا زیندانیان کردن و دواتر خانووەکانیان سوتاندن تا ئەوان بمرن، دوای ئەوە هەموویان چەکیان گرتە دەست و جەنگیان کرد تا دوایین کەسیان کوژرا و هەخامەنشییەکانیش دوای جەنگەکە، شارەکەیان بەتەواوەتی وێرانکرد.

ئەو گێرانەوەیەی هیرۆدۆت بە دوو هۆکار دروست نییە، یەکەم کوروش دوای گرتنی شارێك، شارەکەی وێران نەدەکرد و بە پێچەوانەی یاساکانی جەنگی ئەو سەردەمە ئەگەر دانیشتوانی شارێك خۆیان بەدەستەوە بدایە، پیاوانی نەدەکوشت و کور و کچانی کەنجیشیان بەدیل نەدەبرد و سەردارەکانی کوروشیش ئەمەیان دەزانی و شارەکانیان وێران نەدەکرد.

هۆکاری دووەمیش: دوای ئەو ڕووداوە و تا کۆتایی سەردەمی پاشایەتی هەخامەنشییەکان ئەو شارە هەر هەبوو و زۆر مێژوونووس بە چاوی خۆیان ئەو شارەیان بینیوە و ئەگەر ئارپاگۆس ئەو شارەی وێرانکردبایە، لە سەردەمانی دواتر مێژوونووسان خانتۆسیان نەدەبینی.

گێڕانەوەی بەسەرهاتی داگیرکردنی شارەکانی ئاسیای بچووك لە ڕۆژئاوای تورکیای ئێستا زۆر و درێژە و بۆ ئەوەی خوێنەر ماندوو نەکەین، بەشێکی تر لە ژیانی کوروش دەخەینە بەردیدەی خوێنەرانی بەرێز.

# ئەو ئەڤینەی بابلی رووخاند

لە ئێرانی کۆن، نیگارکێشی یەك لەو هونەرانە بوو کە برەوی هەبوو و بەڵگەشمان بوونی کۆمەڵێك وێنەی جۆراوجۆرە لەسەر بیناکانی سەردەمی هەخامەنشییەکان. هەروەك لە ئێستادا دەبینین کەسانێك چەندین کاتژمێر بەرانبەر نیگارکێش دادەنیشن تا وێنەکەیان بکێشرێت، بە هەمان شێوە ئەوکات ئەو کارە دەکرا.

نیگارکێشێکی خەڵکی بابل بە ناوی (پات) چۆوە شاری پازارگاد و لەوێ نیشتەجێ بوو، بە هۆی کارامە بوونی لە هونەرەکەی لە لایەن ئاناهیتای ژن خوشکی کوروش بانگهێشت کرا بۆ کۆشکی پاشایەتی تا وێنەی بکێشێت.

لە ناو خانمانی ئەوکاتی ئێران ناوی (ئاناهیتا) کە ئێستا بۆتە (ناهید) ناوێکی باو بوو، ئەو ناوە لە کەتیبە کۆنەکانی سەردەمی هەخامەنشییەکان کە ئێستا بەردەستن دەرنەکەوتووە، بەڵام لە پەرتووکەکانی مێژوونووسە کۆنەکاندا و هەروەها لە کەتیبەکانی سەردەمی ساسانیشدا ئەو ناوە هەبووە و بۆ نموونە لە یەکێك لە کەتیبەکانی شاپووری کوری ئەردەشێری بابەکانی پاشای ساسانی، کە ناوی شا و شازادەکانی تێدا هاتووە، دەبینین کە ناوی چەند شازادەیەك بە ناوی ئاناهیتا هەیە.

رۆژانە پات دەچووە کۆشکی پاشایەتی و وێنەی ئاناهیتای دەکێشا و دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵ ئەوەی ئەو رۆژە دەیدیت، وێنەی دەکردەوە و بە واتای تر کۆپی دەکرد. کاتێك تابلۆی ئاناهیتا کۆتایی هات، تابلۆی کۆپی کراوی پاتیش تەواو ببوو و هونەرمەندی بابلی دوای وەرگرتنی مووچەکەی، بە تابلۆ کۆپی کراوەکەوە گەڕایەوە بۆ بابل.

ئەو دەیزانی گەورەکانی بابل و بە تایبەتی (نەبۆنید) خوازیاری وێنەی جوانن، بۆیەدوای دانانی کەلوپەلەکانی، خۆی گەیاندە کۆشکی نەبۆنید تا وێنەی ئاناهیتا بخاتەبەر دیدەی پاشا و

ئەویش بە بینینی وێنەی ژن خوشکی کوروش بەڕادەیەك شەیدای بوو، فەرمانی کرد (پات) بێنن بۆ پێشگای ئەو. پات کە چاوەروان نەبوو پاشا لە دوای بنێرێت، ترسا. ئەو چاوەروان بوو کە ئەگەر پاشا تابلۆکەی بە دڵ بێت، نرخی تابلۆکەی لە رێگەی قاسەچی بۆ ڕەوان دەکات و ترسا ئەو بانگهێش کردنە لەو رووەوە بێت کە تابلۆکە بەدڵی نەبۆنید نەبوو بێت.

بەڵام بە گەیشتنی بۆ لای پاشا، پاشای تێی گەیاند دەیەوێت هەستی باشی خۆی بۆ بخاتەروو و لێی پرسی ئەو تابلۆیەی چوون وێنە کردووە. پات ڕاستی بۆ پاشای بابل باس کرد و وتی ئەو تابلۆیەی لەسەر تابلۆی سەرەکی وێنە کردووتەوە تا بتوانم ئەوەیان بە پاشای بابل بگەیێنم.

نەبۆنید وتی: ئایا تۆ پێش بینیت دەکرد، ئەو تابلۆیە دەبێتە جێگەی ڕەزامەندی من؟

پات وتی: نەخێر، بەڵام بەو هۆیەوە کە دەمزانی پاشای ئێمە هۆنەری خۆشدەوێت، ئەو وێنەیەم لەبەر گرتەوە تا بتوانم بیگەیێنم بە پاشای گەورەی خۆمان.

نەبۆنید پرسی: ئایا ئاناهیتا بەم ڕادەیە جوانە کە وێنەت کردووە، یا بۆ ڕەزامەندی ئەو یا من بەم شێوەیە جوانت کردووە.

پات وتی: لە ڕاستیدا من نەم توانیوە جوانی ڕاستەقینەی ئەو لەو وێنەیەدا بەدەر بخەم، چونکە زۆر شت هەیە نیگارکێشی هونەرمەند ناتوانێت وێنە بکات و لەوانەش شێوەی نیگاکەی، جوانی پێکەنینی و ڕەنگی روخساری. نیگارکێش هەرچەندە شارەزا و بەتوان بێت، ناتوانێت ڕەنگی روخساری ژنێك وەك خۆی وێنە بکات، چونکە ئەو ڕەنگانەی ئەو بەکاریان دێنێت ڕەنگی مردوون و ڕەنگی روخساری ژنێکی روخسار جوان ڕەنگی زیندوون. هەروەها ناتواندرێت چونێتی نیگای ئافرەتێکی دڵنشین بخرێتە وێنە، چونکە ئەویش بە هەمان شێوە زیندووە و ئەوەی نیگارکیش شتێکی مردووە.

نەبۆنید پرسی: کەواتە بە وتەی تۆ دەبێت ئاناهیتا جوانتر بێت لەو وێنەیە؟

نیگارکێش وتی: بەڵێ ئەی پاشای گەورە.

نەبۆنید پرسی: ئایا ئەو ئافرەتە هاوسەری هەیە؟

پات لە وەڵامدا وتی: ئەو خانمە کچە و هاوسەری نییە.

نەبۆنید وتی: ماڵی ئەو کچە جوانە لە کوێیە.

پات وتی: لە کوشکی پاشایەتی لە پازارگاد.

پاشای بابل ئەو وێنەیەی بە نرخی هەزار زێر لە نیگارکێش کریەوە و واتە ئەو پیاوەی کردە خاوەن سەرمایە و نێردراوێکی ناردە لای کوروش و داوای لە پاشای هەخامەنشی کرد کە خوشکی خێزانەکەی پێشکەش بەو بکات.

کوروش لە گەیشتنی ئەو پەیامە دووچاری سەرسوڕمان بوو و بیری کردەوە لەوانەیە پاشای بابل و خوشکی هاوسەرەکەی بە نهێنی بە یەکەوە پەیوەندیان هەبوو بێت و بۆیە داوای روونکردنەوەی لە ئاناهیتا کرد.

ئاناهیتا وتی: پێموایە ئەو بابەتە و وێنەکەی من کە لە لایەن نیگارکێشی بابلی وێنە کراوە پەیوەندیان بە یەکەوە هەبێت و ئەو دوای گەڕانەوەی سەبارەت بە من لە گەڵ پاشای بابل دوابێت و ناوی منی گەیاند بێتە نەبۆنید.

ئاساییە ئاناهیتا نەیزانی بێت، لەبەر گیراوەی وێنەکەی هەبێت و لە لایەن نیگارکێشەکەوە گەیشت بێتە لای نەبۆنید و تەنها وتەکانی نیگارکێش ئەوی هاندابێت بۆ ئەو کارە.

کوروش وتی: تو گەنجی و نەبۆنید بە تەمەن، تۆ مەزدا دەپەرستی و نابونید بت پەرستە، تۆ جوانی و نەبۆنید ناشیرین، بۆیە من ناتوانم ڕەزامەندی ئەو هاوسەرگیریە دەرببڕم.

ئاناهیتا وتی: من ئاگادار نەبووم نەبۆنید پاشای بابل خوازیاری من بێت، هەرچەندە بەرپرسیاریەتی من لە دەست ئێوەیە و منیش بەرفەرمانتانم، بەڵام لە دەروونەوە حەز ناکەم هاوسەری کەسێك بم کە بت پەرست بێت.

کوروش وتی: من نامەیەك بۆ نەبۆنید دەنێرم و بە شێوازێکی جوان ئەو تێدەگەیێنم کە ئەو داوایەی مانای نییە و پێویستە لێی پاشگەز ببێتەوە و هەر هەمان رۆژ نێردراوی کوروش بۆ رەتکردنەوەی داواکە، بەرەو بابل چوو.

نەبۆنید بە بیستنی وەڵامی کوروش، نامەیەکی تری ئاراستە کرد و وتی: ئەگەر ئاناهیتا پێشکەشم بکەن، ئامادەم پەنجا بەردی زێرتان پێشکەش بکەم.[1]

---

(١) (بەردی سەردەمی کوروش بە پێوەری ئەمڕۆ حەوت کیلۆ و نیو قورساییان بووە و ئەو بەردەی ئێستا لە موزەخانەی ئێرانی کۆن لە تاران هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی داریوش و ئەو داریوشە نییە کە دوای کەمبۆجییەی کور کوروش بووە بە پاشای هەخامەنشی و یەك لە میرەکانی هەخامەنشی بووە و لە بنەماڵەی کوروش نەبووە، واتە ئەو داریوشەمان مەبەست نییە کە دوای کەمبۆجییە هاتۆتە سەر دەسەڵات، ئەو پێوەرەکانی ئەوکاتی گۆڕی و قورسی بەردەکەشی گۆڕی. پەنجا بەردی زێر کە پاشای بابل ئامادەبوو لە پێناو ئاناهیتا بیدات، بەرانبەر بوو بە (٣٧٥)کیلۆ بە پێوەری ئەمڕۆ، بەڵام

پاشای بابل بەقەد قارۆنی پاشای لیدی دەوڵەمەند نەبوو، بەڵام گرنگی ئەو زیاتر بوو و بابلی پایتەختی وڵاتەکەی لە کەناری ڕووباری فورات ناوەندی دونیای کۆن بوو. سەبارەت بە بابل لە ڕابردوو زۆر شت نووسراوە و لە داهاتووش زۆرتر دەنووسرێت و ئەوانەی زانیاریان هەیە دەزانن بابل چ بووە، بەڵام ئێمە بە بۆنەی بابەتەکەوە دەبێت کەمێك باسی بکەین.

شاری بابل بە ڕادەیەك کۆنە کە نەزاندراوە کێ بناغەی داناوە و لە دووهەزار و پێنج سەد ساڵ پێش زایین، مێژووی نووسراوەی هەیە و دووهەزار ساڵ پێش کوروش ناوەندی گرنگی جیهان بوو و بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە، تەواوی ئەو کاروانانەی لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا یان پێچەوانەوە دەڕۆیشتن، دەبوایە بە بابلدا تێپەڕبن و لە سەردەمی کوروش لە بابل بنەماڵە هەبوون کە تەمەنی بنەماڵکەیان دەگەیشتە دووهەزار ساڵ و ئەندامانی ئەو بنەماڵانە ناوی باپیرانی خۆیان تا بیست سەدە پێشتر دەزانی.

دانیشتوانی بابل کۆمەڵە خوایەکیان دەپەرستی، بەڵام دوو لە خوایانیان گەورەتر بوون و یەکەمیان (مەردۆك) خوای نێرینە و دووەمیان (ئیشتار یا عشتار) خوای مێینە، بۆ هەریەکە لەو خودایانە کۆمەڵە پەرستگایان دروستکردبوو کە لە رووی پانتایی و شکۆوە لە نێوان پەرستگاکانی ئەمرۆش هاوتایان نییە.

درێژی و پانی ئەو پەرستگایەی سلێمان لە ئۆرشەلیم بینای کرد و لە لایەن بخت النصری پاشای ئاشوور و بابل وێران کرا، نیوەی درێژی و پانی پەرستگاکانی دوو خوا گەورەکەی ئەوان دەبوو و بە پێوەری ئێستا، درێژی پەرستگای سلێمان واتە (هەیکەل) نزیکەی پێنج سەد مەتر و پانییەکەی سێ سەد مەتر بووە. هەندێ کات لە پەرستگای عشتار هەزاران کچ خزمەتیان دەکرد و بە هۆی زۆری خزمەتکارەکان، ڕۆژانە ئێشکگری هەبوو و هەر ڕۆژە دەستەیەك لە کچان لە ئەوێ بەیەك دەگەیشتن و خزمەتی زیارەتکارانیان دەکرد.

---

لە ڕاستیدا زۆر بە نرختر بوو لە ئێستا. ماریژان مۆڵە دەڵێت نرخی زێر سی بەرانبەری نرخی ئێستای بوو و ریچارد فرای مامۆستای مێژووی ئێران لە زانکۆی هارڤاردی ئەمریکی پێیوایە کە پانزدە بەرانبەر بووە و هەریەکەشیان بۆ ڕای خۆیان چەند بەڵگەیەکیان هەیە، زەبیحوڵڵا.)

یەك لە دەسەلاَتدارانی بابل کە هاوکات فەیلەسوفیش بووە، یاسایەکی بۆ ئەوان نووسیبۆوە کە ماوەی دوو هەزار ساڵ کاری پێکرا و تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بەسەردا نەهێنا.[٢]

زۆر جار بابل هێرشی کرایە سەر و زۆر جار وێران کرا، بەلاَم هەرگیز گرنگی خۆی لەدەست نەدا و هەر بە ناوەندی جیهان هەژمار دەکرا. بابل ناوەندی ئەستێرەناسی، جادووگەری، نیگارکێشی، پەیکەرتاشی و ڕستنی قوماشە ناسك و جوانە پشمینەکان بوو و ئەو قوماشە پشمینانەی کە لە بابل دەست دەکەوت، وەك قوماشە ئاوریشمەکانی ئێستا نەرم و ناسك بوون و لە سەردەمی دەسەلاَتداری نەبۆنید چل و پێنج هەزار و بە گووتەیەکی تر حەفتا و پێنج هەزار جوولەکە لە کێڵگە و دوولاَبەکانی بابل بۆ گەورە و دەسەلاَتدارەکانی ئەوێ کاریان دەکرد و ئەوان لەوانە بوون کە بخت النصر لە ئۆرشەلیمەوە بۆ ئەوێی گواستبوونەوە.

پاشای بابل نەبۆنید چوار هەزار ژنی هەبوو کە لە دەکۆشك دەژیان و هەر کۆشکێك چوارسەد ژنی لێ بوو و پاشای بابل هەر شەوە دەچوو بۆ یەك لە کۆشکەکان و بە گەیشتنی بۆ ناو کۆشك، ژنەکان لە چەند ریزێکدا ریز دەبوون و دوای ئەوەی پاشا بە ناویاندا دەسوڕایەوە و دووانی هەڵدەبژاردن، یەك بۆ سەرەتای شەو و ئەوەی تریش بۆ کۆتایی شەو.

سلێمان کە چوارسەد ساڵ بەر لە نەبۆنید دەژیا و پەرستگای ئۆرشەلیمی بینا کردبوو،[٣] دەڵێت:

(سێ کەس لە سێ شت تێر نابن، یەکەم زانا لە زانست و هەتا زیاتر فێر ببێت، هەر زانیاری زیاتری دەوێت. دووەم چاوچنۆك بۆ ماڵی دونیا کە هەتا زۆرتری هەبێت زیاتر لە کۆکردنەوەی ماڵ دەگەڕێت و سێیەم ئەو کەسەی زۆر ئاواتی ژنە و پیاوی زۆر ژن، تا زیاتر ژنی هەبێت زیاتر بەدوایانەوە دەبێت.)

بەشی سێیەمی وتەی ناوبراو سەبارەت بە نەبۆنید ڕاست بوو، ئەو لەکاتێکدا کە چوار هەزار ژنی هەبوو و روخساری نەدەناسینەوە، هێشتا ژن خوشکی کوروشی دەویست.

---

(٢) دەقی تەواوی یاسای هەمۆرابی لە ساڵی ١٩٠٥ زایینی لە ناوچەی شوشی ئێران بەر دەست کەوت و ئێستا لە موزەخانەی لۆڤەر لە پاریسە. زەبیحوڵلا)

(٣) (یەهودییەکان لە ئۆرشەلیم دوو پەرستگایان هەبوو، یەکەمیان پەرەستگای سلێمان کە بخت النصر وێرانی کرد و دووەم ئەو پەرەستگایەی بە یارمەتی و پشتیوانی کوروش بینا کرا و لە لایەن رۆمەکان وێران کرا و لەوکاتەوە تا ئێستا یەهودییەکان ئەوەی پێیان دەووت پەرەستگای هەیکەل و پەرەستگای ناوەندی یەهودییەکان بوو، نەیان ماوە. زەبیحوڵلا)

بەشی سەرەکی شاری بابل لە کەناری رۆژهەلآت واتە لای چەپی رووباری فورات بوو و ئەو بەشە لە سەردەمی نەبۆنید دوو شورەی هەبوو و ئەگەر دوژمن توانیبایە یەك لە شورەکان بگرێت، دەگەیشتە شورەی دووەم.

بەشەکەی تری شار کە دەکەوتە کەناری رۆژئاوا واتە لای ڕاستی فورات، بە دەوروبەری شار هەژمار دەکران و شورەی نەبوو و لە کاتی جەنگدا دانیشتوانی ئەوێ دەگوێزرانەوە بۆ ناوشار و یا لە ئەوێ دەمانەوە. بۆیە کاتێك کوروش ویستی شارەکە بگرێت، بە پێچەوانەی وتەی هیرۆدۆتی یۆنانی ناچار نەبوو کە ڕێرەوی ئاوی فوڕات بگۆڕێت، چونکە ئەگەر ئەوەشی کردبوایە گرفتی سەرکەوتن بەسەر شورەکانی دەبوو.

ئێمە کاتێك باس لە جەنگی بابل دەکەین، باس لە هەڵەی هیرۆدۆت دەکەین، ئەو هەڵەیەی کە هاتە ناو مێژوو و تا ئێستاش هەر مامۆستایەکی مێژوو کە باسی ئەو جەنگە بکات، دەڵێت پاشا ڕێرەوی ئاوی گۆڕی و بە ڕێرەوە وشکەکەیدا پەڕییەوە، بیرنەکاتەوە کە پاسەوانانی شار لە سەر شورەکانەوە دەیانتوانی کەنارەکانی رووبارەکە تا مەودایەکی باش ببینن و ئاسان نەبوو ئەوکارە بۆ کوروش سەر بگرێت و بۆ ماوەیەکی کەم ڕێرەوی ئاوەکە بگۆڕێت.

تەنانەت لە دونیای ئێستاش کە دەیان ئامێر بەکاردێت بۆ گۆڕینی ڕێرەوی رووبارەکان و دروستکردنی ئاو بەند لەسەریان، لەو شوێنەی ئێستای فورات دوو ساڵ کاری پێویستە و لە کاتی کوروش و بە دەستی کرێکاران و بە هەڵکەندن بێڵ و گواستنەوەی بە دەست، دەبێت چەندی ویستبێت. درێژایی شورەی بابل بە وتەی مێژوونووسانی یۆنای کۆن چوارسەد (استاد) بووە کە هەر استادێك بەرانبەر (٢٠٠ م) بووە و بۆیە بە وتەی یۆنانییەکان ئەو شورەیە نزیکەی هەشتا کیلۆمەتر بووە.

چوار دەوری شارە گەورەکانی ئێستای جیهان زیاترە لە هەشتا کیلۆمەتر، بەڵام سەبارەت بە بابل کە ئەوکات نزیکەی یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دانیشتوانی بووە، لە گەڵ ئەوەشدا دەبێت کۆشکەکان و باغەکانیش لە بەر چاو بگرین و بەم پێوەرە ئەو درێژییە کەمێك زۆرە.

لە بابل شەقامێکی گەورە هەبوو کە لە دەروازەی رۆژهەلاتەوە دەستی پێدەکرد و دوای تێپەڕبوونی بە لای پەرستگای مەردۆکدا، بەردەوام دەبوو تا دەگەیشتە دەروازەی رۆژئاوا و پانی ئەو شەقامە بە پێوەری ئێستا نزیکەی پەنجا مەتر بووە و بەدرێژایی ئەو شەقامە تا کۆتایی، لە هەر دوو

لاوە پەیکەری جوان دانرا بوون و شەقامێکی ئاوا جوان و پان تا ئەوکات، لە هیچ شارێکی جیهان نەبوو و ئەو رۆژەی کوروش گەیشتە ئەو شارە لەو شەقامەوە چۆوە ناو شار.

ناکرێت کە شاری بابل، بە ئەوەندە نووسینە بناسێنین و تەنها دەگەڕێینەوە بۆ لای کوروش، دوای هاتنی پێشنیاری نەبۆنید بۆ بەخشینی پەنجا بەردی زێر دەرکەوت کە کوروش دووبارە پێشنیارەکەی رەد کردەوە و بۆیە نەبۆنید ویستی لە رێگەی بەکارهێنانی هێز ببێتە خاوەنی ئاناهیتا و خۆی ئامادەکرد بۆ لەشکر کێشی بۆ سەر ئێران. نەبۆنید و گەورەکانی بابل، ئەوەندە سەرگەرمی رابواردن و خۆشی بوون کە ئاگاداری گۆڕانکاریەکانی دەرەوە و جیهان نەبوون و نەیاندەزانی کە چ گۆڕانێکی سەربازی و سیاسی روویداوە.

لەشکر کێشی نەبۆنید بۆ سەر ئێران گەورەترین هەڵە بوو و تەنانەت لە هەڵەی لەشکرکێشی هیتلەر بۆ سەر رووسیا لە سەدەی رابردوو گەورەتر بوو، ئەو دەکەوتە بەربەرەکانی کەسێك کە تەواوی ئاسیای بچووکی لەبەر دەست بوو و خاوەنی بەهێزترین لەشکری جیهان بوو، لەشکری کوروش دووسەد هەزار کەس بوو و لە کاتی جەنگدا ژمارەکەی زیادی دەکرد. لە لایەکی تر نەبۆنید لەو جەنگەدا تەنها بوو و کەس یارمەتی نەدەدا، لە هەمانکات کوروش دەیتوانی لە وڵاتانی ئاسیای بچووك یارمەتی وەربگرێت.

ئەوکات جگە لە وڵاتی ئێسپارت لە یۆنانی کۆن، هیچ وڵاتێك لەشکری بەردەوامی نەبوو و تەنها وڵاتی ئەسینا هێزی دەریایی هەبوو. وڵاتانی ئەو کات لەبەر ئەوەی لە توانایان نەبوو خەرجی و مووچەی لەشکرەکانیان بدەن، لەکاتی جەنگدا بە خێرایی لەشکریان ساز دەکرد و دوای جەنگ سەربازەکانیان مۆڵەت دەدان.

سەبارەت بە هیچ پاشایەکی بابل، تەنانەت بخت النصریش ئەوەندەی نەبۆنید دوایین پاشای ئەوی وڵاتە بەڵگەنامەمان نییە، بە شێوەیەك کە دەزانین ئەو بەڵگە نامانەی کە لە خاك دۆزراونەتەوە رێك و بە دوای یەکدا نین و هەندێکات لە بارەی سەردەمی دەسەڵاتداری یەك پاشا لەوانەیە هەزار بەڵگەنامە هەبێت و لە بارەی پێنج پاشای تری بەدوا یەکدا، هیچمان دەست نەکەوتبێت و سەبارەت بە نەبۆنید دووهەزار بەڵگەمان هەیە کە لە ژێر خاك لە سەدەی بیستەمدا هێندراونەتە دەرەوە.

لە ڕێگەی ئەو بەڵگەنامانە دەزانین کە نەبۆنید پاشای خۆشگوزەرانی ئەو وڵاتە چەند ژن و چەند ئەسپی هەبووە، چ خواردنێکی پێ خۆش بووە و کاروباری ڕۆژانەی چوون بەرێ کردووە و باوەڕی بە چ هەبووە و چی چاکی بۆ بابل لە سەردەمی دەسەڵاتداری ئەنجام داوە.

یەك لە کارە باشەکانی دروستکردنی ئەسکەلەی کەشتییەکان بووە لە سەر ڕووباری فورات کە درێژایی یەك فرسەنگ بووە و کەشتییەکان لە ڕێگەیەوە توانیویانە ئاسانتر بارەکانیان دابگرن. نەبۆنید سەرباری ئەوەی زۆر بە دوای خۆشگوزەرانییەوە بووە، بەڵام زۆر باوەڕی ئایینی بە خواکانی خۆیان بووە و هەروەها باوەڕی زۆری ئەستێرەناسی بە مانای ئەوکات و خورافاتەکانی ئەو بابەتە بووە.

ئەستێرەناسی بە مانای دۆزینەوەی چارەنووسی تاکەکان لە بابلی ئەوکاتەوە سەریهەڵدا و نەتەوەکانی تر لە ئەوانیان وەرگرت. دیاریکردنی ڕۆژانی بەختی باش و خەراپ هەر لە ئەوانەوە بوو و تا ئێستاش هەندێ خەڵك باوەڕیان بەوە هەیە کە هەندێ لە ڕۆژەکان بۆ بەخت باشن و هەندێکیان بەختی خەراپدێنن.

ئەو بیروڕایانە لە بابلەوە پەرەیان گرت و نەبۆنید بە توندی پابەندی ڕۆژانی بەختی باش و خەراپ بوو و بەردەوام دەستەیەك ئەستێرەناس لە دەربارەکەی هەبوون و ڕۆژانی بەختیان بۆ دیاری دەکرد و ڕۆژێکیان بە ڕۆژی بەختی باش بۆ هێرش بردنە سەر ئێران بۆ دیاریکرد، دەزاندرێت بە پێچەوانەوە لەو ڕۆژە نەبۆنید بە دەستی خۆی بناغەی ماڵوێرانی خۆی و رووخانی دەسەڵاتداری دوو هەزار ساڵەی بابلی دانا.

نامانەوێت بە ناوهێنانی هەندێ شوێنی جوگرافی نەناسراو خوێنەر ماندوو بکەین و مێژوونووسە کۆنەکان کاتێك باسی بابل دەکەن، بۆ ئەوەی لە خوێنەر بگەیێنن پانتایی ئەو وڵات چەند بووە، ئەوکارە دەکەن.

هەروەها باسی ساڵ بە ساڵی ژیانی نەبۆنید ناکەین تا نەبینە هۆی ماندووبوون و ئەوەندە نەبێت کە ئەو لە ژیانیدا جەنگیشی کردوون و وڵاتانێکیشی هێنابۆوە ژێر فەرمانی خۆی و کاتی لەشکر کێشی بۆ ئێران، وڵاتەکەی لە لایەك گەیشتبۆوە لێوارەکانی دەریای مەدیتەرانە و لایەکی تری لە خەلیجی فارس و لایەکیشی لە باکووری سعودیا بووە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی فەرمی جەنگی ئێران و بابل، دەبینین باسی هۆکارە سیاسی و ئابوورییەکان کراوە و مێژوونووسان بەردەوام بەدوای ئەو هۆکارانەدا گەڕاون، چونکە بیرۆکە

تازەکان دەڵێن کە جەنگ بەرپا نابێت، تەنها بە هۆی ئابووری و سیاسی نەبێت. ئەم بیرۆکەیە بۆ ئێستا دروستە، چونکە جەنگەکان ئەوەندە بێزار و ماندووکەرن کە تەنها بۆ دەستکەوتی زۆر گرنگی سیاسی و ئابووری روودەدەن.

لە ئێستادا کاتێك جەنگ دروست دەبێت، نەتەوەکان بە تەواوی توانایان لە بواری پیشەسازی و ئابوورییەوە دەچنە ناوجەنگ و جەنگی ئاواش ئەوەندە بکوژە کە ناکرێت لەسەر جوانی یار دروست ببێت و بەڵام لە ڕابردوو ئاوا نەبووە و پاشاکان بە تەواوی هێزیانەوە جەنگیان دەکرد و نەتەوەکان زۆرجار زانیاری تەواویان لەسەر جەنگەکانی پاشاکانیان نەدەبوو، ئەو دۆخە تا کاتی ناپلیۆنیش بەردەوامبوو و ناپلیۆن سوپایەکی پێنج سەد هەزار کەسی بردە رووسیا و لە ئەوێ لە ناوی بردن و لە پاریسی پایتەختیش ژیان وەك خۆی بوو و تەنانەت نرخی نان و گۆشتیش گران نەببوو و خەڵك نەیانزانیبوو لەشکری ناپلیۆن لە رۆسیا لەناو چووە.

دەتوانین (١٠ تا ٣٠) نموونە لە سەر جەنگەکانی پێش سەدەی حەڤدەهەم و هەژدەهەم بێنینەوە کە بە هۆی هۆکاری ئابووری و سیاسی نەبوونە و تەنها لەسەر ئارەزووی تاکەکان روویانداوە. لوویی چواردەهەم پاشای فەرەنسا تەنها لەسەر وێنەیەك کە لە سەر مدالیایەك هەڵکەندرابوو و بە رووشاندن بەرانبەر بە خۆی هەژمار دەکرد، هێرشی کردە سەر هولندا و ئەو وڵاتەی خستە سەر دەسەڵاتی خۆی.

جەنگی بەناو بانگی تەروادا کە شاعیری نابینای یۆنانی (ئیلیاد)کردوویەتییە شیعر، دەساڵی خایاند و لەسەر یەك ئافرەت بوو. هەروەها جەنگی تیمووری لەنگ لەگەڵ دوایین پاشای زنجیرەی (ئالی موزەفەر) لە ئێران، کە بۆوە هۆکاری لەناو چوونی ئەو پاشایەتییە، تەنها یەك وشەی ناشیرین بوو.

دەیان کێشەی ئابووری و سیاسی لە نێوان ئێران و بابل هەبوون کە هەریەکەیان دەیتوانی هۆکاری جەنگێکی وێرانکار بێت، بەڵام ئەوەی بوو بە هۆکاری ئەوەی نەبۆنید بە دەستی خۆی پاشایەتی دووهەزار و پێنج سەد ساڵەی خۆی لەناو ببات، تەنها ئەڤینی ژنێك بوو.

نەبۆنیدی ئەڤیندار بە زمانی بابلی شیعری وتووە و یەك لە شیعرەکانی دەست کەوتووە کە ئەوەی خوارەوە ناوەرۆکەکەیەتی:

(ئەوکات دانیشتوانی جیهان زیاتر لە زمانێکیان نەبوو و زیاتر لە وڵاتێکیان نەبوو و زیاتر لە دڵێکیان نەبوو و یەکێك وتی بڕۆین و خشتە سوورکەینەوە و خانوو دروست بکەین و لەبەر ئەوەی هەموویان یەك دڵ بوون، بە قسەیان کرد و شاری بابلیان دروستکرد.)

فەرماندەیی لەشکری بابل بۆ جەنگی ئێران لە ئەستۆی (بل جەنگ — اوت سور) کوری پاشای بابل بوو و ئەو دەیزانی کە بۆچی دەجەنگێت. بەر لەوەی لەشکرەکە بکەوێتەرێ، نەبۆنید بە کورەکەی وت: بڕۆ پازارگاد و ئاناهیتا بۆ من بنێرە و کوروش بگرە و لە عارەبانەکەتی بخە و بیهێنە بۆ ئێرە.

کوری نەبۆنید لە مانگی نیسانی بابلی واتە سەرەتای بەهار بە لەشکرێکی سەد هەزار نەفەری بەرەو ئێران کەوتەرێ و رێگەیەکی هەڵبژارد کە ئێستا بە قەسر شیرین و کرمانشاە ناسراوە. ئەوکات هەر سوپایەك لە بابلەوە ویستبایەی بە رێگایەکی نزیك ئێران داگیر بکات دەبوایە بەو رێگەیەدا بچێتە ناو ئێران، رێگەی تر هەبوون کە پێیاندا بچنە ئێران، بەڵام کەوتبوونە باکوور یان باشوور و ئەو لەشکرەی بە ئەو رێگەیانەدا بڕوات دەبوایە رێگەی دوور ببڕێت.

پاشای کرمانشاە بە ناوی (کی پار) بەرفەرمان و باج بەخش بوو بەرانبەر بە کوروشی پاشای ئێران رێی لە سوپای بابل گرت، ئەوکات ئێران هێشتا لە کۆمەڵە دەوڵەتی خێلایەتی و ناوچەیی پێکهاتبوو و پشتاو پشت پاشا دەبوون، بەڵام بەرفەرمانی پاشای ئێران دەبوون و ئەو نەریتە تا سەردەمی پاشایەتی داریوشی گەورە واتە سێیەم پاشای هەخامەنشی مایەوە و ئەو دەسەڵاتدارە ناوچەییەکانی لادا و لە جیاتی ئەوان (خەشتەرە — پاوەن) یا بە سیستەمی ئێستا (پارێزگاری) بۆ شوینەکان دانا و یۆنانییەکان پارێزگارەکانی ئێرانیان بە ساتراب ناو دەبرد.

پاشای کرمانشاە کی پار لە لوتکەیەك کە ئێستا ناوی پاتاقە، پێشی بە سوپای بابل گرت و ئەو لوتکەیە لە قۆناغە جیاکانی مێژوو مەیدانی زۆر جەنگ بووە، چونکە لە رووی جوگرافیەوە زۆر ستراتیژییە بۆ بەرگری و رێگەگرتن لە سوپاکان. کاتی گەیشتنی لەشکری بابل بۆ ئەو شوێنە، کوروشی پاشای ئێران بۆ بەسەر بردنی جەژنی نەورۆز لە پازارگادەوە هاتبۆوە هەمەدان و بە (گاردی جاوید) واتە گاردی خۆی لە ئەوێ دەژیا.

گاردی جاوید بریتی بوو لە سەربازانی تایبەتی کوروش و ژمارەیان دەهەزار کەس بوو، هەرگیز لەو ژمارەیە زیادی نەکرد و لە هەڵبژاردەترین سەربازانی لەشکری بەردەوامی ئێران

بوون و دەیانتوانی هەم پیادە و هەم لەسەر پشتی ئەسپ و هەم لەسەر عارەبانە جەنگ بکەن و ئەو کاتەی کە لە هەمەدان بوون ئەسپیان پێ بوو.

بە گەیشتنی هەواڵ لە لایەن پاشای کرمانشاە، کوروش فەرمانیدا کە لە فارسەوە لەشکر بنێرن و خۆشی بە دەهەزار کەسەکەیەوە کەوتەرێ بەرەو کرمانشاە و بە کی پاری وت کە بەردەوام بە لە جەنگ لە دژی لەشکری بابل، تا ئەو بتوانێت بە دەوری لوتکەی پاتاقدا بسورێتەوە و لە پشتەوە لە لەشکری دوژمن بدات و هاوکات کی پار لە پێشەوە هێرش بکات.

کوروش بۆ سورانەوەی بە دەوری ئەو لوتکەیەدا رێگەیەکی درێژی گرتەبەر، بەڵام لەبەر ئەوەی هەموویان سوارە بوون توانیان بە زوویی رێگەکە ببڕن، کوروش لە پشتی لەشکری بابلییەکانەوە دەرپەڕی و نەیهێشت ئەوان لە سەرسوڕمان دەربچن، هێرشی کردنە سەر و لە هەمانکاتدا کی پار لە پێشەوە هێرشی هێنا و لەشکری سەد هەزار کەسی بابل کەوتە نێوان دوو شمشێر.

هێرشی سوارەکانی گاردی جاوید و سەربازانی پاشای کرمانشاە، لەشکری بابلی لێکترازاند و سەربازەکانی بڵاو بوون و هەندێکیان کوژران، هەندێکیان و لە ناویشیان کوری پاشای بابل هەڵاتن و ئەوەی نەیتوانی هەڵێت بە هۆی نەمانی سەرکردە، بە ناچاری خۆیان بە دەستەوەدا و جەنگەکە لە یەك رۆژدا کۆتایی هات. کوروش ئەسیرەکانی ناردە هەمەدان و چونکە دەیزانی نابێت کات بە فیرۆ بدات، بڕیاریدا بێ وەستان هێرش بکاتە سەر بابل و رێگە نەدات نەبۆنید دوای ئەو شکستە لەشکر بۆ خۆی کۆبکاتەوە.

کوروش دەیزانی بابل بە شورەی بەهێز دەورە دراوە و پاشای بابلیش دەتوانێت لە وڵاتە بەرفراوانەکەیدا لەشکری زۆر کۆبکاتەوە و تێگەیشت کە نابێت رێگەی بدات بۆ کۆکردنەوەی لەشکر و بەم شێوەیە و بۆ ئەو کارەش سەرەتا دەبێت تەواوی وڵاتەکە بگرێت و دواتر بابل بگرێت، یاخود لەشکرەکەی خۆی بکاتە دوو بەش و بەشێکیان شوێنە جیاکانی وڵاتەکە بگرێت و بەشەکەی تریش پایتەخت بگرێت.

لای خەڵکی ئێستا لەشکر کێشی کوروش بۆ بابل بابەتێکی ئاسایی دێتە بەرچاو، بەڵام لە بیست و پێنج سەدە پێش ئێستا وەك هێرش کردنە سەر مەریخ بوو بۆ ئێستا و ئەنجامدانی ئەستەم بوو. باسی درێژایی شورەی بابلمان کرد کە هەشتا کیلۆمەتر بوو، دووسەد و پەنجا بورجی هەبوو کە لە هەموویانەوە ئاگر فرێدەدرا و مێژوونووسە کۆنەکانی یۆنان، رۆم، سوریا و

لیدی هەموویان ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە کە لە بورجەکانەوە ئاگر دەهاویشترا و پانی شوورەکانیش ئەوەندە بووە کە دەتواندرا چوار عارەبانە بەیەکەوە پێیدا بڕۆن.

لە بەشێکی ئەو شارە هەندێ باغ هەبوون کە لە لایەن سەمیرامیس شاژنی بابل و ئاشوور دروستکرا بوون و بە گووتەیەك خۆڵی پێویست بۆ ئەو باغانەی لە باغی بەهەشت هێناوە، چونکە خۆڵی بابل بۆ ئەو باغانە نەدەشیا. باغی بەهەشت ناوچەیەك بوو لە هەرێمی خوزستانی ئێستای ئێران و سەمیرامیس ماوەی دەساڵ خەریکی هێنانی خۆڵ بوو لەو ناوچەیەوە و لەوماوەیەدا توانی گردێکی گەورە لە بابل دروست بکات، لە سەر ئەو گردە حەوت باغی بەسەر یەکەوەی سازکرد و بۆری بۆ تەواوی باغەکان ڕاکێشا و بە هۆی تورومپا بە ئاوی فوڕات هەموویانی ئاودەدا. ١

لەو رۆژەوە کە پەرستگای خوای گەورەی بابل ناسراو بە (مەردۆك) دروستکرا کە درێژایی هەزار مەتر بوو و سەدان گونبەدی گەورە و بچووکی لەسەر بوو، تەواوی ئەوانەی دەهاتنە ئەو شارە بەرانبەر بە گەورەیی و جوانی ئەو پەرستگایە سەریان دادەنواند و تەنانەت پاشای گەورەی ئێران، کوروش دوای ئەوەی شارەکەی داگیرکرد.(٤) بەرانبەر بە پەرستگاکەی ئەوان سەری دانەواند و بۆ ئەوەی ناوی پایەدار بێت، لەو پەرستگایەدا تاجی لەسەرنا.

خوای گەورەی بابلییەکان (مەردۆك) هەزار ناوی هەبوو، بە باوەڕی ئەوان ئەو (لیلی) واتە مرۆڤی سەرەتایی خولڤاندووە و ئاوی هێنایە سەر زەوی و گیای رواند، ئەستێرەکانی خستە ئاسمان و یاساکانی بەرێوەبردنی جیهان بۆ تاهەتایە دیاریکرد. مەردۆك لە پەرستگاکەیدا هەزاران خزمەتکاری هەبوو بۆ بەرێوەبردنی کارەکانی، هەندێکیان خۆراکیان ئامادەدەکرد و هەندێك مۆیەکانیان بۆ ئارایش دەدا (واتە کاتێك سەری یەکێکیان لە ناو پەرستگاکەدا ئارایش دەدا وەك ئەوە بوو کە موی مەردۆك ئارایش بدەن). مەردۆك لە ناو پەرستگاکەدا نانەواخانە و مێوە فرۆشی و گۆشت فرۆشی و پێڵاوفرۆشی هەبوو.

لە ناو پەرستگاکە بیست هۆڵ هەبوو کە هەریەکەیان سەربانی تایبەت بە خۆی هەبوو و ناویشیان بریتی بوون لە: (هۆڵی وەحی، هۆڵی چارەنووس و هۆڵی نیاز و ... هتد). هەرچەندە بابل دانیشتوانی زۆر بوو بەڵام خاوێن بوو و هۆیەکەشی هەبوونی ئاوەرۆ و زێراب بوو کە

---

(٤) (سەمیرامیس ماوەی ٤٢ ساڵ دەسەڵاتداری ئاشوور و بابل بوو و باغەکانی بە یەکێك لە حەوت سەر سورهێنەرەکانی جیهان هەژمار کراون.)

دەڕژانە ناو زێی فوڕات. لە ناو هەردوو پەرستگای (مەردۆك و عشتار) لولەکێشی کرابوو و ڕۆژانە دووجار ئەو پەرستگایانەیان دەشوشت و کە دەچووی بۆ ناو پەرستگاکان وادەزاندرا کە تازە بونیادنراون.

بورجی بابل نەدەکەوتە ناوشار و دوازدە کیلۆمەتر لە شارەکە دوور بوو و لە حەوت نهۆم پێکهاتبوو، کە هەریەکەیان ڕەنگی تایبەت بە خۆی هەبوو کە لە نهۆمی خوارەوە بۆ سەرەوە بەم شێوەیە بوو:

(نهۆمی یەکەم: ڕەنگی ڕەش لە چەشنی هەسارەی زوحەڵ (بە بڕوای ئەستێرە ناسەکانی بابل).

نهۆمی دووەم: رەنگی سپی لە چەشنی هەسارەی زوهرە.

نهۆمی سێیەم: ڕەنگی ئەرخەوانی لە چەشنی موشتەری.

نهۆمی چوارەم: ڕەنگی شین لە چەشنی عوتارود.

نهۆمی پێنجەم: ڕەنگی سوور لە چەشنی مەریخ.

نهۆمی شەشەم: ڕەنگی سپی درەوشاوە لە چەشنی مانگ.

نهۆمی حەوتەم: ڕەنگی زێڕین لە چەشنی هەتاو.)

هێرۆدۆت دەڵێت: حەوت شورەی شاری هەمەدانیش کە لەناو یەکدا دروستکراون، بە هەمان ئەو ڕەنگانەی سەرەوەن.

ئەمرۆکە کەتیبەکانی بابلی لە ناوچەیەکی بەرفراوانی میزۆپۆتامیا لە ژێر خاك دەهێندرێنە دەرەوە. لە سەرەتادا رۆژهەڵاتناسان سەریان سورمابو کە بۆ کەتیبەکانی بابلی لە هەموو شوێنێك دەست دەکەون، لە کاتێکدا کە بابل تەنها لە کەناری زێی فوڕات بووە. دواتر بۆیان دەرکەوت کە وێرانەکانی ئەو شارە بە درێژایی دوو هەزار ساڵ وەك کان بوونە بۆ بینا کردنی خانوو و هەرکەسێك کە پێویستی بە خشت و بەرد بووبێت، لە وێرانەکانی ئەو شارەی سوود وەرگرتووە.

شاری (تیسفوون) کە عەرەبەکان بە (مەدائن) ناوی دەبەن و ماوەیەك لە سەردەمی پاشاکانی (ئەشکانی) و بە درێژایی پاشایەتی ساسانییەکان پایتەختی ئێران بوو، دووچاری هەمان چارەنووس بوو و داروخاوەکانی وەك کان بۆ شار و خانووەکانی تری دانیشتوانی میزۆپۆتامیا بەکارهات و بە بۆیە ئێستاکە لە شوێنی ئەو شارە و شاری بابل نە خشتێك و نە بەردێك لە پاشماوەکانی دەست ناکەوێت.

شاری نینەوا کە بە دەستی پاشای ماد وێران کرا هەمان چارەنووسی هەبوو و تەنانەت دوو هەزار ساڵ پێش کاتێك مێژوونووسی رۆمی دەیەوێت شوێنی شارەکە بدۆزێتەوە، هیچ شتێك لە پاشماوەکانی بەردەست ناکەوێت، بەڵام ئەمرۆکە شوێنی ئەو شارە دۆزراوەتەوە.

دوای ئەوەی کوروش لە ناوچە شاخاویەکانی ئێران دەرچوو و گەیشتە دەشتە تەختەکانی میزۆپۆتامیا، لەشکری خۆی کردە سێ بەش و خۆی فەرماندەیی بەشی ناوەڕاستی گرتە ئەستۆ. سەربازەکانی کوروش بێ ئەوەی رووبەرووی بەرەنگار بوونەوەی توند ببنەوە، باکوور و باشووری میزۆپۆتامیایان داگیرکرد و کوروشیش بەرەو شاری بابل رۆیشت کە لە کەناری فۆڕات بوو.

نەبۆنید پاشای بابل کە لە دەرەوەی پایتەخت بوو بە پەلە خۆی گەیاندەوە ناو شار، تا پێداویستییەکانی بەرگری سازبکات و بە گەیشتنی بۆی دەرکەوت کە لە باکوور و باشوورەوە دەوره دراوە و کوروش ئەو شوێنانەی داگیرکردووە. لە ناو شاردا دوو دەستە بوونە (رەتڵی پێنجەم)، کە بریتی بوون لە کاهینەکانی پەرستگا و یەهودییەکان.

ماوەیەك بوو نەبۆنید دەستوەردانی دەکرد لە کاروباری پەرستگا بۆ بەدەست هێنانی دەستکەوتەکانی ئەو پەرستگایە و کاهینەکانی ئەوێش کە پێیانوابوو ئەوان پارێراون، پێیانوابوو کە نابێت ئەو دەستوەربداتە کارەکانیان و بۆیە بە بیستنی نزیك بوونەوەی لەشکرێکی بێگانە لەو شارە، کەوتنە خۆیان بۆ دەست تێکەڵ کردن لە گەڵ ئەو لەشکرە و مەرجیان پارێزراو بوونی هەبوون و دەسکەوتەکانیان بوو.

یەهودییەکان کە بە هۆی بخت النصر هێندرابوونە بابل، دەیانتوانی بە کارە ئاییینییەکانیان هەڵبستن و ئاوازە ئاییینییەکانیان بخوێنن و عوود لێ بدەن. ئەوان بە بیستنی نزیك بوونەوەی لەشکرێك لە رۆژهەڵاتەوە بۆ بابل شاگەشکە بوون، چونکە ماوەیەك پێشتر لە زوبانی (زۆرۆبێڵ) کە دوایین سەرپەرەشتیاری پەرستگای یەهودییەکان بوو بیست بوویان کە لە لایەن پاشای ئێرانەوە رزگاریان دەبێت.

پێشتر باسمان کرد (زۆرۆبێڵ) سەرپەرەشتیاری یەهودییەکان گەیشتە کوروش و زۆر پێشبینی بۆ کوروش کرد و لەوانەش پێیوت کە بابل دەکەوێتە دەستی و بە بۆنەی موژدەکەشییەوە لە کوروشی ویست کە یەهودییەکان لە دوای گرتنی بابل ئازاد بکات.

کوروش ئەو بەڵێنەی بە زۆرۆبێڵدا و ئەو گفتوگۆیەی دوایین سەرپەرەشتیاری یەهودییەکان لەگەڵ پاشای ئێران لە ناوچەیەك کە ئێستا بەشێکە لە خاکی تورکیا، گەیشتە بەرگوێی یەهودییەکان لە بابل. زۆرۆبێل کە تەمەنی زۆر بوو، کۆچی دوایی کرد. بەڵام یەهودییەکان وتەکانی ئەویان لە بیر نەکرد و بە تایبەتی ئەو وتانەی کە دوو پەیامبەریان بە ناوەکانی (ئەشعیا) و (ییرمیا) بەر لە ئەو پێشبینیان کرد بوو کە یەهودییەکان لە بابل رزگاریان دەبێت و دەگەڕێنەوە بۆ ئۆرشەلیم و (ئەشعیای دووەم) پێشبینی کردبوو کە دەوڵەتێکی جیهانی دروست دەبێت و هەموو دونیا دەکەوێتە ژێر ئیرادەی یەك دەوڵەت.

مێژوونووسی ئەمریکی (وێل دیوڕانت) لە پەرتووکی (مێژووی شارستانییەت) دەڵێت: (بە هۆی ئەوەی ئەشعیای دووەم لە سەردەمی کوروشدا دەژیا و دەیتبووی کە کوروش زۆر وەڵاتی گەورەی خستۆتە سەر سنووری دەسەڵاتی خۆی، بیری کردەوە کە رۆژێك دێت کە پاشای ئێران دەبێتە پاشای هەموو جیهان و لە جیهانیش جگە لە دەوڵەتێك نامێنێت.)

لە کاتی گەمارۆدانی بابل باس لە دەوری یەهودی و کاهینەکانی پەرستگا دەکەین و لێرە چیرۆکێك لە هیرۆدۆت دەخەینە بەر دیدەی خوێنەر کە دەڵێت: کوروش کاتێك بەرەو بابل دەرۆیشت، گەیشتە یەك لە لقەکانی ئەو رووبارە بە ناوی رووباری دیالە و کاتی پەرینەوە لەو رووبارە، یەك لەو ئەسپانەی کە (عارەبانەی هەتاوی) ڕادەکێشا لە ئاوی رووباری دیالەدا خنکا.

عارەبانەی هەتاو بریتی بوو لە عارەبانەیەك کە وێنەی هەتاوی تێدا دانرابوو و شازدە ئەسپی سپی ڕایان دەکێشا و ئێرانییەکانیش بە هۆی ئەوەی هەتاویان بە دەرخەری مەزدا دەزانی رێزیان بۆ ئەو عارەبانە هەبوو و کەسیان تەنانەت کوروشیش سواری نەدەبوون.

ئەو رووداوە کوروشی تورە کرد و بەرانبەر بە زێیی فورات وتی: (تۆ ئەوەندە بێ هێز دەکەم کە چیتر نەتوانی ئەسپەکانم بخنکێنی) هەر لەوێ مایەوە و فەرمانی بە سەربازەکانیدا تا بە درێژایی تەواوی هاوین و پاییز و زستان، لەوێ بمێنن و بکەونە هەڵکەندنی رووباری دەستکرد وز ئاوی فوراتی بەسەر ٣٦٠ بەشدا دابەشکرد و بەم شێوەیە فوڕات هیزی نەما و بەهاری دواتر کوروش بەرەو بابل کەوتەرێ.

ئەو بەسەرهاتە بە ئەفسانە دەچێت و لەوانەیە عارەبانەی هەتاو لەوێ نقوم بووبێت، بەڵام کوروش کەسێك نەبووە کە دەرفەت لە دەست بدات و بۆ تەمبێ کردنی زێ ماوەی یەکساڵ

دەرفەت بداتە دوژمنەکەی تا بتوانێت لەشکری بەهێز بۆ خۆی کۆبکاتەوە، لە گەڵ ئەوەشدا مێژووی جووڵەی کوروش و داگیرکردنی بابل ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کوروش یەکساڵ لە رێگا نەوەستاوە و ئەوەندەی روونە، دەردەکەوێت کە تەواوی توانای بەکارهێناوە تا دەرفەت نەدات نەبۆنید کاتی یارمەتی وەرگرتنی هەبێت.

لە ساڵی **٥٣٩** پێش زایێن کوروش توانی ناوچەی (سیپار) کە سێ مەنزڵ یا قۆناغ لە بابل دوور بوو بگرێت و دوای چوار رۆژیش لەشکرەکەی گەیشتە پشت شورەکانی بابل.

# گەمارۆدان و داگیرکردنی بابل

هەندێ لە مێژوونووسانی ناسراوی جیهانی کۆن وەك (هیرۆدۆت و پلین) شاری بابلیان دیتوە، هەروەها (دیۆدۆر) کە پێنج سەدە لە دوای هیرۆدۆت و دوای لە دایك بوونی حزرەتی مەسیح ژیاوە ئەو شارەی دیتوە و جگە لە ئەوانیش هەریەکە لە مێژوونووسانی کۆن: (فیلۆسترات، تێت رێنس، سۆلیز و مارتین کابێلا) ئەو شارەیان بینیوە و لە کاتی (دیۆدۆر) دا شاری بابل هێشتا شورەی بە دەورەدا هەبووە.

لە نووسینەکانی ئەو مێژوونووسانە سەبارەت بە شورەی بابل جیاوازی هەیە و لە هەندێ لەو نووسینانە زیادەرۆیی دەبیندرێت، وەك ئەوەی هەولێیاندابێت خوێنەر دووچاری سەرسوڕمان بکەن و یا نەیانویستبێت ڕاستییەکان بنووسن، بۆ نموونە بابل دەیتوانی ماوەی پەنجا ساڵ بەرانبەر لەشکری ئێران خۆی ڕابگرێت، چونکە لە نێوان شورەکان کۆمەڵێك کێڵگە هەبووە و جوتیارەکان ئەو کێڵگانەیان دەچاند و بەرهەمیان هەڵدەگرتەوە و ئەگەر ئەو وتەیە بە سەرچاوەی باوەڕ پێکراو وەربگرین، دەبێت بیر بکەینەوە شارێك هەبووە کە درێژی و پانییەکەی حەفتا کیلۆمەتر بووبێت و ئەوە پەسەند ناکرێت.

هەندێك لە نووسەران دەڵێن کە بابل دوو شورەی هەبووە و هەندێکیان باس لە حەوت شورە دەکەن و هیچ کامیان وتەی کەسی تریان نەگێڕاوەتەوە، چونکە بابلیان دیتووە. هەندێکیان دەڵێن شورەی بابل ئەوەندە پان بووە کە چوار عارەبانەی پێدا تێپەڕدەبوو و هەندێکیش دەڵێن بە قەدەر دوو عارەبانە بووە، هەندێکیان دەڵێن دووسەد هەزار سەرباز بەرگریان لە شارەکە کردووە و هەندێك ئەو ژمارەیە بە پەنجا هەزار دیاری دەکەن.

ئەو جیاوازییە سەبارەت بە درێژی شورەکەش هەیە، هەندێك بە (٨٠) کیلۆمەتر و بەشێك بە (٦٤ ك. م) و بەپێی وتەیەکیش (٢٠٠ ك. م) بووە و نازاندرێت کە کام ژمارە و کام وتە بە ڕاست بزانین؟

مێژووناسی ناسراوی رۆمی (دیۆدۆر) خەڵکی جزیرەی سیسیل کە ماوەی سی ساڵ لە وڵاتانی رۆژهەڵات گەڕاوە بۆ گەشتوگوزار، پەرتووکێکی لە بارەی مێژوو و جوگرافیا بە ناوی (پەرتووکخانەی مێژوویی) هەیە و شەست ساڵ دوای زایێن کۆچی دوایی کردووە، دەڵێت: (درێژی شورەی بابل هەشتا کیلۆمەترە و شار دوو شورەی هەیە و شورەکان ئەوەندە پانن، دەکرێت دوو عارەبانە بە تەنیشت یەکەوە پێیاندا تێپەڕ ببێت.) ئەو شورەانەی کە دیۆدۆر بینیویەتی، هەر ئەو شورەانە بوون کە رێگر بوون لە چوونە ژوورەوەی کوروش بۆ ناو شاری بابل.

لێرەدا دێینە سەرباسی هەڵەیەکی گەورەی مێژوویی، کە لە لایەن هیرۆدۆتی یۆنانییەوە هاتۆتە کایەوە و بریتییە لە گۆڕینی ڕێڕەوی ئاوی فورات بە مەبەستی ئاسان بوونی پەرینەوە لێی. بە پێی چەندین بەڵگە ئەو بابەت ڕاست نییە و دەبێت لە مێژووی ئێران و جیهاندا ئەو هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە.

یەکەم ئەوەیە کە کوروش زیاتر لە پانزدە رۆژ لە پشت شورەکانی بابل نەمایەوە و لەو ماوە کەمەدا و بە تایبەتی لە وەرزی بەهار کە ئاو زۆرە، نەیدەتوانی رێرەوی رووبارەکە بگۆڕێت و بەڵگەی دووەم ئەوەیە کە هەڵکەوتەی زەوی و زارەکانی ئەو ناوچەیە بە شێوەیەك بوون کە دەبوونە رێگر لەوکارە و کوروش دەبوایە لە سەرووی بابل و لە شوێنێکی دوور ئەوکارە ئەنجام بدات تا پارێزراو بێت لە پاسەوانانی بابل کە بە هۆی بەرزی شورەکان و بەرزی پەرستگای مەردۆك دەیانتوانی ئەوان ببینن و رێگە چارەیەك بۆ رێگە لێگرتنیان بدۆزنەوە.

هۆکاری سێیەم ئەوەیە کە کوروش هەر نەیدەویست کارێکی لەو چەشنە بکات و دەیزانی بەوکارە خەڵکی بابل دووچاری مردن بە هۆی تینویەتییەوە دەبنەوە و ئەویش خوازیار نەبوو رووداوی ئاوەها رووبدات. هۆکاری چوارەم ئەوەیە کە لە رووی تاکتیکی جەنگییەوە گۆڕینی رێرەوی ئەو رووبارە هەر سوودی نەبوو.

پێنجەم ئەوەیە کە لە کاتی دروستکردنی شورە بە دەورەی شاردا، ئەوان بیریان کردبۆوە کە لەوانەیە دوژمنێك لە رێگەی زێیەکەوە بێتە ناو شار، هەرچەندە ئەوان پێشبینیان نەکردبوو کە رۆژێك دوژمنێکی بەهێز لەوانەیە بیەوێت بە گۆڕینی ڕێرەوی زێیەکە بێتە ناوشار، بەڵام

پێشبینی دەکرا بە هۆی کەشتییەوە بێنە ناو بابل و بۆیە شورەکە بە چەشنێك بوو کە دەکەوتە یەك لای رووبارەکە.

هۆکاری شەشەم ئەوە بوو کە ئەگەر کوروش ڕێرەوی ئاوی گۆڕیبوایە، خەڵکی بابل بە فەرمانی نەبۆنید دەیانتوانی لە لایەك بۆ لایەکەی تری زێیە وشکبووەکە شورە بۆ شار دروست بکەن.

پێمان وایە بە پێشکەش کردنی ئەو شەش بەڵگەیە توانیومانە ئەو بابەتە ڕاست بکەینەوە و بگوترێت کە وشککردنی زێ لە لایەن کوروش و چوونی لەشکری ئێران بۆ نا شار لەو ڕێگەوە ڕاست نییە و ئەگەریش ڕاست بوایە لە شانازییەکانی لەشکری ئێران دەبوو. بەڵام لە مێژوودا نابێت بۆ دەست خۆشی کردنێك ڕاستی بشاردرێتەوە و بەبێ هەبوونی ئەو بابەتەش کوروش یەك لە هەڵکەوتووەکانی مێژوو بووە و خەڵکی ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە بە ئاسانی هەڵسەنگاندن بۆ پیاوانی مێژوویی ناکەن و سەرکەوتنیان لە جەنگ بۆ بە گەورەیی هەژمار ناکەن، کوروش بە مرۆڤێکی هەڵکەوتوو لە کاری جەنگ و لەشکرکێشی دەناسن.

لەوانەیە پرسیار بکرێت ئایا هیرۆدۆتی یۆنانی مەبەستی بووە درۆ بکات یان بە هەڵە چووە و وەڵامیشمان ئەوەیە کە بە هەڵەداچووە، ئەو بیستوویەتی کوروش لەو دەروازەی بابل پەریوەتەوە کە زێی پێدا تێپەڕدەبوو، بۆیە لە خۆی دەپرسێت چوون کوروش لە وەرزی بەهار توانیویەتی لە دەرگایەك بچێتە ناو شار کە زێی پێدادەروات؟ و لە وەڵامی خۆشیدا وتوویەتی بێ گومان بە وشککردنی ڕێرەوی زێیەکە، نەیزانیوە کە ئەو دەروازەیە دەرگەی شار نەبووە و تەنها دووپارچە شورە بووە کە لە باکووری شار لەوبەر و ئەوبەری زێ دروستکرابوون و بەم شێوەیە زێ بە نێوانیاندا دەڕۆیشت.

هێرۆدۆت تەنها لە بابەت دەروازەی شار نەکەوتووتە هەڵەوە و بەڵکو لەمەڕ شورەی بابلیش هەڵەی کردووە، ئەو درێژی ئەو شورەەی بە پێوەری ئەمرۆ بە هەشتا کیلۆمەتر داناوە و نەیزانیوە کە ئەو شورەە لە لایەن هەردوو زێی (دیجلە و فوڕات) لە لایەن بوخت النصر بۆ مەبەستی ڕێگەگرتن لە هێرشی مادەکان دروستکرابوو و لە سەرەتادا ناوی (شورەی ماد) بووە و دواتر بۆتە شورەی بابل و ئەو نێوانەی هەردوو زێ (٤٠) میل واتە (٦٤) کیلۆمەترە.

شورەی بابل لە لایەك بە کەنارەکانی باکووری دیجلە بە قەڵایەکی گەورە بە ناوی (ئۆپیس) و لە لایەکی تر لە کەنارەکانی فوڕات بە قەڵای (سیبار) بەسترابۆوە، قەڵای سیبار لە

کەنارەکانی فورات، قەڵایەکی دوانە بوو کە یەکیان لەوبەری زێ و ئەوی تر لە لایەکەی تر بوو و بەو قەڵایە دەوترا دەروازەی شار.

کاتێك ناوی (شورەی بابل) هاتووە هیرۆدۆت واتێگەیشتووە ئەو شورەە لە چوار دەوری بابلە و نووسیویەتی دوای ئەوەی کوروش لە دەروازەکە پەڕییەوە ناچار نەبوو بابل شەق بکات و بە ناویدا بڕوات. بەڵام لە ڕاستیدا کوروش لە شورەی بابل نەپەڕیوەتەوە و تەنها شورەکەی جێهێشتووە و بە دەورەیدا سوڕاوەتەوە، هیرۆدۆت ئەو شورەە شەست و چوار کیلۆمەتریەی نێوان هەردوو رووباری بە شورەێك زانیوە کە چوار دەورەی شاریداوە و بۆیە چیرۆکی وشككردنی فوراتی نووسیوە.

ئەندازیاری بەریتانی (سیدنی ئەسمیت) کە لە ساڵانی ڕابردوو و لە دروستکردنی ئاوبەندەکانی سەر هەر دوو زێی دیجلە و فورات، ئەندازیار بووە و دەکرێت بگوترێت کە تەواوی ڕێرەوی ئەو زێیانە شارەزایە، لە بارەی گۆڕینی ڕێرەوی ئاوی فورات لە نزیك بابل دەڵێت: گۆڕینی ڕێرەوی رووباری فۆرات لە نزیك بابل ئەستەم بووە و ئەمە کارێکە کە تەنانەت ئەمڕۆش ئەستەمە و تەنها بە بەکارهێنانی ئامێری زۆر گەورە دەکرێت. بەڵام کوروش دەیتوانی لە ناوچەیەك کە ئێستا بە (عقر کوف) ناودەبرێت، ڕێڕەوی ئاوی فورات بگۆڕێت و (عقر کوف) کەنداڵێکی قوول و پانە لە کەنارەکانی دیجلە و کوروش دەیتوانی لە ماوەی دوو مانگدا ڕێرەوی دیجلە بگۆڕێت بۆ ناو ئەو کەنداڵە، بەڵام کوروش ناچاری ئەوکارە نەبوو و بە هۆی ئەو پردەی بە لە یەك بەستنی زەورەقەکانی ناو زێ دروستی کرد لە دیجلە پەڕییەوە.

دوای ئەوەی بابلی داگیرکرد، کوروش دوو کەسی بە دەسەڵاتی ئەو شارەی بە ناوەکانی (ئۆگ بارو و گوبارۆ) خستە خزمەتی خۆی، (گۆبارۆ) لە لایەن گەزنەفۆنی یۆنانی بە (گۆبریاس) ناوبراوە. لە میزۆپۆتامیادا ئەو دوو کەسە لە گەڵ کوروش جەنگیان کرد، دواجار گیران و بە پێی یاساکانی ئەوکات کوروش توانای کوشتنی هەبوون، بەڵام ئەوکارەی نەکرد و پێشنیاری بۆ کردن کە بە هەریەکەیان پێنج بەردی زێر دەبەخشێت بە مەرجێك یارمەتی بدەن لە داگیرکردنی بابل و ئەوانیش پێشنیارەکەیان پەسەندکرد و کەوتنە گفتوگۆ لەگەڵ کاهینەکان و یەهودییەکان، بۆ ئەوەی شارەکە ڕادەستی کوروش بکەن. دەزانین یەهودییەکان دواتر لە لایەن کوروشەوە ئازاد کران، ئەوان ئەویان بە (مەسیاحی من) یان (مەسیحی من) واتە ڕزگارکەری خۆیان دەزانی و لەوکاتەی کە ئەو ناوەیان بۆ دەگوت، بە روونی پیرۆز سەری کوروشیان چەور دەکرد.

وتمان کوروش شورەی بابلی جێهێشت، بە شێوەیەك کە لە بەشی خواروی قەڵای ئۆپیسی کەناری دیجلە لەو شورەە پەڕییەوە و هەردوو قەڵای ئۆپیس و ئۆسپیاری جێهێشت، بەرگریکارانی ئەو دوو قەڵایە کاتێك بەخۆ هاتنەوە کە کوروش لە پەنا شورەی بابل بوو.

مەودای نێوان هەردوو قەڵای ئۆپیسی کەناری دیجلە و سیپاری کەناری فورات و شورەکەی نێوانیان تا شاری بابل بە پێوەری ئێستا نزیکەی (٦٠) کیلۆمەتر بوو، کاتێك گرنگی جەنگی هەبوو کە باشووری میزۆپۆتامیا لە لایەن هێرشبەران داگیر نەکرابێت، بەڵام ئاماژەماندا کوروش سەرەتا باکوور و باشووری میزۆپۆتامیای داگیرکرد و دواتر هێرشی کردە سەر شاری بابل.

لە شورەی بابل هەمان کەم و کوری هەبوو کە لە جەنگی دووەمی جیهانی لە هێڵی (ماژینۆ) بەدیکرا. بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشی سوپای ئاڵمان بۆ سەر فەرەنسا، فرانسیەکان هێڵی ماژینۆیان لە سنووری ڕۆژهەڵاتی خۆیان دروستکرد و لە هەمانکات باکووری فەرەنسا تا دەگەیشتە شورەی مانش بێ پارێزگاری بوو و تەنیا ئەوەندە بەس بوو کە سوپای ئاڵمان لە جیاتی ڕۆژهەڵات، لە ڕێگەی باکوورەوە هێرش بکاتە ئەو وڵاتە و سوپای ئەو وڵاتە لە بن بێنێت و هەر بەو شێوەیەشیان کرد و سوپای ئاڵمان لە باکوورەوە هاتە فەرەنسا.

شورەی بابلیش لە نێوان دوو ڕووباری دیجلە و فوڕات، بریتی بوو لە شورەێك کە نە باکوور و نە باشووری نەدەپاراست و ئەگەر سوپایەك ویستبای لە باکووری میزۆپۆتامیاوە نزیك ببێتەوە لە بابل (ئەویش بەو مەرجە کە لە نێوان دوو ڕووبارەکە بپەڕێتەوە) شورەی بابل ڕێگر دەبوو لە پەڕینەوەی و ئەگەر هەمان سوپا لە کەناری ڕۆژهەڵاتی دیجلە یا کەناری ڕۆژئاوای فورات لە بابل نزیك ببایەوە، ئەو شورەە نەیدەتوانی ڕێگر بێت لەو هێرشە، چونکە ئەو سوپایە هێرشبەرە شورەکەی پشت خۆی دەخست و دەورەی دەدا.

ئەو مێژوونووسانەی کە لایەنگری چوونی کوروشن بۆ بابل لە ڕێگەی ڕووباری فوڕاتەوە، دەڵێن دەورەدانی بابل لە لایەن کوروشەوە ماوەی ساڵێك تا دووساڵی خایاند. مێژوونووسانی کۆن دەڵێن کوروش پاش ئەوەی بابلی دەورەدا (کە سەد دەرگای ئاسنینی هەبوو) لەشکرەکەی خۆی بە ژمارەی مانگەکانی ساڵ کردە دوازدە بەش و لە دوازدە شوێنی دانان، فەرمانیدا کە بەرانبەر شورەکە کۆمەڵێك بورج دروست بکەن کە بڕوانێتە سەر ئەو شورەە و لە سەر ئەو بورجانەوە خۆیان بگەیێننە سەر شورەی بابل. بەڵام لە ڕاستیدا بورجەکان تەنها بۆ سەرگەرم

کردنی بەرگریکارانی شورەکە بوون و کوروش بەم ڕێگەیە دەیەویست نەهێڵێت نەخشە گەورەکەی بۆ بەرگریکارانی بابل ئاشکرا بێت کە بریتی بوو لە گۆڕینی ڕێرەوی ڕووبارەی بابل.

بەرگریکارانی بابل بەردیان دەباراندە سەر ئەو سەربازە ئێرانیانەی سەرگەرمی دروستکردنی بورجەکان بوون و لە بورجەکانەوە ئاگریان بۆ هەڵدەدرا و ئاگرەکەش لە ڕوونێکی ڕەشەوە بەدەست دەهێندرا کە لە زەوی دەهاتەدەر و بۆنێکی ناخۆشی هەبوو و ئەو ڕوونە بە ڕێژەیەکی زۆر لە باکووری بابل دەست دەکەوت.

هەرچەندە سەربازانی ئێرانی بەردەوام بەرد و ئاگریان بەسەردا دەباری، بەڵام بەردەوامبوون لە دروستکردنی بورجەکان و ئەمەش بۆ ڕێگرتن بوو لە ئەوەی بەرگریکارانی بابل بزانن کە کوروش سەرگەرمی هەڵکەندنی کەناڵێکە بۆ گۆڕینی ڕێرەوی ئاوی فوڕات و دواتر وشکبوونی ڕێرەوی کۆنی.

گەمارۆی بابل لە لایەن کوروشەوە، ماوەی یەکساڵی خایاند (هەندێ لە میژوونووسان ئەو ماوەیان بە دوو ساڵ دیاریکردووە) تا ئاوی ڕووباری فورات چۆوە ڕێرەوە تازەکەی و ڕێرەوی پێشووی وشکبوو (یا بە وتەی گزنەفۆن ڕێژەی ئاوەکە کەم بۆوە) و ئەو کات، لە کاتی نیوەشەو و ئەوکاتەی خەڵکی بابل لە خەودا بوون و بە وتەی هیرۆدۆت عارەبانە جەنگییەکانی خۆیان لە ڕێرەوە وشکەکەوە پەڕاندەوە بۆ ناو شار و بەڵام بەووتەی گەزنەفۆن تەنها سەربازانی پیادە و سوارکاران چوونە ناو بابل، چونکە بە هۆی مانەوەی ئاو لە ڕێرەوی کۆنی ڕووبارەکە و هەروەها بوونی قور و لیتەی زۆر لە ڕێرەوەکە، کوروش نەیتوانی عارەبانە جەنگییەکانی بجزێنێتە ڕووبارەکە چونکە دووچاری ڕووچوون دەبوون.

هیرۆدۆت باس ناکات کە ئاوی فورات بە ڕۆژ یا بە شەو ڕژێندرایە ناو ڕێرەوە تازەکەی، بەڵام بە لێکدانەوە دەزاندرێت کە ئەوکارە لە شەودا کراوە و بە پێچەوانەوە ئەگەر لە ڕۆژدا ئەوکارە کرابوایە ئەوا خەڵکی بابل بەوەیان دەزانی، چونکە هاتنی ئاو بۆ بابل نەدەما و خەڵك دەیانزانی کوروش ڕێرەوی ئاوی گۆڕیوە و بۆ ئەوەی کە پاشای ئێران نەتوانێت بێتە ناو شار، ڕێگای هاتنەناو و چوونەدەرەوەی ڕووبارەکەیان دەگرت.

گەزنەفۆن دەڵێت:"کوروش ڕوبارەکەی وشکنەکرد و بەڵکو ڕێژەی ئاوەکەی کەم کردەوە تا سەربازەکانی بتوانن لە ڕێگەی ڕووبارەکەوە بچنە ناو بابل، دەڵێت کوروش لە ڕێگەی ڕێگای هاتنەناو و چوونەدەرەوەی ڕووبارەکە بچێتە ناو شار و گوشاری ئاوەکە ئەوەندە نەبوو کە

سەربازەکانی نەتوانن لە کۆتایی دەرچوونی رووبارەکەوە بە پێچەوانەی جووڵەی ئاو بجووڵێن و بگەنە ناو شار."

هیرۆدۆت باس ناکات کە لەشکری ئێران دوای چوونیان بۆ ناوشار، توانیان چەند شوێن داگیر بکەن. بەڵام گەزنەفۆن بە درێژی باسی ئەو شوێنانە دەکات کە ئەو شەوە سەربازانی ئێرانی داگیریان دەکەن و دەڵێت سەربازانی ئێرانی بە فەرمانی کوروش خۆیان پاراستووە لە چوونیان بۆناو هەردوو پەرستگای (مەردۆك، خوای نێر) و (ئیشتار، خوای مێ) لە ئەو شەوەدا و رۆژی دواتر و رۆژانی تریش سەربازانی ئێرانی نەچوونە ئەو پەرستگایانەوە و ئەوەش بە هۆی رێزی کوروشەوە بووە بۆ هەموو ئایینەکان و رێزی لە خوایانی بابل دەگرت و بە ڕادەیەك کە دواتر باس دەکەین کە مراسمی تاج لە سەرنانی لە پەرستگای مەردۆك سازدا و بەر لەوەی کە بە دەستی خۆی تاج لەسەر سەری خۆی دانێت، بەرانبەر بە پەیکەری مەردۆکی خوای بابل، سەری رێزی نواند و ئەمەش لە کاتێکدا بووە کە ئەو مەزدا پەرست بووە و خودای تاقانەی دەپەرستی و لەوکاتدا لە ئێران هێشتا ئایینی زەردەشتییەت نەبوو، بەڵام ئایینی پەرستینی خودای تاقانە و نەبینراو بە ناوی (مەزدا) باوبوو.

کوروش لە کاتی سەردانەواندن بەرانبەر بە مەردۆکی خوای بابل دەیزانی ئەو خوایە زیاتر نییە لە بتێك کە بە دەست مرۆڤ دروستکراوە، بەڵام بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت رێز لە تەواوی ئایینەکان دەگرێت ئەو کارەی کرد.

بە وتەی هەریەکە لە (گزنەفۆن و هیرۆدۆت) جەنگی بابل لە ناو شار یەك شەوی پێچووە و بەیانی رۆژی دواتری هیچ بەرگریەك لە هیچ شوێنێکی شاردا نەما و وێڕای ئەوەی کە یەك تا دوو ساڵ ئەو شارە لە لایەن کوروشەوە دەورەدرابوو و دانیشتوانی ئەو شارەی کە بەرگریان دەکرد دەبوایە بمرن، بەڵام پاشای ئێران دەست درێژی نەکردە گیان و ماڵی کەس لەو شارە و خواردەمەنیش لەو شارە لە دوای دووساڵ لە دەورەگیرانی بە ڕادەیەك زۆر بوو کە کەس نەکەوتبۆوە سەختییەوە بە دەستییەوە، بەڵام لەشکری ئێرانی لەو رووەوە کەوتبوونە سەختییەوە و کوروش ناچاربوو کە لە ئێرانەوە خواردەمەنی بێنێت.

لەوکاتدا ماوەی دوو ساڵ سەربازە ئێرانییەکان لە خێوەتدا دەژیان و گەزنەفۆن لە مێژوودا نووسیویەتی کە بەشێك لە سەربازانی کوروش لە دەوروبەری شار و لە دەرەوەی شورەکە دەژیان. سەبارەت بە ژیانی لەشکری ئێران لەو ماوەیە لە مێژووەکانی هیرۆدۆت و گەزنەفۆن

هیچ شتێك نابینرێت و هەروەها سەبارەت بە ژیانی دانیشتوانی بابلیش بە هەمان شێوەیە و نازانین کە خەڵکی بابل لەوماوەیەدا چوون ژیانیان بەسەر بردووە و چەندیان خۆراك و بارەبۆ هەبووە، کە لە دوای دووساڵ کێشەی خۆراکیان نەبووە.

دانیاڵ کە یەك لە پەیامبەرانی بنی ئیسرائیلی بووە، لەوبارەوە لە تەوراتدا دەڵێت: کاتێك کوروش شاری بابلی دەورەدا، فەرماندەی تەختی پاشایەتی پیاوێك بوو بە ناوی (باڵتازار) و ئەو فەرماندەیی بەرگری لە بابلی لە ئەستۆ بوو.

پێچەوانەی ئەو بۆچوونەش دەڵێت:"کاتێك کوروش بابلی داگیرکرد، نەبۆنیدی پاشای ئەو شارە لە شار نەبوو و یا لەو شارە دەرچووە، ئەگەر بپرسین چوون توانیویەتی لە شارێك دەرچێت کە چوار دەورەی گیراوە، ئەوا دەگوترێت لەوانەیە لە رێگەی ژێر زەمینی هات بێتەدەر و توانیویەتی لێی دەرچێت و مێژوونووسە رۆژئاواییەکانیش دەڵێن نەبۆنید لەوکاتە لەو شارە نەبووە.

شەوێك بەر لە داگیرکردنی شاری بابل، باڵتازاری سەرۆکی تەختی پاشایەتی و فەرماندەی بەرگریکارانی ئەو شارە میوانداریەکی سازدابوو و لە گەڵ دۆست و خۆشەویستانی سەرگەرمی خواردنەوە و ڕابواردن بوو، لە نەکاو و بە وتەی دانیاڵی پەیامبەر کە لە تەوراتدا هاتووە، دەستێك کە خاوەنەکەی نەبینرا بوو لە بەرانبەر باڵتازاردا ئەو سێ وشەیەی نووسی: "(مانە، تەسل، فارس) بە واتای (هەژمارکراو، کێشراو، دابەشبوو)". لەو رۆژەوە کە بەسەرهاتی دانیاڵی پەیامبەر لە تەوراتدا هاتووە تا بە ئێستا زانایانی بنی اسرائیلی لەو سێ وشەیە دەکۆڵنەوە تا بتوانن مانای دروستیان بزانن.

لە بارەی مانای ئەو سێ وشەیە، تەواوی زانایانی عبری یەك دەنگن و مانای وشەیی ئەو وشانە هەر ئەو مانایەی سەرەوەیە، بەڵام لە بارەی شیکاری ماناکانیان جیاوازی هەیە و بەڵام ئەوەی دەزاندرێت ئەوەیە کە ئەو وشانە کە بە ئاگر دەنووسرا، وەك ئاگادار کردنەوەیەك بووە بۆ بالتازار کە سەردەمی دەوڵەتمەندی و هێز و ڕابواردنی ئەو و ئەوانەی تر کە لەو دانیشتنە بەشدارن، کۆتایی هاتووە و هەروەهاش بوو و دوای یەك شەو و رۆژی تر بابل رووخا.

بەرلە هێرشی کوروش بۆ سەر لیدی زۆرۆبێڵ سەرپەرەشتیاری پیر و پێشووی پەرستگای یەهودییەکان لە ئۆرشەلیم، سەبارەت بە ژیانی یەهودییەکانی بابل تابلۆیەکی رەشی خستبۆوە بەرچاوی کوروش. بێ شك یەهودییەکان لە بابل بەدبەخت بوون بەڵام بەو ڕادەیەش نەبوو کە زۆرۆبێڵ بۆ کوروشی باس کرد.

یەهودییەکان بە هۆی مانەوەی بەردەوامیان لە بابل و هەروەها بە هۆی دەست پاکیان، بوونە جێی متمانەی دانیشتوانی بابل و هەندێ کاری گرنگیان پێ سپێردرابوو و یەك لەو کارانە دەرکەوانی بوو. هەندێ لە یەهودییەکان وێڕای ئەوەی کۆیلە بوون، کاری گۆرینەوەی دراویشیان ئەنجامدەدا و سوودەکەیان بۆ خۆیان دەست بەسەر دادەگرت، کاهینەکانی بابل زێر و زیوەکانی خۆیان بەو یەهودیانە دەسپارد تا ئەوان مامەڵەی پێوە بکەن.

وێڕای ئەوەی کاهینەکان نەفرەتیان لە یەهودییەکان دەکرد و ئەوانیان بە مرۆڤی پەست دادەنا، بەڵام لەو کەتیبانەی کە لە بابل بە دەست هاتوون دەبیندرێت کە زۆر گرێبەستی دارایی و ماددی گەورە لە نێوان کاهینەکانی هەردوو پەرستگای (مەردۆك و ئیشتار) لە مەر زێر و زیوەکانیان هەبووە و ئەو بابەتە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە یەهودییەکان خەڵکانێکی ئەمین و دەست پاك بوونە، ئەگەرنا کاهینەکانی بابل ئامادە نەبوون کە زێر و زیوی خۆیان بە ئەوان بسپێرن تا مامەڵەی پێبکرێت.

کاتێك کوروش لە شاری بابل نزیك بۆوە و دەورەی ئەو شارەی گرت، وەك باسمان کرد چەند کەسێك لە میر و دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچەیەی لە گەڵدا بوون، کە دووکەس لەوانە ناودارتر بوون و ناویان (ئۆك بار و گۆبار) بوون و ئەو میرانە ئامادەییان هەبوو لە بەرانبەر مانەوەی پۆستەکانیان لە دوای رووخانی بابل، ببنە هاوپەیمانی کوروش.

ئەو رۆژەی کوروش بابلی داگیرکرد لە رووی تاکتیکی، ئەو کارە ئەرزشێکی ئەوتووی نەبوو و لە گەڵ داگیرکردنی پاریس لە جەنگی دووەمی جیهانی لێکچوو بوو. دوای ئەوەی دەوڵەتی ئاڵمان، سوپای فەرەنسای تێك شکاند و دوو بەش لە سێ بەشی خاکی ئەو وڵاتەی داگیرکرد، دیسان لە فەرەنسا بەشێك هێشتا ئازاد بوو و حکومەتێکی سەربەخۆی فەرەنسی کە دواتر بە حکومەتی (وەیشی) ناسرا دەسەڵاتی بەرێوەدەبرد. بەڵام لە بابل هیچ جێگەیەك نەمابوو، کوروش داگیری نەکرد بێت و بەردەوامی بەرگریکردن لەوشارە لە لایەن نەبۆنیدەوە، هیچ سوودی نەبوو. ئایا هەر بۆیە بوو کە نەبۆنید پایتەختی خۆی جێ هێشت یا چۆوە دەرەوە تا لە لای دۆستەکانی هێز بێنێت؟

دەسەڵاتدارانی فەرەنسا لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، بۆیان دەرکەوت کە بەرگریکردن لە پاریس هیچ بایەخی سەربازی نییە و ئەو شارەیان بە شارێکی بێ بەرگری ناوبردد و بە دوژمنیان وت کە دەتوانێت بێ رێگری بچێتە ناو شار. بیست و پێنج سەدە بەرلە رووخانی

پاریس، هەمان بیرۆکە لە بابل پیادە کرا و کاهینەکانی بابل کە لە بابلدا زۆر دەست رۆیشتوو بوون، زانیان کە بەردەوامی بەرگریکردن لە بابل سوودی نییە و جگە لەوەی کە خەڵکی شار لە برسان دەمرن، ئاکامێکی نابێت و زیاتر لەوەش دوای ئەوەی کوروش شاری بابل بگرێت هەموان بە شمشیر دەکوژێت. کوروش پاشایەك نەبوو کە بڕیاری کوشتنی دانیشتوانی شارێك بدات، بەڵام کاهینەکانی بابل بەم شێوەیەیان بیرنەدەکردەوە و بە پێوەری بیرکردنەوەی خۆیان لە کوروش ورددەبوونەوە.

ئەو یەهودیانەی کە لە بابل بوون، چونکە دەیانزانی کوروش سەردارێکی ئازادکردارە و دوای گرتنی شاری لیدی و شارەکانی ئاسیای ناوەڕاست تەواوی ئایینەکانی ئازاد هێشتوتەوە، داوایان دەکرد شاری بابل ڕادەست بکرێت تا بتوانن لە کۆیلایەتی ڕزگار بن و بێ ترس لە خەڵکی بابل، بە ئەرکە ئایینییەکانیان هەستن.

ئەو میرانەی بابلیش کە لەگەڵ کوروشدا بوون و پەیوەندیان بە کاهینەکانەوە دەکرد، بە ئەوانیان دەووت کە بەرگریکردن بێ سوودە و پێویستە شار ڕادەست بکەن و دڵنیاش بن کە دوای هاتنی لەشکر بۆ بابل، گیان و ماڵ و سامانی بابلییەکان پارێزراو دەبێت. لە بابل تەنها یەك کەس هەبوو کە دەیەویست بەرگری بکات و ئەویش (باڵتازار) بوو.

دوو ئەمیری بە ناوبانگی وڵاتی بابل (ئۆك بار و گۆبار) کە هاوپەیمانی کوروش بوون، لە رێگەی کاهینەکان و دۆستەکانیانەوە تەواوی سەربازان و دانیشتوانی شاریان ئاگادار کردبۆوە کە هەموو وڵات کەوتووتە ژێر دەستی کوروش و بەرگری کردن لە بابل کارێکی شیتانەیە و سەرئەنجام کاهینەکان لە شەوی (٥٣٩/١٠/٢٦ پ. ز) فەرمانیان کرد بە دەرکەوانە یەهودییەکان تا دەروازەکان بە رووی لەشکری ئێراندا بکەنەوە و ئەوانیش دەروازەکانیان کردەوە.

هەندێ لە مێژوونووسان نووسیویانە کە بە پێی رێکاری بەرگریکارانەی ئەوسا، لە پشت هەموو دەروازەیەك شورەیێکی بەردین دروستکرابوو و بۆیە دەرگەوانەکانی یەهودی نەیاندەتوانی کە دەروازەکان بکەنەوە و کاهینەکان فەرمانیان بە سەربازەکاندا کە بەرگری نەکەن و رێگرنەبن لە سەرکەوتنی سەربازانی کوروش و بەم شێوەیە سەربازانی کوروش لە شورەکان سەرکەوتن و دوای چوونیان بۆ ناوشار، شورەکانی پشت دەروازەکانیان رووخاند و دەروازەکانیان کردەوە و لەشکری ئێرانی هاتەناو بابل.

# دوای داگیرکردنی بابل

بە گەیشتنی لەشکری هەخامەنشی بۆ ناو شار، جارچییەکان بانگیان ڕاهێشت کە هەر کەسێك لە ماڵی خۆی بمێنێت، سەر و ماڵ و ناموسی پارێزراو دەبێت و ئەوانەی لە یەکێك لە پەرستگاکان بە تایبەتی پەرستگای (مەردۆك و عەشتار) بن، بە هەمان شێوە سەر و ماڵیان پارێزراو دەبێت و ئەوانەش کە لە ڕێبازەکانی شارن، پێویستە بە زوویی بگەڕێنەوە بۆ ماڵ و بە پێچەوانەوە لە لایەن سەربازانی هەخامەنشیی دەکوژرێن.

لەو کاتژمێرەی شەودا لە ڕێبازەکانی شاری بابل، هیچ ڕێبوارێك نەبوو و خەڵك لە ماڵەکانیان نووستبوون و تەنها هەندێ لە پیاوان لە دوای هاتنی لەشکری هەخامەنشیی بۆ ناو شار، لە ماڵ هاتنەدەر بۆ ئەوەی بزانن کە چ ڕوویداوە و بە بیستنی بانگی جارچییەکان، وایان بە باش زانی بچنەوە ماڵەکانیان و دەرگەکانی ماڵەکانیان داخەن، تا سەربازانی هەخامەنشیی لە جیاتی سەربازانی بابل ئەوان نەکوژن.

ئەو کەسانەی کە نەیاندەتوانی بگەنەوە ماڵەکانیان، لە سەر ڕێگەکانیان پەنایان بۆ نزیکترین پەرستگاکان دەبرد و یا دەچوونە ماڵی یەك لە ناسیاوەکانیان ولەو شەوەدا لە دانیشتوانی شاری بابل تەنانەت هاووڵاتییەك نەکوژرا کە سەرباز نەبوو بێت، بەڵام لە نێوان سەربازانی هەخامەنشیی و سەربازەکانی شاردا جەنگی خوێناوی ڕوویاندا. باڵتازار کە زانی سەربازانی هەخامەنشیی هاتوونە ناوشار فەرمانی کرد بە سەربازانی خۆی تا ڕێ لە هەخامەنشییەکان بگرن.

لە کاتی گەیشتنی لەشکری هەخامەنشی بۆ بابل، کوروشیش فەرمانی کرد تا ئەو سەربازانەیان زرێیان پۆشی بوو و بە (یەلان) ناودەبران، ببنە پێشڕەوی لەشکرەکە. (یەلان)

کۆی وشەی (یەل) و بە مانای (لە شکان نەهاتوو) دێت، (یەلان) لە جەنگدا بەرگی ئاسنینیان لەبەر دەکرد و لەو جەنگەدا بە ڕاستی لە شکان نەهاتوو بوون و لە کاتی هێرشدا وەك تیر دەچوونە ناو سوپای دوژمن و ڕێگەیان بۆ بەشەکانی تری سوپاکەیان کە لە پشتیانەوە دەهاتن، دەکردەوە.

لە خەسلەتەکانی جەنگی (یەلان) ئەوە بوو کە کاتێك فەرمانی هێرشیان پێدەدرا، پاشەکشەیان نەبوو و لە جەنگەکانی کوروش ئەو پیاوانە دەوری گرنگیان دەبینی و هەندێ کات لە هەندێ هێرشدا، هەموو لەشکری (یەلان) یا دەکوژران و یا بریندار دەبوون و هەنگاوێکیش پاشەکشەیان نەدەکرد. کوروش فەرمانی بە ئەوان کردبوو کە بەردەوامبن لە پێشرەوی تا تەختی پاشایەتی داگیردەکەن و یەلان لەو شەوەدا لە چوار لاوە بەرەو تەختی پاشایەتی دەرۆیشتن و لە پاشیانەوە سەربازەکانی تر دەهاتن.

سەربازانی بەرگریکاری بابلی ئەو شەوە بەوپەری لەخۆبۆردەییەوە جەنگیان کرد، بەڵام ئەو فیداکاریانە لە بەرانبەر ئازایەتی سەربازانی هەخامەنشیی بێ سوود بوو. (یەلان) دەچوونە پێشەوە و سەربازانی بەرگریکاریان دەکوشت و ئەو بەرگریکارانەش کە نەدەکوژران، دواتر لە لایەن سەربازانی تری هەخامەنشیی دەکوژران.

هیرۆدۆت نووسیویەتی کە ئەو شەوە تا بەیانی جەنگ بەردەوامبوو و لە بەرەبەیاندا ئیتر کەسێك نەبوو کە بەرگری لەو شارە گەورە بکات. گەزنەفۆنیش نووسیویەتی لەو شەوەدا، جەنگ لە ڕێرەوەکانی بابل زیاتر لە کاتژمێرێکی نەخایاند و لەو کاتژمێرەدا سەربازە ئاسن پۆشەکانی هەخامەنشیی بە ناو یەلان و سەربازەکانی تر، هەموو سەربازانی بەرگریکاریان کوشت و تەختی پاشایەتیان داگیرکرد.

لە گەڵ هاتنی سپێدەدا، بابلی گەورەترین شاری دونیا و ناوەندی جیهانی کۆن و ئەو شارەی کە یۆنانییەکان پێیان وابوو کە دەستەمۆ ناکرێت، کەوتە بەردەستی کوروش. خەڵکی ئاسایی کە ئاگاداری ئەو ڕووداوانە نەبوون، لە سەرکەوتنی لە ناکاو و دەست بەجێی پاشای هەخامەنشی سەریان سورما و وتیان کە خوای گەورەی بابل (مەردۆك) ویستی لەسەر ئەوە بووە کە نەبۆنید لە سەر تەختی پاشایەتی لابدرێت و کوروش بێتە جێگەی ئەو.

بەیانی ڕۆژی دواتری خەڵك ڕێگەیان پێدرا لە ماڵەکانیان بێنەدەر و دیتیان سەربازە هەخامەنشییەکان لە ڕێبازەکانی بابلدا پاسەوانن، بە بێ ئەوەی دەست بخەنە هیچ کارێك.

وێڕای ئەوەی پەرستگاکانی بابل پڕ بوون لە زێڕ و زیو، سەربازێکی هەخامەنشیی نەچۆوە ناو پەرستگاکان و کوروشیش داوای لە دانیشتوانی شکست خواردووی بابل نەکرد کە باجی پێبدەن و تەنها دەستی گرت بە سەر مولك و ماڵی نەبۆنید.

پاشای گەورەی هەخامەنشی بە هیچ شێوەیەك دەستی نەخستە ناو یاسا و داب و نەریتەکانی بابل و تەواوی ئەوانەی پیشەی فەرمی و نافەرمیان هەبوو لە سەر کارەکانیان مانەوە، هەموو ئەو سەردارانەی کە لەگەڵ کوروش بۆ شکاندنی نەبۆنید یەکیان گرت، لە دەسەڵاتداری خۆیان مانەوە. کاتێك کە ڕۆژ گەیشتە نیوەڕۆ لە شاری بابل ژیان گەڕابۆوە دۆخی ئاسایی خۆی و ئەو کاروانانەی دەیانەویست لە شار بچنەدەرەوە، کەوتنەڕێ و دانیشتوانی لادێکانیش بۆ فرۆشتنی کالاکانیان هاتنەشار و کالاکانی خۆیان خستە بەردەم کڕیاران و لە جیهاندا تاکە شارێك نەبووە کە بەو خێراییە بگەڕێتەوە باری ئاسایی خۆی لە دوای جەنگ.

یەکەمین تێپەڕبوونی کوروش بە ڕێبازەکانی بابلدا، بۆ ڕۆیشتن بوو بۆ ئەزاگیل (بە ئەزگوڵ و ئەزگیلیش ناوی هاتووە) واتە پەرستگای مەردۆك خوای گەورەی بابل. کوروش بە ڕێورەسمی فەرمی بەرەو ئەو پەرستگایە بە عارەبانە کەوتەڕێ و لە پێش ئەویشەوە عارەبانەیەك بە ناوی (عارەبانەی هەتاو) بەرێدەخرا، کە چوار ئەسپی سپی جلەوکێشی بوون و لە ناو ئەو عارەبانەیە وێنەی هەتاو کە بە زێڕ ڕازاندرا بۆوە، دانرابوو و کەس، تەنانەت کوروش خۆشی لەو عارەبانەیە سوار نەدەبوو.

دوای عارەبانەی هەتاو، عارەبانەی کوروش کە بە چوار ئەسپی ڕەش ڕادەکێشرا دەهات و شۆفێری عارەبانەکە دانیشتبوو و کوروش خۆی بە پێوە دەوەستا. ڕیشی درێژی کوروش لە لایەن ئارایشگەرەکەی ڕەق کرابوو و کوروش بە دەستی ڕاستی سلاوی لە خەڵکی بابل دەکرد کە وەك نەریتی خۆیان هەڵهەلەیان بۆ لێدەدا.

ئەو ڕۆژە کوروش شەلوارێکی درێژی شینی لەپێ و جبەیەکی سووری لەبەر بوو و کلاوێکی بچووکی لە سەر دەدیترا و خەڵکی بابل دەکەوتنە ژێر کاریگەری کەسایەتی بە سەنگی ئەو و هەندێك لەو بابلیانەی کە لە ریزی پێشەوەی پێشوازی وەستابوون، سوجدەیان بۆ پاشای هەخامەنشی دەبرد.

لە دوای کوروش پاسەوانەکانی دەهاتن کە دواتر ناوی (گاردی جاوید) یان لێنرا و لە سەرەتادا ژمارەی ئەو پاسەوانانە کەم بوو و دوای ئەوەی کە گاردەکە پێکهات، ژمارەیان گەیشتە دەهەزار کەس و بە گشتی لە نێوان سەربازە باڵابەرزەکان هەڵبژێردران. هەندێ لە

میژوونووسان دەڵێن کە ئەو ڕۆژە کاتێك کوروش گەیشتە پەرستگای مەردۆك، لە بەرانبەر پەیکەری مەردۆك سەری دانەواند و هەندێکیش دەڵێن سوجدەی بۆ برد.

وەك باسمان کرد کوروش مەزدا پەرست بوو، بەڵام بە جۆرێك ڕێزی لە خوایانی بابل و نەتەوەکانی تر دەگرت کە دانیشتوانی هەر شار و وڵاتێك کە دەکەوتنە بەر دەستی کوروش، ئەویان بە هەڵبژێردراوی خوای خۆیان دەزانی. لە بابل هەندێ لە کەتیبەکانیان لە سەر لوولە گلینەکان دەنووسی و تا ئێستا چەند دانەیەك لەو لوولانە بەردەست کەوتوون کە ئەو نووسینەیان لەسەرە: (کوروش، پاشای ان زان[1]، پاشای بابل، هەڵبژێردراوی خودا.) کەتیبەی تر دەستکەوتوون کە تیایاندا نووسراوە: (مەردۆك کوروشی کردە پاشای بابل.)

یەك لە هۆکارەکانی دژایەتی کاهینەکان لە گەڵ (نەبۆنید) پاشای ئەو وڵاتە دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی کە پەیکەری خوایانی هەردوو وڵاتی (سۆمەر) و (ئەکەد) کە دوو وڵاتی دراوسێی ڕۆژهەڵاتی نزیکی بابل بوون، هێنایە ناو بابل.

لە کۆندا نەتەوەکانی بابل و میسر کە هەردووکیان بت پەرست بوون، بە هێزی خواکانیان دەژیان. لەو سەردەمانەدا نیشتیمانپەروەری بریتی بوو لە خواپەرستی و نەتەوەکانی بابل و میسر بە ڕادەیەك خواکانی خۆیان دەویست کە ئامادەبوون گیان لە پێناویان فیدا بکەن، بەو مەرجەی خودایانی بیگانە نەهێندرێنە ناو وڵات و ئەگەر وڵاتێکی بیگانە وڵاتەکەی داگیرکردبان بۆیان گرنگ نەبوو، بەڵام کە خوایەکی بیگانە هاتبایە ناو وڵاتەکەیان ئەوا وایاندەزانی کە وڵاتەکەیان دەدۆڕێنن.

هاتنی لەشکری بێگانە بۆ خاکی وڵات لە ڕووی داگیرکاری خاکەوە گرنگ نەبوو، بەڵکو گرنگی لە ئەگەری سەپاندنی خودای فەرماندەی لەشکرەکە بەسەر دانیشتوانی شارەکەدا هەبوو و لە سەردەمانی تازەشدا لەشکرێك خودا تازەکانیان کە بریتین لە زمان و کولتوور و بەرژەوەندییە ئابووریەکان، دەسەپاندە سەر نەتەوە دۆڕاوەکان.

خەڵکی بابل بە تایبەتی کاهینەکان، لە بابەت هێنانی خوایانی ئەکەد و سۆمەر لە لایەن نەبۆنیدەوە بۆ ناو خاکی بابل زۆر بیزار بوون و هەستیان بە ئازار دەکرد. نەبۆنید لەبەر چاوی خەڵکی بابل و بەتایبەتی کاهینەکان، بە کەسێکی لادەر لە دین (مورتەد) دادەنرا و بە

(١) (ان زان ناوەکەی تری وڵاتی پارس بووە کە دەکەوتە باشووری ئێرانی ئێستا و چونکە باپیرانی کوروش پارس بوون، ئەویان بە پاشای ان زان دەناسی، زەبیحواڵڵا.)

پێویست دەزاندرا کە بکوژرێت. لەو کاتدا لە وڵاتانی کۆنی بابل و میسر زیاتر لە کاتەکانی تر و تەنانەت زیاتر لە سەدەکانی ناوەڕاستیش، لادان لە دین توندی لەدوا بوو و کوشتنی لەسەر بە ئەرك دادەنرا و هەرکەسێك دەستی بەر ئەو کەوتبایە خۆی بە گلاو دەزانی و لە میسر دەبوایە بە ئاوی رووباری نیل و لە بابل بە ئاوی رووباری فورات خۆی شوشتبایەوە، تا پاك ببێتەوە.

دوای ئەوەی کوروش رێزی لە خوایانی بابل گرت، فەرمانیدا تا بە ڕێزێك کە شیاوی خوایان بێت، خوایانی ئەکەد و سۆمەر بگەرێننەوە بۆ وڵاتەکانیان. چونکە هەرچەندە خەڵکی بابل دژی خوایانی ئەکەد و سۆمەر (واتە پەیکەرەکانیان) بوون، بەڵام کوروش دژی هیچیان نەبوو و هەروەك خوایانی بابل رێزی لە ئەوانیش دەگرت.

ئەو بە رووکار و بۆ فریودانی خەڵك نەبوو کە رێزی لە خوایانی نەتەوەکانی تر دەگرت و بەڵکو بە ڕاستی ئەوانی بە شایەنی رێز دەزانی و بڕوای وابوو هەر ئایین و کەلتوورێك، لە هەر نەتەوەیەك پێویستە رێزی لێبگیرێت و هەر کەسێك بیەوێت رێز لە کەلتوور و ئایینەکەی بگیرێت، پێویستە رێز لە ئایین و کولتووری خەڵك بگرێت.

کاتێك کوروش خوایانی ئەکەد و سۆمەری بە رێزەوە گەڕاندەوە بۆ وڵاتەکانیان، خەڵکی بابل لایان وابوو کە ژیانی تازەیان بۆ هاتۆتەوە و ئەوان بوونی خوایانی ئەکەد و سۆمەریان بە بەدبەختی بۆ خۆیان دەزانی و بە ڕادەیەك بەو کارە خۆشحاڵ بوون کە سەرەتای مێژووی خۆیان گۆڕی بۆ سەرەتای هاتنی کوروش بۆ بابل و ئەویان بە دڵ بە پاشای بابل زانی.

بەڵگەنامەی زۆر بۆ ئەو بابەتە هەیە و لەوانەش زۆر بەڵگەنامەی تایبەت بە کرین و فرۆشتن و لە ناویاندا هاتووە کە ئەو بەڵگەنامەیە لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی چوارەمی کوروش پاشای بابلدا نووسراوە و یا ئەو بەڵگەنامەیە لە رۆژی دوازدەهەمی شوباتی ساڵی حەوتەمی پاشایەتی کوروش لە بابل نووسراوە و دەزاندرێت کە مانگەکانی بابلی بریتی بوون لە: (کانوونی یەکەم، شوبات، ئازار، نیسان، ئایار، حوزیران، تەموز، ئاب، ئەیلول، تشرینی یەکەم، تشرینی دووەم، کانوونی دووەم.[٢]

---

(٢) ( ئەو مانگانە لە ساڵنامەی زایینی بەدوای یەکدا بەم شێوەیەن: جانیوەری، فبریوەری، مارچ، ئێپریل، مەی، جوون، جولای، ئۆگۆست، سێپتامبەر، ئۆکتۆبەر، نۆڤامبەر و دیسامبەر. زەبیحوڵڵا)

بەڵگەنامەی تر کە کەوتوونەتە بەردەست و خۆشەویستی کوروش لەناو خەڵکی بابل دەسەلمێنێت، ناوی (خۆشەویستی ئەزاگیل) بوو کە بابلییەکان بۆ کوروشیان دیاریکرد، ئەزاگیل ناوی پەرستگای مەردۆك خوای گەورەی بابلییەکان بوو و دەیان بەڵگەنامەی مێژوویی لە ژێر خاکەوە دەرهێندراون کە ئەو دوو وشەیان لەسەر نووسراوە. بەڵگەنامەیەکی تر بەردەست کەوتووە کە لە سەری نووسراوە: (کوروش بەردەوام دەڵێت مەردۆك منی کردووتە پاشای بابل.)

ئەو بەڵگەنامەیە دەرخەری رێزی زۆری کوروشە بۆ خوای بابل، تا ئەو ڕادەیە کە خۆی بە هەڵبژێردراوی ئەو خودایە زانیوە و ئایا ناکرێت بگوترێت کە کوروش لە بنەچەدا یەکتا پەرستی بە یەك زانیوە و پێی وابووە کە نەتەوەکانی جیهان یەك خودا دەپەرستن و تەنها ناوەکانیان لەیەکتری جیاوازە و بۆ پرستینیشی کەرەستەی جۆراوجۆر بەکار دەهێنن. ئایە ئەو بەو هۆیەوە رێزی لە تەواوی ئایینەکان دەگرت کە سەرچاوەی هەموویانی بەیەك دەزانی؟

وەڵامی ئەو پرسیارە نازانین، بەڵام بە زانینی خۆمان دەڵێین کاتێك کە مەزدا پەرستێکی ڕاستگۆ دەڵێت من لە لایەن مەردۆکەوە دانراوم، پێویستییەکەی بریتییە لە بەیەك زانینی سەرچاوەی هەموو ئایینەکان و تەنها رێگەکانی پەرستینی جودا بووە.

کوروش لە رۆژانی سەرەتای پاشایەتی لە بابل، بۆ گەورەیی خودایانی بابل زۆری خەرج کرد و بۆ نموونە پەرستگای وێرانی عشتار (خوای مێیینە)ی لە شاری (ئورەك یا ئوراك) لە سەر خەرجی خۆی نۆژەن کردەوە. ئورەك شارێك بوو لە کەناری رووباری دیجلە و لە نێوانی هەردوو شاری بەغداد و بەسرای ئێستا.

هەڵچوونی رووباری دیجلە بەشێك لەو شارە و لەوانەش پەرستگای خودای مێینە (عشتاری) وێرانکردبوو و نەبۆنید ئەوی ئاوەدان کردەوە.

ئەوکات لە پازارگادی پایتەختی فارسدا، کوروش کۆشکەکی بۆ خۆی بینادەکرد و دەستەیەك لە بیناسازان و بەردتاش و دارتاش و مسگەر و ئاسنگەرەکان لەوێ سەرگەرمی کار بوون، بۆیە کوروش فەرمانیکرد تا دەستەیەك لەوان بێنە بابل بۆ دروستکردنی پەرستگای عشتار لە شاری ئورەك و هەروەها فەرمانیکرد تا بۆ داپۆشینی سەربانی ئەو بینایە، لە وڵاتی لوبنان قەدی دارەکانی (سەدر) و لە باشووری هەخامەنشییش بەردی مەرمەر بێننە بابل بۆ هەمان مەبەست، گەزنەفۆن دەڵێت تێچووی پەرستگای عشتار کە لە شاری ئورەك بینا دەکرا زیاتر بوو لە تێچووی کۆشکی کوروش کە لە پازارگاد دروست دەکرا.

مێژووی چوونی کوروش بۆ بابل بە پێی وتەکان، یەکساڵ جیاوازی هەیە و هەندێك ئەو بەرواره بە (٥٣٩ پ. ز) و هەندێکی تر بە (٥٣٨ پ. ز) دیاری دەکەن و بە باوەڕی کۆنەکان، ئەو جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی دروستبوونی زەوی.

بە پێی گێڕانەوەیەك کوروش لە ساڵی (٣٤٦٦) و هەندێکی تر ساڵی (٣٤٦٥) لە دوای دروستبوونی زەوی هاتۆتە بابل و دیارە کە ئەو جیاوازییە کاریگەری لە سەر ساڵی پێش زایینی مەسیح هەیە.

کوروش لە یەکەمین ساڵی چوونی بۆ بابل و دوای وەرزی زستان و لە یەکەم رۆژی بەهاردا رێورەسمی (تاج) لە سەر کردنی خۆی سازکرد. باسی تاج دانانی کوروش لە بابل لە درێژترینی باسەکانی تاج دانانە کە لە مێژووی جیهاندا نووسراوە، نووسەرەکەشی گەزنەفۆنی سەردار و پیاوی سیاسەت، فەلسەفە و مێژوونووس.

مێژوونووسی فەرەنسی سەدەی ڕابردووی (لوویس مادلین) کە لە فەرەنسا و ئەورووپا ناسرا بە مێژوونووسی (ناپلیۆن) بە هۆی ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ناپلیۆن هەیبووە، هەڵی نووسینەوەی شێوەی تاج دانانی ئەو بنووسێتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نووسینەوەی ئەو لە بارەی ناپلیۆن ناگاتە نووسینی گەزنەفۆن لە بارەی مراسیمەکەی کوروش.رۆژی تاج دانانی کوروش لە بابل لە روانگەیەکی ترەوەش گرنگە کە بریتییە لە رۆژی ڕاگەیاندنی (بلاوکراوەی ئازادی مروڤ) و کوروش دوای ئەوەی بە دەستی خۆی تاجی خستە سەر خۆی، ئەو بلاوکراوەی ڕاگەیاند و گەزنەفۆن لە نووسینی خۆیدا باسی لێوە کردووە بەبێ ئەوەی ناوەرۆکی باس بکات.

ئەو دەقە تا ئەو کۆتاییانە نەزاندراو بوو و بەڵگەنامەیەك نەبوو کە ئەو دەقە بداتە دەست، تا ئەو کاتەی لە میزۆپۆتامیا کەوتنە هەڵکەندنی زەوی و لە داروخاوەکانی شاری کۆنی (ئوور) کەتیبەیەکیان بەردەست کەوت کە دوای وەرگێران دەرکەوت کە (بلاوکراوەی ئازادی جۆری مرۆڤە) کە لە لایەن کوروشەوە لە رۆژی تاج دانانی لە بابل ڕاگەیاندرابوو و ئێستا لە کتێبخانەی نیشتیمانی بەریتانیایە و ئەگەر بڵێین یەکێکە لە پڕ بەهاترین بەڵگەنامەکانی جیهان، زیادەڕۆییمان نەکردووە.

لەو بەڵگەنامە مێژووییەدا کوروش، دوای ئەوەی کە خۆی ناساند و ناوی باب و باپیر و باپیرە گەورەی خۆی وت، وتی کە وێرای ئەوەی پاشای هەخامەنشی و بابلە، پاشای لایەنەکانی چواریە و بەم شێوە دەدوێت:

"ئێستا کە بە یارمەتی مەزدا ڕێورەسمی تاج دانان لە سەرم بۆ پاشایەتی هەخامەنشی و بابل و وڵاتانی چواری بەڕێوەدەبەم، ڕایدەگەیێنم کە تا ئەو ڕۆژەی زیندووم و مەزدا پاشایەتیم سەرکەوتوو دەکات، دین و ئایین و نەریتەکانی ئەو نەتەوانەی کە پاشایانم بە ڕێز دەنرخێنم و ناهێڵم کە دەسەڵاتدار و ژێردەستەکانم، دین و ئایین و نەریتەکانی ئەو گەلانە کە من پاشایانم و یان گەلانی تر بە بچووك بزانن یا بێ ڕێزیان بەرانبەر بکەن.

من لە ئەمرۆوە کە تاج لە سەر دەکەم و تا ئەو ڕۆژەی کە زیندووم و مەزدا پاشایەتیم سەرکەوتوو دەکات، هیچ کات پاشایەتی خۆم بە سەر هیچ نەتەوەیەکدا ناسەپێنم و نەتەوەکان ئازادن کە من بە پاشا پەسەند بکەن یا نەکەن و هەرکاتێکیش کە منیان نەوێت، پەنا نابەم بۆ جەنگ لە دژیان.

تا ئەو ڕۆژەی کە من پاشای هەخامەنشی و بابل و وڵاتانی چواریم، ڕێگە نادەم کە کەس ستەم لە یەکێکی تر بکات و ئەگەر کەسێك ستەمی لێکرا، ئەوا من مافی ئەو وەردەگرم و پێی دەدەمەوە و ستەمکار سزا دەدەم، من تا ئەو ڕۆژەی کە پاشام ڕێگە نادەم کە مۆلکی گوێزراوە و نەگوێزراوەی یەکی تر بە زۆر یا بە شێوەی تری بەدەر لە دانی بەهاکەی بەدەست بێنم. من تا ئەو ڕۆژەی کە زیندووم ڕێگە نادەم کە کەسێك بیگار بە یەکی تر بکات و بە بێ پێدانی مافەکەی کاری پێبکات.

من ئەمرۆ ڕایدەگەیێنم کە هەموو کەس ئازادە کە هەر ئایینێك کە دەیەوێت هەیبێت و لە هەر کوێ کە دەیەوێت بژیات، بەو مەرجەی لەوێ مافی کەس داگیرنەکات. هەر پیشەیەك کە پێی خۆشە بکات و چوونی دەیەوێت ئاوا ماڵی خۆی خەرج بکات، بەو مەرجە کە زیان بە کەس نەگەیێنێت.

من ڕایدەگەیێنم کە هەر کەس بەرانبەر بە کردەوەکانی خۆی بەرپرسە و نابێت کەس بە بۆنەی کردەوەی یەك لە خزمەکانی سزا بدرێت و سزای برای کەسی تاوانکا و بە پێچەوانەوە بە گشتی قەدەغەیە. ئەگەر تاکێکی بنەماڵەیەك یان تایەفەیەك دووچاری هەڵە بوو، تەنها ئەو تاکە سزا دەدرێت نەك خەڵکی تر.

من تا ئەو ڕۆژەی کە بە یارمەتی مەزدا پاشایەتی دەکەم ڕێگە نادەم کە ژن و پیاوان وەك کەنیزەك و کۆیلە بفرۆشترێن و دەسەڵاتداران و ژێردەستانی من لە سنووری دەسەڵاتیاندا بەرپرسن لە ڕێگەگرتن لە کرین و فرۆشتنی ژن و پیاوان وەك کەنیزەك و کۆیلە و نەریتی کۆیلە

بوون دەبێت بە تەواوەتی لە جیهان نەمێنێت و لە مەزدا خوازیارم کە یارمەتیم بدات بۆ ئەو بەڵێنانەی بەرانبەر بە نەتەوەکانی هەخامەنشی و بابل و نەتەوەکانی چواری لە ئەستۆم گرتوون."

دەبێت دانی پیا بنێین کە ئەو بەخششەی ئازادی یا بلاوکراوەی ئازادی کە کوروش لە رۆژی تاج دانان لە بابل ڕایگەیاند، لە ڕاگەیاندراوی مافی مرۆڤ کە شۆرشگێرە فەرەنساییەکان لە پەرلەمانی ئەو ولاتە بڕیاریان لەسەردا گەورەترە. ڕاگەیاندراوی مافی مرۆڤ لە روانگەی وشەو و دارشتنەوە زۆر بەرچاوە، بەلاّم بلاوکراوەی ئازادی پاشای هەخامەنشی کە (٢٣) سەدە بەر لە مافی مرۆڤی پەرلەمانی فەرەنساوە دەرچووە مەعنەویەتی مرۆیی زیاتری هەیە.

هێشتا نەریتی کرین و فرۆشتنی کۆیلە لە جیهان بنبڕ نەبووە و لە هەندێ شوێن ئەو کارە دەکرێت، بەلاّم کوروش (٢٥) سەدە پێش ئەو نەریتەی پرۆتستۆ و قەدەغە کرد. لە بەخششی ئازادی کوروشدا هەموو نەتەوەیەك مافی هەیە کێی دەیەوێت بیکاتە پاشا و ئەگەر کوروشیان نەوێت مافی دەسەلاّتداری بە سەریانەوەی نابێت.

ئەگەر بەراوردی نێوان ئەو بلاّوکراوە و (ڕاگەیەندراوی مافی مرۆڤی فەرەنسا) و (جاڕی گەردوونەیی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان)بکەین، ئەوەی کوروش بە بۆنەی ڕاستگۆیی و کۆنی و وەلانانی نەریتە پوچەکانی جیهانی کۆن، پڕ بەهاتر و بەنرختر دەردەکەوێت.

کوروش بە بلاوکردنەوەی ئەو ڕاگەیێندراوە و کارکردن پێی، تا ئەو رۆژەی زیندووبوو لە سەرکێشی و ڕاپەرینی گەلانی ژێر دەسەلاّتی دووچاری ناراحەتی نەهات، چونکە ئەو و دەسەلاّتدارانی ژێر دەستی، هیچ کارێکیان نەکرد زەرەر لە باوەڕە ئایینی و نەتەوەیی و مافەکانی خەڵك بدات، لە ئاکام هۆکارێك بۆ ناڕازی بوونی خەڵك و ڕاپەرین یان نەبوو، ئەو دەسەلاّتدار و پاشایانەی بە هۆی کوروش لە دەسەلاّت لادرا بوون، بەڵگەیان بۆ هاندانی خەڵك لە دژی کوروش دەست نەدەکەوت. کوروش دوای گرتنی بابل خەڵکی شارەکەی لە باجی دوو ساڵ بەخشی و لە ساڵی سێیەمەوە نیوەی باجەکەی بۆ باجبەخشەکان تەرخانکرد و لە ئەوانیش نیو ئەوەندەی وەردەگرت کە پێشتر لە سەردەمی نەبۆنید دەیانبەخشی.

لە نێوان ئەو نەتەوانەی کە بوونە بەردەستی کوروش هەموویان ڕەزامەندیان هەبوو، تەنها یەهودییەکان نەبێت کە بە هۆی پشتیوانیان لە کوروش، دەیانەویست کە ئەو خەلکی بابل بە پاساوی ئەوەی ئەوانیان بە ئەسیر گرت و هێنایانن بۆ بابل و کردیانن بە کۆیلە، بکوژێت. بەلاّم

کوروش بە پێی نەریتی خۆی لە گەڵ بابلییەکان بە میهرەبانییەوە هەڵسوکەوتی کرد و ئەوانی لە دانی باج بۆ دوو ساڵ بەخشی و ڕێزی لە گەورە و خواکانیان گرت.

کاتێك کاهینی گەورەی پەرستگای مەردۆك کە گەورەترین کەسایەتی ئایینی بابل بوو دەهاتە دانیشتنی کوروش، کوروش لەبەری هەڵدەستا و لە لای ڕاستی خۆی دادەنیشاند. بەڵام نەبۆنیدی پاشای پێشووی بابل ڕێی بەو کاهینە نەدەدا کە دابنیشێت و ئەمەش وێڕای ئەوەی کە ئەو دووەم کەسی گەورەی ئەو وڵاتە بوو و لە دوای پاشا هەژمار دەکرا.

یەهودییەکان لە ڕۆژی گیرانی بابلەوە ئازاد کران و کوروش دوای دەست بەسەرداگرتنی خزێنەی نەبۆنید، ئەوانی لە خاوەنەکانیان کریەوە و ئازادی کردن و بەم شێوەیە کۆیلەکانیش ئازاد بوون و خاوەنەکانیشیان مافی خۆیان وەرگرت. بەڵام یەهودییەکان دەیانەویست کە تۆڵە لە بابلییەکان بکەنەوە و داوایان لە کوروش کرد: (سەد هەزار کەس لە بابلییەکان وەك تووڵەی ئەو کۆیلانەی لە بابل مردوون، بکوژن.)

کوروش وتی: (مۆڵەتی ئەوە نادەم، چونکە بابل لەمەودوا یەك لە وڵاتەکانی منە و لە سەر منە دادپەروەری تێدا بکەم، هەرکەسێك تاکێکی بابلی بکوژێت دەبێت بکوژرێتەوە.)

یەهودییەکان وتیان: (کەواتە ڕێگەمان بدە تا بەشێك لە مۆڵك وماڵی بابلییەکان ببێتە هی ئێمە، چونکە بەشێکی بە ماندوو بوونی ئێمە و باوانەکانمان هاتۆتە دەست و ئێمە ڕەنج و سەختیمان بینیوە و کۆیلە بووین تا ئەوان دەوڵەمەند بن.)

کوروش ئەو پێشنیارەشی ڕەتکردەوە و وتی: (ڕێگە بەو کارە نادەم، هەرچەندە ئێوە ڕەنجتان بۆ کێشاون. بەڵام کاری ئێوە بە تەواوەتی بۆ ئەوان بە خۆڕایی نەبووە، خۆم لە شوێنی خزێنەی دەستکەوتە جەنگییەکانی بابل و خزینەی نەبۆنید زێرتان پێ دەبەخشم تا ژیانتان ئاسان بێت.)

دواتر کوروش ئەو بەڵێنەی بە (زۆرۆبێڵ) سەرپەرەشتیاری کۆنی پەرستگای یەهودییەکان لە ئۆرشەلیمی دابوو، بۆ ئەوان گێڕایەوە و وتی: (من بەڵێنم بەو پیاو چاکە دابوو دوای گرتنی بابل، یەهودییەکان ئازاد بکەم و یارمەتیان بدەم تا ئەو پەرستگایەی (بخت النصر) وێرانی کرد بوو سەرلە نوێ بینا بکەنەوە، بەڵام ئێوە کەمێك خۆبگرن تا من لەشکرێك بنێرم بۆ ئۆرشەلیم بۆ یارمەتی دانتان، چونکە ئەوان ڕێگەتان نادەن بچنە ئەوێ بە بێ پاڵپشتی لەشکری من.)

لە سەردەمی کوروش ئەو بەشەی خاکی فەلەستین کە ئۆرشەلیمی لێ بوو، بە (یۆدە) دەناسرا و پاشاکەی ناوی (شش بت سەر) بوو، ئەو پاشایە نەفرەتی لە یەهودییەکان بوو و

ڕێگەی بە ئەوان نەدەدا بگەڕێنەوە بۆ (یۆدە) و پەرستگا لە ئۆرشەلیم ساز بکەن. وەك لە تەوراتدا هاتووە (پەرمیا) لە لاواندنەوەکانیدا باسی (شش بت سەر) دەکات، بێ ئەوەی ناوی بێنێت و بە لاوك وتن دەڵێت: ( لە یۆدە پاشایەك هەیە دوژمنی یەهودە و ناهێڵێت ئەوان بۆ یۆدە و ئۆرشەلیم بگەڕێنەوە.)

کوروش ئەو بابەتەی دەزانی، بۆیە لەشکرێکی نارد و بە فەرماندەکەی وت من هیچ کێشەم لە گەڵ پاشای یۆدە نییە و تەنها دەمەوێت رەزامەند بێت بۆ گەرانەوەی یەهودییەکان بۆ ئۆرشەلیم، تا ئەوان بتوانن پەرستگایەك بۆ خۆیان دروست بکەنەوە.

کاتێك لەشکری هەخامەنشی گەیشتە یودە، (شش بت سەر) ئاگادار بوو لەوەی بابل توانای بەرگری لە بەرانبەر پاشای هەخامەنشی نەبووە، پەسەندی کرد و فەرماندەی لەشکرەکەی بردە کۆشکەکەی خۆی و پێی وت: (تا ئەو رۆژەی لەشکری هەخامەنشی لێرە بێت دەبێت میوانی من بیت.)

کاتێك (میترى داتس) فەرماندەی لەشکری هەخامەنشی لە یۆدە ڕایگەیاند پاشای ئەوێ ئامادەیە بۆ وەرگرتنەوەی یەهودییەکان، کوروش لە رێگەی فەرماندەی لەشکرەکەی پەیامی بۆ پاشای یۆدە نارد کە بڕیاریداوە پاشایەتی یۆدە بداتە دەست یەکێك لە یەهودییەکان و ئەو پەیامە بەرلە گەیشتنی یەهودییەکان بۆ یۆدە و ئۆرشەلیم بە تۆ ڕادەگەیێنم تا وابیر نەکەیەوە من فێڵم لێکردووی. چونکە پێش هێرشی (بخت النصر) بۆ ئەوێ، یەهودییەکان لەوێ دەسەڵاتدار بوونە، ئەگەر فەرمانم بە وازهێنان لەو پاشایەتییە جێبەجێ بکەن، کارێکت بۆ دیاری دەکەم هاوتەبای کاری ئێستات.

(شش بت سەر) فەرمانەکەی بەجێ هێنا و وتی ئامادەیە ئەو دەست لە دەسەڵاتەکەی هەڵبگرێت بۆ هەر کەسێك کە کوروش دیاری دەکات.

دوای ئەوە کوروش بە یەهودییەکانی وت: (ئێستا دەتوانن بە ئارەزووی خۆتان بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەتان و من کەستان ناچارناکەم بۆ ئەوکارە و ئەوەی کە دەیەوێت لە بابل بێت، دەتوانێت لێرە بمێنێتەوە.)

ئازاد کردنی کۆیلە یەهودییەکان لە لایەن کوروش و ناردنەوەیان بۆ یۆدە و ئۆرشەلیم بە پاداشتی مادییەوە لە لایەن پاشای هەخامەنشی، بەختەوەرترین قۆناغ و رووداوە کە لە ماوەی (٢٥) سەدەدا بۆ ئەوان هاتۆتە کایەوە و هیچ یەهودییەك ئەو کارەی لە ماوەی ئەو

(٢٥) سەدەیە بیر نەچۆتەوە و درێژەی باسەکە لە بەڵگەنامە ئایینییەکانی یەهودییەکان و تا ڕادەیەکیش لە تەوراتدا هاتووە.

دوای ئەوەی کوروش یەهودییەکانی سەرپشك کرد لە چوون یا نەچوونەوەیان بۆ یۆدە و ئۆرشەلیم، هەندێك لە ئەوان کە ماڵ و منداڵ و بەرژەوەندیان بۆ دروست ببوو، زانیان ئەگەر کۆچ بکەن دەبێت دەستهەڵگری ژیانی ئاساییان بن لە بابل و نازاندرێت کە لە یۆدە چیان بەسەر دێت، بۆیە لەئەوێ مانەوە و ئەوە لە کاتێکدا بوو کە کوروش ئامادەیی هەبوو کە یارمەتی تەواوی ئەو کەسانە بدات کە دەگەڕێنەوە و تەنانەت ئامادەبوو تێچووی بیناکردنەوەی پەرستگای هیکەلیش بدات.

نەخشەی ئەو پەرستگایەی کوروش لەسەر ئەرکی خۆی بۆ یەهودییەکانی دانا، ماوە و وێنەی پەرستگاکە کە لە سەر نەخشەکە وەرگیراوەتەوە، لە پەرتووکی تەوراتدا چاپکراوەتەوە و کاتێك بینەر پەرستگاکە دەبینێت لەو شکۆیەی هەیەتی دووچاری سەرسوڕمان دەبێت و بە ڕادەیەك بناغە و ستونەکانی بەهێز بوون کە ماوەی پێنج سەدە مایەوە و ئەگەر ڕۆمەکان وێرانیان نەکردبایە[٣] خەڵکی ئێستا دەیانتوانی ئەو کارە دیارەی وەستا هەخامەنشییەکانی باستان ببینن.

---

(٣) ( پێویست بە وەبیر هێنانەوە دەکات کە **ئیمپراتۆرەکانی ڕۆم بە هۆی دوژمنکاریان بۆ ئۆرشەلیم دوای وێرانکردنی ئەو شارە، یەهودییەکانیان دەرکرد و ئەوانیش لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسپانیا بڵاوبوونەوە، یەهودییە ڕاستەقینەکان (نەوەکانی ئیسرائیل) هەر ئەوانەن کە لەگەڵ یەهودییەکانی ڕۆژهەڵات و یەهودییەکانی سۆڤیەتی پێشوو هیچ پەیوەندییەکی نەتەوەیی و نەژادیان نییە. یەهودییەکانی ڕۆژهەڵات پاشماوەی نەتەوەی خەزەرن، خەزەریەکان لە سەدەی دووەمی پێش زایین لە سەرووی قەفقاز حکومەتێکیان پێکهێنا و بۆونە هێزێکی گەورە و زۆر ناوچەیان داگیرکرد و لەگەڵ هەخامەنشییەکان و ڕۆمە بیزەنتییەکان و موسوڵمانەکان و نەتەوەکانی تر جەنگ و پێکدادانیان هەبووە**

**ئەوان دوای هاتنی دەسەڵاتی ئیسلام و لە روانگەی بۆچوونی خۆیان کە پێیانوابوو لە ژێر هەرەشەی ڕۆمی بیزەنتی و خەلافەی ئیسلامین لە بەغداد، بە ویستی خۆیان پەیرەویان لە پاشاکانی یەهود هەڵبژارد و هەر ئەوانیش دوای پارچە بوونی دەوڵەتی خەزەری و لە سەدەی نۆیەمی زایینی، ناچاربوون لەو وڵاتانەی پێشتر جەنگیان لە گەڵ کردبوون، واتە ڕۆسیە، بولغارستان، لەهستان، مەجارستان، وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتی ئەمرۆ و تەنانەت ئاڵمان و فەرانسە و بەریتانیادا بلاوببنەوە و لەوێ بکەونە ژیان و کاریان.**

**بەم پێیە هیچ پەیوەندییەکی رەگەزی و نەتەوەیی لە نێوان یەهودییەکانی ڕۆژهەڵات و یەهودییەکانی فەلەستینی کۆن نییە کە لە ساڵی (٧٠ ز) لە ئەوێ دەرکراون، تەنها هەموویان یەهودین و دەوڵەتی ئیسرائیل دەیەوێت هەموویان بچنە ئیسرائیل و ئەمەش بەرنامەیەکی سیاسیە و لەسەر بنەمای ستراتیژی درێژخایەنی صەهیۆنی لە کۆنگرەی (باڵ) لە سوئیس بڕیاری لێدرا، هێرتزێل بە دوای نیشتیمانی نەتەوەی یەهوددا دەگەڕا و لە بنەماکانی بەرنامەکەیدا یەهودییەکانی ڕۆژهەڵاتی لەبەر چاو گرتبوو و بە کردەوەش**

ئەو پەرستگایە بە بالەخانەی بەرز و حەوشە پان و بەرینەکانی و ڕازاندنەوەی بە زێر و زیو و عاج و مەرمەر و ... هتد ئەوەندە بە شکۆ و سەرەنج ڕاکێش بوو کە هیچ کام لە کۆشك و کەلێساکانی ڕۆژئاوا لە شکۆدا ناگەنە ئەو و هەر لەو پەرستگایەدا بوو کە حزرەتی عیسا بەر لە ئەوەی لە خاچ بدرێت دوایین جەژنی (فصحی) کرد (یا چەند ڕۆژێك بەر لە فصح چووتە ئەوێ) و هەر لەو پەرستگایە بوو کە برایانی (موخشەب) دوای ئەوەی ڕۆمییەکان دەستیان بەسەر یۆدە و ئۆرشەلیمدا گرت، بۆ ڕزگارکردنی یودە کۆششیان کرد و دواتر لە دژی ڕۆمەکان ڕاپەرین و ئەو جەنگەی ئەوان لە گەڵ ڕۆمەکان کردیان، لە مێژووی جیهاندا بەناو بانگە و لە سەر شورەکانی ئەو پەرستگایە بە زمانەکانی (فارسی، ئیلامی، بابلی و ئارامی) نووسرابوو (ئەو هەیکەلە لە سەر تێچووی پاشای هەخامەنشی و بابل و پاشای وڵاتانی چواری کە ڕزگاری بە یەهود بەخشی، دروستکراوە.)

هەندێك لە یەهودییەکان کە ماڵ و منداڵ و بەرژەوەندیان بۆ دروست ببوو ونەیاندەویست دەستهەڵگری ژیانی ئاساییان بن لە بابل و هەندێ لە (کەلیمییەکانی) ئێستای میزۆپۆتامیا لە رەگەزی ئەوانن. بەر لە جوولەی یەهودییەکان بۆ بابل، کوروش بە پرسی خودی یەهودییەکان بڕیاریدا کە نەوەی زۆرۆبێڵ ببێتە سەرپەرشتیاری یەهودییەکان و دوای گەیشتنیان بە یۆدە و ئۆرشەلیم، بۆوە پاشای ئەوێ. ئەو ڕۆژەی یەهودییەکان بۆ گەڕانەوە بۆ ئۆرشەلیم و یۆدە کەوتنەرێ، فرمێسکی خۆشی لە چاوەکانیان دەڕژا و بە کۆمەڵ سروودیان دەووت.

---

یەکەمین کۆچبەران بۆ فەلەستین یەهودییەکانی ڕۆژهەڵات بوون، ئەوان بوون کیبتسەکانیان پێکهێنا و حزبە سەهیۆنییەکانیان دروستکرد و دەوڵەتیان دامەزراند، بەرێوەبەرانی دەوڵەتیش هەر لە یەهودییە ڕۆژهەڵاتییەکانی دانیشتووی ئەورووپای ڕۆژهەڵات و وڵاتانی تری وەك ئەمریکا و هی تر هەڵبژێردراون.

بە هۆی ئەم جیاوازیانە یەهودییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا ناگەنە پۆستە کلیلییەکان و لەوێ هاووڵاتی پلە دوون، رەفتاری سەهیۆنییەکان لەگەڵ کۆچبەرە (یەمەنی، ئەفریقایی، ئێرانی و عێراقی و ... هتد) هەرای زۆریی لێکەوتووتەوە و نیشاندەری ئەو جیاکاریە ترسناکە رەگەز پەرەستانەیە، بۆیە پێویستە یەهودییەکان ڕۆژهەڵات و سەهیۆنییەکان وەك یەك هەژمار نەکرێن و بۆ ڕێگرتن لە جێبەجێ بوونی نەخشەی دامەزراندنی دەوڵەتی جوولەکە لە نیل تا فورات و ڕاگرتنی کۆچی ئەوان، بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتییەکان و ئەوانەی روسیا بەربەرەکانی ڕاستەقینە بکەین.

بۆ ناسینی زیاتری یەهودییە ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتییەکان پەرتووکی بەناوبانگی (خزەریەکان) لە نووسینی ئارتوور کستکێری یەهودی و براوەی خەڵاتی نۆبێل بخوێننەوە کە لە لایەن دەزگای چاپەمەنی خارەزمی چاپکراوە. زەبیحوڵڵا)

کوروش پێی وتن: ئەگەر هەموویان بەیەکەوە بەرێکەون، ئەوا بۆ بارەبوو و ئاو و خۆراك و ئالیکی ئاژەڵەکانیان دەکەونە کێشە و بۆیە باشترە لە گروپی بچووکدا بکەونە رێگا و بەم شێوەیە دوای گەیشتنیان بە ئاوەدانییە بچووکەکان و لادێکان، لەو بوارە ناکەونە تەنگەتاو.

یەهودییەکان وتەی کوروشیان لە گوێ گرت و کوروش لە گەڵ هەر دەستەیەك لە جوولەکەکان، هەندێ سەربازی نارد بۆ ئەوەی لە رێگا بیان پارێزن تا دەگەن بە یۆدە.

کاتێك یەهودییەکان گەیشتنە یۆدە، بینیان کە زەوییە کشتوکاڵییەکان و خانووەکانیان لە دەست خەڵکی ترە. چونکە دوای ئەوەی بخت النصر یەهودییەکانی لە یۆدە و ئۆرشەلیم بۆ بابل برد، زەوی و خانووەکانیان لە لایەن خەڵکی ترەوە داگیرکرابوون و کوروشیش بۆ گێرانەوەی زەوییەکان بۆیان، هەموویانی بە پارەی خۆی بۆیان کریەوە و بەم شێوەیە وەفای بە بەڵێنەکەی خۆی کرد.

دوای جێگیر بوونی یەهودییەکان لە ئەوێ، کاتی دروستکردنی پەرستگای هەیکەل هاتەوە.

یەهودییەکان دەیانەویست پەرستگا تازەکەیان وەك پەرستگای کۆنیان کە لە لایەن حزرەتی سلێمان بینا کرابوو، دروست بکرێتەوە و کوروش داواکەی جێبەجێ کردن، ئەو نەخشەی کردە بنەمای دروستکردنەوەی پەرستگاکە، بەڵام کەموکوریەکانیشی خستە بەرچاویان.

دروستکردنەوەی پەرستگاکە بیست و دووساڵی خایاند و لە سەردەمی دەسەڵاتداری داریوشی یەکەم کۆتایی هات و بۆیە هەندێك کەس وایان بیرکردووتەوە کە پەرستگای دووەم لە سەردەمی داریوشی یەکەمدا بینا کراوە.

وێلێ دیۆرانت لە پەرتووکی (مێژووی شارستانییەتی) دەڵێت: (کوروش بە مەبەستی هێرش بۆ میسر بەم شێوەیە یارمەتی یەهودییەکانیدا و گەڕاندینییەوە بۆ ئۆرشەلیم و یارمەتیدان بۆ دروستکردنی پەرستگای ئۆرشەلیم، هەروەها کوروش دەیزانی رێگەی هێرش بۆ میسر بە یۆدەدا دەروات و بۆیە ئۆمێدی وابوو لەو کارە یارمەتی بدەن.)

ئەگەر ئاواش بووبێت، لە بەهای ئازاد کردنی یەهودییەکان کەم نابێتەوە و هەرکەسێك لە هەر دەورەیەکی مێژوویدا یارمەتی نەتەوەیەکی دابێت، ئەوا کەوتووتە بەر خۆش ویستنی ئەو نەتەوەیە و ئەوانیش لە کاتی پێویستدا یارمەتیان داوەتەوە. بەڵام کوروش نەیتوانی بچێتە میسر و دوای ئەو کورەکەی بە ناوی (کەمبۆجییە) رۆیشت بۆ میسر و کاتێك کە لە میسر بوو، سەرۆکی ئەرکانی لەشکرەکەی ناوی داریوش بوو کە دوای کەمبۆجییە بۆوە پاشا.

# شوش پایتەختی هەخامەنشی

کاتێك کوروش بابلی گرت، هێشتا دروستکردنی شاری پازارگاد تەواو نەببوو و بۆیە پاشای ئێران شاری شوشی کردە پایتەخت.

زاندراوە پێش پاشایەتی هەخامەنشییەکان بەسەر هەموو ئێراندا، مادەکان دەسەلاٌتداری ئێران بوون و پایتەختی ئەوان هەکماتانە یا ئەکباتان واتە هەمەدانی ئێستا بوو و بەلاٌم یۆنانییەکان شاری شوشیان دەناسی و پێدەچوو پێش هاتنی ئەسکەندەر بۆ ئێران، ئاگاداری بوونی ئەکباتان نەبووبن. چونکە پێش ئەو کاتە ناوی ئەکباتان جگە لە پەرتووکی مێژوونووسان، لە پەرتووکی نووسەران و شاعێرەکانی یۆناندا نەدەدیترا و وەك ئەوەی نووسەر و شاعێرەکانی یۆنان نەیانزانیوە، کە ئەکباتان لە ئێران ناوەندێتی تەواوی هەیە و وایانزانیوە، کە شوش پایتەختی ئێران بووە.

رۆژهەلاٌت ناسی فەرەنسی و مێژووناسی بە ناوبانگی رۆژئاوایی (دارمێس تەتەر) لە سەدەی ڕابردوو، دەلێت لە زیاتر لە پێنج سەد دەقی ئەدەبی و شیعری و تراژیدی یۆنانی کۆندا ناوی شوشی پایتەختی ئێران دەدیترێت و دەنگبێژی بە ناو بانگی یۆنانی (ئەشیل) تراژیدی بەناو بانگی خۆی بە ناوی (پرسە) بە شێوەیەك دارشتووە کە ڕووداوەکانی لە شوش ڕوویداوە و خوێنەر لە خوێندنەوەیدا واهەست دەکات کە ئەشیل لە شوش بووە و تەواوی باڵەخانە و ڕێباز و شوێنە ناسراوەکانی ناسیوە.

سکرتێری تایبەتی ئەسکەندەر (ئێسترابوون) کە لە گەڵیدا هاتووە بۆ ئێران و پەرتووکی بەناوبانگی (گەشتنامەی) خۆی سەبارەت بە ئێران نووسیوە، دەلێت کە شاری شوش ئەوەندە کۆنە کە نازاندرێت لە چ کاتێکدا دروستکراوە و شوش لە بابل کۆنترە و هەروەها دەلێت

ئەوشارە لە لایەن (تی تۆن) بیناکراوە و بەڵام زانیاری سەبارەت بەو کەسە نادات و ناڵێت کە کەی ژیاوە.

پەیکەرتاشێکی یۆنانی بەناوی (پۆسیکلێت) کە شەش سەدە پێش بۆ بینینی جوانییەکانی ئەو شارە سەردانی شوشی کردبوو، گەشتنامەیەکی بۆ خۆی نووسیوەتەوە و دەڵێت لە دەورەی شاری شوش شورەێك هەیە بە درێژی دووسەد (ئەستاد) کە یەکەی پێوانی یۆنانییە و بەرانبەرە بە دووسەد مەتر و بەو پێوەرە درێژی ئەو شورەە نزیکەی چل کیلۆمەتر ب بووە.

زانایەکی یەهودی بە ناوی (ئێس دێر ئێس) کە چەند پەرتووکێکی لە دوای خۆی بە جێ هێشتووە و لە سەدەی پێنجەمی زایینی ژیاوە، نووسیویەتی: (شوش لە دە گەڕەك پێکهاتووە و هەر گەرەگێکیش پێنج شەقامی لە (باکوور و باشوور) و پێنج شەقامی لە (رۆژئاوا و رۆژهەڵاتی) تیێدا بووە و ئەندازەی شار ئەوەندە پوختە کە لە کاتی وەستان لە هەر شەقامێکی شار دەتواندرا لە دوو لاوە تا کۆتایی شار ببینی، لەو شارە باڵەخانەی سێ و چوار و پێنج نهۆمی زۆرە و دەوڵەمەندەکان لە نهۆمە بەرزەکان دەژیان، چونکە لە کاتی گەرمادا بای زۆرتر دەگرێتەوە و مرۆڤ فێنکتر دەبێت.

هەر ئەو زانایە دەڵێت: (کە شاری شوش ئاوەرۆی هەبووە و هەندێ لە دیمەنە ناشیرنەکانی لە بابل دەدیترا، لەو شارە نەدەدیترا و بوونی ئەو ئاوەڕۆیانە شارەکەی کرد بۆوە شارێکی خاوێن و جوان.) ئەو نووسراوە دەگەڕێتەوە بۆ پێنج سەدە پێش زایین و پاڵپشتە بۆ وتەی ئێمە لەبارەی بوونی ئاوەڕۆ لەوێ.[1]

---

(١) (لەو نووسراوە دەردەکەوێت کە دروستکردنی شەقامەکان بە شێوەی رێك و ئەندازەیی لە ئاراستەی باکوور بۆ باشوور و لە رۆژئاوا بۆ رۆژهەڵات، تایبەت بووە بە ئێران و لە ئەوێوە بۆ وڵاتانی تر گواستراوەتەوە. هەروەها بیناکردنی باڵەخانە چەند نهۆمییەکان کە دەگوترا کە سەرەتا رۆمییەکان ئەو کارەیان کردووە، لە دامەزراندنی ئێرانییەکان بووە و گەشتیارانی رۆژئاوایی کە لە سێ سەدە پێش سەفەری ئێرانیان کردووە، نووسیویانە کە بەندەری بوشەهر باڵەخانەی چەند نهۆمی لێ یە و ئەمەش لە کاتێکدا بووە کە لە سێ سەدە پێش پەیوەندی نەبووە لە نێوان ئێران و رۆژئاوا، تا لە ئەوانەوە ئەوە فێر بن و لە ئەوێش دروستکردنی باڵەخانە بەرزەکان بۆ سوود وەرگرتن بووە لە شنینەوەی با لە نهۆمە بەرزەکانی بیناکاندا. بە گریمانی زۆر باڵەخانە بەرزەکان کە گەشتیارانی ئەورووپی لە سەدەکانی ڕابردوو لە شاری بوشەهر بینیویانە، نموونەیەك بوونە لە شێوەی بیناسازی شاری شوش کە پاش (٢٢) سەدە لە ناو نەچوونە. زەبیحوڵڵا.)

بەداخەوە ئەو زانایە روونی ناکاتەوە ئاو بە چ ڕێگەیەك گەیاندراوەتە نهۆمە بەرزەکان، ئایا ئەوە لە ڕێگەی پەمپی ئاو بووە و یا بەرزی شوێنی سەرچاوەی ئاو سوودی لێوەرگیراوە بۆ ئەو بابەتە.

ئێسترا بوون دەڵێت: (لە شوش هیچ کەسم نەدیت جل و بەرگی پیسی لەبەر بێت و هۆکارەکەشی بوونی ئاوی زۆر بوو کە دەگەیشتە هەموو نهۆمەکانی باڵەخانەکان و خەڵك جەستە و جل و بەرگی خۆیان دەشوشت و بەردەوام خاوێن بوون.)

کوروش کاتێك ویستی شاری پازارگاد دروست بکات، نەخشەیەکی هاوچەشنی نەخشەی شاری شوشی خستەروو و دوای گرتنی شاری بابل، کەوتە پرۆژەی گەورەی خۆی لە شارسازی لە ئێران.

یۆنانییەکان ناوی (کۆرۆپۆلیس) یان بۆ ئەو شارانە دانا کە لە لایەن کوروشەوە دروستکران و بە دوور نازاندرێت کە لە زمانی فارسی (پەهلەوی ساسانی) ناوی ئەو شارانە بە (شهر کوروش) یا (کوروش شهر) هاتبێت و لە بەر قورسی بەکارهێنانی پیتی (ش) بۆ دووجار بەدوای یەکدا، بە (کوروشهر) ناوبراوە.

کوروش لە هەموو شارەکاندا ئاوەرۆی دروستکرد و لەوانەشە لەو شارانەی کە لە تواناداا بووبێت بە بۆڕی ئاو گەیاندرابێتە ماڵەکان، لەو شارانەی کە بە گریمانی زۆر لە سەر دەستی کوروش بینا کراون دەتوانین باسی (ئیسفەهان، یەزد، ڕێی لە نزیك تارانە و تووس) بکەین. زانایانی رۆسیا شوێنی دووشاری کوروپۆلیسیان دۆزیوەتەوە، بەڵام لە ئێستادا لەو شوێنانە ئاسەواریان نەماوە.

پێش کوروش باو بوو هەر شارێك دروست دەکرا ناوی ئەو پاشایەی لێدەنرا کە فەرمانی بە بیناکردنی دابوو و بەڵام ئەو نەریتە لە ئێران نەبوو و ئەو نەریتە لە لایەن کوروش دەستی پێ کرد و دوای ئەو لە لایەن ئەسکەندەر پەیرەوی کرا.

دوای ئەوەی کوروش فەرمانی بە بیناکردنی شاری شوش کرد، ئێرانی گەورە بۆوە خاوەنی سێ پایتەخت کە بریتی بوون لە: (شوش، ئەکباتان و بابل) و دوای تەواوبوونی شاری پازارگاد و گواستنەوەی پایتەخت بۆ ئەوێ، ئێران بوو بە خاوەنی چوار پایتەخت. ئەو شارە لە سەردەمی کەمبۆجییەی کوری کوروشیش هەر بە پایتەخت مایەوە، بەڵام دواتر داریوش کە بۆوە پاشا

بڕیاریدا که پایتەخت بگوازێتەوە و شاری (پێرس پۆلیس) بە فەرمانی ئەو دروستکرا، گوایە ئەو شارە ناوی لە فارسیدا (پارسۆ پالاس) بووە.[2]

دوای دروستکردنی شاری پازارگاد، کوروش لەوێش تاجی دانایە سەری و بەڵام بە پێچەوانەی مراسمی تایبەت بەو کارە لە بابل، لە پازارگاد هیچ زانیاری نەگەیشتووتە ئێمە و لەوانەیە مێژوونووسێکی وردی وەك گەزنەفۆن کە باسی مراسمی تاج دانانی بابلی کردووە، نەبوویێت تا ئەوەی پازارگاد بنووسێتەوە و بۆ سەردەمانی دوای خۆی جێ بهێڵێت.

بیناکانی شاری شوش هەر وەك بیناکانی بابل لە خشتەی سوورکراوە دروست دەکران و تەنها بناغەکانیان لە بەرد بوون، بۆیە هیچ ئاسەوارێکی بیناکانی شوش نەماوە. بەڵام لە بینا بەردینەکانی پازارگاد هەندێ ئاسەوار هەیە و لەوانەیە بە بەردەوامبوونی هەڵکەندنەکان، هەندێ ئاسەواری تریش دەست کەون. ئەمڕۆ ئەو کەسەی داروخاوەکانی شوش ببینێت ناتوانێت پەسەندی بکات کە شوش لە سەردەمی کوروش ناوەندی شوشستان و بەر لە ئەویش بەهەشتی سەر زەوی بووە.

ئێستا لەوێ جگە لە تەپۆلکەکان چیتر نادیترێت و بۆ هەر لایەك بڕوانی تەنها بیابانێکی وشکە و هەندێ کات لە دوورەوە سەراویلکە دەبیندرێت و لەو ناوچەیە کانی، رووبار و دەریاچە نییە.

بەڵام ئەو بیابانانەی ئێستا وشك و بێ کەڵکن بۆ کشتوکاڵ، لە سەردەمی کوروش هەمووی کێڵگە، بێشەڵان، باغ و لەوەرگە بوو و وەك ئێسترابوون دەڵێت: دووسەدە و هەندێك دوای کوروش و کاتی هاتنی ئەسکەندەر بۆ شوشستان، لەشکرەکەی بۆ ماوەی حەوت رۆژ بە ژێر سێبەری دارەکانی ئەوێدا تێپەڕبوون و لە کاتێکدا کە ئێستا تاقە دارێکی لێ نییە. هۆکەی چ بوو شوشستانی بەهەشتی سەر زەوی ئاوەهای لێهات؟ هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕان لە باری سروشتی ئەو ناوچەیە.

لە کۆندا تەواوی ئەو رووبارانەی بە شوشستاندا دەڕۆیشتن، بە جیا تێکەڵ بە دەریا دەبوونەوە بە بێ ئەوەی کە تێکەڵ بە یەکتری بن و هەریەکەشیان لە ڕێڕەویدا بەرەو دەریا زۆر

(٢) (وشەی پالاس بە مانای کۆشك دێت و بە مانای شاریش دێت، ئێمە وادەزانین وشەیەکی ئەوروپییە و هاتۆتە ناو زمانی فارسی، بەڵام وشەیەکی فارسیە و وەك سەدان وشەی تر لە سەردەمانی کۆن لە ئێرانەوە چووتە ئەورووپا و تێکەڵ بە زمانە ئەورووپییەکان بووە، زەبیحوڵڵا.)

هەندێ نیشتن بەجێ دەهێشت و زەوی شوشستان (خوزستانی ئێستا) لە پاشماوەکانی ئەو رووبارانە پێکهاتووە، هەروەك چوون زەوی (گیلان) لە نیشتنەکانی (سفید روود) پێکهاتووە. چونکە زەوی شوشستان لە نیشتنییەکانی رووبارەکان پێکهات و ئەوانیش رێژەیەکی زۆر کانزایان تێدابوو کە بۆ رووانی رووەکەکان زۆر بە سوودن.

زەوی شوشستان بە ڕادەیەك ئامادەیی کشتوکاڵی هەبوو کە لە سەردەمی کوروش و پاشاکانی تر و تا هاتنی عەرەب بۆ ئێران، بە وتەی مێژوونووسانی یۆنانی لەو ناوچەیە ساڵانە سێ جار گەنم دەچاندرا. توانای جوتیارانی شوشستان، زۆر زیاتر بووە لە ناوچەی نیل لە میسر و ناوچەی جاوا لە ئەندۆنێزیا.

هەندێ لە جۆرەکانی دار کە لە ناوچەکانی تر لە ساڵی پێنجەم یا شەشەمی تەمەنیان بەریان دەگرت، لەو ناوچەیە لە کۆتایی ساڵی دووەمدا بەریان دەگرت. ئێستاش هەر لەو ناوچەیە، زەوی هەمان ئامادەیی هەیە بەو مەرجەی ئاو دەست کەوێت و بەڵگەشمان بوونی کێڵگەکانی قامیشی شەکرە کە ئێستا لە خوزستان هەیە و لە کاتی بینینیان، بینەر هەست دەکات جەنگەڵێکی بینیوە کە دارەکانی سەریان بۆ ئاسمان بەرز کردووتەوە.

لە سەردەمی کوروش ئاوی هەموو ئەو رووبارانەی بە شوشستاندا دەڕۆیشتن و بە جیا دەگەیشتنە دەریا، ئاوەکەیان دەکەوتە سەر دوو کەناری دەریا و دانیشتوانی هەر ناوچەیەکی کشتوکاڵی دەیانتوانی جۆگایەك ئاو لە رووبارەکانەوە بۆ ئاودانی زەوییەکانیان ڕابکێشن. هێشتا نیشتنەکانی ئەو رووبارانە بەشێك لە کەنداوی فارسی پڕ نەکردبۆوە و وشکانی بەرەو پێش نەچووبوون و شارەکانی ئێستا بە ناوی (بەندەری شاپوور، ماه شەهر و بەسرە) دروست نەببوون و شوینی ئەوان هێشتا دەریا بوو.

شوش پایتەختی کوروش نزیك بووە لە دەریا و دانیشتوانی شوش بۆ ڕازاندنەوەی ماڵیان سوودیان لە سەدەفە دەریاییەکان دەدیت و (دیۆلافوا) رۆژهەڵاتناسی فەرەنسی و ژنەکەی کە ئەویش رۆژهەڵاتناس بوو، لە سەردەمی ناسرەدین شا هەستا بە هەڵکەندنی تەپۆلکەکانی شوش و هەندێ لەو سەدەفانەی دەستکەوت. ئەوکات ئەوەند مەر و ماڵات لە شوش هەبوون کە بە وتەی ئێسترابوون لە ژومار نەدەهاتن.

شوشستان بە تەنیا بەرهەمی شکری هەموو جیهانی وەبەر دەهێنا و نەتەوەکانی هەموو جیهان شکری شوشیان بەکار دەهێنا و بۆیە لە تەواوی زمانەکانی دونیا، ناوی شکر لە نەتەوەکانی ئێران فێربوون و تەنانەت عەرەبیش هەر ئەو ناوەیان وەرگرتووە و گۆڕیویانە.

ئەوەندە باڵندەی جوان و ڕەنگاوڕەنگی، هەر لە تووتی و تاووس و مریشکی خۆشەویستی تا جۆرەکانی باڵندە دەریاییەکان و جۆرەکانی دۆرنا و مریشکەکانی (سەقا) لە شوشستان هەبوو کە سەربازانی ئەسکەندەر لە کاتی هاتنیان بۆ ئەوێ وایان هەست دەکرد کە هاتوونەتە بەهەشت، چونکە بیستبوویان کە لە بەهەشت جگە لە بابەتە سەرنجڕاکێشەکانی تر، زۆر جۆری باڵندەی لێیە.

ئێستا وێرانەکانی شوش نزیکەی (٢٥٠) کیلۆمەتر لە کەنداوی فارسەوە دوورن، بەڵام ئەوکات ئەهوازی ئێستا لە کەناری کەنداو بووە و شوشیش بە ڕادەی ئەو لە دەریا دوور بووە. شوشستان تەنها ناوچەیەکی کشتوکاڵی و پەروەردەی ئاژەڵ و باغداری نەبوو، بەڵکو ناوچەیەکی بێ هاوتا بوو لە وەبەرهێنانی گوڵ و هیچ جوتیار و باغدارێك نەبوو کە گوڵ نەچێنێت.

هەموو رووبارەکانی بە شوشستاندا تێپەڕدەبوون، کەڵکی ئەوەیان هەبوو کە کەشتی پێدا بڕوات و کەشتییەکانی رووبار لە ناویدا دەجووڵان و بە هۆی بەهێزبوونی کشتوکاڵ و زۆری بەرهەمی شکر لە ئەوێ، ئەو ناوچەیە ببوو بە گەورەترین ناوچەی بازرگانی رۆژهەڵات لە جیهانی کۆن. کەواتە جێی سەرسوڕمان نییە کە نەتەوەکانی تر چاو ببڕنە ئەوێ و نەتەوەکانی رۆژئاوای ئەوێ ویستی هێرش بردنە سەری بکەن و ئەو ناوچە بەپیتە داگیر بکەن.

(دیۆلافوا) کە لە وێرانەکانی شوش، کەوتە هەڵکەندن و زۆر شتی گرانبەهای دەست کەوت و هەموویانی گواستەوە بۆ موزەخانەی (لوڤەر) لە پاریس، دەڵێت شوش یەکەم شاری جیهانە کە کە خەندەق لە دەورەی هەبووە بۆ پارێزگاری کردن و هەرچەندە شورە بە دەورەیدا هەبووە، بەڵام بۆ بەهێزتر بوونی پارێزگاری لە شار (خەندەق) لە چواردەوری هەبوو و لە کاتی جەنگدا خەندەقەکە، بە ئاوی یەك لە رووبارە نزیکەکان پڕ ئاو دەکرا.

شورەی شاری شوش بە پێی وتەی (دیۆلافوا)[٣] و خێزانەکەی[٤] لە شتە سەرسورهێنەرەکان بوونە، چونکە بەرزی و پانییەکەی بیست مەتر بووە و کەواتە تەواوی شورەکە وەك موکەعەبێك دەهاتە بەرچاو و لە جیهاندا شورەێك نەبوو بەرزی و پانییەکەی وەك یەك بێت. با شورەێك بە پانی و بەرزی بیست مەتر کە خەندەقێکی پڕ ئاو دەوری گرتبێت، بخەینە بەردیدەمان و دەزانین ئەو شورە و خەندەقە لە کاتی جەنگدا توانیویانە ڕێگر بن لە پەرینەوەی هێز.

ئەو کەسەی ئێستا سەردانی ئاسەواری شوش بکات و تەپۆلکەکان ببینێت، وابیردەکاتەوە ئەو شارەش وەك شاری ڕۆم لە سەر حەوت گرد دروستکرابێت، هەر شارێك وێران دەبێت لەوانەیە وەك تەپۆلکەیەکی لێ بێت و مێژوونوسە ڕۆژئاواییەکان، ئەوانەی بە ڕاستی مێژوونووسن و مێژووی ئێرانیان لە دڵی خاك دەرهێناوە و لە تەپۆلکەکانی شوش، نەخشەی ئەو شارە کۆنەیان دۆزیوەتەوە، ئەگەر ئەو نەخشەیەمان لە دەست بێت، لە کاتی هەنگاونانمان لە وێرانەکانی ئەوشارە دەزانین پەرستگا و (ئاپادانا) واتە کۆشکی پاشایەتی و بازاری سەرداپۆشراوی شار کە وەك بازارە سەر داپۆشراوەکانی ئێستای ئێرانە لە کوێنە.

(٣) (ئەندازیار و باستانناسی فرانسی مارسێل ئۆگۆست دیۆلافوا لە ساڵی ١٨٨١ زایینی بۆیە فەرمانبەری باستان ناسی لە ئێران و دۆزینەوەکانی لە شوش ناوبانگی زۆریان دروستکرد. ئەو کۆشکەکانی داریوشی یەکەم و ئەردەشیری دووەمی لە ١٨٨٥ زایینی دۆزییەوە و گەنجینەیەکی پڕبەهای لە شتوومەکی هونەری کۆن و باستانی ئێرانی بردە پاریس و لە ساڵی ١٨٨٦ لە موزەخانەی لۆڤەر خرانە نەمایشگا. کتێبەکانی ناوبراو بریتین لە: شورەی شوش، هونەری باستانی ئێران کە پێنج بەرگە و جەنگی ئایسۆس. ناوبراو لە ساڵی ١٩٢٠ لە تەمەنی ٧٦ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

(٤) (نووسەر و لێکۆڵەری فەرەنسی و هاوسەری ئەندازیار دیۆلافوا، خانم ژان ڕاشێڵ کە هاوکاری هاوسەرەکەی بووە لە لێکۆڵینەوەکانی شاری شوش، لە سەفەرەکانی بۆ ئێران و شاری شوش جل و بەرگی پیاوانی لەبەر دەکرد و لە تارانیش لەبەر ئەوەی ژن بوو، چووتە ناو حەرەمسەرای ژنەکانی ناصرالدین شا و لەگەڵ چەند ژنێکی ئەودا چاوپێکەوتنی کردووە. نووسینەکانی بریتین لە: کەلدە، شوش، ئێران و ڕۆژنامەی لێکۆڵینەوەکانی شوش. خانمی ناوبراو بە هۆی نووسینەکانی کە وەرگێڕدرابوون بۆ فارسی، لە ئێران ناسرابوو و لە ساڵی ١٩١٦ و لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. زەبیحوڵڵا)

به تێپەڕبوونی کات رووبارەکانی کە بە ئەوێدا تێپەڕدەبوون و ئاوەکانیان بەسەر کەنارەکاندا دەکشا، ڕێرەوی خۆیان شوشتەوە و لە ئەنجامدا ڕێرەوی خۆیان گۆڕی و سەرەنجام سەرکەوتنی ئاو بە سەر هەر دوو کەنارەکانی رووبارەکەدا نەما.

لە سەردەمی ساسانییەکاندا، ئەو گرفتە بە ڕێگەی دروستکردنی ئاوبەند لەسەر رووبارەکان چارەسەرکرا و گەیشتنی ئاو بۆ ناو کێڵگە و باغ و گوڵزارەکان بەردەوامبوو. بەڵام دواتر بە تێپەڕبوونی کات ئاوبەندەکانی شوشستان وێرانبوون و دوای ئەوە جارێکی تر ئاو نەیتوانی بڕژێتە سەر زەوییەکانی هەردوو کەنارەکانی و کێڵگە و باغ و گوڵزارەکان لەناو چوون و چونکە لە شوشستان تەنها لە زستان نەبێت، زۆر کەم باران دەبارێت و دەمانگ لە ساڵ هەتاوی گەرم لە زەوییەکان دەدات، ئەو ناوچەیەی کە بەهەشتی زەوی بوو گۆڕا بە ناوچەیەك کە کەڵکی کشتوکاڵی نەبێت. بەڵام توانای کشتوکاڵی زەوییەکان ماوە و ئەگەر بتواندرێت ئاویان بگەیێندرێت، وەك سەردەمی هەخامەنشییەکان دەبێتەوە بە بەهەشتی جیهان.

تا پێش (١٢٠) ساڵ ناوی شاری شوش لە لایەن ئێرانییەکانەوە نەزاندرابوو و هەرچەندە ئەو ناوەیان لە بناغە بە شووشتەر لە ئێران و شوشی لە قەوقازیا دەناسی، بەڵام لە بوونی ئەو شارە بێ ئاگابوون و ئەو ناوەش لە پەرتووکە رۆژئاواییەکاندا هەبوو.

لە ساڵی (١٨٥١ ز) دەوڵەتی بەریتانیا کە لە سەرەتاوە ڕوانینی تایبەتی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو بە مۆڵەتی ئیمپراتۆریەتی عسمانی، لیژنەیەکی بە سەرۆکایەتی (سێر کونت لۆف نووس) بۆ نەخشەسازی و لێکۆڵینەوەکانی زەویزار ڕاسپارد و هەروەها هەڵکەندنی مێژوویشی پێ سپاردن و ئەوان لە ناو خاکەوە هەندێ شتیان دەرهێنا کە سەلماندنی بوونی شارێك بوو بە ناوی شوش لە ئێران. ناوبراو دوای ئەوەی زانی شوش لە ئێرانە، دەستی بە خوێندنەوەی پەرتووکەکانی مێژوونووسە یۆنانییەکانی سەبارەت بە شوش کرد و زۆر تامەزرۆ بوو بۆ سەفەر بۆ ئێران و دیتنی شوێنی شاری شوش.

چەند ساڵێك دواتر و لە سەردەمی پاشایەتی ناسرەدین شا، (سێر کونت لۆف نووس) بە هاوڕێیەتی سەرهەنگێکی بریتانی بەناوی (ویلیامز) چوو بۆ ئێران و خۆی گەیاندە وێرانەکانی شاری شوش و دەستی کرد بە هەڵکەندن و زۆر شتیان دەست کەوت. دانیشتوانی ئەو شوێنە هەرچەندە دەیانبینی کە ناوبراو و ویلیامز، کەوتوونەتە دەرهێنانی پەیکەر و قاپ لە ناو خاك

و گواستنەوەیان لە ڕێگەی کەشتی بۆ بەریتانیا، بەڵام ڕێگریان نەدەکردن، چونکە ئەو کەرەستانە بۆ ئەوان بەبایەخ نەبوون.

ئەو دوو کەسە لە یەکەمین کەسانێك بوون کە نەخشەی شاری شوشیان دروستکرد و ئەوەندەی لە بەڵگەکان دەردەکەوت دەرکەوتەکانیان دیاریکرد، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەوان باستان ناس نەبوون نەیانتوانی بە ڕێسایەکی دروست هەڵکەندن بکەن و دوای ئەوان دیۆلافوای فەرەنسی و هاوسەرەکەی سەفەری ئێرانیان کرد و بە ڕێسایەکی دروست توانیان کاری هەڵکەندن لە شوش بکەن و هەندێ قاپی گرانبەها و کەلوپەلی تریان لە خاك دەرکرد.

دوای سەفەری (سێر کۆنت) و (ویلیامز) بۆ ئێران، ناوی شاری شوش بە تەواوی ئێران و لەناو هەمووولایەك بڵاوبۆوە و زانیان کە ئەوێ وێرانەیەکە کە لە کۆندا شارێکی گەورەی بووە و بە پایتەختی ئێران هەژمار کراوە.

دوای ئەوەی کوروش شاری شوشی کردە پایتەخت و لە کاتێکدا کە سەرگەرمی دروستکردنی شاری پازارگاد بوون، دەستی کرد بە دامەزراندنی قوتابخانەکانی هونەری و پیشەیی لە ئێران و سەرەتا قەتابخانەیەکی هونەری لە شوش دروستکرد و دواتر لە نۆ شاری تر کە بە فەرمانی خۆی دروستکرابوون، لەو قوتابخانانەی دروستکرد تا دانیشتوانی ئێران فێری هونەر بن.

دەبێت بزانین پێش کوروش لە ئێران هونەر بەو مانایەی لە سەردەمی هەخامەنشییەکان هەبوو، نەهاتبوو کایەوە و دەسەڵاتدارانی ماد زەوقی هونەریان نەبوو و پەیوەندیشیان لەگەڵ وڵاتانی تر نەبوو و تەنها سوودیان لە هونەری بابل وەردەگرت.

دوای دروستکردنی ئەو قوتابخانانە، کوروش وێرای سوود وەرگرتن لە هونەرمەندە ئێرانییەکان، لە یۆنان و بابل و میسرەوە هەندێ هونەرمەندی خستە کارەوە و ئەوانی لەو قوتابخانانەی لەو دە شارە کرابوونەوە دامەزراند و چەند کەسێکیشی نارد بۆ چین، تا لە ئەوێوە هەندێ وەستای دروستکردنی قاپی چینی بێنن بۆ ئێران و ئەوانیش کار لە قوتابخانەکان بکەن. بەڵام دەبێت بزانین کە ئەو هونەرەی لە سەردەمی کوروش و جێ نشینەکانی هاتەکایەوە، بە تەواوی ڕەنگی ئێرانی هەبوو و خەسلەتی ئێرانی هەبوو و تەواوی ئاساری هونەری ئێرانی کە لە سەردەمی هەخامەنشییەکان ماونەتەوە، چ وێنە کێشی و بەرد تاشی، یا کانزاکاری و قاپی چینی بووبێت، بە گشتی هونەرێکی ڕەسەنی ئێرانی بوو و هونەرمەندە ئێرانییەکان توانیان نەریتێکی هونەری ڕەسەنی ئێرانی پێك بهێنن کە لە جیهان بمێنێتەوە و کەسی شارەزا

دەتوانێت نەریتی هونەری لەیەکتر جیا بکاتەوە، بە دیتنی پەیکەر یا ئەستوون یا کاشی و کانزاکاری هەخامەنشییەکان، ئەو بناسێتەوە و بە چاوی دەروون بتوانێت جێ دەستی هونەرمەندە ئێرانییەکان بزانێت.

ئێسترابوونی سکرتێری ئەسکەندەر دەڵێت: ئەو قوتابخانە هونەریانەی کە کوروش دروستی کردن، فێرخوازانیان بۆ وێنەکێشی و پەیکەرتاشی و دروستکردنی کاشی و قاپی چینی و کانزاکاری پەروەردەدەکرد و دواتر لە سەردەمی کوروش چەند پیشەیەکی تری وەك: (چنین، دارتاشی، نەخش هەڵکەندن لەسەر بەرد، قوماش دروستکردن و قولاب چنین) خرانە بواری فێرکاریەوە.

ئەو قوتابخانانەی لەسەر دەستی کوروش کرانەوە و هەر لە سەردەمی داریوش پەرەیان پێدرا و تا کۆتایی سەردەمی هەخامەنشییەکان بەردەوامبوون، نەتەنیا لە دونیای کۆن بە قوتابخانەی نموونەیی دادەنران، بەڵکو تا سەدەی حەڤدەهەمیش لە ئەورووپا نموونەی ئەوان دانەمەزرا.

نیگارکێش، پەیکەرتاش و کانزاکارانی ئەورووپی لە سەردەمێك کە بە سەردەمی نوێبوونەوە ناسراوە و لە رووخانی (قوستەنتینە) لە ساڵی (١٤٥٣) زایینی دەست پێ دەکات و سەردەمی پێشکەوتنی هونەر و پیشەسازی و زانست لە ئەورووپا بوو، پیشەکان لە قوتابخانە فێرنەدەبوون و وەك شاگرد لە لای وەستاکان فێردەکران. پێویست بوونی فێر بوونی هونەر وەك شاگرد لە لای وەستا، بە شێوەیەك لە مێشکی هونەرمەندانی ئەورووپا چەقیبوو کە (پیکاسۆ) نیگارکێشی بەناو بانگی سەردەم، بە تەواوەتی دژی فێربوونی هونەر لە قوتابخانە بوو و دەیگووت: ئایا (رافائێل) نیگارکێشی گەورەی ئیتاڵی لە قوتابخانە خوێندوویەتی و نیگارکێشی فێر بووە، تا من بچمە قوتابخانە؟

پیکاسۆ دەیوت: رێگەی فێربوونی هونەر ئەوەیە کە دووکانی وەستا، گەسك بدەین و تۆزی دووکانەکە لە قورگمان رۆبچێت، تا فێری شتێك ببین.

لەوکاتەی کوروش ئەو قوتابخانانەی لە ئێران دامەزراند، ئەو جۆرە قوتابخانانە لە میسر، بابل و یۆنان بوونیان نەبوو، بەڵام لە میسر زانکۆ هەبوو و لە زانکۆدا تەنها پزیشکی و نەشتەرگەری دەخوێندران و زانکۆی پزیشکی میسر کۆنترین زانکۆی جیهانە و ئەو کەسانەی لە دروستکردنی مێژووی کۆنی میسر بەشدار بوون، دەڵێن کە ئەو زانکۆیە نزیکەی (١٥٠٠) ساڵ پێش زایین هەبووە.

بەڵام لەو وڵاتەدا هیچ پاشایەك سەرەنجی بۆ پێویستی هەبوونی ئەو قوتابخانە پیشەسازیانە نەچوو و ئەو شانازییە بۆ کوروش و ئێران مایەوە. هونەری ڕەسەنی ئێرانی لە سەردەمی کوروش و جێ نشینەکانیدا، لە سەر دوو بناغە بوو کە یەکەمیان مەزدا پەرستی و دووەمیان ڕێزگرتن بوو لە پاشا.

لە ولاتانی تری وەك میسر، بابەتەکانی ئایینی و ڕێزگرتن لە جەستە مۆمیایی کراوەکان، بابەتی بەرچاو بوونە لە لای هونەرمەندەکان و زۆر خۆیان بەو بابەتانە ماندوو دەکرد، بەڵام ڕێزگرتنی میسرییەکان لە پاشاکانیان ئەو شکۆ و گەورەییەی ڕێزی ئێرانییەکانی نەبوو.

هەر شتێك کە تا بە ئەمڕۆ لە سەردەمی هەخامەنشی ماوەتەوە یا لە خاك دەرهندراوە و هەڵگری زەوقێکی هونەریە، دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی مەزداپەرستی یا ڕێزی ئێرانییەکان بۆ پاشاکانیان و ئەو ڕاستییە تەنانەت لە کەرەستەی کانزایی و کاشییەکان و قاپەکان تا دەگاتە کۆشکەکانی ئەو سەردەمە وەك کۆشکەکانی شوش و پازارگاد و پرسپۆلیس دەردەکەوێت.

لە فەرش و قوماشەکانی سەردەمی هەخامەنشییەکان و قولاب چنین و نەخش هەڵکەندن ئەو کات هێچ شتێك بەجێ نەماوە تا بزانین ئایا لە ئەوانیشدا هەر دوو بابەتی مەزداپەرستی و ڕێز بەرانبەر پاشا ڕەنگی داوەتەوە یا نە، بەڵام لە کەرەستەکانی تر دەرکەوتووە و هەخامەنشییەکان لە کوروشەوە تا دوایین کەسیان نموونەی مەزداپەرستی بوون بۆ گەلەکەیان.

* * *

دوای ئەوەی کوروش وڵاتانی لیدی و بابلی خستەژێر دەسەڵاتی خۆی، ئەوکات تەواوی ئەو وڵاتانەی لە ژێردەستی ئەو دوو وڵاتە بوون، بوونە بەشێك لە دەسەڵاتی ئەو.

لە لیدی شارەکانی ئاسیای بچووك، وەك باسمان کرد سەرەتا بەرگریان کرد و دواتر شکان یا لەشکری ئێران دەستی بەسەردا گرتن. لە بابل تەواوی وڵاتەکان جگە لە (غززە) کە تا ئێستاش هەر ئەو ناوەی هەیە، بوونە بەشێك لە ئێران و کوروش ناچاربوو کە ئەو شوێنە بەهێز داگیر بکات. لە بەشی ڕۆژهەڵات بە هەوڵی کوروش ئێران تا ڕووباری (سەند) ڕۆیشت و تەواوی وڵاتی تۆرانی کۆن بۆوە بەشێك لە ئێران.

لە کۆندا ئێران لە چوار لاوە هێرشی دەکرایە سەر:

یەکەم لە لایەن ئاشوریەکان و دوای وێرانکردنی نینەوای پایتەختی ئاشوور بە دەستی مادەکان، ئەو مەترسیە بۆ هەتایە لە ناوچوو. دووەم لە لای تۆرانییەکان و تۆران وڵاتێك بوو کە دەکەوتە رۆژهەڵاتی خۆراسانی باشوور و بلوچستانی ئێستا، دوای ئەوەی کوروش ئەو وڵاتەی کردە بەشێك لە ئێران، هێرشی تۆرانییەکانیش وەستا.

سێیەم لە لایەن هەپتاڵەکان کە لە رێگەی قەوقازیاوە هێرشیان دەکردە سەر ئێران. چوارەم لە لایەن (مەسقەندەکان) کە هیرۆدۆت بە (مساژت) یا (ماساژێت) ناویان دەبات و لە سەردەمی ئیسلام بە (ئۆزبەك) ناوسرا بوون و کوروش بۆ رێگرتن لە هێرشی ئەوان بۆ سەر ئێران تەواوی ئەو وڵاتانەی لە سەردەمی ئیسلامی بە تورکستان و (ماوراءالنهر) دەناسران خستەسەر ئێران، بەڵام وێڕای ئەوەش نەیتوانی مەترسی (مەسقەندەکان) و هێرشیان بۆ سەر ئێران ڕابگرێت و ئەوان هەروەك جاران هەندێکات هێرشیان دەکردە سەر ئێران و هەر کەسیان دەدیت جا پیر بووایە یا منداڵ دەیانکوشت و گەنجەکانیان بۆ کۆیلە بوون دەبرد و هەرچی توانیبایان لە گەڵ خۆیاندا ببەن، دەیانبرد.

رەفتاری مەسقەندەکان لە گەڵ ئەسیرەکان، زۆر خەراپتر بوو لە رەفتاریان لەگەڵ ئاژەڵەکان و مێژوونووسی یۆنانی (کلینۆ) کە کتێبی مێژوویی خۆی کە (٥٠) ساڵ دوای مردنی هیرۆدۆتی نووسیوە، دەڵێت: مەسقەندەکان ئەسیرە ئێرانییەکانیان بە زنجیر دەبەست و لە تەوێڵەدا بە (سینگ) لە زەویان دەبەستن و دەستی ئەسیرەکان بە رۆژ و شەو لە پشتەوە دەبەسترایەوە و تەنها یەکجار دەستیان بۆ نان خواردن دەکردنەوە و بەم شێوەیە دەیانبردن بۆ وڵاتی خۆیان تا لە ئەوێ ئەوان بفرۆشن.

هەپتاڵەکان وەك مەسقەندەکان، هێرشیان دەکردە سەر ئێران و خەڵکیان دەکوشت و تالانیان دەبرد، بەڵام ئەسیریان نەدەگرت و لەو خاڵە لە ئەوان جیادەکرانەوە. لە ساڵی (٥٣٤ پ. ز) هەپتالەکان جارێکی تر هێرشیان کردە سەر ئازەربایجان و ئەوەندە هاتنەپێش تا گەیشتنە (کاس پین) یا قەزوینی ئێستا.

وەك کلینۆ باس دەکات: کاتێك شەست رۆژ لە هێرشیان بۆ ئاترۆپاتن (ئازەربایجان) و (کاس پێن) تێپەڕیبوو، کاتی گەیشتنی ترێ بوو و هەندێك لە سەربازە هەپتاڵەکان ئەوەندە میوەیان خوارد تا مردن، کاتێك هەپتاڵەکان دەچوونەناو یەك لە ڕەزەکان تەنانەت یەك هێشوو ترێیان نەدەهێشتەوە.

کاتی هێرشی هەپتاڵەکان دەستی پێکرد، کوروش لە هێرش بۆ سەر هیندستان بوو و تا رووباری سەند چووبوو و دوو شاری لەو شارانە لەوێ دروستکرد بوو کە یۆنانییەکان بە (کوروپۆلیس) ناویان نابوون.

مێژوونووسانی یۆنانی و رۆمی کە دوای ئەسکەندەر بۆ نووسینەوەی مێژوو قەلەمیان گرتە دەست، وتیان کوروش لە هند دووچاری شکستی سەخت هاتووە و ویستیان بەو وتەیە کوروش لە هند بە شکست خواردوو نیشان بدەن تا سەرکەوتنی ئەسکەندەر لە هند گەورەتر دەرخەن و واپێشان بدەن ئەسکەندەر یەکەم کەس بووە کە هندی داگیرکردووە، بەڵام ئەو شێواندنە نەیتوانی مێژوو بسرێتەوە و مێژوونووسە ڕاستگۆکان دەڵێن کوروش تا سەند چووتە پێش.

لە هندستان کوروش هەواڵی هێرشی هەپتاڵەکان پێ گەیشت و گەڕایەوە، کاتی گەڕانەوەی وەرزی لەشکرکێشی بۆ قەوقازیا نەمابوو و بە ناچاری تا بەهار وەستا، لە بەهاری (٥٣٥ پ. ز) لە پازارگاد کەوتەڕێ و کاتی پەرینەوەی لە رووباری (ئاراز) و گەیشتنی بۆ قەوقازیا، لەشکرەکەی پێکهات بوو لە (١٥٠٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار سەرباز و بەشێك لەوان سەربازانی سوپای بەردەوامی ئێران بوون و بەشێکی تریان لە خێڵەکانی ناوچەکە پێکهاتبوون.

کوروش دەیزانی دانیشتوانی شارەکانی قەوقازیا کە ئەو کات بەشێك بوون لە ئاترۆپاتن، بێ تاوانن و ئەوانیش وەك دانیشتوانی ئازەربایجان قوربانی دەستی هەپتاڵەکانن، بۆیە لەشکرەکەی لە شاخەکانی قەوقاز تێپەڕاند و لە باکووری ئەو شاخانەوە هێرشی کردە سەریان، بەڵام هەپتاڵەکان شارنشین نەبوون و لە سەحرا نیشتەجێ بوون و ناوچەی نیشتەجێیی ئەوان لە باشوور دەگەیشتە شاخەکانی قەوقاز و لە باکوور دەگەیشتە رۆسیای ناوەندی و لەو ناوچە فراوانەدا بە ئارەزووی خۆیان هاتووچوویان دەکرد.

کوروش دوای ئەوەی هەپتاڵەکانی لێکدابڕی، بۆی دەرکەوت بەدوا کەوتنی ئەوان بە هۆی سەحرا نشین بوونیان کارێکی بیهودەیە و تا زیاتر بکەوێتە دوایان ئەوان زیاتر کۆچ دەکەن و دەرۆن، بۆیە گەرایەوە و سوپایەکی پێکهاتوو لە (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار سەربازی لە ناوچەیەك بە ناوی (تی بی لیس)[٥] کە ئێستا بە (تێفلیس) ناودەبرێت، بەجێهێشت تا لە کاتی هێرشی هەپتاڵەکان رێگەیان بگرن.

(٥) (تی بی لیس بە زاراوەی کۆنی ناوچەیی بە واتای ئاوە گەرمەکان دێت و چونکە لە تفلیس کانی ئاوی گەرمی زۆر هەبووە و تا ئێستاش هەندێکیان ماون و بۆیە بە تی بی لیس ناو دەبرێت. زەبیحوڵڵا.)

دوای ئەوەی کوروش ئەو لەشکرەی لەو شوێنە بۆ ڕێگرتن لە هەپتاڵەکان دانا، بڕیاریدا ڕێگەی تێپەڕبوونی خێڵەکانی هەپتاڵ بگرێت و لە ڕێگایەکی تێپەڕبوونی شاخی ناسراو بە (دەربەند) یا (باب الابواب) شورەێك وەك (ئاوبەند) دروست بکات و ئەو ئاوبەندە بە ڕادەیەك بەهێز دروستکرا کە هەپتاڵەکان نەتوانن ئەو وێران بکەن و بۆ ئەو شورە بەهێزەش، دەروازەیەکی بەهێزی لە کانزای قەلا بۆ دروستکرد. بە هۆی ئەوەی باب الابواب تاکە ڕێگا بوو بۆ پەڕینەوەی هەپتاڵەکان، ئەگەر سەربازگەکەی تەفلیس توانای ڕێگرتنی لە هەپتالەکان نەبوایە ئەوا ئەوان دەروازەکەیان دادەخست و ڕێگر دەبوون لە پەڕینەوەی ئەوان بەرەو باشوور و چوونیان بۆ ئازەربایجان.(٦)

بە ڕادەیەك ئەو هەنگاوەی کوروش بۆ ڕێگرتن لە هێرشی هەپتاڵەکان کاریگەر بوو کە چیتر ئەو خێڵە سەحرائیانە هێرشیان نەکردە سەر ئێران. چونکە سەربازگەی تەفلیس پێشی بە ئەوان دەگرت و گریمان هەپتاڵەکان توانیبایان سەربازگەکەش لەناو ببەن، نەیاندەتوانی لە باب الابواب بپەڕنەوە و بگەنە ئازەربایجان. بەڵام دوای ئەوەی هێزی پاشاکانی هەخامەنشی کەم بووە و پاشای وەك کوروش و داریوشیان نەما کە وڵات بەڕێوە ببەن، دیسان هەپتاڵەکان هێرشەکانیان بۆ سەر ئێران دەست پێکردەوە.

لەوکاتەی کە کوروش لە قەوقازیا بوو، خێڵەکانی مەسقەند کە لە سەحراکانی ئەودیو (ماوەراء النهر) دەهاتن، دوای تالان کردنی ماوەراءالنهر و تورکەمەنستان، خۆیان گەیاندە خوراسان و شارەکانی تووس و کوروپۆلیسیان تالان کرد (لەو شارانە بووە کە کوروش دروستی کرد و لە نزیك شاری توربەتی حیدریەی ئێستا بوو)، تەواوی ژن و پیاوانی شاریان ئەسیر کرد و بەمەش نەوەستان و بەرەو باشوور کەوتنەڕێ و هەموو شارەکانی باشووری خوراسانیان تالان کرد، ئەگەر سەحرای وشك و بێ ئاوی ئێران ڕێگریان نەبوایە تا شاری (کارمانیا) واتە کرمانی

(٦) (مێژوونووسانی ئیسلامی چونکە دەستیان نەدەگەیشتە سەرچاوەکانی مێژووی هەخامەنشییەکان، نووسیویانە ئەو شورەە لە لایەن ساسانییەکانەوە دروستکراوە و ئەمەش لەبەر ئەوەبوو کە لە سەردەمی ساسانییەکان، هەپتاڵەکان هێرشیان کردووتە سەر ئێران و دووریش نییە پاشا ساسانییەکان ئەو شورەەیان نۆژەن کردبێتەوە و یا شورەەکەی کوروش وێران بوو بێت و ساسانییەکان لە هەمان شوێن بۆ ڕێگرتن لە خێڵە سەحرانشینەکان دووبارە شورەیان دروستکردبێتەوە، بەڵام بێ گومان یەکەم پاشا کە لە باب الابواب شورەی بۆ ڕێگرتن لە گەیشتنی هەپتاڵەکان بۆ ئازەربایجان دروستکرد، کوروش بووە. زەبیحوڵڵا.)

ئێستا دەرۆیشتن، بەڵام ئەو سەحرایە دوای وشکبوونی دەریای ناوەندی ئێران هاتبۆوە کایەوە، ڕێگەی لە مەسقەندەکان گرت و ناچار بە گەڕانەوەی کردن.

مێژوونووسی یۆنانی (کلینۆ) دەڵێت: لە بەهاری ساڵی (٥٣٥ پ. ز) کاتێك کوروش بۆ جەنگی هەپتالەکان لە قەوقازیا بوو، مەسقەندەکان کە تا خوراسانیان تالان کرد بوو، چل هەزار ژن و پیاوی گەنجی ئێرانیان ئەسیر کرد و لەگەڵ خۆیاندا برد، مەسقەندەکان سواری ئەسپ ببوون و ئەسیرە ئێرانییەکان بە پێ لە دوایانەوە دەرۆیشتن و بۆیە هەندێکیان لە ڕێگەدا مردن.

دوای گەڕانەوەی لە قەوقازیا، کوروش بەرەو خوراسان کەوتەرێ و ڕێگەی ماوراءالنهری گرتەبەر، بەڵام بۆ سزادانی مەسقەندەکان نەبوو، چونکە دەیزانی ئەوان دوای بردنی تالانی و ئەسیرەکان گەراونەتەوە بۆ نیشتیمانی خۆیان کە دەکەوتە رۆژئاوای دەریاچەی ئاراڵ و باکووری ماوەراءالنهر. بۆیە خۆی گەیاندە ماوەراء النهر بۆ ئەوەی سوپایەك دابنێت لە شاری کوروپۆلیسی ئەوێ کە ئێستا لە جێگەی ئەو شاری (خەجەند) هەیە، بۆ ڕێگەگرتن لە مەسقەندەکان. لە ساڵانی دوایی باستانناسە ڕۆسیەکان پاشماوەی شاری کوروپۆلیسیان لە شاری خەجەند دوزییەوە.

# چوون بۆ هندستان بە ڕێگەی دەربەندی خەیبەر

بە وتەی مێژووناسانی یۆنانی و بە تایبەتی گەزنەفۆن، کوروش لە پاییزی ساڵی (٥٤٥ پ. ز) لە فارس چوو (کارمانیا) واتە کرمانی ئێستا ڕۆیشت، بۆ ئەوەی لە ئەوێ بەرەو بلوجستانی ئێستا و تورانی کۆن و ناوچەی پاتانستان (پەنجونستانی ئێستا) بروات.

لەو سەفەرە بە پێی وتەی مێژوونووسە یۆنانییەکان، بۆ یەکەم جار لەگەڵ کوروشدا سوپای (ئەرتخش تار) یا (ئەرتشتار) کەوتەرێ و مەبەست لەو سوپایە بریتی بوو لە سوپای عارەبانە جەنگییەکان.

دوای داگیرکردنی بلوجستان، کوروش بەرەو توران کەوتەرێ تا لە ئەوێ بۆ پاتانستان و ئەفغانستان بڕوات و یەکەم شار کە لە لایەن پاشای ئێران لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات دروستکرا لە (قەندهاری ئێستا) بوو، بەڵام ئەو شارە وێران بوو و دوای ئەوەی ئەسکەندەر چۆوە ئێران، شارێکی لە قەندهار دروستکرد و ناوی ئەسکەندریەی لێنا و وشەی قەندهار هەمان ئەسکەندریەیە کە سواوە و گۆڕاوە.

لەو ناوچەیەی ئێستا بە (پەنجونستان یا پاتانستان) دەناسرێت خەڵکانێك دەژیان کە لە ئێرانییەکان باڵا بەرزتر بوون، چاویان شین و مویان زەردی زێرین بوو، کوروش لە روخساری جوانی ئەوان ئەوەندە ڕازی بوو کە بڕیاریدا هۆکارەکانی پێك گەیاندنی هەردوو رەگەزی پاتانی و ئێرانی ئامادەبکات. ئەمڕۆ ئێمە دەزانیین کە هەردوو نەتەوە ئارياییین، بەڵام یەکیان مو و چاویان ڕەشە و ئەوەی تر مو و چاویان شینە.

بۆ تێکەڵ کردنی هەر دوو رەگەزی ئێرانی و پاتانی و بە مەبەستی دەرکەوتنی رەگەزێکی بەهێز و جوانتر، کوروش هەزاران ژنی ئێرانی کردە هاوسەری پیاوانی پاتانی و هەزاران پیاوی

ئێرانی کردە هاوسەری ژنە پاتانییەکان و بۆ هەر پیاوێکی پاتانی کوچی کردبایە بۆ ئێران، پارچە زەوییەکی کشتوکاڵی تەرخان دەکرد و بۆ هەر ژنێکی ئێرانیش شووی بە پاتانییەکان کردبایە ناومالّی وەك خەلاّت دەدا.

ئەوە یەکەم هاوسەرگیری بە کۆمەڵ بوو کە بۆ بەهێزکردنی ڕەگەز و بۆ بەسترانەوەی پاتانەکان بە ئێران ئەنجام درا و دوو سەدە دواتر کاتێك ئەسکەندەر هاتە ئێران بە لاسایی کردنەوە لە پاشای هەخامەنشی، فەرمانی کرد کە هەشتا کەس لە ئەفسەرانی لە گەڵ هەشتا ئافرەتی ئێرانی هاوسەرگیری بکەن، بۆ ئەوەی پەیوەندی خزمایەتی لە ئێوان یۆنانی و ئێرانییەکان پتەو ببێت و ئێسترابوون سکرتێری ئەسکەندەر دەڵێت: ئەوە یەکەم هاوسەرگیری بە کۆمەڵ بوو کە بە فەرمانی پاشایەك بۆ نزیك بوونەوەی دوو نەتەوە لە یەکتری ئەنجام بدرێت. لە کاتێکدا کە ئەسکەندەر کاتی چوونی بۆ فارس و گەیشتنی بە مەزاری کوروش لە پازارگاد، وتی: ئەی کوروش، هەرچی من لە بەرێوەبردنی ولاّت فێربووم لە تۆوە بووە.

دوای گەیشتنی بە پاتانستان، کوروش بەرەو ولاّتی سند واتە هندستانی ئێستا کەوتەرێ. دەبێ ئەوە بزانین کە ناوی سند بۆ هەموو هندستان بەکار نەدەهات و تەنها بە ئەو ناوچەیە دەگوترا کە ئێستا بە پاکستانی رۆژئاوا ناودەبرێت و بەشی باکووری ئەو ناوچەیە بە (پۆنجاب) ناودەبرا و هۆکەی ئەو پێنج رووبارە بوو کە لەو ناوچەیە رووباری گەورەی سندیان پێکدەهێنا و ئێستاکەش بە پۆنجاب ناودەبرێت.

بۆ چوونی بۆ ناو هندستان، کوروش لە دەربەندی خەیبەر پەڕییەوە و بەر لە کوروش هەزاران کاروان لەو دەربەندە پەریبوونەوە و هاتووچووی هندستانیان لە ئەوێوە کردبوو، بەلاّم کوروش یەکەم پاشا بوو بەو دەربەندەدا بچێتە ناو هندستان.

دوای پەرینەوەی لەشکرەکەی لەو دەربەندە، کوروش ئەفسەرەکانی لەشکرەکەی داواکردن و بە ئەوانی وت: (ئێمە ئەمرۆ هاتووینە ولاّتێك کە وەك ئێمە باوەڕیان بە خوای تاقانە هەیە، هەرچەندە ئەوان وەك ئێمە ناوی مەزدایان لەو خوایە نەناوە و بە (ئەو) ناوی دەبەن، بەلاّم باوەڕیان بە (ئەو) وەك باوەڕی ئێمەیە بە مەزدا. خەڵکانی دانیشتووی ئەو ناوچەیە سروشتیان زۆر ناسکە، ئەوەندە نەرم و نیانن کە تەنانەت لە تەواوی تەمەنیان یەك جار گۆشت ناخۆن تا بە هۆی گۆشت خواردنەوە نەبنە مایەی کوشتنی ئاژەڵێك. ئەوان ئەوەندە لەسەر خوون کە

هەرگیز هاوار ناکەن و بە نەرمی دەدوێن، ئەوانەی دەگەنە تەمەنی پیری لە بنەماڵەکانیان جیا دەبنەوە و دەچنە جەنگەڵەکان و کۆتایی تەمەنیان تا مردن بە تەنهایی لە جەنگەڵ دەبەنەسەر.

سەربازەکانتان ئامۆژگاری بکەن کە زیاتر لە وڵاتانی تر ئاگاداری دانیشتوانی ئێرە بن و بەسەر کەسدا هاوار نەکەن و بە دابونەریتی هندەکان پێنەکەنن، ئەگەر هەواڵێك بە من بگات کە سەربازێك دابونەریتی ئەوانی ڕەچاو نەکردووە و ڕێزی نەگرتووە، ئەو سەربازە سزا دەدەم.)

ئەوکات هێشتا ئایینی (بوزی) لە هندستان برەوی نەستاندبوو و هندەکان پەیرەوی ئایینی (وەدا) بوون کە لە هەندێ ڕوانگە و بە تایبەتی لە یەکتاپەرستی لە گەڵ ئایینی ئێرانییەکان یەك سەرچاوەی هەبوو. بە پێچەوانەی باوەڕی هەندێك کەس، ئەو ئایینە ئایینێکی بت پەرستی نەبوو و ئەگەر کەسێك باوەڕی بەو چەشنە بێت، ئەوا پێویستە ئایینی مەزداپەرستیش بە بت پەرستی هەژمار بکات.

لەو سەردەمدا، هندەکان وەك ئێرانییەکان بتیان نەدەتاشی، بەڵام هەندێ وێنەی وەك وێنەی (فروهەر) یان کردبوو بە سونبول و یەك لە وێنەکانیان وێنەی هەتاو بوو و یەکی تریان خاچێکی چەماوە و بە پێی گێرانەوەیەك لە سەدەی ڕابردوو، حزبی سیاسی هیتلەر ئەو خاچەی کرد بە نیشانی خۆیان.

ئەو شوێنەی کە دواتر پەرستگای (سۆمنات) و بە وتەی مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلام، بتخانەی سۆمناتی لێ دروستکرا و نزیکە لە شاری (بەمبەئی)، ئەو کات ئاگرخانە بوو. ئایا ئەو ئاگرخانانەی لە ئێران هەبوون بە لاسایی کردنەوە لە هندستان دروستکران یا بە پێچەوانەوە هندەکان لە ئێرانییەکانیان وەرگرت؟

بە پێی دۆزینەوەکانی (گێرشمەن) مێژوونووسی فەرەنسی، گومانمان نییە لە هەبوونی شوێنێك بۆ هەڵگرتنی ئاگر لە سەر گردێك لە شاری سێلك. بە لێکدانەوەی گیرشمەن، شارستانییەت لە گردی سێلك دەگەڕێتەوە بۆ دەهەزار ساڵ و لەوانەشە زیاتر و بۆیە بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کە ئێرانییەکان یەکەم نەتەوە بوون بۆ هەڵگرتنی ئاگر ئاتشکەدەیان هەبووە، دەکرێت بگوترێت کە دروستکردنی ئاتشکەدە لە هندستان نەریتێك بووە کە لە ئێرانەوە چووتە ئەوێ و بە تایبەت کە هندەکان ئارییاین و سەرچاوەر ڕەگەزی ئەوان و ئێرانییەکان یەکە. (زاندراوە لە ڕابردوو ئاکر کردنەوە کارێکی قورس بووە و تەنانەت لە گەرمەی شۆرشی فەرەنسا

لە لادێکانی ئەو وڵاتە، ئاگر لە نێوان دراوسێکان ئاڵوگۆڕی پێدەکرا بۆ پێکردنی رووناکی و گەرم کەرەوە.)

هەروەك ئێرانییەکان ئاگرپەرست نەبوون، بە هەمان شێوازیش هندەکان ئاگرپەرست نەبوون و تەنها بە شتێکی پیرۆز و پاکیان دەناسی و باوەڕیان وابوو کە جیهان لە ئاگر دروستبووە و زانستیش لە ئێستادا ئەمە پشت ڕاست دەکاتەوە و زەوی لە سەرەتادا کوتلەیەکی ئاگرین بووە و دوای سارد بوونەوە بەم شێوەیەی لێهاتووە کە دەیبینین.

دوای گەیشتنی بۆ ئەو ئاگرخانەیە کە دواتر کرایە پەرستگای سۆمنات، کوروش جلوبەرگەکانی دانا و جەستەی خۆی شوشت، چونکە باوەڕی هندەکان وابوو کە هەرکەسێك بیەوێت بچێتە ئاگرخانە دەبێت خۆی بشوات و دوای پاك بوونەوەی دەبێت بچێتە ژوورەوە. کوروش دوای پاککردنەوەی جەستەی، بەرگێکی وەك بەرگی پیاوانی ئایینی هندی لەبەر کرد و هەنگاوی نایە ناو پەرستگا و دوای بەجێ هێنانی مەراسمی رێزنان، لە ئەوێ هاتەدەرەوە.

رێزگرتن لە ئاژەڵەکان لە لایەن هندەکان بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی کەسانێك، ناگەرێتەوە بۆ سەردەمی ئایینی بوزی و بەڵکو لەوکاتەی ئایینی ئەوان (وەدا) بوو، ئەوان لە خواردنی گۆشتی ئاژەڵ خۆیان دەپاراست. ئەوان گۆشتی ماسی و ئاژەڵە ئاوی و شیردەرەکانیان بە مەرجێك ژەهراوی نەبووبن دەخوارد.

یەك لەو ئاژەڵانەی لە هندستان رێزی هەبوو، (گا) بوو و ئەوەش زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە لە کشتوکاڵدا سوودی لێوەردەگیرا. وێڕای ئەوەی کە لە لەشکری کوروش گۆشت زۆر دەخورا، بەڵام کوروش فەرمانی کرد بۆ رێزگرتن لە باوەڕی هندەکان لە سەربڕینی ئەو ئاژەڵە خۆبپارێزن و هەروەها (مەر) ی شبە هەمان چەشن. لە تەواوی ئەو ماوەیەی کوروش لە هندستان بوو، مەر و مانگا سەر نەبڕا و لەشکرەکەی لە رووەك و ماسی و خواردەمەنی تر خۆیان تێر دەکرد.

لە هندستان کوروش زۆر چاکەی لەگەڵ خێڵی پلیدەکان (خێڵی پاریاس) کە چینی چەوساوەی ئەو وڵاتە بوون کرد و یارمەتی ماددی زۆری دان و دواتریش بە لاسایی کردنەوە لەو ئەسکەندەر و دواتر (تیموری لەنگ) یارمەتی ئەو خێڵەیاندا.

لە هندستان کوروش سێ شاری بە ناوی کوروپولیس دروستکرد و فەرمانی بە چاندنی هەندێك لە میوە ئێرانییەکان کرد لەو وڵاتە و لەو میوانەش (کاڵەك، شوتی، قۆخ و هەلوژە)

بە دەستی جووتیار و باغەوانە ئێرانییەکان لەو وڵاتە چاندرا و دواتر بوونە بەشێك لە رووەکە ماڵییەکانی ئەوێ. کوروش لە سەردەمی مانەوەی لە ئەوێ شاری دروستکرد و قەناتی ئاوی لێدان و رووەکە خۆراکیەکانی ئێرانی لە ئەوێ چاند و ئەو نەیدەتوانی کە لە بەرانبەر سەرهەڵدانی قاتی و نەبوونی لە هندستان بێ هەڵوێست بێت.

ئەو پیاوە مەزنە کاتێك گەیشتە هندستان گوێبیست بوو کە هەر چەند ساڵ جارێك قاتی روو لەو وڵاتە دەکات و ژمارەیەکی زۆر خەڵك بە هۆیەوە دەمرن[1] و بۆی دەرکەوت کە دوو هۆکار لەو بابەتە هەیە و یەکەمیان ئەوەیە کە هندستان وەك پێویست ئاوی نەبووە و لە کاتێکدا کە کۆمەڵێك رووبار ئاویان بە ئەوێدا دەرۆیشت و دەچۆوە ناو دەریا. هۆکاری دووەم: ئەو وڵاتە کۆگای باشی بۆ کۆکردنەوەی گەنم نبوو و لە ئاکامدا بەرهەمی دانەوێڵە لە هندستان لەناو دەچوو و دەبۆوە خۆراکی مشك و مێ روو.

لە کۆتایی هاوینی ساڵی (٥٤٤ پ. ز) کوروش لە شارێك کە ئێستا بە بەمبەئی ناسراوە نزیکەی دوو سەد کەس لە گەورەکانی هندی کۆکردەوە و وتاری بۆ خوێندنەوە، ئەو پیاوە مەزنە (٢٥) سەدە پێش ئێستا وەك شارەزایانی نەتەوەکانی ئێستای بیردەکردەوە و زانیارییەکانی سەبارەت بە بابەتگەلی وەك سایلۆی گەنم کەمتر نەبووە لە ئەندازیارانی ئێستای ئەو بوارە.

کوروش لە وتارەکەی لە بەرانبەر ئەوان وتی:

(کاری سروشت وەك کاری ئاڵوگۆری بازرگانی نییە کە گۆڕانکاری و جیاوازی تێدا روونەدات. جووتیارێك لە کاتی چاندنی گەنمدا چاوەروانە کە بۆ هەردانەیەك گەنمی چاندراو، پەنجا دانە هەڵبگرێتەوە و لە کاتی چاندنی پەنجا بەرد گەنم (بەردی هەخامەنشی کە پێوەری کێشی ئەوکات بووە، بەرانبەر بووە بە دوو کیلۆ و پێنج سەد گرام) چاوەڕوانی هەڵگرتنەوەی (٢٥٠٠) بەرد گەنم دەبێت.

بەڵام لە دوای ساڵان رێژەی بەرهەمی کێڵگەکەی هەندێ ساڵ لەو رێژە چاوەروانکراوە پتر دەبێت و هەندێ ساڵ کەمتر، لە وڵاتێکی وەك هندستانیش کە هەر چەند ساڵ جارێك قاتی دێت و

(١) (بە پێی ئەو ئامارەی کە بەریتانییەکان دوای داگیرکردنی هندستان رێکیان خستووە، لە هەزار ساڵ بەرلە زایینەوە تا هەزار و نۆسەدی زایینی، هەر پێنج ساڵ جارێك قاتی لەو وڵاتە روویداوە و هەر قاتییەکی گەورە لەو وڵاتە میلیۆنەها خەڵکی کوشتووە، زەبیحوڵڵا.)

ژمارەیەکی زۆر خەڵك دەکوژێت، پێویستە بەردەوام زیادەی بەرهەمی ساڵانەی ساڵە پڕپیتەکان لە ناو سایلۆکاندا هەڵبگیرێت، تا لەو ساڵانەی نەبوونی دەبێت خەڵك لە برسان نەمرن.

بەڵام ئەو سایلۆیانەی ئێوە هەتانە، بۆ هەڵگرتنی گەنم باش نییە. ئێوە سایلۆکانتان لە خشتەی سوور کراوە دروست دەکەن و لە ئاکام مشك و مێشوولەکان بە سایلۆکان فێردەبن، ئەگەر ئێوە سایلۆکانتان لە بەردی گەورە دروست بکەن، نە مشك و نە مێشوولە ناتوانن بەردەکان کون بکەن، چونکە بەرد دوژمنی میشوولەکانە و رێگرە لە پەیدا بوونی ئەوان. بە مەرجێك ئەو سایلۆیانە لە بەردی گەورەی تاشراو دروست بکرێن و نەوەك بە بەردی بچووك کە دەرزیان تێدا دروست ببێت و میشوولە دروست بکات.

بە هۆی شێی زۆری کەشوهەوای هندستان پێویستە سایلۆکان لە شوێنی بەرز دروست بکرێن، تا شێ نەبێتە هۆی ڕزینی گەنمەکە. ئێستا لە سایلۆکانتاندا گەنم لە یەك ساڵ زیاتر خۆناگرێت و ئەگەر مشك و مێشوولە لە ناوی نەبەن، شێ دەبێتە هۆی ڕزینی. ئەگەر سایلۆکانتان لە شوێنی بەرز و لە بەردی گەورە بێت، گەنم بۆ ماوەی پەنجا ساڵ دەمێنێتەوە و ئێوە بەردەوام بۆ ساڵانی کەمی بەرهەم یا قاتی، دەتوانن دانەوێڵەتان دەست کەوێت.)

دواتر پاشای ئێران باسی کەم ئاوی هێنایە کایە و وتی: (ئێمە لە ئێران وەك ئێوە دووچاری کەم ئاوی دەبووینەوە و بەردەوام بۆ ئاودانی زەوییەکانمان چاومان لە ئاسمان بوو تا چ کاتێك باران ببارێت، بەڵام باپیرانی ئێمە بە ڕاکێشانی کەناڵەکانی ئاودێری چارەسەری کەم ئاویان لە هەندێ شوێن کرد و ئێوەش دەتوانن لەو شوێنانەی کە شاخی لێ یە و ئاوی ژێر زەوی هەیە، ئێوە بە دروستکردنی کارێز ئاو بێننە سەر زەوی.

رێگە چارەیەکی تر کە ئێمە گرتوومانەتە بەر بریتییە لە دروستکردنی ئاوبەند و لەو رێگەیەوە توانیمان سەرتاپای خوزستان سەوز بکەین و هەموو ساڵێك دووجار بەرهەم هەڵدەگرینەوە و ئێوەش ئەگەر لە سەر رووبارەکانی وڵاتی سند ئاوبەند دروست بکەن، دەتوانن تەواوی وڵاتتان بکەنە باغ و کێڵگە و بەرهەمی کشتوکاڵیتان ئەوەندە زیاد دەکات کە هیچ کات قاتی رووناداتەوە. چونکە ئەندازیارانی بواری ئاوبەند سازی ئێمە، شارەزان و وەستای

چاکمان هەیە بۆ دروستکردنی ساروجی[٢] باش و تایبەت بە ئاوبەند و دەتوانین ئەوان بنێرین بۆ هندستان تا لە دروستکردنی ئاوبەندەکان یارمەتیتان بدەن.)

گەورەکانی نەتەوەی هند دوای بیستنی وتارەکەی کوروش، ئامادەیی خۆیان بۆ دروستکردنی سایلۆ لە بەردی گەورە و دەربەند بۆ سەر رووبارەکان دەربڕی و کوروش کۆمەڵێك نامەی بۆ فەرمانرەواکانی ویلایەتەکانی ئێران نووسی و فەرمانیدا کە دەستەیەك لە وەستا و ئەندازیارە باشەکانی بواری ئاوبەند و هەندێ چاڵ هەڵکەندن بۆ هەڵکەندنی کارێز بنێرن، بۆ ئەوەی ئاوبەند و کارێز دروست بکەن.

کوروش ئەوەندە لە هندستان مایەوە تا وەستا و ئەندازیارانی ئێرانی دەستیان بە ئامادەکاری پێویست بۆ کارێز هەڵکەندن و ئاوبەند دروستکردن، کرد. ئەو ئاوبەندانەی بە دەست پێشخەری کوروش دروستکران تا سەردەمی داریوش مانەوە و دواتر بە گرینگی زۆر لە بەر نۆژەن نەکردنەوەیان داڕمان و لەناو چوون.

دوای گەڕانەوەی لە هندستان، کوروش لە ڕێگەی ئەفغانستانی ئێستاوە بەرەو ماوەراءالنهر رۆیشت و دوای پەلکێشی بۆ ئەوێ، بڕیاری رۆیشتن بۆ تورکستانی کرد تا ئاگادار بێتەوە لە بارودۆخی دروستکردنی ئەو دیوارەی لە باکوور دروست دەکرا. ئەو دیوارە کە بە فەرمانی کوروش بە کاری (٧٠٠٠٠) هەفتا هەزار کرێکار دروستکرا، سددێك بوو کە ڕێگر بوو لە هێرشی خێڵە باکووریەکان بۆ ئەستەرئاباد و خوراسان و دواتر لە مێژوودا بە سددی (یاجوج و ماجوج) ناسراو و ئەو سددەیان لەگەڵ سددی (باب الابواب) کە لە باکووری ئازەربایجان بینا کراوە، بە هەڵە تێکەڵ کردووە.

ئەو دیوارە بە ڕادەیەك بەهێز دروستکرا کە دووسەد ساڵ دواتری کاتی هاتنی ئەسکەندەر بۆ ئێران، هێشتا بەهێز و پتەو مابوو و ڕێگر بوو لە هێرشی خێڵەکانی باکوور لە تورکستانەوە بۆ ئێران و ئێسترابوون دوای دوو سەدە لە سەردەمی کوروش، ئەو دیوارەی دیت بەڵام سەربازگەی لێ نەبوو.

کوروش دەیزانی تەنها دروستکردنی دیوار بۆ ڕێگرتن لەو خێڵانە بەس نییە، چونکە ئەوان دەیانتوانی ئەو دیوارە دەرز پێ بدەن، کونی بکەن و پێیدا تێپەڕبن، یا بەشێك لە دیوارەکە

---

(٢) (ساروج جۆرێك لە کەرەستەی دروستکردنی خانووبەرە و لە شێوەی چەمەنتۆی توند دەچێت و لە ڕاستیدا وشەیەکی کوردییە، وەرگێر بۆ کوردی.)

بروخێنن بۆ ئەوەی ڕێگەی پەرینەوە فراوانتر بێت و بۆیە سەربازگەیەکی لە لای ئەو دیوارە دامەزراند و لە کاتی نزیك بوونەوەی خێڵەکان ئەو سەربازگەیە بەرگریان دەکرد.

کوروش ئەو دیوارەی بە ڕادەیەك بەهێز دروستکرد کە لە ناویدا خانوو هەبوو و سەربازەکان بە زستان لە سەرما و بە هاوین لە گەرما پارێزراو دەبوون و لە تەنیشت دیوارەکە و بە دووری یەکسان بیری ئاو هەبوو و ئەگەر بە هەر هۆکارێك خێڵەکان هێرشیان کردبایە، سەربازەکان ئەگەر بەرگریان کردبوایە لە تینویەتیان نەدەخنکان.

زۆرینەی مێژوونووسەکان تەنها باس لە دیواری چین دەکەن و کەس باس لە دیواری کوروش ناکات کە لە باکووری ئێران دروستی کردووە و تا ئێستاش تەنانەت یەك مێژوونووسی ئەورووپی نەیویستووە دان بەوە دابنێت کە دروستکردنی دیواری درێژی پڕ بەرز و نزمی بۆ ڕێگرتن لە سەحرا نشینەکان، کارێك بووە کە چینییەکان لە کوروش فێر بوون، بەڵام مێژووی دروستکردنی هەر دوو دیوار دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە چینییەکان دروستکردنی ئەو دیوارە (کە لە ناویدا خانوو و قەڵا هەبوو) لە کوروش فێر بوون و دیواری کوروش لە ساڵی (٥٤٤ پ. ز) بینا کراوە و ئیمپراتۆرەکانی چین نزیکەی دووسەد و پەنجا تا سێ سەد ساڵ دواتر هەستان بە دروستکردنی دیوارێك کە وەك دیواری ئێران بێت و ببێتە ڕێگر لە هێرشی خێڵە درندەکان و هیچ کەسێکی ژیر ناتوانێت نکۆڵی لەم ڕاستییە بکات.

* * *

لە کۆندا ئەو ناوچانەی ئێستا بە ناوی (ئەستەرئاباد، مازەندەران و گیلان) ناودەبرێن، بەردەوام چەتە دەریاییەکان هێرشیان دەکرایەسەر و هەندێجار ئەو چەتانە ژمارەیەکی زۆر کەشتیان دەهێنا و ئەوەی دەیانتوانی بە تالان دەیان برد و کچانی جوانی ئەو شوێنانەشیان لە گەڵ خۆیاندا دەبردن. هەندێ کات دانیشتوانی ناوچەکە بەرگریان دەکرد و هەندێ کاتیش نەیاندەتوانی و چەتە دەریاییەکان بە کەشتی پڕ لە کاڵای تاڵانی و وێڕای بردنی هەندێ ئافرەتی جوانی ئەو شوێنانە دەگەڕانەوە و دانیشتوانی (ئەستەرئاباد، مازەندەران و گیلان) نەیان دەتوانی لە دەریادا بە دوایان کەون، چونکە نە کەشتی گەورەیان هەبوو و نە هونەری دەریاوانی

و شەریان دەزانی، وێرای ئەوەی کە مرۆڤ بۆ یەکەمجار لەو شوێنە لێ خوڕینی کەشتی چارۆکەدار فێربوو و پێشتر لە بەشەکانی تردا باسمان کرد.

کوروش بۆی دەرکەوت کە بۆ ڕێگرتن لە مەترسی هێرشی چەتە دەرياييەکان بۆ کەنارەکانی ئێران، پێویستی بە دروستکردنی هێزی دەریایی هەیە و تا ئێران نەبێتە خاوەنی کەشتی جەنگی، مەترسی چەتە دەریاییەکان بۆ سەر دانیشتوانی باکووری ئێران کە لە کەنارەکانی دەریای خەزەر دەژیان بنبڕ نابێت. بۆیە فەرمانی کرد کە وەستایانی کەشتی ساز لە کەنارەکانی دەریای ڕۆژئاوا کە ئێستا بە دەریای مەدیتەرانە ناسراوە، بهێندرێن و فەرمانی کرد تا لە کەنارەکانی باکووری ئێران چەندین کارگەی دروستکردنی کەشتی دامەزرێنن و سێ جۆرە کەشتی جەنگی دروست بکەن:

یەکەم ئەو کەشتیانەی کە لە هەردوو لاوە بە ریزی سەڵبە دەروون و هاوکات چارۆکەشیان هەیە. دووەم ئەو کەشتیانەی کە دوو ریزی سەڵبەلێدەری هەبوو کە بە شێوەی دوو نهۆمی لە سەر یەك دەجولێن. سێیەم ئەو کەشتیانە کە بە سێ ریز سەڵبەلێدەر دەجولان و ریزی سێ یەمی ئەو سەڵبەلێدەرانە، سەڵبەکانیان بە پێوەری ئێستا هەریەکە بیست و پێنج مەتر بوون و بە هەشت کەس دەجولێندران و ئەو کەشتییە بە قورسترین کەشتی جەنگی ئێران هەژمار دەکران و بۆیە چارۆکەشیان هەبوو بۆ ئەوەی لە کاتی بوونی بایەکی لەبار، چارۆکەکەیان بۆ یارمەتیدانی سەڵبەلێدەرەکان هەڵدەدا.

دەکرێت بگوترێت کوروش داهێنەری کەشتی جەنگی بەم چەشنە بوو، ناڵێین کە خودی کوروش داهێنەری ئەو کەشتیانە بوو و بەڵام هەر سێ جۆری ئەو کەشتیانە لە لایەن ئەو خرانە ناو لەشکری دەریایی ئێران و تەواوی ئەو نەتەوانەی لە کەنارەکانی مەدیترانە دەژیان لەم بابەتەدا لاسایی ئێرانییەکانیان کردەوە و یۆنانیش بە هەمان شێواز کەشتیان دروستکرد و کەشتییەکانی ئەو، لە داهاتوودا لە گەڵ دەسەڵاتدارانی تری دوای ئەو جەنگان.

ڕۆمییەکانیش دوای ئەوەی شارەزاییان پیدا کرد و بوونە خاوەن هێز، بە هەمان شێوە کەشتیان دروستکرد و هەندێ مێژووناس وابیردەکەنەوە کە ئەو کەشتیانە لە داهێنانی ڕۆمییەکانە و لە کاتێکدا کە کوروش ئەو شێوە کەشتیانەی خستە ناو کەشتی گەلە جەنگییەکان.

لە کەنارەکانی دەریای مازەندەرانیش، کەشتی سووك و قورس دروستکران و کەشتییە قورسەکان مەنجەنیقە گەورەکانیان هەڵدەگرت و بەو مەنجەنیقانە بەرد و ئاگریان بەسەر کەشتییەکانی دوژمندا دەباراند و کەشتییە سووکەکانیش باشیان لەوەدا بوو کە زۆر خێرا دەڕۆیشتن.

بارودۆخی کەنارەکانی باکووری ئێران لە دەریای خەزەر لە گەڵ ئێستا جیا بووە، ئێستا بە هۆی پاشەکشەی ئاوی دەریای خەزەر، هەندێ شار و ئاوایی باکووری ئێران شوێنیان گۆڕی و چوونە پێش و لەو شاخانە دوورکەوتنەوە کە لە باکووری ئێران بوون، بەڵام چونکە ئەوکات دەریای خەزەر فراوانتر بوو و زۆرتر لە ئێستا وشکانی ژێرخستبوو، بۆیە هەندێ لە شارەکانی ئێران لە بناری شاخەکانی باکوور بوون و دووسەد ساڵ دواتر کاتێك کە یۆنانییەکان چوونە ئێران، ئێسترابوون لە گەشتنامەکەیدا بەو شێوەیە باسی دەکات کە باسکرا.

بەرلەوەی کە کوروش بۆ ڕێگرتن لە چەتە دەرياییەکان لە دەریای خەزەردا هێزی دەریایی دروست بکات، دانیشتوانی ئەو کەنارانە لەبەر مەترسی چەتەکان تەواوی کەرەستە گرانبەهاکانی خۆیان دەگواستەوە بۆ کوێستانەکان تا لە دەست چەتەکان پارێزراوبن، بەڵام دوای ئەوەی کە لەناو دەریادا هێزە دەریاییەکان دامەزران، دانیشتوانی ئەو شارانە بە ڕادەیەك ئاسوودە بوون کە کەرەستەکانیان لە کوێستانەکان هێنایەوە بۆ ئەوەی بەردەوام لەبەر دەستیان بێت.

ئەو هێزە دەریاییەی کوروش لە دەریای خەزەر دایمەزراند تا کۆتایی سلسلە پاشایەتی هەخامەنشییەکان مایەوە و بە درێژایی ئەو دوو سەدەیە چەتە دەرياییەکان نەیانتوانی هێرش بکەنە سەر کەنارەکانی (ئەستەرئاباد، مازەندەران، گیلان و ئازەربایجان). بەڵام دوای ئەوەی سلسلەی هەخامەنشییەکان لەناوچوو و یۆنانییەکان بوونە دەسەڵاتداری ئێران، هێزی دەریایی ئێران کە کەشتییەکانی هەر بیست ساڵ جارێك نوێ دەکرانەوە (چونکە قەوزە و ئاوی دەریا و ئاژەڵە دەرياییەکان دەبوونە هۆی ڕزینی ئەو کەشتیانەی بە دار دروستکرابوون) لەناو چوو و دیسان ڕێگە بۆ چەتە دەرياییەکان کرایەوە چەتەکانی دەریایی تەنانەت هاتن و کچی یەك لە سەردارانی یۆنانیان ڕفاند کە دەسەڵاتداری مازەندەران بوو، بردیان و کەس نەیزانی کە چی بەسەر هات.

لەو ساڵەدا کوروش، دوای ئەوەی لە باکوور ئامادەسازی پێویستی بۆ دروستکردنی کەشتی جەنگی کرد گەڕایەوە و گەیشتە شوێنێك کە مێژوونووسانی یۆنانی بە دەروازەی قەزوین (دەروازەی کاسپین) یا دەروازەی ئەسکەندەر ناویان بردووە و لە کاتێکدا ناوی ڕەسەنی ئەوێ (دەروازەی کوروش) بوو. ئەوێ دەروازەی نەبوو، بەڵکو دەربەندێك بوو کە ڕێبوارانی فەلاتی

ئێران، کاتێك دەگەیشتنە ئەوێ دەیانزانی کە لە زەوییە ڕێکەکان تێپەڕبوون و گەیشتوونە ناوچە کوێستانییەکانی باکووری ئێران لە مازەندەران.

ئەمڕۆ بارودۆخی ئەو دەربەندە وەك کاتی کوروش نییە، چونکە با و باران و بەفر و هەتاو بە بەردەوام سروشتی زەوی و زارەکان دەگۆڕن و جگە لە شاخە بەردینە گەورەکان، هیچ شوێنێك لە زەوی نییە کە نەگۆڕێت و تەنانەت شاخە بەردینە گەورەکانیش، بەڵام بە تێپەڕبوونی کاتی زۆر دیمەنیان دەگۆڕێت.

لە سەردەمی کوروش ئەو دەربەندەی دەکەوتە نێوان فەلاتی ناوەندی ئێران و مازەندەران دەدیترا، ڕێگەیەك بوو لە نێوان دوو گردی بەرز و کاتێك کە هەنگاوت دەنا بۆ ئەو دەربەندە دەتزانی کە گەیشتوویەتییە مازەندەران و بە زوویی سەرەتاکانی جەنگەلەکانی مازەندەرانی دەدیت.

کوروش لەو شوێنە کە تا ئەوکات هیچ ئاوەدانی نەبوو، گوندێکی دروستکرد و ئاوی دۆزییەوە و دوو کاروانسەرای گەورەی بینا کرد کە لە سەردەمی ئەسکەندەر وێران بوون و ئێسترابوون دەڵێت: هەر یەکە لەو کاروانسەرایانە وەك شارێکی بچووك وابوون و بەردەوام ژمارەیەك ئەسپ و ئێستر هەبوو کە تایبەت بوون بە گواستنەوەی بار لە ڕێگاکانی مازەندەران.

دەروازەی کوروش لە سەردەمی ساسانییەکان و دواتر لە سەردەمی ئیسلام هەر مابوو و ڕێبواران لە ئەوێ ئەسپ و ئێستریان دەکڕی یا بە کرێ دەگرت، بەڵام دوای هاتنی موغول چیتر ناوێك لەو بارەوە نەما.

مێژوونووسانی یۆنانی نووسیویانە کە کوروش لە دەروازەی قزوین سوپایەکی دانابوو تا ببێتە ڕێگر لە هێرشی خێڵەکانی باکوور و ئەمەش دوورە لە ڕاستی.

ئەگەر کوروش لە ئەوێ سوپایەکی دانابوایە، ئێسترابوون کە لە گەشتنامەکەی هەموو شتی بە وردی باسکردووە، ئەمەشیانی باس دەکرد و دەروازەی کاسپیان بە وتەی یۆنییەکان هیچ کاتێك سوپای لێ نەبووە، چونکە دەسەڵاتدارانی ئێران لە لای مازەندەرانەوە هەستیان بە مەترسی نەدەکرد تا سوپایەك لە ئەوێ جێگیر بکەن.

لە سەردەمی دەسەڵاتداری کوروش و دەسەڵاتدارانی دوای ئەو، شارەکانی (مازەندەران، ئەستەرئاباد و گیلان) بە درێژایی سەردەمی هەخامەنشییەکان بەشێك بوونە لە خاکی ئێران و دانیشتوانی ئەوانیش سەرگەرمی کاری خۆیان بوون و نەدەبوونە مایەی مەترسی بۆ دانیشتوانی ویلایەتەکانی تری ئێران، تا کوروش ناچار بە دانانی سوپایەك لە ئەوێ ببێت.

سەربازگە گەورەکانی کە کورووش دروستی کردن، بۆ رێگرتن لە هێرشی ئەو خێڵانە بوو کە لە تورکستان و قەوقازیا و ماوەراءالنهرەوە هێرشیان دەکرد و دیواری تورکستان و دەربەندی باب الابوابیش بۆ رێگرتن لە هێرشی ئەوان بۆ سەر ئێران بینا کرابوون و لە تەواوی سەردەمی دەسەڵاتی هەخامەنشییەکاندا، دانیشتوانی مازەندەران، گیلان و ئەستەرئاباد لە سەربازانی هەڵبژاردەی سوپای ئێران بوون و ئەگەر ئەوان مەترسی بوانە لەسەر دانیشتوانی شوێنەکانی تری ئێران، بۆ پارێزگاری لە ئەوان هێزی دەریایی دانەدەمەزراند.

# جەنگەکانی شاژنی سەحرا و کوروش

لە باکووری ماوەراء النهر شاژنە (تیمیریس) دەژیا کە بە یەك لە ژنە سەرسورینەرەکانی جیهان دەژمێردرا و یۆنانی و رۆمییەکان باسی ئەویان بۆ نەوەکانی داهاتوو نەکردووە، بۆیە ناوبانگی وەك کلیۆ باترای میسری، شاژنە ئەلیزابێتی بەریتانی و شاژنە کاسرینی روسی نییە.

هێرۆدۆتی یۆنانی ئاگاداری باروودۆخی ژیانی نەتەوەکانی ماوەراءالنهر و خێڵەکانی باکوور و رۆژئاوای دەریای ئارالْ (ئەو دەریایەی رووبارەکانی سیحون و جیحون دەرژێنە ناوی) نەبوو و تەنها ناوی بیست بوون و تەنها ئاماژەیەك بە (تیمیریس) شاژنی (مەسقەند) یا وەك هیرۆدۆت دەڵێت (ماساژێت) دەکات و تێپەڕدەبێت.

بەڵام (کەتزیاس) مێژوونووسی یۆنانی و پزیشکی تایبەتی ئەردەشێری دووەمی پاشای ئێران، کە ماوەی چل ساڵ لە ئێران ژیا بە درێژی باسی ئەو شاژنە دەکات و بۆ نەوەکانی داهاتووی دەهێڵێتەوە.

شاژن (تیمیریس) فەرمانرەوای خێڵە سەحراییەکانی مەسقەند بوو، لە بەرێوەبردندا ئافرەتێکی زۆر توند بوو و بەڵام ژیانی زۆر بەهەند نەدەگرت و سەدان هاوسەری هەبوو، چونکە لە ناو خێڵەکانی مەسقەند ژنە دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی کۆمەڵە هاوسەرێکیان هەبێت و کارێکی سروشتیش بوو خەرجی ژیانی هاوسەرەکانیان دەدا.

ئەو نەریتە لەو خێڵەوە بۆ خێڵەکانی تری (ماوراء النهر) گوازرایەوە و دواتر بە هاتنی ئیسلام ئەو نەریتە لەناوچوو، بەڵام پاشماوەکانی هەرما و سەرۆك خێڵەکان منداڵەکانیان پەیوەست دەکرد بە دایکی نەك بە باوکی و تەنها ئەو کورە دەبوو بە سەردار و میر کە دایکی کچە میر بوایە.[1]

شاژنە تیمیریس وتبوی ئێران باشترین وڵاتە بۆ ئەوەی هێرشی بکرێتەسەر، چونکە وێڕای دەوڵەمەند بوونیان، پیاوەکانیشیان جوانن.

پێش ئەوەی کوروش بۆ رێگرتن لە هێرشی مەسقەندەکان لە ماوەراءالنهر سەربازگەی هەمیشەیی دروست بکات، شاژنە تیمیریس دوو جار هێرشی کردە سەر ئێران و بەڵام دوای دروستکردنی ئەو سەربازگەیە لە شاری کوروپۆلیسی ماوەراءالنهر لە لایەن کوروشەوە، هێرشەکانی شاژن بۆ ئێران وەستان.

شوێنی سەربازگەکە وەك باسمان کرد لە شوێنێك بوو کە ئێستا بە (ئۆرا تەپە) ناسراوە و دەکەوێتە کەناری رووباری سەیحون و ئەو شوێنەی کە بواری پەرینەوە بووە، باستان ناسە رۆسیەکان گومانیان نییە کە شاری کوروش لە (ئۆرا تەپە) بووە.

ئێستا (بوار) لە رووبارەکان بە هۆی دروستکردنی پرد و ئاسان بوونی پەرینەوە گرنگی نەماوە، بەڵام لە ڕابردوودا دروستکردنی پرد لە سەر رووبارەکان و بە تایبەتی رووبارێکی وەك سیحون کە لە بەهار و کاتی زۆر بوونی ئاودا لە هەندێ شوێن پانییەکەی دەگەیشتە سێ کیلۆمەتر، کارێکی ئاسان نەبوو، بۆیە کاروانەکان کاتی پەرینەوە لە رووبار بە دوای شوێنی بواری رووباردا (واتە ئەو شوێنەی کە قووڵی ئاو تیایدا کەمترە) دەگەڕان.

شاژن تیمیریس لە کاتی لەشکرکێشی بۆ سەر ئێران رێگای تری نەبوو جگە لە پەرینەوە لە رووباری سەیحون و بۆ ئەو کارەش دەبوایە لە (بوار) بگەرێت. کوروش کە ئەو بابەتەی دەزانی، شاری کوروپۆلیسی لە شوێنێك دروستکرد کە بڕوانیتە شوێنی بواری رووبارەکە و سەربازگەی ئەو شارەش رێگر بێت لە پەرینەوەی خێڵەکانی سەحرا.

شاژنە تیمیریس وێڕای ئەوەی دەیزانی سوپایەکی جێگیر لە شاری کوروپۆلیس هەیە و رێگر دەبێت لە پەرینەوەی لەشکری ئەو بۆ هێرش کردنە سەر ئێران، بڕیاریدا جارێکی تر هێرش

---

(١) (وەك باسمان کرد مەسقەندەکان ئەو خێڵانەن کە ئێستا بە ئۆزبێك دەناسرێن و هەمیشە لە کاتی لاوازبوونی دەسەڵاتدارانی ئێرانی، هێرشیان کردووتە سەر ئێران و بەردەوامبوونە لە هێرشەکانیان تا ناوەڕاستی سەردەمی قاجارەکان، زەبیحوڵڵا.)

بکات و چاوچنۆکی بۆ کۆکردنەوەی ماڵ و هەوا و هەوەسی خاوەنداریەتی کردنی پیاوانی گەنج و جوانی ئێرانی، هاندەری بوو بۆ ئەو هێرشە. بەڵام چونکە دەیزانی لەشکرێکی ئێرانی لە سەر رووباری سەیحون لەشکرێکی بەهێزە، بڕیاریدا کە بە لەشکرێکی گەورەتر بچێت.

ئەو شاژنە سەرکێش و خۆشگوزەرانە بۆ ئەوەی ناچار نەبێت لە سیحون لە نزیك (ئۆرا تەپە) بپەڕێتەوە، دەستی بە رۆیشتن بە درێژایی کەنارەکانی رۆژهەڵاتی سەیحون کە ئێستا بە (سیر دەریا) ناسراوە کرد تا گەیشتە شوێنی شاری (تاشکەندی) ئێستا و ئەو شارەی تالان کرد، دواتر بەرەو رۆژهەڵات کەوتەرێ تا گەیشتە شارێك کە ئێستا بە (چهار جوی) ناسراوە و لە کەناری رووباری جەیحون واتە ئامۆ دەریای ئێستایە و ئەو شارەشی تالان کرد و خۆی ئامادەکرد بۆ هێرش بۆ سەر ئێران.

ئەوکات کوروش لە ئەکباتان (هەمەدان) کەوتبۆوەرێ و شەو و رۆژی دەخستەسەر یەك تا بگاتە لەشکری تیمیریس.

کوروش وەیدەزانی لەشکری سەربازگەی کوروپۆلیس بەدوای لەشکری تیمیریس کەوتووە، بۆیە پێیوابوو لەشکرە بیست و پێنج هەزار کەسیەکەی بۆ شکاندنی تیمیریس بەسە، چونکە وایدەزانی لەشکری ئێران لە پشتەوە لە لەشکری تیمیریس دەدات و خۆشی لە پێشەوە، بەم شێوەیە تیمیریس دەخاتە نێوان دوو شمشێر و بە زووترین کات ئەو لەشکرە دەشکێنێت و زانیاری نەبوو کە لەشکری کوروپۆلیس لە شوێنی خۆی نەجولاوە.

فەرماندەی سوپای ئێران لە کەناری رووباری سەیحون زانیاری هەبوو کە لەشکرێك لە سوارکارەکانی مەسقەند بەرەو جنوب کەوتووتەرێ، بەڵام چونکە پێیانوابوو ئەرکی ئەوان تەنها پارێزگاریە لە شاری کوروپۆلیس، بۆیە هەوڵی نەدا کە بە دوای ئەو لەشکرە بکەوێت و جگە لەمەش ترسی هەبوو کە ئەوە فێڵ بێت بۆ ڕاکێشانی بەدوا خۆیاندا و چووڵ کردنی کوروپۆلیس، تا دواتر بە لەشکرێکی تر بێت و ئەو شارە داگیر بکات.

کوروش بە بیست و پێنج هەزار کەسەوە و بەبێ عارەبانەی جەنگی لە رۆژهەڵاتی رووباری جەیحون خۆی گەیاندە لەشکری شاژنە تیمیریس بە وتەی (کتزیاس) سەدهەزار سوارکار بوون و سوارکارانێك کە لەگەڵ جەستەی ئەسپەکانیان یەك زیندەوەریان دروست دەکرد و هەموو هونەرەکانی جەنگکردن لە سەر پشتی ئەسپیان دەزانی، شاژنە تیمیریس هەر کە زانی کوروش لە بەرانبەری وەستاوە، فەرمانی هێرش بردنی کرد.

سوارکارەکانی کوروش بەراورد بە سوارکارانی مەسقەند لەشکرێکی بچووکیان پێك دەهێنا، بەڵام وەفادار بوون بەرانبەر پاشاکەیان و بەپێی نەریتی سەربازانی ئێرانی، لە جەنگ تەنها بە فەرمانی فەرماندەکەیان نەبێت یەك هەنگاو نەدەکشانەوە. کوروش کە داهێنەری شێوازێکی جەنگ بوو کە تا جەنگی دووەمی جیهانی پەیرەوی دەکرا، تێگەیشت شاژن تیمیریس دەیەوێت دەورەی بگرێت و بۆ رێگرتن لە دەورەگیرانی، پشتی کردە رووباری جەیحون تا سوارکارانی مەسقەندی نەتوانن لە پشتەوە لێیان بدەن.

شاژن زانی ناتوانێت گەمارۆی پاشای ئێران بدات، بۆیە فەرمانیدا تەواوی سوارکارە ئێرانییەکان بکوژن و هەرچەندە دەرکردنی ئەو فەرمانە ئاسان بوو و جێبەجێ کردنی بە هۆی بەرگری ئێرانییەکان کارێکی سەخت بوو.

گوشاری سەربازانی مەسقەندی تا دەهات زیاتر دەبوو و کوروش زانی کە تەواوی سەربازەکانی دەکوژرێن و بۆیە فەرمانی بە ریزەکانی پشتەوەی لەشکرەکەی کرد بە هێواشی بچنەناو ئاو و جلەوی ئەسپەکانیان شل بکەن، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن مەلە بکەن و لە جەیحۆن بپەرنەوە. سوارکارە ئێرانییەکان بە پەلە و بە بێ ترس لە کاتێکدا کە هاوسەنگەرەکانیان لە گەڵ دوژمن دەجەنگان و دەکوژران، دەستیان کرد بە چوونە ناو ئاو.

نەزاندراوە لەو جەنگە گاردی جاویدی پاشا بەشدار بوون یا نا؟ هیرۆدۆت دەڵێت بەشدار نەبوون و کەتزیاس دەڵێت هەندێکیان بەشدار بوون. بە دوور نازاندرێت ئەو گاردە بەشدار بووبن و ئەو گاردە لەشکرێکی دەهەزار کەسی پێکهاتوو لە چەندین ریزی پیادە، سوارە، عارەبانەدار، کەمانچی و مەنجەنیق هاوێژ پێکهاتبوو.

بە فەرمانی کوروش هەر سوارێکی ئێرانی لە کاتی پەرینەوەی لە رووبارەکە، بریندارێکی لەسەر زینی ئەسپ و یا پێش خۆی دادەنا و دەیپەراندەوە و بەم شێوەیە کوروش توانی پازدە هەزار کەس لە لەشکرەکەی کە بەشێکیان بریندار بوون، بگەیێنێتە کەنارە رۆژئاواییەکانی رووبارەکە و دەهەزار سەربازیشی لە لایەن مەسقەندییەکان لە کەناری رۆژهەڵاتی رووبارەکە کوژران.

وێرای ئەوەی سوارکارەکانی پێشەوە دەیانزانی کوروش فەرمانی پاشەکشەی بەشی دواوەی لەشکری داوە بەڵام ئازایانە دەجەنگان و نەدەکشانەوە و فیداکاریان دەنواند. دەهەزار کەس لە لەشکری کوروش کوژرا و کوژراوەکانی لەشکری مەسقەندیش بە هەمان ژمارە بوون.

جەنگی کەناری جەیحون بە پێی وتەی مێژوونووسانی یۆنانی لە شانازییەکانی لەشکری ئێران بوو و هەرچەندە کوروش ناچار بە پاشەکشە بوو، بەڵام ئەو جەنگە ڕێکوپێکی و روحی فیداکاری سەربازە ئێرانییەکانی پشتراست کردەوە.

کوروش دوای پاشەکشەکردن، بەرەو وڵاتی (مەرژیان) کەوتەرێ. ئەوێ وڵاتێك بوو کە ئەو شارەی ئێستا بە (مەرڤ) ناودەبرێت و پێویست ناکات بیناسێنین، چونکە هەموان دەزانن کوێ یە و لە کوێ یە و خسڵەتی دانیشتوانی چییە و هەندێ لە خەڵکی ئەو شارە لە شارەکانی ئێران دەژیان و بازرگانەکانی ئەو شارەش تا سەدەیەك پێش لە تارانی پایتەختی ئێران بازارێکیان بە ناوی (بازاری مەرڤ) هەبوو.

هیرۆدۆت سەبارەت بە ڕووداوەکانی دوای پاشەکشەی کوروش بۆ مەرژیان، ئەفسانەیەك دەهۆنێتەوە، کە بۆ پیاوێکی وەك ئەو کە لە سەرەتای پەرتووکی (جەنگەکانی ئێران) دادەلێت: (من لە نووسینەوەی مێژوودا بە دوای ئەفسانە ناکەوم) دەبێتە جێگەی سەرکۆنە کردن.

هیرۆدۆت گوێ بیست ببوو کە لە وڵاتی مەرژیان ترێ زۆرە و شەڕابی جۆراوجۆری خۆشی لێ دەست دەکەوێت و بە پێی ئەو زانیاریانە بەم شێوەی نووسی بوو: کوروش دوای گەیشتنی بۆ مەرژیان، وتی تا شەراب دروست بکەن و ترێ یان هێنا و لە گۆزەیان کردن و دایان نان، دوای هاتنی لەشکری شاژنە تیمیریس کوزەکانی شەرابیان بە بێ سەرپۆش لە پێش سەربازەکانی شاژن دانا و ئەوانیش ئەوەندەیان خواردەوە تا لە لاق کەوتن و کوروش هەموویانی کوشت و کوری شاژنە تیمیریس کە ناوی (تەم) بوو ئەسیر کرد.

بەڵگەی ناراست بوونی ئەو چیرۆکەی هیرۆدۆت ئەوەیە کە کوروش لە مانگی یەکەمی هاوین گەیشتە وڵاتی مەرژیان و لەو وەرزەدا هێشتا ترێ پێ نەگەیشتبوو تا بتوانن لە گۆزەی بکەن و شەراب بەرهەم بێنن، هەروەها سەربازانی شاژنیش هەموویان شیری ماین و خواردەمەنییەکی تایبەت بە ناوی (گۆپلێس) یان دەخوارد کە لە شیر و کەشکی هەمان ئاژەڵ بەرهەم دێت و شەرابیان نەدەخوارد، تا بە دیتنی گۆزەکان بکەونە شەراب خواردن و لە هۆش بچن و کوروش بە بێ هیچ گرفتێك هەموویان بکوژێت و کوری شاژنیش ئەسیر بکات. ئەو ئەفسانەیە هەڵبەستراوە و نە کوروش لەو وڵاتە شەرابی دروستکرد و نە سەربازانی شاژنی سەحراش شەرابخۆر بوون.

لە گەڵ پەرینەوەی لە رووباری جەیحون کوروش دوو بڕیاری وەرگرت، یەکەم/ نەهێڵێت سوپای خێڵە سەحراییەکان لە ئاو بپەرێتەوە. دووەم/ هەوڵ بدات لە نزیکترین شوێنی ئێرانەوە سەرباز بۆ یارمەتی بێنێت.

نزیکترین ناوچە کە کوروش دەیتوانی داوای هێزی یارمەتیدەری لێ بکات ناوچەیەك بوو لە باشووری رووباری جەیحون و خەڵکانێکی لێ دەژیان بالآبەرز و چوارشانە و زۆر بەهێز بوون و لە بناری شاخەکانی (پۆرۆپا می زۆس) چەنگیان لە گەرووی پلینگەکان گیردەکرد و تا خەنکاندنی بەریان نەدەدا، ئەوان فەرمانبەرداری هیچ پاشایەك نەبوون و تەنها سەرۆك خێڵی خۆیان نەبێت و کوروشیش وەك منداڵەکانی خۆی لە گەڵیاندا دەجولایەوە.

شاخەکانی (پرۆپا می زۆس) هەمان شاخەکانی (هندۆکۆشی) ئێستان و دەزانین کە سەرچاوەی ئاوی جەیحون لەو شاخانەیە و دانیشتوانی ئەو شوێنە و فەلاتی رۆژئاوای ئەو شاخانە بە ئەفغانی ناسراون. ئەو وڵاتە کە ئێستا تەنها یەك وڵاتە، لە ڕابردوودا لە چەند وڵاتێك پێکهاتبوو و دانیشتوانی ئەوێ بە کشتوکاڵ و ئاژەڵداری دەژیان و هەموویان ئازا و دلێر و لە هەمانکاتدا پشوودرێژ و چاوتێر بوون.

لە ناو خێلەکانی ئەفغانستان کە بە گشتی ئازا بوون، هەندێکیان لە ئازایەتیدا ناوبانگیان زیاتر بوو و ئەو خێلانە بریتی بوون لە: (کەلزایی، هندەکی و هەزارە). (کەلزایی) ناوێکە کە دواتر گۆڕا بە (قەلزایی) و دواتر (قلیجایی) و لە مێژووی ئێراندا ئەو ناوە زۆر دەبیندرێت و لە کۆتایی سەردەمی سەفەوییەکان ئەو ناوە دەبیسترێت و ئەو ئەفغانیانەی لە کۆتایی سەردەمی سەفەوییەکان چوونە ئێران لەو خێڵە بوون.

چەکی خێڵەکانی (کەلزایی، هندەکی و هەزارە) بریتی بوون لە شمشێری گەورە، کە مرۆڤی ئێستا لە بینینیان دەترسێت. ئەو شمشێرانەیان لە قەڵایی دروستکردبوو و نووکی تیژی شمشێرەکان بە پێوەری ئێستا نزیکەی سی سانتیمەتر بوون و ئەوەندە درێژ و قورس بوون کە خەڵکی ئاسایی توانای جوڵاندنیان نەبوون و هەر ئەو شمشێرانەن کە لە سەردەمانی دواتر بە (تەلوار) ناسران.

ئەستەم بوو شمشێری ئەفغانییەکان بە کەسێك بکەوێت و نەکوژرێت، یا تا کۆتایی تەمەنی بێ دەست و کەم ئەندام نەبێت. ئەوانەی نەیاندەویست بە شمشێر جەنگ بکەن، بە گورز جەنگیان دەکرد و هەندێك لە گورزەکان لە قەلا دروستکرابوون، هەندێکی تر بریتی بوو لە پارچە بەردێکی گەورە و خڕ، کە لە سەر دارێکی ئەستوور بەسترا بوو و بەم شێوە دەچوونە جەنگگە. لە نێوان ئەو سێ خێڵە کەلزاییەکان شمشیریان لە چەکەکانی تر پێ باشتر بوو، هندەکیەکانیش گورز و هەزارەکانیش تیر و کەمانیان لا باشتر بوو و تیرەکانیان لە جۆرە دارێك بە ناوی (کهور) کە لە ناوچەکەیان زۆر بوو، دەتاشی و دروست دەکرد.

کوروش پەیامی نارد بۆ سەرۆکەکانی هەر سێ خێڵ، تا پیاوانی خۆیان بنێرن و لە شاری مەرڤ بگەنە ئەو و داوای لە هەر یەکە لە خێڵەکان کرد کە هەریەکە و دەهەزار جەنگکەر بێنن و ئەگەر نەیانتوانی ئەو ژمارەیە بێنن، نابێت هێزەکانیان لە حەوت هەزار کەس کەمتر بن. سەرۆکەکانی هەرسێ خێڵی (کەلزایی، هندەکی و هەزارە) هەریەکە و بە حەوت هەزار پیاو، کەوتنە ڕێگا بەرەو مەرڤ.

پێش گەیشتنی هێزی یارمەتیدەر، کوروش لە ناوچەی مەرژیان دەستی بە سەربازگیری کرد و پێش سەربازگیریش، بەو پازدە هەزار سەربازەی لە جەنگ بۆی بە جێ مابوو ڕێگەی گرت لە پەرینەوەی لەشکری شاژنە تیمیریس و نەیهێشت لە ناوچەی (چهار جو) بپەڕێتەوە و خۆی بگەیێنێتە لەشکری کوروش.

شەو و ڕۆژ سەربازانی کوروش لە کەنارەکانی جەیحون پاسەوانیان دەدا و ئەوەندەیان ئاگر پێ دەکرد کە وەك ڕۆژی ڕووناکی لێ دەهات، کوروش دەیزانی ئەو سەربازانە ناتوانن بە خێرایی لە ئاو بپەڕنەوە بۆیە بێ توانان. سەربازەکانی مەسقەند نەیاندەتوانی لە ئاو بپەڕنەوە، مەگەر وەك شێوەی سەربازانی کوروش بە ئەسپ لە ئاوی جەیحون بپەڕنەوە و ئەگەر ویستبایان خۆیان بچنە ناو ئاو، بێ گومان دەخنکان.

سەربازانی کوروش شەو و ڕۆژ لە کەنارەکانی ڕۆژئاوای جەیحون چاوەڕوانی نزیك کەوتنەوەی سەربازانی مەسقەند بوون و بە نزیك بوونەوەیان بە تیر لێ یان دەدان و یا بەو مەنجەنیقانەی کە کوروش بە پەلە دروستی کردبوون[٢]، بەردیان بەسەر دادەباراندن و بەر لە گەیشتنیان بۆ کەنارەکان دەیانکوشتن و ئەوانەی کە دەگەیشتنە کەنارەکانیش، سەربازانی ئێرانی بە پەلە خۆیان دەگەیاندنێ و دەیانکوشتن. ئەو کات دەرکەوت ڕووبارەکان، بە تایبەتی لە وەرزی زۆربوونی ئاوەکەیان دەبنە ڕێگری باش لەبەردەم لەشکر.

ڕێگرتنی کوروش لە پەرینەوەی لەشکری شاژنی سەحرا لە ڕووباری جەیحون، ئەوەندە گرنگی دروستکرد کە بۆوە بەشێك لە مێژووی کلاسیکی زانکۆکانی سەربازی سەدەکانی سەردەم و کاتی گفتوگۆ لەمەر پەرینەوەی لەشکر لە زانکۆ سەربازییەکاندا، یەکەم نموونە کوروشە کە باسی لێ دەکرێت و دەگوترێت کە هەرچەندە هێزی کوروش زۆر کەمتر بوو لە هێزی خێڵە سەحرائیەکان، بەڵام توانی ڕێگە لە پەرینەوەی سوارکارەکانی تیمیریس بگرێت.

---

(٢) (مەبەستی زەبیحوڵڵا ئەوە نییە کە کوروش خۆی مەنجەنیقی دروستکردبێت و مەبەستی فەرمان کردنە بە دروستکردنیان بە خێرایی. وەرگێر بۆ کوردی)

شاژنە تیمیریس کاتێك بۆی دەرکەوت سەربازەکانی لە توانایاندا نییە لە رووبارەکە بپەرنەوە و ئەوانەی بۆ کەنارەکانی رۆژئاوای رووبارەکەش دەپەڕینەوە، دەکوژران. بڕیاریدا ئەو ناوچەیە جێ بهێڵێت و بەرەو خواروی رووبارەکە بچێت. رێرەوی رووبارەکە لە باشوورەوە بۆ باکوور بوو و بەشی خوارووی رووبارەکە دەبۆوە، بەشی باکوور و لە دووری (٢٥) فەرسەنگ[٣] لە شاری (چوارجو) بوارێك هەبوو کە ناوی (بروزن دەهل) بوو و لەو شوێنە رووبارەکە بە رادەیەك پان دەبوو کە نە تەنیا سوارکارەکان، بەڵکو پیادەکانیش دەیانتوانی بەبێ مەترسی بپەرنەوە.

ئەو بوارە لە سەردەمی ئێستادا نەماوە و هۆکارەکەشی ئەو گۆڕانەیە کە لە رێرەوی ئەو رووبارەدا هاتۆتە کایەوە. ئەو رووبارە گەورەیە کە لە مێژوودا لە سێ سەدەی رابردوودا ناوی هاتووە، زیاتر لە چەند جارێك رێرەوی گۆڕاوە و لە ناوچەیەکەوە چووتە ناوچەیەکی تر.

لە سەردەمی کوروشدا رووباری جەیحون، دەڕژایە ناو دەریاچەی ئاراڵ و دوای چەند سەدەیەك رێرەوەکەی گۆڕا و بەرەو رۆژئاوا رۆیشت و ڕژایە ناو دەریاچەی خەزەر و ئاوی ئەو دەریاچەیە بە رادەیەك زیاد بوو کە ئەو شارانەی کە لە دەورەی بوون، هەموویان کەوتنە ژێر ئاو.

دواتر جارێکی تر رێرەوی رووبارەکە گۆڕا و ئەو رووبارە بەرەو رۆژهەڵات و بەرەو دەریاچەی ئاراڵ رۆیشتەوە و جارێکی تر ڕژایەوە ناو دەریای ئاراڵ. زانایانی رۆسیا توانیویانە کە چوار رێرەوی وشکبووی جەیحون لە ماوەراءالنهر و تورکەمەنستان بدۆزنەوە و بەو پێوەرە دەردەکەوێت کە رێرەوی ئەو رووبارە چوار جار گۆڕاوە و ئەستەمە کە جارێکی تر بگۆڕێت، چونکە لەمەودوا مرۆڤ زانایە و پیشەسازی دەزانێت و رێگر دەبێت لەو رووداوە.

دوای پەرینەوەی لە بوارێکی رووبار بە ناوی (کۆتەڵ)، شاژن ویستی جەنگی کوروش بکات، کوروش کە هێشتا هێزی یارمەتیدەری پێ نەگەیشتبوو، دەستی بە کشانەوەیەکی پوخت کرد تا گەیشتنی خێڵە ئازاکانی مەرژیان و ئەوکات وەستا بڕیاریدا لە گەڵ سوارکارانی مەسقەندی بجەنگێت. لەشکری سوارەی کوروش خاڵی لاوازی بوو و بە پێچەوانەوە لەشکری پیادەی بەهێز بوو، کوروش مەیدانی جەنگی لە باکووری شاری مەرڤ و باکووری رووباری (مراوی) دیاریکرد، کە ناوچەیەکی پڕ لە بەرزی و نزمی بوو، کوروش بۆیە ئەو شوێنەی هەڵبژارد تا مەسقەندییەکان نەتوانن بە باشی سوود لە ئەسپەکانیان ببینن، پاشای ئێران

---

(٣) (یەك فەرسەنگ بە پێوەری ئێستا بریتییە لە ٦ کیلۆمەتر، وەرگێر بۆ کوردی)

دەیزانی لەشکرێکی سوارە لە ناوچەیەکی ئاوا نیمچە شاخاوی، ناتوانێت بە باشی سوود لە توانای خۆی وەربگرێت، بەڵام لە شوێنی هەموار زۆر مەترسیدار دەبێت.

کوروش کەمانچییەکانی خێڵی هەزارە و کەمانچییەکانی تری لە گەڵ مەنجەنیقەکان، لە ریزی پێشەوە و هەر دوولای جەبهە دانا و چاوەڕوانی هاتنی سوارکارانی مەسقەندی بوو و شاژنە تیمیریس کە لە سەرکەوتنی پێشووی لە جەنگی چهارجو دووچاری لەخۆبایی بوون ببوو، وای بیرکردەوە کە بە هێرشێکی گەورە دەتوانێت لەشکری کوروش لەناو ببات و فەرمانی جووڵەی سوارکارەکانی خۆی دەرکرد.

کوروش کە دەیزانی سوپای دوژمن زۆر بەهێزە و بۆیە مەیدانی جەنگی لە ناوچەیەکی نیمچە شاخاوی و لە ڕێرەوی رووباری مراوی هەڵبژارد، تا شاژنی خێڵە سەحراییەکان نەتوانێت دەورەیان بگرێت. رووباری مراوی وەك هەموو ئەو رووبارانەی بە ناوچە شاخاویەکاندا دەروون، لە سەرەتای دروستبوونی زەوی رووبارێکی مەزن بوو و بە تێپەڕینی ملیۆنەها ساڵ، شاخەکانی دووچاری شوشتنەوە و سواندن کرد و شۆڕاوەکانی لەگەڵ خۆی برد بۆ بنارەکانی خوارەوە و ڕێرەوەکەی بوو بە خەرەند و لە هەندێ شوێن پانی ئەو خەرەندە دەگاتە دەکیلۆمەتر.

ئێستا کاتێك ئەو رووبارە یا رووبارێکی تر دەبینین کە وەك جۆگایەکی باریك لە قولایی خەرەندێك دەردەکەوێت، ناتوانین بڕوا بە خۆمان بهێنین رۆژێك ئەو رووبارە باریکە، ئەوەندە مەزن بووبێ کە ئەو خەرەندە گەورەیەی دروستکردبێت. بەڵام ئەوە راستییە کە هەموو خەرەندە پان و قوول و ترسناکانە کە رووبارەکانیان پێدا دەروات، بە هۆی ئەو رووبارانە و لە ماوەی ملیۆنەها ساڵ دروستبووە.

رووباری مراویش کە بۆوە مەیدانی جەنگ، خەرەندێکی پانی دروستکردبوو و بە لۆفەیەکی درێژ و پان لە باشووری ئەو خەرەندە تێپەڕدەبوو. کوروش لە ئەوێ پەنای گرت تا لە لای چەپەوە، پاڵ بە رووبارەکە و لە لای ڕاست پاڵ بە شاخ بدات و لایەکەی تری رووبارەکەش شاخ بوو. شاژنە تیمیریس وێڕای ئەوەی دەیزانی دوولای جەنگگەی کوروش لە رۆژهەڵات و رۆژئاوا پشتی بە شاخ و بە رووبار بەستووە، نەترسا چونکە وای بیردەکردەوە کە سوارکارە ئازاکانی دەتوانن لەشکرە پیادەکەی کوروش بشکێنن و لە ناو ببن و لەو پێدەشتە تێپەڕدەبن.

بۆ ڕێگرتن لە هێرشی سوارکارانی خێڵە سەحراییەکان، کوروش بڕیاریدا بە پشت بەستن بە کەمانچی و بەردهاوێژەکان، بارانی بەرد و تیریان بەسەردا ببارێنێت و هەر ئەو کارەی لە سەردەمی نوێدا چەکی ئاگرین لە جەنگگە دەیکات.

شاژنە تیمیریس دەهەزار سواری لە پشتی مەیدانی جەنگ جێهێشت تا ئەگەر سەربازگەی کوروپۆلیس هێرشیان کرد بتوانن بەرگری بکەن و خۆشی بە تەواوی هێزەکەیەوە هێرشی کردە سەر لەشکری کوروش. چەکی لەشکری تیمیریس لە شمشیر، نێزە، تیر و کەمان پێکهاتبوو، بەڵام لە کاتی هێرشدا نەیاندەتوانی سوود لە کەمانەکانیان وەربگرن.

ئەوان بە ریزی لە دوای یەك و بە شێوەی ڕێکوپێك هێرشیان دەکرد و نە خەفتان، نە کلاوخود و تەنانەت پارچە چەرمێکیشیان لەبەردا نەبوو تا پارێزگاریان لیێ بکات و وێڕای ئەمەش بیێ ترسان لە مەرگ دەستیان کرد بە هێرش و کاتێك یەکەم ریز لە سوارکارەکان خۆیان گەیاندە نزیك جەبهەی کوروش، بە شێوەیەك تیر و بەرد باران کران کە تەنانەت یەك سوار نەیتوانی خۆی بگەیێنێتە سەربازگەی کوروش.

تیرهاوێژانی (هەزارە و مەرڤ و سەرەخس) کە لە تیرهاوێژە ناودارەکانی لەشکری کوروش بوون بە خێراییەك تیریان دەهاویشت کە ناتوانین بیخەینە بەر دیدەمان، هۆکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ماوەیەکە تیر هاویشتن لە جیهان نەماوە و خەڵك لە نهێنییەکانی ئاگادار نین، بەڵام بە درێژایی هەزاران ساڵ تیرهاویشتن ببوو بە هونەرێکی دیار لە ئازایەتی و ڕێسای تایبەتی هەبوو و تیرهاوێژە ئێرانییەکان لە تەواوی تەمەنیان پەیرەویان دەکردن تا بتوانن وەك وتەی وەرزشکارانی ئێستا، ئاستی خۆیان بەرز ڕابگرن.

هەرچەند سوارکارەکانی ریزی یەکەم بریندار بوون یا کوژران، بەڵام مەسقەندییەکان نەترسان و ریزی دووەم هێرشی کرد و بە گەیشتنیان بۆ وێزەی دوژمن، ڕێژنەی تیر و بەرد بە سەریاندا باری و تیرەکان بە ئامانجەکان دەکەوتن و سوارکارە مەسقەندییەکان دەکەوتنە سەرزەوی، بەڵام بەردەکان هەموویان بە ئامانج نەدەکەوتن، چونکە بەرپرسانی بەردباران نەیاندەتوانی وەك تیرهاوێژان نیشانە بگرن. ئەوان بۆ ئەوەی بتوانن لە ئامانج بدەن بۆ یەکەمجار بەردەکانیان دوور دەهاویشت و جاری دووەم نزیك ئامانج دەبۆوە و هاویشتنی یەکەم بە هاویشتنی بڵند و هی دووەم بە هاوێشتنی کورت ناوی دەبرا. ئەو دوو هاویشتنە ڕێگەی خۆشدەکرد تا بتوانن هاویشتنی سێیەم لە ئامانج بدات و هەندێجار سێیەمیش هەڵە دەبوو و چوارەم یا پێنجەم بە ئامانج دەکەوت.

بەڵام تیرەکانی مەنجەنیق بۆ کوتانی دەستەیەك لە سوارکارانی دوژمن کە هێرشیان دەکرد کارا بوو و بەردهاوێژەکان نەیاندەزانی کە کام سەربازانە دەکوژرێن، بەڵام دەیانزانی بە یەکێکیان دەکەوێت و تۆپچییەکانی ئێستاش پەیرەوی ئەوانیان کردووە و تۆپێکی دوور و یەکی کورت دەهاوێن، تا بە تۆپی سێیەم و چوارەم نیشان بشکێنن.

ریزی دووەمی سوارکارەکانیش وەك ریزی یەکەمیان بە سەرهات و هەندێکیشیان بە هۆی کوژرانی ئەسپەکانیان، بە ناچاری پیادە بوون بەڵام نەیانتوانی بگەنە سەربازانی کوروش و تیریان بەرکەوت. لەوانەیە بیربکەنەوە کە بە هۆی لە ناو چوونی دوو ریز لە سوارکارەکانی، شاژنە تیمیریس لە بەردەوامبوونی هێرش پەشیمان بۆوە، تا بیهودە سوارەکانی بە کوشت نەدات. بەڵام شاژ نوای بیردەکردەوە کە سەربازانی کوروش تیرەکانیان سەرئەنجام تەواو دەبێت و کاتێك دێت کە چیتر ئەوان ناتوانن تیر بهاوێژن و ئەوکات سوارکارەکانی، دەتوانن پیادەکانی کوروش لە ناو بەرن.

شاژنی سەحرا لە بەردی مەنجەنیقەکان نەدەترسا، چونکە دەیزانی ئەوان ناتوانن نیشانە بگرن. بەڵام تیرهاوێژەکان نیشانیاندا کە دەبێت لە تیرەکانیان بترسێت. بۆیە کاتێك ریزی سێیەمی سوارەکانی مەسقەندی بە جووڵە کەوتن، لە لایەن کورە گەنجەکەی شاژن کە ناوی (تۆم) و فەرماندەی لەشکر بوو، فەرماندرا کە لە کاتی هێرش بردن تیر بهاوێژن و تیرهاوێژەکانی ئێرانی بکوژن. ئەو فەرمانە لە لایەن ریزی سێیەمی لەشکر جێبەجێ کرا و بەڵام سوودی نەبوو، چونکە سوارەکانی سەحرا بەرەو ئێرانییەکان بە جووڵەی یەرغەی (واتە غاری چوار ناڵ) ئەسپەکانیان دەچوون و لەو دۆخەدا نەیاندەتوانی نیشانە بگرن و تیرەکانیان ئامانجی نەدەپێکا و بە پێچەوانەوە تیری ئێرانییەکان بە ئامانجەکان دەکەوتن.

پێش دیاریکردنی مەیدانی جەنگ، کوروش فەرمانی بۆ (کەد مەرزبان) فەرماندەی سەربازگەی کوروپۆلیس نارد تا هەندێك سەرباز لە سەربازگە جێ بهێڵێت و خۆی و ئەوانی تر دوای تێپەڕبوون لە جەیحون، بەرەو رووباری مراوی بێن و ئەگەر لە سەر رێگەیان شتێك هەبوو لای بدەن و خۆیان بگەیێننە ئەو. لە فەرمانەکەیدا بۆ (کەد مەرزبان) بۆی دیاریکردبوو کە بە هۆی کورتی نواندن لە ئەرکەکانی، کەوتووتە بەر توورەیی کوروش و ئەگەر خوازیاری بەخشین بێت، دەبێ ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە بە باشی بەرێوەببات و ئامانجی جەنگ ئەوەیە کە لەشکری تیمیریس بخرێتە نێوان هەردوو لەشکری ئێرانی تا لە ناو ببرێت.

کەد مەرزبان بەرێکەوت و دەهەزار سوارکارەکەی شاژن کە لەسەر رێگای بوون لەناو برد و هەندێکیانی ئەسیر کرد، بە درێژایی رووباری مراوی بەرەو باشوور کەوتەرێ و بە رێکی هەواڵی بە کوروش دەگەیاند و توانی لە رۆژی جەنگدا خۆی بگەیێنێتە جەبهە و بێ گوێدان بە ژمارەی کوژراو، لە پشتەوە هێرشی بردە سەر سوارکارانی مەسقەندی. پاشای ئێران بە زانینی گەیشتنی کەد مەرزبان، دەستی لە بەرگری هەڵگرت و فەرمانی بە پیادەکان کرد تا بجولێن و بەشێك لە پیادەکان قەلغانی قەڵایان لەبەربوو.

خێڵەکانی (هەزارە، هەندەکی و کەلزایی) نەریتیان بوو کە بۆ جەنگ هیچ جۆرە قەلغانێکیان نەدەکردەبەر و قەلغان ئەوانی قورس دەکرد و ئەوان وایان لاباشتر بوو کە بە پۆششی ئاسایی بچنە جەنگ تا چالاکتر بن و بە هۆی قورسی قەلغان ئارەقە نەکەن. لەگەڵ دەرچوونی فەرمانی هێرش لە لایەن کوروش، هێزی پیادەی کەلزایی شمشێرە گەورە ترسناکەکانیان خستە جووڵە و پیاوانی هندەکی گورزەکانیان ئامادەکرد و پیاوانی هەزارەش خۆیان ئامادەکرد تا بەدەم رۆیشتنەوە تیر بهاوێژن، تا کاتی شمشێر وەشاندن دێت.

شاژنە تیمیریس چاوەروان نەبوو کە لە پشتەوە هێرشی بکرێتەسەر، کە دیتی (کەد مەرزبان) لە پشتەوە هێرشی هێنا، بە ناچاری هێزەکەی خۆی کردە دووبەش و بەشێك لەگەڵ (کەد مەرزبان) و بەشێك لە گەڵ کوروش کەوتە جەنگ، تا ئەوکات جەنگ لە بەرژەوەندی تیمیریس بوو و دوای ئەوە کەوتە بەرژەوەندی ئێرانییەکان. سوارکارە مەسقەندییەکان هەرچەندە دەیانەویست هێرش بکەن، بەڵام بە پێکانە بەردەوامەکانی تەلواری (جۆرە شمشێرێکە) کەلزاییەکان و گورزی هەندەکیەکان، ئەسپەکانیان لەناو چوون و بوونە پیادە و دوای پیادە بوونیان دەست بەجێ دەکوژران، چونکە ئەوان تەنها لەسەر پشتی ئەسپ دەیانتوانی بجەنگن و دوای دابەزین لە ئەسپ، بەهای جەنگی خۆیان لە دەست دەدا.

هاوکات لە گەڵ پێشرەوی هێزی پیادەی کوروش کە بەشێکیان پۆششی جەنگیان لەبەردابوو، سوارکارەکانی کوروش لە لای چەپی کوروشەوە هێرشیان کرد بۆ سەر سوارکارە مەسقەندییەکان. هەر سوارێکی ئێرانی نێزەیەکی درێژی پێبوو کە بە (بێلا)[٤] ناودەبرا.

---

(٤) (ئەو وشەیە لە ئێرانەوە چۆوە رۆم و لە ناو ئەوانیشدا ئەو ناوە بۆ نێزەی درێژ بەکارهات، بەڵام رەگی وشەکە ئێرانییە، زەبیحوڵڵا.)

سوارکارە ئێرانییەکان کە بێلاّیان بەدەستەوە بوو، بێ ترس لەو تیر و زوبینانەی کە بە بەربلاّوی بۆیان دەهات، بە نیزەوە بەرەو رووی مەسقەندییەکان دەچوون، نیزەکانیان سینگی دوژمنی دەدراند و لە ئەسپ دەیخستنە سەر زەوی. هەندێ کاتیش سوارە ئێرانییەکان دەبوونە ئامانجی تیر و زوبینەکانی مەسقەندییەکان و لە ژێر پێی ئەسپەکانی کە لە پشتیانەوە دەهاتن دەستبەجێ دەمردن. لە کاتی جەنگدا هەر سوارکارێك بکەوتایە سەر زەوی لە ژێر پێی ئەسپەکاندا دەمرد.

هێرشی سوارکار و پیادەکانی کوروش و هێرشی کەد مەرزبان لە پشتەوە، رێسای لەشکری شاژنی سەحرای لەناو برد، بێ ئەوەی دەرز و نارێکی لە نێوان لەشکری کوروش دروست بێت. کاتێك مەسقەندییەکان بینیان دووچاری توندی هاتوون، ورەی خۆیان دۆڕاند و بە پێچەوانەوە سەربازانی کوروش بە هیوای تازە و بە ورەی بەهێزتر کەوتنە جەنگ.

دواتر سوپای مەسقەندی تێکشکا و تیمیریس بینی ئەسیر دەکرێت، بۆیە بە ئەوانەی دەورووبەری وت: من لەناو خۆتان بگرن و رزگارم بکەن، ئەگەر نەتانتوانی ڕزگارم بکەن، بمکوژن و مەهێڵن ببمە ئەسیری دەستی کوروش، چونکە بۆ من مردن باشترە لە ئەسیر بوون.

بەشێك لە سوارە مەسقەندییەکان شاژنیان لەناو خۆیان گرت و بڕیاریاندا دەربازی بکەن. هاوکات لە کەناری رووباری مراوی، رێگایەك کرایەوە و سوارەکان توانیان لەو رێگەوە هەڵبێن.

دواتر دەرکەوت بە فەرمانی (کەد مەرزبان) ئەو رێگایە کراوەتەوە تا مەسقەندییەکان بتوانن هەڵبێن. ئەو سەردارە ئێرانییە دەیزانی ئەگەر رێگەی دەرباز بوونیان لێ بگرێت، لەوانەیە بەهۆی بێ ئۆمێدی ئەوەندە بەرگری بکەن کە ببێتە هۆی شکانی سوپای ئێران و بە پێچەوانەوە ئەگەر رێگەیان هەبێت مەترسی بەرگری نامێنێت، چونکە بە دەرباز بوونیان لەشکرەکەیان لەبەریەك دەترازێت.

سوارە مەسقەندییەکان لەو رێگەی لە کەناری رووبارەکەوە بەرەو باکوور دەچوو، هەڵدەهاتن و ئەوانەی شاژنیشیان لە گەڵدابوو، لە هەمان رێگەوە هەڵاتن. بەڵام (تەم) کوری شاژن و فەرماندەی سوپا هەڵنەهات و فەرمانیدا تا بە تیر ئەو سوارانەش بکوژن کە هەڵدێن. بەرگری تەم بە ڕادەیەك مەردانە بوو کە دوای ئەسیر بوونی، کوروش رێزی زۆری لێگرت و لەسەر خوانی خۆی داینیشاند و هەرچەندە دەیتوانی بیکاتە بارمتە تا دایکی خۆی ڕادەست بکات،

بەڵام ئەو کارەی نەکرد. چونکە بە بارمتە گرتنی ئەو لە لای کوروش پێچەوانەی ئەو ڕێسایانە بوو کە خۆی بۆ ئەسیرەکانی جەنگی دیاریکرد بوو و ئێمە پێشتر باسمان کردوون.

لە سەردەمی کوروش ئەگەر ئەسیرێك نەیتوانی بووایە ببێتە سەپان، ئەوا دەکرایە کۆیلە یا دەکوژرا و کۆیلەکانیش لە کێڵگەکاندا کاری کشتوکاڵیان پێدەکرا و یەکەم مانای سەپانیش لە سەردەمی ئەوکاتی کۆیلە بوونەوە هات. ئەگەر لە کێڵگەکان پێویستیان بە کۆیلە نەبوایە، لە کانەکاندا کاریان پێ دەکردن، چونکە کاری دەرهێنانی کانزاکان کارێکی قورس بوو و کرێکارە ئاساییەکان کاریان تێدا نەدەکرد.

نەریتی کۆیلە کردنی ئەسیرەکان لە لایەن کوروش وەلانرا و تەنها لەوکاتانەدا لەگەڵ ئەسیرەکان ڕەفتاری خەراپ دەبوو کە دوژمن لەگەڵ ئەسیرە ئێرانییەکان خەراپ بوایە. لە لای کوروش نەریت بوو کە ئەسیرەکان تا کاتی ئاشتی لەسەر خەرجی دوژمنی شکست خواردوو ڕابگرێت و دواتر ئازادی بکات و ئەو هەرگیز ئەسیری نەدەکردە بارمتە تا بە هەرەشە کردن بۆ کوشتنی ئەو بارمتەیە، خەڵکی تر ناچار بە ڕادەست بوون بکات.

لەشکری مەسقەند لەو جەنگە لە باکووری ڕووباری مراوی لەناوچوو و تەم کە فەرماندەیان بوو ئەسیر بوو و کەد مەرزبانیش لە بەرانبەر ئەو خزمەتەی پێشکەشی کرد، بەخشرا و کرایە دەسەڵاتداری ناوچەیەکی فراوان کە دواتر بە (ماوەراو النهر) ناسرا. ئەوە ئەو جەنگە بوو کە تیایدا لەشکرە بەهێزەکەی شاژنی سەحرا شکا، بەڵام هیرۆدۆت دەڵێت کە کوروش سەربازانی تیمیریسی سەرخۆش کردووە و بەسەریاندا سەرکەوتووە.

ئەگەر کوروش هەرەشەی کوشتنی تەمی بکردایە، شاژن خۆی ڕادەست دەکرد و بەڵام بەو هۆیەی باسکرا، نەیویست ئەو کارە بکات. وێڕای ئەوەی خێڵە سەحراییەکان بەردەوام بۆ دزی و تاڵان دەهاتن بۆ ئێران و بە ڕاستی بە سەرباز نەدەژمێردران، بەڵام کوروش ئەوانی لەگەڵ فەرماندەکەیان واتە (تەم) ئازاد کرد. پاشای ئێران کە هەموو کەسی وەك خۆی سەیردەکرد دواتر زۆر بە خەراپی پەشیمان بۆوە لەو کارەی بەرانبەر بە تەم کردی، چونکە ئەو کەسەی ئەو لێی خۆشبوو و لەسەر خوانی خۆی دانیشاند، دواتر هێرشی کرد و شەهریاری هەخامەنشی کوشت و بەمەش چاکەی ئەوی بە خەراپە دایەوە.

دوای گەرانەوەی لە مەرژەیان (مەرڤ)، کوروش فەرمانیکرد کە تاقمێك یاسا دیمۆکراسیەکانی ئێران کۆبکەنەوە و وەك ئەوەی کە دوای ناپلیۆن بە ناوی (کەد) ئەنجامیدا.

کاتێك ناوی دیمۆکراسی دێت، ڕاستەوخۆ بیرمان دەچێتە یۆنان و بە بێشکەی دیمۆکراسی دەناسین، بێ زانینی ئەوەی بێشکەی دیمۆکراسیەت ئێران و هندستان بوونە و لە نێوان هەردوو نموونەی ئێران و هندیش، ئەوەی ئێران ڕاستتر بووە، چونکە لە هند چینێك لە خەڵك کە بە (پاریاس) ناسرابوون مافی بچوکترین بەشداری لە دیمۆکراسیەتیان نەبوو و بە پیس دەناسران و تەنانەت بۆیان نەبوو کەمترین پەیوەندیان لەگەڵ چینەکانی تر هەبێت.

ڕاستی ئەوەیە کە لە یۆنانی کۆندا لە هیچ دەورەیەك دیمۆکراسیەت نەبووە و بەردەوام چینێك بە کۆیلە ناسێندراون و بۆیان نەبووە بچوکترین بەشداری لە کاروباری وڵات بکەن و مافی دەنگدان بۆ نوێنەرانی یاسادانانیان نەبووە، ئەمە وێرای ئەوەی لە ئەسینا (یەك لە دەوڵەتە شارەکانی یۆنان) ژمارەی کۆیلەکان یەکسان بووە بە ژمارەی ئەو یۆنانیانەی مافی دەنگدانیان هەبووە و دەیانتوانی نوێنەری خۆیان هەڵبژێرن.

زانای بەناوبانگ (نۆرس کات پرکین سۆن) کە بە دیارترین لێکۆڵەری سیاسی سەردەم لە ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات ناسراوە و لە زانکۆی لەندەن وانەی (مافە رامیاریەکان) دەڵێتەوە، لە پەرتووکەکانی کە وەرگێردراونەتە سەر زمانەکانی تری دونیا، سەرچاوەی دیمۆکراسیەت دەگێرێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات نەك یۆنان. ئەو دەڵێت لە ئێران سیستەمی دیمۆکراسی هەبووە و تا کۆتایی دەسەڵاتداری داریۆش بەردەوامبووە و دوای ئەو لە سەردەمی کەمبۆجییە و داریوشی گەورە، سیستەمی سیاسی بە هۆی فراوان بوونی سنووری ئیمپراتۆریەتەکە گۆڕاو، چونکە نەیاندەتوانی دیمۆکراسی بە مانای ڕاستی جێبەجێ بکەن.

ئەو زانایە دەڵێت: دیموکراسی واتە بەرێوەبردنی کاروباری دەوڵەت لە لایەن گەل و گێرانەوەی کارەکانی خەڵك بۆ خۆیان و لە ئیمپراتۆریەتێکی گەورەدا کە بوونی دەوڵەتی ناوەندی بەهێز پێویستە (ئەگەر نەبێت لە ناو دەچێت)، ناتواندرێت سیستەمی دیموکراسی بە مانا ڕاستییەکەی بەجێ بگەیێندرێت و هەر بەو هۆیەوە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا کە لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدە هاتە کایەوە و لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدە گەیشتە لوتکەی هێزی خۆی، هەرگیز سیستەمی دیموکراسی نەبووە و دەوڵەتی ناوەندی لە لەندەنەوە بەرژەوەندی و فەرمانەکانی دەسەپاندە سەر ئەو نەتەوانەی لە خاکەکانی ژێر دەستی دەژیان.

لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی، نەتەوەکانی تر سەربەخۆیی هەریمایەتیان هەبووە و دەسەڵاتدارانی ئێران، دەستیان نەخستوتە کاری ناوخۆی نەتەوەکانی تر و ڕێزیان لە ئایین و

نەریتیان گرتوە. دەسەڵاتدارانی ئێران دووجار توانیان تەواوی خاکی یۆنان داگیر بکەن، سەرەتا لەکاتی دەسەڵاتی داریوشی گەورە و دواتر لە سەردەمی خەشایارشا و هەردووجار وێڕای دەست بەسەرداگرتنی تەواوی ئەو وڵاتە، کەمترین دەست خستنەناو یاسا و نەریت و ئایینی ئەوانیان نەکرد و دواجار یۆنانییەکان لەسەر دەستی ئەسکەندەری مەزن پاشای مەقدونیا کۆتاییان بە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی هێنا.

پرکین سۆ بە پەیرەوی کردن لە مۆنتسکیۆ، نووسەری بەناوبانگی فەرەنسی کە لە سەدەی هەژدەهەمی میلادیدا دەژیا، تەقوا بە یەك لە پێویستییەکانی دیمۆکراسی دیاری دەکات و دەڵێت: دیمۆکراسی لە کۆمەڵگای خاوەن تەقوا پێك دێت. بە باوەڕی ئەو لە دونیای کۆندا هەدوو وڵاتی هندستان و ئێران، وڵاتی ئایدیالیزم بوون بۆ بەرپا بوونی دیمۆکراسی، چونکە لە هەردوو ناوچەدا تەقوا بەشێك لە سروشتی دانیشتوانی بووە.

وەك لە سەرەتادا باسمان کرد، پرکین سۆ دەڵێت لە سەرەتای مێژوو، ئێران ناوەندێتی سیاسی بەهێزی نەبووە و لە هەر ناوچەیەك دەستەیەك دەژیان و بۆ خۆیان ئەنجومەنێکیان پێکدەهێنا و لە رێگەی ئەو ئەنجوومەنەوە ناوچەکە بەرێوەدەبرا و کشتوکاڵیش بۆوە هۆی دروستبوونی دیموکراسی لە ئێران و هندستان. تا ئەو کاتەی ئێرانییەکان ڕاوچی بوون، شوێنی دیاریکراو بۆ ژیانیان نەبوو و لە ناوچەیەك بۆ ناوچەیەکی تر دەجووڵان و ئەوە کشتوکاڵ بوو کە بۆوە هۆی نیشتەجێ بوونیان و شارەکانی پێکهێنا و بە زوویی بۆیان دەرکەوت کە بۆ بەرێوەبردنی شارەکان پێویستیان بە هاوکاری هەیە و ئەو پێویستییە وایکرد کە چەند کەسێك لە نێوان خۆیان بۆ بەرێوەبردنی کاروباری شار و کشتوکاڵ هەڵبژێرن و ئەم بابەتە بۆوە سەرچاوەی سیستەمی دیموکراسی لە ئێران و هندستان.

خاوەن ئاژەڵەکانیش بۆ بەدەست هێنانی گژوگیای پێویست بۆ ئاژەڵەکانیان گەرمێن و کوێستانیان دەکرد، لە ناو خۆیاندا چەند نوێنەرێکیان بۆ پێ ڕاگەیشتن بە کاروباری خۆیان هەڵدەبژارد و ئەوان جگە لە کاروباری ناوخۆیی کاری بازرگانی واتە گۆرینەوەی بەرهەمە ئاژەڵیەکان بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان دەگرتە ئەستۆ.

پرکین سۆ دەڵێت: هەرچەندە خێڵە ئاژەڵدارەکانی ئێران جۆرێك لە سیستەمی دیمۆکراسیان هەبوو و سیستەمەکە لە ناوەندە کشتوکاڵییەکان زیاتر پێشکەوت و ئەنجوومەنەکانی ئەو ناوەندانە ناچاربوون سەرەرای بەرێوەبردنی کارەکانی خەڵکەکەیان نەریتی وەرگرتنی باجیان

سەپاند، ئەمە وێڕای ئەوەی نەخۆیان و نەخەڵك ئارەزووی باج بەخشینیان نەبوو و ئەوەی ئەو کارەی بە ئەرك دەکرد، بریتی بوو لە جەنگ.

کاتێك خێڵە سەحراییەکان هێرشیان کردە سەر ناوەندە کشتوکاڵییەکان و جوتیاران ناچاربوون بەرگری لە خۆیان بکەن، (جەنگ) هاتەکایەوە و ئەویش پێویستی بە چەك و ئەسپ و عارەبانە هەبوو.

ئەو زانایە دەڵێت:"یەکەمجار وەرگرتنی باج لە لایەن حکومەتە دیمۆکراسیەکانی رۆژهەڵات هاتەکایەوە تا بتواندرێت پێداویستییەکانی جەنگ بۆ نەهێشتنی مەترسی هێرشی خێڵە سەحراییەکان دابین بکەن، بەڵام لە سەردەمانی دواتر لە جیهان وەرگرتنی باج شێوازی تری وەرگرت و لە هەندێ شوێن ئەوەندە زێدەڕوویی لە وەرگرتنی باجدا کرا کە بۆوە هاندەر بۆ هاتنەکایەی سیستەمی تازەی دیمۆکراسی و یەکەم پەرلەمان کە لە بەریتانیا پێکهات تەنها بۆ رێگرتن لەو زێدەڕۆییانە بوو و بە هەمان هۆکار لەوکاتەوە تابە ئێستا دانانی باج لە ئەرکە تایبەتییەکانی پەرلەمانە.

پێش کوروش ئێران خاوەنی یەکگرتوویی نەبوو(٥) و کوروش ئێرانی یەکگرتوو کرد، بەڵام کۆمەڵگە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەکان وەك خۆیان بەردەوامبوون و هەریەکەیان لە شێوەی بەرێوەبردن کاروباری ناوخۆیان سەربەخۆ بوون و ئەنجوومەنی ناوخۆییەکان بەرێوەیان دەبردن. لەو کۆمەڵگایانە هەندێ یاسا هەبوون کە پێچەوانەی یەکتری بوون، بەڵام لە نێوان یاساکانی کۆمەڵگاکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداریدا لێکچوونی زۆر هەبوو، چونکە هەردوو تاقم ژیانی لێکچوویان هەبوو. کوروش دەستەیەکی کردە بەرپرس لە کۆکردنەوەی ئەو یاسایانە و (کەد) یێکی لەو یاسایانە پێکهێنا، بە بێ ئەوەی مەبەستی تێکدانی یاساکانی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بێت.

پاشای ئێران مەبەستی بوو کۆمەڵە یاسایەکی دیموکراسی ئێرانی لەبەر دەست بێت تا هەموو کاتێك بتوانێت بۆ یاساکانی ناوچەیەکی تایبەتی بگەڕێتەوە تا بزانێت یاسای دانیشتوانی ناوچەکە چییە. ئەو کۆمەڵە یاسایەی کوروش کۆی کردەوە تا کۆتایی دەسەڵاتی هەخامەنشییەکان بەردەوامبوو و لە پەرتووکخانەی گەورەی کۆشکی پێرسپۆلیس لە فارس هەڵگیرابوو.

---

(٥) (بەرلە کوروش مادەکان لە سەر ئەو خاکەی کە بە ئێران ناودەبرێت دەسەڵاتدار بوون و توانیان بۆ خۆیان ئیمپراتۆریەتێکی گەورە دامەزرێنن و ئەو شوێنەی زەبیحوڵڵا بە ئێرانی ناوبردووە، پێشتر ئەوان یەکگرتوویان کردووە و هەر ئەوانیش بوون بەو یەکگرتووییە توانیان ئیمپراتۆریەتێکی مەزنی وەك ئاشوور برووخێنن و بۆیە بەو پەری رێزەوە ئەو بۆچوونەی زەبیحوڵڵا منصووری بە ڕاست داناندرێت، وەرگێر بۆ کوردی.)

ئەسکەندەر دوای گەیشتنی بۆ پێرسپۆلیس، کۆشکی پاشایەتی هەخامەنشییەکان کە هاوکات پەرتووکخانەی گەورەی ئێرانی تێدابوو سوتاند و ئەمەش بە پێچەوانەوەی ئەوەی کە رۆژئاواییەکان دەڵێن بە نائاگایی و لە کاتی مەستیدا نەبووە، بەڵکو ئەو پێشتر بەرنامەی بۆ ئەو مەبەستە دانابوو و دوای بردنی زێر و زیو و شتی تری گرانبەها، ئەو شوێنەی سوتاند. ئەو هەرچەندە قوتابی ئەرەستۆ بوو و دەبوایە رێز لە زانست و رەوشەنبیری بگرێت و پەرتووکخانەی ئێران بپارێزێت، پەرتووکە بە نرخەکانی کۆشکی پاشایەتیشی سوتاند و بەو شێوەیە کۆمەڵە یاساکانی ئێرانیش وەك کتێبەکانی تر سووتان.

(ئێمە وادەزانین کە پیێ ڕاگەیشتن بە کاروباری فەرمانبەرانی دەوڵەتی کارێکە کە لەو سەردەمەی ئێمە هاتۆتە کایەوە، بەلاّم لە دووهەزار و پێنج سەد ساڵ پێش ئێستا و لە سەردەمی دەسەلاّتی کوروش، پیێ ڕاگەیشتن بە کاروباری فەرمانبەرانی دەوڵەتی هەبووە و لە رۆژهەلاّت دوو یاسا سەبارەت بە دامەزراندن و مووچە پێدانی ئەوان نووسراوە کە یەکیان لە لایەن کوروش بووە لە ئێران و ئەوی تریان لە لایەن ئیمپراتۆری چین.) ئەو وتەیە هی زانای هاوچەرخ، پێرکین سۆیە کە چەندین پەرتووکی لە بارەی فەرمانبەرانی دەوڵەت نووسیوە و لەوانەیە لە سەردەمی ئێستا کەس بە ڕادەی ئەو زانیاری لەو بوارە نەبێت، ئەو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی هەندێ یاسای دانا کە بە (یاساکانی پیرکین سۆ) ناسران و ئاگادارانی ئەو بوارە ئەو یاسایانە دەزانن.

ئەو نووسەرە گەورەیە ئەگەر بیروڕاکانیشی لەم بارەوە لە دونیای ئەمرۆدا بەڵگە نەبن، بەلاّم بەرچاوروونی باشن و لێکۆڵینەوەکانی لە بارەی مێژووی سیاسی جیهان، بە بەشێك لە پەرتووکە کلاسیکەکان دەژمێردرێن کە لە هەموو شوێنێك باوەڕ پێکراون، ئەو دەڵێت یەکەمین یاساکانی لەو بارەوە نووسراون، لە ئێران و لە لایەن کوروشەوە بووە.

ئەو یاسایەی کوروش داینا، ناوی یاسای دامەزراندنی فەرمانبەرانی دەوڵەت نەبوو و ئەو دەستەواژە لە دەستەواژە تازەکانە، بەلاّم مانای ئەوەی کوروش دیاریکرد لە گەڵ یاساکانی ئێستای ئەو بوارە یەك مانان. لە یاسای کوروش بۆ فەرمانبەرانی دەوڵەتی دوو پایە هەبووە، پایەی یەکەم لەبارەی دامەزراندن و دووەمیش لە باری ژیانی ئەوان بووە و مەرجەکانی دامەزراندن لە سوپا و دامەزراوەی دەوڵەت جیا بووە و بۆ دامەزراوەی دەوڵەت مرجەکان قورستر بووە.

کوروش مەرجی پلەکانی خوێندەواری دیاریکرد بۆ ئەو کەسانەی لە حکومەت دادەمەزران و دەبوایە خوێندن و نووسین بزانێت و مێژوو و جوگرافیا بزانێت، نەریتەکانی کشتوکاڵی بناسێت و زانیاری لە بارەی جووڵەی هەتاو، مانگ و هەسارەکان هەبێت. کشتوکاڵ بۆ کوروش بەو ڕادەیە گرنگ بوو کە دەیگوت کارمەندانی حکومەت کە لە شوێنە جیاکانی وڵات لە گەڵ جووتیارەکان پەیوەندیان دەبێت، دەبێت نەریتەکانی کشتوکاڵ بزانن تا بتوانن لە بابەتەکانی تایبەت بە جووتیاران بگەن.

لەوانەیە لە جیهانی ئەمڕۆ هەبوونی زانیاری لە بارەی جووڵەی هەتاو و مانگ و هەسارەکان لە لایەن فەرمانبەرانی دەوڵەت، بۆ ئێمە سەرسور هێنەر بێت و دەپرسین ئەو زانیارییە بۆچی بوو. هۆکەشی ئەوەیە ئەوکات لە ئێران، ناسینی کات گرنگ بوو و هەفتەش هێشتا نەهاتبووە کایە، بۆیە ئەوانەی زانیاریان نەبوایە نەیاندەتوانی ڕۆژانی مانگ و گۆڕانی مانگەکان و نوێبوونەوەی ساڵ بزانن.

فەرمانبەرانی دەوڵەتی لە سەردەمی کوروش، حەوت جۆرە پلەیان هەبوو و بە گریمانی زۆر ئەو حەوت جۆرە پلەیە لە بەرگیراوەی بوونی حەوت ئەستێرە بووە. ئێرانیانی ئەوکات بڕوایان وابوو هەتاو بە دەوری زەویدا دەسورێتەوە و تەنها حەوت هەسارە و ئەستێرەیان بە ناوەکانی: (هەتاو، مانگ، کەیوان (موشتەری)، بەهرام (مەریخ)، بەرجیس (زوحەڵ)، تیر (عتارد) و ناهید (زوهرە) دەناسی. بەم هۆیە ژمارەی (حەوت) لای ئێرانییەکان و هەندێ نەتەوەی تر پیرۆز بوو و پلەکانی فەرمانبەریش بۆیە بە حەوت پلە دیاریکرابوون.

فەرمانبەرانی دەوڵەتی تەنها بە مەرجی خوێندن و وەرگرتنی زانیاری و زانستی زیاتر، پلەیان بەرزدەکرایەوە و پلەی تازەیان دەبڕی و لە هەموو پلەکان خوێندن بەردەوامبوو و تەنها لە پلەی حەوتەم لەو مەرجە دەبەخشران. بە هۆی بوونی ئەو نەریتە بۆ نزیکەی دووسەدە واتە لە تەواوی سەردەمی هەخامەنشییەکان، بە وتەی پیێرکین سۆ لە سەردەمی دەسەڵاتدارانی دواتر واتە سەردەمی ساسانییەکان لە ئێران حکومەتی ئۆلیگارشی هاتەکایەوە، واتە حکومەتی چینی باڵا و چینی بەردەست. بە پێی ئەو یاسایەی کوروش داینا، فەرمانبەرانی دەوڵەتی دەوڵەت دەبوایە ماوەی چل ساڵ کار بکەن و دوای ئەوە تا مردن، دوا مووچەی خۆی وەردەگرت، هەندێ لە فەرمانبەرانی دەوڵەت نەیاندەتوانی بگەنە پلەی حەوتەم و بۆیە لە کاتی خانەنشین بوون، مووچەی دوا تەمەنیان وەرنەدەگرت.

کەتزیاس مێژوونووسی بەناو بانگی یۆنانی و پزیشکی تایبەتی (ئەردەشێر) پاشای هەخامەنشی کە ماوەیەکی زۆر لە تەمەنی خۆی لە ئێران بردەسەر و baرووداوەکانی ئێرانی بە چاوی خۆی دیتووە و پەرتووکە مێژووییەکەی بە یەکێك لە بەڵگەنامەکانی پڕ بایەخی مێژووی باستان دادەنرێت، دەڵێت:"فەرمانبەرانی دەوڵەتی لە پاك و بێگەردترین فەرمانبەرانی دەوڵەتی بوون لە جیهان" ئەو لە تەواوی ئەو ماوەیەی لە ئێران ژیاوە، نەیبیستووە فەرمانبەرێك بە تاوانی بەرتیل وەرگرتن یا دزی سزا بدرێت. ئەو مێژوونووسە لە پەرتووکەکەیدا دەڵێت: لە ئێران دز نییە و لەو ماوەی لە ئەوێ بووە هەرگیز نەیبیستووە کە دزی کرابێت.

نووسینی ئەو مێژوونووسە پێشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە لە ئێران نەتەنها فەرمانبەرانی دەوڵەت، بەڵکو هەموو چینەکانی دانیشتوان پاك و بە تەقوا بوون.[٦] فەرمانبەرانی دەوڵەتی لە سەردەمی خزمەتیاندا، دەچوونە دەورەکانی سەربازی و ئەو دەورانەش بە ماوەی کارکردن بۆیان هەژمار دەکرا و لە کاتی دەورەدا، مووچەی خۆیان وەردەگرت، بەڵام لە دوای تەمەنی سی ساڵیدا لە دەورەکانی سەربازی دەبەخشران.

لە وڵاتی چینیش، یاسای دامەزراندنی فەرمانبەرانی دەوڵەت هاوشێوەی یاسای ئێران بووە و چەند پلەیەك بۆیان هەبووە و ئەو پلانەش تەنها بە خوێندنی زیاتر، سەرکەوتنیان لێ دەکرا و لەو وڵاتەش تا دوا پلە دەبوایە بەردەوامبن لە خوێندن و لەدوا پلەدا لە خوێندن دەبەخشران.

لە بەرچاوانە کە چینییەکان یاسای دامەزراندنی کارمەندانی دەوڵەت لە ئێرانییەکان فێربوون و دروستەکەی ئەوەیە کە ئێران و چین ئەو بابەتە لە یۆنانییەکان فێر نەبوون و یاسای ئەو بابەتە لە یۆنان زۆر جیاواز بوو لە یاساکانی ئەو دوو وڵاتە.

فەرمانبەرانی سوپا واتە ئەفسەرەکان، کاتی هاتنیان بۆ ناو سوپا دەبوایە خوێندەوار بوانە، بەڵام دوای بوونیان بە ئەفسەر چیتر ناچار نەبوون بەردەوامبن لە خوێندن بۆ گەیشتن بە پلەکانی

---

(٦) (کەتزیاس ماوەی بیست ساڵ لە ئێران ژیاوە و لەو ماوەیە لەو ئیمپراتۆریەتە گەورەیە یەك دزی نەکرا و ئەو بەرز و پاکییە نەتەوەییە تا ئەو دواییانەش هەر هەبوو و پەرتووکی ئەو جیهانگەردانەی لە سەردەمی سەفەوی و قاجاری هاتوونە ئێران، بەڵگەی ئەو ڕاستییەن و (کونت دۆگۆمینیۆ) وەزیری ڕێگەپێدراوی فەرەنسا لە ئێران، سەبارەت بەو وڵاتە نووسیویەتی و ئەفسانەکانی فۆلکلۆری ئێرانییەکانی کۆکردەوە و لە پەرتووکی خۆی بەناوی (سێ ساڵ لە ئاسیا)، زیاتر لە ئەوانی تر دروستی و دەست پاکی ئێرانییەکانی باس کردووە، زەبیحواڵڵا.)

سەرووتر، چونکە بەرز بوونەوەی پلەکانیان لە سەردەمی کوروش و دەسەڵاتدارانی تری هەخامەنشییەکان دەگەڕایەوە بۆ ئازایەتی ئەوان لە مەیدانی جەنگ و ئەفسەرەکان ئەو پلانەیان لە مەیدانی جەنگ وەردەگرت.

ئەگەر ئەفسەرێك لە مەیدانی جەنگدا بریندار ببوایە و توانای بەردەوامبوون لە کارەکەی نەمابوایە، تا دواساتی تەمەنی دەیتوانی مووچەکەی وەربگرێت و ئەگەر ئەفسەرێکیش لە جەنگ کوژرا بوایە، ژن و منداڵەکانی تا ئەو کاتەی دوا منداڵی دەگەیشتە تەمەنی پێگەیشتن، مووچەیان وەردەگرت.

ئەفسەرەکانی ئێران تا تەمەنی پەنجا ساڵی لە سوپادا کاریان دەکرد و دواتر دەگوازرانەوە بۆ ئەو ئەرکەی کە ئێستا بە ئەرکی ئیداری ناوی دەبەین و ماوەی کارکردنیان لەو کارەشدا دە ساڵ بوو و دواتر خانەنشین دەکران و تا دواساتی تەمەن مووچەیان وەردەگرت. ئەو سەربازانەش کە لە مەیدانی جەنگ بە سەختی بریندار دەبوون و توانای بەردەوامبوونیان لە سوپا نەدەما، مووچەیان تا دواساتی ژیانیان وەردەگرت و مووچەی سەربازە کوژراوەکانیش دەدرایە ژن و منداڵەکانیان، تەنها سەربازە چریکەکان نەبێت کە لە ڕێگەی سەرۆك خێڵەکانەوە دەناردران بۆ جەنگ و ئەوانیش ئەگەر کوژرابوانە ئەوە بە پێی ئەو نەریتەی لەناو خێڵەکەیان هەبوو، لە لایەن سەرۆك خێڵەوە یارمەتی دەدران.

# هەخامەنشییەکان، یۆنان و تۆران

جەنگە گەورەکانی هەخامەنشی و یۆنان دوای کوروش روویاندا، بەڵام بناغەی ئەوان لە سەردەمی کوروش دانرا و ڕکابەری توندی ئابووری نێوانیان لە سەر ئەو ناوچەی بە مەدیتەرانە ناسراوە و ناوی تری زۆری هەبووە، بۆوە هۆی روودانی دوژمنایەتی نێوانیان.

کوروش دوای ئەوەی هەموو ئاسیای بچووك و ئەو وڵاتانەی ئێستا بە (سوریا، لوبنان و فەلەستین) ناسراون، خستەسەر سنووری ئیمپراتۆریەتەکەی. بۆ پەرەپێدانی ئابووری هەندێ کاری گەورەی کرد و کارگەی کەشتی سازی دامەزراند، لە دەریای مەدیتەرانە کەشتیگەلی جەنگی دامەزراند و کەشتییەکانی بە کاڵای جەنگییەوە تا گەرووی زەریای ئەتلەسی واتە (جەبەل تارق) دەرۆیشتن و دەهاتنەوە و بازرگانانی هەخامەنشی لە (ئیسپانیا، فەرانسە، مەراکش، جەزایر، میسر و ئیتاڵیا) هاوبەشی بازرگانیان هەبووە.

پێش ئەوەی کوروش سنووری رۆژئاوای هەخامەنشی بگەیێنێتە دەریای مەدیترانە، بازرگانی لە دەریای مەدیترانە لە دەست نەتەوە دەریاوانەکانی ئەو دەریایە واتە وڵاتانی (ئەسینا و صەیدا و صۆر) بوون و صەیدا و  صۆر لە سوریا و لوبنانی ئێستا بوون. لەو سێ وڵاتەش، وڵاتی ئەسینا کە دەکەوتە یۆنان زیاتر لە ئەوانی تر بەشداری بازرگانی ئەو دەریایە بوو و جگە لەو وڵاتە، دوازدە شاری یۆنانی لە کەنارەکانی ئاسیای بچووك لە ئەوێ بازرگانیان دەکرد.

دوای ئەوەی کوروش پەرەی بە بازرگانی لە مەدیترانەدا و بازرگانی ئەسینا و دوازدە شارە یۆنانییەکەی کەنارەکانی ئاسیای بچووك و صەیدا و ی بەرتەسك کردەوە و دواتر هەڵکەندنی کەناڵێك لە نێوان رووباری نیل و دەریای سوور لە لایەن داریوش، بۆوە هۆی لەناو چوونی ئەو بازرگانییە لە ئەوێ، چونکە دوای هەڵکەندنی ئەو کەناڵە کەشتییە هەخامەنشییەکان کە لە

هەخامەنشی و هندستان و چینەوە کالآیان دەبرد بۆ ئەورووپا، ڕاستەوخۆ لە دەریای سوور دەچوونە دەریای ڕۆم و زەروریەتی داگرتنی باری کەشتییەکان و گواستنەوەیان لە ڕێگای وشکانییەوە بۆ کەنارەکانی دەریای ڕۆم (مەدیتەرانە) نەما.

هێشتا شەش ساڵ بەسەر گەیشتنی سنووری ڕۆژئاوای هەخامەنشی بۆ کەنارەکانی مەدیتەرانە تێپەڕنەببوو، کە نووسەری ئەسینایی بە ناوی (پلۆتی سێن) وتی: هەخامەنشییەکان زۆریان زیان بە بازرگانی ئێمە گەیاندووە و بەردەوامبوونیان دۆخی بازرگانی ئێمە لەناو دەبات، ئەگەر بمانەوێت پارێزگاری لە بازرگانیمان بکەین لە دەریایەك کە لە دەریای ڕەش بۆ گەرووی ئۆقیانووسی ئەتلەس درێژدەبێتەوە، پێویستە هێزێکی دەریایی بەهێز دابمەزرێنین.

ئەو وتەیە بەرلە بیست و پێنج سەدە هاتۆتە سەر زمان، هەروەك ئەو وتانەیە کە تا نیو سەدە پێش دەووتران و دەگوترا کە هەر وڵاتێك بیەوێت، دەسەڵاتی بەسەر دەریاکانەوە بێت پێویستە هێزی دەریایی بەهێزی هەبێت. تا کاتێك کوروش زیندووبوو، یۆنانییەکان نەیانتوانی هێزێکی دەریایی بەهێز دروست بکەن و ئەو کارەیان دوای مردنی کوروش و دەستپێکی دەسەڵاتی کەمبۆجییە ئەنجامدا.

هۆکاری ئەوەی یۆنانییەکان نەیانتوانی لە سەردەمی دەسەڵاتی کوروشدا لەشکرێکی بەهێزی دەریایی دروست بکەن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کوروش لەگەڵ ئەوان ڕێککەوت کە نابێت کەشتییەك سازبکەن کە لە هەفتا بەرمیل زیاتر بگرێت.

بە بیستنی ئەم مەرجە مێشکمان دەچێت بۆ لای وڵاتانی هاوپەیمانی جەنگی یەکەمی جیهانی کە دوای شکست خواردنی ئاڵمان، پەیماننامەی وێرسایان بە سەردا سەپاند کە بە پێی ئەو پەیمانە ئاڵمان مافی سازکردنی کەشتییەکی نەبوو کە لە دەهەزار (تەن) زیاتر بگرێت و (تەن) هەمان پێوەری بەرمیلە کە کوروش بەکاری هێناوە و تا ئێستاش بەردەوامە و پێوەری هەزار کیلۆ نییە.[1]

---

(١) (وشەی تەن لە وشەی تەنلادا کە وشەیەکی ئیسپانییە و مانای بەرمیل دەدات، وەرگیراوە و هەندێ کەس لەگەڵ تەن کە یەکسانە بە هەزار کیلۆ بە هەڵە وەك یەك وەردەگیرێن و کاتێك دەبیستین کەشتییەك پێنج هەزار تەن هەڵدەگرێت بە واتای ئەوە نییە پێنج هەزار تەن (پێنج ملیۆن کیلۆ) هەڵدەگرێت، بەلکو مەبەست پێنج هەزار بەرمیلە و هەر بەرمیلێك (٢.٨٣) مەتر سێ جایە، زەبیحوڵڵا.)

کوروش دەیزانی هەر کەشتییەك توانای گواستنەوەی هەفتا بەرمیل زیاتری نەبێت، بریتی نییە لە کەشتییەکی جەنگی بەهێز و ناتوانێت لەگەڵ شەپۆلەکانی دەریا بجەنگێت و بۆ پارێزرانی لە دەست شەپۆلەکان دەبێت لە کەنارەکانی دەریا بجوولێت.

بە هاتنەکایەی چەکی ناوەکی و هایدرۆجینی، گرنگی جەنگە گەورەکانی دەریا نەما و هاوکات گەورەیی کەشتییە جەنگکەرەکانیش گرنگی نەماوە، بەڵام تا ساڵی (١٩٤٥ ز) هاتنەکایەی چەکی ناوەکی، بەردەوام مەرجی بچووك کردنەوەی کەشتییەکان بۆ دوژمن هەبووە، تا توانای هەڵگرتنی تۆپی گەورەیان نەمێنێت.

لە سەردەمی کوروش تۆپ نەبوو، مەنجەنیقی گەورەی قورس بۆ هاویشتنی بەرد هەبوو و دەبوایە بەردی زۆر لە وشکانی بهێندرێتە ناو کەشتی، بۆ کەشتییە سووکەکان ئەستەم بوو ژمارەیەکی زۆر سەرباز بە پێداویستییەوە هەڵبگرن و هاوکات ژمارەیەکی زۆر خەڵك بۆ سەڵبەلێدان سوار بکەن، چونکە جووڵەی کەشتییەکان بە پلەی یەکەم بەسترابۆوە بە سەڵبەلێدان و جووڵە بەهۆی چارۆکە لە پلەی دووەمدا بوو.

سنووردار کردنی توانای کەشتییە جەنگییەکانی یۆنانی، سەرەرای لاوازکردنی توانای جەنگی وڵاتانی یۆنان، بێ رێزیش بوو بەرانبەریان. تا ئەوکات یۆنانییەکان بوونە بریاردراوی ئاسیا و دوای ئەوەی ناچار بە پەسەندکردنی مەرجی کوروش بوون، بەردەوام هەستیان بە بچووکی دەکرد و کینەیان بەرانبەر هەخامەنشییەکان لەلا دروستبوو، بەڵام نەیاندەتوانی ئەو کینەیە دەرخەن تا ئەوکاتەی کوروش مرد و کەمبۆجییە لە جێگەی بوو بە پاشای هەخامەنشی.

لە سەرەتای بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن کەمبۆجییە، یۆنان بەردەوامبوون لە بەجێ گەیاندنی مەرجەکە و کەشتی گەورەتر لە هەفتا بەرمیلیان دروست نەکرد تا ئەوکاتەی بۆیان دەرکەوت کەمبۆجییە ئاگاداری ئەو کارەیان نییە و کەمبۆجییە تەنها ئاگاداری میسر بوو (لە کاتی خۆیدا باسی دەکەین) و دەیەویست تەختی پاشایەتی فیرعەونەکان بگرێت و ئاگاداری نهێنییەکانی میسرییەکان ببێت.

ئەوکات لە تەواوی جیهان و تەنانەت لە ئەورووپای شارستانییەت، واتە یۆنان و رۆم و بەشێك لە فەرەنسا و ئیسپانیا، دەووترا نهێنییەکانی (زیندوکردنەوەی مردوو، گەڕان بە دەوری زەوی، نهێنییەکان دروستبوونی جیهان و چارەنووسەکەی و چۆنێتی لەناو چوونی) لە میسر

زاندراوە و کاهینە میسرییەکان هەموو ئەو نهێنیانە دەزانن، بەڵام تەنانەت بە فیرعەونەکانیش ناڵێن و ئەوانیش لەبەر ئەوەی لە رووی ئایینییەوە بە پەیرەوانی کاهینەکان دژمێردرێن، نایانخەنە ژێرگوشار بۆ زانینی ئەو نهێنیانە و بەڵام ئەگەر خاوەن دەسەڵاتێك بچێتە میسر و ئەوان بخاتە ژێر گوشار ئەو نهێنیانە دەزاندرێت.

کوروش پیاوێکی ڕاست بین بوو، گوێی بۆ ئەو بابەتانە نەدەگرت و دەیزانی چۆن دەسەڵات بگرێتە دەست و چۆن زیادی بکات و چۆن بیپارێزێت. بەڵام کەمبۆجییە کە پیاوێکی خەیالاتی بوو، بیری دەکردەوە بۆ زانینی ئەو نهێنیانە بچێتە میسر و نهێنییەکان لە کاهینەکان وەربگرێت، ئەو بیرکردنەوەیە هەموو کارێکی لەبەر چاوی بچووك کردبۆوە و بۆ نموونە بێ ئاگابوو لە یۆنان و یۆنانییەکانیش زانیان کەمبۆجییە هیچ ئاگاداری ئەوان نییە و ئەمەیان بە دەرفەت زانی بۆ بەدەست گرتنەوەی بازرگانی لە دەریای مەدیتەرانە و کەشتی جەنگی گەورە کە توانای هەڵگرتنیان زۆر زیاتر بوو لە هەفتا بەرمیل سازکرد و لە وشکانیش خۆیان بەهێز کردەوە و دواتر جەنگە درێژخایەنەکان لە نێوان هەخامەنشی و یۆنان دەستی پێکرد.

پێش هاتنی کوروش، ئێرانییەکان یۆنانیان نەدەناسی و یۆنانییەکانیش ئێرانیان نەدەناسی و هەندێکجار لە ئێران ناوی یۆنان و لە یۆنان ناوی ئێران دەهات، بەڵام وەك ئەفسانە باسی یەکتریان دەکرد.

بیرکردنەوەی ئێرانی و یۆنانییەکان پێش هاتنی کوروش بەرانبەر یەکتری وەك بیرکردنەوەی ئەورووپییەکان بوو بەرانبەر بە وڵاتی ژاپۆن کە بە (سیپانکۆ) ناویان دەبرد.

هۆی ئەو بێ ئاگاییش بەرانبەر یەکتر دەگەڕاوە بۆ ئەوەی کالای یۆنانی نەدەگەیشتە هەخامەنشی و کاڵای هەخامەنشییش بە ناوی خەڵکی تر دەچۆوە رۆژئاوا، بەڵام دوای ئەوەی کوروش هەریەکە لە لیدی و دوازدە شارە یۆنانییەکەی ئاسیای بچووك و بابلی داگیرکرد، بازرگانی ڕاستەوخۆ کەوتە نێوانیان و یەکتریان ناسی و هونەری یۆنانی لە هەخامەنشی و هونەری هەخامەنشیی لە یۆنان لایەنگری بۆ دروستبوو.

لەو هونەرانەی ئێران کە لە یۆنان بوونە جێگەی بایەخ دەتوانین باس لە موزیك، چنینی قوماشی جوان و پڕبەها و لەوانیش (ئەرغەوان) بکەین، ڕەنگی قوماشی ئەرغەوانی لە ئازەربایجانی هەخامەنشی لە جۆرە میشوولەیەك بە ناوی (کرمز) یا (قرمز) بە دەست دێت و ئەو قوماشە هەندێکات بە (قرمزی) و هەندێکات بە ئەرخەوانی و هەندێکاتیش بە (ئاڵ)

ناودەبرێت و تا ئێستاش لە زاراوەی هەندێ شوێنی ئێران ، ئاڵ بە واتای قرمز (لە کوردیدا واتە ڕەنگی سوور) دێت.

موزیکی ئێران بە ڕادەیەك بەرچاو بوو بۆ یۆنانییەکان کە کاریکردە سەر موزیکی ناوچەکەیان و موزیکی ئێرانیش بە هەمان شێوە کاریگەری کەوتەسەر و هەندێ ئاوازی یۆنانی چۆوە هەخامەنشی، بەڵام کاریگەری موزیکی ئێرانی زیاتر بوو لەسەر موزیکی یۆنان و تا ئێستاش هەندێ ئاوازی یۆنانی کە بنەچەیان ئێرانییە لە ئەوێ ماون.

پیشەسازییە دەستییەکانی هەخامەنشییەکان ئەوەندە لای یۆنانییەکان، بە گرنگ داندران کە کۆمەڵێکی زۆر لە لاوەکانیان نارد بۆ هەخامەنشی، تا لە قوتابخانە پیشەییەکانی هەخامەنشی کە کوروش دایمەزراندبوون، ئەو کارە پیشەییانە و لەوانەش چنین و ڕستنی قوماش و فەرش فێربن و لە پەرتووکی مێژوونووسانی یۆنانی ناوی هەندێ لەو فێرخوازە یۆنانیانە هاتووە کە چوونەتە ئەو قوتابخانانە.

لە یۆنان و لە سەردەمی کوروش دوو هونەر گواسترایەوە هەخامەنشی و بریتی بوون لە پەیکەرتاشی و بەردتاشی، لە هەخامەنشی ئەو دوو هونەرە و وێنەکێشی هەبوو، بەڵام شێوازی یۆنانی جیابوو لە ئەوەی لە هەخامەنشی هەبوو و هەر ئەو هونەرەش بوو کە لە یۆنانەوە بۆ ڕۆم و لەوێشەوە بۆ وڵاتانی تری ئەورووپا چوو. بەردتاشی، پەیکەرتاشی و وێنەکێشی ئێستای ئەورووپا میراتی یۆنانییەکانە و هەرچەندە ئەورووپییەکان هەندێ گۆڕانکاریان تێداکرد، بەڵام هونەری ڕەسەنی یۆنانییە و چۆتە ئەو وڵاتانە.

کوروش لە بەرانبەر مووچە و پارەی زۆر، هەندێ لە پەیکەرتاش و هونەرمەندانی یۆنانی هێنایە هەخامەنشی، تاوەکو هەخامەنشییەکان شارەزای هونەری ئەوان بن. یەك لەو بەرتاشە یۆنانیانە کە پەیکەرتاشیش بوو و لە یۆنانەوە چۆوە هەخامەنشی، ناوی (پۆلیکێلت) بوو و پەرتووکێکی لە بارەی هەخامەنشی نووسیوە و ئەو پەرتووکە ماوە. ئەو لە هەخامەنشی ساڵانە (٢٥٠ داریك) زێری وەك مووچە وەرگرتووە، کە بەرانبەر بووە بە (٥٠٠٠ سیکلۆی) زیو و زاندراوە لە سەرەتای سەردەمی هەخامەنشییەکان ناوی یەکەی پارەی زێر (داریك) بووە و هی پارەی زیویش (سیکلوی) بووە و هەر داریکێك بەرانبەر بیست سیکلۆی بووە و کێشی داریك بریتی بووە لە (٥ گرام) و بەو پێوەرە بەرانبەر بە (١٠٠ گرام) زیو بووە. ئەو پارەیە

واته (٢٥٠) داریك بەرانبەر بە ئەو مووچەیە بوو کە دواتر داریوش دەیدا بە (خشترە پاوەنەکان) کە پارێزگارەکان بوون.

دوای کوژرانی کوروش، کەمبۆجییە کە تەنها بیری لای میسر بوو و ئاگاداری کارەکانی تر نەبوو، ئاگای لە هونەرمەندە یۆنانییەکانیش نەما کە سەرگەرمی وانە وتنەوە بە فێرخوازان بوون و بۆیە پۆلیکێلت گەڕایەوە بۆ یۆنان و دوای گەڕانەوە تا مردن بۆ بژێوی ژیان کاری نەکرد، چونکە ئەوەندە دەوڵەمەند ببوو کە پێویستی نەبوو و تەنها بۆ ئارەزووی خۆی ناوەناوە پەیکەتاشی دەکرد.

لە سەردەمی دەسەڵاتی کوروش دوژمنایەتی یۆنان و هەخامەنشی بەرەو کاڵ بوونەوە چوو و هاوکات بایەخی هەردوولا بۆ یەکتر دەرکەوت و جگە لە بەرهەمە پیشەسازییەکانی هەخامەنشی، کاڵاکانی تری وەك بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیش لە یۆنان جێگەی بایەخ بوون و بڕیاریاندا سەوزە و میوەی هەخامەنشیی لە وڵاتانی خۆیان بچێنن و ناوی هەندێ لەو سەوزە و میوانە لە هەخامەنشییەوە رۆیشتە ناو زمانی یۆنانی و لە ئەوێشەوە بۆ وڵاتانی تری ئەورووپی.

لە کاتی باسکردنی سەردەمی بەرلە مێژوودا باسمان لە سەرزەوییەك لە رۆژهەڵاتی ئێران بە ناوی تۆران کرد و هەر ئەوکاتیش وتمان کە هەندێ کەس وتوویانە کە ئەو سەرزەوییە دەکەوتە باکووری ئێران، بەڵام ئەوان هەڵە بوون و ئەو شوێنە لە رۆژهەڵاتی هەخامەنشی بووە و دوای هاتنی ئیسلام شاری (قەزدار) بۆوە پایتەختی و لە ئەوێوە کۆمەڵێك شاعر و زانا هەڵکەوتن، یەك لەوان (رابیعەی کچی کەعبی قزداری) شاعری بەناوبانگی سەدەی چوارەمی کۆچی بوو و غەزەلەکانی ئەو خانمە ئەوەندە جوان و پرمانان کە دوای دەسەدە لە خوێندنەوەیان دەکەوینە ژێر کاریگەریان.

لە سەردەمی کوروش جارێکی تر تۆرانییەکان کێشەیان بۆ هەخامەنشی نایەوە و کوروشیش ناچاربوو جەنگی ئەوان بکات، مێژوونووسە یۆنانییەکان دەڵێن کە کوروش بۆ جەنگی ئەوان دووهەزار و پێنج سەد عارەبانەی جەنگی و دووهەزار مەنجەنیق و سەدهەزار هێزی سوارە و پیادەی ئامادەکرد و لە پازارگادەوە بۆ تۆران چوو. مێژوونووس و پزیشکی یۆنانی کەتزیاس دەڵێت کە رێگەکانی هەخامەنشی ئەوەندە تەخت و رێکخرابوون کە تەواوی عارەبانە و مەنجەنیق و ئەسپەکان بەبێ کێشە دەیانتوانی دەشتە پان و بەرینەکان ببڕن و خۆیان بگەیێننە تۆران.

چونکە کوروش دامەزرێنەری پاشایەتی هەخامەنشی بوو و بە دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتەکە دەزاندرێت، لەوانەیە بگوترێت فێردۆسی نووسەری شانامە بەهۆی ئاگادار بوونی لە جەنگی کوروش و تۆرانییەکان، ئەو شیعرانەی نووسیوە و ناوەکانی گۆڕیون.

دوور نییە چیرۆکەکانی پەرتووکی (خودای نامە) کە سەرچاوەی نووسینی فێردۆسی بووە، لە بەشی جەنگی هەخامەنشی و تۆران لە کوروشەوە دەستی پێکرد بێت. بەڵام لە چیرۆکەکانی خودای نامە و شانامەدا ناوەکان زۆر گۆڕاون و دواتر لە سەردەمی ساسانییەکان بەشێك لە مێژووی هەخامەنشییان سریەوە و بردیانە ناو مێژووی فەرمی وڵات (ئەو بابەتە زۆر هەڵدەگرێت و باسەکەی پەیوەست بە ئێرە نییە)، بۆیە لە ئاکام ناتوانین بڵێین کە جەنگەکانی هەخامەنشی و تۆران کە لە شانامەدا هاتووە، لە کوروشەوە هاتووە یا فێردۆسی لە سەردەمی پێش مێژووە دەستی پێکرد.

کاتێك کوروش گەیشتە وڵاتی تۆران، ئەوێ دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی ئێران و باشووری ئەفغانستانی ئەمرۆ، پاشا یا میری تۆران پیاوێك بوو بە ناوی (پاراتیاك) و ئایا پاراتیاك هەمان (ئەفراسیابی) ناو شانامەیە یا یەکی ترە؟

ووشەی ئەفراسیاب و پاراتیاك زۆر لێکدەچن و مرۆڤ وابیردەکاتەوە کە لەوانەیە یەك ناوبن، بە سەرەنجدان لە ئەوەی لە ناو ناوە ئێرانییەکان بە هۆی زاراوە ناوچەییەکانەوە پیتی (پ) دەگۆڕێت بۆ (ف). بەڵام دوو ناوی مێژوویی هەرچەندە لە یەکتری نزیك بن نابێت بە یەك ناویان هەژمار بکەین، تەنها بەو مەرجە نەبێت کە بەڵگەمان بە دەست بێت و لەو ناوچەی بە تۆران ناسرا بوو تا ئێستا بەڵگەیەکمان بۆ چەسپاندنی ئەو باوەڕە بە دەست نەکەوتووە، تا هەردوو ناو بە یەك دیاری بکەین و لە هەڵکەندنەکانی هەخامەنشییش هێشتا بەڵگەمان دەست نەکەوتووە و بە گشتی تەواوی ئەو بەڵگانەی لە هەخامەنشی ژێر خاك دەرهاتوون و دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی پێش ئیسلام، سەبارەت بە قارەمانانی شانامە بێ دەنگن.

کاتێك کوروش گەیشتە ناوچەی تۆران، پاراتیاك بە لەشکرێکی گەورە هات بۆ جەنگ. سەربازەکانی تۆران شمشێریان لە ئاسن و گورزەکانیان لە بەرد بوو و دەردەکەوت هێشتا لە تۆران کانزا کەم بوو، تۆرانییەکان پێیان باش بوو گورزیان لە بەرد بێت یاخود ناچاربوون و بۆیە بەردێکی گەورەیان لە سەری دارێك بەستبوو و جەنگیان پێ دەکرد.

کوروش خۆی فەرماندەیی سوپاکەی گرتە ئەستۆ و عارەبانەکانی بەرانبەر هەردوو لا و دڵی سوپاکەی ڕاگرت. ژمارەی سەربازە تۆرانییەکان ئەوەندە زۆر بوو دەشتەکەی داپۆشی بوو.

کوروش فەرمانی هێرشی دەرکرد و عارەبانە جەنگییەکان کەوتنە جووڵە و سەربازە تۆرانییەکان کە کەوتبوونە بەرانبەر عارەبانەکان، بە بێ ترس بە تیر و نێزە و گورز لە بەرانبەریان وەستان و بە فیداکردنی گیانیان توانیان هەندێکیان بوەستێنن. بەڵام عارەبانە جەنگییەکانی کوروش هەروەك عارەبانەکانی تری ئەو سەردەمە، داسی تیژیان پێوەبوو و هەروەك چوون داسی جووتیاران قەدی گەنم دەبڕێتەوە، بەم شێوەیەش ئەو داسانە تۆرانییەکانیان دەکوشت.

پاراتیاك فەرماندەی تۆرانییەکان دیتی عارەبانەکانی کوروش هێزە پیادەکەی ئەو تێکدەشکێنی، بە خێرایی فەرمانی پاشەکشەی ئەوانیدا و فەرمانی کرد تا سوارکارەکانی عارەبانەکان تێکبشکێنن. هەرچەندە ئەوانیش ئازایەتیان نواند بەڵام بەرگەی داسی عارەبانەکانیان نەگرت، بە تایبەت کە لەوکاتەدا کوروش فەرمانی کرد مەنجەنیقەکان بکرێنە دوو بەش و لە دوولاوە بۆ ماوەیەك بەردبارانی سوارەکانیان کرد و دواتر لەبەر ئەوەی سوارە تۆرانی و عارەبانەکانی هەخامەنشی تێکەڵ ببوون، ئەو بەردبارانەیان ڕاگرت بۆ ئەوەی عارەبانەکانی خۆیان نەشکێن.

سوارکارە تۆرانییەکان نەیانتوانی عارەبانەکانی دوژمن ڕابگرن و بە ناچاری پاشەکشەیان کرد و بەم شێوەیە کوروش تەنها بە هۆی عارەبانەکان و بەبێ سوود وەرگرتن لە پیادە و سوارکارەکانی توانی پاشەکشە بە کۆی سوپای تۆران بکات. ڕازانەوەی جەنگی عارەبانەکانی کوروش بە شێوەیەك بوو کە نەتەنها پیادەکان، بەڵکو سوارە تۆرانییەکانیش نەیانتوانی لێکیان دابڕن و بچنە ناویان، چونکە لە کاتی تێکشکانی عارەبانەیەك بە هۆی کوژرانی ئەسپەکانی یا سەربازەکانی سەری، عارەبانەکەی پشتی جێگەی دەگرتەوە و بۆشایی نەدەهێشتەوە تا دوژمن بێتە ناوی.

عارەبانەکانی کوروش لەو جەنگە وەك قەلغانێك بوون کە گیانی لەبەر بێت و بکوژ بێت، ئەوان بەرەو پێش دەچوون و وا پێدەچوو هەموو ئەسپ و ئەو سەربازانەی لە سەر عارەبانەکان بوون وەك گیانلەبەرێك بێت و بەرفەرمانی یەك مێشك بن و هەموویان بە یەکەوە دەجووڵان، ئەوا دیوارە جووڵاوە بەرەو پێش دەڕۆیشت و دەیبڕی و دەیکوشت و لە دوایەوە لاشەی

کوژراوەکان دەکەوتنەوە و سوپای هەخامەنشیش لە دوایانەوە بە بێ ئەوەی جەنگ بکات، زۆر بە ئاسانی دەهاتنە پێشەوە.

پاراتیاك بە ڕادەیەك لە بەرانبەر هێرشی عارەبانەکان بێ دەسەڵات بوو کە فەرمانی پاشەکشەی دەرکرد و چونکە دەیزانی کوروش بەدوای دەکەوێت، بڕیاری فێڵ کردنیدا و بەرەو ئەو زەلکاوانە چوو کە بە (ترپە) ناودەبران، بۆ ئەوەی عارەبانە و سوار و پیادەکانی هەخامەنشی لە ئەوێ لە ناو بچن.

ئەو زەلکاوە لە رووبارێك بە هەمان ناو دروست ببوو و لە کۆنەوە ئاوی ئەو رووبارە کە نەدەرژایە ناو دەریا و زەوی هەڵیدەمژییەوە، خاکی ئەو شوێنەی کرد بووە زەلکاو. گیانلەبەرانی سەحرا ئەو شوێنەیان دەناسی و لێی نەدەپەرینەوە و بە پەنایدا تێپەڕدەبوون. دانیشتوانی ناوچەکەش خۆیان دەپاراست، بەڵام ئەو کاروان و کەسانەی شارەزا نەبوون و بەبێ ڕێپێشاندەر دەهاتنە ئەو شوێنە، رووەدەچوونە ناو زەلکاوەکە و دەمردن، پاشای تۆران ویستی کوروش و سوپاکەی دووچاری هەمان ئەو چارەنووسە بکات.

بوومەلەرزەکان و تێپەڕینی کات، روخساری زەوی دەگۆرن و هەندێ شوێنی جوگرافی لەو شوێنە جوگرافیانەی لە جیهانی کۆندا هەبوون و تا نزیکەی دووهەزار ساڵ پێش مابوون، ئێستا گۆراون. رووباری ترپە و ئەو زەلکاوەی رووبارەکە دروستی کردبوو، ئێستا نەماون و بۆ دۆزینەوەی شوێنی ئەو زەلکاوە، سەرەتا پێویستە ناوچەی تۆران لە رۆژهەڵاتی ئێرانی ئێستا بدۆزینەوە و دواتر سێگۆشەیەك لە نێوان شارەکانی (قەندابیل، کۆزکان و قزدار) بکێشین، ئەو شارانە لە نەخشە جوگرافیەکانی ئێستادا بوونیان نییە، بەڵام لە نەخشە کۆنەکان و بە تایبەتی کۆبەندی نەخشە جوگرافیەکانی ئیمپراتۆریەتی ئێرانی کۆن و نەخشە جوگرافیەکانی وڵاتانی کۆنی ئیسلامیدا دەبینرێن و هەریەکە لەو سێ شارە لە ناوچە ناسراوەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات بوون.

هەندێ کەسان شوێنی ئەو زەلکاوە و بیابانی (غور) یا (غورستان) یان بە هەڵە لێکداوەتەوە و وایان بیرکردووتەوە ئەو شوێنەی لەشکری کوروش لە زەلکاودا رووچووە هەمان غورستانە، بەڵام غورستان دیار و ناسراوە و بەشێکە لە وڵاتی ئەفغانستان و ئەو ناوچەیە ئێستا بە سەرچاوەی رووباری (هیرات) یا (هەری روود) دەژمێردرێت و وەك هەموان دەزانن تۆران دەکەوێتە باشووری ئەفغانستان.

کاتێك پاراتیاك گەیشتە زەلکاوەکە، لە ڕێگەی ناوەندییەوە تێپەڕبوو یا لە پەنایەوە هەڵات، بەڵام عارەبانەکانی کوروش لە زەلکاوەکە ڕۆچوون. ئەوان بە پێی ڕێسای جەنگ بەدوایانەوە بوون و بۆ ئەوەی تۆرانییەکان نەتوانن لە تەنیشتەکانیانەوە هەڵبێن، لایان نەدا و بە شێوەیەك بەو دەشتەدا بڵاوببوونەوە کە نیوە بازنەیەکی گەورەیان لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا پێکهێنابوو و بە پێوەری ئێستا پانی دەکیلۆمەتر دەبوو. ئەو ژمارەیە لە مێژووە کۆنەکانی یۆنان وەرگیراوە کە مەودای نێوان سەرەتا و کۆتایی عارەبانەکانیان بە پەنجا (ئەستاد) دیاریکردووە و هەر یەکەیەکی ئەو پێوەرە یۆنانییە (٢٠٠) مەتر بووە و بەم پێ یە دەکاتە دە کیلۆمەتر.

ئەگەر عارەبانەکانی کوروش بەریز و لەدوای یەکتری ڕۆیشتبان، ئەوکات تۆرانییەکان دەیانتوانی لە تەنیشتەکانەوە بۆیان بسوڕێنەوە و لێیان بدەن. هەروەها ئەگەر عارەبانەکان وەك ئامرازەکانی گواستنەوەی ئێستا بە دوای یەکەوە ڕۆیشتبانە[٢]، دوای نقوم بوونی چەند ریزێکیان ئەوانی تر لە مەترسیەکە ئاگادار دەبوونەوە و تێپەڕنەدەبوون، بەڵام ئەوان لە سەحرا بڵاوببوون و بە خێرایی دەرۆیشتن و بەیەکەوە گەیشتنە زەلکاوەکە و جگە لەو عارەبانانەی کە لە پاشەوە دەهاتن، هەموویان لە ماوەی کەمتر لە نیو کاتژمێردا رووچوون و عارەبانەکانی دواوە هەواڵیان گەیاندە کوروش و ئەویش فەرمانی وەستانی لەشکرەکەی دەرکرد.

کوروش لە گەڵ سوار و پیادەکانی لەشکرەکەی لە پشتەوە بوو، بۆ بینینی باروودۆخی زەلکاوەکە خۆی گەیاندە ترپە، ئەو وایدەزانی عارەبانەکان یەکسەر لە زەلکاوەکە رۆناچن و ئەسپ و سەربازەکان بۆ ڕۆنەچوونیان هەوڵ دەدەن، بەڵام کە گەیشت بینی هیچ شوێنەواریان نەماوە. پاشای هەخامەنشی دەیزانی هەموو شوێنەکانی زەلکاو وەك یەك نییە و هەندێ شوێنی نەرمترە و بێ گومان عارەبانەکانی گەیشتوونەتە ئەو بەشەی کە زۆر نەرم بووە و بەو هۆیە بە خێرایی ڕۆچوون و بەو شێوەیە زەلکاوەکە ئەوانی نوقم کردووە و هیچ شوێنەواریان نەماوە.

کوروش بۆ ئەوانەی ڕۆچوون هیچی پێ نەدەکرا و تەنها لەو کاتەدا بۆی دەکرا رێ لە زیادبوونی ژمارەی نقوم بووان بگرێت و بۆیە لای زەلکاو وەستا و دوو دەستە لە سەربازانی بەرەو ڕۆژهەڵات و

---

(٢) (لە مێژوودا وشەی ئەگەر سوود و پێگەی نییە، چونکە مێژوو ڕابردووە و ناگەرێتەوە، بەڵام زەبیحوڵڵا تەنها دڵدانەوەی خۆی لەو شکستەی کوروش داوەتەوە. وەرگێر بۆ کوردی.)

ڕۆژئاوا نارد تا دۆخی زەلکاوەکە تێ بگەن. زەلکاوەکە ناوچەیەکی بچووك نەبوو تا کوروش لە ماوەیەکی کەمدا بتوانێت هەمووی بناسێت و دوژمنیش لە ئەوێ نزیك بوو، بۆیە لە ڕاستیدا دوو هێزی گەورەی لە سەربازەکانی بۆ ناسینی ناوچەکە نارد تا بە دەستی دوژمن لەناو نەچن.

لە گەڵ تاریکی و هاتنی شەو، مێشوولەکانی زەلکاوەکە هێرشیان هێنایەسەر کوروش و سەربازەکانی و تا سپێدە و دەرکەوتنی خۆر کۆڵیان لێ نەدان و ئەو شەوە تەنها یەك سەرباز لەو سوپایە نەیتوانی بخەوێت و شەوی دواتر لە ئۆردوگای کوروش بۆ دووربوون لە مێشوولەکان، ژمارەیەکی زۆر ئاگری گەورەیان کردەوە و لەبەر هەبوونی دووکەڵ میشوولەکان نەیانتوانی وەك شەوی پێشتر ئازاری سەربازەکان بدەن و بەڵام ئازاری مێشوولە هەر هەبوو.

دوای ماوەی پێنج ڕۆژ لە وەستانی کوروش لەو شوێنە، ئەو دەستە سەربازەی بۆ ڕۆژئاوا ڕۆیشتبوون بۆ گەران بە دەوری زەلکاوەکەدا، گەرانەوە و ڕایانگەیاند لە باکووری زەلکاوەکە گەیشتوونەتە دەستەکەی تری سەربازەکانیان کە لە ڕۆژهەڵاتەوە کەوتبوونەرێ و لە ئەوێ رووبارێك هەیە کە دەرژێتە ناو زەلکاوەکە، فەرماندەی دەستەکە وتی ئەوانی تریش بە ڕێکەوتوون و لەوانەیە هەر ئەو ڕۆژە یا ڕۆژی دواتر بگەنەوە.

کوروش سێ ڕۆژی تر لەو شوێنە مایەوە تا دەستەکەی تر هاتنەوە و ئەوکات ویستی لە ڕۆژهەڵاتی ترپەوە بۆ باکوور بڕوات و بە شوێن پاراتیاك پاشای تۆراندا بگەرێت، بەڵام لە کاتی بەرێکەوتنندا بۆی دەرکەوت کە سەربازەکانی نەخۆش بوونە. ئەو وایزانی ئەو هەوایە خەراپەی لە زەلکاوەکە هەڵدەستێت، بوّتە هۆی ئەو نەخۆشییە و بۆیە لەوی شوێنە دوور کەوتەوە، بەڵام نەیتوانی شوێن پاشای تۆران بکەوێت، چونکە نەخۆشی مالاریا بە ڕادەیەك سەربازەکانی بێ هێز کردبوو کە بایەخی جەنگیان نەمابوو.[٣]

هەرچەندە کوروش خۆی ئەو پەتایەی نەگرت، بەڵام ژمارەی ئەفسەر و سەربازە تووش بووەکان ئەوەندە زۆر بوو کە ناچار لە شوێنکەوتنی پاراتیاك پەشیمان بۆوە و بگەڕێتەوە ئێران.

---

(٣) (پێشینان لە کاریگەری پێوەدانی مێشوولە بێ ئاگابوون و تووشبوون بە مالاریایان دەگەڕاندەوە بۆ هەوای خەراپی زەلکاوەکان، نازانین لە کۆن لە هەخامەنشی چ ناوێك بۆ مالاریا بەکارهاتوە، بەڵام دوای ئیسلام ناوی (تای نۆبەتێ یا تای نۆبە) بووە. هەخامەنشییەکانیش هەر وەك پێشینان بێ ئاگابوون لە کاریگەری پێوەدانی مێشوولە. وشەی مالاریا کە لە دوو سەدەی ڕابردوو بە تای نۆبەتێی ناوی هاتووە، وشەیەکی ئیتاڵیە و بە مانای هەوای خەراپ دێت. زەبیحوڵڵا.)

دوای گەرانەوەی لە تۆران، کوروش سەربازگەیەکی بەهێزی لە سنووری تۆران دانا تا رێگر بێت لە هێرشی دووبارەی ئەوان و ئەوکات کەوتەرێ بەرەو وڵاتانی رۆژئاوای هەخامەنشی، چونکە لە چەند شوێنێکی ئەو وڵاتانە گرفت دروست ببوو، ئەو بە ئاسانی و بە خێرایی گرفتەکانی چارسەر کرد.

لە (٥٣١/١/١٩ پ. ز) گەیشتە شاری (صور) و لەو رۆژەدا و لەو شارە رووداوێك هاتە پێش کە ئەگەر بێ مەترسی تەواو نەبووبایە، بە وتەی ئەفلاتوون جیهان لە یەك لە گەورە دەسەڵاتدارانی بێ بەش دەبوو و بە بۆنەی ناوهێنانی ئەفلاتوون، پێویستە بڵێین کە ئەو فەیلەسوفە گەورەیە کە بە مامۆستای یەکەمی مێژوو ناوی دێت، بەشێك لە بیرۆکەکانی خۆی لە کوروش وەرگرتووە و رادەی بەرز ڕاگرتنی کوروش لە لای ئەفلاتوون، ئەم بابەتەمان بۆ پشتڕاست دەکاتەوە.

هەرچەندە ئەرەستوو قوتابی ئەفلاتوون، وەك مامۆستاکەی باس لە گەورەیی کوروش ناکات بەڵام ئەوەندە بایەخی بۆ هەبووە کە بەردەوام بە (ئەسکەندەری مەقدۆنی) قوتابی خۆی وەتووە کە نەریتی دەسەڵاتداری لە کوروش فێر ببە و ئەسکەندەریش کاتێك هاتە هەخامەنشی لە پازارگاد، چۆوە سەر گۆری کوروش (تا ئێستاش گۆرەکە لەو شوێنەیە) و ئەو رێزەی لێی گرت وەك ئەو رێزە بوو کە لە مامۆستاکانی خۆی دەگرت.

ئەو رۆژەی کوروش گەیشتە شاری صوور کە شارێکە (فینیقی) بوو، یەك لە لێهاتووترین کەوانچییەکانی وڵاتەکە بڕیاریدا کە کوروش بکوژێت، ئەو پیاوە ناوی (ئەرتەب) بوو و لە جەنگێکدا براکەی بە دەست سەربازەکانی کوروش کوژرابوو.

کوروش لەو رۆژەدا بە فەرمی هاتبۆوە ئەو شارە و وەك نەریتی خۆیان، عارەبانەی هەتاویان بەرێ خست و ئەو عارەبانە هەڵگری وێنەی هەتاو بوو و بە هۆی شازدە ئەسپی سپی کە لە ریزی چواریدا بوون، ڕادەکێشرا و خەڵك لە چاولێکردنی جوانی ئەسپەکان تێر نەدەبوون. هیچ کەس و تەنانەت کوروش خۆشی سواری عارەبانەی هەتاو نەدەبوون و دوای ئەو عارەبانە کوروش بە سواری ئەسپەوە دەهات.

باسمان کرد کە کوروش ریشی درێژ بوو و لە جەژنەکان و رۆژە فەرمییەکاندا، سەر و ریشیان لوول دەکرد و بە زێر و زیو دەیانرازاندەوە. وەك ئەفلاتوون، هیرۆدۆت، گەزنەفۆن و ئەوانی تر باس دەکەن، کوروش حەزی بە خۆڕازاندنەوە نەکردووە و لە ژیانی تایبەتیدا خۆی لێ

دەپاراست، بەڵام لە بۆنە فەرمییەکان دەبوایە جوانکاری هەبێت، تا ئەو دەستەیە لە خەڵك کە توانای بیرکردنەوەیان کەمە، بکەونە ژێر کاریگەری جوانی ئەو.

لەو ڕۆژەدا کوروش بە زێر و یاقووت و شتە گرانبەهاکان دەدرەوشایەوە و ئەسپەکەشی ڕووپۆشی ڕازاوەی هەبوو و بەرەو پەرستگای (بەعل) خوای گەورەی شاری صوور دەڕۆیشت، نەریتی ئەو وابوو کە دوای گەیشتنی بەو شارانەی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتەکەی کە بت پەرست بوون، سەرەتا دەڕۆیشت بۆ پەرستگای خوای یەکەمیان تا بزانن کە ئەو ڕێز لە ئایینەکەیان دەگرێت.

لەوکاتەی کوروش بەسەر پشتی ئەسپەکەی لە پەرستگاکە نزیك دەبۆوە، ئەرتەبی کەوانچی لەناو لقە زۆرەکانی دارێك چاوەڕوانی بوو. لە صوور خەڵك دەیانزانی کە تیری ئەرتەب هەڵە ناکات و هێزی مەچەك و بازووی ئەو لە کاتی ڕاکێشانی کەمانەکە، ئەوەندە زۆرە کە کاتی بەردانی تیرەکە ئەگەر ئامانج نزیك بێت تا کۆتایی تیرەکە لە جەستەی بەرانبەری ڕۆدەچێت.

ئەو ڕۆژە ئەرتەب تیرێکی خستبۆوە سەر کەوانەکەی کە لە کۆتاییەکەی سێ پەیکانی هەبوو و چاوەڕوانی هاتنی دامەزرێنەری پاشایەتی هەخامەنشی بوو و هەرکە نزیك کەوتەوە، کەوانەکەی ڕاکێشا و گەرووی ناوبراوی کردە ئامانج و تیرەکەی هاویشت و دەنگی هاویشتنی تیرەکە بەرگوێی هەموان کەوت و هەموو سەرەکان بەرەو ئەو دارە سوڕایەوە کە ئەرتەب لەسەری بوو.

لە گەڵ بڵاوبوونەوەی دەنگی دەرچوونی تیرەکە، ئەسپەکەی کوروش سەرسمیدا و ئەمەش بۆوە هۆی پارێزراو بوونی کوروش و بە پێچەوانەوە، تیرە سێ سەرەکە گەرووی دەبڕی و دەیکوشت. سەرسم کردنی ئەسپەکە کوروشی پاراست و دواتریش سەربازانی گاردی پاسەوانی کە لە دوایەوە دەڕۆیشتن، دەورەیاندا و سینگیان کردە قەڵغان، نەوەك تیری دووەم هەبێت. ئەوان بە بیستنی دەنگی تیرەکە، زانیان کوشتنی کوروش لە ئارادایە و دوای ئەوەی دیتیان سەلامەتە خۆشحاڵ بوون، چونکە لە سەرەتادا وایان زانی کە بە هۆی تیرەکە کەوتووتە زەوی.

لە کاتێکدا کە هەندێ لە سەربازانی (گاردی جاوید) دەورەی کوروشیان گرتبوو، هەندێکی تر دەورەی دارەکەیاندا و ئەرتەبیان گرت و قۆڵبەستیان کرد.

دوای ئەوەی کوروش ئاگادار بۆوە لە ناو و جێگە و پێگەی بکوژەکە، فەرمانیدا ئەو بهێڵنەوە تا دواتر سزاکەی بۆ دیاری دەکرێت. دواتر نەوازشی ئەسپەکەی کرد کە بۆوە هۆی

رزگاربوونی لە مردن و سوار بوو بەرەو پەرستگا کەوتەرێ، لەو پەرستگایە گەورەیە کە حەوت نهۆم بوو، بەرێزەوە بەرانبەر پەیکەری (بەعل) وەستا.

دوای گەرانەوەی لە پەرستگا، کوروش فەرمانیکرد ئەرتەب بهێنن و پرسیاری کرد: بۆچی تیرت ئاراستەی من کرد و ویستت بمکوژی؟

ئەرتەب وەڵامی دایەوە: ئەی پاشا، چونکە سەربازانی تۆ برای منیان کوشت و منیش ویستم تۆڵەی ئەو بکەمەوە و دڵنیا بووم کە دەتکوژم، چونکە تیری من هەڵە ناکات و من تیرێکی سێ پەرەم بۆ لای تۆ هاویشت، بەڵام بە دەرچوونی تیرەکە، ئەسپەکەت سەرسمی کرد و ئێستا دەزانم کە تۆ لە لایەن خوای بەعل و خوایانی تر پاڵپشتی دەکرێیت و ئەگەر زانیبام تۆ لە لایەن بەعل و خوایانی تر دەپارێزرێی، هەوڵی کوشتنم نەدەدای و تیرم بۆ تۆ نەدەهاویشت.

کوروش وتی: بە پێی یاسا ئەگەر کەسێك بیەوێت یەکی تر بکوژێت و لە مەبەستەکەی سەرکەوتوو نەبێت، ئەوا ئەو دەستەی کە کارەکەی پێ ئەنجامداوە دەبڕدرێت، بەڵام من وادەزانم بە دەستێك تیرت ڕاکێشاوە و بە دەستێکی تر کەمانت گرتووە، بۆیە بە دوو دەست ئەو کارەت ئەنجامداوە.

ئەرتەب وتی هەر وەهایە.

کوروش وتی: هەردوو دەستەکانت لەو کارە بەرپرسن و بۆ سزادانت پێویستە هەردووکیان ببڕدرێت، بەڵام ئەگەر ئەو کارە بکرێت ئەوا ناتوانی قووتی خۆت بە دەست بێنی، بۆیە لە سزاکەت دەست هەڵدەگرم.

ئەرتەب کە نەیدەتوانی باوەڕ بکات کە پاشا دەستی لە سزادانی ئەو هەڵگرتووە، وتی: ئەی پاشا، ئایا من ناکوژیتەوە؟

کوروش وتی نەخێر.

ئەرتەب پرسی: ئەی پاشا ئایا تۆ دەستەکانم نابڕی؟

کوروش وتی: نەخێر.

ئەرتەب وتی: من بیستبووم کە هیچ تاوانێك لە لای تۆ بەبێ سزا نابێت و ئەوەی یەکێك لە لایەنگرانت بکوژێت، دەکوژرێتەوە و ئەوەی بریندراری بکات، بکەر سزای وەك خۆی بۆ دیاری دەکرێت.

کوروش وتی: هەر وایە.

ئەرتەب وتی: کەواتە بۆ دەستت لە سزادانی من هەڵگرت، کە ویستم خۆتان بکوژم.

کوروش وتی: چونکە من دەتوانم لە مافی خۆم خۆش ببم، بەڵام ناتوانم لە مافی یەك لە شوێنکەوتووەکانم خۆش ببم، چونکە ئەوکات بە ستەمکار هەژمار دەکرێم.

ئەرتەب وتی: بە ڕاستی پاشایی و گەورەیی بۆ تۆ باشە و من لە ئەمرۆوە، هیچ ئارەزوویەك زیاتر لە خزمەتی ئێوەم نییە تا بتوانم لە ڕێگەی خزمەتەکانم، کاری ئەمرۆم بسرمەوە.

کوروش وتی: بڕیار دەدەم تا بتهێننە ناو خزمەت. لەو ڕۆژە بە دواوە ئەرتەب بەردەوام لە دەرفەتێك دەگەڕا تا گیانی خۆی فیدای کوروش بکات، بەڵام ئەو دەرفەتەی دەست نەدەکەوت. لە دوایین جەنگی کوروشدا کە جەنگ لە گەڵ مەسقەندییەکان بوو، ئەرتەبیش لەگەڵ بوو و دوای کوژرانی کوروش بە دەست مەسقەندییەکان (دواتر بە درێژی باسی دەکەین)، ئەرتەب ئەوپەری ئازایەتی نواند بۆ هێنانەوەی تەرمی دامەزرێنەری پاشایەتی هەخامەنشی و ئەگەر ئەو نەبوایە لەوانەیە تەرمی کوروش لە خاکی مەسقەند دەرنەچووبایە و سووکایەتی پێکرابوایە. ئەرتەب تەرمەکەی لە مەیدانی جەنگ دەرچواند و لەگەڵ خۆی بردییەوە بۆ پازارگاد و لە کاتی ناشتنی، لە تەنیشت گۆڕەکەی بە خەنجەر لە سەر سینگی تا سگی خۆی دڕاند و پێش گیان دەرچوونی وتی: دوای کوژرانی کوروش ژیان بۆ من بایەخی نییە.

دوای حەوت ڕۆژ لە ڕووداوی پیلانی کوشتنەکە و لە (٥٣١/١/٢٦ پ. ز)، کوروش لە کوشکی خۆی کە ناوی (پات) بوو و بە نشینگەی ناوبراو دەناسرا، دانیشتبوو. ئەو کۆشکە لە لایەن کوروش دروستکرا و هەڵبژاردنی ناوی (پات) دەگەڕایەوە بۆ خۆشەویستی زۆری ئەو بۆ نیشتیمان و وشەی (پات) بە واتای ماڵ دەهات و بە مانای سەر زارەکی بە نیشتیمان بەکار دەهات و وشەکانی (ئاپادانا، پاتان و ئاباد) و وشەی (بیت) لە عەرەبی هەمان وشەی (پات) بە مانای ماڵە.

ئەو کەسانەی ئەو ڕۆژە لەو کۆشکە ئامادەبوون، بریتی بوون لە فەرمانڕەوای شاری صوور کە لە خەڵکی ناوچەکە بوو و فەرماندەی گاردی کوروش و یەك لە پێشەوایانی پەرستگای (بەعل)، کاتژمێرێك بەر لە نیوەڕۆ لە نەکاو زەوی لەرزی.

دوو کەس زانیان ئەو لەرزینە، بریتییە لە بوومەلەرزە و ئەوانیش کوروش و فەرماندەی گاردی جاوید بوون کە لە هەخامەنشی بوومەلەرزەیان بینی بوو و فەرمانڕەوای شار و پێشەوا ئایینییەکە نەیانزانی کە ئەوە بوومەلەرزەیە، چونکە پێشتر ئەو شتەیان نەدیبوو. لە گەڵ زەوی

لەرزینەکە، کوروش لە کۆشکەکە دەرچوو و بەرەو باغەکە چوو و بە ئەوانی تریشی وت کە لە کۆشك دەرچن و بێنە ناو باغەکە.

دوای هاتنی کوروش و ئەوانی تر بۆ باغەکە، بۆ جاری دووەم بوومەلەرزە هاتەوە و ئەو کۆشکەی کە ماوەیەك پێشتر ئەو و یاوەرانی لێ بوون، دارِما و ڕێژەیەکی زۆر لە ئاوی ئەو حەوزەی کە لە ناوەڕاستی باغەکە بوو هەڵدرایە دەرەوە. هاوار و گریان تەواوی شاری صووری گرتەوە، چونکە تەواوی خانووەکانی شار رووخان، جگە لەوانەی لە دار دروستکرابوون.

ئەوکات لە ناوچەی صوور لە کەناری دەریای مەدیتەرانە، جەنگەڵێك لە نزیك شارەکە بوو و بە هۆی ئەوەی دار بەلاش بوو و کەرەستەی خانوو بە پارە بوو، بۆیە هەندێ لە خەلکی کەم دەرامەت خانووەکانیان لە دار دروستکردبوو. ئەو رۆژە خانووە دارینەکان بە شێوەیەك نە رووخان کە وێران بن، بەلام شورەی قورس بەردینەکان بە تەواوی رووخان و بە هۆی ئەو ئاگرەی کە بۆ ئامادەکردنی خواردنی نیوەرۆ لە خانووەکان کرابۆوە، هەندێ ئاگریش لە خانووەکان کەوتەوە.

پیاوانی صوور لەوکاتە لە دەرەوەی ماڵەکانیان بوون و جووتیاران لە سەر زەوییەکانیان لە دەرەوەی شار و کرێکاران لە دووکان و کارگەکان، سەرگەرمی کار بوون.

صوور لەوکاتدا بریتی بوو لە شارێکی پیشەسازی و کارگەکانی کشتی سازی، ڕستنی قوماش، دروستکردنی پێلاو و بۆنی خۆش و بە هەندێ وتەش کارگەی کاغەز لەو شارە هەبووە و هەندێ لە مێژوونووسان باوەڕیان وایە کە لە سەدەی شەشەم یا پێنجەمی پێش زایین لە شاری صوور کاغەز دروستکراوە و هەندێ سەرچاوەکەی بۆ ولاتی چین دەگێڕنەوە. ئەو کرێکار و مامەڵەچیانەی کە لە ژێر سەربان نەبوون یا لە ژێر سەربانی سووك و دارینداا بوون زیندوو مانەوە و بەلام ئەو کرێکارانەی لە خانووی بە سەقفدا بوون بە هۆی دارمانی بانەکان، یا مردن یا بە سەختی بریندار بوون.

لە سەحرا بە هۆی بوومەلەرزەی توند، رەگی تەواوی گیا هاوینییەکان لە بنەوە هەڵکەندرا و لە جەنگەلیش، دارە پیرەکان شکان و کەوتن. ئاوی دەریا بە شێوەیەك هێرشی کردە سەر شارەکە، کە بەشێکی شارەکەی شوشتەوە و لەناو برد و ئاوی دەریا دوای کشانەوەی، لاشەی مردووەکانی لە گەڵ خۆیدا برد. تەواوی کارگەکانی کەشتی سازیش کە ئەوساش وەك ئێستا لە تەنیشت دەریا بوو، وێران بوون. بەلام زەرەر بە لەشکری کوروش نەکەوت، چونکە ئەوان لەو

ئۆردووگاکانه دەژیان کە لە دەرەوەی شار بۆیان دروستکرابوون و تەنها ئەوانەی مۆڵەت بوون، بۆیان هەبوو بێنە ناوشار و ئەوانیش بەبێ هۆ بۆیان نەبوو بێنە ناوشار.

لەو بوومەلەرزەیە، لە سەربازەکانی کوروش تەنها چەند کەسێکیان کە لە شار چاودێری سەربازی بوون کەوتنە ژێر وێرانەکان و مردن، ئەو بابەتەش کە ئێستا وابیر دەکرێتەوە کە لە سەدەکانی تازەدا دروستبووە، لە هەخامەنشیی کۆن هەبووە و بۆیە ئەوانیان لەناو شارەکاندا دادەنا تا سەربازانی کە لە مۆڵەت بوون، مافی خەڵکان پێشێل نەکەن. ئەگەر لەشکری کوروش ئەو رۆژە لە شار بوایە، لەناو دەچوون، بەڵام کوروش ئەوانی لە سەحرا و لە ژێر خێوەت دانابوو و بۆیە ئەوان پارێزران و مەترسیان نەکەوتەسەر. شاری صوور ئەوکات لە شارە دەوڵەمەند و گەورە و جوانەکانی جیهان بوو و لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا بۆوە وێرانە.

مێژوناسی یۆنانی کەتزیاس لە پەرتووکە مێژووییەکەیدا دەڵێت: کاتێك کوروش لە گەڵ هەندێ لە ئەفسەرەکانی بۆ بینینی بارودۆخی شارەکە بەرێکەوت و هەندێ لە رێبازەکانی شاری بڕی و بینی خەڵك چۆن شیوەن و گریان دەکەن، بەو دیمەنانە کەوتە گریان.

زۆربەی ژن و منداڵەکان کەوتبوونە ژێر داروخاوەکانی خانووەکان و دانیشتوانی شار بە ڕادەیەك لەو رووداوە ترسا بوون، کە لە لایەك بۆ لایەکەی تر دەچوون و نەیاندەزانی چ دەکەن، هاوکات لە هەندێ شوێنی ئەو خانوانەی لە دار بوون ئاگریان گرتبوو. کوروش فەرمانی کرد تا سەربازانی یارمەتی خەڵکی بدەن لە ناشتنی تەرمی مردووەکانیان و کوژاندنەوەی ئاگرەکانی ناوشار و ئەو کارەش پێشتر لە لایەن هیچ پاشایەکتر ئەنجام نەدرابوو.

سەربازانی کوروش بە یارمەتی ئەو خەڵکەی شار کە لە بوومەلەرزەکە زیندوومابوون، ئاگرەکانیان کوژاندەوە و ئەو رۆژە و رۆژانی دواتری بەردەوامبوون لە ناشتنی تەرمەکانی مردووەکان و بە هۆی ئەوەی داروخاوی خانووەکان ئەوەندە زۆر بوو کە سەربازان و پاشماوەی خەڵکی شارەکە نەیاندەتوانی فریای بکەون، کوروش فەرمانی کرد تا لە ئاوایییەکانی دەوروبەر و شارکانی فینیقیە، خەڵك بەکرێ بگرن تا داروخاوەکان لادەن و لە جێگەیان خانووی تازە دروست بکەن.

کوروش کرێی ئەو کەسانەی بە کرێ هێندرابوون و تێچووی سەرلەنوێ بینا کردنەوەی خانووەکانی ئەو شارەی لە پارەی وڵاتی فنیقیە دابین کرد و فەرمانیدا کە باجی سێ ساڵی ئەو وڵاتە خەرج بکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوەی صوور و ئاوایییەکانی تر کە بەو بوومەلەرزەیە وێران ببوون و خۆشی دووسەد هەزار لیرەی زێڕی بۆ ئەو مەبەستە بەخشی و فەرمانیدا تا نەخشەی

تازەی شار لە سەر نەخشەی یەك لەو شارە هەخامەنشییانە دروست بکەن کە پێشتر بە فەرمانی کوروش کرابوو و یۆنانییەکان بە کوروپۆلیس ناویان دەبرد و ئەو شارەی ئێستا بە (تیر) ناو دەبرێت، هەمان شاری صوورە.

هەرچەندە شاری صوور دوای ئەوکاتیش دووچاری نەهامەتی بوو و جەنگەکان زەرەریان لێدا، بەڵام نەخشەی ئەو شارە لە لایەن کوروشەوە داندرابوو.

پاشای هەخامەنشی دوای چوونی بۆ صوور، نەیدەویست زیاتر لە دەرۆژ لەو شارە بمێنێتەوە و ئە ماوەیەشی تەنها بۆ حەسانەوەی خۆی و سەربازەکانی بوو، بەڵام ڕووداوی بوومەلەرزەکە بۆوە هۆی درێژ بوونەوەی کاتی مانەوەکەی و دوای ڕووداوەکەش چیتر پاشا لە شار نەدەژیا و لە ناو خێوەتگای سەربازەکانیدا دەمایەوە، تا ئەوکاتەی پاشماوەی داروخاوەکانیان لە شار هێنایە دەرەوە و دەستیان کردەوە بە دروستکردنەوەی خانووەکان و ئەوکات کوروش و لەشکرەکەی لە صوورەوە بەرەو باکوور کەوتنە ڕێگا و دوای بینینی ئەو شوێنانەی لە وڵاتی لیدی دەبوایە ببینن، لە ڕێگەی بابلەوە بەرەو هەخامەنشی گەرایەوە.

کاتێك کوروش گەیشتە بابل، سەرەتای وەرزی زستان بوو و بۆ پاراستنی سەربازەکانی لە سەرمای زستانی ناوچە شاخاویەکانی هەخامەنشی، بڕیاریدا لە ڕێگەی باشوور واتە خۆزستانەوە بڕوات و بەو شێوەیە بەردەوام لە زستاندا سەربازەکانی لە گەرمێن دەبوون.

کوروش لە ساڵی (٥٣٠ پ. ز) گەیشتەوە شاری پازارگاد کە ئەوکات بە جوانترین شاری جیهان دەناسرا و تەنها فەرمانرەوا و پیاوەدیارەکان لە ئەوێ دەژیان و خەڵکانی تر لە شارەکانی تری فارس دەژیان. پازارگاد ئەوکات وەك شاری ڤێرسای فەرەنسای سەردەمی پاشایەتی لوویی چواردەیەم بوو و تەنها ئەو کەسانەی کە بە هۆی پۆست و پلە و پایەکانیان دەبوایە بەردەوام لە کوروش نزیك بن، لەو شارە دەژیان.

پازارگاد هەر بە جوانی خۆی مایەوە و تەنانەت تا هاتنی کەتزیاسی پزیشك و مێژوونووسی یۆنانیش هەروا مایەوە و کەتزیاس باسێکی لە بارەی جوانی پازارگاد و کۆشکەکانی نووسیوە.

لە سەردەمی پاشایەتی کەمبۆجییەی کوری کوروشیشدا، پازارگاد هەربە پایتەخت یا یەك لە پایتەختەکان مایەوە و دواتر کە داریوش هاتە سەر تەختی پاشایەتی، نەیەویست لە

پایتەختی کوروش بێت و شارێکی تری دروستکرد کە یۆنانییەکان بە پرسپۆلیس ناویان دەبرد و ئەو شارەی کردە پایتەخت.

ساڵی (٥٣٠ پ. ز) کە کوروش لە رۆژئاوای ئێرانەوە گەرایەوە بۆ پازارگاد، بە یەك لە ساڵە ئارامەکانی تەمەنی ناسراوە و دوای پازدە رۆژ مانەوە لەو شارە، بەرەو باشوور چوو تا کارگەکانی کەشتی سازی پاشایەتییەکەی لە خەلیجی فارسی و دەریای عەمان بەسەر بکاتەوە و ئەو کەشتیانەی کە دروستکردنیان تەواو بووە ببینێت.

کەشتی سازی هەخامەنشی لە سەردەمی کوروش زۆر بایەخی هەبوو و گەزنەفۆن دەڵێت: سێ هەزار کەشتی بازرگانی لە نێوان بندەرەکانی هەخامەنشی لە کەنداوی فارس و دەریای عەمان و بندەرەکانی وڵاتانی رۆژهەڵات و باشووری ئاسیادا هاتوچۆیان دەکرد و هەموویان لە کارگەکانی کەشتی سازی ئێران دروستکرابوون.

هێزێکی دەریایی بەهێز، ئاسایشی کەشتییەکانی لە کەنداوی فارس و دەریای عەمان و زەریای هند دابین دەکرد و بەر لە کوروشیش کەشتییەکان نەیاندەوێرا لەو دەریایانە سەفەر بکەن، تەنها ئەگەر بە کۆمەڵ و لە چوارچێوەی کارواندا نەبوایە و هێزی دەریایی هەخامەنشی دزە دەرییاییەکانی لەو دەریایانەدا لەناو برد.

ساڵێك پێشتر، واتە ساڵی (٥٣١ پ. ز) کەشتیگەلێك لە کەنارەکانی دەریای (قەلزەم) و ئەو شوێنەی کە ئێستا بە کەنداوی (عەقەبە) ناودبرێت، بۆ دۆزینەوەی ئەمریکا کەوتنە رێگا و دوای دەرچوونیان لە کەنارەکانی ئەو دەریایە، بە درێژایی کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئەفریقا بەرەو باشوور رۆیشتن تا گەیشتنە گەردنەیەك کە دواتر بە گەردنەی ئۆمێدواری ناسرا و دواتر بەرەو رۆژئاوا رۆیشتن تا گەیشتنە ئەمریکا و لە ئەوێوە گەرانەوە.

ئێستا مێژوونووسان دەڵێن ئەو کاروانەی بیست و پێنج سەدە پێش لە کەنارەکانی قەلزەم کەوتنەرێ تا ئەمریکا بدۆزنەوە، خەڵکی کەنعان بوون و بەڵام دڵنیاین کەنارەکانی کەنداوی عەقەبە بەشێك بووە لە دەسەڵاتی هەخامەنشی و ئەو دەستەیەی لەوساڵەدا لە (عەقەبە) دەرچوون، لە بنکەیەکی سەربازی هەخامەنشیی دەرچوون و پێش (کریستۆف کۆلۆمب) سێ جاری تر ئەمریکا دۆزراوەتەوە و یەکەمجار لە لایەن ئەو دەستەیە بووە کە لە عەقەبە دەرچوون و دووەمجار لە لایەن موسوڵمانانی ئەفریقای رۆژئاوا و بە تایبەتی موسوڵمانانی وڵاتی مەغریب (مەراکش) و سێیەم جاریش لە لایەن خەڵکانی (ئەسکەندیناوی) واتە (دانیمارکی) بووە.

هەروەها پێش (کریستۆف کۆلۆمب) قەشەکانی ئایینی کریستیان، ئەوانەی بە (تامپڵ-پەرستگا) ناو دەبران و ناوەندی سەرەکیان فەرەنسا بوو، بە بێ ئاگاداری خەڵکی تر لە فەرەنسا دەچوونە ئەمریکای باشوور و لە ئەوێ زیویان دەهێنا و ئەو کارەیان بە درێژایی ماوەی دوو مانگ ئەنجام دەدا، کەس نەیدەزانی سەرچاوەی داهاتیان چییە و لە کوێیە و تا ئێستاش لە فەرەنسا پارە بە (ئارژان) ناو دەبرێت.

کوروش گەشتی لە دەریای عەمان و کەنداوی فارسدا دەست پێکرد و کەشتییە جەنگییە تازەکانی بەسەر کردەوە، تا گەیشتە شارێك کە یۆنانییەکان ئەو شارەیان بە (مەزان بەری) و هەخامەنشییەکان بە (رەی شەهر) دەیانناسی و ئەو شارە هەمان بەندەری (بوشەهرە) و لە بندەرە گەورەکانی ئەوسای ئاسیا بوو.

دەریاسالاری بە ناوبانگی ئەسکەندەر کە لە هندستان تا بوشەهر بە کەنارەکانی دەریای هنددا دەریا گەردی دەکرد، لە سیاحەتنامەکەیدا نووسیویەتی کە (مەزان بری) لە سەردەمی کوروشدا گەورەترین و ئاوەدانترین، بەندەری ئاسیا بووە و دەرمان و قوماشی هندی لە ئەوێوە دەچۆوە ئەورووپا. ئەوشارە کەوتبۆوە ناو نیمچە جەزیرەیەك و لە کاتی بەرزبوونەوەی ئاوی دەریاکان یەك فەرسەخ لە زەوییەکانی دەچۆوە ژێر ئاو، وەك شارەکانی تر کارگەی کەشتی سازی تێدا بوو.

کاتێك کە کوروش لەو شارە بوو نامەیەکی پێگەیشت کە تیایدا هاتبوو کە خێڵە مەسقەندییەکان دیسان هێرشیان هێناوە بۆ ناوچەکانی باکووری خوراسان و تالان و کوشتنیان ئەنجام داوە و هێزەکەیان بە ڕادەیەك بەهێزە کە سەربازگە سنوورییەکە نەیتوانیوە ڕێگەیان بگرێت. کوروش بە گەیشتنی نامەکە، لە (ری شەهر) بەرەو پازارگاد کەوتەرێ و چەندین نێردراوی نارد بۆ ویلایەتەکانی هەخامەنشی و لە هەخامەنشیی ناوەندی، واتە ویلایەتە کۆنەکان کە پێشتر هەخامەنشی بوون داوای سەربازی کرد.

کوروش لە (ئازەربایجان، کوردستان، کرماشان، کرمان، خوراسان و تەبەرستان) سەربازی داواکرد و فەرمانی کرد تا سەربازانی ویلایەتەکانی باکوور و رۆژئاوا لە پارس بگەنە لای ئەو و سەربازەکانی کرمان و خوراسان، خۆیان ئامادەبکەن بۆ رۆیشتن بۆ مەیدانی جەنگ و کوروش

له سەر ڕێگا دەگاتە ئەوان. دواتر کوروش لەگەڵ پێداویستی و سەربازی هەموو خێڵەکانی[٤] سنووری ئێران کەوتەڕێ و ڕۆیشتە کرمان و لە ئەوێوە بەرەو خوراسان چوو.

له سەر ڕێگای ئەودا جەنگەڵی سەوزی بادامی وەحشی لێ بوو، کە ئێستا ئەو جەنگەڵانە نەماون و لە جێگەیان بیابانی وشك هەیە. دوای لەناوچوونی ئەو جەنگەڵانە کە دەکەوتنە نێوان کرمان و خۆراسان، پەیوەندی ئەو دوو شوێنە تا ڕادەیەك نەما و تەنها کاروانەکان دەیانتوانی لەو سەحرایە تێپەڕبن و لەشکرێکی گەورە نەیدەتوانی لەو سەحرایە بپەڕێتەوە.

کوروش دوای تێپەڕبوونی لە خوراسان، لە بەهاری ساڵی (٥٢٩ پ. ز) گەیشتە کەناری رووباری جەیحون و لەوکاتە نزیکەی دووسەد هەزار سەرباز ی پیادە و سوارەی هەبوو و هەروەها عارەبانە و مەنجەنیق و ئەندازیاری زۆری لەگەڵدا بوو.

کاتی گەیشتنی کوروش و لەشکرەکەی بریتی بوو لە گەرمەی زۆربوونی ئاوی ئەو رووبارە و تەنانەت پەرینەوەی لەشکرێکی ئاوا گەورەش بە بوارەکانی ئەو رووبارەدا، پڕ مەترسی بوو و بۆیە کوروش فەرمانیدا تا ئەندازیاران بە هۆی زەورەقەکانەوە، پرد دروست بکەن تا لە کاتی پەرینەوە دووچاری لە ناوچوون و مردن نەبن.

تەواوی زەورەقەکانی سەر ئەو رووبارە لە باکوورەوە بۆ باشوور کۆکرانەوە بۆ دروستکردنی پرد و کوروش کرێی دایە هەموو خاوەن زەورەقەکان و پێی وتن کە دوای پەرینەوە دەتوانن زەورەقەکانتان ببەنەوە و بەم شێوەیە لەشکرە دوو سەد هەزار کەسیەکەی کوروشی پاشای هەخامەنشی لە رووباری جیحوون پەرینەوە.

---

(٤) (وەك دەزانن سنووری هەخامەنشییەکانی ئەوسا کە میراتگری مادەکان بوون لە کۆمەلێك نەتەوەی جیا پێك هاتبوو و تەنانەت ئێستاش ئێران لە یەکگرتووی کۆمەڵە نەتەوەیەکە، کەم لێکدانەوەی زەبیحوڵڵا بۆ بابەتەکە ناوی نەتەوەکانی بۆ خێڵ گۆڕیوە و بچووکی کردوونەتەوە. وەرگێر بۆ کوردی.)

# کوژرانی کوروش لە جەنگی خێڵە سەحراییەکان

وەك زاندراوە مێژووناسانی کۆن بە گشتی لە بارەی چۆنێتی دوایین جەنگی کوروش کۆکن (جگە لە ئەوانەی شوێنی ئەو جەنگە بە تورکستان دیاری دەکەن) بەڵام لە بارەی شوێنی جەنگەکە ڕایان جیاوازە.

هەندێکیان شوێنەکە بە باکووری ڕووباری سەیحون دیاری دەکەن و هەندێك لە باکووری ڕووباری جەیحون واتە ئەو دەشتانەی دەکەونە نێوان هەردوو ڕووبار و هەندێکیش ئەو جەنگە کە پاشای هەخامەنشیی تێدا کوژرا، بە ناوچەی تورکستان کە ئێستا کۆماری تورکەمەنستانی ڕۆسیای لێ یە دیاری دەکەن، هیرۆدۆت دەڵێت: کوروش لە باکووری ڕووباری سەیحون و لە ناوچەیەك بە ناوی (تأمیل) لە گەڵ خێڵەکانی مەسقەند جەنگاوە.

ناوچەی تامیل پێدەشتێکی ڕێك و زۆر بە پانتایی بوو و لە ئەو شوێنە بە درێژایی سێ سەد (ئەستاد) واتە نزیکەی شەست کیلۆمەتر، جگە لە سوارکارە مەسقەندییەکان نەدەبینرا و لەشکری مەسقەندی ئەوەندە گەورە بوو کە لە باکوور بۆ باشووری داگیرکردبوو. شەست کیلۆمەتر لەوانەیە بە پانتاییەکی زۆر هەژمار بکرێت، بەڵام لە ئێستادا کاتێك لەشکرێك بە زرێپۆش و بزوێنەرەکانییەوە دەکەوێتە ڕێگا، نزیکەی چل کیلۆمەتر داگیر دەکات. مێژوونووسانی کۆن پانتایی مەیدانی جەنگیان دیاریکردووە، بەڵام ژمارەی سەربازانی مەسقەندیان نەخستووتەڕوو.

کاتێك کوروش بە هۆی پرد لە رووباری سەیحون پەڕییەوە و گەیشتە ناوچەی تأمیل بە هۆی ئەوەی دەیزانی دوژمن نزیکە، بڕیاریدا لەو شوێنە خیوەتگای لەشکرەکەی هەڵبدات و لەو بابەتەی کۆلیەوە کە لە شوێنێك خێوەتگا دابنێت کە دوژمن نەتوانیت ئاویان بخاتەسەر. ئەو دەیزانی کە یەك لە تەلەکە بەسوودەکانی خێلە سەحراییەکان لە جەنگدا سوود وەرگرتنە لە ئاوی رووبار و ئەو خێلانە ئاوی رووبار دەخەنە سەر دوژمن و دواتر هێرش دەکەنە سەر ئەو دوژمنەی نوقمی ئاو بووە.

بەلام بۆ ئەو کارە دەبوایە شوێنی ئۆردووگاکە نەویتر بێت لە رووبار تا بتواندرێت ئاوی بۆ بگوازرێتەوە و کوروش شوێنێکی هەڵبژارد کە وێرای نزیکی لە رووبار، بەرزیش بوو. کوروش بێ گومان بوو لە ئەوەی مەسقەندییەکان لە رووبارەکە نزیکن، چونکە دەیزانی ئەوانیش هەروەك کوروش و لەشکرەکەی، خۆیان و ئەسپەکانیان پێویستیان بە ئاوە و یەك لەو بەلگانەی نیشان دەدات ئەو جەنگە لە سەرووی رووباری سەیحون بووە هەر ئەو بابەتەی بوونی ئاوە و لە سەحرای تورکەمەنستان هیچ یەك لەو دوو لەشکرە دەستیان بە ئاو نەدەگەیشت. کوروش دوای ئەوەی زانی لە لەشکری شاژنی سەحرا نزیك بۆتەوە، لەو شوێنە نشینگەی دانا تا بتوانێت ژمارەی هێزی شاژن بزانێت و ئەو دەیزانی کە ئەگەر ژمارەی دوژمن زۆر بێت، نابێ لە رووبارەکە دووركەوێتەوە بۆ ئەوەی دەورەی نەگیرێت.

دوای تەواو کردنی کاروباری دامەزراندنی ئۆردووگا، کوروش چەند دەستە لە سەربازانی بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ دەوروبەری نارد و داوای کرد ئەگەر بتوانن هەندێکیان بڕفێنن و بە زیندوویی بیانهێنن بۆ ئۆردووگاکە تا بتوانن لە زاری خۆیانەوە ژمارەی سوارکارەکان بزانن، بەلام ئەوان نەتەنها نەیانتوانی تەنانەت یەك کەسیش برفێنن، بەلکو نەیانتوانی تا کۆتایی شوێنی حەوانەوەی سوارکارە مەسقەندییەکانیش بچن. ئەوان هەرچەند دەرۆیشتن هێشتا نەدەگەیشتنە کۆتایی نشینگەکە و نێردراویان دەناردەوە لای کوروش کە ژمارەی مەسقەندییەکان زیاترە لەوەی کە بیریان لێ کردووتەوە.

سەرۆکی گەورەترین دەستە، ئەفسەرێك بوو بە ناوی (فراتس) یا (فەرهاد) کە خەلکی ئازەربایجان (ئاترۆپاتێن) بوو و بەرلە خۆر ئاوابوون گەڕایەوە و بە کوروشی وت: من نەمتوانی ئەسپەکانی دوژمن بژمێرم و ژمارەیان بزانم، تەنها لێکدانەوەم کرد کە ئەگەر لە پانتایی پەنجا هەنگاودا دوو سەد ئەسپ هەبێت، ئەوا لە پانتاییەکی دە بەرانبەری ئەودا دەبێت دوو هەزار

ئەسپ هەبێت و ئەو ئەسپانەی تا گەرانەوەم ژماردم، نزیکەی سەد هەزار بوون و نەمتوانی تەواوی نشینگە بگەرێم و کاتی گەرانەوەم هێشتا بەشێکی بەرین هەبوو کە تەنانەت بە لێکدانەوەش نەمژمارد بوون.

دوای فراتس چونکە شەودا هاتبوو، دەستەکانی تریش گەرانەوە و قسەکانی فراتسیان پشت ڕاست کردەوە و کوروش بۆی دەرکەوت کە لەشکری دوژمن بەهێزترە لەوەی کە بیری لێ کردووتەوە و بەو پێیە کە تەواوی سەربازانی مەسقەندی سوارکارن و ڕاهاتوون لەسەر سوارکاری، بۆیە ئەگەر لەشکرەکەی بخاتەرێ و لە رووبارەکە دوور کەوێتەوە، ترسی گەمارۆ درانی هەیە.

دوای هاتنی شەو پاشای هەخامەنشی کە دەیزانی بەیانی ڕۆژی جەنگە، سوارکارەکانی خۆی بۆ ڕاوێژ بانگهێشت کرد و وتی بەیانی ئێمە لەگەڵ سوارەکانی دوژمن دەجەنگین و بە پێی وتەکانی دەستەکانی بەدواداچوون کە ناردبوومانن، دەرکەوتووە کە لەشکری دوژمن زۆر بەهێزە و هێشتا لە ژمارەیان بە دروستی ئاگادار نین و بۆیە بە باشی نازانم لە رووبار دوور کەوینەوە و دەبێت لە تەنیشتی بمێنینەوە تا لە ژمارەیان بە تەواوی ئاگادار دەبینەوە.

سەرکردەکانی کوروشیش وتیان کە بیرۆکەی پاشا زۆر عاقلانەیە و ئێمە لە مانەوەمان لە تەنیشت رووبارەکە پارێز ناکەین.

کوروش وتی: چونکە ئێمە لە رووبارەکە دوورناکەوینەوە، دوژمنی بەهێز هێرشمان دەکاتەسەر و ئەگەر دوژمن هێرشی کرد، دەبێت عارەبانە جەنگییەکانمان بیانوەستێنن و مەنجەنیقەکان بکەونە کار و ئەگەر ئەوان نەیانتوانی دوژمن ڕابگرن و ئەوان گەیشتنە مەیدانی جەنگی ئێمە، پیادەکانمان بە نێزە درێژەکانیان دەبێت سوارەکانی دوژمن ڕابگرن و سوارەکانی ئێمەش هێرش بکەنە سەر سوارەکانی دوژمن یا بەشێکیان تا بە زوویی دوژمن لە دوو لاوە لەناو بەرین.

کوروش بە سەرکردەکانی خۆی وت چونکە ئێمە لایەکمان دەکەوێتە تەنیشت رووبارەکە، دوژمن ناتوانێت لە پشتەوە لێمان بدات و دوای ئەوەی دوژمنمان شکاند و لاوازمان کرد، ئێمە هێرشیان دەکەینەسەر.

دوای تەواو بوونی کووبوونەوەی ڕاوێژکاری بۆ جەنگ، سەردارەکان خێوەتی کوروشیان بەجێ هێشت و دواتر هەواڵیان بۆ کوروش هێنا کە (ئەستێرەی کلکدار) بینراوە. کوروش هەر

چەندە پیاوێك نەبوو كە باوەڕی بەو بابەتانە بێت بەڵام بە بیستنی ئەو هەواڵە نیگەران بوو، كاتێك لە خیوەتەكەی چووە دەرەوە ئەو ئەستێرەی دیت و هەستی بە بێ تاقەتی كرد، چونكە رەوشەنبیرترین و بەتواناترین كەسان لە دونیای كۆن بە دیتنی ئەو ئەستێرەیە نیگەران دەبوون و لێكدانەوەی خەراپیان دەكرد.

ئێستا دەكرێت بگوترێت ئەو ئەستیرە كلكدارەی لەو شەوە كوروش و ئەوانی تر بینیان، ئەستیرەی كلكداری (ئۆلبێرس) بوو كە بەناوی ئەو ئەستێرەناسەی لە سەدەی نۆزدەهەم دۆزییەوە، ناونرا و ئەو ئەستێرەیە هەر هەفتا ساڵ جارێك لە ئاسمانی زەوی دەردەكەوێت و ئەستێرەی كلكداری تر هەنە كە چەند هەزار ساڵ جارێك هەڵدێن و ئەستێرەیەكیش هەیە كە (١٠٢٠٠٠) ساڵ جارێك دەردەكەوێت.

ئێستا ئێمە زانیاریمان لە بارەی هاتنی ئەو ئەستێرانە هەیە و ئەوكات نەیاندەزانی ئەو ئەستێرانە بە دەورە خۆردا دەسورێنەوە و بە بینینی ئەو ئەستێرانە دەترسان و كوروشیش بە بینینی ئەو ئەستێرەیە بە ترسەوە گەرایەوە ناو خێوەتەكەی و نەیتوانی پشوو بدات. ئەو شەوەی كوروش نەیتوانی پشوو بدات، شەوی (٥٢٩/٥/١٠ پ. ز) بوو.

ئەفسەر و سەربازەكان لە ئۆردووگاكە نووستن، بەڵام كوروش خەوی لێ نەكەوت و ئەو شەوە كورتەی كۆتاییەكانی بەهار بە زوویی تەواو بوو و بەیانی هات و لە دوورەوە دەنگی ئەسپە كێویەكان كە بۆ ئاو خواردن دەهاتنە رووباری سەیحون هاتەبەر گوێ و ئەسپەكانی لەشكری كوروش وەڵامیان دانەوە، ئەوكات ڕانە ئەسپی كێوی لە دەشتەكانی باكووری سەیحون و دەوروبەری دەریاچەی ئاراڵ هێشتا مابوون.

شەوی پێشتر و لە ئەنجوومەنی راوێژی جەنگ، كوروش بە (ئارتافەرن) فەرماندەی گاردی جاویدی خۆی ڕاسپاردبوو كە تەنها سەد سوار بۆ پارێزگاری ئەو بهێڵێتەوە و ئەوانی تر لە نێوان دڵی لەشكر و هەردوو لای لەشكر دابەش بكات و خۆشی لە گەڵ كوروش بمێنێتەوە. سەربازەكانی گاردی جاوید قەلغانیان لەبەردا بوو و تیر و شمشیر و نێزەی دوژمن كاریگەری لەسەر زگ و سینگیان نەبوو و كوروش دەیەویست بەشێك لەو سەربازە قەلغان لە بەرانە بەسەر شوێنەكانی تری لەشكرەكەیدا دابەش بكات تا لەشكرەكە بەهێز بكەن.

كاتێك كوروش لەشكری خۆی رێكخست، بارودۆخی جەنگگە بە شێوەیەك بوو كە لای باشووری رۆژئاوا بەسترایەوە بە رووباری سەیحون. واتە هێزی پاڵپشتی ئەو كە بەردەوام لە

پشتی جەبهە دەبوو و دڵی سوپا و لای چەپی لەشکرەکەی کەوتنەسەر رووباری سەیحون، کوروش و سەردارەکانی بیریان نەدەکردەوە کە هیچ مەترسیەك لەو لاوە بەرەو روویان بێت و هەر ئەو دڵنیا بوونە، بۆوە هۆکاری کوژرانی پاشای هەخامەنشی بەبێ ئەوەی لەشکرەکەی دووچاری شکان بوویێت.

هێشتا دنیا بە تەواوی رووناك نەببوو کە بەشێك لە سوارەکانی مەسقەندی لە بواری (تەرلە) لە خوارووی ئۆردوگای مەسقەندییەوە پەرینەوە و هەندێ مێژوونووس نووسیویانە نیوەی سوارەکانی تیمیریس پەرینەوە و خۆیان گەیاندە کەنارەکانی چەپی ئەو رووبارە. کوروش زانی ژمارەیەکی زۆر لە سوارەکانی مەسقەندی لە رووبار پەریونەتەوە، چونکە بواری (تەرلە) لە شوێنێك بوو کە دەستەکانی زانیاری وەرگرتن لە سەر دوژمن نەیاندەتوانی ببینن.

لەگەڵ بەرەبەیان و دەرکەوتنی رووناکی، سوارکارە مەسقەندییەکان دەستیان کرد بە هێرش بردن و ئەوەندە زۆر بوون چاو نەیدەتوانی سەرەتا و کۆتاییەکەیان ببینێت. ئەوان لە یەك کاتدا هێرشیان کردە سەر هەر دوو لای چەپ و ڕاست و دڵی لەشکری کوروش و عارەبانەکانی کوروشیش کەوتنە جووڵە و رێگەیان لێ گرتن و ئەگەر هەندێك لە مەسقەندییەکان بواری تێپەڕبوون بەناو عارەبانەکانیان بۆ دەرەخسا، ئەوا دووچاری بەردی مەنجەنیقەکان دەبوونەوە، یا بە تیری کەمانچییەکان و نێزەی پیادەکان بەردەبوونەوە.

لە مانگی سێیەمی بەهار لە نێوان سپێدە و خۆرهەڵات ماوەیەکی درێژ دەخایەنێت و لەو ماوەیەدا هەرچەندە سوارە مەسقەندییەکان ژمارەیان زۆر بوو و بەردەوامبوون لە هێرش کردن، بەڵام نە لای چەپ و نە ڕاست و نە دڵی لەشکری کوروش دەرزیان تێ نەکەوت و سەربازانی گاردی جاویدیش کە قەلغانیان لەبەر بوو، زۆر بە مەردایەتی و بێ ترسان لە مردن دەجەنگان و مەسقەندییەکانیان دەکوشت یا لە ئەسپەکان دەهێنایە خوارەوە و ناچاریان دەکردن بە پیادە جەنگ بکەن.

کاتی خۆرهەڵات سەربازانی کوروش بە هۆی تیشکی خۆرەوە کەوتنە گرفت و سوارە مەسقەندییەکان پشتیان لە خۆر بوو و گرفتیان نەبوو و ماوەیەکی کەمی خایاند و ئەو گرفتە بە هۆی بەرزبوونەوەی خۆر نەما. چەند جارێك سوارە هەخامەنشییەکان هێرشیان دەکرد و هەوڵیان دەدا کە پشت مەسقەندییەکان بگرن و ئەوانیش بۆ ئەوەی دەورەیان نەگیرێت بە خێرایی دەکشانەوە.

پێدەچوو بارودۆخی جەنگ هەر بەو چەشنە بێت کە کوروش شەوی پێشتر لە ئەنجوومەنی جەنگ پێشبینی کردبوو و سوارەکانی مەسقەندی بەردەوام هێرشیان دەکرد و ماندوو دەبوون، کوروش بیردەکردەوە کە کاتێك دێت سوارەکانی دوژمن چیتر توانای هێرشیان پێ ناکرێت و ناچار دەبن واز لە هێرش بێنن تا ئەسپەکانیان پشوو بدەن.

کاتێك هەتاو نزیکەی سێ نێزە بەرزبۆوە و بە پێوەری ئێستا کاتژمێر حەوت یا حەوت و نیو دەبوو، لە پشتەوە هەندێ هاوار هەستا و کوروش ئاوڕی دایەوە و بینی ژمارەیەك لە سوارەکانی دوژمن هاتوونەتە ناو رووبار و دیارە کە دەیانەوێت بگەنە پشت جەبهەی ئەوان.

کوروش فەرماندەیی لەشکرەکەی لەو بەشە کە تایبەت بوو بە شکاندنەوەی هێرشەکانی دوژمن، خستە ئەستۆی کەمبۆجییەی کوری کە لەو کاتەدا بە پێی گێرانەوەکان (هەژدە، بیست یا بیست و پێنج) ساڵی بوو و بە لێکدانەوەی تەمەنی کوروش و سەردەمی پاشایەتی ئەو، لەوانەیە هەژدە یا بیست ساڵی بووبێت. کوروش کورەکەی ڕاسپارد تا لە کارەکانی جەنگدا ڕاوێژ بە ئارتافەرن بکات کە لە دڵی لەشکرە و لە ئەو بە تەمەنترە و ئەزموونی جەنگی زیاترە.

نابێت دووچاری سەرسوڕمان بین لە سپاردنی سەرکردایەتی جەنگ لە لایەن کوروش، بە کورەکەی کە تەمەنی هەژدە تا بیست ساڵ دەبوو و لە ڕابردوو ئەو کەسانەی لەو تەمەنە دەبوونە سەرکردەی مەیدانی جەنگ زۆر بوون و ئەسکەندەری مەقدۆنی لە نۆزدە ساڵی بۆ پەرەدان بە دەسەڵاتی کەوتەرێ و لە بیست ساڵیدا یەکەمین شکستی قورسی بەسەر داریوشی سێیەم پاشای هەخامەنشی هێنا.

لەو شوێنەی کە مەسقەندییەکان هاتنە ناو رووبارەکە تا لە ئەوێوە هێرش بکەنی پشتی لەشکری کوروش، رووبارەکە بواری نەبوو و ئەوان ئەسپەکانیان ئازاد کردبوو تا بە مەلە بیانپەرێننەوە و لەو کاتەش کە مانگی سێیەمی بەهار بوو، سەرکێشی ئاوی رووباری سەیحون وەك مانگی یەکەم و دووەمی بەهار نەبوو و لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا سەرکێشی هەبوو، بەڵام ڕێڕەوی رووبارەکە تەخت دەهاتە بەرچاو و گوشاری بۆ ئەسپەکان دروست نەدەکرد، بە شێوەیەك کە ئەوان توانای مەلەیان هەبوو.

ئەوەندە سواری مەسقەندی هاتبوونە ناو رووبارەکە کە سەربازە هەخامەنشییەکان کاتێك لە دوورەوە دەیانروانی، بیریان دەکردەوە کە رووبارەکە لەو سوارانە پڕ بووە و هەر سوارێك

کەوانێکی گەورەی دوو نیوبازنەیی پێ بوو تا هێزی هاویشتنی زیاد بکات و ئەو کەمانە لە سەدەکانی دواتر کە ناوی خێڵە مەسقەندییەکان گۆڕا، بوو بە کەوانی (ئۆزبەکی). لە لای چەپی زینی هەر سوارێك، تیرێك پڕ لە تیر هەبوو و ئەوان بە نزیك بوونەوەیان لە لەشکری هەخامەنشیی، دەستیان دەکرد بە تیر هاویشتن تا ڕێگەی خۆیان بۆ چوون بۆ کەناری ڕووبارەکە بکەنەوە.

کوروش چاوەڕوانی نەدەکرد سوارە مەسقەندییەکانی لە پشتەوە هێرش بکەن، بۆیە ناچاربوو لە کاتێکی کەمدا بۆ چارەسەر بگەڕێت و هەندێ لە عارەبانە و مەنجەنیقەکانی گواستەوە بۆ پشتی جەبهەکە، تا تەنیشت ڕووبارەکە بەهێز بکات و سوارەکانی دوژمن نەتوانن هەنگاو بنێنە ناو کەنارەکان و ئەگەر گەیشتنە کەنارەکانیش، لە لایەن عارەبانەکانەوە لەناو بچن.

بەڵام ژمارەی سوارە مەسقەندییەکان ئەوەندە زۆر بوو کە بیر دەکرایەوە کۆتایی نایەت، هەندێکیان بەرلەوەی بگەنە کەنارەکانی ڕووبار دەبوونە ئامانجی بەرد یا تیرەکان و ئاو تەرمەکانی دەبردن.

زینی ئەسپی مەسقەندییەکان ئاوزەنگیان نەبوو و بۆیە دوای زامداربوون یا مردنیان، نەیاندەتوانی لاقی تێدا گیر بکەن و توانای مانەوە لە سەر پشتی ئەسپیان نەدەبوو و دەکەوتن و ئاوزەنگی لە داهێنانەکانی هەخامەنشییەکان بوو و خەڵکی ئێستا کە لایان نەبووە بە نەریت کە ئاوزەنگی بۆ ئەسپەکانیان دابنێن، نازانن بایەخی ئەو ئامرازە لە مەیدانی جەنگ چەندە و چەند هێزی بازووی سەرباز زیاد دەکات و لە ڕووی جەنگییەوە بایەخی چەندە و ئەو کەسەی جارێك بەبێ ئاوزەنگی و دواتر بە ئاوزەنگی سواری ئەسپ ببێت، دەزانێت ئاوزەنگی چەند هێز بۆ سوارکار زیاددەکات و چالاکتری دەکات.

هەرچەندە کوروش چاودێری ئەرکەکانی بەرگری دەکرد و هەموانیش تێ دەکۆشان ئەرکی خۆیان بەجێ بگەیێنن، بەڵام ژمارەی ئەو سوارانەی مەسقەند کە لە ڕووبار پەڕینەوە بە ڕادەیەك زۆر بوو کە لەشکری کوروش توانای نەبوو هەموویان بکشێنێتەوە و هەندێکیان دەگەیشتنە کەنارەکانی ڕووبارەکە و بە گەیشتنیان بێ خۆگرتن، خۆیان ڕێك دەخست بۆ ئەوەی هێرش بکەن و هەر کە یەکەمین دەستەکانی سوارە مەسقەندییەکان لە ڕووبار پەڕینەوە و لە کەنارەکان خۆیان ڕێکخست، سوارەکانی تیمیریس لە بەرانبەرەوە هێرشە توندەکانیان دەست پێ کردەوە و هاوکات لەگەڵ ئەو

هێرشانه، ژمارەی ئەو سوارانەی کە لە رووبار دەپەرینەوە و خۆیان رێك دەخست بێ پسانەوە زیادی دەکرد و بە تیرهاویشتن و شمشێر وەشاندن و تەور هەوڵی هێرشیان دەدا.

لەشکری هەخامەنشی کەوتە نێوان دوو شمشێر و لەگەڵ ئەوەشدا، لە پێشەوە کەمبۆجییە بە هاوکاری ئارتافەرن و لە دواوەش کوروش بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بوون و هیوای شکاندنەوەی مەسقەندییەکان لە پێشەوە و لەدواوە هەبوو، بەڵام کاتی نیوەڕۆ بارودۆخ لە ناکاو گۆڕاو و لای چەپی لەشکری کوروش کە هەروەك دڵی جەبهە پشتی بە رووبارەوە بوو، بە هۆی هێرشە بەردەوامەکانی مەسقەندییەکان لێك پرژا و هەندێ لە سەربازەکانی کوژران و بریندار بوون و هەندێکیشیان توانیان خۆیان بگەیێننە دڵی جەبهە و مەسقەندییەکان بە ورەیەکی پتەوتر کەوتنە جەنگکردن.

کاسکێتی سەری کوروش دوو شێوە قۆچی لە سەر بوو و سەبارەت بەو دووقۆچە کە لە کاسکێتی ئەو و سەردارانی تری کوروش هەبوو، زۆر باسکراوە و بەڵام هیچ یەك لە مێژوونووسەکانی کۆن نەیانووتوە کە کوروش و سەردارەکانی ویستوویانە دوو قۆچیان هەبێت.

هەندێك نووسیویانە ئەو دوو قۆچە بۆ مەبەستی بەهێزکردنی ئایینی زەردەشت واتە (ئاهورامەزدا) و (ئەهریمەن) بووە، بەڵام ئەو وتەیە گریمانێکی لاوازە، چونکە دەرنەکەوتووە ئەوکات زەردەشتییەت لە ئێران هەبووە[1] و ئایینی هەخامەنشییەکان (مەزداپەرستی) بووە، لەو ئایینەدا ئەهریمەن نەبووە و تەنها (مەزدا) واتە خودا هەبووە و دواتریش زەردەشتییەت هاتەکایەوە، هەرگیز ئێرانییەکان ئاهورامەزدا و ئەهریمەنیان بەرانبەر نەزانیوە، بەڵکو باوەڕیان وابووە ئاهورامەزدا بەسەر ئەهریمەندا سەردەکەوێت. هەندێ باوەڕیان وایە دوو قۆچ بە نیشانی (شەو و رۆژ) یا (مانگ و هەتاو) یا (ژیان و مردن) بووە و هەر هۆیەك بوو‌بێت، بە تەنها کوروش ئەو جۆرە کاسکێتەی لە سەر نەبووە و سەردارەکانیشی هەمان جۆر لە کاسکێتیان لە سەر بووە.

---

(١) (بە بروای هەردوو مێژوونووسانی بەناوبانگ (نۆڵدکە و دارمس تەتەر) ئایینی مادەکان زەردەشتییەت بووە و لەمەش زیاتر (حسن پیرنیا) گەورە مێژوونووسی فارس و ئێران لە پەرتووکی (تاریخ ایران) پشت بەستن بە رای مێژوونووسانی تر دڵنیامان دەکاتەوە کە زەردەشت ماد بووە و ئەو پەیکەر و دۆزراوانەش کە هی سەردەمی مادین هەر هەبوونی ئایینی زەردەشت لە سەردەمی مادەکان بە تەواوەتی پشت راست دەکەنەوە. وەرگێر بۆ کوردی)

دوای نیوەڕۆ سوارە مەسقەندییەکان کە لای چەپی لەشکری کوروشیان لەناو بردبوو، لە پێشەوە و لە دواوە دەستیان بە هێرش بۆ سەر دڵی لەشکرەکە کرد. کەمبۆجییەی کوری کوروش و ئارتافەرن سەردار و ڕاوێژکاری ئەو، لە پێشەوەی دڵ و لای ڕاستی لەشکرەکە بەرگریان دەکرد و کوروشیش لە پشتەوە پارێزگاری لە دڵی لەشکرەکەی دەکرد.

باسمانکرد کە لای ڕاستی لەشکری کوروش لە ڕووباری سیحون دوور بوو و ئەو مەسقەندیانەی لە ڕووبار دەپەڕینەوە، دەگەیشتنە دڵی لەشکرەکە و نەیاندەتوانی خۆیان بگەیێننە لای ڕاستی لەشکرەکە و کوروش لە دڵی سوپاکەی بوو و ڕێگر بوو لە ئەوەی سوارەکانی خێڵە سەحرانشینەکان بتوانن خۆیان بگەیێننە لای راستی هەخامەنشییەکان.

بۆ تێگەیشتن لە ڕووداوەکانی جەنگی ئەو ڕۆژە، لای ڕاستی لەشکرەکەی تەنها لە پێشەوە کەوتبۆوە بەر هێرش، بەڵام دڵی لەشکری کوروش لە هەردوولا واتە لە پێش دواوە هێرشی دەکرایەسەر و لە دواوە کەوتبۆوە بەر هێرشی ئەو مەسقەندیانەی بەردەوام لە ئاو دەپەڕینەوە و ژمارەیان زیادی دەکرد و خۆیان دەگەیاندە دڵی لەشکری کوروش، دوای جەنگ دەرکەوت (تەم) کوری شاژنە تیمیریس و فەرماندەی لەشکرەکەی مەسقەند، هەندێ لەو سوارانەی لە لای ڕاست دەجەنگان لە ڕووبار پەڕاندووتەوە بۆ ئەوەی دڵی لەشکری کوروشیش وەك لای چەپ تێك بشکێنن، چونکە ژمارەی مەسقەندییەکانیش سنووردار بووە.

مێژوونووسی یۆنانی کەتزیاس نووسیویەتی کە دوو یا دوو کاتژمێر و نیو دوای نیوەڕۆ، لە پشتەوە نزیکەی دووسەد هەزار سوارکاری مەسقەندی لە دڵی لەشکری کوروشیان دەدا، جگە لەو سوارانەی کە لە پێشەوەش هێرشیان دەکردە سەر هەمان شوێن.

کوروش لە یەك شوێن نەدەوەستا و بەردەوام لە درێژایی کەناری ڕووباری سەیحون لە جووڵەدابوو و سەد سەربازی گاردی جاوید و ئەرتەبی (باسمان لە فیداکاری کرد بوو) لە گەڵیدا بوون. ئەو دەگەیشتە هەر شوێنێك بە ئەفسەرەکانی دەووت کە بە سەربازەکان بڵێن بە بێ پاشەکشە، تا مردن لە جەنگدا خۆڕاگری بکەن.

پاشای هەخامەنشی دەیزانی فەرمانەکەی جێبەجێ دەکرێت، چونکە سەربازەکانی پاشەکشەیان نەدەکرد تا ئەوکاتەی فەرمانیان پێ نەکرابایە و ئەو فەرمانەش تەنها بە دوو هۆکار دەردەچوو کە بریتی بوون لە: یەکەم ڕێگرتن لە گەمارۆ درانیان کە لە جەنگە کۆنەکاندا دەبۆوە هۆی لەناو چوونی لەشکر و دووەم بۆ ڕێگرتن لە زیاتر کوژرانی سەربازان و کەڵك

وەرگرتن لێیان لە جەنگی تر، بەڵام ئەوکات کوروش نەیدەتوانی فەرمانی پاشەکشە بدات و ڕێگەی پاشەکشەی نەبوو و دەچۆوە هەر لایەك دوژمن بوو.

لای ڕاستی لەشکری کوروش بە تەواوی لەناو چووبوو و لە ئەوێ دوژمن سەرگەرمی کۆکردنەوەی دەسکەوتەکانی جەنگ بوون و لێیانەوە نزیك دەبوونەوە. دڵی لەشکر لە پێشەوە لە لایەن دوژمنەوە هێرشی دەکرایەسەر، بەڵام کوروش بە پێوەری ئێستا تەنانەت نەیدەتوانی یەك کیلۆمەتر بکشێتەوە و بەرانبەر لای ڕاستیش سەربازانی مەسقەندی بوون و لە ڕاستیدا لەشکری کوروش دەورەدرابوو و ئەگەر ئەو سەرداره گەورەیە پاشەکشەی بۆ لای ڕاستی کردبایە، ئەو لایەش بە تەواوەتی دەکەوتە ناو تەوقی گەمارۆکە و لە پێش و دواوە هێرشی دەکرایەسەر.

لەکات و ساتانەدا لەوانە بوو تاکە ڕێگای رزگاری بەردەوامکردنی خۆڕاگری بوایە بە بێ گوێدان بە ژمارەی کوژراو و کوروش دەیزانی هێرشی مەسقەندییەکان لانی زۆر تا عصر یا ئێوارە بەردەوام دەبێت و دوای ئەوە، ماندوویەتی ئەسپەکان ڕێگر دەبوو لە بەردەوامی هێرشەکان. خۆڕاگری سەربازە هەخامەنشییەکان چ لە پێشەوە و چ لە دواوەی دڵی لەشکری کوروش، مەسقەندییەکانی بێ تاقەت کردبوو.

ئەوان بە کۆمەڵ هێرشیان دەکرد و ئەسپەکانیان دەجووڵاند و بە شێوەیەك خۆیان لە دڵی سوپاکە دەدا، وەك ئەوەی شاخێك خۆی پێدا بدات. بەڵام نێزە و تیر و مەنجەنیقەکان سەرەتا هێواشیان دەکردەوە و دواتر دەیانوەستاند و ئەوان دکشانەوە و دیسان خۆیان ڕێك دەخستەوە و جارێکی تر هێرشیان دەکردە سەر لەشکری هەخامەنشی.

لە بەر ماندوویەتی، دەم و ڕانی ئەسپەکانی مەسقەندی کەفی لێدەهات و ئەوانیش بێ بەزەیی جارێکی تر هێرشیان پێدەکردنەوە بۆ ئەوەی هەخامەنشییەکان بشکێنن.

نە لە پێشەوە و نە لە دواوە کوروش نەیدەتوانی هێز بۆ یارمەتی وەربگرێت، چونکە هێزە پشتیوانەکەی پێش تێکشکانی لای چەپ، کەوتبوونە ناوجەنگ.

کوروش سەرپەرەشتی جەنگی لە دڵی لەشکر دەکرد و هاوکات لە پێشی جەبهە و لای ڕاستیش بێ ئاگا نەبوو و دەیزانی بارودۆخ لە لای ڕاست باشە، چونکە تەنها لە یەك لاوە هێرشی دەکرێتەسەر و باری جەنگ لای کورەکەی و ئارتافەرنیش لە توانادایە، بەڵام بارودۆخی خۆی لە بەشی پشتەوە باش نەبوو و دوژمن ئاگادار بوون کوروش لەوێیە، بۆیە بە سەختی

هێرشیان دەکردەسەر و هۆی زانیاری دوژمن لە سەر بوونی کوروشیش، دەگەڕایەوە بۆ ئالاّی کوروش کە لە سەر سەری دەشەکایەوە و چوو بوایە هەر لایەك ئەو ئالاّیە لە گەڵیدا بوو.

لەوانەیە پرسیار بکرێت ئایا بەرژەوەندی جەنگ کە یەك لەوان بێ زانیاری هێشتنەوەی دوژمن بوو ناچاری نەدەکردن کە ئالاکە لەو شوێنە بەرز نەکەنەوە؟

وەلاّم ئەوەیە کە لە بەرانبەر ئەو بەرژەوەندییە، بەرژەوەندی گەورەتر هەیە و ئەویش ئەوەیەیە کە بە بینینی ئالاّکەیان، سەربازانی هەخامەنشیی ئازایەتی و تێکۆشانیان دووبەرانبەر زیادی دەکرد و ئەگەر لەو رۆژەدا کە دووسەد هەزار سەربازی مەسقەندی لە پشتەوە هێرشیان دەکرد، ئالاکەیان نەبینرابوایە لەوانە بوو کە لەشکرەکە یا لانی کەم دڵی لەشکرەکە لەناو چووبوایە.

نزیکەی دوو کاتژمێر پێش رۆژئاوا بوو کە کوروش لە کاتی جووڵەی بەردەوامدا، لە نەکاو بۆی دەرکەوت کە لەناو سوارەکانی دوژمندایە و بێ کەمترین ترس، شمشێری هەڵکێشا و قەلغانەکەی کە بە شانییەوە بوو، گرتەدەست و بە هۆی بالاّبەرزەکەیەوە دەیتوانی شمشیرەکەی بەرانبەر سوارەکان بکات و لە جیاتی ئەسپەکانیان بکوژێت، سوارەکان لە ئەسپ بخاتە خوارەوە. کوروش شمشیرەکەی بەردەوام بەرز ڕادەگرت و لە ڕاست بۆ چەپ و هەندێ کات لە چەپ بۆ ڕاست دەیوەشاند و ئەو شمشێرە قورسەی ئەو بەر هەر سوارێکی مەسقەندی دەکەوت، لە ئەسپ دەیخستە خوارەوە.

لە هەر دوو لای کوروشەوە سەربازەکانی گاردی جاوید و ئەرتەب بە هەمان جۆر شمشێری درێژ و ڕاست و دوو لێو جەنگیان دەکرد و تیغی ئەو شمشێرانە بە هۆی درێژی و قورسی و باشی ڕاوەشاندنیان، ببوونە داس بۆ بڕینەوەی مەسقەندییەکان.

شمشێری مەسقەندییەکان کورت و چەماوە و سووك بوون و هەر کاتێك شمشیری ئەوان بەر یەك لە شمشێرەکانی کەسانی دەورەی کوروش دەکەوت، شمشێرەکەیان دەشکا یا لە دەستی سوارەکان دەکەوتەدەر.

بەهۆی خۆڕاگری کوروش و گاردی جاوید، هێرشی دوژمن بەرەو لاوازی چوو و دەرکەوت کە دەیانەوێت پاشەکشە بکەن، بەلاّم لەو کاتەدا یەك لە شمشیرە چەماوە و سووکەکانی سوارە مەسقەندییەکان کە ئاراستەی کوروش کرابوو، بەر گەردنی ئەو سەردارە ئازایە کەوت و قورگ

و شادەماری ملی بڕی و خوێنی لێ دەرپەڕی و ئەرتەبیش کە لە گەڵ کوروش بوو، بە جۆرێك بە شمشێر لاقی سوارە مەسقەندییەکەی بڕیەوە کە لە ئەسپ کەوتە خوارەوە.

کوروش کەوت، بەڵام ئالآکەی هێشتا دەشەکایەوە. ئەرتەب دوای ئەوەی بکوژی کوروشی بە سزا گەیاند، چەمایەوە تا برینی کوروش بپێچێت.

چاوی کوروش کراوە بوو و چاوی لە ئەرتەب دەکرد و لێوی دەبزواند، بەڵام بە هۆی بڕانی قورگی توانای قسەکردنی نەبوو و ئەرتەب زانی کە برینی کوروش قورسە و بۆیە ئەسپێکی وێڵی گرتەوە و بە هاوکاری سەربازێکی گاردی جاوید، کوروشی سواری ئەسپ کرد و داوای لە سەربازەکانی گاردی جاوید کرد نەهێڵن ئالای کوروش بکەوێتە دەست دوژمن و کوروشی بەرەو پێشی لەشکر برد تا کەمبۆجییە ئاگادار بکاتەوە کە باوکی بریندارە و بەشی پشتەوەی دڵی لەشکر بێ فەرماندەیە.

ئارتافەرن فەرمانی خێوەتێك هەڵبدەن و کوروشی لە ناودا بنێن و کەمبۆجییەی نارد تا ببێتە فەرماندەی پشتەوەی لەشکر و وتی لە مەیدانی جەنگ خیوەتێك هەڵدەن، بەڵام کاتێك ویستیان کوروش لە ئەسپ دابەزێنن و ببەنە ناو خێوەتەکە، بینی رووحی لە جەستە نەماوە. کەمبۆجییە دەستی بە شیوەن کرد و خۆڵی بیابانی بە سەری خۆیدا کرد و ئەرتەب بە سەریدا هاواری کرد: بێ دەنگ بە، بۆ نابینی جەنگ بەردەوامە و ئەگەر سەربازەکان بزانن کە پاشا مردووە بێ هێز دەبن.

کوروش پێش ئاوا بوونی خۆر لە رۆژی بیستەمی پوشپەر لە جیهانە دەرچوو، بەڵام ئالآکەی هێشتا دەشەکایەوە.

مێژوونووسی یۆنانی (هیرۆدۆت) دەڵێت کوروش سەردارێکی نموونەیی بوو و تا ئەمرۆ جیهان سەرداری ئاوەهای نەدیتووە و تەواوی ئەو خەسلەتانەی پێویستی سەرکردەن، لەودا کۆببوونەوە.

مێژوونووسی لیدی خانتۆس نووسیویەتی کوروش زۆر تورە نەدەبوو و لەکاتی تورە بووندا فەرمانی سزادانی تاوانبارانی دەرنەدەکرد، تەنها لە مەیدانی جەنگدا نەبووایە و لە کاتی دۆزینەوەی گوناهباراندا، دەیخستنە بەردەستی دادوەر و دادوەرەکانیش بە پێی ئەو یاسایانەی کە کوروش دیاریکردبوون، سزایان بەسەریاندا دەسەپاند و سزای تاوانبار بەرانبەر بوو لەگەل تاوانەکەی و هیچ کات ئەوەی تاوانی بچووکی هەبوایە، سزای گەورە نەدەدرا و بە پێچەوانەوە.

ئەفلاتوونی فەیلەسوفی یۆنانی و مامۆستای ئەرەستۆ دەڵێت: بۆ پەروەردەکردنی دەسەڵاتداران، پێویستە ئاکادێمیایەك دروست بکرێت کە مامۆستاکانی دەسەڵاتدار بووبن و ئەوانەی دەیانەوێت دەسەڵات بگرنە دەست ماوەیەك لەو ئاکادێمیایە[٢] بخوێنن و زانستی بەرێوەبردنی دەسەڵات فێربن.

ئەفلاتوون نزیکەی دووسەد ساڵ پاش کوروش مرد و بە باشی ئاگاداری مێژووی یۆنان و جەنگەکانی نێوان هەخامەنشیی و یۆنانییەکان بۆوە، وێڕای ئەوە هەستی نەتەوایەتی ڕێگر نەبووە لە وتنی ڕاستییەکان و لە پەرتووکی (مدینە **فاضلة**) دا کە پێشنیارێکە بۆ ژیانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر، دەڵێت: ئەگەر کۆمەڵگایەك پاشایەکی زانا و لێهاتوو و سەرڕاستی هەبێت، ئەو شارە دەبێتە خاوەنی (مدینە **فاضلة**)، واتە لە بابەتی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگاتە پلەیەك، کە باشتر لەو پلەیە بۆ دابینکردنی جۆری مرۆڤ نییە.

ئەفلاتوون ماوەی پەنجا ساڵ لە باغێك لە باکووری ئەسینا ژیا و هەموو رۆژێك لە ماڵەوە بۆ ئاکادیمیاکەی کە لەوێ بوو دەچوو تا وانە بڵێتەوە و هەر کاتێك باس لە بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کرابوایە، ناوی کوروشی دەهێنا.

ئەو بایەخەی ئەفلاتوون بۆ کوروشی هەبوو لە رێگەی ئەو بۆ ئەرەستۆی قوتابی و لە ئەویشەوە بۆ ئەسکەندەری مەقدۆنی گواسترایەوە و ئەسکەندەر بڕیاریدا پەیرەوی لە کوروش بکات و وەك ئەو شار دروست بکات و دەزگا پێك بێنێت و یاسا دیاری بکات، بەڵام بە هۆی هەوەسبازییەوە بۆی نەکرا و ئەو شارانەی دروستی کردبوون، جگە لە ئەسکەندەریەی میسر لەناو چوون و ئەو رێکخراوانەی دایمەزراندبوون، چونکە بێ بنەما بوون بە مردنی ئەو لەناو چوون و هەمان چارەنووس بەسەر یاساکانیشی هات و بە زوویی لەبیر چوونەوە.

گەزنەفۆن دەڵێت: پێش کوروش لە ئێران هیچ رێکخراوێکی شارستانی و ڕامیاری بوونی نەبوو و هیچ یاسایەکی چەسپاویش بوونی نەبوو و هەر دەسەڵاتدارێك دەهات یاساکانی پێش

---

(٢) (ئاکادمیمان بە شوێنی خوێندن و پێگەیشتن مانا کرد و لەوانەیە ئەوانەی زانیاریان هەیە، رەخنەمان بکەن و بۆیە دەڵێین ئەوە مانای ژێراوژێری ئاکادمییە و لە مانای ڕاستیدا ئاکادێمی ناوی باغێك بووە لە تەنیشتەکانی باکووری شاری ئەسینا کە ئەفلاتوون لە ئەوێ وانەی دەووتەوە. زەبیحوڵڵا.)

خۆی هەڵدەوەشاندەوە[٣] و یاسای تازە دەهاتن و تەواوی خەڵك بە پێی هەندێك نەریتی کۆن بەیەکەوە دەژیان و زۆرینەی خەڵکی هەخامەنشی لە هەژاریدا دەژیان، لە رۆژئاوای ئێران ئەگەر وردە جوتیارێك خاوەنی (مریشك و کەڵەشێر و سەگێك) بوایە بە جوتیاری بە توانا هەژمار دەکرا. لە تەواوی ئێراندا کەس نەیدەتوانی خانوویەك دروست بکات کە بەرزتر یا یەکسان بێت لە خانووی دەسەڵاتداران. کاتێك کوروش بۆوە پاشای هەخامەنشی، داهاتی وڵات کە تا ئەوکات تەنها بۆ خزێنەی پاشا بوو خستەکار بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵات و زەوی و کەرەستەی کشتوکاڵی و تۆی دانەوێڵەکانی بۆ ئەو سەپانانە دابین کرد کە ناچاربوون کار بۆ ئاغا بکەن و پاڵپشتی لێکردن و وردە جووتیارەکانیش کە بە درێژایی تەمەنیان هەژار بوون، دەستیان پڕ بۆوە و بازرگانی ناوخۆ و دواتر بازرگانی دەرەوە برەوی ستاند.

مێژوونووسی دیار دەنووسێت کوروش بۆ بەرێوەبردنی وڵات دەزگا و یاسای بەردەوامی دیاریکرد و ئەوەش وایکرد کە دوای مردنی پەشێوی جێگەی ئارامی وڵاتی نەگرتەوە.

پێش کوروش ئێران دەزگای بەردەوامی دەوڵەتی و لەشکری نەبوو و کوروش یەکەم کەس بوو سازمانێکی رێکوپێك و دەزگای بەردەوامی دەوڵەتی و لەشکری هێنایەکایەوە. ئەو یەکەم کەس بوو کە بۆ فەرمانبەرانی لەشکری و دەوڵەتی مووچە و ساڵانی خزمەتی دیاریکرد و فەرمانی خانەنشینی بە مووچەی بۆ بە تەمەنەکان دیاریکرد.

گەزنەفۆن دیسان دەڵێت: کوروش دامەزرێنەری پاشایەتی هەخامەنشی، فەرمانێکی دەکرد کە بە پێی ئەو فەرمانە کەس بۆی نەبوو کەسی تر بە کۆیلە بکات، هەروەها کەس ناتوانێت ئایینی خۆی بەسەر خەڵکی تردا بسەپێنێت و هەر کەس و نەتەوەیەك ئازادە لە هەڵبژاردنی ئایینی خۆی.

گەزنەفۆن بەردەوام دەبێت و دەڵێت: گەورەکانی ئێران نەریتیان بوو، ژمارەیەکی زۆر ژن بێنن و بەڵام کوروش زیاتر لە ژنێکی نەهێنا و دوای ئەوەی ژنەکەی مرد، هاوسەرگیری نەکردەوە و هاوسەرگیری لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ژن لە لایەن پیاوانی تری یاساغ کرد و بە هۆی برەوگرتنی نەریتی فرەژنی لە ئێران نەیتوانی ئەو نەریتە لە ناو ببات.

---

(٣) (مادەکان بەر لە هاتنی کوروش و هەخامەنشییەکان هەبوون و دەزگای دەوڵتیان هەبوو و هەروەها یاسای نووسراو و چەسپاویان هەبووە، هەر لەو پەرتووکە و لە سەرەتا لە زمانی کوروش ئەو ڕاستیانە لە بارەی مادەکان و سیستەم و پایتەختیان باس دەکات کە دەڵێت ئەو شتانە لە مادەکان فێر بووە، یا هەر کوروش دەڵێت کە مادەکان یاسای چەسپاو و بەردەوامیان هەبوو. وەرگێر بۆ کوردی)

کاتێك پەرتووکی مێژوویی گەزنەفۆن دەخوێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە کوروش لە پێناو بەدیهێنانی وڵاتێکی یەکگرتوو چەند ماندوو بووە، چونکە توانی ژمارەیەك لە خێڵ و جووتیارە کەمدەرامەت و فەقیرەکان کە زۆرتر لە بەر هەژاری بەیەکەوە دەجەنگان، بگۆڕێت بە گەلێکی دەوڵەمەند و یەکگرتوو و جەنگە ناوخۆییەکان لەناو ببات و تا کۆتایی دەسەڵاتی هەخامەنشییەکانیش تەنانەت یەك جەنگی ناوخۆیی لە سنووریان ڕووی نەداوە و خێڵەکانی ناو ئێران بەیەکەوە نەجەنگاون و تەنها کاتێك پێویست بە جەنگ لە گەڵ دەرەوە هەبوو بێت، دەستیان بۆ شمشێر بردووە.

کوروش یەکەم دەسەڵاتدار بوو کە لە ئێران بودجەی وڵاتی نووسییەوە و داهات و خەرجییەکانی دیاریکرد و چەند و چۆنێتی باجی ڕێکخست و ڕێگر بوو لە باج وەرگرەکان تا بۆ دەستکەوتی خۆیان، باج بەخشەکان نەخەنە ژێر گوشار.

پزیشك و مێژوونووسی بەناو بانگی یۆنانی (کەتزیاس) کە ماوەی بیست ساڵ لە هەخامەنشی ژیاوە، ئەو وتانەی سەرەوەی پشت ڕاست کردووتەوە و دەڵێت: کوروش گرنگی بە پەرەپێدان بە پیشەسازی دەدا و لە سەردەمی دەسەڵاتیدا (٢٥) کارگەی تواندنەوەی کانزاکانی دامەزراند کە تیایاندا هەموو جۆرە کانزایەکیان دەتواندەوە و کانزاکانیان دەگواستەوە بۆ شارەکان و دەیانخستە بەردەستی پیشەوەران تا کەلوپەلیان لیَ دروست بکەن و پێداویستی خەڵك دابین بکەن.

مێژوونووسی یۆنانی (ئاریان) کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی دووەمی زایینی دەژیا، دەڵێت: کوروش نەتەوە پەرتوبڵاوە ئارییاییەکانی کە لە دامێنی شاخەکانی هندوکۆش تا کەنارەکانی دیجلە و فورات دەژیان، کۆکردەوە و کردنی بەیەك نەتەوەی یەکگرتوو و یاساگەلێکی بۆ ئامادەکردن کە دوای مردنیشی بۆیان مایەوە و یەکگرتوویی ئەوانی پاراست. ئەگەر ئەو یاسا و دەزگایانەی کوروش بۆی دیاریکردن بوونیان نەبوایە، دوای مردنی کوروش وڵاتی ئێران لەبەر یەك هەڵدەوەشا و هەر پارچەیەکی وەك جاران لە ژێر سەرکردایەتی یەك لە سەرۆك خێڵەکان دەبوو و کوروش بۆ یەکگرتوویی ئێران هەندێ بنەمای دیاریکرد کە تەنانەت هاتنی ئەسکەندەری مەقدۆنیش نەیتوانی ئەو بنەمایانە لەناو ببات و دوای مردنی ئەسکەندەریش هەر مانەوە و تەنها ماوەیەك یۆنانییەکان توانیان دەسەڵاتی ئێران بگرنەدەست.

دەسەڵات بەسەر خەڵکدا ئەگەر بۆ چاکە بێت نەتەنها کارێکی ئەستەم نییە، بەڵکو دژواریش نابێت، هەر وەك کوروش کە چۆوە ناو دڵەکان و زۆرێك لە دانیشتوانی جیهانی کردە پەیرەوی خۆی و دەسەڵاتی بەسەر زۆر وڵاتدا گیڕا.

ئێسترابوون که له گەڵ ئەسکەندەر چۆوه ئێران و گۆڕی کوروشی دیت، دەڵێت: ئەسکەندەر دوای گەیشتنی بۆ سەر گۆڕی کوروش، به هەمان شێوه که له پەرستگاکانی خودایانی یۆنان بۆ ڕێزلێنان دەوەستا، بۆ ڕێزنان له گۆڕی کوروش وەستا و بەو کەسانەی له دەوروبەری وەستابوون وت: ئەوه ئەو گەسەیه که گەورەترین پاشای سەر زەوی بووه و هیواخوازم خواکان یارمەتیم بدەن تا وەکو ئەو ببم.

هەروەها ئێسترابوون دەڵێت: کاتێك ئێمه گەیشتینه ناو پازارگاد، دوو سەد ساڵ به سەر بینا کردنی له لایەن کوروش تێپەڕیبوو و بەڵام بیناکانی ئەوەنده پتەوبوون که دەرنەدەکەوت له چەند ساڵێك تەمەنیان پتر بێت. هەندێ گێرانەوه هەیه که باس له مانەوەی هەندێ لەو بینایانه تا کۆتایی پاشایەتی ساسانییەکان دەکات.

ئێسترابوون که بەردەوام له گەڵ ئەسکەندەر له ئێراندا هاتووچۆی دەکرد، هەندێ کەناڵی ئاودێری بینین که له سەردەمی کوروش هەڵکەندرا بوون و تا ئەوکات مابوون و جوتیاران بۆ کشتوکاڵ سوودیان لێ وەردەگرت.

سەرەتای ئەو باسه وتمان که له بارەی کوروش پاشای هەخامەنشی چوار هەزار پەرتووك هەیه و ئەوەی بیەوێت سەبارەت به کوروش مافی بابەتەکه ببەخشێت، دەبێت سوود لەو چوار هەزار پەرتووکه ببینێت و توانای ئێمه کەمتر بوو لەو کاره و ئەوەی باسمان لێکردووه، زۆر کورت و ساده بووه و لێرەش کۆتایی به باسەکەمان له بارەیەوه دێنین.

# نهێنی مەزن و لەشکرکێشی بۆ میسر

سەردەمی پاشایەتی کەمبۆجییەی کوری کوروش یەك لە سەردەمە پڕ لە نهێنییەکانی مێژووی ئێرانە و یۆنانییەکان کەمبۆجییەیان بە (کامبۆزیا) ناو بردووە و لە ئێرانیش بە هۆی قورس بوونی دەربڕینی پیتی (م) لە نێوان پیتەکانی (ك) و (ب)، هەندێجار بە (کەبۆجییە) ناوبراوە.

بەو هۆیەوە کە سەردەمی کەمبۆجییە لە سەردەمە پڕ نهێنییەکانی مێژووی ئێران بوو، هەندێ لە مێژوونووسانی کۆنی وەك هیرۆدۆت بە شێوەیەك باسیان کردووە کە دەبێتە جێگەی داخ و سەرسوڕمان، هیرۆدۆت نووسیویەتی: ئەو پیاوێك بووە سەرخۆش و بەردەوام شەڕابی خواردووتەوە و لەو کاتەی لە خەو هەڵدەستا تا کاتی نووستنی بادەی شەڕابی هەر لە دەستدا بووە و لە کاتی سەرخۆشی فەرمانی کوشتاری بە کۆمەڵ و وێرانکردنی شارەکانی دەردەکرد.

بە سەرەنجدان لە جەنگ و لەشکرکێشییەکانی کەمبۆجییە لەوانەیە ئەو وتەیە ڕاست نەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی بەڵگەمان بە دەستەوە نین دەبێت وتەی مێژوونووسانی وەك هیرۆدۆت پەسەند بکەین.

هەندێ مێژوونووس بروایانوایە کەمبۆجییە بە هۆی حسودی بردنەوە، براکەی (بەردیا — بەردیە) کە دەسەڵاتداری (باختەر، خوارەزم، کرمان و پارت) بووە، فەرمانی کردووە تا بە نهێنی بیکوژن.

هەندێکی تر لە لێکۆڵەر و مێژوونووسان بروایان وایە (بردیە) بە فەرمانی کەمبۆجییە نەکوژراوە، چونکە لە دوای مردنی کەمبۆجییە و کاتی گەڕانەوەی لە میسر، دەستبەجێ لە جیاتی ئەو لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت و خۆی بە پاشا ناساند. ئەو دەستەیە باوەڕیان وایە (داریوش کوری وەیشتاسێب) کە لە بنەماڵە بچووکەکانی هەخامەنشی بوو، بۆ ئەوەی لە

جیاتی بردیەی برای کەمبۆجییە دەسەڵات بگرێتە دەست، وای بڵاوکردەوە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی کەمبۆجییە و بە فەرمانی ئەو بردیە کوژراوە و ئەو کەسەش کە لە جیاتی کەمبۆجییە لەسەر تەختی پاشایەتی دانیشتووە، یەکێکە لە موغەکانی (ماد) بە ناوی (گێئۆمات) یا (گووماتە) کە سوودی لە لێکچوونی خۆی لە گەڵ بەردیا وەرگرتووە و پاشایەتی کردووتە هی خۆی.

لە ئەنجامدا داریوش توانی بەو فێڵە، گەورە پیاوانی لقەکانی هەخامەنشی بکاتە هاورێی خۆی و دوای سەرکەوتنی بەسەر بردیەی ڕاستیدا کە ناوی گئۆماتی لێنابوو، لە سەر ئەو تەختە دانیشت کە ماوەیەك پێش کوروشی لەسەر دادەنیشت.

بابەتێکی تر کە مێژوونووسان سەبارەت بە کەمبۆجییە باسی لێوە دەکەن، بریتییە لە هاوسەرگیری ئەو لەگەڵ کچی کوروش واتە خوشکی خۆی و ئەو هاوسەر گیریەیان لە ئاکامی شێتایەتی زانیوە و زانیاریان نەبووە کە ئەوکات لە ئێران هاوسەرگیری خوشك و برا ڕێگەپێدراو بووە.

باسمان کرد کە لە دوایین جەنگی کوروشدا، کەمبۆجییە پۆستی فەرماندەیی هەبوو و جیاوازی لەمەر تەمەنی هەبوو و بەڵام تەمەنی هەژدە بۆ بیستساڵ دروست هاتۆتە بەرچاو و بۆیە دەکرێت بگوترێت ئەو لەو تەمەنە بۆتە پاشا و بەڵام لە دوایین جەنگی کوروش ناوی بەردیە نەهاتووە، هەرچەندە هاوتەمەنی ئەو بووە و تەنها چەند خولەکێك لەو بچوکتر بووە.

بردیە کە یۆنانییەکان بە (ئەسمەردیس) ناویان بردووە و تەنها چەند خولەکێك جیاوازی تەمەنی هەیە لە گەڵ کەمبۆجییە و برای بچووکی بووە، کاتی مردنی کوروش لە باشووری دەریای مازەندەران و لەو شوێنانەی ئێستا بە (گیلان و مازەندەران و ئەستەرئاباد) دەناسرێن، دەسەڵاتدار بووە و بەڵام ڕاوێژکاری هەبووە و ئەرکی بووە کە تەنها بەپێی بە باش زانینی ڕاوێژکارەکەی دەسەڵات بەرێوە ببات.

کاتێك هاوسەری کوروش کاتی منداڵ بوونی بۆ لەدایك بوونی کەمبۆجییە دێت، پزیشك دەڵێت کە دووانەی دەبێت و کوروش فەرمانیدا تا لە گەڵ لەدایك بوونی یەکەم منداڵ، برینێکی بچووك بە نووکی چەقۆ لە باسکی منداڵەکەدا دروست بکەن تا ببێتە هۆکاری ناسینی منداڵە گەورەترەکە.

هێشتا نەزاندرابوو هەردوو منداڵ کور دەبن یا کچ یا یەکیان کور و ئەوی تر کچ، بەڵام بۆ دیارکردنی مافی جێنشینی وێرای ئەوەی کە منداڵەکە کور بێت یا کچ، دەبوایە باسکی منداڵەکە بریندار بکرێت و نیشانێکی هەبێت تا لێکچوو نەبن لەگەڵ منداڵەکەی تر.

دوای لەدایك بوونی منداڵەکەی تر، دەرکەوت هەردووکیان کورن و کوروش فەرمانیکرد تا نیشانی تر لە منداڵی یەکەم دروست بکەن تا بەردەوام گەورەتر بوونی بزاندرێت و هەرچەندە ئەو دوو برایە گەورەتر دەبوون، لێکچوونیان پتر دەبوو و لە سەردەمی منداڵیدا بۆ لەیەك جیاکردنەوەیان، جلوبەرگی جیاوازیان لەبەر دەکردن.

تا ئەو کاتەی کوروش زیندوو بوو ئەو لێك چوونە نەدەبۆوە هۆی نیگەرانی، چونکە ئەو دەسەڵاتی بەرێوەدەبرد، بەڵام دوای ئەوەی کوروش کوژرا و کەمبۆجییە بۆوە پاشا، لێکچوونی براکەی بە ئەو، زۆر تووڕەی دەکرد و ئەو بابەتەش لەوکاتدا ئاسایی بوو، چونکە میرەکانی ئەوکات نەیاندەویست خەڵکی تر تەنانەت لە رووی جلوبەرگ و ڕازاندنەوەش وەك ئەوان بێت و چ جای ئەوەی لە رووی باڵا و دەموچاو لیێ یان بچێت و ئەویش لێك چوونی وەك هی دوو برا.

کەمبۆجییە بیری دەکردەوە بە هۆی ئەو لێکچوونە، ئەگەر بەردیە بەرگی وەك ئەو بکاتە بەری و بێتە ناو خەڵك، ئەوان نازانن کامیان پاشایە و بۆیە بەو بیرکردنەوەیە لە داهاتوو دەترسا و بیریکردەوە کە لەوانەیە، بردیە سوود لەو لێکچوونە وەربگرێت و هەوڵ بدات خۆی وەك پاشای ئێران بناسێنێت و بۆ ئەوەی خەڵك ئەو لێکچوونە نەزانن، فەرمانی کرد کە بەردیە بە شێوەی هەمیشەیی (ماسك) بکاتە سەری و رووی داپۆشێت.

بە باوەڕی مێژوونووسە رۆژئاواییەکان یەکەم شازادە کە بە هۆی لێکچوونی زۆری بە پاشا ناچارکرا ماسك بکاتە سەری، برا دووانەکەی (لوویی چواردەهەم) پاشای فەرانسە بووە و ناوی (هەڵگری ماسکی ئاسنینی) بۆ دانراوە و ماسکەکەشی ئاسن نەبووە و لە مەخمەر دروستکرابوو و بەڵام بە چەند پارچە ئاسنێك بە سەر و چاوی دەبەسترایەوە.

مێژوونووسە ئەورووپییەکان نەیاندەزانی بیست و دوو سەدە پێش لوویی چواردە، کەمبۆجییەی پاشای هەخامەنشی فەرمانی کردبوو کە بردیەی برای ماسك بکاتە سەر. زانیاریمان نییە لەوەی کە ئایا لوویی چواردەهەم زانیاری لە مێژووی کەمبۆجییە و براکەی بووە و بە لاسایی کردنەوە لەو، ئەو کارەی کردووە و یا بە بیرکردنەوەی خۆی و وەك کەمبۆجییە گەیشتووتە ئەو بڕیارە و بەو رێگەیە لێك چوونی خۆی و براکەی لە خەڵك شاردۆتەوە.

کەتزیاس دەڵێت: ئەو ماسکەی بەردیە لەچاوی دەکرد ڕەنگی سپی بوو و لەو جۆرە ماسکانە بوو کە پیاوانی ئایینی ئێرانی لە کاتی نزیك بوونەوەیان لە ئاگر لە چاویان دەکرد تا هەناسەیان بەر ئاگر نەکەوێت و ئەو پێکهاتە پاکە، پیس نەکات. لە ماسکی پیاوانی ئایینی، چاوەکانیان دیار بوو و ماسکی بردیەش هەر بەو شێوە بوو و ئەو دەیتوانی بەرپێی خۆی ببینێت.

هیرۆدۆت دەڵێت: هەرچەندە خەڵك بەردیەیان نەدەبینی، بەڵام کەمبوجییە هەر ترسی هەبوو و پێیوابوو کە بردیە لە ماڵی خۆی ماسکەکە لە رووخساری دەکاتەوە و خزمەتکارەکانی دەیبینن و تێدەگەن کە لە باڵا و رووخساریان جیاوازی نییە لە گەڵ پاشا و بۆیە بە نهێنی فەرمانیکرد تا بیکوژن.

مێژوونووس و پیاوی سیاسی یۆنان، گەزنەفۆنیش باس لەو بابەتە دەکات و دەڵێت: بەردیە بە فەرمانی براکەی کوژرا. بەڵام ئاریان مێژوونووسی یۆنانی هاوڕا نییە لەگەڵ ئەو و پێیوایە بە چەندین هۆکار کەمبوجییە براکەی نەکوشتووە و یەکەمیان بە هۆی هەست و خۆشەویستی نێوانیان بووە و ئەو هەستەی لە نێوان دوو برای جمکە هەیە ئەوەندە زۆرە کە ئەگەر دڕکێك لە لاقی یەکیان رۆبچێت، ئەوی تر وەك ئەو ئازار دەچێژێت.

ئاریان دەڵێت لەوانەیە باوك فەرمانی کوشتنی کورەکەی بدات و برا فەرمانی کوشتنی برا، بەڵام برای جمکە ناتوانن یەکتر بکوژن و ئەگەر کەمبوجییە توانیبایە براکەی بکوژێت، دوای کوژرانی بابی دەیکوشت و فەرمانی نەدەکرد ماسك بکاتە رووخساری  و بەڵگەی دووەمی ئەوەیە بەردیە تا ئەوکاتەی کەمبوجییەی برای ویستی بروات بۆ میسر زیندووبووە و دوای چوونی کەمبوجییە بۆ میسر ون بووە.

کەس لاشەی بەردیەی نەدیتووە و هیچ مێژوونووسێك ناتوانێت بڵێت بردیە چوون کوژراوە و لاشەکەی چی لێ کراوە و هاوسەر و منداڵەکانی پشتراستیان کردووتەوە کە کاتی چوونی کەمبوجییە بۆ میسر، بردیە زیندووبووە و تەنانەت ساڵ و نیوێك دواتریش زیندوو بووە و دواتر ون بووە و بۆیە براکەی فەرمانی کوشتنی ئەوی نەداوە.

بەڵگەی سێیەمیش شایەتیدانی داریوشە کە لە گەڵ کەمبوجییە چووتە میسر و لەو سەفەرە جەنگییە هاورێی بووە، ئەو شایەتی دەدات کە فەرمانی کوشتنی بەردیە لە لایەن کەمبوجییە نەدراوە و وتەی ئەو پیاوە کە خۆی دواتر بۆوە یەك لە پاشا گەورەکانی هەخامەنشی لە ئێران، بایەخی تایبەتی هەیە.

به بروای ئاریان که له بڕوای داریوش وەرگیراوەتەوە، بکوژی بەردیە هەمان ئەو کەسەیە کە خۆی لە جیاتی برای پاشا دانیشت و ناوی (گۆماتە) یا (گومات) بووە و خەڵکی خۆراسان بووە و دواتر چۆتە ناوچەی ئاترۆپاتن یا ئازەربایجانی ئێستا و ماوەیەك لە ئاگرخانەی کەناری دەریای (چیچەست) یا (ورمێ) خزمەتی کردووە.

ئەو پیاوێکی باڵابەرز بوو و بەرزییەکەی بە کەمبۆجییە دەچوو و زۆر بە توانا بوو لە لاسایی کردنەوەی دەنگی خەڵك، تا ئەو ڕادەیە کە ئەگەر نەدیترابوایە، نەدەزاندرا کە ئەوە ئەو کەسە نییە کە دەنگەکەی لاسایی دەکرێتەوە. گۆماتە پیاوێکی فێڵباز و دەسەڵاتخواز و زۆر هەوەسباز بوو، ئەوەی بۆوە پاڵنەری ئەو بۆ کوشتنی بەردیە و بە وتەی ئاریان تەنانەت دانانی لاشەکەشی لەناو تێزاب بۆ شی بوونەوەی، بە پلەی یەکەم دابین کردنی کەرەستەی خۆشگوزەرانی بوو.

دوای کوشتنی بەردیە و ناساندنی خۆی بە (بەردیە)، نزیکەی سەد خانووی بۆ خۆی دابین کرد کە لە هەریەکەیاندا ژنێك یا چەند ژنێکی دانا و هەندێکات بە ڕۆژ و هەندێکات بە شەو دەچۆوە ئەو خانوانە، تا لە مانەوە لە گەڵ ئەو ژنانە تێر دەبوو و خەڵك لەوبابەتە دووچاری سەرسوڕمان دەبوون لەوەی کە بەردیەی گەنجی ناسك کە تەنها چاوی لە ژنەکەی خۆی بوو، چوون ئاوا فێری ڕابواردن بووە.

بەڵام گۆمانە کە خۆی کرد بۆوە بەردیە، لە نووستن لە گەڵ هاوسەری بەردیەی ڕاستی خۆی دەپاراست و دەیزانی تەنانەت ئەگەر ماسکی لەچاو بێت و دەنگی بگۆڕێت، ژنی بەردیە دەیناسێتەوە و دەزانێت کە ئەو هاوسەرەکەی نییە.

ئەوەی بۆوە هۆکار تا گۆماتە بتوانێت بەردیەی ڕاستی لە ناو ببات و خۆی لە جیات ئەو بە بەردیە بناسێنێت، ئەوە بوو کە وەك پیاوێکی ئایینی توانی خۆی لە بەردیەی برای پاشای هەخامەنشی نزیك بکاتەوە و نهێنییەکانی ژیانی بزانێت و لە لایەکی تریش مانەوەی کەمبۆجییە لە میسر زۆری خایاند و لە ماوەی مانەوەکەیدا دوو جار ناوی بە کوژراوی هاتەوە و دوای ئەوەی بۆ جاری دووەم ناوی بە کوژراوی هاتەوە، گۆماتە بڕیاریدا کە پیلانەکەی جێبەجێ بکات و باشترین یارمەتیدەریشی ئەوە بوو کە بەردیە بەردەوام ماسکی سپی لەچاو دەکرد و کەس دەموچاوی نەدەدیت و تەنها گوێیان لە دەنگی دەبوو.

بەهۆی ئەوەی گۆماتەش بەردەوام ماسکی لەچاو دەکرد و بە چاکی لاسایی دەنگی بەردیەی دەکردەوە، کەس نەیزانی کە بەردیە لەناو براوە و پیاوێکی تاوانبار لە شوێنی ئەو دەسەڵات دەگێڕێت و تەنانەت ژنەکانیشی کە خانووی بە جیای بۆ کرد بوون و دەچووە لایان، چونکە روخساری بەردیەی راستەقینەیان نەدیتبوو نەیاندەزانی کە ئەو بەردیە نییە.

بە گەیشتنی هەواڵی کوژرانی کەمبۆجییە بۆ ئێران، گۆماتە (بردیەی تازە) ڕایگەیاند پاشای ئێرانە، هەموو گەورە پیاو و سەرۆك خێڵەکان پاشایەتی ئەویان پەسەندکرد و بەهۆی هەڵ نەگرتنی ماسك لە سەر چاوی دووچاری سەرسوڕمان نەبوون، چونکە دەووترا بەردیە وەك فیداکاری بۆ کەمبۆجییەی برای بڕیاریداوە تادوا ساتی تەمەنی ماسك بکاتە چاوی، چونکە ئەو نییەتەی ئەو بۆ تەواوی تەمەنی بوو، ئاسایی بوو دوای هاتنەسەر تەختی پاشایەتیش مۆڵەتی هەڵگرتنی ماسکی بەخۆی نەدات.

بەسەرهاتی گۆماتە بەم شێوەیە بوو کە بەبێ هیچ جۆرە گرفت و دژایەتییەك بۆوە پاشا و وەك پاشایەکی ڕاستەقینە، بەهێزەوە دەسەڵاتی هەخامەنشی گرتەدەست.

ئێرانیانی کۆن بەردەوام دوو ناویان زیاد دەکردە سەر ناوەکانیان کە بریتی بوون لە (ئەسپ و گا)، پێشتر بە درێژی باسمان لە سوودەکانی ئەو ئاژەڵانە و بەکار بردنی ناوەکانیان کردووە. (گۆماتە، گۆماتا یا گۆماداد) ناوێکی جووتە و لە دوو ناوی (گاو) و (ماد) پێکهاتووە و نەزاندراوە ئەم ناوەی بۆ خۆی دیاری کردووە یا ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی.

ئاریان مێژوونووسی بەناوبانگی یۆنانی دەڵێت ناوی ڕاستی ئەو گۆتار بووە و بە واتای (گادار) واتە (خاوەنی گا) بووە و دوای ئەوەی بڕیاریدا ببێتە پاشای ئێران ناوی خۆی گۆڕی بۆ (گۆماد) بۆ ئەوەی خۆی بە یەك لە نەوەکانی دەسەڵاتدارانی ماد دەربخات کە پێشتر لە رۆژئاوای ئێران و ئازەربایجان و قەوقازیای ئێستا دەسەڵاتیان بووە و سنووریان گەیشتووتە شاخەکانی قەوقازیا یا کێوی قاف.

ئێرانییەکان یەزدان پەرست بوون و خوای تاقانەیان دەپەرستی و هەبوونی ئەهریمەن لە لای ئەوان دەگەڕێتەوە بۆ لێکدانەوەیەکی فەلسەفی کە دواتر فەیلەسوفەکانی سەردەمی ئیسلامیش لایەنگریان کرد و وتیان: (یعرف الاشیاء باضدادها) یا **(تعرف الشیأ باضدادها)** واتە هەموو شتێك لە رێگەی دژەکانییەوە بناسە (باسی ئێمە مێژووە و نامانەوێت زیاتر بچینە ناو بابەتە فەلسەفییەکە). لە ڕابردوو ئایینی ئێرانییەکان بە ئایینەکی جووت خوایی

دەناسرا و وادەزاندرا دووخوا دەپەرستن، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و ئەوان خوایەکی تاقانەیان دەپەرستی کە ناوی (مەزدا یا ئاهورا) بوو.

گۆماتە دوای ئەوەی بەردیەی لەناو برد و زانی گەورەکانی هەخامەنشی بە پاشایان ناسی، خۆی بە نەوەی مادەکان ناساند و خەڵك دووچاری سەرسوڕمان هاتن کە چوون کوری کوروشی هەخامەنشی دەتوانێت لە نەوەی مادەکان بێت. گۆماتە لەو رۆژەوە کە خۆی بە نەوەی مادەکان[1] ناساند، دەستی کرد بە هەوڵەکانی بۆ گۆڕینی ئایینی ئێرانییەکان. ئەو لە رابردوودا یەك بوو لە موغەکان واتە پێشەوایانی ئایینی زەردەشتی و هاتووچووی ئاگرخانەی دەکرد، فەرمانیدا کە خەڵك بت بپەرستن و بتخانە دامەزرێنن.

گۆماتە تەواوی تێچووی دروستکردنی بتخانەکانی خستە ئەستۆی خەڵك و چونکە بۆ بینای بتخانەکان هیچ جۆرە مۆدیلێکی نەبوو، جگە لە مۆدێلی بابلی و بە ناچاری بتخانەکانی وەك پەرستگاکانی بابل دروستکرد و بە هۆی ئەوەی لە بتپەرستیدا بڕوای بە چاکسازی هەبوو، فەرمانیدا تا خەڵك پەیکەر بۆ ئاژەڵەکان بتاشن و لەو بت خاناەکانیان دابنێن.

خەڵکی یەکتاپەرستی ئێران ناچاربوون بە پارەی خۆیان بتخانە دروست بکەن و بە دەستی خۆیان پەیکەری ئاژەڵ دروست بکەن و لەو بتخانانەیان دابنێن. لە وڵاتێکی وەك ئێران کە یەکەمین ڕاگەیاندراوی ئازادی مرۆڤی لێ ڕاگەیاندرا و کۆیلایەتی نەبوو، بە فەرمانی گۆماتە هەرکەسێك زێر و پارەی بۆ دروستکردنی بتخانەکان نەدابا، دەکرایە کۆیلە و جووتیان پێدەکرد یا لە کانەکانی غەلوس بە بەلاش کاریان پێدەکرد و ئەگەر بەشدار نەبوون لە تێچووی بت خانەکانیش لە لایەن کەسەکانەوە وەك سەرکێشی بوایە، ئەوا کەسی سەرکێش دەکوژرا یا کوێر دەکرا و لەدوای کوێر کردنی لە گاسنیان دەبەست و جووتیان پێدەکرد یا بەرداشی کارگەی رۆنیان پێ دەسوڕاندەوە.

گۆماتە هەموو ژنێکی بۆ هەموو پیاوێك مەباح کرد و مۆڵەتیدا کە هەر پیاوێك لە گەڵ هەر ئافرەتێك کە پێی باشە ڕابوێرێت، جا ژنەکە هاوسەری هەبێت یا نا.

ئەو سوودوەرگرتن لە زەوی و زاری کشتوکاڵی و دانەوێڵە و کەناڵەکانی ئاوی بۆ هەموو لایەك ئازاد کرد، بەڵام بە کردەوە رێگەی لە هەموو کەس دەگرت کە دەست بگرێت بەسەر

---

(١) (مادەکان هەڵگری بیر و باوەڕی ئایینی زەردەشتییەت بوون و هەندێ مێژوونووسان بروایان وایە کە ناساندنی بەردیەی تازە بە گۆماتە و بە ماد کردنی، تەنها بابەتێکی دروستکراوە و بوونی ڕاستی نییە. وەرگێر بۆ کوردی.)

زەوی و زار و دانەوێڵە و کەناڵەکانی ئاودێری و ئەمەشی بۆ ئەوە بوو کە دەیویست هەموویان بۆ خۆی دەست بەسەردا بگرێت.

بە هۆی ئەو بێ سەروبەریەی کە لە بواری کشتوکاڵ و ئابووری ئێران دروستی کرد لەو وڵاتە کە بە شێوەی سروشتی گەنمی لێ دەروا، قاتی و نەبوونی هات و گۆماتە هیچ چارەسەرێکی پێ نەبوو.

هیچ یەك لەو مێژوونووسانەی باسی رووداوەکانی سەردەمی کوروش و گۆماتەیان نووسیوەتەوە، نەیاننووسیوە کە گۆماتە بۆچی ئەو کارانەی دەکرد و تەنها هەندێ گریمانیان هەبوو. گەزنەفۆن دەڵێت: گۆماتە پیاوێکی هەوەسباز و چاوچنۆك بوو و دەیەویست لە رێگەی نانەوەی بێ سەروبەری دەست بگرێت بەسەر زەوی و زاری خەڵکی و هەر ژنێکی بیەوێت ببێتە خاوەنی.

کەتزیاس دەڵێت: گۆماتە پیاوێکی بیگانە بوو و لە منداڵی و سەرەتای لاویەتی لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانی ئازار و ئەزیەت درابوو و دەیەویست تۆڵە لە خەڵکی ئێران.

هیرۆدۆت پێیوایە: گۆماتە بانگەشەی ئایینی تازەی کردووە و بۆ ئایینەکەی زۆر توندرەو بووە.

ئێرانییەکان نەیاندەزانی ئەو پیاوێکی فێڵبازە و لاسای دەنگی بەردیە دەکاتەوە و دەمووچاویشیان نەدەبینی تا بزانن کە ئەو کوری کوروش نییە.

نهێنی سەرکەوتنی داریوش تەنها لەو خاڵەدا بوو کە ئێرانییەکان گۆماتەیان بە کوری کوروش دەناسی و ئەوەندە ترسابوون کە کاتی گەڕانەوەی داریوشی فەرماندەی سوپای کەمبۆجییە لە میسر و پشتڕاست کردنەوەی هەواڵی کوژرانی کەمبۆجییە، خەڵك ئامادە نەبوون کوری کەمبۆجییە بە پاشا بناسن و وایان بیردەکردەوە هەر کەسێك لە رەگەزی کوروش بێت، وەك بەردیە ستەمکار و بت پەرست دەبێت و لە جیاتی کوری کەمبۆجییە، داریوشیان بە پاشا هەڵبژارد.

داریوش دوای گەڕانەوەی لە میسر و دەستگیر کردنی گۆماتە، زانی کە ئەو بەردیە نییە، چونکە ماسکەکەی لە سەر روخساری هەڵگرت و روخساری دیت. ئەو کات کەوتە لێکۆڵینەوە لەگەڵ گوماتەدا و لە زمانی خۆیەوە ڕاستی فێڵ و تەلەکەبازییەکەی بیست. بەڵام بۆ بەرژەوەندی خۆی تا ئەو کاتەی لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت ئەو ڕاستیانەی کە بیستبووی بڵاوی نەکردنەوە، چونکە دەیزانی ئەگەر پێش بوونی بە پاشا ئەو بابەتانە کە گۆماتە بێگانەیە و بەردیەی کوری کوروش نییە، باس بکات و فێڵی گۆماتە ئاشکرا بکات، خەڵکی ئەو بە پاشا نازانن و کوری کەمبۆجییە دەکەنە پاشا.

لە هیچ سەردەمێك ئێرانییەکان وەك سەردەمی گۆماتە بەدبەخت نەبوون، لە هیچ دەورەیەکیش ئەو یاسا و ڕێسایانەی حکومەت دیاریکردوون، ئەوەندە پێچەوانەی بیروباوەڕ و هەستی خەڵك نەبووە.

خەڵك بە ڕادەیەك لە یاسا و ڕەفتارە ستەمکارەکانی گۆماتە بێزار ببوون کە کوران و کچان خۆیان دەکوشت یا ماڵەکانیان جێ دەهێشت و لە نیشتیمانیان دەرۆیشتن، تا نەکەونە دەست بەکرێ گیراوەکانی گۆماتە کە زۆربەیان بێگانە بوون.

گۆماتە دەسەڵاتی تەواوی بۆ وەرگرتن و دیاریکردنی ڕێژەی باج بە فەرمانبەرانی باج وەرگری خۆی بەخشی بوو و ئەوان ڕێژەیەك نەختینە و بەشێك لە کاڵایان دیاری دەکرد و لە خەڵکیان دەستاند و ئەوەی توانای باجدانی نەبوایە، ماڵ و مۆڵکی دەستی بەسەردا دەگیرا و خۆشی دەکرایە کۆیلە.

زێدەڕۆیی نییە بڵێین کاتێك وڵاتێك بەم شێوەیە ئیدارە بکرێت، بە چ خێراییەك بەرەو وێرانی دەروات و بێ ڕەوشتی تێیدا بڵاو دەبێتەوە، چونکە ئەگەر ئەو ڕێسا و بنەمایانەی بەها پیرۆزەکان دەپارێزن لە کۆمەڵگادا نەمێنن، پاکترین کۆمەڵگای مرۆڤی بێ بەند و باو دەبێت و بۆیە پارێزگاری لەو ڕێسایانە بەردەوامن تا کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو بەدرەوشتی و داڕووخانی مەعنەوی نکشێت.

ئێرانییەکان خەڵکانێکی دیندار و پاکداوێن بوون، بەڵام بە هۆی لەناو چوونی ئەو ڕێسایانەی پارێزەری نەریتی جوان و ئاییینداری و پاکداوێنی ئەو گەلە بوون، ئاکاری گشتی تێکشکا و لە ماوەی سێ ساڵ، نەتەوەی ئێران کە یەکێك لە نەتەوە هەرە پاك داوێنەکانی جیهان بوو، خەسڵەتە مەعنەویەکانی خۆی لە دەستدا.[٢]

---

(٢) (وەك زەبیحوڵڵا دەڵێت گەلانی ئێرا زۆر پاکداوێن و دەست و زمان پاك بوون و کارێکی ئەستەمە کە گەل، نەتەوە یا خەلکانێکی وڵاتێکی ئەوەندە گەورەی وەك ئێرانی ئەوکات کە خاوەنی ئەو سەروەریانە لە ئاکاریان بن، هەروا بە ئاسانی و لە ماوەی سێ ساڵدا بگەنە ئەو ڕادەیە لە خراپەکاری و ناپاکی کە زەبیحوڵڵا باسی دەکات و لانی کەم جێگەی باوەڕ نییە ئەو گۆڕانە قووڵە بەبێ پێشینە رووبدات و نەدەبوو ئەوەندە زێدەرۆیی بکات، تا ناچار نەبێت نەتەوەکانی ئەوێ بەو ڕادەیە ریسوا بکات و بە باوەڕی ئێمە ئەو لە هەردوو لا واتە لە پێش گۆماتە و لە دوای ئەویشدا هەر زێدەرۆیی کردووە. وەرگێر بۆ کوردی.)

ئەفلاتوون دەڵێت: بەردێکی قورس بە ماندووبوونێکی زۆر دەبرێتە سەر بەرزایی و هەمان بەرد زۆر بە ئاسانی دەتواندرێت لە بەرزاییەوە غلۆر بکرێتەوە ناو خەرەند، پەروەردەی کۆمەڵگا بە مەبەستی پێگەیاندنی گشتی کارێکی زۆر قورسە و کاتی زۆری دەوێت، بەڵام بێ بەندوباو کردنی کۆمەڵگا ئاسانە و لە ماوەیەکی کەمدا دیارترین کۆمەڵگا دەتواندرێت بێ بەند و باو بکرێت.

خۆشبەختانە پێش ئەوەی بێ بەندوباوی گەلی ئێران بگاتە لوتکە، داریوش و لەشکری ئێران لە میسر گەڕانەوە و لە بابل زانیاریان لە بارەی ئێران وەرگرت و زۆر دووچاری سەرسوڕمان بوون لە کارە ستەمکاری و بەدرەوشتی و خەراپەکانی بەردیە.

داریوش گوێبیست ببوو کە بەردیە لە ئێران خۆی بە پاشا ناساندووە، بەڵام نەیدەتوانی باوەڕ بکات کە ئەو لاوە باش و پاکە چوون بۆتە ئەو پاشایە کە ئەو کارانە دەکات و ئێرانییەکانی بێزار کردووە و ڕێساکانی تقوا و پاکداوێنی لەناو بردووە و بە سوود وەرگرتن لەو تووڕەیی و بێزاریەی کە خەڵك لە بەردیەیان هەبوو، توانی خۆی بگەیێنێتە پاشایەتی.

وڵاتی میسر لە ڕابردوو خاوەنی ناوبانگێك بوو کە دواتر بۆوە ناوبانگی وڵاتی هندستان، خەڵکی ڕۆژهەڵات وڵاتی میسریان بە سەرزەوی سەرسورهێنەر دەناسی و بیریان دەکردەوە کە خاکەکەی بە زێر داپۆشراوە و دارەکانی میوەی خشڵ دەگرن و ڕووباری نیلیش لە هەندێ وەرز هەنگوین و لە هەندێك وەرزیش شیر یا شەڕابی لێدێت.

بەڵام دەشیانگووت کە فرعەونی میسر خاوەنی بەهێزترین لەشکری جیهانە و بەشێك لە لەشکرەکەی ڕەش پێستن و بە فیلی گەورە دێنە ناو جەنگ و فیلەکانیان ئەوەندە گەورەن کە فیلەکانی هندستان لە تەنیشتیان وەك مەر بچووکن و هەر کەسێك لەشکرکێشی بکاتە سەر میسر، شکست دەخوات و هیچ پاشایەك نەیتوانیوە وڵاتی میسر داگیربکات، چونکە وێڕای ئەوەی ئەو وڵاتە سوپای بەهێزی هەیە، جادوویێکی لێکراوە کە هیچ لەشکرێکی بێگانە ناتوانێت لێی دەرچێت و جادووەکە لە دەست کاهینەکانی میسرە کە لە پەرستگاکان نیشتەجێن و تەواوی پەرستگاکان بە جادوو بەیەکەوە بەستراونەوە.

ئەو دەنگۆیانە لای ئێمە وەك ئەفسانەن، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات وەك ڕاستینەی بێ شك پەسەندکرا بوون و هەندێك لەوانەش تا ڕادەیەك ڕاست بوون، چونکە لەو وڵاتە زێر ئەوەندە زۆر بوو کە لە سەردەمی ئەوکات لە هەموو دونیا ئەوەندە زێر نەبوو و کاهینەکانی میسر بەبێ ئەوەی جادوویان کردبێت، هەندێ زانستی ئەمرۆیان بۆ ئاشکرا ببوو و دەیانتوانی لە

ڕێگەی دوورەوە بە هۆی تەلی مس بەیەکەوە قسە بکەن و ئاوی رووباری نیل هەندێ کات ڕەنگی دەگۆڕا بۆ ئەرخەوانی و بینەر وای بیردەکردەوە کە شەڕاب بە رووبارەکەدا دێت.

کەمبۆجییە وەك خەڵکی تر ناوبانگی میسری زانی بوو و ئارەزووی دیتنی ئەو وڵاتەی دەکرد، لە سەردەمی کوروشی باوکی ئەو کارەی بۆ نەرەخسا و دوای مردنی باوکی بڕیاریدا ئەگەر بۆی بڕەخسێت سەردانی میسر بکات و ئەگەر دوو ڕووداوی بەدوایەك ڕوویان نەدابوایە، لەوانەیە کەمبۆجییە کە دەیزانی لەشکر کێشی بۆ میسر زۆر قورسە و بە مەترسیە، بڕیاری چوون بۆ میسری نەدابوایە و دوو ڕووداوەکە بریتی بوون لەوەی لە خوارەوە باس کراوە.

لە یەکێك لە شەوەکانی بەهاری ساڵی (٥٢٧ پ. ز) هەندێ لە کەشتیوانەکانی کەشتییەکی قوبرسی کە لە کەنارەکانی شاری بە ناوبانگی (ڕاکوتی) یا (ئەسکەندەریە) لەنگری گرتبوو، بڕیاریاندا بچنە شوێنی خۆشگوزەرانی لەو شارە و شەوێك بە خۆشی بەسەربەرن. دوای ئەوەی مەست بوون لە نێوان هەندێك لە ئەوان و هەندێك لە میسرییەکان بۆوە جەنگ و یەك لە قوبرسیەکان خۆی گەیاندەوە کەشتییەکەیان و ئەوانی تری بۆ یارمەتی هێنا و ئەوانیش چوونە شوێنی ڕووداوەکە و تێکەڵی جەنگەکە بوون و لە ئەنجام دوازدە لە کارمەندانی کەشتییەکە کوژرا و هەندێکیان بریندار بوون.

فەرمانداری شاری ڕاکوتی فەرمانی بە کەشتییە قوبرسیەکە کرد شارەکەیان بە جێ بهێڵن، ئەوانیش کە لە ئاست حکومەتی فێرعەون بێ دەسەڵات بوون و نەیاندەتوانی داوای دادخوازی بکەن، بە ناچاری ڕاکوتی یان بە جێهێشت و دوای گەرانەوەیان بۆ قوبرس، سکالایان بۆ دەسەڵاتداری ئەوێ برد کە بەرفەرمانی پاشای ئێران بوو.

فەرمانرەوای قوبرس لە توانی خۆی نەدەدیت کە داوای قەرەبۆیان لە فیرعەونی میسر بۆ بکاتەوە، نامەیەکی بۆ پاشای ئێران نووسی و وتی: میسرییەکان دوازدە کەس لە دانیشتوانی قوبرسیان کوشتووە کە بەرفەرمانی ئەون و هەندێکیشیان بریندار کردوون و دواتریش فەرمانیانداوە تا کەشتییەکە، میسر بەجێ بهێڵێت و ئێستاش تەنها پاشای ئێرانە کە دەتوانێت مافی ئەوان وەربگرێتەوە.

کەمبۆجییە نامەیەکی بۆ فێرعەونی میسر نووسی و وتی پێویستە فێرعەون قەرەبۆی بریندارەکان و کوژراوەکان بکاتەوە، بەڵام فێرعەون لە وەڵامدا وتی کە ئەو بۆی نییە دەست

بخاته ناو كاروباری وڵاتەكەی و ئەو رووداوە یەكەم هۆكار بوو بۆ روودانی جەنگ لە نێوان كەمبۆجییە و فێرعەون.

لەو كاتەی كەمبۆجییە چاوەڕوانی وەڵامی فێرعەون بوو، یەك لە ئەفسەرەكانی فێرعەون كە یۆنانییەكان بە (ڤانس) ناویان بردووە و زۆر ڕقی لە فێرعەون بوو، هاتە شاری پازارگاد و خزمەتگوزاری خۆی بۆ كەمبۆجییە دەربڕی.

كەمبۆجییە ئەوی پەسەندكرد و سەبارەت بە بارودۆخی میسر لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا كرد و ڤانسیش كە لە ئەفسەرە دیارەكانی لەشكری فێرعەون بوو، وتی ئەوەی لە بارەی لەشكری فێرعەون دەووترێت لایەنی ئەفسانەی هەیە و رەش پێستەكانی ناو لەشكرەكەی لە سپییەكان ئازاتر نین و فیلە ئەفریقیەكانی سوپای ئەو دەتواندرێت بە نێزە بكوژرێت و تەنها پێویستە نیزە لە سكی ئەو ئاژەڵە رۆبچێت تا بمرێت.

كەمبۆجییە ڤانسی بۆ خزمەت وەرگرت و دوای بیستنی وەڵامی توند و ئازایانەی فێرعەون، جارێكی تر ئەوی دیت و سەبارەت سوپای میسر پرسیاری كرد و هەروەها پرسیاری بوون و نەبوونی شورە و قەڵای لەو وڵاتە كرد.

ڤانس وتی: ئەگەر پاشای گەورە، ئەگەر ئێران بیەوێت جەنگ لە گەڵ فێرعەوندا بكات، من بەڵێنی پێ دەدەم سەركەوتوو دەبێت، چونكە تەواوی خاڵە لاوازەكانی لەشكری میسر دەزانم و دەزانم پێویستە چ بكەین تا ئەو لەشكرە بشكێت.

بەڵام فێرعەون لەشكری دەریایی بەهێزیشی هەیە و ئەگەر پاشای هەخامەنشی ئەو شكست بدات، هێزە دەریاییەكەی بێ كاریگەری دەبێت. بەڵام لەوانەیە ئەو هێزە بڕواتە لیبیا كە لە رۆژئاوای میسرە و ئەوێ بكاتە ناوەندێكی گەورە بۆ بەرگری و لەوانەیە كاتێك فیرعەونیش بزانێت، شكست دەخوات بچێتە لیبیا.

داریوشی ئەفسەری كەمبۆجییە كە لە كاتی ئەو گفتوگۆویانەدا لە ئەوێ ئامادەبوو، پرسیاری كرد كە ئایا پێشتر روویداوە كە فێرعەون بچێتە لیبیا و لە ئەوێ ناوەندێكی بەرگری دابمەزرێنێت.

ڤانس وتی لە رابردوودا یەكجار ئەو بابەتە روویداوە، بۆیە دەڵێم لەوانەیە جارێكی تر ئەو رووداوە دووبارە ببێتەوە.

کەمبۆجییە وتی: ئێمە لە دەریای رۆژئاوا (مەدیتەرانە) بەهێزین و لە کەنارەکانی ئاسیای بچووك و فینیقیە و قوبرس، کەشتی جەنگی زۆرمان هەیە و دەتوانین هێزی دەریایی میسر ناچاربکەین، خۆیان ڕادەست بکەن.

ڤانس وتی: ئەگەر بەم چەشنە بێت زۆر باشە و من بە باشی دەزانم کە پاشای ئێران لەشکری دەریایی فێرعەون ناچار بە خۆبەدەستەوەدان بکات.

ئەمە هەردوو ئەو رووداوانەبوون کە بوونە هۆکاری جەنگی ئێران و میسر.

رووداوی کوژرانی قوبرسیەکانی لایەنگری ئێران لە ساڵی (٥٢٧ پ. ز) روویداوە و هەرچەندە کەمبۆجییە لە دەریای مەدیتەرانە هێزی دەریایی بەهێزی هەبوو و ئێران ئیمپراتۆریەتێکی گەورە بوو، بەڵام یەك ساڵ و نیوی خایاند تا کەمبۆجییە توانی لەشکرێکی باش بۆ جەنگی فێرعەون ئامادەبکات.

هەر ژمارەیەك لە لەشکر لە ئێران ئامادەدەبوو، کەمبۆجییە رەوانەی دەکردن بۆ کەنارەکانی دەریای مەدیتەرانە و لە بەندەرەکانی (ئەسکەندەروونە، لازقیە، ترابلۆس، بیروت و عکا) جێگیری دەکردن. بە فەرمانی کەمبۆجییە دووسەد و پەنجا کەشتی پلە یەك لە جۆری سێ سەڵبە کە سێ قات بەسەر یەکەوە بوون، لە بەندەرەکانی رۆژهەڵاتی دەریای مەدیتەرانە لە بەندەری ئەسکەندەریەی ئێستا تا عکا و قوبرس جێگیر کران و ژمارەیەك لە کەشتییەکانی پلە دوو و سێش، لە گەڵ ئەوان جێگیر کران و کەمبۆجییە بڕیاریدا هەندێك لە سەربازەکانی لە گەڵ هێزی دەریاییدا بنێرێتە میسر و بەشی گەورەی لەشکرەکەی لە رێگەی وشکانییەوە بچێتە میسر.

ژومارەی سەربازانی لەشکری کەمبۆجییە کە لەو بەندەرانە جێگیر کران، ئەوەندە زۆر بوون کە بە وتەی هەندێ مێژوو نووسی یۆنانی دوو (کرور) بوون.

گەزنەفۆن دەڵێت: ژمارەی سەربازەکانی کەمبۆجییە کە لە دەریای مەدیتەرانە جێگیر کران تا بچنە میسر، دووسەد و پەنجا هەزار بوو. ئەو ژمارەیە بە ڕەچاوکردنی ماوەی کۆکردنەوەی هێز لە لایەن کەمبۆجییە بە دروست دێتە بەرچاو و ئەگەر وانەبوایە ئەو ژمارەیەش بە زێدەرۆیی هەژمار دەکرا و هەر ئەو کۆکردنەوەی دووسەد و پەنجا هەزار سەرباز بە پێداویستییەکانیانەوە کارێکی ئاسان نەبوو و خەشایارشا کە یۆنانییەکان دەڵێن بە هەشت سەد هەزار سەربازەوە هێرشی کردووتە یۆنان، تەنها هەشتا هەزاری لەگەڵدابووە و لەشکری

کەمبۆجییەش کە لە لایەن زۆربەی مێژوونووسەکان بە دوو کرور دیار کراوە، زیاتر نەبووە لە دووسەد و پەنجا هەزار کەس.

یەك مانگ پێش بەهاری ساڵی (٥٢٥ پ. ز) هێزی دەریایی هەخامەنشی کەوتە جووڵە و فەرماندەی ئەو هێزە کورێك بوو بە ناوی (هیست ئەسب) یا (هیستاسب) و لە هێزی وشکانی کەمبۆجییەش ئەفسەرێك بە ناوی داریوش فەرماندەی لەشکری لە ئەستۆ بوو.

لەشکری ئێران کە لە شارەکانی (ئەسکەندەروونە، لازقیە، بیروت و ترابلۆس) کەوتە جووڵە، بە درێژایی کەنارەکاندا دەڕۆیشت و هێزی دەریاییش تەریب بە کەنارەکانی دەریای مەدیتەرانە دەستی بە جووڵە بەرەو باشوور کرد و بەردەوام پەیوەندی لە نێوان هێزی وشکانی و دەریایی هەبوو و فەرماندەی هێزی دەریایی دەیزانی نابێت لە پێش هێزی وشکانی بکەوێت و نە بەجێ بمێنێت.

کەتزیاس سەبارەت بە سەربازانی لەشکری کەمبۆجییە لە کاتی چوونیان بۆ میسر، باسێکی تا ڕادەیەك درێژی نووسیوە و زاندراوە کە لە لەشکری ئێرانی شازدە نەتەوە هەبووە.

پارتەکان (پارثەکان) کەمانی دوو نیوبازنەیان هەڵدەگرت و سواری ئەسپی کورت و بەهێز دەبوون و خواردنیان بریتی بوو لە گۆشتی خاو کە لە ژێر زینی ئەسپەکانیان دادەنا تا بە هۆی گەرمی جەستەی ئەسپەکە نیو برژ ببێت.

هەندێك لە سەربازانی کەمبۆجییە خەڵکی شاخەکانی (زاگرۆس) بوون و لبادی درێژیان دەکردە بەریان و کلاوی ڕەشی گەورەی لبادیان لە سەر بوو و لە دەورەی کلاوەکەیان (جەمەدانی) شەدەیان دەبەست، چەکیان بریتی بوو لە نێزە و گورز و لە هەموو جەنگێك بەبێ قەلغان جەنگیان دەکرد و ئێستا نیشتەجێی ئەوان بە لورستان ناسراوە.

دەستەیەك لە سەربازەکانی کەمبۆجییە خەڵکی ناوچە شاخاویەکانی قەوقازیا بوون، چاویان شین و پرچیان زێرین بوو و بە شمشێری چەماوە دەجەنگان و قەلغانی گەورەی دارینیان هەڵدەگرت و لە سەردەمانی دواتر بە (چەرکەس) ناسران.

لە نێوان سەربازەکانیدا (سکاکان) دەبینران کە دواتر بە (زابۆلی) ناسران و ئەوان پیاوانێك بوون زۆر باڵا بەرز و ڕەنگیان ئەسمەری تێر بوو و دەیانووت کە سەربازە سکاکان ترس ناناسن و هیچ کات پشتیان لە دوژمن نەدەکرد و لە جەنگدا تا مردن یا سەرکەوتن جەنگیان دەکرد.

بەشێکی تر لە سەربازەکانی کەمبۆجییە فارسەکان بوون کە شلواری بەرینیان لەبەردابوو و کلاو و جامانەیان دەکردە سەر و ڕۆژانە چەند جارێك ریشە درێژەکانیان شانە دەکرد و باوەڕیان وابوو کە ریش

جوانترین ڕازاندنەوەی پیاوە و ئەگەر کەسێك بێ ریش بوایە واتە هێشتا ریشی نەهاتبایە لە لایان وەك منداڵ بوو و چونکە پارتەکان ریشیان دەتاشی، لای فارسەکان بە کەم دەزاندران.

کەمبۆجییە وێڕای پیادە و سوار، عارەبانەی جەنگیشی هەبوو و ئەفسەرە میسرییەکە بە پاشای هەخامەنشی وت کە کاریگەرترین چەکی میسرییەکان، عارەبانە جەنگییەکانیانن و پاشای هەخامەنشی کە دەچێتە جەنگی فیرعەون پێویستە عارەبانەی جەنگی هەبێت.

لەشکری ئێران دوای تێپەڕبوونی لە کەنارەکانی ڕۆژهەڵاتی مەدیتەرانە گەیشتە سەحرای سینا، بەڵام کەمبۆجییە لەشکرەکەی بە سەحرادا نەبرد.کاتێك لەشکری کەمبۆجییە گەیشتە سینا، سەرەتای بەهار بوو و هیوای باران بارین هەبوو و لەگەڵ ئەوەشدا کەمبۆجییەی خۆی پاراست لە بردنی لەشکرەکەی بە سەحرادا و بە کەناری سەحراکە، واتە کەناری مەدیتەرانەدا ڕۆیشت کە لە هەمووی ئاو هەبوو.

پێش ئەوەی لەشکری کەمبۆجییە بگاتە ئەو شوێنەی کە ئێستا بە (پۆرت سەعید) ناسراوە، جەنگێکی دەریایی گەورە لە نێوان لەشکری کوروش و فێرعەون روویدا و مەیدانی جەنگەکە بریتی بوو لە ناوچەیەك لە دەریای مەدی ترانە کە تەریب بوو بە سەحرای سینا و پانتایی پێنج فەرسەخ بوو. کەشتییە جەنگییەکانی فێرعەون هەوڵیاندەدا ڕێبگرن لە تێپەڕبوونی کەشتییە ئێرانییەکان بۆ لای میسر و کەشتییە جەنگییەکانی ئێرانیش بە پێچەوانەوە دەیانەویست خۆیان بگەیێننە کەنارەکانی میسر.

لەو جەنگە سەختەدا هێزی وشکانی کەمبۆجییە نەیتوانی یارمەتی هێزە دەریاییەکەی بدات و لەشکری میسری کە خاوەن ئەزموون بوو لە جەنگی دەریایی و چەکی جۆراوجۆر و تەنانەت ماریان بەکاردەهێنا، توانیان پەنجا کەشتی پلە یەکی کەمبۆجییە نوقمی ئاو بکەن یا لە کار بخەن و ژمارەیەك کەشتی پلە دوو و پلە سێشیان هەر بە هەمان چارەنووس گەیاند. بەڵام چونکە هێزی دەریایی کەمبۆجییە لەو جەنگەدا زۆر بەهێزتر بوو لە هێزی دەریایی میسر، هیست ئەسب فەرماندەی هێزی دەریایی کەمبۆجییە توانی ڕێگەی خۆی بکاتەوە و کەشتییەکانی بگەیێنێتە پۆرت سەعیدی ئێستا و ئەوکات لەشکری کەمبۆجییە توانی شاری ڕاکوتی کە ئێستا بە ئەسکەندەریە ناسراوە داگیر بکات.

دوای گەیشتنی لەشکری کەمبۆجییە بە میسر، پاشا فەرمانی کرد تا لەشکرەکەی پشوو بدات تا ماندوویەتی بڕینی ڕێگا نەمێنێت و دواتر چەند دەستەیەکی بۆ وەرگرتنی زانیاری بۆ

چوار دەورەی ڕەوان کرد و تەنانەت دوو دەستەی نارد بۆ سەحرای سینا تا بەشێك لەو سەحرایەش بگەڕێن نەوەك فیرعەون لەشکری لە ئەوێ دانابێت و لە نەکاو هێرشیان بکاتە سەر و بۆ خۆپارێزی زۆرتریش دەستەی وەرگرتنی زانیاری نارد بۆ ڕۆژئاوای ئەسکەندەریە.

ئێرانییەکان دوای گەیشتنیان بۆ میسر بە هەموو شتێك دووچاری سەرسوڕمان دەبوون، چونکە ئەو شتانە بە گشتی بۆیان تازە بوون. ئەوان دەیاندیت ژنە میسرییەکان سەریان دەتاشن و جوانیان لە ئەوەدا بوو کە سەریان بەبێ موو بێت و دەیاندیت کە ژنە میسرییە دەوڵەمەندەکان قژی دەستکردی ڕەنگاوڕەنگیان دەکردە سەریان و ڕۆژێك ڕەنگی قژیان زەرد و ڕۆژێك ڕەنگی قژیان سوور دەکرد.

کاهینە میسرییەکانیش سەریان لووس دەکرد و ڕۆنیان لەسەریان دەدا و شاری ڕاکوتی ببوو بە دامەزراوێکی گرنگ بۆ مۆمیایی کردنی مردووەکان و کاتێك یەك لە کارمەندەکانی ئەو دامەزراوە بە شوێنێکدا دەڕۆیشت تا ماوەیەك بۆنی تایبەت بە ئەوان لە هەوادا دەمایەوە و بەڵام ئەو بۆنە هی مردووەکان نەبوو و ئێرانییەکان لە میسرییەکانیان گوێ بیست ببوون کە ئەوە بۆنی نێترۆن بووە، ئەو رووەکەی نێترۆنی لێ بەدەست دەهات تەنها لە میسر هەبوو و بۆ مومیایی کردنی مردووەکان بەکاردەهات.

هێشتا ئێرانییەکان بینا بەردینەکانی میسر و هەڕەمەکانیان نەدیتبوو، چونکە وەك دەزانن ئەوانە بە گشتی لەو ناوچەیە نەبوون کە ئێرانییەکان لێی وەستا بوون، بەڵام کۆمەڵە شتێکی تر هەبوون کە سەرەنجی ئەوانی ڕادەکێشا و لەوانەش ئەوە بوو کە هەموان پشتڕاستیان دەکردەوە کە میسر پڕە لە زێر، چونکە هەموو پیاوەکان زێریان لە شێوەی گەردنبەند لە ئەستۆ بوو و گەورەتر بوونی گەردەنبەندەکان نیشانەی ڕێژەی توانمەندی پتر بوو.

ژنەکانیش بازنەی جۆراوجۆریان لە دەست بوو و تەنانەت هەژارترین ژنەکان لە میسر بازنە و زێریان هەبوو و لە ڕاکوتی بازارێك هەبوو بۆ کڕین و فرۆشتنی کۆیلە. ئەفسەر و سەربازانی ئێرانی کاتێك دەچوونە ئەو بازارە و دەیاندیت هەندێك لە پیاوان دەستی پیاوی تریان بەستۆتەوە و دەیانەوێت بیانفرۆشن. دەرکەوت ئەوانەی دەستیان بستراوە، قەرزدارن و نەیانتوانیوە قەزەکانیان بدەنەوە و خاوەن قەرزەکانیش بۆ بەدەست هێنانەوەی قەرزەکانیان دەیانفرۆشتن و قەرزەکانیان لە پارەی فرۆشی ئەوان دەست دەکەوتەوە. چونکە لە ئێران ئەو ڕێورەسمە نەبوو، ئێرانییەکان نەیاندەتوانی تێ بگەن کە چۆن کەسێك دەفرۆشترێت بۆ ئەوەی قەرزی خاوەن قەرز بگاتەوە دەستی.

ئەفسەر و سەربازەکانی کەمبۆجییە، دانیشتوانی ئەو وڵاتەیان لە بواری ڕەوشتەوە بە جێگەی نیگەرانی نەدەزانی و هەستیان کرد کە لە ئەوێ خەڵك بەیەکەوە دژایەتیان نەبوو و بەرانبەر بە ئەوانیش مهرەبان بوون. بەڵام فێرعەون نەیدەتوانی بەوە ڕازی بێت کە لەشکرێکی دەرەکی بێت و وڵاتی ئەو داگیربکات و ئەویش بێ کاردانەوە بێت.

دەستەیەك لەو سەربازانەی کە بۆ گەڕان بە دوای زانیاریدا بەرەو باشوور چووبوون، هەواڵیان گەیاند کەلە ناوچەی (پلۆزیۆم)[3] لەشکرێکی بەهێز جێگیر بووە و هێشتا نەزاندراوە فێرعەون ئەو لەشکرە لەوێ دەهێڵێتەوە یا بۆ شوێنی تری دەبات. کەمبۆجییە دوای ڕاوێژکردن بە ئەفسەرە گەورەکانی و زانینی رای (ڤانس)، بڕیاریدا بەرەو ئەو لەشکرەی فێرعەون بچێت و لەناوی ببات و بە لەشکرەوە بەرەو باشوور ڕۆیشت.

هەوەك چوون لە زمانی عەرەبی ناوی (الله) دەکرێتە پاشکۆی ناوەکانی تر، لە میسریش فێرعەونەکان ناوی خۆیان بە شێوەیەك دیاری دەکرد کە ناوی (ئاموون) لە کۆتاییدا هەبێت.

لە میسری کۆندا بیست و چوار زنجیرەی پاشایەتی کە مێژوونووسان ژمارەی پاشاکانیان بە (٤٨٠) فێرعەون زانیوە و لەو ژمارەیە (٣٠٠) ناویان لە سەرەتا یا ناوەڕاست یا کۆتاییدا وشەی (ئاموون) یان تێدابووە، بەڵام مێژوونووسە یۆنانییەکان ناوەکانیان بە شێوەیەك گۆڕیوە کە ئەو ناوەی تێدا نادیترێت.

کاتی هاتنی کەمبۆجییە ناوی فێرعەونی میسر (پز ئاموون) واتە (وەفاداری ئاموون) بوو و بەڵام مێژوونووسە یۆنانییەکان ناویان (پزئامونی تووس) ناوە. بۆ زانینی ناوی فێرعەونەکانی میسر پێویستمان بە گەڕان لە سەرچاوە یۆنانییەکان نەماوە و بەڵگەنامە مێژووییەکانی میسر، کە لە سەر کاغەزی (پاپی ڕۆس) و تاشەبەردەکان نووسراون، ناوی ڤێرعەون و کەسانی دیاری میسری تێدایە.

بە پێی پەرتووکە یۆنانییەکان ناتوانین پێی بە تەمەنی (پەز ئاموون) ببەین و بزانین لە کاتی چوونی کەمبۆجییە تەمەنی چەند بووە و چوان بووە یا ناشیرین. بەڵام ئەو بەڵگەنامانە میسریانەی کە لە سەدەی نۆزدەهەم تا بە ئەمڕۆ بەردەست کەوتوون، زانیاریمان دەداتێ کە لە ئەو کاتدا پەز ئاموون بیست و دووساڵی بووە و گەنجێکی باریکەڵە بووە بە دەموچاوی جوان و

**(٣) (ناوچەی پلۆزیۆمدەکەوتە شوێنێك کە ئێستا کۆتایی کەنداوی سوئێزە و بەندەری سوئێز لە کەنارەکانی دەریای سوور لەو شوێنەیە، زەبیحوڵڵا)**

بوونی چاوی گەورەی بادامی، زاری بچووك بوو و لە سەر كۆڵمەكانی چاڵی بچووك هەبوو كە جوانییەكەیان زیاتر دەكرد.

ئەگەر سەرەنج لە تەمەنی بەشێك لە فێرعەونەكانی میسر بدەین دەبینین كە لە بیست و پێنج ساڵ تێپەڕنەبوونە و هەندێكیان لە منداڵی دەمردن و هەندێكیان تەمەنی فێرعەون بوونیان لە یەكساڵ یا یەك وەرزی میسری كە چوار مانگ بووە زیاتر نەبووە و بە دەستی پزیشكەكانیان كوژراون، دەبێت بگوترێ پەز ئاموون فێرعەونێكی تەندروستبووە و هۆكەشی ئەوە بووە كە هێشتا پزیشكەكەی نەیویستبوو نەشتەرگەریەك لە كەللە سەریدا بكات كە لە پزیشكیدا بە (تری پاناسیۆن) ناودەبرێت و لە میسری كۆن بە (كونكردنی كەللە سەر) دەناسرا و پزیشكانی كۆنی میسر زۆر تەردەست بوون، ئەو نەشتەرگەریەیان بە دەرمانی تەواوی نەخۆشییەكان دەزانی و كەللە سەریان كون دەكرد تا تەواوی ئەو هەڵمانەی كە ئازار بەخشن و بە لێكدانەوەی ئەوان لە ناو سەردا كۆبوونەتەوە و دەبنە هۆكاری نەخۆشی، لەوێ دەربكەن.

كەموكوری ئەو بابەتە بریتی بوو لەوەی كە نیوەی ئەو كەسانەی دووچاری ئەو نەشتەرگەریە دەبوون، دەمردن و نیوەكەی تر دوای برین پێچی و خاوێن كردنەوە چاك دەبوونەوە و زۆرێك لە فێرعەونەكان بە هۆی ئەو نەشتەرگەریە دەمردن و خەراپ بێژیش هەبوون كە دەیانووت فێرعەونەكان بە دەستی پزیشكەكانیان دەكوژرێن و پزیشك بۆیە كەللە سەری فیرعەونەكان كون دەكەن تا بیكوژن و یەكی تر بێتە جێگەی ئەوان.

پەز ئاموون لە ناو فێرعەونەكانی میسر بە پیاوێكی نوێگەرا ناسرابوو و بە پێچەوانەی فێرعەونەكانی پێش خۆی، كاتێك بەرانبەر خەڵك دادەنیشت، بێ جووڵە نەدەبوو و سەری بۆ لای چەپ و ڕاست دەسوراند و لە گەڵ دەورووبەرەكەی دەدوا و لەوەش زیاتر لەكاتی قسەكردندا بە شێوەیەك پێ دەكەنی كە دەدانە سپییەكانی دەردەكەوتن.

كاهینەكانی میسر هەموویان خزمەتكاری ئاموون بوون، سەر جوولاندن و قسەكردنی فێرعەون لەگەڵ خەڵكی و بە تایبەتی پێكەنینەكانی ئەویان بە كوفر دادەنا و رایان وابوو فێرعەون كاتی دانیشتنی گشتی دەبێت بێ جووڵە دابنیشێت و هەر دوو دەستی بخاتە سەر دەسكەكانی كورسی و تەنها چاو لە شوێنێك لە پێش خۆی بكات و هەروەك چوون لە وێنەكانی فێرعەونەكاندا دیارە و پێكەنینیان لە شوێنی گشتی پێ باش نەبوو. (ئاموون لە هەموو شارەكانی میسر پەرستگای هەبوو.) پەزئاموون وەك هەر یەكە لە فێرعەونەكانی میسر كە

پێش ئەو پاشایەتیان کردبوو، خۆی بە کوری ئاموون دەزانی و وەك باوکیشی، خۆی بە خودا دەزانی و میسرییەکانیش ئەویان بە خودا دەناسی. بەڵام باوەڕی پەز ئاموون بە ئەوەی کە بۆ خۆی خودایە، باوەڕێکی ئاسایی بوو و لە دەروونیدا باوەڕی بە خودا بوونی خۆی نەبوو.

کاتێك کەمبۆجییە هاتە میسر، فیرعەون کە بەردەوام لەشکرێکی ئامادەی هەبوو، فەرمانیدا لەشکرەکەی بکەوێتەرێ و و خۆشی وەك سەرکردەی لەشکر، لە شاری مەمفیسی پایتەختی باکووری میسرەوە کەوتەرێ. میسری کۆن لە سەردەمانی ڕابردوودا چەندین پایتەختی هەبووە و دووانیان بریتی بوون لە (مەمفیس) لە باکوور و (تبس) لە باشوور بوون و هەردوو پایتەخت وەك تەواوی شارەکانی تری میسر لە کەناری رووباری نیل بوون، شوێنی مەمفیس شوێنێکە کە ئەمرۆ لە سەر نەخشەی میسر دەکەوێتە ناوچەیەی (صخره) و شاخاوی لە باشووری قاهیرە.

لەشکری میسر بە فەرماندەیی پەزئاموون پێکهاتبوو لە سەد هەزار سەربازی سوار و پیادە و سێ سەد عارەبانە و دوو سەد فیل و فەرماندەی عارەبانە جەنگییەکان ئەفسەرێك بوو بە ناوی (هۆرم)، کە باڵابەرز و چوارشانە بوو و باسکە بەهێزەکانی بەردەوام دیار بوون، چونکە بەرگی سەربازی ئەوکاتی میسر لە نیوە باڵاپۆشێك دەچوو کە قۆڵی نەبوو و بەردەوام قامچییەك لە دەست هۆرمدا دەبینرا و رۆژ نەبوو ڕاهێنان بە عارەبانەچییەکان نەکات و سێ ساڵ پێش هاتنی کەمبۆجییە بۆ میسر، ئەو هێرشی کردبۆوە سەر ناوچەیەك کە ئێستا بە (غززە) ناسراوە و میری ئەو وڵاتەی ئەسیر کردبوو و لە عارەبانەکەی خۆی بەست و لە غززە تا مەفیسی پایتەختی میسر بە غاردان هێنابووی.

لە لەشکری میسر هەموان لە هۆرمی سەرکردەی عارەبانەکان دەترسان، دەنگی ئەو پیاوە وەك نەعرەتە بوو و لە کاتی توورە بووندا بەو قامچییەی لە دەستی بوو لە ئەوانی تری دەدا و تەنانەت ئەگەر ئەوان لە ئەفسەرانی فیرعەونیش بوانە. بەڵام ئەو پیاوە توورەیەی خەڵك بە دیتنی دەلەرزین، فیرعەونی زۆر خۆشدەویست و کاتێك زانی فیرعەون دەیەوێت وەك فەرماندەی لەشکر بڕواتە جەنگی کەمبۆجییە، چۆو بۆ لای ئەو و وتی: ئەی خوداوەند لەم بڕیارە پەشێمان بەرەوە و مەچوو بۆ مەیدانی جەنگ.

فیرعەون پرسی: بۆچی؟

هۆرم وتی: چونکە ئەگەر خوداوەند لە مەیدانی جەنگ بێت، من و سەردارەکان دەبێت ئاگاداری فێرعەون بین و بەم شێوەیە ئاگامان لە جەنگ نابێت و لەو جەنگەی دێتە پێشمان، بە هۆی بەهێزی لەشکری دوژمن ئەرکی پارێزگاری لە خوداوەند بۆمان قورستر دەبێت.

پەزئاموون پرسیاری کرد: ئایا دەترسی من بکوژرێم؟

هۆرم وتی: بەڵێ ئەی خوداوەند و خراپتریش ئەوەیە کە فێرعۆنی میسر ئەسیر بکەن.

فێرعۆن وتی: ئەسیر ناکرێم، چونکە بەر لەوەی ئەسیر بکرێم، خۆم دەکوژم.

هۆرم وتی: ئایا باشتر نییە کە خوداوەند لە مەمفیس بمێنێتەوە و نەڕواتە مەیدانی جەنگ، تا نەکوژرێت یان ئەسیر نەکرێت؟

پەزئاموون وتی: ئەی هۆرم لەو رۆژەوە کە من گەیشتوومەتە تەمەنی عقل و پێگەیشتوویی، سەبارەت بەو پیاوانە کە ریش درێژەکانیان دەگاتە کەمەریان، هەندێ شتم بیستووە و دەمەویست کە بیانبینم و ئێستا دەرفەت بۆ دیتنیان بۆم هاتۆتە پێش و ئەگەر لە مەیدانی جەنگ نەبم، ئەوان ناتوانم ببینم.

هۆرم وتی: ئەی خوداوەند، گومانم نییە کە سەردەکەوین و دوای سەرکەوتنمان ئەسیرەکان دێنین بۆ لای خوداوەند و ئەو کات ئێوە ئەو پیاوە ریشنە دەبینن.

فێرعەون وتی: ئەی هۆرم، لەو رۆژەی گەیشتوومە دەسەڵات هیچ جەنگێکی گەورەم نەدیتووە و دەمەوێت مەیدانی جەنگ ببینم، بزانم سەربازەکانمان چۆن دوژمنەکان بە نێزە و شمشێر لەناو دەبەن، عارەبانەکانی تۆ چۆن سەدان یا هەزاران سەربازی هەخامەنشی لە گەڵ خاکدا دەکەن بە یەك و کاتێك فیلەکانماندەست بە هێرش دەکەن و بە لمۆزیان سەربازانی دوژمن دەگرن و فرێیان دەدەن بۆ ئاسمان و لە ژێر پێیان پانیان دەکەنەوە، چ دیمەنێکی هەبێت.

من تا ئێستا هێرشی سوارانی میسرم بۆ سەر لەشکرێکی دوژمن نەدیتووە و بیستوومە هێرشی سوارەکانی ئێمە بۆ سەر دوژمن یەك لە دیارترین و باشترینی ئەو دیمەنانەی جەنگە کە پێویستە بدی ترێت و من کە پاشای میسرم دەمەوێت ئەو دێمەنە ببینم. تۆ دەتەوێت من لە تەواوی ئەو دیمەنانە بێ بەش بکەی و وادەزانی خوداوەند لە کۆمەڵێك پیاوی ریشن دەترسێت؟ من پێویستە لە مەیدانی جەنگبم و ببینم ئەو کەمبۆجییەیە کێ یە کە وێراویەتی هێرش بکاتە سەر میسر و تۆ ئەگەر مەبەستت خزمەتە بە من، لە جیاتی رێگەی هاتن بۆ جەنگم لێ بگری، ئەوم بۆ دەستگیر بکە و بۆم بێنە.

هۆرم وتی: خوداوەند چۆنی دەوێت ئاوا دەکات.

بەم شێوەیە پەزئاموونی فێرعەونی (٢٢) ساڵەی میسر هاورێ لەگەڵ لەشکرەکەی خۆی گەیاندە ناوچەی پلۆزیۆم.

هیرۆدۆت دەڵێت: جەنگی نێوان کەمبۆجییە و فێرعەون پزئاموون لە رۆژی چل و دووەمی بەهاری ساڵی (٥٢٥ پ. ز) لە شوێنی ئێستای بەندەری سوئێز روویداوە.(٤)

هیرۆدۆت لە تەمەنی سی ساڵیدا واتە لە ساڵی (٤٥٥ پ. ز) چۆو بۆ میسر و مەیدانی جەنگی کەمبۆجییە و فێرعەونی دیت، هەرچەندە ئەو کات هەفتا و یەك ساڵ بە سەر ئەو جەنگەدا تێپەڕیبوو، بەڵام هێشتا لە مەیدانی جەنگدا پاشماوەی عارەبانە شکاو و ئیسك و پروسکی مرۆڤ و ئەسپ و فیلی لێ مابوو. لەو مەیدانە وەك هیرۆدۆت بینی، نێزە و شمشێری لێ بوو کە ژەنگیان هێنابوو و چونکە ئەوکات کەرەستە کانزاییەکان بە کەرەستەی گرانبەها هەژمار دەکرا، خەڵك تەواوی ئەو شتانە و تەنانەت ئاسنە شکاوی عارەبانەکانیشیان برد و پاشماوەکان دەریدەخست کە جەنگێکی چەند ترسناك لەوێ روویداوە.

لەگەڵ دەرکەوتنی خۆری بەیانی جەنگ دەستی پێکرد، مەیدانی جەنگ دەشتێکی بەرین لە باکووری کەنداوی سوئێز بوو کە ئێستا کەناڵی سوئێز لێ دروستکراوە و کەناڵەکە دەگاتە مەدیتەرانە.

دوو جەبهەی رۆژهەڵات و رۆژئاوا کە هەخامەنشییەکان لە رۆژهەڵات بوون و فێرعەون و میسرییەکان لە رۆژئاوا، جەبهە زۆر تەخت دەهاتە بەرچاو و بەرزایی تێدا نەبوو و بۆ خۆدەرخستنی عارەبانە و سوارەکان زۆر باش بوو.

میسرییەکان لە پێشی جەبهەکە عارەبانە جەنگی و فیلەکانیان دانابوون و لەگەڵ دەرکەوتنی خۆر، هۆرم فەرمانی بە عارەبانەکان کرد کە هێرش بکەن و فیلەکانیش کە لە جۆری فیلە ئەفریقیە گەورەکان بوون بەرەو جەبهەی ئێران کەوتنەرێ و سەربازانی ئێرانی کە تا ئەو رۆژە فیلی ئەفریقیان نەدیتبوو دووچاری سەرسوڕمان هاتن، بەڵام نەترسان، چونکە پێشتر ڤانسی ئەفسەری هەڵاتووی میسری کە لە سوپای هەخامەنشی سوودی کاری دەکرد، شێوەی

(٤) (هیرۆدۆت لە ساڵی ٤٨٤ پ. ز لە دایك بووە و ئەوکات نەیتوانیوە رووداوەکان بە ساڵی لەدایکبوونی عیسا بنووسێتەوە و ئێمە رووداوەکانی مێژووی هیرۆدۆتمان بە پێی ساڵنامەی زایینی نووسیوەتەوە، زەبیحوڵڵا.)

جەنگ لەگەڵ فیلی پێ گوتبوون کە یا لموزی بە شمشێر ببڕن و یا نێزەی لە ورگی بدەن و بەم شێوەیە فیل دەکەوێت و چیتر هەڵناستێتەوە.

داریوشی فەرماندەی لەشکری کەمبۆجییە دەیزانی لەوانەیە فیلەکان ببنە مایەی ترسانی سەربازەکانی، هەرچەندە شێوەی جەنگ لە گەڵ فیلەکانیان بۆ گوتراوە و بۆیە یەکەیەکی تایبەتی پێکهێنابوو کە بەرگی کانزاییان لەبەر بوو و نێزەی درێژ و تیر و کەوانیان هەبوو. ئەوان بە هۆی بەرگە ئاسنینەکانیان دەیانتوانی بێ ترسی ئەوانەی لەسەر پشتی فیلەکانەوە تیریان دەهاویشت خۆیان بگەیێننە فیلەکان و بە نێزە و تیر لە ورگیان بدەن یا بە شمشێر لموزیان ببڕن و بیانکوژن. پێشبینی دایوش ڕاست دەرچوو و لە گەڵ هێرشی فیلەکان، سەربازانی ئێرانی کە پێشتر فیلی بەو گەورەییەیان نەدیتبوو، ترسان و داریوش فەرمانیکرد کە یەکە تایبەتییەکە بکەونە جەنگی فیلەکان.

فیلەکان لەکاتێکدا کە لە سەربازە ئێرانییەکان نزیك دەبوونە، دەیان نەڕاند و دەنگی گەورە دەهاتەبەر گوێ و ئەو کەسانەی لەسەر فیلەکان سوار ببوون، تیریان لە ئێرانییەکان دەگرت.

سەربازەکانی هەخامەنشی دووچاری سەرسوڕمان هاتبوون لەوەی کە ئەو فیلانە وەك فیلە هندییەکان کەس لەسەر سەریان دانەنیشتووە کە بە چەکوچێکی بچووك بیانخاتە جوولە و ئەوان وەك ئەسپ، ئاوساریان هەیە و یەك لەو کەسانەی لەسەر پشتییەتی بە ڕاکێشانی ئەو ئاوسارە کە لە سەر دانە گەورەکانی بەسترابوون، بۆ هەر لایەکی دەبرد کە پێویستی ببوایە.

سەربازە ئاسن پۆشەکان لە ماوەیەکی کورت ئەو ئاژەڵە گەورانەیان لەناوبرد و سەربازە ئێرانییەکان بۆیان دەرکەوت ئەو ئاژەڵە گەورانەش وەك مرۆڤ لە ورگیان لاوازن و لە گەڵ ڕۆچوونی تیر لە ورگیان، هەروەك چۆن مرۆڤەکان ئەگەر هەرکولیش بن دەمرن، ئەوانیش بە هەمان شێوە دەمرن.

ڤانس بە پاشا و داریوشی وت کە هەڵکشانی ئاو لەو شوێنەی کە سەربازانی فێرعەونی لێ یە، سێ هەزار زەرعە و ئەگەر ئێرانییەکان بتوانن لەشکری ئەوان بەرەو کەنارەکانی دەریا بەرن، لە کاتی هەڵکشانی ئاودا هەموویان نوقمی ئاو دەبن.

ئایا ڤانس دەیزانی هەر لەو ناوچەیە و پێنج سەد ساڵ پێشتر، لەشکری فێرعەون بە هۆی هەڵکشانی ئاو و لە کاتی ڕاوەدوونانی حزرەتی موسا و نەتەوەکەی، لەناو چوون؟ زانیاریمان لەو

بارەوە نییە و بەڵام هەموان دەزانن کە لەشکری ئەو فیرعەونەی ویستی موسا و لایەنگرانی بگرێت، لە هەمان ناوچە و لە دەریای قەازەمدا نوقم بوون.

کەمبۆجییە گوشاری لە لای رۆژهەڵات و باکوور زیاتر کرد و دەیەویست لەشکرەکەی بگەیێنێتە رۆژئاوا واتە پشت لەشکری فیرعەون و ناچاری بکات بەرەو کەنارەکانی دەریا بڕوات.

سەربازە میسرییەکان زۆر باش جەنگیان دەکرد و کەمبۆجییە و داریوش هەستیان دەکرد کە ئەوان لە مردن ناترسن و تا دوا هەناسە ئامادەی خۆڕاگرین، بەڵام ژمارەی سەربازە میسرییەکان کەم بوو و ئێرانییەکان دوو ئەوەند و نیوی ئەوان بوون و بۆیە دەیتوانی یەکە ماندووەکانی بکێشێتەوە بۆ دواوە و یەکەی تازەیان بخاتە شوێن، بێ ئەوەی لە گوشاری خۆی کەم بکاتەوە.

وەك باسکرا بە وتەی هیرۆدۆت ئەو جەنگە لە رۆچی چل و دووەمی بەهاری (٥٢٥ پ. ز) لە ناوچەی سوئێز و بە وتەی یۆنانییەکان ناوچەی پلوزیۆم روویدا و ئەو سەحرایە لەو وەرزەدا هەم گەرمە و هەم رۆژەکانی درێژن.

فیرعەون بە هۆی ئەوەی سەربازی یەدەگی پێویستی نەبوو، نەیدەتوانی ماوەیەك پشوو بۆ سەربازە ماندووەکانی لە پشتی جەبهە دیاری بکات و ناچاربوون بە بێ پشوو جەنگ بکەن. جەنگ لە بەیانی تا ئەو کاتەی کە هەتاو سێ چارەگی ئاسمانی بڕی بوو، بەردەوامبوو و لەو رۆژە درێژەدا سەربازانی میسری نەیانتوانی پشوو بدەن و نان و ئاو بخۆن.

ڤانس هەروەك سەربازە ئێرانییەکان بڕوای وابوو بەبێ پشوودان پێویستە بەردەوامبن لە جەنگ و بە کەمبۆجییەی دەووت مۆڵەتی پشوودان بە سەربازانی دوژمن نەدەن و بێ گوێدان بە زیانەکان و ژمارەی کوژراوەکانی خۆتان، ئەوەندەی دەتوانن گوشار بخەنە سەریان و هەر ئەمرۆ جەنگ یەکلا بکەنەوە.

ئەگەر ئەمرۆ جەنگەکە یەکلا نەکەنەوە، لەوانەیە لەشکری فیرعەون بکشێتەوە و بە کەناری رووباری نیلدا بەرەو باشوور بڕوات و ئەوکاتیش بە فەرمانی فیرعەون تەواوی ئەو پیاوانەی دەتوانن شمشێر بوەشێنن لە کێڵگە و پاوەن و ناو دار خورماکان، دەهێنن و هەموویان چەکدار دەکەن و تا زیاتر لەشکری فیرعەون بەرەو دوا بڕوات بەهێزتر دەبێت و کاتێك بگاتە ناوچەی کوش (لە رابردوو سودان و باشووری ئەو وڵاتە بە کوش دەناسرا) ئەگەر بتوانێت

خۆراکیان بۆ دابین بکات، فیرعەون دەتوانێت سەدان هەزار رەش پێست بێنێتە ناو لەشکرەکەی. بۆیە تەنانەت ئەگەر نیوەی سەربازە ئێرانییەکان لەناو بچن، هەر ئەمرۆ جەنگەکە یەکلا بکەنەوە تا ناچار نەبن چەند مانگ یا چەند ساڵ جەنگ بکەن.

کەمبۆجییە و داریوشیش بە بێ گوێدان بە زیانەکان و ژمارەی کوژراو، بەردەوام فەرمانی هێرشیان دەدا.

کاتی ئێوارە سەربازەکانی فێرعەون ئەوەندە ماندوو ببوون کە هەندێك لە ئەوان نەیاندەتوانی شمشێر بوەشێنن و دەکوژران یا ئەسیر دەکران و سەربازە ئێرانییەکان ئەسیرەکانیان لە مەیدانی جەنگ دەبردەدەر و دەیانگواستنەوە بۆ پشتی جەبهە.

لەوکاتەدا کە سەربازانی میسری لەبەر ماندوویەتی دەکەوتن، هێرشێکی توندی سەربازە هەخامەنشییەکان بۆوە هۆی تێکشکانی لای باکووری لەشکری فێرعەون و ئەوان توانیان خۆیان بگەیێننە پشت جەبهەی فێرعەون و ئەوکات لە پشتەوە واتە لە لای رۆژئاواشەوە کەوتنە هێرش.

لەو کاتەدا لەشکری کەمبۆجییە رۆژئاوا، رۆژهەڵات و باکووری بە دەست بوو و لە هەر سێ لاوە هێرشیان کردە سەر فێرعەون و بۆ ئەو لەشکرە کە لە ژێر گوشاری توند بوو، رێگەیەك نەما لە کشانەوە بەرەو باشوور نەبێت و زۆری نەخایاند کە هەڵکشانی دەریا دەستی پێکرد و چەند ئاو زیاتر دەهاتە پێش لەشکری فێرعەون ناچاربوو زیاتر بەرەو باکوور بچن و ناوچەی خۆدەرخستنیان بەرتەسك تر دەبۆوە.

ئاو ئەوەندە هاتە ناو وشکانی کە لەشکری فێرعەون بە تەواوەتی خڕبوونەوە ناو یەکتری و هێرشی سەربازەکانی کەمبۆجییەش بۆیان بەردەوامبوو و ئەوانیش چونکە نەیاندەتوانی لە ترسی نوقم بوون بەرەو دەریا بچن، ناچار دەستە دەستە خۆیان بە دەستەوە دەدا. گاردی پارێزەری فێرعەون دەورەی ئەویان گرتبوو و بڕیاریاندا بوو کە تا دوایین کەس جەنگ بکەن و فێرعەونیش خەنجەرێکی بەدەست گرتبوو و دەیەویست دوای کوژرانی دوایین کەس، قورگی خۆی هەڵ ببڕێت و خۆی بکوژێت.

لەو ساتە کۆتاییانەدا فێرعەون لە مردن نەدەترسا، چونکە میسرییە کۆنەکان لەکاتی گەیشتنیان بە تەمەنی پێگەیشتن تا ئەو رۆژەی دەمردن بەردەوام بیریان لە مردن دەکردەوە و بیری مردن، هزری بێ دابرانیان بوو. ئەوان ژیانی ئەو جیهانەیان بە کاتی دەزانی و ژیانی

جیهانی تریان بە هەتایی دەزانی. هەوەك چوون خەڵکی ئێستا پارە پاشکەوت دەکەن تا ژیانی بەختەوەریان هەبێت، ئەوان پارەیان پاشکەوت دەکرد تا گۆری گەورەتر بکرن و لە گۆڕەکەیاندا جۆرەها خواردن و خواردنەوەیان کۆ دەکردەوە و بەڵام ئەو خواردن و خواردنەوانە لە شێوەی پەیکەری نان و گۆشت و کوزەکانی ئاو و شەراب بوون.

فێرعەونەکانی میسر لە تەواوی تەمەنیان بیریان لە مردن بوون و کەس نەبوو لە (ماڵی مردووەکان) کە مردووی تێدا مۆمیا دەکرا، پاشکەوتی نەبێت بۆ مۆمیا کردنی جەنازەکەی. فێرعەونی گەنجی میسریش کە لەوکاتەدا خۆی بۆ مردن ئامادەکردبوو، لە مردن نەدەترسا و بەڵکو دەترسا کە تەرمەکەی لە مەیدانی جەنگ ببێتە پێخوستی ئەسپ و سەربازەکان و مۆمیا نەکرێت، چونکە هەموو میسرییەکان باوەڕیان وابوو کە ئەگەر تەرمەکەی مۆمیا نەکرێت لە جیهانی داهاتوودا زیندوو ناکرێتەوە.

ڤانس دەیزانی کە فێرعەون خۆی دەکوژێت تا ئەسیر نەکرێت و بە کەمبۆجییەی وت: دڵنیایی بە فیرعەون بدە تا خۆی نەکوژێت و پێی بڵێ ئەگەر خۆی بە دەستەوە بدات، ڕێزی دەگیرێت و وەك پاشا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

لەوانەیە لەوکاتەدا هاونیشتیمانی بوون لە گەڵ فێرعەونی گەنج لە دەروونی ڤانس هاتبێتە پێش، یا دڵی بەو لاوە سووتابێت و نەیویستووە کە فێرعەونی گەنج خۆی بکوژێت.

کەمبۆجییەش ئەوی ڕاسپارد تا بە فێرعەون بڵێت ئەگەر خۆی ڕادەست بکات، بەو مەرجەی فەرمان بە لەشکرەکەی بدات دەست لە بەرگری هەڵبگرن، ڕێزی لێ دەگیرێت.

فێرعەون دەیزانی بەرگری بێ سوودە و ئەگەر تەواوی سەربازەکانیش بکوژرێن، ناتوانێت بارودۆخی جەنگ بگۆڕێت و بۆیە فەرمانی ڕاگرتنی بەرگری دەرکرد، ئەو ئەوەندە باوەڕی بە ڕاستگۆیی ئێرانییەکان هەبوو کە تەنها وتەی کەمبۆجییەی کە وتی ڕێی لێ دەگیرێت بە بەس زانی و بێ داواکردنی هیچ جۆرە دڵنیاییەك، بەرەو شوێنی پاشای ئێران کەوتەرێ.

# پایتەختە ئەفسانەییەکەی فیرعەونەکان

بە هۆی سەرکەوتنی کەمبۆجییە و خۆبەدەستەوەدانی فیرعەون، رێگەی چوون بۆ شاری مەمفیس بۆ کەمبۆجییە کردەوە و ئەوان چوونە ناو شارێك کە لە جیهانی کۆندا بە شارێکی ئەفسانەیی ناسرابوو.

مەمفیس کەوتبۆوە باکووری میسر و باشووری چەمانەوەی (دلتا) رووباری نیل و شوێنی ڕاستەقینەی ئەو شارە دەکەوێتە ناوچەیەك کە لە نەخشەی میسر بە ناوی (صخرە) نووسراوە و دوای هاتنی موسوڵمانەکان بە فەرماندەیی (عمر کوری خەتاب) بۆ میسر، شاری بەناوبانگی (فستات) یان لە تەنیشت ئەو شارە دروستکرد و تا هاتنی ئەوان ئەو شارە مابوو و لە تەوراتدا ناوی ئەو شارە بە (موف) و (نۆف) هاتووە.

ئەوان کاتێك چوونە ناو شاری مەمفیس، هەرچەندە شارەکانی پازارگاد، بابل و ساردیان پێشتر بینی بوو، بەڵام بە دیتنی شکۆ و جوانی ئەو شارە دووچاری سەرسوڕمان هاتن و دوای لێکۆڵینەوە زانیان کە تەمەنی ئەو شارە شەش هەزار ساڵە و لە لایەن یەکەم پاشای میسر کە ناوی (فەس) بووە، بینا کراوە.[1]

نەخشەی ئەو شارە ئەوەندە جوان بوو کە موسوڵمانەکان دوای هاتنیان بۆ میسر، ویستیان شارێکی ئیسلامی دروست بکەن و شاری فستات (فسطاط) یان لە سەر نەخشەی شاری مەمفیس دروستکرد.

---

(١) (مەبەستمان یەکەم پاشایە کە ناوی لە مێژوو هاتووە و لەوانەیە پێش ئەو پاشای تر هەبووبن کە ناویان لە مێژوو نەهاتووە. زەبیحوڵڵا.)

تەواوی شەقامەکانی ئەو شارە رۆژهەلات بۆ رۆژئاوا کۆتاییان لە رووباری نیل دەهات و لە نێوان شەقامەکان و لە ئاراستەی باکوور بۆ باشوور کۆلانەکان دەهاتن و لە هەموو شەقام و کۆلانەکان داری میوە هەبوو و شەقامەکان بە دوو ڕیز پەیکەری ئاژەلان ڕازاندرابوونەوە و ریزێك لە لای ڕاست و ریزێك لە لای چەپ بوو و هەر شەقامێکیش بە ناوی ئەو ئاژەلە بوو کە پەیکەرەکەی لە ئەوێ بوو و وەك شەقامی گاکان، بزنەکان، مارەکان و ... هتد.

پەرستگای گەورەی ئاموون خوای میسر کە لە بەرد کرابوو دەکەوتە رۆژهەلاتی ممفیس و ئەو پەرستگایە ئێستا نەماوە، چونکە دواتر بە دەست هێرشبەران وێران کرا و بەردەکانی بۆ دروستکردنی خانوو بەکار بردرا.

بە گشتی هەموو ئەو بینایانەی میسری کۆن کە دەکەوتنە باکووری میسر جگە لە هەرەمەکان، بە دەست هێرشبەران لەناو چوون و بیناکانی باشوور، دەستی هێرشبەرانیان پێ نەگەیشت و وەك خۆیان ماون و لەوانەشە تا هەزاران سالی تر بە هۆی ئەو بەردە بەهێزانەی بۆ دروستکردنیان بەکار هاتووە، بمێننەوە.

جیهانی رۆژئاوا (واتە گۆڕستان) و مالی مردووەکان واتە ئەو شوێنەی مردووەکانیان تێدا مومیایی دەکردن، لە شاری مەمفیس کەوتبوونە رۆژئاوای رووباری نیل و لە شارەکانی میسر، هەمیشە گۆڕستان و مالی مردووەکان بە بایەخ و رێز بوون و خەلکی ئاسایی هیچ کات لە خانووی مردووەکان نزیك نەدەبوونەوە، چونکە بۆنی ئەو نێترۆنەی لەو خانووە دەهات ئازاری دەدان و نێترۆن وەك باسمان کرد ماددەیەکی شیمیاییە کە تەنها لە میسر دەست دەکەوت و لە شوێنی تر نەبوو و سوودیان لێ وەردەگرت بۆ مۆمیا کردنی تەرمەکان.

کاتێك کەمبۆجییە گەیشتە میسر و دوای تەواو کردنی کاروباری سەربازی، بۆ رێزلێنان لە خوای میسرییەکان بەرەو پەرستگای ئاموون کەوتەرێ. گومانێك نییە کەمبۆجییە ئەو نەریتەی لە کوروشی باوکی فێر ببوو و ئێستا لە میسر تاشە بەردێك هەیە کە وێنەی کەمبۆجییەی پاشای ئێران لە کاتی رێزلێنان لە خوای میسرییەکان نیشان دەدات.

چەند رۆژێك دوای گەیشتنی کەمبۆجییە بۆ مەمفیس، گوێ بیست بوو ژمارەیەك لە سەربازەکانی و ئەسپەکانیان لە یەك لە پەرستگاکانی میسر نیشتەجێ بوون و دەست بەجێ فەرماندەی ئەو سەربازانەی سزادا.

هیرۆدۆت کە هەفتا و یەك ساڵ دوای کەمبۆجییە چووتە شاری مەمفیس، دەڵێت: کاتێك کەمبۆجییە سەرکەوت بە سەر پەزئاموونی فیرعەونی میسر و لەشکرەکەی لەناو برد، فەرمانی کووشتاری لە میسر دەرکرد و مۆڵەتی دەست درێژی کردنە سەر ژنەکانی ئەو وڵاتەی بە سەربازەکانیدا و تەرمە مومیایی کراوەکەی فیرعەون (ئامازیس) کە باوکی پەزئاموون بوو، لە گۆر دەرهێنایەوە و سوتاندی.

ئێرانییەکان لە سەردەمی هەخامەنشییەکان، خەڵکانێکی ڕاستگۆ و ڕاست کردار بوو ن و نەفرەتیان لە چەند بابەتێك دەکرد کە یەك لەوان بێ ڕێزی بەرانبەر بە مردووەکان بوو و هەروەها دەست درێژی بۆ سەر ئافرەتانیش. ئەوان خەڵکی پاك بوون و بەڵگەشمان نووسینەکانی کەتزیاسی پزیشك و مێژوونوسی یۆنانییە کە دەڵێت لە ماوەی بیست ساڵ بوونم لە ئێران ئافرەتی بەدرەوشتم نەدیت.

لە تەواوی سەردەمی هەخامەنشییەکان رووینەداوە کە لەشکری ئەوان لە کاتی داگیرکردنی وڵاتێك، دەست درێژی بکاتە سەر ژنان و بەڵام ئەگەر لە شوێنێك دوژمن بەرگری کردبایە، دوای تسلیم بوونیان پیاوانیان دەکووشت و ئەمەش ئەوکات نەریت بوو لە جەنگەکان و لەو بابەتە نابێت ڕەخنەیان بکەین.

خەڵکی میسر بەرگریان نەکردبوو تا کووشتاریان لێ بکرێت و ئامازیسی باوکی فیرعەونی ڕادەست بوو، کارێکی لەگەڵ کەمبۆجییە نەکردبوو تا فەرمانی دەرهێنانەوە لە گۆر و سوتاندنی بکرێت. ئەگەر کەمبۆجییە مەبەستی سوتاندنی تەرمە مۆمیاییەکان بوو، بۆچی تەرمی تەواوی فیرعەونەکانی دەرنەهێنایەوە تا بیانسوتێنێت؟

لە سەرەتای گەیشتنی کەمبۆجییە بە میسر، ئەو ئەوەندە یارمەتی دان کە ئەوان بە (ڕۆژی پێدەری) میسر ناویان برد و چۆنێتی ئەو رووداوەش بەم شێوەیە:

رووباری نیل لە ساڵی (٥٢٦ پ. ز) بە باشی هەڵنەکشا و یا ئاوی کەمتر بوو، بەو هۆیەوەش دانەوێڵە کەم بۆوە و کاتێك کەمبۆجییە گەیشتە میسر خواردەمەنی گران بوو و خەڵك لە رووی خواردەمەنی کەوتبوونە گرفت. لە پاییزی ساڵی (٥٢٥ پ. ز) کە کەمبۆجییە لە میسر بوو، رووباری نیل سەرڕێژی نەکرد و زاندراوە لە رابردوو چاندنی گەنم و جۆ و دانەوێڵەکانی تر و لە میسر پشتی دەبەست بە ڕێژەی سەرڕێژی رووباری نیل. هەر کە ئەو رووبارە سەرڕێژی نەکرد و بوار نەبوو تا لە هەردوو لای رووبارەکە ئەو کێڵگانەی هەبوون، بە

تویژێکی خۆڵی تازەی پڕ لە موادی سروشتی دەوڵەمەند بکات، دەست کەوتنی دانەوێڵە بۆوە کارێکی قورس.

ئەوانەی بۆ مەبەستی قووتی ڕۆژانەیان دانەوێڵەیان هەبوو، دەنگیان نەدەکرد کە دانەوێڵەیان هەیە و بازرگان و فرۆشیارەکانیش هەموو دانەوێڵەکانیان حەشاردا تا دواتر بە دە ئەوەندەی نرخەکەی بیفرۆشن.

هەموان دەیانزانی لە میسر دانەوێڵە دەست ناکەوێت، تەنها دوای پاییزی ساڵی داهاتوو نەبێت و ئەویش بەو مەرجەی نیل سەررێژی بکات و بە پێچەوانەوە ئەگەر ساڵی داهاتووش بەم شێوە بێت ساڵانی قاتی دەستی پێ دەکات.[٢]

کاتێك کەمبۆجییە زانی لە میسر لەبەر ئەوەی ڕووباری نیل دووچاری هەڵکشان نەبووە، بە تەواوەتی سامناك بوون و خواردەمەنیش دەست ناکەوێت، فەرمانی کرد بە تەواوی کەشتییە جەنگی و نەفەر هەڵگرەکانی میسر و ئێران تا بچنە بەندەرەکانی سوریا و ئاسیای بچووك و یۆنان و گەنم بکڕن و ئەگەر گەنم وەك پێویست دەست نەکەوت، جۆرەکانی تری دانەوێڵە بکڕن و بۆ میسری بگوازنەوە.

وێڕای ئەو کەشتیانە، ژمارەیەکی زۆر کەشتی بازرگانی و کرێچی بە فەرمانی کەمبۆجییە چوون و گەنمیان هێنا و بە پێی بەڵگەنامەکان ئەوەندە دانەوێڵە هاتە میسر، کە دانەوێڵە وەك ساڵانی هەرزانی دەست خەڵك دەکەوت و بەم شێوەیە کەمبۆجییە بۆوە جێگەی ڕێزی خەڵك.

کەمبۆجییە بۆ ئەوەی خەڵکی میسر لێی ڕازی بن و دەست بۆ کاری دژایەتی نەبەن، هەندێ کاری تری کرد و بۆ نموونە کاتی گەیشتنی بۆ مەمفیس فەرمانیدا هیچ سەربازێك بۆی نییە بە بێ پارەدان ببێتە خاوەنی کەلوپەلی میسرییەکان و ئەگەر پێچەوانە ڕەفتار بکات دەکوژرێت، سەربازانی ئێرانی بەبێ پارەدان هیچ شتێکیان لە میسرییەکان نەدەستاند.

---

(٢) لە ڕابردوودا زۆر جار ڕووباری نیل چەند ساڵێك سەررێژی نەکردووە و ڕووداوی حەوت ساڵ قاتی و حەوت ساڵ فراوانی سەردەمی حزرەتی یوسف، تاکە ڕووداو نەبووە و وڵاتی میسر زۆر جار بۆ چوار تا پێنج ساڵ دووچاری قاتی بووە و بەکارهێنانی حەوت لە ساڵەکانی ڕووداوی حزرەتی یوسف گەڕاوەتەوە بۆ پیرۆزی ئەو ژمارەیە لە لای عمرانییەکان و ویستوویانە ساڵەکانی گرانی و هەرزانی بە حەوت نیشان بدەن و وەك مێژوو دەریدەخات، ساڵانی قاتی تەنها چوار یا پێنج ساڵ بوون، زەبیحوڵڵا.)

بەڵام لە لەشکری کەمبۆجییە سەربازی نائێرانی هەبوو[٣]، دوای کووشتنی چەند سەربازێك چیتر کەس نەیتوانی بێ فەرمانی بکات. میسرییەکان ئەکات پارەی لەسەر نووسراویان نەبوو و پارەکانیان بازنەیی بوون و سێ جۆری (زێر، زیو و مەس) بوون.

هیرۆدۆت دەڵێت ئەوکارەی کەمبۆجییە بەرانبەر ئاموون خوای گەورەی میسرییەکان کردی بۆ فێڵ کردن لە میسرییەکان بوو، بەڵام پاشایەك کە بەجەنگ بەسەر وڵاتێکدا سەرکەوێت و پاشاکەی ئەسیر بکات و لەشکرەکەی لەناو ببات، چ پێویستی بە خەڵەتاندنی خەڵکی ئەو وڵاتەیە بە رێزگرتن لە ئایینەکانیان و ئەویش لە پێنج سەد ساڵ پێش زایێن کە دەسەڵاتی پاشا یا سەردارێکی سەرکەوتوو لە ناو وڵاتی شکست خواردوو زۆر زیاتر بووە لە ئەمرۆ.

ئەو رێزەی کەمبۆجییە لە ئاموونی گرت بۆ فێڵ کردن لە میسرییەکان نەبوو و بەڵگەشمان ئەوەیە کە دەستی نەگرت بەسەر خەزێنەکانی ئاموون و پەرستگاکانی تری میسری، بەڵام دەستی گرت بەسەر خەزینەی فێرعەون و هەرچی لە زێر و زیو و مس لە خزینەی فێرعەون هەبوو، بوو بە هی کەمبۆجییە و هاوکات کاهینەکانی پەرستگای ئاموون، بە هۆی دەست نەبردنی بۆ خزینەکانیان ناوی کەمبۆجییەیان بە باشی و رێزەوە دەهێنا.

سەبارەت بە باشووری میسر لە مەمفیس هەندێ باس، هاندەر بوو بۆ ئێرانییەکان تا بچنە ئەو شوێنە بۆ دیتنی و دەووترا لە کۆتایی باشووری میسر و لەو شوێنەی ئاوی نیل لە شاخەکان دەرژێتە خوارەوە، شارێك بە ناوی (شاری زێرین) هەیە کە هەموو شتێك لەو شارە لە زێرە و خەڵكماڵەکانیان لە زێر دروست دەکەن و ئەو بردانەی خەڵك بۆ دروستکردنی خانوو بەکاریان دەهێنن لە زێر دروستکراون.

لە ئەوێ شێر، فیل، کەرگەدەن و زەڕافە زۆرە و جۆرە مەیمونێکی لێ یە کە کاتێك هاوار دەکەن، گوێی بیسەر کەڕ دەبێت و ئەوەندە بە هێزن کە هەردوو قاچی شێر دەگرن و بە گوشاری

(٣) (بە داخەوە زەبیحوڵڵا بۆ شتە باشەکان تەواوی ئەو لەشکرە بە ئێرانی دەزانێت و وەك ئەو دەڵێت ئەو لەشکرە لە ١٦ خێڵی ئێرانی (نەتەوەی ئێرانی) پێکهات بوو، بەڵام ئێستا بۆ بەرز ڕاگرتنی ئێرانی بوون باس لە بوونی خەڵکی نا ئێرانی دەکات و تاوانی نارێکی دەداتە پاڵ ئەوانی تر و ئەو بابەتەش لەلایەك بیری پان ئێرانیزمەکان زیندوو دەکاتەوە و لە لایەکی تر دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەوکات ئەو ئێرانەی بە نەخشەی سیاسی ئێستا دەوترێت نەبووە و ئەو لەشکرش لەشکری هەخامەنشی بووە نەك لەشکری ئێرانی و بە زۆرەملێ دامەزراوە، وەرگێڕ بۆ کوردی.)

زۆر دوو دەستەکانیشی دەپچڕێنن. ئەویٚ زۆر دوورترە لە سەرزەوی (کووش) و دوای گەیشتن بە کووش، دەبێت چەندین مانگ بڕۆن تا دەگەنە (شاری زێڕین) و ئەویٚ لە سەرچاوەی رووباری نیلە و هەرکەسێك بگاتە ئەو سەرچاوەیە دەگاتە کۆتایی جیهان و دوای ئەویٚ جیهانی تر نییە و دەیانووت کە خەڵکی ئەو شارە پێنج سەد ساڵ دەژین و زمانی هەموو ئاژەڵەکان دەزانن و لە گەڵ میمون و فیلەکان دەدوێن.

ئەوەندە باسی جوانییەکانی زێڕین شار کرا کە کەمبۆجییە بڕیاریدا هەندیٚ کەس بنێرێت بۆ ئەو شارە و ئەوان ئەو شارە ببینن و لە گەڕانەوەدا هەندێك لە زێڕی ئەو شارە و چەند کەسێکی ئەو شارە بێنن تا پاشا بیانبینێت و دواتر ئەگەر توانی پاشا خۆشی بچێتە ئەو شارە. پاشای ئێران سەد کەس لە پیاوانی فارس و تەبەرستانی بە فەرماندەیی کەسێك بە ناوی گایۆمەرت (ئەو ناوە لە فارسیدا بۆتە کیومەرث) نارد بۆ ئەو شوێنە و پێداویستی ژیانی پێدان و گایۆمەرت ڕاسپێردرا تا بە درێژایی رووباری نیل بەرەو باشوور بڕوات و دوای تێپەڕبوونی لە سەرزەوی کووش، بەردەوام بیٚ لە ڕۆیشتن بەرەو باشوور تا دەگاتە زێڕین شار و دوای بەدەست هێنانی نموونەی زێڕ و چەند کەسێکی ئەو شارە بگەڕێتەوە.

سەد سەربازی کەمبۆجییە لە بەهاری ساڵی (٥٢٤ پ. ز) بە درێژایی رووباری نیل کەوتنەریٚ و بە هۆی گەرما زۆر ئازاریان چەشت. ئەوان بە درێژایی میسریان ڕۆیشتن تا گەیشتنە ئەو شوێنەی بە (ئەسوان)[٤] ناسراوە. دوای تێپەڕبوون لە ئەسوان، گەیشتنە یەکەم تاڤگەی رووباری نیل لە (باکوور بۆ باشوور) و دواتر چەند تاڤگەی تریان جیٚ هێشت، دوای ئەوەی سەرزەوی کووشیان جیٚ هێشت گەرما نەما، چونکە گەیشتنە ناوچەیەکی شاخاوی و دواتر گەیشتنە ناوچەیەکی بەرداوی و نارێك، کە چیتر ڕۆیشتن بە ئەسپ لە ناویدا نەدەکرا و گایۆمەرت فەرمانیدا کە ئەسپەکان بەر بدەن و بە پیٚ بکەونە ڕێگا بڕین.

ئێرانییەکان بە درێژایی رووباری نیلەوە ڕێگایان دەبڕی و هەندیٚ جار بە دۆڵی باریك، کە هەر دوو لایان شاخی بەرز بوون، دەرۆیشتن و شاخەکان ئەوەندە بەرز بوون کە ڕێگر بوون لە بەرکەوتنی هەتاو بە دۆڵەکان. هەندێکات لە دۆڵەکان دەردەچوون و دەگەیشتنە شوێنی فراوان و ڕانە زەررافە و فیلیان دەدیتن و شەوانەش بە بیٚ پسانەوە دەنگی شێر بەر گوێیان دەکەوت،

---

(٤) (ئەسوان ناوچەیەکە لە میسر کە ئێستا ئاوبەندی مەزنی میسر بە ناوی سد العالی لە ئەویٚ بینا کراوە، زەبیحوڵڵا.)

دواتر سەرما زیاتر بوو و ئەوان ناچاربوون کە شەوانە ئاگر بکەنەوە و هەندێ کاتیش بە کاتی ڕۆژ یا شەو باران دەباری و هەوای ساردتر دەکرد.

هیچ مرۆڤێك بەرچاوی ئەوان نەدەکەوت و لە تەنیشت نیل کە ئیدی وەك ڕووبارێکی بچووکی لێهاتبوو، نیشانەی هیچ ئاوەدانییەك نەبوو. دواتر لە ناوچەی شاخاوی دەرچوون و گەیشتنە ناوچەیەکی دارستان و گەرم و لە ئەوێ مرۆڤە جەنگەڵیەکان (مەبەست گوریللایە) بەرچاو کەوت کە قاچەکانیان کورت و دەستەکانیان درێژ و جەستەیان زۆر تووکن بوو و کاتی هاوار کردن، قیژەیان ئەوەندە بەهێز بوو کە گوێی ئازار دەدا و ئێرانییەکان گوێیان دەگرت تا دەنگی ئەوان نەبیستن.

لەو ناوچەیەش تێپەڕبوون و دیسان گەیشتنە ناوچەی شاخاوی و هەوا سارد بۆوە و ئەوانیش کاتێك لە میسر کەوتنەڕێ بە بیری ئەوەی بەردەوام لە شوێنی گەرم دەبن، بەرگی زستانیان نەهێنابوو و لە دەست سەرما زۆر کەوتنە ئازارەوە. ڕووباری نیل کە لە ڕێرەوی کۆتایی وەك دەریای لێدەهات، لەو شوێنە وەك جۆگایەکی بوو و ئەوانیش کەسیان نەدەدیت پرسیاری دووری شاری لێ بکەن.

بە بینینی هەر شاخێك، سەربازەکان وایان دەزانی زێرین شار لە دوای شاخەکەیە و دوای گەیشتنیان بە داوێنی شاخەکە، دیسان شاخێکی تریان دەکەوتە بەرچاو. ئەوان ئەوەندە ڕۆیشتن تا ڕۆژەکان تەواو کورت بوونەوە و زانیان لە کۆتایی وەرزی پاییزن و هێشتا نیشانەیەك لە زێرین شار بەدی نەدەکرا.

بەردەوام ئەندامانی ئەو دەستەیە گلەییان لە ماندوو بوون و دووری ڕێگاکە دەکرد و داوای گەڕانەوەیان دەکرد، گایۆمەرتی فەرماندەیان دەیوت: ئایا ئێوە پێش هاتن لە میسر نەتان بیست بوو کە بەرەو کۆتایی جیهان دەڕۆین و ئەوەی بەرەو کۆتایی جیهان دەڕوات، دەبێت بەرگەی ماندوو بوون و درێژی ڕێگا بگرێت، لە بەرانبەردا کاتێك گەیشتنمان بە زیرین شار، ئەوەندەی دەتانەوێت زێرتان دەست دەکەوێت و کاتی گەڕانەوە لە گەڵ خۆتان بۆ میسری دەبەن.

ڕۆژێك دوای دەرچوونیان لە ناوچە شاخاویەکان گەیشتنە ناوچەیەکی بەدار داپۆشراو و دیتیان کە تا بە چاو دیارە زەوی تەختە، ئەوان ماوەی پێنج ڕۆژ لەو ناوچە تەختانییە ڕێگایان بڕی و ڕۆژی شەشەم لە دوورەوە چاویان بە ئاوەدانییەك کەوت و لە خۆشیان هاواریان کرد.

هەرچەندە ئەو ئاواییەی لە دوورەوە دیاربوو بە زێرین شار نەدەچوو، بەڵام ئەوان وایان بیرکردەوە دەتوانن لەو ئاواییە زانیاری وەربگرن و ڕێ پێشاندەر لە گەڵ خۆیان ببن. کاتێك گەیشتنە ئاواییەکە دیتیان کە لە کەناری دەریاچەیەکی گەورەیە و ئەو ڕووبارەی کە بە درێژایی ئەودا ڕێگایان دەبڕی، لەو دەریاچەیە دێتەدەرێ.

دانیشتوانی ئەو ئاواییە خەڵکانێکی کورتە باڵا و ڕەش پێست بوون و کاتێك سەربازەکانیان دیت، لێ یان نزیك بوونەوە و پێ دەکەنین و دەستیان بە پێستیان دادەهێنا، دەرکەوت سپییەتی پێستی ئێرانییەکان وێرای ئەوەی بە هۆی هەتاو ڕەش ببوو، بۆ ئەوان جێگەی سەرسوڕمانە.

گایۆمەرت بە زمانی میسری کەوتە دوان لەگەڵ ئەوان، بەڵام کەس لە زمانی ئەو تێ نەگەیشت و ژنێك دەستی ئەوی گرت و بەرەو خانووەکانی ئاوەدانییەکەی برد و چۆوە یەکیان، لە خانووەکە ڕەش پێستێکی پیری لێ بوو و ژنەکە بە ئیشارە وتی لە گەڵ ئەو بدوێ. گایۆمەرت وتی: ئێرە کوێیە و تۆ کێی؟

ئەو پیاوە بە زەردەخەنەوە بە زمانی میسری وتی: ئێرە (تراتە) و منیش گەورەیانم.

گایۆمەرت وتی: لێرە تا زێرین شار چەند دوورە؟

پیرەمێردە وتی: لەو سنوورە هیچ شاری لێ نییە و تەنها یەك گوندی لێ یە کە ئێرەیە و ئەگەر لێرە تێپەڕبن ئەوا ئاوەدانی تر نابینن.

گایۆمەرت وتی: ئێمە بیستوومانە زیرین شار لە سەرچاوەی ڕووباری نیلە و لە ئەوێ ڕووباری نیل لە شاخ دەردەچێت.

پیرەمێرد وتی: لە نێوان خەڵکی ئەو ئاوەدانییە تەنها من زمانی میسری دەزانم، چونکە تەنها من سەفەرم کردووە و ئەگەر بە تۆیان وتووە کە سەرچاوەی نیل لە شاخ دێتە دەرەوە، درۆیان لەگەڵدا کردووی و نیل هەر ئەو ڕووبارەیە کە لەو دەریاچەیە دێتە دەرەوە.

گایۆمەرت وتی: ناوی ئەو دەریاچەیە چییە؟

پیرەمێرد وتی: دەریاچەکەش ناوی تراتە.(٥)

گایۆمەرت وتی: کاتێك ئێمە لە میسر بووین بیستمان ڕووباری نیل سەرچاوەکەی لە شوێنێکە زیرین شاری لێ یە.

---

(٥) (ئەو دەریاچەیەی کە ڕووباری نیلی لێ دەڕژایە دەرەوە، لە بیست و پێنج سەدە پێش بە دەریاچەی ترات ناودەبرا و ئێستا بە دەریاچەی ڤیکتۆریا ناسراوە. زەبیحوڵڵا)

پیرەمێرد بە زەردەخەنەوە وتی: شاری زێرین ئێرەیە.

گایۆمەرت وتی: بەڵام من لێرە هیچ زێر نابینم و لە میسر بە ئێمەیان وت کە خانووەکانی زێرین شار لە بەردی زێر دروستکراون.

پیرەمێرد وتی: لێرە ئێمە خانووەکانمان لە بەردی زێر دروست ناکەین، بەڵام شتێکمان هەیە کە باشترین زێرە و ئەویش بێ نیازییە و لێرە کەس پێویستی بە هیچ نییە و بۆیەش کەس ڕق و کینەی لە کەس نییە، دڵنیام سەرنجت دا کاتێك تۆ و پیاوەکانت هاتنە ئاوایەکە، خەڵك بە پێکەنین و مهربانییەوە ئێوەیان وەرگرت، هەرچەندە نەیاندەناسین و ئێستاش خۆت و پیاوەکانت لە کەناری دەریاچە دابنیشن، تا بە خەڵك بڵێم خواردنتان بۆ بێنن.

گایۆمەرت وتی: ئایا ئێوە لێرە خواردەمەنیتان هەیە؟

پیرەمێرد وتی: دەریاچە پڕە لە ماسی و جەنگەڵ پڕە لە ئاژەڵی بە قۆچ و ئێمەش هەر چەندی پێویست بکات گەنمەشامی دەچێنین و بۆیە هیچ کات بە هۆی کەمی و نەبوونی خواردەمەنی ناکەوینە تەنگەتاوی.

ئەو ڕۆژە و بیست و چوار سەدە پێش (د. لیوین گەستن) کە بەریتانی بوو، ئێرانییەکان بە فەرماندەیی گایۆمەرت بە کەناری نیلدا ڕۆیشتن و توانیان سەرچاوەکەی کە دەریاچەی تورات بوو، بدوزنەوە و د. لیوین لە سەدەی نۆزدەهەم جارێکی تر ئەوێی دۆزییەوە و ئەوەش بۆ ئێرانییەکان شانازییە.

ئەو دەستەیەی بە فەرماندەیی گایۆمەرت چوونە زێرین شار، چل و دوو کەسیان گەڕانەوە و ئەوانی تر بە هۆی جیای وەك نەخۆشی و گەستنی مار و ... هتد مردن و کاتێك گایۆمەرت لە سەرچاوەی ڕووبارەکە گەڕایەوە، نەیتوانی بۆ کەمبۆجییە لەگەڵ خۆیدا زێر بباتەوە، بەڵام ژن و پیاوێکی خەڵکی ئەو شوێنەی برد بۆ لای کەمبۆجییە تا ئەو بزانێت ئەو خەڵکانەی لەوێ دەژین، ڕەنگ و باڵا و هەڵکەوتەی جەستەیان چوونە. بە هۆی ئەوەی ڕووباری نیل دوو سەرچاوەی هەیە کە یەکیان دەریاچەی ڤیکتۆریا و ئەوی تر لە وڵاتی حەبەشەیە، دواتر پاشای ئێران دەستەیەکی تری نارد و ئەوانیش سەرچاوەکەی تری ڕووباری نیلیان دۆزییەوە کە لە حەبەشە بوو.

کاتێك کەمبۆجییە گەیشتە میسر، ئەوان ڕێنووسی (ئەلف با) یان هەبوو و لە ڕێنووسی وێنەیی کۆنیان وەرگرتبوو، بەڵام ئەو کات کەس لە میسر نەیدەتوانی ڕێنووسی وێنەیی بخوێنێتەوە. ڕێنووسی وێنە وەك دەزانین لە وێنەی مرۆڤ و ئاژەڵەکان دێتەکایەوە و لە سەرەوە

بۆ خوارەوە دەخوێندرێتەوە و کەمبۆجییە لە هەندێ لە بینا کۆنەکانی میسری ئەو ڕێنووسەی بینی بوو و داوای لە میسرییەکان کرد بۆی بخوێننەوە، بەڵام ئەوان ڕێنووسی کۆنی خۆیان بۆ نەدەخوێندرایەوە. بۆیە کەمبۆجییە چەند کەس لە ئێرانی و میسرییەکانی ڕاسپارد تا ئەو ڕێنووسە بخوێننەوە و سەرەنجام توانیان بە یارمەتی ئەو نووسراوانەی لە سەر پاپیرۆس بوون، ڕێنووسی کۆنی میسر بخوێننەوە و بیست و چوار سەدە پێش شامپۆلیۆنی فەرەنسی کلیلی خوێدنەوەی ڕێنووسی کۆنی میسریان دۆزییەوە.

خوێندنەوەی ڕێنووسی کۆنی میسر بۆوە ئامڕازێك بە دەست ئێرانییەکان تا ئەو بەشەی مێژووی میسر بدۆزنەوە کە تەنانەت لای میسرییەکانیش دیار نەبوو و ئەو مێژووانەیان لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵانە کۆکردەوە کە ئێستا بە پەرتووك ناودەبرێت و لە کۆشکی پێرسپۆلیس دەپارێزران و ئەگەر ئەسکەندەر ئەو کتێبخانەی نەسوتاند بوایە، ئەوا مێژووی میسر کە ماوەی سەدە و نیوێکە بە هێواشی لە ڕێگەی بەڵگەنامە مێژوویی و کەتیبەکانی ڕێنووسی وێنەیی بەردەست دەکەون، بەر دەستی جیهانیان دەبوون. پەرتووکخانەی ئێران دووجار لەناو چوو، یەکەم لە کۆتایی دەسەڵاتی هەخامەنشی بەدەست ئەسکەندەر و دواتر لە کۆتایی دەسەڵاتی ساسانییەکان.

باسمان کرد کە لە سەردەمی کوروش بازرگانی ئێران لە ناوچەی مەدیتەرانە زۆر فراوان بوو و دوای جێگیر بوونی کەمبۆجییە لە میسر، بازرگانی ئێران کە پێشتر لە گەڵ میسر هەبوو زۆرتر لە جاران لەو وڵاتە پەرەی گرت. بەڵام نەبوونی ڕێگەی پەیوەندی لە نێوان دەریای قەلزەم و مەدیتەرانە، ڕێگر بوو لەوەی کە کەشتییە جەنگی یا بازرگانییەکان بتوانن لە مەدیتەرانەوە بچنە دەریای قەلزەم و بە پێچەوانەوە.

فەرماندەی هێزی دەریایی کەمبۆجییە، هیست ئەسپ بە کەمبۆجییەی وت: نەبوونی پەیوەندی لە نێوان دەریاکانی مەدیتەرانە و قەلزەم، بۆتە هۆی نەبوونی پەیوەندی لە نێوان کەشتییە جەنگییەکانی ئێران لە دەریای مەدیتەرانە و دەریا باشووریەکان و دەریای قەلزەم، ئەگەر پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو دەریایە هەبێت کەشتییە جەنگییەکانمان هەر کاتێك بیانەوێت دەتوانن لە یەك شوێن کۆببنەوە.

ئەو بابەتە و بەرژەوەندییە بازرگانییەکان، کەمبۆجییەی هاندا بۆ دروستکردنی کەناڵێك لە نێوان رووباری نیل و دەریای قەلزەم، تا کەشتییەکان بتوانن لە دەریای قەلزەم لە رێگەی رووباری نیل بچنە ناو دەریای مەدیتەرانە و بە پێچەوانەوە.

بیرۆکەی هەڵکەندنی کەناڵ لە سەردەمی کەمبۆجییەدا هاتە پێش و کارە سەرەتاییەکانی ئەو کەناڵەش هەر لە سەردەمی ئەودا ئەنجام دران، بەڵام داریوش کاری هەڵکەندنی ئەو کەناڵەی جێبەجێ کرد و ئەو دوو دەریایەی لە رێگەی رووبارەوە بەیەکەوە گرێدا و دوای ئەوە کەشتییەکان دەیانتوانی لە نێوان دوو دەریاکە هاتووچۆ بکەن.[٦]

کەمبۆجییە بۆ دروستکردنی پەیوەندی مەعنەوی، هیچ کارێکی کولتووری ئەنجام نەدا و ئەو کارانە لە سەردەمی جێنشینەکەی ئەو واتە داریوش بە ئەنجام گەیشت و ناوی هەندێ لە شارەکانی میسری بۆ شارەکانی ئێران بەکار هێنا و بە پێچەوانەشەوە و هێشتاش هەندێ لەو ناوانە وەك (تەبەس) و (کەم)[٧] کە دواتر گۆڕا بە (قۆم) بە ناوە کۆنەکانیان ناو دەبرێن.

دوای جێگیربوونی کەمبۆجییە لە میسر، هەرەمەکانی میسر بابەتێك بوو کە بەردەوام بۆ کەمبۆجییە و سەربازەکانی مایەی سەر سورمان بوو، ئەوکات هەرەمەکان هێشتا بەردەوام نۆژەن دەکرانەوە و بە هۆی رووپۆشە مەرمەرەکانیان، لە رووناکی هەتاو و مانگدا وەك ئاوێنە دەدرەوشانەوە و فێرعەونەکانی میسر، نۆژەن کردنەوەی ئەو هەرەمانەیان بە ئەرکی خۆیان دەزانی. ئێستا رووپۆشی هەرەمەکان نەماوە و تەنها بەردە سەرەکیە پکهێنەرەکانیان ماوە (تەنها لە هەرەمی کۆفۆ دووملیۆن و نیو بەرد هەیە و کێشی هەر بەردێك دووتەن و نیوە) و

---

(٦) (ئەو کەناڵە بەهۆی نەبوونی چاودێری، بە لیتە و خیز پڕ بۆوە و وشکبوو. لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم (فێردیناندۆ لێس پێس) کە خەڵکی فەرانسە بوو، ویستی لە نێوان دوو دەریاکە پەیوەندی دروست بکات. بە بیانووی ئەوەی کەشتییەکان گەورەن و ناتوانن بچنە ناو رووبار، بیروکەی بەیەك بەستنەوەیان لە رێگەی رووبارەکە وەلانا و بیری لە کەناڵێکی ڕاستەوخۆ لە نێوان هەر دوو دەریا کردەوە و ناوی کەناڵی سوئێزی لێنرا. زەبیحوڵڵا)

(٧) (ناوی کۆنی میسر کەم بووە و عبرییەکان میسریا بە میرزایی یا **میضرایي** ناوبردووە و وشەی میسر کە لە زمانی عەرەبیەوە هاتۆتە ناو زمانی فارسی، هەمان وشەی **میضرایي** عبریە، ئەگەرنا میسرییەکان وڵاتی خۆیان بە کەم ناودەبرد. زەبیحوڵڵا.)

کاتێك کەمبۆجییە زانی ئەو هەرەمانە، گۆڕستانی فیرعەونەکانی میسرن و هەرگیز وێران نابن، هەوڵیدا هەرەمێك بۆ خۆی دروست بکات تا دوای مردنی لە ئەوێدا بنێژرێت.

ناوچەی صخره لە کەناری رووباری نیل، لە لایەن کەمبۆجییە بۆ دروستکردنی هەرەمەکە دیاری کرا و ئێستا لەو شوێنە هەرەمێکی شەش نهۆمی دەبیندرێت، بەڵام هەرەمی ئەو نییە و تەمەنی کەمبۆجییە یارمەتی نەدا تا هەرەمی خۆی تەواو بکات، چونکە تەواوکردنی هەرەمێکی هاوشێوەی کۆفۆ بەو مەرجەی سەد هەزار کرێکار کاری لیٚ بکات، پێویستی بە بیست و پێنج ساڵ هەبوو و داریوش دەیویست لە وڵاتی خۆیدا بنێژرێت و بۆیە دوای مردنی کەمبۆجییە، هەموو ئەو بەردانەی بۆ هەرەمەکە ئامادەکرابوون لە خانوو و بینای تردا بە کاری بردن.

دەوترێت ئەو هەرەمەی کەمبۆجییە ویستی بینای بکات، لە شێوەی هەرەم نەبوو و دەکەوتە سوریا، بەڵام هەردوو وتنەکە گریمانی لاوازن. ئەو گێرانەوەیە هەرچەندە لاوازە، بەڵام دەردەکەوێت کەمبۆجییە ویستوویەتی وەك هەریەکە لە فیرعەونەکان، پێش ئەوەی بمرێت هەرەمی خۆی ئامادەبکات، واباوە مرۆڤ بە نزیك بوونەوە لە مردن گۆڕی خۆی ئامادەدەکات.

ئەوکات کەمبۆجییە لە تەمەنی لاوی بوو و لەو تەمەنشدا مرۆڤ ناکەوێتە بیرکردنەوە لە دروستکردنی گۆر بۆ خۆی. میسرییەکان لە تەمەنی دەساڵیەوە کە لای ئێمە بە تەمەنی منداڵی دەژمێردرێت، دەکەوتنە پاشکەوتی پارە و زێر بۆ دابین کردنی تێچووی دروستکردنی گۆڕ و مۆمیایی کردنی جەستەکەی.

لەوکاتێکدا کەمبۆجییە بە پیلانێکی باش بەربەرەکانی ڤاتی و نەبوونی لە میسر دەکرد، ڤانسی کۆنە ئەفسەری میسر هەوڵی پیلانگێرانی دەدا لە دژی ئەو و دەزانین کە ئامۆژگارییەکانی ڤانس لە کاتی لەشکرکێشی و جەنگی کەمبۆجییە لە دژی فیرعەون زۆر بەسوود بوون و دوای جەنگیش کەمبۆجییەی پلەی ڤانسی بەرز کردەوە، بەڵام ڤانس لەوە ڕازی نەبوو و باوەڕی وابوو ئەو پاداشتەی پێی دراوە، زۆر کەمترە لەوە خزمەتەی بە کەمبۆجییەی کردووە.

ڤانس چاوەروان بوو دوای کۆتایی جەنگ، کەمبۆجییە فەرمانڕەوایی میسر بە ئەو بسپێرێت و لە جیاتی فیرعەونی دابنێت. ئەو وای بیردەکردەوە دوای تەواو بوونی جەنگ و کۆکردنەوەی دەسکەوتەکانی جەنگ، لەشکرەکەی دەبات و دەڕواتەوە بۆ ئێران و فەرمانڕەوایی میسر بە ئەو دەسپێرێت، بەڵام کەمبۆجییە بە پێچەوانەوە لە میسر نەگەڕایەوە و لەو شوێنە نیشتەجیٚ بوو و لە گەڵ ئەوەشدا ڤانس هێشتا ئۆمێدی هەبوو، بەڵام مانەوەی کەمبۆجییە لەو

وڵاتە درێژەی هەبوو و ڤانس بیری کردەوە کە هەرگیز نابێتە فەرمانڕەوا و بۆیە بڕیاریدا بە پیلانێك کەمبۆجییە لە دەسەڵات لابدات و خۆی بگەیێنێتە دەسەڵات.

پیلانی ڤانس بەو شێوەیە دارێژرا کە: فێرعەون کە ئەسیری پاشای هەخامەنشی بوو و لای خەڵکی میسر خاوەن ڕێز بوو، بدزێتەوە و بیبات بۆ لیبیا کە لەشکری دەریایی فێرعەونی لێ بوو و دوای گەیشتنی بۆ لیبیا کە دەکەوتە ڕۆژئاوای میسر، بە هۆی لەشکری دەریایی میسر کە بێ گومان بەرانبەر بە فێرعەون وەفادار ماون، سەرلە نوێ فەرمانڕەوایی فێرعەن نوێ دەکەنەوە و بە زووترین کات لەشکرێکی گەورە لەو پیاوانەی وەفادارن بە فێرعەون دێن و فێرعەون فەرماندەیی ئەو هێزە بە ڤانس دەسپێرێت و ئەویش کە پێشتر بۆتە هۆی سەرکەوتنی کەمبۆجییە بە سەر لەشکری میسردا، دەتوانێت فێرعەون سەرکەوتوو بکات. دوای ئەوەی فێرعەون دەسەڵاتی جارانی دەکەوێتەوە دەست و دەبێتەوە پاشا، ڤانس دەکاتە دەسەڵاتداری میسر و ئەگەر وای نەکرد، بە هۆی ئەوەی خۆی سەرۆکی لەشکرە، دەتوانێت فێرعەون لابدات و لەناوی ببات و خۆی جێگەی بگرێتەوە.

ڤانس دوای وەرگیرانی بۆ خزمەتی لەشکری ئێران، کرایە ئەفسەری پایەبەرز و بە هۆی پلەکەیەوە دەیتوانی بەردەوام بچێتە لای فێرعەون. یەکەمجار کە فێرعەون ئەوی دیت، رووی لێ وەرگێڕا چونکە دەیزانی ئەو پیاوە خیانەت و ناپاکی بەرانبەر کردووە و یارمەتی کەمبۆجییەی داوە و بۆتە رێ نیشاندەری لەشکرەکەی لە میسر.

ڤانس وتی: ئەی فێرعەون، من هاتووم تا تووڵەی ڕابردوو بکەمەوە و بە خزمەتێك ببمە مایەی ڕەزامەندیتان.

پەزئاموون وتی: خزمەتە گەورەکەت چییە؟

ڤانس وتی: خزمەتی گەورەی من، بریتییە لە گەڕاندنەوەتان بۆ سەر تەختی پاشایەتی.

فێرعەون وتی: تۆ بە بێ ئەوەی هێزت هەبێت، چۆن دەتوانی من بگەڕێنییەوە بۆ سەر تەختی پاشایەتی؟

ڤانس وتی: ئەگەر فێرعەون لە میسر دەربچێت و بەرەو لیبیا بڕوات، ئێمە دەبینە خاوەن هێزێکی گەورە و هەر ئێستا هێزی دەریایی تۆ لە لیبیا وەك خۆی ماوەتەوە، بەڵام فەرماندە دەریاییەکانتان بە هۆی نەبوونی سەرکردە ناتوانن هیچ بکەن و پێویستە یەکێك ببێتە

فەرماندەی ئەوان کە هەموویان گوێرایەڵی بن و ناوی ئەو کەسە ببێتە هۆی کۆبوونەوەی هێز لە ئەوان و ئەو ناوە تۆی ئەی فێرعەون.

من پێش ئەوەی بیرۆکەی دەرچواندنی فێرعەونم لە وڵات بەرەو لیبیا بۆ بێت، دەمتوانی کەمبۆجییە بکوژم و بەڵام بۆم دەرکەوت ئەگەر ئەو کارە ئەنجام بدەم، خۆم دەکوژرێم و ناتوانم فێرعەون بگەیێنمەوە سەر تەختی پاشایەتی، چونکە سەربازانی گاردی جاوید بەردەوام پارێزگاری لە کەمبۆجییە دەکەن و تەنها ئەو کەسەی دەست لە ژیان بشوات، دەتوانێت ئەو بکوژێت و چونکە من دەبێت بە زیندوویی بمێنم تا بتوانم ئەو کارە بکەم و کەسیشم نییە کە بەو رادەیە متمانەم پێ هەبێت تا ئەو ئەرکەی پێ بسپێرم.

ڤانس ڕاستی دەکرد و نەیدەتوانی کەس ڕاسپێرێت بۆ کوشتنی کەمبۆجییە، چونکە هەموان دەیانزانی ئەو بەرانبەر بە فێرعەون ناپاك بووە و یارمەتی کەمبۆجییەی داوە و کەس ئامادە نەبوو پێشنیاری ئەو پەسەند بکات و هەروەها نەیدەتوانی بڕوات بۆ لیبیا، چونکە دەیزانی تەنانەت ئەگەر نەشیکوژن ئەوا گوێ لە بانگەوازەکەی ناگرن، بەڵام فێرعەون کەسێکی جیا بوو و ڤانس گومانی نەبوو کە بە گەیشتنی ئەو بۆ لیبیا، ناوەندێکی گرنگی جەنگی بۆ پێك دێت و نەتەنیا خەڵکی لیبیا، بەڵکو هەموو ئەو میسریانەی کە دەتوانن میسر بەجێ بهێڵن، دێن و دەبنە بەشێك لە لەشکری ئەو و لەشکرێکی گەورە پێك دەهێنن و دوای ئەوە بە قسە و ناو فێرعەون دەبێتە فەرماندەی لەشکر و بە کردەوەش ئەو دەبێتە هەمەکارەی لەشکر و دوای لەناو بردنی کەمبۆجییە یا دەرکردنی لەشکرەکەی لە میسر، دەتوانێت فێرعەون لەناو ببات و ببێتە فەرمانڕەوای میسر.

خەڵکی لیبیا و میسر بە دڵنیاییەوە بانگەوازی فێرعەونیان پەسند دەکرد، چونکە ناوبراو لە لای ئەوان خوا بوو و هەر فێرعەونەك لە میسر دەبۆوە پاشا، بە (شا خودا) دەناسرا و پایەکانی خوایەتی و پاشایەتیان دەبوو و پاشاکانی میسر خۆشیان ڕازی بوون ببنە خوا.

لە میسر هەموو شتێك و هەموو کەسێك هی شاخودا بوون و تەواوی چینەکانی خەڵك خۆیان بە بەندەیان دەزانی و هەرچی لە میسر هەبوو، جگە لە گەنجینەی (ئاموون) خوای گەورەی میسر کە کاهینەکان سوودیان لێ وەردەگرت، هەمووی بە هی فێرعەون دەزاندرا. بۆیە ئەگەر فێرعەون لە بەندی ئەسیری ڕزگاری ببوایە و چووبوایە بۆ لیبیا و فەرماندەیی

لەشکرە دەریاییەکەی وەرگرتبایە، خەڵك بە گشتی فەرمانیان پەسەند دەکرد و دەهاتن بۆ پاڵپشتی ئەو.

ئەو نەخشەی ڤانس بۆ هەڵاتنی فیرعەون لە میسر، بۆی خستەروو بەم شێوەیە بوو:

(بەهۆی ئەوەی ڤانس ئەفسەری پایە بەرز بوو، بەردەوام یەك یا دوو خزمەتکاری بە بەرگی سەربازی لە گەڵ بوون و دەیتوانی لە شاری مەمفیس لە گەڵ ئەو خزمەتکارانەی بچێتە ئەو کۆشکەی کە فیرعەون تێیدا لە ژێر چاودێری بوو. ئەو لەو رۆژەی دەیویست فیرعەون بدزێت، لەگەڵ یەك لەو خزمەتکارانە دەچۆوە ژووری فیرعەون و هەمووان دەیاندیت کە لەگەڵ یەك خزمەتکار چۆتە ژوورەوە و بۆیە کاتێك تەنها لەگەڵ خزمەتکارێك دەهاتەدەر کەس دووچاری سەرسوڕمان نەدەبوو و تەنها جیاوازی ئەوەبوو کە لە کاتی دەرچوونی ئەو کەسەی لە گەڵ ئەودا دەبوو، فیرعەون بوو نەوەك خزمەتکارەکە.

دوای ئەوەی ڤانس دەچۆوە ژووری فیرعەون، دەبوایە بەرگی سەربازی خزمەتکارەکە بکاتە بەر خۆی و بەر لە هاتنە دەرەوەیان لە کۆشکەکە، ڤانس خزمەتکارەکەی دەکوشت تا دواتر ئەوەی دیتوویەتی بۆ کەسی باس نەکات و فیرعەونیش کە هەروەك فیرعەونەکانی تر ریش و سمێڵی نەبوو، کەس نەدەکەوتە گومان کە خزمەتکارەکە نییە و بەو چەشنە دەهاتنە دەرەوە و دوای ئەوەی بتوانن لە کۆشك دەربچن، بەرەو ئەو کەشتییە دەچن کە لەسەر رووبار چاوەڕوانیانە و بە هۆیەوە لە مەمفیس دەردەچن و رێگەی باکوور دەگرنە بەر تا لە میسر دەردەچن و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا دەبێت ڕەفتاریان بە شێوەیەك بێت کە سەرنشینەکانی کەشتییەکە واتێبگەن کە یەکیان خزمەتکاری ئەوەی تریانە.

دوای دەرچوون لە میسر، ئەوان لە کەشتی رووبار دادەبەزن و بە کەشتییەکی دەریایی خۆیان دەگەیێننە لیبیا و بە گەیشتنیان بۆ ئەوێ، پەزئاموون دەبێتەوە فیرعەونی ڕاستەقینە و دەبێتەوە پاشا.)

پەزئاموون وتی: ڤانس تۆ جارێك ناپاکیت لە گەڵ مندا کردووە و چۆن دەتوانم بە ئاسانی متمانەت پێ بکەم کە لە گەڵمدا ڕاستگۆ دەبی و جارێکی تر ناپاك نابی؟

ڤانس سوێندی بە ئاموونی خوای گەورەی میسر خوارد کە ناپاك نابێت لە گەڵ ئەودا و پەزئاموون سوێندەکەی پەسەند نەکرد.

ڤانس وتی: بۆ ئەوەی دڵنیا بی کە خیانەت ناکەم، بەڵگەنامەیەکتان پێدەدەم کە بەڵگەی خاوەنداریەتی قبرەکەمە و هەروەها ئەو پارەی لە ژمارەی پاشکەوتی من هەیە بۆ مۆمیا کردنم لە دوای مردنم. بەرهەمی تەمەنێك لە ماندوو بوونی من ئەوەندەیە و من ئەوانە بە دیاری دەدەمە تۆ و ئەگەر ناپاك بووم بێ گۆڕ دەمرم و تەرمەکەم مۆمیا ناکرێت، ئەگەر ڕاستگۆ بووم ئەو بەڵگە و پارانەم بۆ بگێرەوە.

فێرعەون ئەو پێشنیارەی پەسەندکرد، بەڵام باوەڕی بە سوێند خواردنی بە ئاموون نەکرد، چونکە بێ گۆڕ بوون و مۆمیا نەکران لە میسر، گەورەترین بەدبەختی بوو کە بۆ پیاوێك دەهاتە پێش و گەورەتر لەوە چاوەڕوان نەدەکرا.

لە میسر بە لانی کەم (٢٠٠ پ. ز) تۆماری خاوەنداریەتی هەبووە و تەنها جیاوازی لە گەڵ ئەمڕۆ بریتی بوو لەوەی ئەمڕۆ تۆمارەکان لەسەر کاغەز و لە دەفتەردا دەنووسرێن و ئەوکات لە سەر پاپیرۆس و بەرد تۆمار دەکرد، بەم شێوەیە ڤانس هەمووی ئەوەی هەیبوو کردییە هەدیە بۆ فێرعەون.

دوای ئەوە فێرعەن دڵنیا بوو کە لانی کەم تا ئەوکاتەی دەبێتەوە پاشا، ناپاکی لێ ناکات و بەڵام ئەگەر دەوڵەمەند ببێت لەوانەیە ناپاکی بکات، چونکە دەتوانێت ببێتەوە خاوەن گۆڕ و پاشکەوت.

کەمبۆجییە زانیاری لە بارەی هەدیەکردنی گۆڕ و پاشکەوتەکانی لە لایەن ڤانس، بە فێرعەون پێ گەیشت و بەڵام بۆ ئەو مایەی سەرسوڕمان نەبوو و چونکە ڤانس لە دەزگای تۆماری خاوەنداریەتی گووتبووی: بە هۆی ئەوەی ڤێرعەون ئەسیرە و باری دارایی باش نییە، لە لایەکی تر بە هۆی ئەو ڕووداوانەی ڕوویاندا، دڵی لە ڤانس هێشاوە، بۆیە ئەو کارەی بۆ کردووە و لە ناو خەلکیش ئەو هەدیەیە وەك فیداکاری خزمەتکار بەرانبەر بە گەورەکەی بوو و لە ڕابردووشدا شتی لەو چەشنە ڕوویدابوو.

پیلانی ڤانس هەربەو سادەییە باسکرا دەستی پێکرد و دوای چوونی ڤانس و خزمەتکارەکەی بۆ کۆشك، فێرعەون بەرگی خزمەتکارەکەی لەبەر کرد و دوای ڕووت بوونەوەی خزمەتکارەکە، ئەوی بە هەردوو دەستی خنکاند و لە کۆشکەکە هاتنە دەرەوە و سواری کەشتی بوون و دوودەستە لە کەشتیوانان بە نۆرە سەڵبەیان لێدەدا و تەوژمی ئاویش

کەشتییەکەی خێراتر دەکرد و دوای دەرچوونیان لە رووبار، ڤانس فەرمانی کرد کە کەشتییەکە بەرەو رۆژئاوا بە کەنارەکانی میسردا بڕوات.

سێ شەو و رۆژ کەشتییەکە بە درێژایی کەنارەکاندا لە جووڵە بوو، تا گەیشتە بەندەری (مێرسی مەتروح) و لە ئەوێ ڤانس کەشتییەکەی مۆڵەتدا تا بگەڕێتەوە و لە گەڵ فێرعەون کەشتییەکی دەریاییان بە کرێ گرت کە لە کەنارەکانی دەریا دەدیترا و بەو کەشتییە کەوتنەرێ بەرەو کەنارەکانی لیبیا کە لەشکری دەریایی میسر لەوێ بوو. لە مەمفیس کەمبۆجییە بە ڕاکردنی فێرعەونی زانی، بەڵام چونکە ڤانس و فێرعەون پێشکەوتبوونەوە، ئەو کەشتیانەی کە کەوتبوونە دوایان نەیانگەیشتنێ.

کاتێك کە ڤانس، فێرعەونی گەیاندە لیبیا هەروەك چاوەڕوان دەکرا تەواوی فەرماندە دەریاییەکان بەرفەرمانی خۆیان بۆ فێرعەون ڕاگەیاند و ئامادەیی گیان بەخت کردنیان لە پێناویدا دەربڕی.

گەزنەفۆن نووسیویەتی: پەرستگاکانی ئاموون خوای گەورەی میسر، بە رێگەی نەبینراو هەواڵ سەرلە نوێ بە پاشا بوونەوەی فێرعەونیان لە لیبیا بە یەکتر ڕاگەیاند و بە نهێنی جەماوەریان لەو رووداوە ئاگادار دەکردەوە و رێژەیەکی زۆر زێر و زیویان بە نهێنی بۆ کۆکردنەوەی لەشکر بۆ فێرعەون نارده لیبیا.

ئاریانی مێژوونووسی بەناو بانگی یۆنانی دەڵێت: پەرستگاکانی میسر ئامرازێکی نەبینراویان هەبوو کە بەهۆیەوە پەیوەندیان بە یەکتری دەکرد و هەواڵ لە پەرستگایەك بۆ ئەوی تر دەچوو.

رۆژهەڵاتناسان سەبارەت بە ئامڕازە نەبینراوە لە پەرستگاکانی میسر و هەرەمەکان و (وادی السلاتین) کە گۆرستانی هەندێ لە فیرعەونەکان بوو و کەوتبۆوە رۆژئاوای مەمفیس، لێکۆڵینەوەیان ئەنجامدا و هیچیان نەدۆزییەوە و لە بەڵگەنامە کۆنەکانی میسریشدا، هیچ شتێك نییە دەرخەری بوونی ئەو ئامڕازە نەبینراوە بێت. رۆژهەڵاتناسانی ئەم سەردەمە گریمانیان کردووە کە ئەو ئامڕازە بریتی بووبێت لە (بێ تەل)، بەڵام لەبەر نەبوونی نیشانەیەك بۆ سەلماندنی سوود وەرگرتنی ئەوان لە شەپۆلەکان، هەر ڕادەربڕینێك لەو بارەوە لە شێوەی ئەفسانەی لێ دێت.

فێرعۆن لە لیبیا خۆی بەهێز کرد و نەتەنها هەندێك لە خەڵکی ئەو وڵاتە، بەڵکو هەندێکیان لەو ڕێگایانەوە کە دەیانزانی هاتنە لیبیا و بوونە بەشێك لە لەشکرەکەی و ڤانس بۆوە سەرکردەی ئەو لەشکرە.

کەمبۆجییە بۆ ئەوەی بتوانێت بچێتە جەنگ لە دژی فێرعەون، ناچاربوو تەواوی لەشکرەکەی کە لە میسر و کوش (سودان) و سوریادا بڵاو ببووە، کۆبکاتەوە و ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ پاییزیساڵی (٥٢٤ پ. ز) و ڕووباری نیل بە پێچەوانەی ساڵی پێشوو، ئاوی زۆری بوو و بەڵام ئاوەکە ڕەنگی سوو و لە خوێن دەچوو و کاهینەکان ئەمەیان بە فاڵی خەراپ دیاریکرد.

ڕووداوی سووربوونی ڕەنگی ڕووباری نیل کە جارێکی تر لە سەردەمی حزرەتی موسا و کاتی هەوڵدانی بۆ دەرباز کردنی نەتەوەی یەهود لە میسر، ڕوویدابوو و ڕووداوێکی کەم وێنە بوو. لە ناوچەی ئیستیوایی ئەفریقا کە پاییز دەبێتە وەرزی باران بارینی، ناوچەیەك بە پانتایی زۆر هەیە کە خۆڵی سووری زۆرە و هەر کاتێك کە بارانی زۆر باری بوایە و لافاو هەستابوایە، ئەوا هەندێك لە خۆڵەکەی دەشوشتەوە و دیهێنایە ناو ڕووباری نیل و لە ئاکامدا ئاوی ڕووبارەکە سوور دەبوو و لە پاییزی ساڵی (٥٢٤ پ. ز) ئەو ڕووداوە دووبارە بۆوە و وا هزر دەکرا کە سوور بوونی ئەو ڕووبارە نیشانەی خوێن ڕژانە و خوێن وەك ئاوی ڕووباری نیل دەڕژێت.

دوای سێ ڕۆژ ئاوی نیل ڕەنگی گەڕایەوە دۆخی خۆی و سەرڕێژی ئاو گەیشتەوە ڕادەی ئاسایی و بولبولەکان کە کاتی هەستانی ئاوی ڕووبارەکە دەهاتن، کەوتنە خوێندن و جووتیاران کە دەیانزانی بەرهەمیان بە هۆی ئەو سەرڕێژییەی ئاوی نیل باش دەبێت، خۆشحاڵ بوون. فەرماندەی هێزی دەریایی کەمبۆجییە، (هێست ئەسپ) زانیاری بە کەمبۆجییە گەیاند کە فێرعەون لە ناوچەیەکە بە ناوی (توبرۆك یا توبرۆق) کە ئێستا بە تەبرەق ناسراوە.

کەمبۆجییە دوای زانینی شوێنی ناوەندی لەشکری فێرعەون، لە بەهاری ساڵی (٥٢٣ پ. ز) لەشکرێکی سەد هەزار کەسی بە فەرماندەیی (پۆلدیس) لە ڕێگەی سەحراوە نارد بۆ جەنگی فێرعەون و فەرمانیشی بە فەرماندەی هێزی دەریایی دا کە کاتێك لەشکرەکە گەیشتە لیبیا، یارمەتی بدات و هێزی دەریایی فێرعەون لەناو ببات. ئەو لەشکرە لە ڕێگەی سەحرا و لە ڕۆژی چلەمی بەهار بەرەو لیبیا کەوتنەڕێ.

ئەو لەشکرە دەیتوانی لە کەناری دەریای مەدیتەرانەوە بەرەو رۆژئاوا بڕوات تا دەگاتە لیبیا، بەڵام لەوانە بوو ئەگەر بە کەنارەکاندا بڕۆن بەردەوام هەواڵیان بە ڤانسی فەرماندەی لەشکری فیرعەون بگات و بۆ ئەوەی لەنەکاو بگەنە لایان و ئەوان بێ هەواڵ بن لەو لەشکرکێشییە، بڕیاریاندا بە سەحرادا بڕۆن. ماوەی پانزدە رۆژ لە بەرێ کەوتنی ئەو لەشکرە، پۆلدیس بەردەوام هەواڵی بۆ کەمبۆجییە دەنارد و دوای پازدە رۆژ هەواڵی نەما.

ئەو لەشکرە هیچ کات نەگەیشتە لیبیا و تەنانەت نەشگەڕایەوە و کەمبۆجییەش زۆری هەوڵدا زانیاری لە بارەی ئەو لەشکرە وەربگرێت و بەڵام نەیتوانی بزانێت چارەنووسیان چ بووە و هەندێ کەس پێیان وت لەوانەیە لەشکرەکەی لە سەحرا دووچاری تۆفانی لم هاتبێت و هەموویان لەناو چووبن.

ماوەی بیست و چوار سەدە ون بوونی ئەو لەشکرە سەد هەزار کەسیە لە سەحرای رۆژئاوای میسر و پەیوەست بە لیبیا بە نهێنی مایەوە و تا لە جەنگی جیهانی دووەم هاتە پێش. زاندراوە هێزە سەربازییەکانی بەریتانیا، ئاڵمان و ئیتاڵیا هاتنە ناو دەشتەکانی رۆژئاوای میسر و لیبیا و ماوەی چەندین ساڵ بە زنجیری تانك و زرێپۆشەکان و تایەی ئۆتۆمۆبیلەکانیان هەموو سەحراکەیان گێرە کرد.

بەریتانییەکان بۆ تەقاندنەوەی ئەو مینانەی زەوییەکانیان پێ داپۆشرابوو، جۆرێك تانکیان دروستکردبوو کە دوو باسکی درێژی بەهێزی هەبوو و لە کۆتایی دوو باسکەکەی و پێشەوەی تانکەکە، قۆڵێکی ئاسنین دەسورایەوە کە هەندێ زنجیری پێ هەڵواسرابوو و لە کاتی سوڕانەوەدا، ئەو زنجیرە زۆر قورسانەی بە توندی لە زەوی دەکوتا و بەم شێوەیە مینەکانی دەتەقاندەوە و بە هۆی دووری ئەو قۆڵە ئاسنینە لە تانکەکەوە، تانکەکە زەرەری پێ نەدەکەوت.

رۆژێك لە کاتی تێپەڕبوونی یەك لەو تانکانە، مینێك تەقییەوە و چاڵێکی گەورەی دروستکرد کە سەرنشینەکانی تانکەکە هەندێ شتی نائاساییان تێدا دیت و بە هۆی نەبوونی کات نەوەستان و لە رێگەی بێ تەل ئۆتۆمبیل و کامیۆنەکانی دواتریان ئاگادار کردەوە کە بە وردی چاو لە چاڵەکە بکەن.

ئەوانەی لە پشتەوە دەهاتن دوو پەیکەری ئێسکی مرۆڤ و دوو قەلغانی دارینی گەورە کە تایبەت بوو بە لەشکری پیادەی هەخامەنشی، لەو چاڵەدا دۆزییەوە و زانیان ئەوانە هی

سەربازە کۆنەکانن، دواتر باستانناسەکان وتیان بێ گومان ئەو دوو پەیکەرە و هەردوو قەلغان هی ئەو کاتەن کە لەشکرێکی سەربازانی کەمبۆجییە، لە کاتی مانەوەی کەمبۆجییە لە میسردا و لە سەحرای نێوان میسر و لیبیا بێ سەر و شوێن بوون.

تەواوی کەرەستە کانزاییەکان و بەرگی سەربازەکان کە کانزا بوون لە ناو چووبوون و تەنانەت ئەو پەیوەستانەی نێوان قەلغانەکانیش نەمابوون و تەنها قەلغانە دارینەکان مابوون و ئەو هەموو ئەو شتانە بوون کە لە لەشکری کەمبۆجییە لە سەحرا مایەویە.

زۆرینەی مێژوونووسە یۆنانییەکان نووسیویان کە کەمبۆجییە بە هۆی خۆشەویستی بۆ میسر، ماوەی مانەوەی لەوێ درێژەی کێشا. بەڵام کەتزیاس پزیشکی یۆنانی دەڵێت کە کەمبۆجییە بە هۆی لە ناوچوونی لەشکرەکەی لە سەحرای لیبیا و بەرگری توندی فێرعەون زۆر لە میسر مایەوە. لە ڕاستیدا دوای لەناو چوونی لەشکری ئێران لە سەحرا، کەمبۆجییە ناچاربوو بۆ جەنگ لەگەڵ فێرعەون لەشکرێکی تر ئامادەبکات و بە هۆی نەبوونی هۆکانی پەیوەندیش ئەو کارە زۆر کاتی پێویست بوو و کاری چەند ڕۆژ و چەند هەفتە نەبوو.

جگە لەوەش لەو ناوچەیە تەنها وەرزی بەهار و پاییز بۆ جەنگ دەبوو و لە وەرزی هاوین بە هۆی گەرمای زۆرەوە جەنگ کردن ئەستەم بوو و تەنانەت لە جەنگی جیهانی دووەمیش کە بۆ جەنگ جۆرەکانی ئامرازە ماتووریەکان (ئۆتۆمۆبیل و تانك و ... هتد) بەکار دەهات، بە هاتنی هاوین جەنگ دەوەستا. سەرکردەی بەریتانی (مۆنتگمری) کە (ڕۆمێڵ) سەرکردەی ئاڵمانی شکست دا، لە بیرەوەریەکانیدا نووسیویەتی کە:"ناچاربووم لە بەر گەرمی هەوا هێرش بۆ سەر العلمین (ناوچەیەکە لە باکووری ئەفریقیا کە تیایدا ڕۆمێڵ بە توندی شکا) لە هاوینەوە ڕابگرم تا هاتنی پاییز، سەربازەکانمان لەناو تانکە ئاسنینەکان کە وەك کورەی ئاسنگری سوور دەبوونەوە لە گەرمان لە هۆش خۆیان دەچوون و تۆپچییەکانمان لە پشت تۆپەکانیان لە گەرما دەکەوتنە بێ هۆشی درێژخایەن و هەر سەربازێك دوای بڕینی تەنها یەك (مایڵ) دووچاری گەرما لێدان دەبوو و دەکەوت و دەمرد."

لەشکری مونتگمری بەردەوام پاس و تانکەری ئاو و خۆراك و تەنانەت میوەی تازەیان پێ دەگەیشت و سەربازانی ئاڵمانیش تا ئەو ڕۆژەی پەیوەندیان بە دواوەی خۆیانەوە مابوو و یا لە ناو چوون، سوودیان لە سەهۆڵ وەردەگرت و کارگەی بچووکی دروستکردنی سەهۆڵ لە مەیدانی جەنگدا بەردەوام پێویستی ئەوانیان لە سەهۆڵ بەرهەم دەهێنا.

وێڕای هەموو ئەوانەی باسمانکرد ئەوان لە دەست گەرما زۆر ئازاریان دەچەشت و ناچاربوون لە هاوین جەنگ ڕابگرن، کەواتە ئەو سەربازانەی بە پیادە لە بیست و چوار سەدە پێش ویستوویانە لە سەحرا بپەڕنەوە و بگەنە لیبیا، دەبێت چۆن بووبن. بۆیە لە درێژکردنەوەی ماوەی مانەوەی کەمبۆجییە لە میسر نابێت دووچاری سەرسوڕمان بین و ئەو پێویستی بە یەك ساڵی تر هەبوو بۆ کۆکردنەوەی لەشکری تازە و لە بەهاری ساڵی دواتر جەنگی فێرعەونی کرد.

سی ڕۆژ پێش بەهاری ساڵی (٥٢٢ پ. ز) کەمبۆجییە بۆ جەنگی پەزئاموونی فێرعەون لە میسر بەرەو لیبیا کەوتەڕێ و دەستەی پێشەنگی لەشکر، پێش ئەوان کەوتنەڕێ تا گەیشتە ئەو شوێنەی ئێستا بە (سەلوم) ناسراوە و شوێنەکانی پشوودانی لەشکر و کۆگاکانی خواردەمنیان لەو شوێنانە ئامادەکرد کە ئاوی پێویستی لێ بێت. لە ئەفریقا تا مانگ و نیوێك دوای بەهار باران بارین بەردەوام دەبوو و تا سی ڕۆژ دوای بەهار پاش ئاوەکانی کەنارەکانی باکووری میسر و لیبیا ئاویان تێدا دەما.

کەمبۆجییە جووڵەی لەشکرەکەی لە میسر پێشخست تا سەربازەکانی لە گەرما و بێ ئاوی نەکەونە ئازارەوە، وێڕای پێشەنگ کە لە پێشەوەی لەشکر بوو، لە لای باشوور واتە تەنیشتی لەشکر و لە پشتەوەی لەشکریش دەستەیەك سەرباز دەڕۆیشتن و هێزی دەریاییش لە کەناری دەریاوە تەریب بە لەشکرەکە دەجولا تا بە گشتی ڕێگە لە هێرشی لە ناکاوی دوژمن بگرن.

سوپای کەمبۆجییە بەبێ هیچ ڕووداوێك کە جێگەی باس بێت، خۆی گەیاندە ناوچەی توبرۆق کە بەشێکە لە لیبیای ئێستا و پێویست ناکات باس لەوە بکەین کە سنووری ئەوسای ئەو دوو وڵاتە وەك ئێستا روون نەبووە و تەنانەت ئێستاش لە سەحرا زۆر دیارنییە.

کاتێك لەشکری کەمبۆجییە گەیشتە توبرۆق، کەمبۆجییە فەرمانی بە هیست ئەسپ کرد کە لەشکری دەریایی پێش بکەونەوە بۆ ئەوەی بیست هەزار سەرباز لە ڕۆژئاوای توبرۆق دابەزێنن تا بتوانن فێرعەون دەورە بگرن. بەڵام لە کاتی تێپەڕبوونیان بە بەرانبەر توبرۆقدا، لە نێوان ئەوان و هێزی دەریایی فێرعەون جەنگێکی ترسناك ڕوویدا.

جەنگە دەریاییەکانی ئەوکات، جەنگی تاك بە تاك بوو و جەنگاوەرەکان هاوشێوەی وشکانی لە سەر کەشتییەکان جەنگی یەکتریان دەکرد و تەنها جیاوازی ئەوە بوو کە مەیدانی جەنگ سەر کەشتی بوو و چەکەکانی جەنگیش بریتی بوون لە (شمشێر، تیر، نێزە و گورز) و دوای کوژرانی هەموو سەرباز و سەرنشینەکانی کەشتییەك، کەشتییەکە دەکەوتە دەست

دوژمن و هەندێك جاریش بەریەك کەوتن کەشتییەکانی تێك دەشکاند و واباو بوو پێش ئەوەی دوو کەشتی بگەنە یەکتری، بە توندی خۆیان پێك دەکێشا و ئەوکات یەك یا هەردووکیان نوقم دەبوون. لەو جەنگەدا لەشکری دەریایی کەمبۆجییە دەیەویست لە توبرۆق تێپەڕبێت و سەرباز دابەزێنێت و لەشکری فێرعەون ڕێگەی لێ گرتبوون.

هەردوو مێژوونووسی بەناو بانگ (ئاریان و کەتزیاس) دەڵێن: لەوجەنگەدا (٣٥) کەشتی پلە یەکی ئێران و (٨٠) کەشتی پلە یەکی میسری لەناو چوون و هۆی ئەو جیاوازییە زۆرە لە ژمارەی کەشتییە نوقم بووەکانیش دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی ئێرانییەکان لە دروستکردنی کەشتی زۆر شارەزا بوون و ڕووی دەرەوەی کەشتییەکانیان بە مس ڕووپۆش دەکر بۆ ئەوی زیاتر بەهێز بن.

ئەو وتەیەی هەردوو مێژوونووس دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئێرانییەکان یەکەم نەتەوە بوون کە کەشتی زرێپۆشیان دروستکردووە و یۆنانییەکان نەریتی دروستکردنی کشتی هاوشێوە لە ئەوان فێر بوون.

ئاریان دەڵێت: لەو جەنگە دەریاییە، دەریا تەواوی لاشەی کوژراوەکانی نوقم کرد و ڕۆژانی دواتر لاشەکان سەر ئاو دەکەوتنەوە و تا چل ڕۆژ لاشەی مردووەکان دەهاتەوە کەنارەکان و کەمبۆجییە فەرمانی کردبوو تا دەستەیەك سەرباز بە هاوکاری ئەو سەربازە دەریاییانەی زیندوو مابوون، تەرمەکان بنێژن تا بۆگەنیان هەوا داگیر نەکات.

پێنج هەزار لەو بیست هەزار سەربازەی دەبوایە بگەنە ڕۆژئاوای توبرۆق لەو جەنگە دەرییاییەدا کوژران و کەوتنە قووڵایی دەریا، هیست ئەسپ پازدە هەزار سەربازەکانی تری گەیاندە ڕۆژئاوای تۆبرۆق و چونکە هێزی دەریایی فێرعەون چیتر توانای یەکخستنەوەی خۆی نەمابوو، نەیان دەتوانی بەرگری بکەن و کەشتییەکانیان پەڕاگەندە بوون و هەندێکیان بەرەو جەزیرەی سیسیل و هەندێکیان چوونە تونس و هێزی دەریایی کەمبۆجییە، دەسەڵاتی بەسەر تەواوی کەنارەکانی تۆبرۆق گرت و ئەوەش یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ کەمبۆجییە، چونکە لە جەنگدا دەیتوانی بە ئاسانی هێزەکانی لە لایەك بۆ لایەکی تر بگوازێتەوە.

کاتی گەیشتنی کەمبۆجییە بۆ توبرۆق، فێرعەون پەزئاموون لەشکرێکی بەهێزی هەبوو و گەزنەفۆن دەڵێت ژمارەی دووسەد هەزار کەس بووە، لەوانەیە زێدەرۆیی لەو ژمارەیە کرابێت. کەمبۆجییە وێڕای ئەوەی دەریای بەدەست بوو، خاوەنی سەد و سی و پێنج هەزار سەرباز بوو کە پانزدە هەزار لەو سەربازانە پەریبوونەوە بۆ ڕۆژئاوای توبرۆق.

پاشای هەخامەنشی بە سێ سەد عارەبانەی جەنگییەوە لە شاری توبرۆق نزیك کەوتەوە و لەشکری فێرعەونیش بە فەرماندەیی ڤانس لە نزیك شارەکە خۆی ئامادەکردبوو.

پێش ئەوەی ڤانس بچێتە ریزی لەشکری ئێران، میسرییەکان زانیاریان لە بارەی ئارایشی جەنگی تازەی لەشکری ئێران نەبوو کە لە داهێنانی کوروش بوو و سەربازەکانی خۆیان لە یەك ریزدا یەکدەخست، ڤانس ئەو بابەتەی دەزانی و لەشکرەکەی دابەشکرد بەسەر (دڵ و دوولای ڕاست و چەپ و یەدەگ) و رۆژی یەکەمی جەنگ کە دوو رۆژ پێش بەهاری ساڵی (٥٢٢ پ. ز) بوو کەمبۆجییە خۆی بەرانبەر لەشکرێك دیتەوە کە ئارایشی وەك ئەوان بوو.

کەمبۆجییە مەبەستی بوو کە لەشکری فێرعەون دەورە بدات و بۆیە دەیەویست لە گەڵ پازدە هەزار سەربازەکەی لە رۆژئاوا بوون، پەیوەندی ببەستێت و فەرمانی بە عارەبانەکان کرد تا هێرش بکەنە سەر لای ڕاستی لەشکری ڤانس و پیادەکانیش بەدوایاندا بڕۆن. ئەفسەرەکانی کەمبۆجییە لەو جەنگەدا دەیانزانی کە ئەو نایەوێت، وڵات داگیر بکات چونکە خاکی سەحرا لە رووی کشتوکاڵ بێ سوود بوو و تەنها مەبەستی لەناو بردنی سوپای فێرعەون بوو.

کاری عارەبانەکانی جەنگی ئەوکات هەمان کاری تانکەکانی ئێستا واتە کردنەوەی رێگا بۆ پێشرەوی پیادە بوو و خاڵی لاوازی عارەبانەکان، ئەسپەکان بوون. هەرچەندە لە لەشکری ئێران و لەشکرەکانی تری جیهان بۆ پارێزگاری لەو ئاژەڵە، هەندێ ئامرازیان دروستکردبوو بەڵام نەیاندەتوانی وەك پێویست بیانپارێزن و سەربازانی دوژمن بە هاوێشتنی تیر و نێزە، ئەسپەکانیان دەکوشت و عارەبانەکانیان لەکار دەخست.

سەربازانی فێرعەون دوای ئەوەی هێرشی لەشکری بەرانبەر دەستی پێکرد، بە توندی بەرگریان دەکرد و نیشانیاندا لە مردن ناترسن و سەدان کەس لە خۆبەخشەکانی مردن، خۆیان هەڵدەدایە پێش عارەبانەکان و بە نێزە و شمشێر، ئەسپەکانیان دەکوشت و عارەبانەکانیان تێك دەشکاند. ئازایەتی ئەوان بۆوە هۆی تێك شکاندنی دوو سەد عارەبانە و سەرئەنجام کەمبۆجییە توانی بە دەوری لای ڕاستدا بسورێتەوە و لەوکاتەش ئەو پازدە هەزار سەربازەی لە رۆژئاوای توبرۆق دابەزی بوون، گەیشتن و هێرشیان دەست پێ کرد و لای ڕاستی لەشکری فێرعەون لە دوولاوە هێرشی کرایە سەر و پێش نیوەرۆی ئەو رۆژە، لای ڕاست تێك شکا و ئەو سەربازانەی کوژراو و بریندار نەبوون، بە ئەسیر گیران.

کەمبۆجییە فەرمانی بە هیست ئەسپی فەرماندەی دەریایی کرد تا دەهەزار سەرباز بەر لە رۆژئاوا بوون، بگوازێتەوە بۆ رۆژئاوای توبرۆق و ئەوانیش دەست بەجێ هەوڵ بدەن تا ئەو شارە کە هێزێکی وای لێ نەبوو، بگرن و زانراوە هێزی فێرعەون زۆرتر لە سەحرا بوون. هیست ئەسپ بە خێرایی زۆر ئەو کارەی کرد و کاتێك کارەکەی ئەنجامدا و سەربازەکانی گەیاندە شوێنی خۆیان، هێشتا هەتاو ئاوا نەببوو. لەو جەنگەداکە لە رووی ستراتیژی و تاکتیك لە جەنگە دیارەکانی جیهانە، هاوکاری هێزی دەریایی و هێزی زەمینی ئاکامی بە سوودی ختەوە و دەرکەوت کە دەکرێت هەردوو هێز لە مەیدانێکی جەنگ بەیەکەوە دەتوانن کەم و کوری یەکتر پڕ بکەنەوە.

لە ڕاستیدا لە نیوەرۆی ئەو رۆژەوە و دوای تێك شکانی لای ڕاستی لەشکری فێرعەون، ئەو لەشکرە دەورەی گیرا، چونکە لای باشوور و رۆژئاوا و رۆژهەڵاتیان لەشکری کەمبۆجییە بوو و هێزی دەریاییش باکووری لە دەست بوو.

فێرعەون لە توبرۆق گوێ بیستی ئەو هەواڵە بوو کە لەشکرەکەی دەورە دراوە و فەرمانیدا تا ئەسپیان بۆ ئامادەکرد و بەرەو مەیدانی جەنگ چوو.

فێرعەونەکانی میسر لە منداڵی و لاویەتیدا، سواربوونی ئەسپ فێردەبوون و دوای بوونیان بە پاشا هەرگیز سواری ئەسپ نەدەبوون و بە تەختی رەوان دەگوازرانەوە و لە مێژووی (٢٤) سلسلەی پاشایەتی فێرعەونەکاندا ئەوە رووی نەدابوو کە فێرعەون دوای بوونی بە پاشا سواری ئەسپ ببێت. خەڵك بە بینینی ئەو دیمەنە دووچاری سەرسوڕمان هاتن و فێرعەونیش هیچ گوێی بەو سەرسوڕمانەی خەڵك نەدا و خۆی گەیاندە مەیدانی جەنگ، ڤانس کە چاوەڕوانی هاتنی ئەوی نەدەکرد، پرسی: ئەی خوداوەند بۆ هاتووی؟

فێرعەون وتی: جارێك منیان گەمارۆدا و ئەسیریان کردم، ئیتر نامەوێت بۆ جاری دووەم ئەسیر ببم و هاتوومە ئێرە تا وەك سەربازەکانم جەنگ بکەم و بکوژرێم، چونکە ناتوانم باری قورسی ئەسیری و بێ دەسەڵاتی هەڵبگرم.

ئەو شەوە بە هۆی رووناکی مانگی چواردەوە، سەربازە ئێرانییەکان پێویستیان بە ئاگر و رووناکی نەبوو بۆ گرتنی شاری توبرۆق. ئەو شەوە تا بەیانی سەربازانی کەمبۆجییە، بە شمشێرە ڕاست و درێژەکانیان کە بە (داگ) یا (دەگ) ناودەبران، دەجەنگان و هەر ئەو ناوەیە کە لە رۆژهەڵاتەوە چۆوە رۆژئاوا و بۆ ئەو جۆرە شمشێرانە بەکارهات، ئەو شمشێری هەردوو لێوی تیژ بوو و بۆیە بە هەردوولادا جەنگی پێ دەکرا و چەکێکی کاریگەر بوو لە کارزاردا.

سەربازەکانی فیرعەون لە ناو مالان بوون و خانووەکانیان کردە سەنگەری بەرگری و سەربازانی کەمبۆجییەش بۆ تێك شکاندنیان، خانووەکانیان داگیرکرد و خۆراگری سەربازەکانی فیرعەونیان لەناو برد و دوای ئەوە مەشخەڵەکانیان کە هێشتا پێیان نەکرد بوون، پێ کرد و شاریان رووناك کردەوە، لە هەموو لەشکرەکانی جیهان دەستەیەك مەشخەڵ بە دەست هەبوون و ئەو دەستەیە لە لەشکری ئێران بە (رەوشەنگەر) واتە (رووناك کەرەوە) ناو دەبران.

کاتێك جەنگ لەناو ماڵەکان و لە رووناکی مەشخەڵەکاندا دەستی پێکرد، چونکە خانووەکانی لە دار بوون ئاگریان گرت[٨] و ئەوەش شەوی تاریکی کردە رۆژی رووناك و (هیست ئەسپ) ناچار ژن و منداڵەکان ئەو شارەی گواستەوە بۆ کەشتییەکان، چونکە هیچ پەناگەیەکی تر بۆیان نەبوو و ئەو شەوە تەواوی ناوچەی توبرۆق بە مەیدانی جەنگ هەژمار دەکرا و ژن و منداڵەکان بۆ هەر لایەك چووبانە دەکوژران.

کاتێك ئاگر هەموو لایەکی رووناك کردەوە، کەمبۆجییە فەرمانیدا لەشکرەکەی لە هەموو لایەك هێرش بکەنە سەر لەشکری فیرعەون. لەو شوێنانەی بە هۆی ئاگر رووناك ببوون، سەربازان پێویستیان بە مەشخەڵ نەبوو و لە شوێنەکانی تریش ئاگریان کردەوە و جەنگیان بەردەوام کرد. سەربازەکانی فیرعەون وێڕای ئەوەی دەیانزانی دەورەیان گیراوە، بەڵام ئازایانە کەوتنە جەنگکردن و دوای ئەوەی ئاگرەکە هەموو لایەکی گرتەوە، ئیتر کەس توانای جەنگ کردنی نەما و سەربازانی فیرعەون ئەو شارەیان چووڵ کردو سەربازەکانی کەمبۆجییەش ئەو شارەیان چووڵ کرد و پەیوەست بوونەوە بە یەکەکانی تری لەشکرەکەیان.

فیرعەون لە مەیدانی جەنگ لە سەر پشتی ئەسپ و بە شمشێر جەنگی دەکرد و لەوکاتەدا دەستەیەك لە سوارەکانی کەمبۆجییە بە نێزەی درێژ هێرشیان کردە سەر ئەو و پارێزەرەکانی، ئەوان لە کاتێکدا کە نێزە درێژەکانیان لە پێش خۆیان گرتبوو و ئەسپەکانیان بە یەرغە و خێرا دەهاتن، بەرەو فیرعەون و پارێزەرەکانی رۆیشتن و هەر یەکە لە پارێزەرەکان کاتێك نێزەکەی بەردەکەت، لە ئەسپ دەکەوتە خوارەوە و لەوکاتەدا نێزەیەك بەر سینگی فیرعەون کەوت و

---

(٨) (لە ڕابردوو لە باکووری لیبیا و لە ناوچەی توبرۆق، جەنگەلێکی گەورەی لێ بوو کە ئێستاش پاشماوەکەی ماوە، خەڵك دارەکانیان دەبڕین و لە توبرۆق خانوویان پێ دروست دەکرد و بەهۆی ئەوەی بێ لێکدانەوە بۆ داهاتوو ئەو دارانەیان دەبڕی، لە ماوەیەکی کەم سێبەریان نەما و هەتاوی گەرمی ئەوێ، شێی زەوییەکەی نەهێشت و بەم شێوەیە جەنگەڵەکە لەناو چوو و بیابان شوێنی گرتەوە، زەبیحوڵڵا.)

سەری نێزەکە لە پشتی ناوبراو دەرچۆوە و فێرعەون لە ئەسپ کەوتە خوارەوە و بۆوە پێ خوستی ئەسپی سەربازە ئێرانییەکان.

هەر کە فێرعەون لە ئەسپ کەوتە خوارەوە، هاواری پڕ لە ترسی ئەو دەستە سوارەی کەوتنی ئەیان لە ئەسپ دیتبوو هاتەبەر گوێ و هاواریان کرد، فێرعەون کوژرا و ئەوانی تریش ئەو هاوارەیان بیست.

(خودای ئێمە کوژرا.)

هەواڵی مردنی فێرعەون بە هۆی هاوارەکانەوە گەیشتە تەواوی سەربازەکانی پیادە و سوارەی لەشکری فێرعەون و تەنانەت ڤانسیش ئەو هەواڵەی بیست و هاواری کرد: تەرمی فێرعەون لە کوێیە.

بەڵام کەس وەڵامی پێ نەدەدرایەوە و سەربازەکان کە تا ئەوکات ئازایانە جەنگیان دەکرد، سست بوون و کەمبۆجییەش دەرفەتی لە کیس نەدا و بە هۆی جارچییەکانەوە بە زمانی میسری بە سەربازانی میسری وت: فێرعەونی ئێوە کوژرا و بەردەوامبوون لە جەنگ هیچ سوودی نییە و تەنها خۆکوژییە، خۆتان ڕادەست بکەن تا گیانتان پارێزراو بێت و ئەگەر خۆتان بە دەستەوە بدەن، ئازاد دەکرێن و نابنە کۆیلە.

لە تەواوی ئەو سەردەمانەدا سەربازانی ئەسیر کراو دەبوونە کۆیلەی ئەو کەسەی ئەسیری دەکردن، دواتر دەفرۆشران و یا بە بێ بەرانبەر کاری کشتوکاڵیان پێ دەکرا و ئەوەی جووتیار دەستی دەکەوت بە گشتی دەبوو بە خاوەنەکەی و کۆیلەی کشتوکاڵی ئەوکات دروستبوو. بەڵام بڕیارنامەکەی کوروش ئەو بابەتەی هەڵوەشاندەوە و دواتر پاشاکانی تری هەخامەنشی ڕێزیان لەو بڕیارانە گرت و بەو شێوەیە کۆیلە بوون لە لای ئەوان نەما.

سەربازانی فێرعەون کە زانیان ئەگەر ئەسیر بن ناکرێنە کۆیلە، چەکیان دانا و خۆیان ڕادەست کرد و سەربازانی ئێرانی دەستیان بە بردنی ئەسیرەکان بۆ دەرەوەی جەبهەکرد و هاوکات هێرشیانکرد و بازنەی دەورەدانەکەیان توندتر کرد و جەنگ تا بەیانی بەردەوامبوو و ئەوکات سەربازانی ئێرانی توانیان زانس کە ڕێگەی هەڵاتنی نەمابوو، دەستگیر بکەن و بە دەستگیرکردنی ئەو جەنگ کۆتایی هات و کەمبۆجییە سەرکەوت.

لەو جەنگە سەختەدا بۆ یەکەمجار بوو کە هێزی دەریایی و وشکانی هاوکاربوون و ئەو هاوکاریە وای کرد کە توبرۆق بروخێت و فێرعەون بکوژرێت و لەشکرەکەی لەناو بچێت،

هەروەها یەکەم جار بوو لەشکرێك ژن و منداڵی نەتەوەی شکست خواردوو بپارێزێت و نەهێڵێت لە ئاگردا بسوتێن یا لە جەنگگەدا لەناو بچن.

لە گەڵ خۆرهەڵات، کەمبۆجییە دەستەیەك لەو ئەسیرانەی کە توانای ناسینەوەی تەرمی فێرعەونیان هەبوو، ناردە مەیدانی جەنگ تا تەرمەکەی بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی ببرێتەوە شاری مەمفیس و بە پێی نەریتی خۆیان مۆمیا بکرێت و لەو گۆرە دابنرێت کە لە سەردەمی پاشایەتیدا بۆخۆی هەڵکەندبوو.

ئەو پیاوەتییەی کەمبۆجییە کاردانەوەی باشی کردە سەر میسرییەکان و ئەوان سوپاسگوزاری ئەو بوون، چونکە کاتێك ئەوان بە هۆی کوژرانی خواکەیان ماتەم بار بوون و دوای بردنەوەی تەرمەکەی بۆ مەمفیس و سپاردنی بە دەست وەستای مۆمیایی، میسرییەکان پرسەیان کۆتایی پێ هێنا، چونکە باوەڕیان وابوو کە خوای ئەوان دوای ئەوەی مۆمیا دەکرێت و دەخرێتە ناو گۆر، جارێکی تر زیندوودەبێتەوە و هەتاهەتایە دەژیات و هیچ کات نامرێت.

ڕۆژی دواتر واتە ئەو ڕۆژەی کە ئەسیرەکان لە دوای تەرمی فێرعەون دەگەڕان، دوا ڕۆژی وەرزی زستانی ساڵی (٥٢٢ پ. ز) دەستی پێ دەکرد و کەمبۆجییە فەرمانیدا هەندێ ئەفسەر و سەربازی ئێرانی و هەندێ لە سەرباز و ئەفسەرە ئەسیرە میسرییەکان لە مەیدانی جەنگ کۆببنەوە و جەللادیش لەوێ ئامادەبێت.

دواتر فەرمانیدا ڤانس بێنن و دوای هێنانی، رووی تێ کرد و وتی: ئایا دەبینی کە چ فیتنەیەکت ناوەتەوە؟ بە هۆی تۆوە سەد هەزار سەربازی من لە سەحرا بزر بوون و منیش گەرانەوەم بۆ ئێران زۆر دواکەوت.

دواتر پاشا دەستی بۆ شارە سوتاوەکەی توبرۆق ڕاکێشا و وتی تۆ ئەو شارەت سوتاند و ئەو لاشانە بە هۆی فیتنەی تۆوە لە خۆشی ژیان بێ بەش بوون. بە فیتنە و ناپاکی فێرعەونی خۆتت کوشت و ئەگەر ناپاکی تۆ نەبوایە ئەو ئێستا پاشای وڵاتەکەی بوو، چونکە من پێش گەڕانەوەم بۆ ئێران ئازادم دەکرد و دەمکردەوە پاشا و ئەویش تا دوایین تەمەنی فێرعەونی میسر دەبوو. جارێکت ناپاکی بەرانبەر پاشاکەت کرد و هاتییە لای من و منیش پەسندم کردی، چونکە نابێت متمانە بە مرۆڤی ناپاك بکرێت، بەڵام دەکرێت سوودی لێ ببینن و منیش سوودم لە تۆ دیت، بەڵام چونکە متمانەم پێت نەبوو نەمتوانی ئەو پلەیەی کە دەتەویست پێت بدەم.

بۆ جاری دووەم ناپاکیت کرد و ئەوجارەیان ناپاك بووی بەرانبەر من و فێرعەونت بە ئەسیری ڕفاند و هێناتە ئێرە و لەشکرت بۆ کۆکردەوە و ئەو ناپاکیەت منی زۆر خستە رەنج و ماندوو بوونەوە و گەڕانەوەمت بۆ ئێران دواخست و ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە سزای ناپاکیەکانت بە خەراپترین شێوە لە من وەربگری ودواتر کەمبۆجییە ئیشارەی بۆ جەللاد کرد تا دەست بەکار بێت و ئەویش کەوتە داماڵینی پێست لە لەشی ڤانس بە زیندوویی.

ڤانس لە بەر ئازاری توند، هاواری دەکرد و بە پارانەوە داوای کوشتنی دەکرد تا لە ئازارە ترسناك و سەختەکان ڕزگاری ببێت، بەڵام داواکەی پەسەند نەدەکرا.

ئەو کەسانەی ئەو دیمەنەیان دەبینی و هاوارەکانیان دەبیست، زۆر تێکچوو بوون و بەڵام کەس نەیدەوێرا داوای بەزەیی بۆ بکات و داوای کوشتنی لە کەمبۆجییەی بکات تا لە ئەشکەنجە ڕزگاری ببێت. دوای ئەوەی بە زیندوویی پێستیان لێ کردەوە، لەو شوێنە جێیان هێشت و ئەو پیاوە بەدبەختە هێشتا زیندوو بوو، بەڵام توانای جووڵەی نەبوو و لە ئاکامدا مێروولەکان هێرشیان کردە سەر لاشەی بێ پێستی ئەو و رۆژی دواتر گیانی بەخشی.

دوای گەڕانەوەی کەمبۆجییە لە لیبیا، ڕووداوێك ڕوویدا کە کەس تا ئەوکات هاوشێوەی نەدیت بوو و یا نەبیست بوو و بریتی بوو لەوەی کۆمەڵە پیرێژنێك کە کەس نەیدەزانی لە کوێ هاتوون و بە چ زمانێك دەدوێن، هێرشیان هێنا بۆ شاری صەیدا کە ئێستا لە کەنارەکانی لوبنانە و ئەوکات لە شارە دەوڵەمەند و گەورەکانی کەناری مەدیتەرانە بوو. کەس زمانی ئەوانی نەدەزانی و لە ئەوان تێ نەدەگەیشت و دوای هاتنیان بۆ ئەو شارە ئەوەندەیان میوە خوارد تا  هەموویان نەخۆش کەوتبوون و لە حەزی زۆریان بۆ میوە خواردن، خەڵکی ئەوێ زانیان کە ئەوان هەرگیز میوەیان نەدیتووە و نەیاندەزانی زۆر خواردنی میوەش هەندێ نەخۆشی بەدوای خۆیدا دێنێت.

دوای ماوەیەك لە مانەوەیان لەو شارە، پیرێژنەکان کردەوەی وایان ئەنجامدەدا کە جێگەی سەرسوڕمانی هەموان بوو و بۆ نموونە حەزی خۆیان بەرانبەر بە پیاوان دەردەبڕی و خەڵك چاوەڕوانی ئەو کارە نەبوو لە ئەوان، دواتر کە زانیان لە پەرستگای عشتار (خواوەندی شارەکە) کچانی گەنج وەك نزا لە خواکەیان، پێشوازیان لە پیاوان دەکەن، ئەوانیش چوونە ئەو پەرستگایە و ئەو هەوڵەیاندا، بەڵام پیاوان ڕوویان تێ نەدەکردن.

تەواوی کەنارەکانی رۆژهەڵاتی ئاسیا لە گەرووی بۆسفۆر تا دەگەیشتە میسر و لیبیا، بەشێکی ئیمپراتۆریەتی هەخامەنشی بوون و تەنها دەسەڵاتداری ناوچەییان لێ بوو و خۆیان بە ژێردەستی پاشای هەخامەنشی دەزانی و شاری صەیداش یەك لەو شوێنانەی ژێر دەسەڵاتی کەمبۆجییە بوو.

دوای گەیشتنی ئەو هەواڵە بە کەمبۆجییە، ئەو باوەڕی نەکرد و وتی کە پیرێژن بێ دەسەڵاتن و توانای جەنگیان نییە و وتی کە خۆم لەسەر رێگەی گەڕانەوەم بۆ ئێران ئەوان دەبینم و سەرکوتیان دەکەم. هۆکاری ئەوەی کەمبۆجییە بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ ئێرانی، ئەوە بوو کە پێیان ڕاگەیاند بەردیەی برای بە بێ ئەوەی ماسك لابدات، خۆی بە پاشای ئێران ناساندووە.

بە پێی ئەو زانیاریانەی بە کەمبۆجییە گەیشت بوو، بەردیەی برای وتبووی کە کەمبۆجییە لە میسر کوژراوە و بۆیە من خۆم بە پاشا ناساندووە و وێڕای ئەوەی بۆتە پاشا، ماسکی لەچاوی لانەداوە و لەو بابەتە دووچاری سەرسوڕمان بوو، چونکە بەردیە چی تر ناچار نەبوو کە ماسك لە چاو بکات و دەیتوانی بەبێ ماسك بێت، بەڵام ئەو وای پێ باشتر بوو کە هەروا بمێنێتەوە و خەڵك دەمووچاوی نەبینن.

مێژوونووسی بەناو بانگ ئاریان دەڵێت: سەرسوڕمانی کەمبۆجییە لەوەدا بووە کە دەیزانی بەردیەی برای کوشتووە و ئەو کەسەی کە ماسکی لەچاوە کێیە. بەڵام باسی کوشتنی بەردیە بە فەرمانی کەمبۆجییە، زۆر بەهێز نییە و ئەو تەنها فەرمانی کردبوو کە ئەو ماسك لەچاو بکات، تا خەڵك بە هەڵە لێ یان نەگۆڕێت و ئەگەر بابەتی ماسکەکە نەبوایە، گۆماتە نەیدەتوانی بەردیە بکوژێت و لە جیاتی ئەو خۆی بە پاشا بناسێنێت. لەچاو کردنی ماسك بۆوە هۆی روودانی ئەو کارەساتە و ئەگەر ماسك نەبوایە، ئەستەم بوو گۆماتە بتوانێت خۆی بکاتە پاشا، چونکە خەڵك دەموچاویان دەبینی و دەیانزانی کە ئەو بەردیەی برای پاشا نییە.

دوای ئەوەی فێرعەون لە مەیدانی جەنگ کوژرا، کەمبۆجییە کە دەیەویست بگەڕێتەوە ئێران، داریوشی بە (خەشتەرە پاوەن)(٩) واتە فەرمانڕەوای میسر دیاریکرد تا کاروبارەکانی ئەو وڵاتە بەڕێوە ببات لە کاتی نەبوونی ئەو لە ئەو وڵاتە.

---

(٩) (خەشتەرە پاوەن لە لایەن یۆنانییەکانەوە گۆڕا بە ساتراب و هەر ئەو ناوەیە کە ئێستا بە شارەوان دێت و یەکەم جار کە ئەو ناوە داندرا لە سەردەمی کەمبۆجییە و بۆ داریوش بوو و ئەوانەی باوەڕیان وایە لە

زاندراوە داریوش دوای ئەوەی بۆوە فەرمانڕەوا، کەناڵی نێوان رووباری نیل و دەریای سووری هەڵکەند تا کەشتییەکان بتوانن لە نێوان دەریای سوور و مەدیتەرانەدا هاتووچوو بکەن و پێشتر وترا کە کەمبۆجییە نەیتوانی ئەو کارە بکات و داریوش دوای بوونی بە فەرمانڕەوا، کاتی پێویستی بۆ ئەو کارە هەبوو و دوای لێ کۆڵینەوە بۆی دەرکەوت لە وڵاتێکی وەك میسر دروستکردنی کەناڵێك ئاسانترە لە دروستکردنی هەرەمێکی وەك (کەئۆپس).

چونکە لە هەرەمەکەدا بەردی گەورە دەبێت تا بەرزی (١٥٠) زەرع ببرێتە سەرەوە و بەڵام لە کەناڵدا تەنها کاری هەڵکەندنی گڵ پێویستە. داریوش دوای گەیشتنی بە دەسەڵات، فەرمانی هەڵکەندنی کەناڵەکەی دەرکرد و کاری هەڵکەندن لە ماوەی دووساڵ و نیو تەواو بوو، هاوکات دروستکردنی هەرەم بیست ساڵی دەویست. داریوش ئامادەکردنی گۆڕ لە میسرییەکان فێر بوو و بۆیە بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات، گۆڕەکەی ئامادەبوو.

کەمبۆجییە دوای تێپەڕبوونی (١١٠) رۆژ بەسەر بەهاری ساڵی (٥٢٢ پ. ز) لە شاری مەمفیس پایتەختی میسر بەرەو ئێران کەوتەرێ و ئەستێرەناسەکان دەیانزانی ئەو رۆژە خۆرگیران دەبێت و باسیان نەکرد، چونکە بەشێك لەو زانستانەی ئێستا لای ئێمە زاندراون، ئەوکات لە میسر بە نهێنی زانایان دەزاندرا و ئەوان بە شاردنەوەی ئەو نهێنیانە بەهێز دەبوون و لای خەڵکی ئاسایی پلەی نیمچە خواییان وەردەگرت. ئەو رۆژە کەمبۆجییە نەیدەزانی کە خۆرگیران روودەدات و دوای بڕینی هەندێك لە رێگاکە، هەتاوی کەمڕەنگ بوو و دواتر هەوا تاریك بوو و ئەستێرەکان کەوتنە درەوشانەوە.

لە جیهانی کۆن تەواوی نەتەوەکان، خۆرگیرانی تەواویان بە رووداوێکی هەرە شووم دەناسی و زانایانی گەورەی یۆنانی وەك ئەفلاتوون و ئەرەستۆ لێی دەترسان و چ جای خەڵکی ئاسایی.[١٠] کەمبۆجییە لەو رووداوە زۆر ترسا و پێشبینی بەدبەختی گەورەی کرد و ویستی بگەڕێتەوە، بەڵام لەو کاتەدا هەوا تۆزێك رووناك بۆوە و دەرکەوت خۆرگیران کۆتایی هاتووە، بۆیە پاشا لە گەڕانەوە بۆ میسر پەشیمان بۆوە و خۆی گەیاندە لقی رۆژهەڵاتی رووباری نیل

---

سەردەمی داریوش هاتۆتە کایەوە، هەڵەن و دەبێت بگوترێت کە لە سەردەمی داریوشدا ئەو ناوە گەشتاندرا و تەواوی فەرمانڕەواکانی ویلایەتەکان ئەو ناوەیان بۆ بەکارهات، زەبیحوڵڵا.)

(١٠) (زەبیحوڵڵا بەردەوام هەوڵدەدات ترسنۆکی و خەراپی لە پاشاکانی هەخامەنشی دوور بخاتەوە و خەسڵەتە باشەکانیش بکاتە هاورێیان و بۆیە هەوڵی بەڵگە هێنانەوە دەدات. وەرگێڕ بۆ کوردی)

(ئێستا ڕووباری نیل لە دوو لقەوە دەڕژێتە دەریا و ئەو کات بە حەوت لق دەڕژایە ناو دەریا) و لەوێ بە درێژایی کەنارەکاندا کە لە هەمووی ئاو دەست دەکەوت، بەرەو صەیدا چوو.

پیرێژنەکان لە شاری صەیدا کات بەسەر بردن بوون و نەیاندەزانی کەمبۆجییە لەئەوێ نزیك دەبێتەوە و بە هۆی ئەو ماوەی لەو شارە مابوونەوە، ئەوان و خەڵکی شارەکە هەندێ وشە لە زمانی یەکتر فێر ببوون و بەڵام ئەو وشانە ئەوەندە زۆر نەبوون بتوانن بەیەکەوە بدوێن.

خەڵکی شار و پیرێژنەکان نەیاندەزانی کەمبۆجییە چ کات دەگاتە صەیدا و بۆیە هاتنی کەمبۆجییە دووچاری سەرلێ شێوانی کردن و سەربازە ئێرانییەکان هەوو پیرێژنەکانیان گرتن و چەند پیرێژنێکیان بردە لای کەمبۆجییە.

ژنەکان پرچیان سپی بوو و بۆیە خەڵکی صەیدا وەیانزانی بوو کە ئەوان پیرن و کەس زمانی ئەوانی نەدەزانی تا ببێتە وەرگێڕی ئەوان و کەمبۆجییەی پاشای هەخامەنشی تەنها زانی ئەوان لە ڕێگەی دەریاوە هاتوون و وڵاتی ئەوان لە شوێنێکی زۆر دوورە و کەشتییەکانیان لە بەندەری ئەو شارە وەستاون. کەمبۆجییە بۆ بینینی کەشتییەکانیان چۆوە بەندەر و بینی کەشتییەکانیان درێژ و باریکن و قووڵاییان زۆرە و ژنەکان بە سەڵبە لێدان ئەو کەشتیانە دەجووڵێنن و زانیاریان لەمەر بەکار هێنانی چارۆکە نییە.

ژنەکان دوای هێرشیان بۆ صەیدا کەسیان نەکوشتبوو و تەنها هەندێ لە کەرەستە وماڵی خەڵکیان داگیرکردبوو، بۆیە کەمبۆجییە ئەوانی سزا نەدا و تەنها شتەکانی بۆ خاوەنەکانیان گێڕایەوە و بە خەڵکی شاری ڕاگەیاند ئەوانە پیرێژن نین و گەنجن، بەڵام ڕەنگی پرچیان سپییە و هەر کەسێك لە بەرانبەر خواردن، شتێکی لە ئەوان بوێت و ئەوانیش ڕازی بن، دەتوانێت ببێتە خاوەنی.

بەڵام ئەوانەی بە زۆر یا بە ویستی خۆیان خواردنیان پێ دابوون، دەستیان لە داخوازییەکانیان هەڵگرت و ڕۆژێك بە فەرمانی کەمبۆجییە، ئەو ژنانەیان سواری کەشتییەکانیان کردەوە و لە شاری صەیدا دەریان کردن. هاتنی ئەو ژنانە بۆ صەیدا یەکەم گەشتی ژنانی ئەسکەندیناڤیە بۆ ڕۆژهەڵات کە شوێنەواری مابێت و ئێستا دەزاندرێت ئەو ژنە پرچ سپی و بەهێزانە، دەریا پەیما بوونە. لەوانەیە لە ڕابردووش ئەو ژنانە، گەشتیان کردبێت بەڵام هیچ شوێنەوارێك لە گەشتەکانیان بەجێ نەماوە.

کەمبۆجییە نەیتوانی بزانێت نیشتیمانی ئەوان کوێیە، چونکە ئەو ژنانە جوانی و ناسکی ژنانی ڕۆژ هەڵاتیان نەبوو، کەمبۆجییە و ئەفسەرەکانی خوازیاریان نەبوون و سپی بوونی

پرچیشیان که دەگەڕایەوە بۆ کەشی تایبەتی باکووری ئەورووپا، پیاوانی ئێرانی لێ بەدوور گرتن.

مێژووی ژیانی کەمبۆجییە (کەبۆجییە، کامبۆج) تا رۆژی چوونی بۆ صەیدا و دەرکردنی ژنە موو سپییەکان روونە و رۆژانە دەزانین چی کردووە، بەڵام دوای دەرچوونی لە صەیدا تەواو شاراوەیە.

هیرۆدۆت دەڵێت: لە سوریا و دوای گەڕانەوەی لە میسر، کەمبۆجییە هەموو کاتی خۆی بە ڕابواردن و خواردنەوەی مەی دەبردە سەر.

مێژوونووسی یۆنانی کەتزیاس دەڵێت: کەمبۆجییە (١٨٠) رۆژ دوای بەهاری ساڵی (٥٢٢ پ. ز) گەیشتە (لازقیە) و ئەو پاشایە کە تا ئەوکاتە پیاوێکی دادپەروەر بوو، گۆڕا بە پیاوێکی خوێن خۆر کە هەڵەیەکی بچووکی بە مردن سزا دەکرد و لە لازقیە فەرمانی کرد کە پەرستگای گەورەی شار وێران بکەن و بتەکان تێك بشکێنن.

مێژوونووس ئاریان دەڵێت: کاتێك کەمبۆجییە بیستی بەردیەی برای لە دژی وەستاوە، بە شێوەیەك تێکچوو کە خووی ئەو گۆڕا و دەستی بە هەندێ کاری پێچەوانەی عەقڵ و نەریتەکان کرد و لە میسر مانگای پیرۆزی میسرییەکانی کوشت کە بە (ئاپیس) ناو دەبرا و فەرمانی کرد هەر کەسێك ئەو گایە بپەرستێ، بیکوژن و دواتر دوو خوشکی بە یەکەوە کردە هاوسەری خۆی.

ئەو بابەتە زووتر لە لایەن هیرۆدۆتیش باسکراوە، بەڵام ئەوان نەیانزانیوە لە ئایینی کۆنی ئەوان هاوسەرگیری لەگەڵ دوو خوشك رێپێدراو بووە و بۆ ئەو بابەتە نابێت، سەرزەنشتی بکەن.

گەزنەفۆن دەڵێت: فەرمانی پەست داماڵین لە لەشی دادوەرێکی بەرتیل وەرگر بە زیندوویی لە لایەن کەمبۆجییە، بە لای ئێمەوە کارێکی زۆر خەراپە، بەڵام ئێرانییەکان بە یەك لە کارە باشەکانی کەمبۆجییە دەزانن و بڕوایان وایە کە دادوەری بەرتیل وەرگر پێویستە بە زیندوویی پێستی داماڵدرێت.

دوای گەیشتنی بۆ لازقیە، کەمبۆجییە جڵەوی رێگای بەرەو رۆژهەڵات گرتەبەر و لە گەڵ سوپاکەی خۆی دەجووڵا و وەك هەمیشە لە لایەن گاردی جاوید کە دەهەزار سەرباز بوو، پارێزگاری لێدەکرا. لە رێگا هیچ دوژمنێك نەبوو کە بتوانێت، هێرش بکاتە سەر کەمبۆجییە و کەمبۆجییەش ئەوەندە بەهێز بوو کە ئەگەر دوژمنێك هێرشی بکردایە، دەیتوانی سەرکوتی بکات.

خێوەتی پاشای هەخامەنشی هەموو شەوێك لە ناوەڕاستی لەشکرەکەی هەڵدەدرا و لە دەورەی خێوەتەکە، سەربازانی گاردی جاوید لە شێوەی چەند حەڵقەیەکی بەدەوری یەکدا،

پاسەوانیان لێدەکرد و ئەستەم بوو بەبێ زانینی ئەوان کەسێك بتوانێت لە خێوەتی کەمبۆجییە نزیك ببێتەوە و هەرکەسێك بەبێ مۆڵەتی تایبەتی پاشا، لە خێوەتەکە نزیك کەوت بایە، بە شمشێر یا تیر و نێزە دەکوژرا و تەنها یەك کەس بێ مۆڵەتی تایبەتی پاشا دەیتوانی بچێتە ناو خێوەتەکەی و ئەویش داریوش بوو، کە ئەویش بە پێی وتەی (خانتۆسی لیدی) سەد و هەشتا رۆژ دوای بەهاری (٥٢٢ پ. ز) خۆی گەیاندە کەمبۆجییە، چونکە پاشای ئێران خۆی ئەوی داوا کردبوو.

کەتزیاس ئەو وتەیەی پەسەند نەکردووە و دەڵێت: کاتێك کەمبۆجییە لە سوریا مرد، هێشتا داریوش فەرمانڕەوای میسر بوو.

بەڵام خانتۆس کە داریوش بە بکوژی کەمبۆجییە یا هاندەر بۆ کوشتنی ئەو دەزانێت، دەڵێت: کەمبۆجییە داریوشی لە میسرەوە داوا کرد، بەبێ ئەوەی روونی بکاتەوە کە بۆچی داوای کردووە.

خانتۆس دەڵێت: بەیانی رۆژی سەد و هەشتا و حەوتەمی دوای بەهاری ساڵی (٥٢٢ پ. ز) بە پێچەوانەی رۆژەکانی تر، کەمبۆجییە لە خەو هەڵنەستا، هەرچەندە لەشکرەکەی ئامادەی جووڵە ببوون. خزمەتکارەکانی بە پارێزەوە بەرەو خێوەتەکە چوون و لە ترسان کەوتنە لەرزە، چونکە هەندێ خوێنی وشکبووەیان لە ناو خێوەتەکە دیت و کاتێك نزیکتر بوونەوە، دیتیان خەنجەرێك تا دەسکەکەی لە سینگی کەمبۆجییە رۆچووە و بەدەم هاوارەوە لە خێوەتەکە هاتنە دەرەوە و داریوشیان لە رووداوەکە ئاگادار کردەوە و ئەویش فەرمانیدا تەرمەکەی ببن بۆ شوێنێکی نادیار تا کەس شوێنەکە نەزانێت، چونکە کەمبۆجییە لە دوایینی تەمەنی زۆری ستەم کردبوو و ئەگەر دوژمنەکانی زانیبایان، تەرمەکەیان دەردەهێنا و دەیانسوتاند. دواتر داریوش دەرفەتی نەبوو کە تەرمەکە دەربهێنێتەوە و بە فەرمی لە گۆڕی بنێت و تەرمەکە هەرلەو شوێنە نادیارە مایەوە و هیچ کەس نازانێت کەمبۆجییە لەوێ شاردراوەتەوە.

خانتۆس هۆکاری کوشتنی کەمبۆجییە بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە: کاتی شەو، کەمبۆجییە لەبەر ئەوەی سەرخۆش بوو، بیانووی بە داریوش گرت و هەرەشەی کوشتنی لێ کرد و پێی وت بەیانی داهاتوو دەیکوژێت، چونکە کەمبۆجییە تاوانبارانی بە شەو نەدەکوشت، داریوش لە ترسی خۆی ئەو شەوە کەمبۆجییەی کوشت و بەهۆی ئەوەی فەرمانەدەی سوپا بوو، بەیانی رۆژی دواتر توانی لەشکر بە یەکپارچەیی بهێڵێتەوە و بیگەیێنێتەوە بۆ ئێران.

هەندێ لە مێژوونووسانی وەك هیرۆدۆت، باوەڕیان وایە کەمبۆجییە خۆی کوشتووە و بە هۆی سەرخۆشی زۆرەوە، خەنجەرێکی لە سینگی خۆی ڕۆکردووە و ژیانی کۆتایی پێهاتووە.

مێژوونووسی ڕۆمی (پلین) پێی وایە ئەو بە ژەهر خۆی کوشتووە و جۆری ژەهرەکەش ماددەی (ئەفیون) بووە و ئەو دەڵێت کاتی خۆکوشتنی کەمبۆجییە، داریوش لە میسر بووە و لەگەڵ ئەودا نەبووە و کەشتییەکی زۆر خێرا لە لازقیەوە شەو و ڕۆژ ڕێگەی بڕی و هەواڵی گەیاندە داریوش و ئەویش بە هەمان کەشتی خۆی گەیاندەوە لازقیە و لەوێشەوە بۆ ئۆردووگای سوپای ئێران چوو و تەرمی کەمبۆجییەیان تا ئەوکات لە نەنێژرابوو و داریوش فەرمانیدا لە هەمان شوێن تەرمەکە بنێژن و ئەوکات داریوش فەرماندەیی سوپاکەی بە ئەستۆ گرت و گەیاندییەوە ئێران.

مێژوونووسی سەردەمی ئێستای فەرانسە و نووسەری (بیوگرافیای کوروش) دامەزرێنەری پاشایەتی هەخامەنشی، (ژان شامبۆرد) کە توانای خوێندنەوەی ڕێنووسەکانی وێنەیی میسر و بزماری سەردەمی هەخامەنشی و ساسانی هەیە، نووسیویەتی کەمبۆجییە کوژراوە و باسی کوژرانەکەی لە یەك لە پاپیرۆسەکانی میسردا هاتووە، بەڵام داریوش نەیکوشتووە و لە کاتی کوژرانی ئەودا لە میسر بووە. ئەو باسەی شامبۆرد دەیکات، هاوشێوەی باسی پلینە کە بڕوای وایە خۆی کوشتووە و جیاوازی ئەوەیە کە ئەو دەڵێت بە خەنجەر کوژراوە.

هەموو ئەو گێڕانەوانە دروستیان تێدایە و ناتواندرێت بە لێکدانەوە و عەقڵ، پەسەند یا ڕەت بکرێنەوە و تەنانەت ناتواندرێت متمانە بە پاپیرۆسی میسریش بکرێت کە لە لایەن مێژوونووسی فەرەنسیەوە خوێندراوەتەوە، چونکە سەبارەت بەو پاپیرۆسە گێڕانەوەی تر هەیە و بە گشتی شێوەی کوژرانی کەمبۆجییە نادیارە و هەرچی بوترێت، زیاتر لە ئەفسانە دەچێت. بەڵام بابەتێکی عەقڵانی نییە کە پاشایەکی سەرکەوتوو و تەندروست و لاو لە کاتی گەڕانەوە بۆ نیشتیمان، خۆی بکوژێت و بەپێی زانیارییەکان کوشتنی زیاتر خۆدەنوێنێت لە خۆکوشتنی و بەڵام نەزاندراوە کە بە دەستی کێ بووە.

دوای ناشتنی تەرمی کەمبۆجییە، داریوش لەشکری ئێرانی بەرەو ڕۆژهەڵات خستە جووڵە و تا گەیشتە کەناری ڕووباری فوڕات لە سوریە، لەوێ پاشای سەرزەمینی (ڕاکا) کە ئێستا بە (ڕوقە) ناسراوە بە ژمارەیەك پیادە و سوارە، ڕێگەی لەشکری ئێرانی گرت و وتی ئەگەر بتانەوێت لە فوڕات بپەڕنەوە، دەبێت سێ هەزار تالانی بەردین زێرمان پێ بدەن. مەبەست لە (تالان) کە پاشای ڕاکا باسی کردووە، تالانی ڕۆمی نییە و تالانی یۆنانییە و بریتی بووە لە

پارچەیەك زێڕی خڕ بە قورسی شەست گرام یا سی گرام، (تالآنی بەردین) شەست گرام و تالآنی سووك سی گرام بوو و پاشای ڕاکا بە پێوەری ئەمڕۆ هەزار و هەشت سەد کیلۆ زێڕی ویست بۆ پەرینەوەی سوپاکەی.

پاشای ڕاکا یەك لە دەسەلآتدارانی بەرفەرمان بوو بۆ دەسەلآتی کوروش و کەمبۆجییە و دوای ئەوەی هەواڵی کوژرانی کەمبۆجییەی بیست، کەوتە ڕێگرتن لە لەشکری هەخامەنشی. داریوش بۆ دانانی ئۆردووگای سەربازی بە درێژایی ڕووباری فوڕات بەرەو باشوور ڕۆیشت و سوپای پاشای ڕاکاش تەریب بەوان بەرەو باشوور ڕۆیشت، تا ڕێگە بە سوپای ئێران نەدات، دەستیان بە ئاو ڕابگات و داریوش کە زانی پاشای ڕاکا واز ناهێنێت، کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ.

یەك لە سەردارەکانی لەشکری داریوش بە ناوی (ئین تا فەرنس) بە داریوشی وت: باشتر وایە نوێنەرێك بنێرینە لای پاشای ڕاکا و ئاموژگاری بکەین، تا واز لەو کارە بێنێت و ڕێگەمان بدات بڕوین.

داریوش وتی: ئامۆژگاری بۆ ڕێگر سوودی نییە و تاکە شتی بە سوودی نووکی شمشێرە و پێویستە هێرش بکەین و ڕێگەمان بکەینەوە و ڕێگر سزا بدەین.

دواتر داریوش فەرماندە (کاساگەرد)، فەرماندەی عارەبانە جەنگییەکانی بانگ کرد (لەوانەیە کاساگەرد واتای شاری کاشان یا کاشانی بدات و لە دوو وشەی کاسا واتە کاشان و گەرد واتە شار یا ئاوایی پێك هاتووە) و لێی پرسی: چەند عارەبانەی ئامادەت هەیە بۆ جەنگ؟

کاساگەرد وتی: دوو سەد و پەنجا عارەبانە.

داریوش وتی: ئەو ڕێگرە ڕێگای ئاوی لێ گرتووین و ئەگەر بە زووترین کات لەو گەرمایە نەگەینە ئاو، هەموو چوارپێ کانمان دەمرن و سەربازەکانیشمان توانایان نامێنێت و پێویستە عارەبانەکانت بەبێ وەستان هێرش بکەن و ریزی لەشکری دوژمن دەرز پێ بدەی و خۆت بگەیێنییە لێواری ڕووبار. ئەوەش بزانە کە مەبەستی یەکەمی من لەو هێرشە، گەیشتنە بە ئاو و بە دوای عارەبانەکانتدا، سەربازە ئاسن پۆشەکان دەنێرم تا دوژمن نەتوانێت ئەو دەرزەی بە هۆی عارەبانەکانەوە دێتە کایەوە پڕ بکاتەوە.

لەوکاتەی کاساگەرد عارەبانەکانی بۆ هێرش ئامادەدەکرد، داریوش فەرمانی بە سەربازە ئاسن پۆشەکانی کرد بەرگە کانزاییەکانیان بکەنە بەریان، هەرچەندە لە هەوای گەرمدا لەبەر کردنی ئەو بەرگە کانزاییانە کارێکی قورس بوو و لە لایەکی تر فەرمانیدا بە بەشەکانی تری

لەشکر کە خۆیان بۆ جەنگ ئامادەبکەن. دواتر هێرشی توندی عارەبانەکانی جەنگی دەستی پێکرد و کاساگەرد بێ گوێ دان بە ڕێژەی زیانەکانی خۆیان و دوژمن، بەرەو پێش دەرۆیشت و سەربازە پیادە ئاسن پۆشەکانیش بە نێزەی درێژەوە بەدوایاندا دەهاتن، ئەوان هەرچەندە شمشێریان هەبوو، بەڵام لە بەر ئەوەی نێزە لە دوورتر دوژمنی بریندار دەکرد و یا دەکوشت، وایان پێ باشتر بوو بە نێزە جەنگ بکەن.

چەکی سەربازانی پاشای ڕاکا بریتی بوو لە تیر و کەوان و فەلاخەن کە کاریگەریان لە سەر ئاسن پۆشەکان نەبوو و نەیدەتوانی ڕێگە لە هاتنە پێشی ئەوان بە دوای عارەبانەکانەوە بگرێت. لە سەرەتای هێرشی عارەبانەکان دەرکەوت کە پاشای ڕاکا دووچاری پشووکاوی بووە و شێوەی ڕێگرتن لە عارەبانەکان نازانێت.

عارەبانەکان سەربازانی پاشای ڕاکایان یا کوشت و یا بە ژێرەوە کرد و خۆیان گەیاندە سەر رووبار و بە دوایانەوە سەربازە ئاسن پۆشەکان و بەشەکانی تری لەشکری ئێران دەهاتن و بەو هۆیەوە پاشای ڕاکا هەرچەندە هەوڵیدا نەیتوانی ئەوان لە سەر رووبار دوورخاتەوە. داریوش دوای داگیرکردنی بەشێك لە کەنارەکانی رووبارەکە، سەربازە پیادە و سوارەکانی لە باکوور و باشوورەوە ڕاسپارد تا دەورەی دوژمن بگرن و پاشای ڕاکا کە خاوەنی پرچی درێژ بوو و بەشێك لە سەربازەکانی ئەسیر کران و بەشێکی تر لە سەربازەکانی کە دەیانویست لە ئاو بپەڕنەوە و بچنە لاکەی تری رووبار، بە هۆی زۆری ئاوەکە، خەنکان و تەرمەکانیان سەر ئاو کەوت.

سەرکەوتنی داریوش لە ڕاکا یەکەم سەرکەوتنی ئەو سەردارە لاوە بوو و سەردارەکانی پیرۆزباییان لێ کرد و ڕۆژی دواتر لەشکری کوروش سەرگەرمی ناشتنی تەرمەکان بوون و ئەوکات ئێرانییەکان، مردووەکانیان دەناشت و بەڵگەش بوونی گۆڕە بۆ هەموو پاشا هەخامەنشییەکان و نەریتی دانانی لاشەکان لە بەرزاییەکان، بۆ ڕزینی ئێسکەکانیان بابەتێك بوو کە دوای ئەوان هاتەکایەوە.

دوای ناشتنی کوژراوەکان و لەو بەیانییە کە لەشکری داریوش دەبوایە بەرەو بواری رووبارەکە بڕوات تا بپەڕێتەوە، داریوش فەرمانیدا کە پاشای ڕاکا بە زیندوویی دوو لەت بکەن و هەر لەتێك بخەنە سەر نێزەیەك و بە ئەسیرەکانی ڕاکایان وت، ئەوە سزای ئەو کەسەیە کە ڕێگری بکات.

سزای دوو لەت کردن کە لە ڕاکاوە دەستی پێکرد لە سەردەمی دایوشدا، بە سزای تایبەتی بۆ ڕێگرەکان دادەنرا و دەبینین کە لە داهاتوودا ڕێگرەکان لە ئیمپراتۆری هەخامەنشی لە ناو چوون.

# چیرۆکی بەردیە

داریوش لە بوارێك لە رووباری فوڕات لەو ناوچەیەی ئێستا بە (دیر الزور) ناسراوە و دەکەوێتە پێش شوێنی بەیەك گەیشتنی هەردوو رووباری فورات و نەیشاپوور، پەڕییەوە و دوای گەیشتنی بە ئێران، نامەیەکی بەم ناوەرۆکە بۆ ئەو کەسە نووسی کە بە بەردیەی دەناسی: لە نامەی پێشوودا هەواڵی مردنی کەمبۆجییەم پێدان و ئێستاش دەڵێم کەمبۆجییە لە (ئاتووسا) و خوشکەکەی کە خێزانی بوون، هیچ مندالێکی کوری نییە و چونکە تۆ برای ئەوی، ئێستا پاشایەتی لایەقی ئێوەیە.

داریوش ئەو نامەیەی لە شوێنێکەوە بۆ بەردیە نارد کە ئێستا بە قەسر شیرین دەناسرێت ودوای دوو رۆژ هەواڵیان پێ گەیاند کە ئافرەتێك بە ناوی ئاتووسا دەیەوێت بیبینێت.

ئەو لە بیستنی ئەو هەواڵە دووچاری سەرسوڕمان بوو و چۆوە پێشوازی ئەو ئافرەتە و بە دیتنی، دڵنیا بوو ئافرەتەکە ئاتووسای کچی کوروشی دامەزرێنەری پاشایەتی هەخامەنشی و خێزانی کەمبۆجییەیە.

ئاتووسا بە بینینی داریوش کەوتە گریان و وتی: بە بیستنی هەواڵی نزیك بوونەوەی لەشکری ئێران، هەڵاتم و خۆم بە ئێوە گەیاند، دوای دیتنی نامەکەت سەبارەت بە مردنی هاوسەرەکەم، زانیم کە ئەو مردووە و فەرماندەیی لەشکرەکە کەوتووتە ئەستۆی تۆ.

من زانیاریم هەبوو کە کاتێك نامەت بۆ بەردیە سەبارەت بە بوونی بە پاشا دەنووسی، گومانت دەکرد کە نامە بۆ بەردیەی ڕاستی دەنووسی و لەکاتێکدا کە ئەو بەردیە نییە.

داریوش بە سەرسوڕمانەوە وتی: چۆن ئەو بەردیە نییە؟

ئاتووسا وتی: چونکە ئەو پیاوە ماسکی لە چاوە و خەڵك روخساری نابینن، وادەزانن کە ئەو بەردیەیە، بەڵام من روخساری ئەوم دیتووە و دەزانم بەردیە نییە.

داریوش وتی: تۆ چۆن روخساریت بینی؟

ئاتووسا وتی: دوای ئەوەی لە ڕێگەی نامەکەتەوە ئاگادار بۆوە لە مردنی کەمبۆجییە، داوای لە من کرد تا ببم بە هاوسەری و منیش بیرم دەکردەوە کە ئەو برای هاوسەرەکەمە، ڕازی بووم بە هاوسەرگیری و دوای ئەوەی بوومە هاوسەری ئەو و دەموچاویم دیت، زانیم کە ئەو بەردیە نییە و تۆ دەزانی بەردیە زۆر لێك چوو بوو لە گەڵ کەمبۆجییە و جمکەیە لە گەڵ ئەو و هاوتەمەنێتی. بەڵام ئەو پیاوە کە بۆوە هاوسەری من زۆر بە تەمەنترە لە کەمبۆجییە و هیچ بە کەمبۆجییە ناچێت و هاتووم پێتان ڕابگەیێنم کە ئەو پیاوێکی زۆر تەڵەکەبازە و منی بە تەڵەکە کردە هاوسەری خۆی و ئەگەر زانیبامە کە برای هاوسەرەکەم نییە، ئەستەم بوو کە ببمە هاوسەری.

داریوش پرسی: ئایا دوای ئەوەی نامەکەم سەبارەت بە مردنی کەمبۆجییەی پێ گەیشت، ماسکی لەچاو نەکردەوە؟

ئاتووسا پرسی: ئایا دوای ئەو نامەیە، تیماجی ترتان بۆ نارد؟ (ئەوکات نامە لە سەر تیماج دەنووسرا، وەك چۆن ئێستا لەسەر کاغەز دەنووسرێت.)

داریوش وتی: سێ ڕۆژ پێش ئێستا لە تیماجێکدا دانم بە پاشا بوونی ئەوداناوە.

ئاتووسا وتی: هەڵەیەکی مەزنت کردووە و ئەو پیاوە بەردیە نییە و نە دەنگ و نە ڕەنگی بە بەردیە ناچێت و منیش بە هۆی ئەوەی هاوسەری بووم بەو بابەتەم زانیوە.

داریوش پرسی: بەردیە چی لێهات؟

ئاتووسا وتی: نازانم بەردیە چی لێهات، بەڵام گومانم نییە ئەو پیاوە تەڵەکەبازە، برای هاوسەرەکەمی لەناو بردووە و ئەمڕۆ تەنها تۆ دەتوانی تۆڵەی بەردیە لەو پیاوە بکەیەوە و لە پاشایەتی لابدەی.

داریوش وێڕای ئەوەی دەیزانی کەسێکی وەك ئاتووسای کچی کوروش و خێزانی کەمبۆجییە درۆ ناکات، نەیدەتوانی وتەکانی ئەو ژنە باوەڕ پێ بکات، چونکە ئەوەی ئاتووسا دەیوت باوەڕ کردنی ئاسان نەبوو و بڕیاریدا کە خۆی لێکۆڵینەوە لەو بارەوە بکات و لە ئاتووسای پرسی: ئەو پیاوەی بە وتەی تۆ بەردیە نییە، ئێستا لە پازارگادە.

ئاتووسا وتی: نا، ئەو دەڵێت پازارگاد کەوتووتە بەر نەفرەت و بۆیە لە ئەکباتان دەژیات.

داریوش وتی: ئەی ئاتووسا، تۆ شاژنی گەورەی ئێمەی و ڕادەسپێرم تا پێداویستییەکانی ژیانت لێرە ئامادەبکرێت، تا ئەوکاتەی یەك لە ئەفسەرەکانمان دەچێتە ئەکباتان و لێکۆڵینەوە دەکات.

داریوش هەر ئەو ڕۆژە (ئین تافرەنس) ئەفسەری پایەبەرزی لەشکری بە فەرمانی پێویستەوە نارد بۆ ئەکباتان، تا لە پێناسی ئەو پیاوە بکوڵێتەوە. کاتێك (ئین تافرەنس) گەیشتە

کرمانشای ئێستا، بینی خەڵك بە هۆی دروستکردنی بتخانە لە ناوەندی شار لە لایەن بەردیەوە زۆر غەمبارن، بتێکی گەورە و چەند بتێکی بچووك لە ئەویٚ داندرابوون و تەواوی ژن و پیاوانی شار ناچاربوون رۆژانە جارێك بچنە بتخانەکە و لە پێش بتی گەورە، سوجدە ببەن و دیاریکردنی نۆرەش بۆ ئەو کارە، دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی جێگەی هەموو خەڵکی شار نەدەبۆوە بە یەکەوە بچنە بتخانەکە.

ئین تافرەنس ئەوەی لە کرماشان دیتبووی، هەر ئەوەشی لە ئەکباتان دیت و تەنها ئەوە جیاواز بوو کە بتخانەی ئەکباتان گەورەتر بوو، هەروەها چیتر لە هیچ یەك لە شارەکانی ئێران مەریان نەدەکوشتەوە و سەربڕینی گا، مەر، مانگا و پەلەوەر یاساغ بوو و ئەگەر لە ماڵێکدا پەلەوەریان سەر بڕی بوایە و پیاوانی گۆماتە زانیبایان، خاوەن ماڵەکەیان دەکوشت و کاتێك پیاوەکە دەمرد، ژنەکەشیان لەگەڵدا دەسوتاند و ئەگەر ژنەکە مردبایە، پیاوەکەی لە سووتان دەبەخشرا.

گۆماتە نیوەی داهاتی هەوو پیاوانی دەستاند و هەموو ئەوانەی کاریان دەکرد دەبوایە نیوەی داهاتی خۆیان بە ئەو ببەخشن و چونکە زێر و زیو کەم بوو بە ناچاری نیوەی داهاتیان بە کاڵا دەدایە گۆماتە و ئەو زۆر بە خێرایی بۆوە خاوەنی مەر و ماڵاتی بیٚ ژمار و دانەوێڵە و گەنمی زۆر و کەس نەیدەزانی ئەو پیاوە چ لەو پارە و داهاتە دەکات.

ئێستا و دوای (٢٥) سەدە، جگە لە گێڕانەوەی مێژوونووسان سەبارەت بە ئایینی گۆماتە، بەڵگەیەك لەبەر دەستمان نییە بیسەلمێنێت ئەو گۆماتەی خۆی بە جێنشینی مادەکان زانیوە، چ ئاین و دینێکی بووە. بە پێی ئەو گێڕانەوانەی کە هەیە دەردەکەوێت گۆماتە داهێنەر بووە و ئایینەکی تازەی بە لاسایی لە ئایینەکانی تر داهێناوە و لە هەر ئایینێك بابەتێکی وەرگرتووە.

یاساغ کردنی سەربڕینی ئاژەڵەکان بیٚ گومان لە ئایینی (وەدا) لە هندستان وەرگیراوە و سوتاندنی ژن بە زیندوویی لە گەڵ لاشەی هاوسەرە مردووەکەشی هەر دەگەڕێتەوە بۆ هندستان.

بت پەرستی گۆماتە لاسایی کردنەوەی سوریە و بابل بووە و وەرگرتنی نیوەی داهاتی پیاوانیش کارێك بوو کە لە هیچ یەك لە ئایینە رۆژهەڵاتییەکاندا نەبوو و گۆماتە داهێنەری بوو.

لایەنێکی ئایینی گۆماتە، کچانی لە کاتی چوونیان بۆ بتخانە بۆ هەموان حەڵاڵ دەکرد و ئەمەش ئێرانییەکانی زۆر بێزار دەکرد و گۆماتە ئەو نەریتە لە سوریانییەکان (ئاسووری) فێربوو. هەرچەندە

گۆماتە لە ئاگرخانەی چیچەستی ئازەربایجان (ورمیێ) خزمەتی کردبوو، بەڵام لە ئاییینی مەزداپەرستی تەنها بابەتە لاوەکیەکانی وەرگرتبوو و هیچ بنەمایەکی سەرەکی وەرنەگرتبوو.

پێشتر (ئین تافرەنس) لە نزیکەوە بەردیەی دیت بوو، بۆیە بڕیاریدا بە ناوی نێردەی داریوش کات و لە نزیکەوە بیبینێت و بەردیەی تازەش کە دەسەڵاتی بە دەست بوو لە ئین تافرەنس و کەسانی وەك ئەو ترسی نەبوو و داواکەی پەسەندکرد. ئەو دوای ئەوەی بە دیداری بەردیە (گۆماتە) گەیشت وتی: داریوش کە دوای مردنی کەمبۆجییە بۆتە فەرماندەی لەشکری ئێران، ئێستا لە قەسری شیرینە و منی ناردووە تا داوای مۆڵەت بکات.

کاتێك (ئین تافرەنس) هاتەژوور، بەردیە دانیشتبوو و بۆیە ئەفسەری ئێرانی نەیتوانی باڵای ببینێت، چونکە کاتی دانیشتن مرۆڤ باڵای دەرناکەوێت کە درێژە یا کورت، هەروەها بەردیە تازە زۆر قەڵەوتر بوو لەوەی کۆن و (فرەنس) نەیدەتوانی باوەڕ بکات کە ئەو لاوە بەو ڕادەیە قەڵەو ببێت.

کاتێك بەردیە کەوتە قسەکردن، ئەفسەرەکە دڵنیا بوو لەوەی کە ئەو بەردیەی ڕاستی نییە، چونکە ئەو هەرچەندە هەوڵی دەدا کە دەنگی بەردیە دەربێنێتەوە، بەڵام جیاوازییەکە لای ئەفسەرەکە دیار بوو و جگە لەوەش هەڵس و کەوتی بەردیەی ساختە لە گەڵ ئەودا زۆر نائاسایی بوو و واپێدەچوو ئەو پیاوەی لەسەر تەخت دانیشتووە، وەك هەریەکە لە پاشاکانی ئێران نەریتی پێشوازی لە ئەفسەرێك نازانێت کە ماوەی چەند ساڵە لە جەنگ بووە.

بەردیەی ساختە وتی: داریوش لەو نامەی بۆمی ناردووە هیچ باسی هاتنی تۆ ناکات.

ئین تافرەنس وەڵامی دایەوە: ئەوکات هێشتا بیری لە ناردنی من بۆ لای پاشا نەکردبۆوە.

بەردیە وتی: نامەیەکم بۆ داریوش ناردووە و فەرمانم کردووە کە یەکی تر لە جیاتی خۆی بکاتە سەرکردەی لەشکر و بە تەنها بێتە ئێرە.

ئەفسەرەکە تێ گەیشت ئەو پیاوە فێڵبازە دەیەوێت داریوش بێنێتە ئەکباتان و بیکوژێت. دواتر چاوەروان بوو کە بەردیە سەبارەت بە لەشکر پرسیاری لێ بکات، بەڵام بەردیە پرسیاری لە بارەی لەشکر نەکرد و تەنانەت لە بارەی کەمبۆجییەی براشی هیچی نەپرسی و دوای ماوەیەك بێ دەنگی، وتی: تۆ ئازادی و دەتوانی بڕۆی.

ئین تافرەنس لە هۆڵی کۆشکی پاشایەتی لە ئەکباتان هاتەدەر و ڕاستەوخۆ بەرەو قەسر شیرین چوو، تا بە داریوش بڵێت کە بێ گومان ئەو پیاوە، بەردیەی برای نییە و ئەگەر فەرمانی ئەو جێبەجێ بکات و بڕواتە لای، بێ گومان دەکوژرێت. ئەو دەیویست بە پەلە

داریوش ئاگادار بکاتەوە کە هەموو خەڵك لە ستەمی ئەو پیاوە لە ئازاردان و ئەو سەرەرای سەپاندنی ئایینەکەی بە سەر خەڵکدا، نیوەی داهاتەکەیان لێ دەستێنێت و تا ئێستا لە هیچ وڵاتێك باجی بەو رێژە زۆر و ستەمکارانەیە نەبووە.

ئەو بەبێ بەزەیی هاتنەوە بەو ئەسپەدا کە سواری ببوو، شەو و رۆژ دەرۆیشت و هەڵیدەدا لە شوێنێك ئەسپەکەی بکەوێت کە بتوانێت لەوێ ئەسپەکی تر بکرێت و بەردەوام بێت لە رێگەکەی. لە رێگادا بیری دەکردەوە کە هەرچەندە هێشتا بەردیە نەیتوانیوە ئایینەکەی بەسەر خەڵکی بابلدا بسەپێنێت کە وەك نەتەوەکانی تری بەردەستی ئێران، هەڵگری ئایینی ئازاد بوون، بەڵام بە دڵنیاییەوە هەنگاو بۆ ئەوکارە دەنێت و دوای ئێران، ئایینەکەی بە سەر هەموو نەتەوەکانی تر دەسەپێنێت و ئەوکات هەموو ئەو نەتەوانە ڕادەپەڕن و لە ئێران جیا دەبنەوە.

کاتی گەیشتنی ئین تافرەنس بۆ لای داریوش، نامەکەی بەردیە گەیشتبوو و داریوش پەسەندی ناوەڕۆکەکەی کردبوو و بڕیاریدا بوو (کاساگەرد) بە فەرماندەی لەشکر دیاری بکات و خۆی بە تەنها بچێتە ئەکباتان.

بەڵام ئین تافرەنس پێی وت: وریا بە ئەو کارە نەکەی، چونکە بە گەیشتنت بۆ ئەکباتان دەکوژرێی. چونکە ئەو پیاوەی خۆی بە بەردیە ناساندووە، برای کەمبۆجییە نییە و بەردەوام ماسکی لە چاوە تا خەڵك دەموچاوی نەبینن و نەزانن ئەو برای کەمبۆجییە نییە.دواتر بەردەوامبوو و بە درێژی بینینەکانی خۆی بۆ داریوش باس کرد و وتی: خەڵکی ئێران بە دەست ستەم و تازەگەریەکانی ئەو پیاوە کە من نەمتوانی بزانم کێیە و چوون خۆی کردووتە بەردیە، بێ دەرەتان و بە ئازارن.

داریوش وتی: بۆچی سەبارەت بە پێناسی ئەو لێکۆڵینەوەت نەکرد، تا بزانین ئەو کێ یە و لە کوێ هاتووە؟

ئەفسەرەکە وتی: ترسام ئەگەر من بۆ ناسینی ئەو بمێنمەوە، تۆ فەرمانەکەی بەجێ بگەیێنی و دوای سپاردنی فەرماندەیی لەشکر بە کەسی تر، بەرەو ئەکباتان بڕۆی و لەوێ بکوژرێی.

داریوش وتی: بەڵام لێرە لەو تازەگەریانەی ئەو کە باسیان دەکەیت، هیچیان نادی ترێت.

(ئین تافرەنس) وتی: چونکە ئێرە سەرزەوی بابلە و بەردیەی درۆزن هێشتا دەرفەتی نەبووە ئایینەکەی خۆی لە وڵاتەکانی تری بەر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئێران پەرە پێبدات و یا لە جەنگ دەترسێت، چونکە لە کاتی سەپاندنی ئەو ئایینە بەسەر بابل و سوریا و شوێنەکانی تردا، خەڵك سەرهەڵدان دەکەن.

لە لەشکری داریوش شەش فەرماندەی باڵا هەبوو کە ئین تافرەنس یەك لەوان بوو و داریوش هەر ئەو رۆژە شەش سەردارەکەی داوا کردن. (ئین تافرەنس) کە زۆر ماندوو بوو خۆی شوشت و دواتر ماوەیەك خەوت و دوای خەو بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی ئەو شەش ئەفسەرە کەوتەرێ و داریوش داوای لێ کرد، ئەوەی لە ئێران دیتوویەتی بۆ ئەفسەرەکانی تر باس بکات.

(ئین تافرەنس) وتەکانی خۆی دووبارە کردەوە و وتی: ئەگەر گومانتان لە ڕاستی وتەکانم هەیە دەتوانن بچن و خۆتان بارودۆخی ئێرانییەکان ببینن. ڕۆیشتن بۆ بتخانەکان و سوجدە بردن بۆ بتە گەورەکان لە شارەکانی ئێران بە زۆریە و ئەگەر کەسێك رۆژێك نەچێت بۆ بتخانە، دەکوژرێت و لە ئایینی ئێمە چوون بۆ ئاگرخانە بە زۆر نییە و کەس لە سەر نەچوون بۆ ئاگرخانە، سزا نادرێت. برۆن تا ببینن لە بتخانەکان کچە گەنجەکان بۆ هەموان حەڵاڵ کراون و ژنەکانیش دوای مردنی هاوسەرەکانیان، بە زیندوویی لە گەڵ هاوسەرەکەیان دەسوتێندرێن.

سەردارە ئێرانییەکان وتیان کەسێك بەو شێوەیە بەرانبەر ئایین و پاکی گەلانی ئێران هەڵسوکەوت بکات، تەنانەت ئەگەر خودی بەردیەی برای کەمبۆجییەش بێت پێویستە بکوژرێت و گەلانی ئێران رزگار بکرێن. هەر لەو دانیشتنە داریوش و شەش سەردارەکە بەیەکەوە پەیمانیان بەست ئەو پیاوە، تەنانەت ئەگەر بردیەی ڕاستیش بێت بە هۆی ئەو تازەگەریانەی هێناویتی، بکوژن و ئێرانییەکان رزگار بکەن و ئەو بەڵێنە لە وتەکانی داریوشدا بوو.

پێویستە بزانین کە ئەو شەش هاوپەیمانەی داریوش، براگەورەی گەلانی خۆیاندا نەبوون و تەنها کەسانی ناسراوی ئەوان بوون و جگە لەوەش بەرفەرمانی داریوش بوون و ئەوان لایان نەریت بوو کە وەك سەرکردەی سوپا و والی میسر، گوێ لە فەرمانەکانی بگرن، چونکە بە کەسی لێهاتوویان دەزانی.

داریوش دوای ئەوەی لەشکری بە جووڵە خست، هەرچەندە لە وڵاتی خۆیدا بوو، بەڵام بەردەوام پێشەنگ لە پێشی لەشکرەکەی دەرۆیشت نەوەك بەبێ ئاگایی هێرشیان بکرێتە سەر و دوور نەبوو کە بەردیەی ساختە، هەوڵ بدات لەشکری داریوش لەناو ببات. کاتێك داریوش گەیشتە کرماشان، حوکمڕانی ئەوێ ئەو فەرمانەی لە بەردیە گەیشت بوو، بە داریوشی گەیاند، کە نووسرا بوو: ئەگەر فەرمانی من سەبارەت بە هاتنتان بە تەنیایی بۆ ئەکباتان پێتان نەگەیشتووە، بە پێی ئەو فەرمانە پێتان ڕادەگەیێنم کە فەرماندەیی لەشکر بە یەکی تر لە ئەفسەرە پایەبەرزەکان بسپێرن و خۆتان بە تەنها بێنە ئەکباتان و لەشکر لە کرماشان بێت تا بڕیاری لەسەر دەدەم.

بۆ داریوش و ئەفسەرە باڵاکان دەرکەوت کە بەردیە لە جووڵەی لەشکر و جێبەجێ نەکردنی فەرمانەکەی لە لایەن داریوش ترساوە، بۆیە فەرمانەکەی دووبارە کردووتەوە و فەرمانی داوە کە حوکمڕانی کرماشان فەرمانەکە بە داریوش بگەیێنێت.

داریوش لە حوکمڕانی کرماشانی پرسی: ئایا تۆ پاشات دیتووە؟

ووتی: لە ئەکباتان چووم بۆ لای بەڵام روخساریم نەدیتووە، چونکە ماسکی کردووتە روخساری.

داریوش پرسی: ئایا لە ڕابردوو بەردیەت بینی بوو؟

ووتی: نا بەڵام زانیاریم هەبوو کە زۆر بە کەمبۆجییەی برای دەچێت.

داریوش وتی: تەنها دەمەویست ئەمە لە تۆ ببیستم و ئەوانەی بەردیەیان دیتووە، دەزانن ئەوان ئەوەندە پیچك چوون کە ئەگەر بەرگی یەکرەنگ لەبەر بکەن، ئەوا وەك یەك دەبن.

حوکمڕانەکە وتی: مەبەستت لەو وتەیە چییە؟

داریوش وتی: مەبەستم ئەوەیە کە ئەو پیاوەی ئێستا خۆی بە پاشا ناساندووە، بەردیە نییە.

حوکمڕانی کرماشان بە سەرسوڕمانەوە وتی: چۆن دەبێت ئەو بەردیە نەبێت؟

داریوش وتی: من هێشتا ئەوم نەبینیوە، ئێن تافرەنس کە لە فەرماندەکان لەشکرە بۆ دیتنی ئەو نارد و ئەو کە پێشتر بەردیەی دیتبوو، وتی ئەو پیاوەی خۆی بە پاشا ناساندووە و ماسکی لە چاوە، بەردیە نییە و منیش متمانەم بە ئەو کرد و دەزانم ئەو هەڵە ناکات.

حوکمڕان پرسی: ئەی بەردیە چی لێهات؟

داریوش وتی: بە گریمانی زۆر ئەو پیاوەی ماسکی لەسەرە ئەوی لەناو بردوە.

حوکمڕانی کرماشان وتی: کاتێك یاسا سەرسور هێنەرەکانی خستە بواری کار و وتی هەموو کەس دەبێت نیوەی داهاتیان وەك باج بدەن بە ئەو و سەربڕینی ئاژەڵەکان یاساغ کرا و بتخانەکان دروستکران و بوونە ناوەنی داوێن پیسی، من و خەڵکی تریش بیرمان کردەوە کە ئەو شێت بووە. ئێستا کە تۆ دەڵێی پاشای ئێران بەردیە نییە، چاوەکانم کرانەوە و ئێستا تێ دەگەم کە کوری کوروشی پاشای گەورەی ئێران کە پێست و گۆشتی بە مەزدا پەرستی گەورە بووە، ئەستەمە ببێتە بت پەرست و فەرمان بکات خەڵك سوجدە بۆ بتەکان ببەن و ئەستەمە کوری کوروش بڵێت کچە گەنجەکان لە بت خانەکان خۆیان بخەنە بەر دەست پیاوان.

داریوش وتی: من لە سەرەتا باوەڕم نەدەکرد کەسێك خۆی بە کوڕی کوروش و پاشای ئێران بزانێت، ئەو هەموو ستەم و خەراپەکاریانە بکات، چونکە لە دەرەوەی ئێران هیچ شوێنەواری

ئەو ستەم و خەراپکاریانەی بەردیە نەبوو، بەڵام لەو ڕۆژەی گەڕاومەتەوە بۆ ئێران، بۆ هەر لایەك کە دەچم دەبینم ژن و پیاو لەو ستەمانەی لە لایەن ئەو کەسەی خۆی بە بەردیە ناساندووە، هیچ توانایان نەماوە و خوازیاری لەناو بردنی ئەون.

حوکمڕانی کرماشان وتی: تەنها تۆ کە خاوەنی لەشکرێکی بەهێزی، دەتوانی خەڵکی ئێران لەو هەموو ستەمە ڕزگار بکەی و بۆ ئەو مەبەستەش تەواوی خەڵکی ئێران بۆ ڕزگاربوون لە ستەم، پشتیوانت دەبن.

داریوش وتی: تۆ هەواڵی هاتنی من بۆ کرماشانت پێ ڕاگەیاندووە؟

حوکمڕانی کرماشان وتی: ئەو نامەی بۆ من ناردووە و فەرمانی پێکردووم تا بە گەیشتنی تۆ، بە تەتەرێکی خێرا پەیامی پێ بدەم و منیش چونکە ئەوم بە کوری کوروش دەزانی، فەرمانەکەم جێبەجێ کرد.

داریش پرسی: ئایا تۆ لە ناوەرۆکی پەیامەکەی ئەو بۆ من ئاگاداری؟

ووتی: بەڵێ، چونکە بەردیە لەو نامەی بۆ منی نووسیوە، فەرمانی داومەتێ کە فەرمان بە تۆ بدەم تا لەشکرەکەت لە کرماشان جێ بهێڵی و خۆت بە تەنیا بچی بۆ ئەکباتان.

داریوش وتی: ئەگەر من نەمەوێت لەشکرەکەم لێرە جێ بهێڵم و بە تەنیا بڕۆم، بەردیە چ فەرمانێکی بە تۆ کردووە؟

حوکمڕانەکە وتی: ئەو فەرمانیداوە دەستگیرتان بکەم و بە دەست بەستراوی رەوانتان بکەم.

داریوش وتی: من نامەوێت لەشکرەکەم لێرە بهێڵمەوە و خۆم بچمە ئەکباتان، ئایا تۆ من دەستگیر دەکەی و رەوانم دەکەی بۆ ئەوێ؟

حوکمڕانەکە وتی: تۆ دەزانی کە من توانام نییە سەرکردەیەکی وەك تۆ کە خاوەن لەشکری بەهێزی دەستگیر بکەم و ئەگەر ئەو توانایەم هەشبێت، ئەوکارە ناکەم.

داریوش وتی: کەواتە کاتێك من بە لەشکرەوە لێرە رۆیشتم، هەواڵی من بۆ بردیە مەنێرە.
حوکمڕانەکە فەرمانی بەجێ هێنا و داریوش بە لەشکرەکەیەوە لە کرماشان کەوتەرێ و هەوڵیدەدا بە خێرایی رێگە ببڕێت.

بەڵام جووڵە لەشکر هەرچەندە خێرا بێت، لە رووی سەربازییەوە هەر هێواشە، چونکە دەبێت بۆ لەشکرەکەی ئاو و خواردن و بۆ چوارپێکانیش بەردەوام ئالیك دەستەبەر بکەن و

دەبێت لەو شوێنانە کە ئاوی لێ یە بمێننەوە و لەو شوێنانەی کاروانێك بە هۆی جۆگەیەکی ئاو دەمێننەوە، ناتواندرێت لەشکری ئاوا گەورە تێر ئاو بکرێت.

ئەو بابەتانە کە بۆ ئێستاش هەستیارن، بوونە هۆکاری ئاگادار بوونەوەی گۆماتە و ئەویش بە هۆی ئەو ستەمانەی کرد بووی، دەیزانی ئەگەر لە ئەکباتان دوور کەوێتەوە لە هیچ شوێنێکی تر ناتوانێت پەنا بگرێت و ئەکباتان بۆ ئەو لە هەموو شوێنێك پارێزراوترە و بڕیاریدا ئەگەر داریوش بەرفەرمان نەبوو، پاڵ بدات بە شورەی شار.

سەبارەت بە شورەی ئەکباتان لە مێژووی مێژوونووسانی یۆنانی، شتی وا باسکراوە کە مێشك ناتوانێت پەسەندی بکات. هەندێکیان نووسیویانە کە ئەو شارە حەوت شورەی لە دەورە بووە کە هەریەکەیان بە ڕەنگێك بووە و ئەمە بەبێ دوودڵی ڕاست نییە و دروستکردنی حەوت شورە کە ڕەنگاوڕەنگ بن، تێچووی زۆری پێویستە. کەتزیاسی مێژوونووسی یۆنانی کە بە چاوی خۆی شورەکەی بینیوە، نووسیویەتی کە ئەو شورەە درێژایی هەشتا (ئەستاد) بووە کە پێوەری یۆنانی بووە و بەرانبەر بە دووسەد مەتر بووە و بەو پێوەرە ئەو شورەە درێژایی شازدە کیلۆمەتر بووە، کە جێی بڕوایە و بابەتێکی عەقلانییە.

کەتزیاس دەڵێت: بەرانبەر شورەی شار، هەندێ قەڵات بە دووری دوو سەد تا سێ سەد مەتر دروستکرا بوون و لەو قەڵایانەدا سەربازان ڕێیان لە دوژمن دەگرت و نەیاندەهێشت لە شورەی شار نزیك ببنەوە و بە کەرەستەکانی ئەو کات کە گرنگترینیان مەنجەنیق بوو، شورەکە تێك بشکێنن و ئەگەر نەیانتوانی بوایە بەرگەی دوژمن بگرن، قەڵاکانیان بەجێ دەهێشت و پاشەکشەیان دەکرد بۆ ناو شار.[1]

کاتێك لەشکری داریوش گەیشتە ئەکباتان، دەروازەکانی شار داخرابوون و گۆماتە کە نەیویست داریوش بە لەشکرەوە بێتە ناو شار، لە سەر شورەکەوە وەڵامی بۆ نارد، کە بۆچی سەرکێشی کردووە و فەرمانی ئەوی جێبەجێ کردووە.

داریوش وەڵامی دایەوە: لە سوپای ئێراندا ڕوووینەداوە کە سەردارێك، فەرمانی پاشا بەجێ نەگەیێنێت و منیش لەو ڕوانگەوە بەرفەرمانت نەبووم کە زانیم ئەو کەسەی خۆی بە بەردیەی

---

(١) (بابەتی حەوت شورەی ئەکباتان وەك بابەتی سەد دەروازەی هەندێ شارەکان، لایەنی زێدەڕۆیی پێوە دیاربوو و هیرۆدۆتیش لە زیدەڕۆیی پارێزراو نەبووە و بۆ نمەنە نووسیویەتی کە شاری تەبسی میسر خاوەنی سەد دەروازە بووە و بە پێچەوانەوە ئێمە لەو سەردەمە بە هەبوونی بەڵگەوە دەزانین کە ئەو دەرگایە نە شورە و نە دەروازەی نەبووە و ئەو ڕۆژەش کە ناوەندی میسر نەما، ئەو جوانییەی هەیبوو نەما و گۆڕا بە شارێکی بچووك و دواتریش ئەو شارە وێران بوو، زەبیحوڵڵا)

برای کەمبۆجییە و کوری کوروش ناساندوە، شازادەی ئێرانی نییە و ئەگەر شازادەی ئێرانی و میراتگری تاج و تەخت بوایە، ئەستەم بوو نافەرمانی بکەم.

بەردیە وتی: من فەرماندەکەم دەروازە بکەنەوە و تۆ بە تەنیا بێی بۆ ناوشار تا دڵنیا بی کە من بەردیەم.

داریوش وتی: ئەگەر تۆ بەردیەی بۆ پێ دادەگری کە من بە تەنیا بێمە ناوشار؟ ئەگەر تۆ پاشای ئێرانی و ئەو لەشکرەی لە سوریا گەڕاوەتەوە هی تۆیە، بۆچی لە هاتنی ئەو لەشکرە بۆ ناو شار دەترسی؟

بەڵام بەردیە هەر پێداگری دەکرد کە داریوش بە تەنیا بچێتە ناوشار و بچێتە لای ئەو، داریوشیش پەسەندی نەکرد و گەمارۆی شارەکەیدا.

گۆماتە فێڵباز بوو، بەڵام هیچی لە بارەی جەنگ نەدەزانی و نەیدەزانی ئەو کەسەی بیەوێت لە شارێکی گەورەی وەك ئەکباتانە جەنگ بکات، ئەگەر پێش هەموو شتێك خواردەمەنی بۆ دانیشتوانی شار و سەربازەکانی و ئالیك بۆ چوارپێ کان دابین نەکات، ناتوانێت بەرگەی دەورەگیرانێکی درێژخایەن بگرێت.

جگە لە خواردەمەنی و ئالیك، سوتەمەنیش بە هۆی نزیك بوونەوەی وەرزی زستان، بۆ پارێزەرەکان و دانیشتوانی شار گرفتی دروست دەکرد، چونکە گەیشتنی داریوش بۆ ئەوێ هاوکات بوو لە گەڵ وەرزی پاییز کە تەنانەت ئێستاش (هەمەدان جێگەی ئەکباتانەی گرتۆتەوە) کاتی زستان زۆر سارد دەبێت و بەهۆی گەمارووە درانی شاریش، ڕێگەی گەیشتنی سوتەمەنی بەو شارە نەما و چیتر دانیشتوانی شار نەیانتوانی لە دەرەوە سووتەمەنی بهێنن.

هەرچەندە ئەوانەی باری ژیانیان باش بوو، بەپێی نەریتی ئەوکات و هەروەك ئێستا سووتەمەنیان لە هاوینەوە دابین دەکرد، بەڵام چینی کەم دەرامەت کە خواردەمەنی و سووتەمەنیان بە شێوەی ڕۆژانە دابین دەکرد، بە هۆی دەورە درانی شار لە هەردوو روانگەوە کەوتنە دۆخی خەراپەوە.

گەزنەفۆنی مێژوونووسی یۆنانی دەڵێت: لە دووەم ڕۆژی گەمارۆ درانی شارەوە بارەبۆ و خواردەمەنی لە شار دەست نەدەکەوت و ئەوانەی لە ماڵەکانیان خۆراکیان نەبوو، دووچاری ناخۆشی بوونەوە. لە سێ یەم ڕۆژ، داریوش پەیامی بۆ گۆماتە نارد کە ئەگەر تۆ پاشای ئێران بوایەی لەو شارەدا کە پایتەختی تۆیە، خۆت نەدەخستە دەورەدران و بەزەییت بە لایەنگرانت دەهاتەوە، چونکە بە درێژبوونەوەی ماوەی دەورە درانەکە، قاتی و نەبوونی روو لە شار دەکات و لە لایەکی تر بە هاتنی زستان، بە هۆی سەرما لەناو دەچن و بۆیە داواکارم دەروازەکان بکەنەوە و من ئێوە دەبەخشم بەو مەرجەی پێمان ڕابگەیێنی کە

چیت لەگەڵ بەردیە کردووە؟ بەڵام گۆماتە وەڵامی نەدایەوە و بێ دەنگی ئەو نیشانەی بوو کە نایەوێت خۆی بە دەستەوە بدات و داریوشیش بڕیاریدا کە شارەکە داگیر بکات.

داریوش تەواوی پێداویستییە جەنگییەکانی لەشکری ئێرانی کە لە سوریا بوو، لەگەڵ خۆیدا هێنابۆوە و هیچی بەجێ نەهێشتبوو و بۆ نموونە ئەو مەنجەنیقە سەربازیانەی بە پارچە کراوی دەگواسترایەوە، هێندرابوونەوە و فەرمانیدا بیانخەنەوە سەر یەك و تەواوی مەشخەڵەکان ئامادەبکەن تا شار لە شەودا رووناك بێت و مەنجەنیق هاوێژەکان بتوانن نیشانە بگرن.

قەڵاکانی دەرەوەی شار لە یەکەم رۆژی جەنگ کەوتنە دەست لەشکری داریوش و سەربازەکانی ناو ئەو قەڵایانە خۆیان بە دەستەوەدا و هەموویان لە هاتنەوەی لەشکری هەخامەنشی خۆشحاڵ بوون، چونکە داریوش و لەشکرەکەی، ئەوانیان لە دەست گۆماتە رزگارکرد. وەرەی سەربازەکانی سەر شورەی شاریش وەك ئەوانەی ناو قەڵاتەکان بوو و خۆیان بە دەستەوەدا. لەو کاتەوە کە مەنجەنیقەکان شورەی شاریان کردە نیشانە، بەبێ پسانەوە بەردیان بەسەر شورەکەدا باراند. داریوش بە مەنجەنیق هاوێژەکانی وت بوو، بە شێوەیەك نیشانە بگرن کە تەنها بەردەکان بەر شورە بکەون و تەنها کەسانی سەر شورەکە بکوژرێن. فەرماندەی لەشکری ئێران نەیدەویست کە خەڵکی شار بکوژرێن یا ماڵەکانیان وێران بکرێت.

هەر بەردێك کە بەر شورەکە دەکەوت، ئەگەر بەر سەربازێك کەوتبایە دەیکوشت و سەربازەکانی گۆماتە هیچیان نەبوو بۆ جەنگ لەگەڵ مەنجەنیق و گۆماتەش نەیدەزانی مەنجەنیقەکان چوون لەکار بخات. لە دوای رۆژئاوا بوون، لەشکری داریوش مەشخەڵەکانیان پێ کرد تا سەر شورەی شار رووناك بێت و مەنجەنیق چییەکان هەر بەردەوامبوون لەسەر بەرد باراندن و نزیکەی نیوەی شەو ئاڵایەکی سپی (بە وتەی گەزنەفۆن[۲]) بە سەر بورجێك لە لای باشووری دەروازەی رۆژهەڵاتی شار هەڵکرا و پارێزەرانی ئەو بورجە پێشانیاندا کە دەیانەوێت، خۆیان بدەنە دەست و داریوش فەرمانی کرد کە چیتر بەرد بەسەر ئەو بورجەدا نەبارێنن و بەرد باراندن بەسەر شوێنەکانی تر بەردەوامکرا.

---

(۲) (لە مێژووی ئێران ئەوە یەکەمجارە باس لە ئاڵای سپی ڕەنگ بۆ خۆ بە دەستەوەدان بکرێت و نازانین ئەو نەریتە لە چ کاتێکەوە لە ئێران هەبووە، ئایا ئەو نەریتە لە رۆژئاوا هاتۆتە ئێران یا بە پێچەوانەوە. زەبیحوڵڵا.)

نوێنەرێك کە خۆی لە پشت قەلغانێکی دارین شارد بۆوە تا تیری بەر نەکەوێت، لە بورجەکە نزیك دەبۆوە و ئەو کەسەی کە پێدەچوو فەرماندەی بورجەکە بێت، هاواری کرد ئێمە ئامادەین خۆمان بە دەستەوە بدەین بەو مەرجەی پارێزراو بین. داریوش بیستی ئەو کەسە چ دەڵێت و لە ڕێگەی نوێنەرەوی وەڵامی دانەوە: خۆتان ڕادەست بکەن و دڵنیا بن گیان و ماڵی پارێزەرانی شار و دانیشتوان دەپارێزرێت.

لەو کاتەی بەردباران بۆ بەشەکانی تری شار بەردەوامبوو، بەردەکانی پشت دەروازەی ڕۆژهەڵات کە بە دەروازەی (خۆر ئاور[٣]) (واتە ئەو لایەی خۆری لێوە هەڵدێت) بوو، هەڵگیرا و دەروازەکە بەرەو رووی لەشکری داریوش کرایەوە و لە ئێران تەنها شارێك بوو کە تەنها بە مەنجەنیق گیرا و داریوش بۆ داگیرکردنی ئەو شارە چەکی تری بەکارنەهێنا و لە کاتی دەورە گیرانی شارەکاندا مەنجەنیق ئەو چەکە بوو کە بەرانبەری ماندوو دەکرد، بەڵام بە تەنها نەدەبوو بە هۆی سەرکەوتن.

سەربازەکانی داریوش بە مەشخەڵەکانیانەوە چوونە ناو شار و هەندێکیان چوونە ناو دوو بورجەکەی سەر دەروازەی خۆر ئاوڕ و شورەکەی دەوروبەری و هەندێ لەوان بە فەرمانی داریوش ڕاستەوخۆ بەرەو کوشکی پاشایەتی چوون و هاوکات تەواوی ڕێرەوەکانی ناو شاری هەمەدانیان دەست بەسەرداگرت.

کۆشکی پاشایەتی لە سەر گردێك بوو لە ناوەڕاستی شار و لەو گردەوە ئاوەڕۆیەك دەهاتەدەر کە پاجەنگۆ و ئاوی باران و بەفری لە گردەکە دەهێنایەدەر و داریوش چاودێری خستە سەر دەرچوونی ئەو ئاوەرۆیە و تەواوی ئاوەڕۆکانی شار تا گۆماتە لەو شوێنەوە هەڵنەیات.

بارودۆخی شاری ئەکباتانە کە یەك لە شارە گەورەکانی ڕۆژهەلات بوو، نابێت بەراورد بکەین بە دۆخی هەمەدانی ئێستا. لە بیست و پێنج سەدەی ڕابردوودا باران و بەفر و با و هەتاو و بوومەلەرزە بە ڕادەیەك گۆڕیوە کە ناکرێت لە هەمەدانی ئێستادا بناسرێتەوە.

گەزنەفۆن دەڵێت: شار لە داوێنی گردەکان بینا کرابوو[٤] و کۆشکی پاشایەتی لە گردێکی بەرزتر لە گردەکانی تر بوو و وێڕای باران بارین، بەڵام ئاو لە خوار گردەکانەوە نەدەبینرا و ئاوەڕۆکان هەموویا بۆ دەرەوەی شار دەگواستەوە.

---

(٣) (دەزانین کە خۆرئاوڕ وشەیەکی کوردییە کە لە سەر دەروازەی ئەو شارە کوردییە دانراوە، وەرگێڕ بۆ کوردی)

(٤) (لە دونیای کۆن سێ شاری گەورە و بەناو بانگ لە سەر گردەکان بینا کرابوون کە بریتی بوون لە: ئەکباتان، ڕۆم و بیزان تیۆن کە ئێستا بە ئیستانبوڵ ناسراوە. زەبیحوڵڵا.)

بەردیە لە کۆشکی پاشایەتیدا گەمارۆدرا و تاکە ڕێگەی هەڵاتنی زێرابەکان بوون، هەندێك لە خزمەتکارەکانی ڕاسپارد کیسە زێڕەکان هەڵبگرن و مەشخەڵ پێ بکەن، تا بتوانن لە ئەوێوە دەربچن. دوای ئەوەی لەشکری کوروش هاتە ناوشار، ئەو سەربازانەی لە سەر شورەکە و لە شوێنەکانی تری شار بوون، زانیان کە بەرگری ئاکامی نییە و خۆیان ڕادەست کرد و جەنگ بە تەواوەتی لەشارەکەدا کۆتایی هات.

هەموو سەربازانی لەشکری داریوش دەیانزانی بەردیە کە ئێستا پاشایە ماسکی لەچاوە، هەندێکیان پێش ئەوەی لە ئێران دەربچن دەیانزانی ئەو ماسکی لەچاوە و ئەوانی تریش دوای گەڕانەوە ئاگادار کران و بۆیە هەرکە بەردیە و خزمەتکارەکانی لە ڕێڕەوەکە هاتنە دەرەوە بە هۆی ماسکەکەوە ناسرانەوە و سەربازەکانی گرتیان و هەواڵیان بە داریوش گەیاند.

داریوش لەوکاتەدا لە نزیك کۆشکی پاشایەتی بوو و دوای بیستنی هەواڵەکە، پەیامی بۆ سەربازە بەرگریکارەکانی کۆشك نارد کە بەردیە لە ڕێگەی ئاوەڕۆی کۆشکدا هەڵاتووە و دەستگیر کراوە، بۆیە بەرگری کارێکی بێ سوودە و ئەوانیش خۆیان بەدەستەوەدا و داریوش چۆوە ناو کۆشکەکە و فەرمانیدا بەردیە بهێنن بۆ بەردەمی. بە داریوشیان ڕاگەیاند کە بەهۆی ئەوەی چووتە ناو ئاوەڕۆکەوە، پیس بووە و لێ وەشاوە نییە بۆ هاتن بۆ کۆشکی پاشا و ئەویش فەرمانیدا تا بیشۆن و لە کۆشکی پاشایەتی جل و بەرگی بۆ ببەن، تا خۆی بگۆڕێت. دوای یەك کاتژمێر بەردیە کە هێشتا ماسکی لە چاو بوو، لە کۆشکی پاشایەتی هێندرا بۆ بەردەم داریوش.

باسمان کرد کە ئەو پیاوێکی باڵابەرز و قەڵەو بوو و کاتێك هێندرایە کۆشکی پاشایەتی، ئەو شەش سەردارەی ببوونە هاوپەیمانی داریوش بۆ لابردنی بەردیە، لە ژوورەوە بوون. دەستەکانی بەردیەیان نەبەستبۆوە، بەڵام سەربازەکان دەورەیان گرتبوو و داریوش پرسیاری کرد: ئەگەر تۆ پاشای و خۆت بە وارس و جێ نشینی کوروش و کەمبۆجییە دەزانی، بۆچی لە ڕێگەی زێرابەوە هەڵاتووی و ئایا پیاوێك کە کوری کوروش بێت، لە ڕێگەی زێرابەوە هەڵدێت؟

ئاریان دەڵێت: داریوش لە بەردیە چۆوە پێش و ماسکەکەی لەچاو هەڵگرت، پیاوێکی ناشیرین بە دەموچاوی گنجاوی و چاوی بچووکی خورمایی دەرکەوت و بۆ یەکەم جار روخساری ئەو پیاوەی خۆی بە پاشای ئێران ناساندبوو دەرکەوت.

داریوش فەرمانی کرد تا ئاتووسای کچی کوروش بێت و کاتێك ئاتووسا هات، لێی پرسی: ئایا ئەو پیاوە هەر هەمان هاوسەرەکەی تۆ بوو؟

ئاتووسا وتی: بەڵێ ئەوە ئەو کەسەیە و داریوشیش کە کاری بە ئاتووسا نەمابوو، مۆڵەتی پێدا تا بڕوات.

ئاریان دەڵێت: دوای ئەوەی داریوش بۆی روون بۆوە کە ئەو کەسە بەردیە نییە، پرسیاری لێ کرد تۆ کێی و چیت لە بەردیە کرد؟ ئەو پرسیارەی ئاریان باسی دەکات لە گەڵ ئەوەی لە سەر بەردینەکە نووسراوە ناکۆك نییە.

هەندێ مێژوونووسەکان ڕایان وایە کە داریوش دڵنیا بووە لەوەی بەردیە بە دەستی کەمبۆجییە کوژرابێت و ئێمەش وتمان کە هۆکارەکانی ئەنجام نەدانی ئەوکارە لە لایەن ناوبراو چییە. بە پێچەوانەی ڕای مێژوونووسەکان، داریوش دەیزانی ئەو کارە لە لایەن کەمبۆجییە نەکراوە و تەنانەت ئەو لە میسریشەوە ئەو فەرمانەی نەکردووە و بۆیە ئەو پرسیارەی لێ کرد و ئەویش ویستی داریوش هەڵ خەڵەتێنێ و وتی: ئەوانەی لێرەن مۆڵەت بدە با بڕۆن، چونکە من هەندێ وتەی نهێنیم لە گەڵ تۆدا هەیە.

داریوش وتی: ئێمە بەڵێنمان داوە کە لە بارەی تۆ هیچ شتێك نەشارینەوە و ئەوەی دەتەوێت لێرە و لە پێش ئەوانە بڵێ.

ئەویش سەری نزیك گوێی داریوش کرد و بە هێواشی پێی وت: هەرچەندی زێرت پێویستە دەتدەمێ و دەتکەم بە پاشای نیوەی وڵاتەکانی بەر دەستم.

داریوش بە ئەفسەرەکانی وت: ئەو پیاوە دەیەوێت من بکرێت و بەڵێنی زێر و خشڵ و پاشایەتی نیوەی وڵاتەکانی بەردەستیم پێ دەدات و نازانێت کە ئەو شتانەی داگیرکردوون و هی خەڵکی ترن. دواتر بەو پیاوەی وت: ئایا ئامادەی خۆت بناسێنی یا جەللادەکان بانگ بکەم بۆ ئەشکەنجەدانت؟ ئەو پیاوە وەڵامی دایەوە کە من ناوم گۆماتەیە.

داریوش پرسیاری کرد: خەڵکی کوێی و لە ڕابردوودا چ کارە بووی؟

ئەویش لە ترسی ئەشکەنجەدان، خۆی بە دروستی ناساند و داریوش پرسیاری لێ کرد کە ئایا بەردیە زیندووە یا نا؟ گۆماتە وتی: بەردیە مردووە.

داریوش پرسی: لە کوێ مردووە و گۆماتە وتی: لە پازارگاد.

داریوش وتی: ئەی بۆ کەس لە مردنی ئەو ئاگادار نەبوو.

گۆماتە وتی: ئەو لە ئاگرخانەدا ژیانی کۆتایی هات.

داریوش وتی: تەنانەت ئەگەر لە ئاگرخانەی پازارگادیش مرد بێت، خەڵك دەبێ لە مردنەکەی ئاگادار بێت.

گۆماتە وتی: ئەو ڕۆژەی ئەو مرد، جگە لە من و ئەو کەسی تر لە ئاگرخانەکە نەبوو.[٥]

داریوش وتی: ئایا ئەو لە ئاگرخانەدا مرد. گۆماتە وتی: بەڵێ.

داریوش دەیزانی کە لە ئاگرخانە تەنها یەك کەس لە خزمەتکارەکان لەوێ دەبێت و هیچ کات لە ئەوێ دوو کەس بە یەك ناگەن، مەگەر یەکیان سەردانی کەر بێت و بۆیە پرسی: بەردیە بە چ شێوەیەك لە ژووری ئاگردا مرد.

گۆماتە وتی: من لەو ژوورە بووم و بەپێی نەریت نزام دەکرد، بینیم بەردیە هاتە ژوورەوە و ماسکی لەچاو بوو، دوای هاتنی بۆ ئاگرخانەکە، دەستی بە نزا و پاڕانەوە کرد و لە کاتی پارانەوە لەپڕ باسی لە شەکەتی خۆی کرد، لە سەر زەوی دانیشت و دواتر کەوتە سەر تەنیشت، چووم بۆ لای و لە تەندروستیم پرسی و ویستم بزانم چ ئازارێکی هەیە؟ بەڵام ئەو وەڵامی نەدامەوە و دوای ماوەیەك بۆم دەرکەوت کە مردووە، ئەوکات ماسکم لە چاوی کردەوە و زانیم کە لەگەڵ کەمبۆجییەدا زۆر لێکچووە.

ئەوکات لەپڕ بیرم کردەوە کە سوود لە مردنی بەردیە ببینم و خۆم لە جیاتی ئەو بناسێنم و بە هۆی بوونی ماسك لەسەر چاوی کەس نازانێت کە من بەردیە نیم. بۆیە تەرمی بەردیەم لە ئاگرخانەکە گواستەوە بۆ میحراب کە لە ژێر ئاگرەکەیە و خۆڵەمێش دەکرێتە ئەو شوێنە، بۆ ئەوەی شەو تەرمەکەی لەو شوێنە دەربکەم تا کەس ئاگاداری مردنی ئەو نەبێت و دواتر تەرمەکەی بە خاك بسپێرم.

داریوش پرسی: دوای ئەوەی بەردیە مرد و تۆ تەرمەکەت لە ژێر ئاگردان دانا، ماسکەکەت کردە چاوی خۆت و لە ئاگرخانەکە دەرچووی، یاوەرانی بەردیە کە لە دەرەوە وەستا بوون بە دیتنی تۆ دووچاری سەرسوڕمان نەبوون؟

گۆماتە وتی: بەردیە هەرکات بۆ ئاگرخانە دەهات، بە تەنها بوو.

داریوش وتی: تەرمەکەت لە کوێ بە خاك سپارد؟

گۆماتە وتی: لە شوێنێك بە دووری نیو فەرسەخ لە باشووری ئاگرخانەکە.

داریوش وتی: بێ گومان دەزانی کە گۆڕەکەی لە کوێیە؟

گۆماتە وتی: من هیچ نیشانەیەکم نەخستووتە سەر گۆڕەکەی تا بزانم لە کوێیە.

داریوش وتی: ئایا بە نزیکەیی شوێنی بە خاك سپاردنی تەرمەکە دەزانی؟

(٥) (ئاگرخانە بریتییە لە ژوور یا تالارێك کە ئاگری هەمیشەیی لێ دادەنرێت. زەبیحوڵڵا)

گۆماته پرسی: بۆ؟

داریوش وتی: من دەمەوێت بچمە پازارگاد و تۆش لەگەڵ خۆم دەبەم، بۆ ئەوەی ئەو شوێنەم نیشان بدەی.

بە فەرمانی داریوش، گۆماتە زیندانی کرا و داریوش بە ڕێگەی جارچییەکانەوە، بە خەڵکی ڕاگەیاند کە ئایینی بت پەرستی کە لە لایەن ئێرانییەکان بە بێزراو هەژمار دەکرا، لەناو دەچێت و رۆژی دواتر بت خانەی ئەکباتان وێران کرا، سەربڕینی ئاژەڵ ئازاد کرا و کەس داوای باجی لە دانیشتوان نەکرد.

داریوش کۆمەڵێك تەتەری خێرای بەرەو ویلایەتەکانی ئێران نارد تا نامەکانی ئەو بگەیێننە حوکمڕانی ویلایەتە جیاکانی ئێران، بۆ ئەوەی بزانن ئەو پیاوەی لەسەر تەخت بووە، بەردیە نەبووە و پیاوێکی تەڵەکەباز بە ناوی گۆماتە کە خزمەتکاری ئاگرخانەی چیچەست (وەرمێ) و ئاگرخانەی پازارگاد بووە، حوکمڕانی ئەوانی کردووە و بەردیەی برای کەمبۆجییە و کوری کوروش مردووە و لە پازارگاد بە خاك سپاردراوە.

هەندێ خەڵك بە بیستنی هەواڵەکە دووچاری سەرسوڕمان بوون و بەڵام ئەوانی تر بە ئاساییان وەرگرت و بڕوایان وابوو کە ئەو کەسەی کە فەرمانڕەوایان بووە، کوری کوروش و برای کەمبۆجییە نەبووە، چونکە ئەستەمە کوری کوروش ئایینی مەزدا پەرستی وەلا بنێت و داوێن پیسی پەرە پێ بدات.

گۆماتە لە رۆژی پازدەهەمی یەکەم مانگی پاییز دەستگیر کرا، دانیشتوانی ئێران ئەوەندە خۆشحاڵ بوون کە ئەو رۆژەیان کردە جەژن و تا کۆتایی پاشایەتی هەخامەنشییەکان هەر بە جەژن مایەوە، گومانی تێدانییە رزگارکردنی خەڵك لە ستەمی گۆماتە بۆوە هۆی خۆشەویستی داریوش لە ناو خەڵکی ئێران و هەر ئەوەش هۆکاری پاڵپشتی هەموو سەرکردەکان بوو لە ناوبراو بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی.

داریوش لە ئەکباتانەوە، گۆماتەی لەگەڵ خۆی بۆ پازارگاد برد تا ناچاری بکات شوێنی گۆڕەکە بە نزیکەیی نیشانی بدات. گۆماتە دەیویست خۆی لەو بابەتە بدزێتەوە و دەیوت کاتی ناشتنی تەرمەکە شەو بووە و شوێنی گۆڕەکەم بیر نەماوە، بەڵام داریوش گوشاری توندی خستەسەر و ئەویش لە ترسی ئەشکەنجە، شوێنی گۆڕەکەی نیشاندا.

داریوش فەرمانی کرد تا گۆرەکە هەڵکەننەوە و تەرمی بەردیە دەربێننەوە و لەکاتی هەڵکەندنی گۆرەکە داریوش خۆی لەوێ بوو. هەرچەندە ماوەیەك بەسەر ناشتنی تەرمەکەدا تێپەڕیبوو، کاتێك

تەرمەکە دەرکەوت هێشتا دەناسرایەوە و وێڕای بۆگەنی تەرمەکە، داریوش بەسەریدا چەمایەوە و بە وردی تەرمەکەی پشکنی، شوێنەواری خوێنی وشکبووە و برین لە قورگ و سینگی دەبینرا[٦].

پرسیاری لە گۆماتە کرد: ئەو برینانە و شوێنەواری خوێنی وشکبووە چییە؟ ئایا تۆ نەتووت کە بەردیە بە مردنی خۆی مردووە؟

گۆماتە وتی: بەڵێ.

داریوش پرسیاری کرد: کەواتە ئەو برینانەی لە قورگی و سینگی هەیە و شوێنەواری خوێنی وشکبووە چییە؟

گۆماتە وتی: ئەوە شوێنەواری شی بوونەوەی تەرمەکەیە.

داریوش وتی: من پیاوی مەیدانی جەنگم و هەزاران لاشەم بینیوە، ئایا تۆ دەتەوێت بڵێی پیاوێکی وەك من شوێنەواری شی بوونەوەی تەرم ناناسم؟

گۆماتە بێ دەنگ بوو.

داریوش وتی: خۆڵی ئێرە وشکە و تەرم لەو شێوە خاکەدا درەنگ دەرزێت، بەڵام هێشتا جگە لە خانەکانی چاوی هیچ شوێنێکی تری تەرمەکە شی نەبۆتەوە. گۆماتە دیسان بێ دەنگ بوو.

داریوش وتی: تۆ ئەو لاوەت کوشتووە تا لە جێگەیدا ببی بە پاشا و منیش بۆیە تۆم هێنایە ئێرە تا بە ئامادەبوونی تۆ تەرمەکە دەربهێنمەوە، تەرمەکە ببینم و بزانم کوری کوروش بە مردنی ئاسایی مردووە یا کوژراوە، ئێستا بێ گومانم کە کوژراوە و چونکە تۆ جێگەی ئەوت گرتۆتەوە، دڵنیا بووم کە تۆ کوشتووتە.

سەرەنجام گۆماتە دانی بە کوشتنی بەردیە دانا و گێڕایەوە کە ئەو رۆژەی بەردیە هاتە ئاگرخانەکە، ماوەی مانەوەی لە ئەوێ درێژەی کێشا و تا تاریکی خایاند و خۆی گەیاندە شەو. ئەو کە دەیزانی بەردیە بەردەوام بە تەنهایی دێتە ئاگرخانە و کەسی لەگەڵدا نییە، کەوتە شوێن ئەو شازادە لاوە و لە تاریکاییدا و لە پشتەوە چەقوویەکی لێداوە، ماسکی لە روخساری داماڵیوە و لە روخساری خۆی کردووە و چەند زەربەیەکی تری بە چەقۆ لە سینگ و قورگی داوە و کوشتوویەتی، دواتر لە

(٦) (پێشتر لەو پەرتووکەدا و لە بەشی (نهێنی مەزن و لەشکرکێشی بۆ میسر) زەبیحوڵڵا باسی کردووە کە سەردەمی دەسەڵاتی بەردیە نزیکەی سێ ساڵی خایاندووە و هەموو تەرمێك لە ماوەی سێ ساڵدا ئەوەندە شی دەبێتەوە کە ئاسەواری چەقۆ یا کوشتنی دیار نەمێنێت، مەگەر بە هۆی پێشکەوتنەکانی ئێستای دنیا بزاندرێت و ئەستەمە ئەو شێوە گفتوگۆیە لە بارەی تەرمێك لە دوای سێ ساڵ و مانەوەی بەو شێوەی باس دەکرێت. وەرگێر بۆ کوردی)

ئاگرخانەکەوە پاچ و بێڵی هێناوە و گۆڕی بۆ هەڵکەندووە و تەرمەکەی لە خاکدا ناشتووە. داریوش فەرمانیدا، تەرمەکە بسوڕێننەوە و لە پشتی تەرمەکەشدا، شوێنەواری برین و خوێن هەبوو و بۆیە لە گۆماتەی پرسی: ئایا بۆ کوشتن و ناشتنە بەردیە هیچ هاوکارێکت هەبوو؟

گۆماتە وتی: ئەگەر هاوکارم هەبوایە، ئایا دەمتوانی لە جیاتی بەردیە ببم بە پاشا.

دوای بیستنی دان پێدانانەکانی گۆماتە، داریوش فەرمانی کرد تا کووبوونەوەی شەش فەرماندە هاوپەیمانەکەی بۆ مەبەستی دیاریکردنی سزا بۆ گۆماتە، گرێ بدرێت. شەش فەرماندەکە وتیان سزای ئەو کەسە پێویستە ئەوەندە توند بێت کە ببێتە وانە و پەند بۆ هەمووان و هۆکەشی تەنها بە کوشتنی شازادەی ئێرانی نییە و بەڵکو بە هۆی نەهێشتنی ئایینی مەزداپەرستی و پەرەپێدانی داوێن پیسی.

بڕیاردرا بە زیندوویی، پێستی گۆماتە لە لەشی دامالدرێت و تەواوی خەڵکی پازارگاد کاتی سزاکەی لەوێ بن. دوای تێپەڕبوونی هەفتا ڕۆژ بەسەر پاییز، گۆماتە لە مەیدانی گەورەی شاری پازارگاد و لەبەرچاوی جەماوەر، بە زیندوویی پێستی لێ دامالدرا و ئەو پیاوە بەدبەختە دوای کەوڵ کردنی، ماوەی یەك ڕۆژی تر ژیا و لاشەکەی فڕێدرایە سەحرا، پێستەکەشی بە کا ئاخنراو و لە مەیدانی شار هەڵواسرا.

دوای کوشتنی بەردیەی ساختە، داریوش تەواوی فەرمانڕەوا و میرەکانی ئێرانی بۆ شاری پازارگاد بانگهێشت کرد و مەبەستیش ڕاوێژ بوو بۆ دانانی پاشای تازەی هەخامەنشی، چونکە ئاگرخانەکان پێ کرانەوە و ناوەندەکانی زانایانی ئایینی مەزدا کرانەوە، داریوش ئەو زانایانەشی بانگهێشت کرد و تەواوی میرەکان بە جلوبەرگی جۆراوجۆری ناوچەیی هاتنە پازارگاد.

پانتایی سنووری هەخامەنشی ئەوەندە زۆر بوو کە بە وتەی کەتزیاس، سێ هەزار کەس لە میرە گەورە و بچووکەکان لە پازارگاد کۆ بوونەوە تا پاشایەك هەڵبژێرن. خۆشەویستی داریوش لە لای ئەوان ئەوەندە زۆر بوو کە بە تێکڕای دەنگی میرەکان، ئەویان بە پاشا دیاریکرد(٧)،(٨) و داریوش لە یەکەم ڕۆژی بەهاری ساڵی (٥٢٠ پ. ز) تاجی کردە سەر.

---

(٧) (هەموو مێژوونووسە یۆنانییەکان بە وەرگرتن لە هیرۆدۆت دەڵێن، دوای کوشتنی گۆماتە هەموو گەورەکانی ئێران بڕیاریاندا کە بۆ بەیانی ئەسپی هەر سەرکردەیەك زووتر بحیلێنێ، ئەو کەسە دەکرێتە سەرکردە و بەیانی ئەسپی داریوش زووتر حیلاندی و لە ئاکامدا ئەو بۆوە پاشای ئێران، بەڵام ئەوە ئەفسانەیە و هاوشێوەی ئەو ئەفسانە لەبارەی کوروشیش وتراوە، بەڵام داریوش بە هۆی ئەوەی گەلانی ئێرانی لە ستەم و ناخۆشی دەست بەردیە ڕزگارکرد، ئەوەندە خۆشەویست بوو کە هەموان بە پاشای ئێرانیان پەسەندکرد، زەبیحوڵڵا.)

مێژوونووسی رۆمی (سۆئەتۆن) کە لە سەدەی دووەمی زایینی ژیاوە، دەڵێت: داریوش لە ساڵی (٥٢١ پ. ز) لە شاری پێرس پۆلیس تاجی کردەسەر. ئەم ڕایە ڕاست نییە، چونکە لەوکاتدا پێرس پۆلیس (تەختی جەمشید) نەبوو، بەلاّم تاج لەسەرنان لە یەکەم رۆژی بەهار لە ناو پاشاکانی هەخامەنشی نەریت بوو.

پێشتر وتمان داریوش لە پاییزی ساڵی (٥٢١ پ. ز) گەیشتە ئەکباتانە و دوای کوشتنی گۆماتە، بۆوە پاشا و بەو پێوەرە ئەو لە ساڵی (٥٢٠ پ. ز)واتە لە (٥٢٠/٣/٢١ پ. ز) تاجی کردە سەر و تاجگوزاریش لە پازارگاد بوو نەوەك لە پێرسپۆلیس.

لە رۆژی تاجگوزاری داریوشدا، لە ئێران سککەی پارە لێدرا و پێویستە سککە و پارە بە یەکەوە تێکەڵ نەکەین. بیرمان نەچێت پارە لەو وڵاتە پێشتر پارە هەبووە، لە ئێران پارەیەك هەبوو لە شێوەی ئەوەی ئێستا هەیە و بازنەیی بوو، بەلاّم هیچ نەخشی لەسەر نەبوو و داریوش بە بۆنەی تاج دانانی لە رۆژی یەکەمی بەهاردا، دوو جۆرە سککەی لێدا.

یەکیان زێر بوو بە ناوی (داریك) و ئەوی تر سککەی زیو بە ناوی (سیکلۆ) و یەك سککەی زێر بەرانبەر بوو بە بیست سککەی زیو و پارە زێر و زیوەکانی ئێران لە بە بەهاترین پارەکانی جیهان بوون.

بە پێچەوانەی وتەی هەندێ کەس  کە دەوترێت داریوش بۆ خۆڕانان سککەی لێدا، بەلاّم بە پێچەوانەوە ئەو بۆ ئەوەی پارەکە ساختە نەکرێت ئەو کارەی کرد.

ئێرانییەکان خەڵکانی پاك بوون و ساختەیان نەدەکرد، بەلاّم ئەو نەتەوانەی تر کە لە ژێردەستەیی ئێرانییەکان بوون، هەندێك جار دەستیان بۆ ئەو کارانە دەبرد و ئەگەر پارەکە

---

(٨) (زاندراوە داریوش دوای ئەوەی دەستی بەسەر پایتەختدا گرت و ئاتووسا بوو بە هاوکاری، بە زەبری هێز خۆی بە پاشای هەخامەنشی ناساند و ئەو خۆی لە ڕەچەڵەکی کوروش نەبوو. هەرچەندە زەبیحولڵا دەڵێت هەموو میر و سەردار و پیاوانی ئایینی کە نزیکەی سێ هەزار کەس بوون بە دانانی داریوش ڕازی بوون، بەلاّم لە بەرگی دووەمی ئەو پەرتووکە دەبینین کە ئەوە زۆر زێدەڕۆیی تێدا کراوە و لەوانەیە هەر راست نەبێت و بەڵگەش ژمارەی زۆری ئەو یاخی بوونانەیە کە لە شەش ساڵی یەکەمی دەسەلاّتی داریوش بە تایبەتی لە لایەن فەرماندە نزیکەکانی و حوکمڕانە بە دەسەلاّتەکان بە ئەنجام گەیشتن، بۆ نموونە هەردوو فەرماندە"ئین تا فرنس و ئات ری نا"کە زۆر لێی نزیك بوون، هەروەها ناوچە ڕاپەریوەکان دەبۆوە نزیکەی زۆرینەی سنووری پاشایەتییەکە و بە نموونە ماد و پارس و بابل و ئاراخوازیا واتە سکاکان "دەبۆوە ناوچەکانی نێوان رووباری جەیحوون و کارمانیا" و لە لایەکی تر سەرجەم (٢٤٢) یاخی بوونی دامرکاندووتەوە، بۆیە ناکرێت داریوش بە کۆدەنگی کرابێتە پاشا. وەرگێر بۆ کوردی)

سککە بوایە، ئەو کارە زۆر قورس دەبوو، چونکە کەرەستەکانی سککە لێدان لە ڕابردوودا دەست نەدەکەوتن و دەبوایە لە پۆلاش بووانە، ئەو کەسەی توانیبوایە پۆلا لە قالْب بدات، پێویستی بە ساختە نەبوو، چونکە ئەو کانزایە زۆر گران بەها بوو. (لە بەشی باسی پێش مێژوودا باسی ئەو بابەتەمان کردووە و دووبارەی ناکەینەوە.)

کەرەستەی سککە لێدانی پارە بۆ تەواوی خەشتەرە پاوەنەکانی ئێران واتە پارێزگارەکان ناردرا، تا لە شوێنی خۆیان پارە دروست بکەن و ئەو نەریتە کە لە سەردەمی داریوش هاتە کایەوە تا هەشتا ساڵ پێش نووسینی ئەو پەرتووکە مابوو و لە پارێزگاکان پارە دروست دەکرا. هۆکاری لێدانی پارە لە پارێزگاکان، ئەوە بوو کە لە تەواوی شوێنەکانی وڵات سککە هەبێت و بە هۆی پانتایی زۆری وڵات و هێواشی هۆکانی گواستنەوە، نەدەکرا کە پارە لە ناوەندەوە بچێتە هەموو شوێنەکان.

داریوش دووجار لە ژیانی تاجی پاشایەتی لەسەر کرد، یەکەمیان لە سەردەمی پازارگاد و دووەمیان لە تەمەنی (٤٥) ساڵی لە پێرس پۆلیس، کە تەنانەت ئەوکاتیش کۆشکی گەورەی پێرسپۆلیس تەواو نەببوو و دواتر ئەو کۆشکە لە لایەن (خشایار شا) و (ئەردەشێری یەکەم) تەواو کرا.

ئەگەر سۆئەتۆن مێژوونووسی ڕۆمی باسی ساڵی تاجگوزاری نەکردبایە، وتەکەی سەبارەت بە تاجگوزاری لە پێرس پۆلیس دروستبوو، چونکە بێ گومان ئەوکات هۆڵی (ئاپادانا) لە کۆشکی پێرس پۆلیس کە سی و شەش ئەستوندی هەبوو تەواو ببوو و لەوانەیە هۆڵی (تات جارا) کە خاوەنی سەد ئەستوند بوو، لەو کاتە تەواو بووبێت، بەڵام داریوش لەو هۆڵە کە تایبەت بوو بە نمایشی سەربازی گاردی جاوید (گاردی تایبەتی پاشا) دانەدەنیشت.

لە یەکەم ڕۆژی دەسەڵاتییەوە، داریوش بیری پایتەختێکی تایبەت بە خۆی هەبوو، بەڵام سەبارەت بە شوێنەکەی دوودڵ بوو و سەرئەنجام لە هەفتا کیلۆمەتری پازارگاد، ناوچەیەکی بۆ ئەو کارە دەست نیشان کرد و یەك لە هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەو شوێنەش، بوونی ڕووبارێك بوو لەو شوێنە.

ڕووبارەکە ئێستا نەماوە و گۆڕانکاریەکانی زەوی ئەو ڕووبارەی نەهێشتووە کە بە ناوەندی پێرس پۆلیسدا دەڕۆیشت، بەڵام لە هەبوونی ئەو ڕووبارە بێ گومانین و دوو مێژوونووسی گەورەی یۆنانی (کەتزیاس و ئێسترا بوون) بە چاوی خۆیان بینیویانە و ئێسترابوون لە گەڵ ئەسکەندەر چۆتە ئەو شارە و ئاگر بەردانی ئەو کۆشکەی دیتووە، هەروەها ڕووبارێکیشی دیتووە کە بە ناوەندی شارەکەدا دەڕوات.

مێژوونووسە یۆنانییەکان دەڵێن داریوش پیاوێکی باڵا بەرز بووە، بەڵام ئەوکات تەواوی ئێرانییەکان باڵابەرز بوون و یۆنانییەکان، جگە لە ئیسپارتییەکان کورتە باڵا بوون. یەك لە

خەسڵەتەکانی رەگەزی ئێرانی کە لە لقەکانی ڕەگەزی ئارییایی هەژمار دەکرا، باڵا بەرزی بوو، جوان بوون و پیاوان ریشیان دەهێشتەوە و بە هۆکاری جوانیان دادەنا و جگە لەوەش خۆیان دەڕازاندەوە و ئەوەیان لە سروشت وەرگرتووە، لە سروشتدا نێر جوانترە لە مێ.

ژنانی ئێران کەرەستەی جوانکاریان نەبوو و بە پێچەوانەی ڕای هەندێك کەس، جوانکاری لە ناو ژنانی ئێران لە نەریتی رۆمەکان بوو و هاتە ناو ژنانی ئێران، تەنانەت لە یۆنانیش ئەوکات سوراو و سپیاو و ئوسمە نەبوو، بەڵام ئەوان بازنەیان لە دەست و خڕخاڵیان لە پێ دەکرد. تاکە کەرەستەی جوانکاری ژنان لە سەردەمی هەخامەنشییەکان شانە بوو و ژنەکان بەردەوام پرچیان شانە دەکرد و پیاوان ریش و پرچیان لوول دەکرد.

ریش تاشین لە ئێران کارێکی ناشیرین بووە و کەتزیاس مێژوونووسی یۆنانی دەڵێت پاشا لە پیاوێك تورە بوو و فەرمانی کرد ریشی بتاشن و ئەو پیاوە لە شەرمەزاریان لە شار رۆیشت و چۆوە بیابان، ئەوەند لە بیابان مایەوە تا ریشی درێژ بۆوە و ئەوجار گەرایەوە بۆ شار.

تراشینی ریش لە سەردەمی ئەشکانییەکانەوە لە ئێران بۆوە نەریت و یەکەم نەتەوە کە ریشیان تاشی میسرییەکان بوون، ئەوان لە شەش هەزار ساڵ پێش ریشیان دەتاشی و یۆنانییەکان ئەو نەریتە لە ئەوان فێر بوون، دواتر ئەو نەریتە هاتە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیك و لەوێشەوە بۆ ئێران.